تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

ENDESE

پرۆژەی نامە ئاکادیمییەکان

پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ ئێران و تورکیا و سوریا ١٩٩١-٢٠٠٣

هێرش عەبدوڵڵا حەمە کەریم

منتدى اقرأ الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

پەیوەندییە سیاسییەکانی
نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ
ئێران و تورکیا و سوریا
١٩٩١-٢٠٠٣

پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ ئێران و تورکیا و سوریا ١٩٩١-٢٠٠٣

هێرش عەبدوڵڵا حەمە کەریم

پەیوەندییە سیاسییەکانی
نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ
ئێران و تورکیا و سوریا ١٩٩١-٢٠٠٣

هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەریم

ناوی کتێب: پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ
ئێران و تورکیا و سوریا ١٩٩١-٢٠٠٣

بابەت: سیاسی

نوسەر: هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەریم

دیزاینی بەرگ: ناوەندی دیزاینی ئەندێشە-باسم رەسام

دیزاینی تێکست: ناوەندی دیزاینی ئەندێشە-دانا حەسەن

نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠١٣

چاپخانە: تاران-ئێران

تیراژ: (١٠٠٠) دانە

نرخ: (٧٠٠٠) دینار

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارە (٢٧١٨)ی ساڵی (٢٠١٢)ی پێدراوە

ناوەندی رۆشنبیریی و هونەریی ئەندێشە/ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

سلێمانی-شەقامی مەولەوی-تەلاری سیروانی نوێ-نهۆمی چوارەم

www.endeshe.org ● andesha.library@yahoo.com

http//www.facebook.com/Andeshacenter

07501026400

بە:

هاورێی ئەمەنم کوردە

کوڕی چاوگەشم کاکە هەست

پێشکەشە

سوپاس و پێزانین

سوپاسی بێپایانم بۆ مامۆستای سەرپەرشتیارم پرۆفیسۆر دکتۆر خەلیل عەلی موراد لە بەرامبەر ماندوبوون و سەرنج و تێبینیە وردە ئەکادیمیەکانی، کە بەئەم توێژینەوەی بەخشی لە پلانی بابەتەکەوە تا ئەنجامی کۆتایی.

سوپاس بۆ هەموو ئەو مامۆستا بەڕێزانەی، کە لە قۆناغی خوێندنی دکتۆرادا، وانەیان پێوتوم.

سوپاس بۆ بنکەی ژین، کە لە پێدانی بەڵگەنامەی مێژووی تایبەت بەم بابەتە دەستکراوە بوون.

سوپاس بۆ سەنتەری ستراتیجی کوردستان کە چەندین پەرتوکی سودبەخشیان خستە بەردەستم.

سوپاسی مامۆستاکانی هاوڕێم دەکەم، کە هەریەکە و بەجۆرێك یارمەتیداوم.

سوپاسی خانەوادەکەم دەکەم، کە یارمەتیدەرو هاندەرم بوون بۆ تەواوکردنی ئەم بابەتە.

کورتکراوەکان

١. ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق: ئ.ب.ش.ئ.ع

٢. ڕێکخراوی موجاهدینی خەلق: ر.م.خ

٣. کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی: ك.ن.ع

٤. یەکێتی نیشتمانی کوردستان: ی.ن.ك

٥. پارتی دیموکراتی کوردستان: پ.د.ك

٦. حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران: ح.د.ك.ا

٧. حزبی سۆسیالیستی کوردستان: ح.س.ك

٨. ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران:کۆمەڵە

٩. بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق: (ب.ئ.ك)

١٠. ترجمە: ت

١١. Middle East Review of International Affairs: MERIA

پێرست

پێشەکی.. ١١
بەشی یەکەم: مێژووی سیاسی هەرێمی کوردستان لە ساڵانی (١٩٩١-٢٠٠٢).... ١٩
دەروازە.. ٢١
تەوەری یەکەم: فاکتەرەکانی دامەزراندنی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان ٢٨
تەوەری دووەم: باری کۆمەڵایەتی و ئابووری هەرێمی کوردستان............ ٣٨
تەوەری سێیەم: پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەرێمی کودستان............... ٤٨

بەشی دووەم: پەیوەندییەکانی ئێران و هەرێمی کوردستان.................. ٦٥
تەوەری یەکەم: پەیوەندییەکانی عێراق و ئێران............................. ٦٧
تەوەری دووەم: تێروانینی ئێران بۆ هەرێمی کوردستان........................ ٨٥
تەوەری سێیەم: پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران............ ٩١
تەوەری چوارەم:کاریگەری پەیوەندییەکانی ئێران و هەرێمی کوردستان لەسەر بزوتنەوەی رزگاریخوازی رۆژهەڵاتی کوردستان.............................. ١١٧

بەشی سێیەم: پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا..................... ١٢٥
تەوەری یەکەم: تورکیا لە کۆتایی سەدەی بیستدا.............................. ١٢٧
تەوەری دووەم: پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیا ١٣٣
تەوەری سێیەم:کێشەی کورد لە تورکیا...................................... ١٥٢
تەوەری چوارەم: پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان.......... ١٦٢

بەشی چوارەم: پەیوەندییەکانی سوریاو هەرێمی کوردستان............ ١٩٣
تەوەری یەکەم: سوریا لە سالآنی نەوەدەکاندا.............................. ١٩٥
تەوەری دووەم: پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و سوریا....................... ٢٠٢
تەوەری سێیەم: سیاسەتی سوریا بەرامبەر بە کێشەی کورد.................. ٢١٠
تەوەری چوارەم: پەیوەندییەکانی نێوان سوریاو هەرێمی کوردستان............ ٢٢٤

بەشی پێنجەم: هەرێمی کوردستان لە نێوان ململانێ و ڕێکەوتنەکانی تورکیاو سوریاو ئێراندا:... ٢٤٥
تەوەری یەکەم: کاریگەریی ململانێ ناوچەییەکان لەسەر هەرێمی کوردستان.... ٢٤٧
تەوەری دووەم: سیاسەتی هاوبەشی ناوچەیی بەرامبەر هەرێمی کوردستان..... ٢٧٥
ئەنجام.. ٢٩٥
سەرچاوەکان.. ٢٩٩
پاشکۆکان... ٣٣١

پێشەکی

ساڵانی نەوەدەکان بە ساڵانی گۆڕانکاری لە ئاستی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دادەنرێت. بۆ یەکەمجار لە مێژووی هاوچەرخی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا جیهان بە قۆناغی تاکجەمسەریدا گوزەری کرد. کێشەی کورد لە سایەی ئەم گۆڕانەدا شێوەو قەبارەیەکی بەخۆوە بینی کە تەواو جیاواز بوو لە قۆناغی فرە جەمسەری (١٩١٩–١٩٣٩)و جوت جەمسەری (١٩٤٥–١٩٩٠) لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. سەرەتای تێکەڵبونی کێشەی کورد بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەگەڕێتەوە بۆ کۆنگرەی ئاشتی پاریس لە ساڵی ١٩١٩. ئەم کۆنگرەیە لە دوای تەواوبونی یەکەمین جەنگی جیهانی سازکرا لە نێوان کۆمەڵێك جەمسەری وەك بریتانیاو فەرەنساو ئەمریکاو ئیتاڵیاو یابان، کە ئامانج تیایدا دارشتنەوی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بوو لە سایەی سەرکەوتنی ئەو دەوڵەتانە لە یەکەمین جەنگی جیهانیدا بەسەر ئەڵمانیاو نەمساو دەوڵەتی عوسمانیو بولگاریا. چارەنوسی کێشەی کورد لە سایەی فرە جەمسەریدا بریتی بوو لە دابەشکردنی کوردستان بە پێی بەرژەوەندییەکانی ئەو دەوڵەتانە بەسەر هەریەك لە عێراقو ئێرانو تورکیاو سوریادا. ئەم دابەشبوونە کاریگەرییەکی نەرێنی ئەوتۆی بەسەر کێشەی کوردەوە هەبوو کە گۆڕانکارییەکانی دوای دووەمین جەنگی جیهانیو دارشتنەوی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە سەر بنەمای جوت جەمسەر، نەیتوانی خۆی لە کۆتو بەندەکانی فرەجەمسەری دەربکاتو کێشەکەش بە پارچەبونیشی بەسەر دەوڵەتانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست، پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە نەبینی. ئەم کێشەیە لە دەسپێکی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە سایەی تاکجەمسەریدا بازدانێکی گەورەی بەخۆوە بینی کە لە

پەیدابونی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ساڵی ١٩٩١و پەرەسەندنی کێشەی کورد لە تورکیادا بەرجەستە بوو.

هەرێمی کوردستان ئەگەر چی بەشێك بوو لە دەوڵەتی عێراقی، بەلأم بەهۆی ئەوەی ئەو دەوڵەتە لە ئۆکتۆبەری ١٩٩١ دامودەزگا کارگێڕیو سەربازییەکانی خۆی کشاندەوە، هاوکات لە لایەن هێزی هاوپەیمانان دەپارێزرا، ئەمە هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ ئەوەی بەرەو دامەزراندنی دامودەزاگای خۆماڵی خۆی هەنگاو بنێت. لەگەڵ تێبینی زۆر لەسەر پێکهاتەی دەسەلأتو شێوازی بەڕێوەبردنی، بەلأم سەرچاوەی بریاردانی ئاشتیو شەرو پەیوەندییەکانی جۆرێك سەربەخۆییو شێوازێکی تایبەتی کوردیی پێوە دیار بوو. بەواتایەکی تر دروستکردنی بریار بە پلەی یەکەم لە دەستی هەرێمەکەدا بوو ئەمەش جۆرێکی تایبەتی لە پەیوەندی دەرەکی بۆ هێنابووە کایەوە کە سەرکردەکانی لەگەڵ ئەوەی هیچ سیفەتێکی فەرمی نێودەوڵەتییان نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا بە بەردەوامی بە درێژای ساڵانی (١٩٩١-٢٠٠٣)، لە لایەن گەورەترین بەرپرسی دەوڵەتە هەرێمییەکانەوە پیشوازیو کۆبونەوەیان لەگەڵ ساز دەکرا. لێرەوە گرنگی ئەم بابەتە دەردەکەوێت.

بۆ باسکردنی مێژووی پەیوەندیی نێوان دوو دەوڵەت دەگەڕێینەوە بۆ مێژووی دانپێدانانی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە. پاشان ڕێکەوتنە فرە چەشنەکانی نێوانیانو هەوڵی هەر لایەك بۆ ڕێزگرتن یان لادان لەو ڕێکەوتنانە باس دەکرێت. بەلأم کاتێك باس لە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێی وەك ئێرانو تورکیاو سوریا دەکرێت، دەبینین ئەم هەرێمە لە لایەن ئەو دەوڵەتانەوە دانپیانراو نەبووە، چونکە سیفەتی یاسایی نێودەوڵەتی نەبووەو سنورەکانی دانپیانراو نەبووەو نوێنەری دپلۆماتی نەبووە، بەلأم هەریەك لەو دەوڵەتانە بە شێوازی تایبەتی خۆی گرنگی پێداوەو پەیوەندیی لەگەڵ پەیدا کردووە. هاوکات هەر سێ دەوڵەت بەیەکەوە هەڵوێستی دیاریکراویان بەرامبەری هەبووە. لە بەرامبەردا هەرێمی کوردستان بوو بە بەشێکی گرنگ لە مێژووی ململانێیو پەیوەندییەکانی ڕۆژهەلأتی ناوەڕاست، کە هەرێمەکە وەك پێگەیەکی جوگرافیو گۆڕانکارییو پەرەسەندنە ناوخۆییەکانی بە شێوازێك کاریگەر بوو لە ناوچەکەدا، کە هیچی لە دەوڵەتێکی سەربەخۆ کەمتر نەبوو. ئەمەش ئامانجی نوسینی ئەم لێکۆڵینەوەیەیە. یان

دەتوانین بڵێین ئامانج لە نوسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە باسکردنی سروشتی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستانو ئەو دەوڵەتانەیە پاشان سیاسەتی تایبەتو پێکەوەیی ئەو دەوڵەتانە بەرامبەر بە هەرێمەکە، دواتر کاریگەریی هەرێمی کوردستان لە سەر کێشەی کورد لەو دەوڵەتانە، هەروەها پەیوەندیو هاوکاری پێکەوەییان لەسەر خاڵی هاوبەشی پەیوەندییەکانی نێوانیان، کە هەرێمی کوردستانو کێشەی کورد بووە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا پەیوەندییەکانی سێ دەوڵەت باسکراوە، لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئەوانیش ئێرانو تورکیاو سوریایە. هەڵبژاردنی ئەم سێ دەوڵەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دراوسێی هەرێمی کوردستانن‌و هەرێمەکە سنوری دیاریکراوی بە تەنها لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە هەیە. هاوکات دەستنیشانکردنی هەر سێ دەوڵەتی دراوسێ لە توێژینەوەکەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سروشتی پرسی کوردی لە رۆژهەلاتی ناوەرستدا وەك زنجیرێکی چوار ئەڵقەیی بازنەیی وایە، کە گەشەکردنو بەرەو پێشچونی هەریەکێکیان جوڵەو پێشڤەچون لەوانی تر دروست دەکات، بۆیە هەرێمی کوردستان چەند چارەسەر بوو بۆ پرسی کورد لە باشوری کوردستان، هاوکات کێشە بوو بۆ ئەو دەوڵەتانەی، کە پارچەکانی تری کوردستانیان بەسەردا دابەش بووە، چونکە لەژێر کاریگەری هەرێمدا پرسی کورد لەو دەوڵەتانە پەرە سەندنی بەخۆوە بینیوە.

هەرچەندە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە بەردەوامی باس لە کاریگەری دەوڵەتی عێراقی لەسەر پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان باسکراوە، بەلام بەشێکی تایبەتی بۆ تەرخان نەکراوە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەرێمی کوردستان لەڕوی یاساییەوە بەشێك بووە لە دەوڵەتی عێراقی. هاوکات هەرێمی کوردستان لە ماوەی ئەم توێژینەوەیەدا (١٩٩١-٢٠٠٣)، ئەوەندەی لە ململانێدا بووە لەگەڵ بەغداد، زۆر کەمتر لە پەیوەندیدا بووە. هاوکات هەرچەندە هەرێمی کوردستانو سەرکردەکانی سیفەتێکی فەرمیو شەرعی نەبووە لە لایەن دەوڵەتانی دراوسێ، لەگەڵ ئەوەشدا وەك بارێکی دیفاکتۆ (defacto) لە لایەن ئێرانو سوریاو تورکیاوە پەیوەندیو مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە. بەلام دەوڵەتی عێراقی هاوشێوەی دەوڵەتانی دراوسێ، پەیوەندیی لەگەڵ هەرێمەکەدا نەبووە. ئەوە وایکردووە بەشێکی تایبەتی لە سنوری ئەم بابەتەی ئێمەدا بۆ دیاری نەکرێت.

ئەو ڕێبازەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا گیراوەتە بەر ڕێبازێکی مێژووییە نەک یاسایی یان سیاسی. بە واتایەکی تر هەرێمی کوردستان، چونکە سیفەتێکی یاسایی نەبووە، هاوکات پەیوەندییەکانی ناچێتە ناو سنوری یاسایی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و نوێنەران و شاندو سەرکردەکانی هەرێمەکە هیچ سیفەتێکی دپلۆماسسیان نەبووە لە پەیوەندییەکان و بگرە بارێکی تایبەت بووە، کە هاوشێوەی لە جیهانی پەیوەندیەکاندا دەگمەنە. بۆیە میتۆدی ئەم لێکۆلینەوەیە ئەوەندەی پشتی بە ڕووداوە مێژوییەکان بەستووە ئەوندە پشتی بە دەق و نەریتە دپلۆماسییە نێودەوڵەتییەکان نەبەستووە. شێوازی نوسینی لێکۆڵینەوەکە وایە، کە لە هەر بەشێکدا هەوڵدراوە بۆ زیاتر بەرچاورونی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ، هەوڵبدرێت باسی بارودۆخی ئەو دەوڵەتە بکرێت لە نەوەدەکان، پاشان پرسی کورد لە نەوەدەکاندا لەو دەوڵەتە چۆن بووە، ئەمە وەك پێشەکییەك دانراوە بۆ تێگەیشتن لە تێڕوانین و چۆنییەتی مامەڵەکردنی ئەو دەوڵەتانە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا. بەڵام لەم پێشەکیانەدا زۆر نەگەڕاوینەتەوە بۆ مێژووی ئەو دەوڵەتانەو مێژووی پرسی کورد لەو دەوڵەتانەدا، ئەمەش بۆ دوورکەوتنەوەی توێژینەوەکە بووە لە مێژوویەکی درێژخایەن و هەروەها بۆ جەخت کردنەوەی تایبەتی بووە لەسەر پرسی کوردو هەرێمی کوردستان لە نەوەدەکانی سەدەی پێشوودا.

گرفتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە لەوەدابوو، کە بەڵگەنامەی پێویست لەبەر دەستدا نەبووە بۆ باسکردنی ئەو پەیوەندیانە، ئەمەش بەرای ئێمە بۆ نافەرمی بوونی ئەو پەیوەندیانە دەگەڕێتەوە، کە وایکردووە ڕێکەوتن و لێکتێگەیشتنی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەو دەوڵەتانە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا وەرنەگرێت. ئەمە وایکردووە، کە بەڵگە نامەی ڕێکەوتن و لێکتێگەیشتن، ئەگەر هەشبووبێت، ئەوا لە دەزگا فەرمییەکانی ئەو دەوڵەتانە بلاو نەکرێتەوە. ئەمە لە لایەك، هاوکات بەشێکی زۆری پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەستگای سەربازی و هەواڵگری ئەو دەوڵەتانەدا بووە، کە سروشتی ئەم دەزگایانە شاردنەوەی بەڵگە نامەکانە. وێڕای ئەوەی پێکهاتەی دەوڵەتانی دراوسێ دەولەتی تۆتالیتارین (جگە لە تورکیا) و شەفافیەت لە پەیوەندیەکانیان نەك لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بەڵکو لە پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکانیشیان بە تەواوی دیارو بەرچاو نییە.

هەروەها لایەنە بەرپرسەکانی پەیوندیە دەرەکییەکان لە هەرێمی کوردستان یاریدەدەری ئەم توێژینەوەیە نەبوون. هەموو ئەمانە وایانکردووە بەڵگەنامەکانی ئەم توێژینەوەیە کەم بێت.

لە لایەکی تر نەبوونی توێژینەوەو کتێبی تایبەتی پێشوەخت بوو لەسەر ئەم توێژینەوەیە. عێراق بەهۆی ئەوەی لە سالآنی (١٩٩١–٢٠٠٣) لە ئاستی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کەنارگیر کەوتبوو، بۆیە دەبینین توێژینەوەی پێویست لەسەر پەیوەندییەکانی عێراق بەتایبەت لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکان لەم ماوەیەدا لەبەر دەستدا نەبووە. ئەگەر ئەمە دۆخی پەیوەندییەکانی عێراق بێت، ئەوا پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان بە تایبەت لەگەڵ ئێران‌و سوریادا هیچ تێزێکی ئەکادیمی لەسەر نییە. لەم سۆنگەیەوە توێژەری ئەم بابەتە بە پشتن لە روانگەی سەرچاوەکان‌و بە پشتبەستن بە راوبۆچوونی تایبەتی خۆی بنەمای پەیوەندییەکان‌و گرفتەکان‌و مێژوی ئەو پەیوەندیانەی باس کردووە.

گرنگترین ئەو سەرچاوانەی سودییان لێوەرگیراوە بریتین لە چەند بەڵگەنامەیەك، کە لە بنکەی ژین دەستمان کەوتووە. بەڵگەنامەکان، بریتین لە نامەی سەرکردە سیاسیەکان‌و چەند راپۆرتێکی ناوخۆیی پارتەکانی هەرێمی کوردستان، کە باسی لە لە شێوازو جۆری پەیوەندییەکان نزیکمان دەکاتەوە. هاوکات سود لە بڵاوکراوەی (الانصات المرکزی) سەر بە نوسینگەی راگەیاندنی (ی.ن.ك) وەرگیراوە. گرنگی ئەم سەرچاوە لەوەدایە، کە رۆژانە راپۆرتە هەواڵییەکانی لە دەزگاو راگەیاندنە جیهانییەکانەوە بلاو دەکردەوە لە کاتێکدا ئەو بڵاوکراوانە بەهۆی بارودۆخی ئابوری‌و سیاسی هەرێمی کوردستان نەدەگەیشتنە دەست هاوڵاتی. سەرچاوەیەکی تر کە لەم توێژینەوەیە بە شێوەی سەرەکی پشتی پێبەستراوە، گۆڤاری سەرچاوەی رۆژهەلاتی ناوەراست بۆ کاروباری نێودەوڵەتی Middle East Review of International Affairs، کە تیایدا توێژینەوە ئەکادیمی‌و سیاسییەکانی جیهان بلاّو دەکاتەوەو ئێمە لە رێگەی ئەنتەرنێتەوە دەستمان کەوتووە. لەم گۆڤارەدا توێژەرە ئەکادیمییەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست بابەت بلاّو دەکەنەوە. ئەم توێژینەوانە جگە لەوەی بایەخی ئەکادیمی هەیە، هاوکات بایەخێکی مێژوییی هەیە، کە بە بیروبۆچوون‌و

رووداوە سیاسییەکانی ئەو کاتانە ئاشنامان دەکات. لە ناوسەرچاوە فارسیەکانیشدا گۆڤاری (سیاست دفاعی) بایەخی تایبەتی هەبووە لەم توێژینەوەیەدا. ئەم گۆڤارە لەلایەن سوپای پاسدارانی ئێرانەوە دەردەچێت، کە رۆڵی سەرەکییان لە نەخشکردنی پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانی ئێران هەیە. هاوکات بەهۆی ئەم گۆڤارەوە توانیومانە لە بیروڕای سەرکردە باڵاکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرامبەر هەرێمی کوردستان نزیك ببینەوە. لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا سود لە نوسینەکانی دکتۆر (محمد نورالدین) وەرگیراوە، کە وەك کتێب.یان لە گۆڤارەکان بلاّوی کردووەتەوە. ئەم نوسەرە جگە لەوەی کە پسپۆرە لە کاروباری سیاسی تورکیادا، هاوکات سەر بە ئاینزای شیعەیەو هاوڵاتییەکی لوبنانییە. هەموو ئەمانە وایکردووە کە لە نوسینەکانیدا بایەخی تایبەتی بدرێت بە گرفتی نەتەوایەتیو ئاینیو رێکخراوە سیاسیو چەکدارییەکان لە پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێدا.

پێکهاتەی توێژینەوەکەش پێنج بەشی لەخۆ گرتووە. بەشی یەکەم لەسەر "مێژووی سیاسی هەرێمی کوردستانە لە ساڵانی (١٩٩١–٢٠٠٣)". ئەم بەشە وەك پێشەکییەك وایە لەسەر هەرێمی کوردستانو پەیوەندییە دەرەکییەکانی بە گشتی. لە دەروازەی بەشەکەدا باس لە گرنگی جوگرافیای هەرێمەکە کراوە. پاشان کورتەی مێژووی ئەم هەرێمە وەك بەشێك لە دەوڵەتی عێراقی تا ساڵی ١٩٩١ باس کراوە. تەوەری دووەم بە ناوی "فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی دەسەلاّت لە هەرێمی کوردستان" لە گرنگترین ئەو هۆکارانە دەکۆڵێتەوە، کە بووە هۆی سەرهەڵدانی دەسەلاّتی سیاسی لە هەرێمەکە لە ساڵانی (١٩٩١–١٩٩٢). تەوەری سێیەم بریتییە لە باسکردنی "باری کۆمەڵایەتیو ئابوری هەرێمی کوردستان"، کە تیایدا تیشك خراوەتە سەر ئەو گرفتە ناوخۆییە کۆمەڵایەتیو ئابووریانەی هەرێمی کوردستان کە بەهۆیەوە کاریگەریی لەسەر پەیوەندییە دەرەکییەکان پەیدا کردووە. تەوەری چوارەم لەژێر ناوی "پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەرێمی کودستان"ە. لەم تەوەرەدا بە شێوەیەکی گشتی باس لە پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئەم هەرێمە کراوە.

ناونیشانی بەشی دووەم بریتییە لە سیاسەتی ئێران بەرامبەر هەرێمی کوردستان. لە تەوەری یەکەمدا لەژێر ناوی "پەیوەندیەکانی نێوان عێراقو ئێران"، جگە لەوەی گرفتو

ململانێ مێژوویەکانی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە دەرخراوە، هاوکات پەرەسەندنی پەیوەندییکانی نێوانیان لە ماوەی توێژینەوەکەی ئێمەدا تیشکی خراوەتە سەر. تەوەری دووەم، "تێروانینی ئێران بۆ هەرێمی کوردستان" لە رووی ئاینیو ئاسایشی نەتەوەیی ئێرانەوە خراوەتە بەر باسو لێکۆڵینەوە. "پەیوەندیەکانی نێوان هەرێمی کوردستانو ئێران" تەوەری سێیەمە، کە لەبەر رۆشنای سەرهەڵدانی هەرێمەکەو پەیوندی نێوان عێراقو ئێران، پەیوەندی ئێرانو هەێمی کوردستان باس کراوە. تەوەری چوارەم لە "کاریگەری پەیوەندیەکانی ئێران و هەرێمی کوردستان لەسەر پارتە بەرهەڵستکارەکانی ئێران" دەدوێت.

بەشی سێیەم بەناوی "پەیوەندیەکانی نێوان هەرێمی کوردستانو تورکیا"یە. تەوەری یەکەم گرنگی داوە بە پێگەو رۆڵی نوێی "تورکیا لە کۆتایی سەدەی بیستدا" لە ئاستی ناوچەییدا. تەوەری دووەم بۆ "پەیوەندییەکانی نێوان عێراقو تورکیا (١٩٩١-٢٠٠٣)" تەرخان کراوە کە تێکچوونی پەیوەندییانو پاشان ئەو هەڵانەی هەردوولا بۆ ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکان باسی لێوە کراوە. تەوەری سێیەم بە کورتی تیشك خراوەتە سەر "کێشەی کورد لە تورکیا". پاشان لە روانگەی ئەو سێ نەگۆرەی سەرەوە "پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستانو تورکیا" لە تەوەری چوارەم، دەستنیشان کراوە.

بەشی چوارەم، کە "پەیوەندییەکانی نێوان سوریاو هەرێمی کوردستان"ە، لە چوار تەوەر پێکهاتووە. لە یەکەمیاندا "سوریا لە ساڵانی نەوەدەکاندا" راڤەی بۆ کراوە. پاشان لە دووەم تەوەردا کورتەی "پەیوەندییەکانی نێوان سوریاو عێراق"و خاڵە جیاوازو هاوبەشەکانیان نوسراوە. لە سێیەمدا "سیاسەتی سوریا بەرامبەر بە کورد" بە شێوەیەکی گشتی نوسراوە. دوا تەوەر لەسەر "پەیوەندییەکانی سوریاو هەرێمی کوردستان"ە، کە سەرەتای دەسپێکردنو پاشان رایەڵەکانی ئەو پەیوەندییە دیاریکراوە.

کۆتا بەش، بەشی پێنجەمە لەژێر سەردێری "هەرێمی کوردستان لە نێوان ململانێو رێکەوتنەکانی تورکیاو سوریاو ئێراندا" جێگەی کراوەتەوە، کە بۆ دوو تەوەری سەرەکی دابەش کراوە لە یەکەمیان لەسەر بابەتی "کاریگەری ململانێ ناوچەییەکان لەسەر هەرێمی کوردستان"ە کە تیایدا پێگەی هەرێمەکە لە کێشمە کێشمی ناوچەیدا خراوەتە روو. لە

دووەمیاندا "سیاسەتی هاوبەشی ناوچەیی بەرامبەر هەرێمی کوردستان" باس کراوە، کە بۆ دیاریکردنی خاڵو بەرژەوەندی هاوبەشی ئەو دەوڵەتانە لە دژایەتی کردنی هەرێمەکە تەرخان کراوە.

لە کۆتایدا ئەم توێژینەوەیە بە گرنگترین ئەنجامەکان تەواو دەبێت، لەگەڵ لیستی سەرچاوەو پاشکۆکان.

توێژەری ئەم بابەتی هەوڵی داوە لە روانگەی سەرچاوەکانی بەردەستی، بەدواداچونو هەڵسەنگاندنی هەبێت بۆ پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستانو دەوڵەتانی دراوسێ، لە ماوەی ساڵانی(١٩٩١-٢٠٠٣). بێگومان توێژینەوەکە لەکەموکوری بەدەر نییە، بۆیە هیوادارم کەلێنەکانی ئەم توێژینەوەیە پڕبکرێتەوە، لە رێگای تێبینی ئەندامانی بەرێزی لیژنەی گفتوگۆکە. لەگەڵ رێزو پێزانین بۆ هەوڵو ماندوبونتان.

بەشی یەکەم

مێژووی سیاسی هەرێمی کوردستان

لە ساڵانی ۱۹۹۱-۲۰۰۳

- دەروازە
- تەوەری یەکەم-فاکتەرەکانی دامەزراندنی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان
- تەوەری دووەم-باری کۆمەڵایەتی و ئابووری هەرێمی کوردستان
- تەوەری سێیەم- پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان

دەروازە

هەرێمی کوردستان، چەمکێکی جوگرافیو سیاسیە، بە باشووری کوردستان دەوترێت کە ڕووبەرەکەی (٧٣.٦١٨ کم٢)[١]. لەساڵی١٩٢٦ دا بەفەرمی بەدەوڵەتی عێراقەوە لێکێنراوە ، بەڵام هەرێمی کوردستان وەك چەمکێکی سیاسی لە دوای راپەڕینو کۆڕەوی مارتی ١٩٩١و هەروەها لە دا دوای کشانەوەی دامودەزگاکانی حکومەتی بەغداد، نیمچە سەربەخۆییەکی بەدەستهێنا، لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی کوردییەوە بەڕێوە براوەو ڕوبەرەکەی (٤١.٩٣٩ کم٢) بووە، واتە هەموو سنووری جوگرافی باشوری کوردستانی نەگرتووەتەوە[٢]. ئەم هەرێمە لە(٩٠٪)ی خاکی عێراقە[٣]، بەپێی نەخشەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی (UNICEF) کە لەساڵی ١٩٩٧ کێشاویەتی، کەوتووەتە نێوان بازنەی پانی (٣٨)و (٣٤)و هێڵی درێژی (٤٠)و (٤٧). ئەم هەرێمە پارێزگاکانی هەولێر (پایتەختی

[١] جزا توفيق طالب : المقومات الجيوبولتيكيه للامن القومي فى أقليم كردستان، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجيه، السليمانيه، ٢٠٠٥، ص٢٠

[٢] كوردستان نبذة تأريخية جغرافية اقتصادية، مكتب الدراسات والبحوث المركزى، مطبعة وزارة التربية، أربيل، ١٩٩٨، ص٦٣.

[3]Carole A. O'Leary: THE KURDS OF IRAQ: RECENT HISTORY, FUTURE PROSPECTS. Middle East Review of International Affairs. Volume 6, No. 4 - December 2002. .www.meria.idc.icil

هـەرێم)و سـلێمانیو دهـۆك، قـەزای ئـاکرێو شـێخانو ناحیـەی ئـەتروشو بـەردەڕەش لەپارێزگای موسڵ، قەزای کفریو ناوچـەی سـەرقەڵاو پشـتقەڵا لـەپارێزگای دیالـەو هەنـدێ ناوچەی بچوك لەپارێزگای کەرکوکی دەگرتەوە [1].

لـە رووی پێگـەی جوگرافییـەوە، فـەیروز حەسـەن وەك توێـژەرێکی کـورد، لـە هەڵسەنگاندنی پێگەی سیاسیو جوگرافیی باشوری کوردستاندا نوسیویەتی کە لە دوای یەکەمین جەنگی جیهانی، باشوری کوردستان هـەرێمێکی داخـراو Landloked بـووە، کـە هیچ سنورێکی ئاوی لەسەر دەریا نەبووە. بۆیـە سـنووره داخراوەکـانی هەمیشـە لـە لایـەن دەوڵەتانی دراوسێوە جێگای هەڕەشـە بـووەو هاوکـات رۆڵـی لـە دیاریکردنی چارەنوسیدا هەبووە. لەبەرئەوە هـەرێمەکە هەمیشە قوربانی دەستی پێگەکەی بوو، کە وایکردبوو نە لـە ئاستی ناوچەییو نە لە ئاستی نێودەوڵەتی هاوریێو دۆستی نـەبێت. بـەڕای هـەمان توێـژەر پێگەی جوگرافی گۆرانی بەسەردا دێت بـە پێـی گۆرانـە سیاسسیەکان. بـە جۆریك لەگـەڵ داخراوی هەرێمەکـەدا، بـەڵام باشـووری کوردسـتان هەمیشـە ناوچـەیەکی زینـدوو بـووە بـۆ ململانێی ناوچەییو نێودەوڵەتیەکان. بە تایبەت لە نێوان دەوڵەتە دراوسێکاندا ئەمـەش بـۆ ئەو جیاوازییە قوڵە گەڕاوەتـەوە، کـە لـە پەیوەنـدی ئـەو دەوڵەتانـەدا هـەبوو، هاوکـات بـۆ تێکهەڵکێشی ئەتنیکی نەتەوەی کورد دەگەڕێتەوە، کـە لـەنێوان تورکیـاو سـوریاو عێـراقو ئێران دابەش بووە کە کێشەیەکی ئەتنیکیو جیۆپۆلەتیکی لە ناوچەکەدا پەیدا کردووە. کە وایکردووە باشووری کوردستان بەشێك بێت لە ناوچەیەکی بەرفراوانی زیندوی نێودەوڵەتی، کـە پێکـدادانو ململانێـی تونـد لـە نێـوان دەوڵـەتانی دراوسـێ بەخۆیـەوە ببـینێ. بـە لەبەرچاوگرتنی ئەم دۆخە نالەبارەو هاوکات زۆری فشـاری گـەورە هێزەکـان بـۆ سـەر ئـەم دەوڵەتانـە، هۆکـار بـووە بـۆ ئـەوەی ئـەو سـنورە داخراوانـەی باشـوری کوردسـتان بـە

[1] بروانە نەخشەی ژمارە (١). ئەم نەخشەیە لەساڵی ١٩٩٧ کێشراوە، بەڵام پێش ئەم مێژووە، سنوری هەرێمەکە لەگەڵ عێراق، بەپێی بارودۆخی سیاسی ناوچەکە لەگۆڕانـدا بـووەو بـارێکی جـێگیری نـەبووە. .UNICEF. 10.April. 1997

شێوەیەکی ئاسان ببەزێنرێت[١]. ئەم وەسفەی توێژەر بۆ پێگەی باشووری کوردستان بووبێت لە دوای یەکەمین جەنگی جیهانی، ئەوا هەمان هەڵسەنگاندن بۆ پێگەی هەرێمی کوردستان راست دەردەچێت لە دوای دووەمین جەنگی کەنداو. هەرێمی کوردستان کۆتایی ئەو هێڵی فشارە ئەمریکییە بوو کە لە سنووری هاوپەیمانی ناتۆوە بە ناو تورکیادا دەستی پێدەکردو بە ناو هەرێمی کوردستانو لە نێوان سنورەکانی ئێرانو سوریادا فشاری دەخستە سەر رژێمی عێراقی، بە تایبەتی لە رێگای (ناوچەی دژەفڕین- No-fly Zoon)ەوە. بە واتایەکی تر هەرێمی کوردستان بۆ یەکەم جار لە مێژوودا لەسەر هەمان هێڵی بەرژەوەندیی گەورە هێزەکان بوو بە تایبەتی ئەمریکا، نەك بە پێچەوانەی ئەو هێڵە.

باشووری کوردستان بەشێك بوو لە دەوڵەتی عوسمانیو دوای ئەوەی ئەم دەوڵەتە لە یەکەمین جەنگی جیهانیدا (١٩١٤-١٩١٨) بە دۆڕاویی چووە دەرەوە، سەرکردە کوردییەکان لە سەرو هەموویانەوە شێخ مەحمودی حەفید، لەم ناوچەیەدا هەوڵەکانی لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی خستە گەڕ. ئەم هەوڵانە سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا، چونکە بریتانیا پشگیری لێنەدەکردو پرۆژەی بریتانیا لە پێناو بنیاتنانی دەوڵەتێکی بەهێزی عێراقیدا بوو. هاوکات مستەفا کەمال ئەتاتورك لە هەناوی دەوڵەتی عوسمانیدا، کۆماری تورکیای دامەزراندو بەپێی رێکەوتنامەی لۆزان لە ٢٤یۆلیۆی ١٩٢٣، هاوپەیمانەکان دانیان بە دەوڵەتی تورکیدا نا[٢]. لێرەوە چارەنووسی باشووری کوردستان لە نێوان تورکیاو عێراقدا بە هەڵواسراوی مایەوە تا کۆمەڵەی گەلان بریاریدا لە ساڵی ١٩٢٦، ببێت بە

---

[١] فيروز حسن حمه عزيز: الاهمية الجيوستراتيجية لكردستان الجنوبية وتاثيرها على السياسة البريطانية (١٩١٤-١٩٢٤) مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٨، ص ص١٢٠-١٢٤.

[٢] جليلي جليل واخرون: الحركة الكردية في العصر الحديث، ت: عبدى حاجي، دار الرازي، بيروت، ١٩٩٠ ص ص ١١٩-١٣٠. سعد بشير اسكندر: من تخطيط الى تجزئة، سياسة بريطانيا العظمى تجاه مستقبل كردستان، بنکەی ژین، سلیمانی، ٢٠٠٧. ص ص ٣١٥-٣٢٢.

پارچەیەك لە دەوڵەتی عێراقی، بەمەرجێك رەچاوی مافی پەروەردەو فێرکردنو دامەزراندن لە دامودەزگا فەرمییەکانی دەوڵەت بۆ کورد بکات[1].

بە پشت بەستن بەو بریارەی سەرەوە، کورد لە عێراقدا توانی رۆژنامەو بلاّوکراوە بە زمانی خۆی دەربکات، بەمەش بوژاندنەوەیەکی بیری نەتەوەیی لەناو ئەم پارچەیەی کوردستاندا سەری هەڵدا، کە کورد لە ئێرانو تورکیا بە تەواوی لێی بێبەش بوون، ئەمەش رێگای خۆشکرد بۆ گەشەسەندنی بیرو چالاکیی سیاسی کورد لەم پارچەیەی عێراقدا، بەجۆرێك کە هەرچەند دەوڵەتی پاشایەتی لە عێراق نکۆڵی لە مافی سیاسی بۆ کورد دەکرد، بەلاّم نەیاندەتوانی کورد وەك نەتەوەیەکی سەرەکی لە عێراقدا پشتگوێ بخەن. هەر بۆیە لە دوای روخانی رژێمی پاشایەتیو سەرهەڵدانی رژێمی کۆماری لە ١٤ی یۆلیۆی ١٩٥٨، لە عێراق، دەوڵەت لە دەستوری نوێدا، هاوبەشبونی کوردی لە پاڵ عەرەبدا، بە فەرمی ناساند[2].

هەرچەندە ئەمەی سەرەوە دانپیانانێکی یاسایی بوو، بەلاّم رێکەوتنێك لە نێوان بزاڤی سیاسی کوردی لەگەڵ دەوڵەتدا بۆ چۆنییەتی هاوبەشبونی کورد لە بڕیاری سیاسی عێراقدا نەبوو. ئەمە وایکرد جیاوازیی لەنێوان ئەم دوو لایەنەدا، بە درێژایی ساڵانی(١٩٦١-١٩٧٥)سەر هەڵبدات. لە نێو ئەم ململانێیەدا لە لایەن هەردولایەنەوە پڕۆژەی ئۆتۆنۆمی بۆ باشوری کوردستان لە ١١ی مارسی ١٩٧٠دا گەلاّلە بوو، بەلاّم دووبارە دەوڵەتو بزوتنەوەی کوردی لەسەر سەرجەم خاڵەکانی نەگەیشتبونە رێکەوتنی کۆتایی، ئەوە بوو لە ١١ی مارسی ١٩٧٤، بەغداد یەکلایەنە دەستی کرد بە جێبەجێکردنی پڕۆژەکەو لێرەوە

---

[1] احمد رفيق: العلاقات السياسية بين العراق و بريطانيا، ١٩٢٢-١٩٣٢،دار الطليعة، بغداد، ١٩٨٠، ص٢٠٧.

[2] حامد محمود عيسى: المشكلة الكردية في الشرق الاوسط.من بدايتها حتى سنة ١٩٩١. مكتبة مدبولي، القاهرة، ١٩٩٢ ص٧٣

ململانێیەکی توند سەری هەڵدا، کە لە ئەنجامدا دەوڵەتی عێراقی بە هاریکاری ئێران لە ساڵی ١٩٧٥توانی کۆتایی بەو بزوتنەوە چەکدارییەی کوردی بهێنێت[١].

دوابەدوای ئەم رووداوە، بزوتنەوەی کوردی خۆی رێکخستەوەو توانی خەباتی چەکداری خۆی هەستێنێتەوە سەرپێ. ئەوەی زیاتر چالاکترو کاریگەرتری کرد، جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران بوو لە ساڵانی (١٩٨٠–١٩٨٨). دەوڵەتی عێراقی لە جەنگێکی ناوخۆیی توندا بوو لەگەڵ ئەم بزوتنەوەیە، ئەم بزوتنەوەیەش بە پشتبەستن بە کۆمەڵگەی کوردی لە شارو شارۆچکەو دێهاتەکان، سەرسەختانە دژی دەوڵەت دەجەنگا. بۆ کۆتاییهێنان بەم رەوشە، بەغداد بریاری دا بنکە سەرەکییەکانی ئەو بزوتنەوەیە لەناو بەرێت و هاوکات ئەو بزوتنەوەیە لە کۆمەڵگای کوردی دابرێت. بۆ ئەم مەبەستەش چەکی کۆمەڵکوژی بەکارهێنا، لە شارۆچکەو دێهاتەکانی کە بنکەی سەرکردایەتی بوون، لەوانە شاری هەڵەبجە لە ١٦ی مارتی ١٩٨٨، کە زیانە مرۆییەکانی لە یەك رۆژدا بە پێنج هەزار سڤیل خەمڵێنرا، هاوکات ناوچە دێهاتییەکانی باشووری کوردستانی لە پرۆسەیەکدا بە ناوی ئەنفال، خاپور کرد، کە قوربانییەکانی بە ١٨٢ هەزار کەس مەزەندە کرا[٢].

ئەم پرۆسەیە هەڵەیەکی گەورەی دەوڵەتی عێراقی بوو کە نەتەوەی کوردی بە تەواوی لە ناو دەوڵەتی عێراقیدا نامۆ کرد، بۆیە لە نێو دووەمین جەنگی کەنداو، لە ١٩٩١، شارو شارۆچکە کوردییەکان راپەرینیان لە مانگی ئازاری ١٩٩١دا بەرپاکردو بوو بە سەرەتایەك بۆ دامەزرانی دەسەلاتی کوردی.

تەریب لەگەڵ ئەم روداوانە، ململانێی مێژوویەکانی نێوان پارتە سیاسییەکان لە پێش هاتنەکایەی هەرێمی کوردستان، کاریگەریی زۆری لەسەر رووداوەکانی دوای بنیاتنانی دەسەلات لە هەرێمەکە هەبوو.سەرەکیترین ئەو پارتانەش، کە ململانێکەیان بەرێوە دەبرد،

---

[١] عبدالوهاب حميد رشيد: مستقبل العراق الفرص الضائعة والخيارات المتاحة، دار المدى، بيروت، ١٩٩٧، ص ٧٣

[٢] دیڤد ماکداول: مێژوی هاوچەرخی کورد، وەرگێرانی، ئەبوبەکر خۆشناو، چاپی دووەم،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥. ل.ل ٥٧٨–٥٩٢

(پ.د.ك)[1] و (ی.ن.ك)[2] بوو. ئەم دوو پارتە مێژووی سیاسی باشووری کوردستانیان لە دوای دووەمین جەنگی جیهانییەوە بەلای خەبات و ململانێکانی خۆیان راپێچ کردبوو. ئەگەرچی (پ.د.ك) لە ساڵی ١٩٤٦ دامەزرابوو. هەروەها (ی.ن.ك) لە ساڵی ١٩٧٥ دامەزرا. واتا (پ.د.ك) ٢٩ ساڵ پێش (ی.ن.ك) دامەزرا بوو، بەڵام سەرەکیترین ئەو ئەندامانەی، کە (ی.ن.ك)یان دامەزراند هەمان ئەو ئەندامانە بوون کە سەرکردایەتی بەشێکی گرنگی ململانێ ناوخۆییەکانی (پ.د.ك)یان کرد بەدرێژایی ساڵانی(١٩٤٦-١٩٧٥). لەئەنجامی ئەو ململانێیدا چەندین روداوی خوێناوی و رێکەوتن کەوتووەتە نێوانیان، لەوانە جیابونەوەی کۆمەڵێك لە سەرکردایەتی داهاتوی (ی.ن.ك) لە ساڵی ١٩٦٤، هەروەها رێکەوتنی ئەو ئەندامانە بۆ دووبارە گەڕاندنەوە ناو (پ.د.ك) لە ساڵی ١٩٧٠[3]. دوای دروستبونی

[1] لە ١٦ی ئۆگستۆسی ١٩٤٦ دامەزراوە. بە شێوەی نهێنی کاری کردووە تا شۆڕشی ١٤یۆلیۆی عێراق لە ١٩٥٨. پاشان بە ئاشکرا خەباتی سیاسی دەسپێکردووە. لە ساڵی ١٩٦١ دەستی کردووە بە خەباتی چەکداری و سەرکردایەتی بزوتنەوی رزگاریخوازی کوردی کردووو بە سەرکردایەتی مستەفا بارزانی . ئەم پارتە لە ساڵی ١٩٧٥ توشی شکستێکی گەورە بوو لە ئەنجامی رێکەوتنامەی نێوان عێراق و ئێران، کە بەهۆیەوە مستەفا بارزانی دەسبەرداری سەرکردایەتی بزوتنەوەی کوری و پارتەکە بوو. پاشان کورەکانی سەرکردایەتی ئەو پارتەیان کرد لە هەموویان دیارتر مەسعود بارزانی، کە تا ئێستاش سەرۆکی ئەو پارتەیە. تا ئێستا ١٣ کۆنگرەی بەستووە. ارکان حمه امين الزرداوي، نشاة و تطور الجمعيات والاحزاب والتيارات السياسية الكوردية في العراق، دار جيا للطباعة والنشر، بغداد، ٢٠٠٩، ص ص ٥١-٨٢.

[2] لە ١ی یۆنیۆی ١٩٧٥ خۆی راگەیاندووە وەك پارتێکی سیاسی بە سەرکردایەتی جەلال تالەبانی . لە ساڵی ١٩٧٦ دەستی کردووە بە خەباتی چەکداری بە شێوەی پارتیزانی. رۆڵێکی گەورەی بینیوە لە ساڵانی هەشتاکان لە دژایەتی رژێمی عێراقی لە هەرێمی کوردستان. ئەم پارتە سەرەتا لە ژێر کاریگەری رێبازی مارکسیدا بوو بە لام لە کۆنگرەی یەکەمییان لە ساڵی ١٩٩٢ وەك پارتێکی سۆسیال دیموکرات خۆیان ناساند. تا ئێستا سێ کۆنگرەی ئەنجام داوە. سوزان إبراهيم حاجي أمين: التجربة الديمقراطية في كوردستان العراق، رسالة دكتوراه، كلية القانون والعلوم السياسية / قسم في الأكاديمية العربية في الدنمارك، ٢٠٠١. ص ص ١١١-١١٦

[3] بڕوانە: گەراس ئار. ڤی. ستانسفیلد: کوردستانی عێراق (پەرەسەندنی سیاسی و پشکوتنی دیموکراسی)، و: یاسین سەردەشتی، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ١٧٢-١٨٥

(ی.ن.ك) بە درێژایی ساڵانی ١٩٧٦–١٩٨٦ شەر لەنێوانیاندا هەبوو، کە لەو ماوەیەدا ژمارەیەکی زۆر لە هەردوولا کوژران. دواتر لە ساڵی ١٩٨٦ ڕێکەوتنیان ئەنجامدا[1] و لە ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ چەند پارتێکی تر بەرەی کوردستانییان پێکهێنا[2]. ئەم ململانێیە دوای دامەزراندنی سیستەمی دەسەڵات لە هەرێمدا، ڕاستەوخۆ گواسترایەوە ناو دامودەزگا فەرمیو ڕێکخراوە مەدەنیەکانو کە پاشان پەلی کێشا بۆ سەرجەم ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوری لە هەرێمی کوردستاندا.

---

[1] نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە لەناو بازنەدا، دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٨٤–١٩٨٨. چاپو بلاوکردنەوەی مەڵبەندی ئاوەدانی کوردستان، ١٩٩٩، ل ٢٠١–٢٠٢

[2] ئەم بەرەیە لە کۆبونەوەیەکی پارتە کوردییەکان لە چیای خواکورك لە ٦ی یۆنیۆی ١٩٨٨ پێکهات لەژێر کاریگەری پرۆسەی ئەنفالو کیمیابارانی ناوچە کوردییەکانی کە لەژێر دەسەڵاتی هێزە کوردییەکاندا بوون. ئەو شەش پارتە بریتی بوون لە (پ.د.ك)، (ی.ن.ك)، (ح.س.ك)، پارتی کۆمۆنیستی عێراق، پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان، پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆك). فاتح رسول: بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی ، ٢٠٠٥، ل ٣٦٦.

تەوەری یەکەم
فاکتەرەکانی دامەزراندنی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستاندا

ئەو فاکتەرانەی، کە بوونە هێنانە کایەی هەرێمی کوردستان وەك پێگەیەکی جوگرافیو وەك دەسەلاتێکی سیاسی بەسەر سێ فاکتەری ناوخۆییو ناوچەییو نێودەوڵەتی پۆلێنمان کردوون، بەم شێوەیەی خوارەوە.

یەکەم: فاکتەری ناوخۆیی:

ئەم فاکتەرە، ئەو پاڵنەرە ناوخۆییانەی ناو کوردستان دەگرێتەوە، کە بوون بە هۆکارێك بۆ دامەزراندنی دەسەلاتی هەرێمی کوردستان. ئەوانەش خۆی لە سێ رووداوی گرنگی ساڵی ۱۹۹۱ دەبینێتەوە کە بریتین لە راپەرینو کۆڕەو، بزوتنەوەی چەکداری پارێزگای سلێمانیو ناوچەی گەرمیان لە هەمان ساڵدا.

لە بەرواری ٥ی مارتی ۱۹۹۱دا لە شارۆچکەی رانییەوە راپەرینێکی جەماوەری دژی سوپاو دەزگا ئەمنییەکانی حکومەت عێراقی بەرپا کرا، لێرەوە راپەرین تەشەنەی کردو پارێزگای سلێمانی لە ۷-۱۰ی مارتی ۱۹۹۱دا تەواوی ئازاد کراو تا ۲۱ی مارت پارێزگاکانی

هەولێرو دهۆکو ناو شاری کەرکوکی گرتەوەو هێزەکانی حکومەتی عێراقی لێ دەرکرا[1]. گرنگترین ئەنجامی ئەم راپەرینە، کە پاشان دەبێتە هۆکارێك بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بریتیی بوو لەوەی دانیشتوانی باشوری کوردستان، ماوەی نزیك مانگێك ژیانیان لە ئازادیدا بە سەر برد، کە ئەم ماوەیە بوو بە هەوێنێك بۆ دوانزە ساڵی دواتر، کە توانیان دوور لە رژێمی بەغداد حوکمی خۆ بەخۆی خۆیان بکەن.

رووداوی دووەم کۆڕەو بوو. لە کۆتایی مانگی مارتو سەرەتای مانگی ئەپریلی ١٩٩١دا حکومەتی عێراقی بە هەموو توانایەکی سەربازییەوە کەوتە سەرکوتکردنی راپەرین. دانیشتوانی ناوچە رزگارکراوەکان لەو باوەڕەدا بوون، کە دەوڵەتی عێراقی هیچ باکی لە دووبارەکردنەوی پرۆسەی ئەنفالو کیمیابارانی ساڵی ١٩٨٨ نییە. بۆیە لەژێر ئەم کاریگەرییەداو بۆ هەڵهاتن لەدەستی سوپای عێراق، رویانکردنە ناوچە سنورییەکان. ئەوە بوو زیاتر لە یەك ملیۆنو پێنج سەد هەزار روویان کردە سنورەکانی ئێران، نزیکەی نیو ملیۆن کەسیش روویان کردە سنورەکانی تورکیا[2]. پەیوەندیی کۆرەو بە دامەزراندنی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانەوە چەند لایەنێکی لەخۆ گرتبوو. کۆڕەو لە سەردەمی شۆڕشی راگەیاندندا نامەیەکی بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیو بڕیاربەدەستانی جیهان گەیاند، کە میدیاکان سەرکەوتووانە ئەو نامەیەی بڵاو کردەوە، کە بە هیچ شێوەیەك متمانە لە نێوان نەتەوەی کوردو رژێمی سەدام حسێن[3]، نەماوەو لێرە بەدواوە کوردو بەغداد دوو

---

[1] بروانە عەبدولرەزاق مەرزەنگ: راپەرین بەهاری ئازادی، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٦٢-٦٨

[2] Human Rights Watch :The 1991 uprising in Iraq and its aftermath, copyright June 1992 Number: 92-72351 ، www.hrw.org.

[3] سەدام حسین (١٩٣٧-٢٠٠٧) لە پارێزگای تکریت لە بنەماڵەیەکی جوتیار لەدایك بووە. لە ساڵی ١٩٥٧ پەیوەندیی بە حزبی بەعس کردووە. لە ساڵی ١٩٥٩بەشداری هەوڵێکی شکستخواردوی تیرۆرکردنی سەرۆك وەزیرانی عێراق عەبدولکەریم قاسم کردووە. لە دوای کودەتای حزبی بەعس لە ساڵی ١٩٦٨، دەسەڵاتی خۆیو پارتەکەی بەسەر سوپای عێراقیدا سەپاندووە. لە ساڵی ١٩٦٩ بووە بە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش. لە ساڵی ١٩٧٩ بووە بە سەرۆك کۆماری عێراق تا

جەستەی تەواو لەیەك پچڕاون. هاوکات هەر ئەو میدیا جیهانیانە پەیامێکی تریان گەیاندە خاوەن بڕیارە جیهانییەکان، ناوەڕۆکەکەی ئەوە بوو، کە کورد جگە لە چیاکان، دۆستێکی تریشی بۆ پەیدا بووە ئەویش رای گشتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە کە پێشتر دەوڵەتان بەسەریدا زاڵ بوون، ئێستا بەهۆی میدیاکانەوە رای گشتی جیهانی دوور لە دەسەڵاتی دەوڵەت هێما لە بیرو بۆچوونەکانی خۆی دەکات. هاوکات ئەگەر راپەڕین ویستێکی پارتە کوردییەکانی لە پشتەوە بوو بۆ دەرکردنی دامودەزگاکانی حکومەتی بەغداد، ئەوا کۆڕەو بە تەواوی ویستێکی جەماوەری بوو بۆ هەڵهاتن لە دەستی ئەو دامودەزگایانە. وێڕای ئەمە راپەڕین نە ئەو پیشگیرییە نێودەوڵەتییەی بەدەست هێنا کە کۆڕەو بۆ کوردی بەدەست هێنا. بۆیە لەژێر کاریگەری ئەو کۆڕەوەدا بوو، کاتێك، کە دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان لە رێگای هەڵبژاردن‌و پەرلەمان‌و حکومەت کەوتە سەر پێ‌و لەبری پرۆتێست، پشگیرییەکی نێودەوڵەتی بۆخۆی بەدەستهێنا[1].

رووداوی سێیەم، بریتی بوو لەقوڵبونەوەی ململانێکانی نێوان کوردو بەغداد. لە مانگی ئەپریلی ١٩٩١دا سەرکردایەتی کورد وەڵامێکی داواکاریەکانی سەدام حسێنی دایەوە بۆ دانوستان لەسەر چارەسەر کردنی کێشەی کورد. ئەم داواکارییەی بەغداد لە کۆتایی مانگی مارسدا بوو. واتە لەکاتێکدا خرایە بەردەم سەرکردایەتی کورد، کە ناو شاری کەرکوك‌و تەواوی پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانی‌و دهۆکی بەدەستەوە بوو. بەڵام لە کاتێکدا کورد وەڵامی بەغدای دایەوە کە لەسەر سنوری ئێران‌و تورکیا بە ئاوارەیی ژیانی بەسەر

ساڵی ٢٠٠٣. کەسایەتییەکی دکتاتۆری بووە، لە ماوەی فەرمانڕەوایەتیدا عێراقی توشی سێ جەنگی گەورە کردووە، کە یەکەمین جەنگی کەنداو (١٩٨٠-١٩٨٨). دووەمین جەنگی کەنداو (١٩٩١). جەنگی عێراق‌و ئەمریکا (٢٠٠٣). الان غريش و دومينيك ڤيدال: الابواب المائية للشرق الاوسط، ت: ميشال كرم، دار الفارابي، بيروت، ٢٠١٠، ص ص ٢٩٥-٢٩٨.

[1] شەوکەت حاجی مشیر: چێوەڕۆ دەروازەیەك بەرەو کەرکوك، چاپخانەی قانع، سلێمانی،٢٠٠٣، ل ل١٤٥-١٤٧. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر رۆڵی میدیاکان لە کارەساتی کۆڕەو، بڕوانە: عومەر نورەدینی: سیستەمی نوێی جیهان‌و دۆزی کورد، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٣، ل ل ١٥١-١٦٣.

دەبرد[1]. لە کاتی دانوستاندا، جەماوەری کوردستان وردە وردە دەگەڕانەوە بۆ ناو شارەکان. ئەو شارانەی، کە حکومەتی بەغداد بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاوارە گەڕاوەکان، هەڵبژاردەی پیاوە سەرسەختەکانی بواری سەربازیو ئاسایششی تیدا دامەزراندبوو. گەڕانەوەی ئاوارەکان لە هەبوونی دەزگا سەرکوتکارییەکانی بەغداد، بە بەردەوامیو لێرەو لەوێ، بوو بە هۆی سەرهەڵدانی راپەڕینی لۆکاڵیو پێکدادانی چەکداری[2]. دوا بەدوای ئەم جوڵانەوەیە، لە سلێمانیو سنووری شارۆچکەی کەلارو چەمچەماڵدا هێزەکانی (ی.ن.ك) لە مانگی یۆلیۆدا، لە دژی سوپای عێراقی کەوتنە شەڕی روو بە رووەوە. ئەوە بوو چەندین کەسیان لێکوشتن‌و ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرو سەرباز بەدیل گیرا. کە بە رای یەکێك لە سەرکردە سەربازیو سیاسییەکانی ئەو راپەرینە، دامەزراندنی دەسەلاتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو چالاکییە جاماوریو چەکداریانە دەگەرێتەوە[3]. لەم سۆنگەیەوە حکومەت گەیشتە ئەو ئەنجامەی، کە چیتر سوپاو دەزگا ئەمنییەکانی لە هەرێمی کوردستان لە بارێکی نائارامدان. ئەوە بوو دامودەزگا کارگێریو سوپاییو ئاسایشییەکانی بۆ پارێزگای کەرکوك کشانەوە لە ٢٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٩١[4]. لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا، دانوستاندن هیچ ئەنجامێکی لێنەکەوتەوەو لە ١٤ی ئۆگستۆسی ١٩٩١ پرۆژەی دانوستانی

---

[1] نەوشیروان مستەفا: مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی-بەعس(١٩٩١): چاپخانەی جەمالی عەلی باپیر، سلێمانی، ٢٠٠٩،ل١٥-٢١. مام جەلال: راپۆرتی سیاسی،چاپی دووەم، ئۆفیستی رووناکبیری، سلێمانی،٢٠٠٠،ل٥٢.

[2] نەوشیروان مستەفا: مفاوەزاتی بەرەی کوردستای، ل٨١-٨٢

[3] چاوپێکەوتنی رۆژنامەنوس مەگدید سەپان لەگەڵ جەبار فەرمان: بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان،ستۆکهۆڵم، ١٩٩٤، ل٤٧-٤٨. نادر ئینتسار: ئیتنۆنەتەوایەتی کورد: وەرگێرانی: عەتا قەرەداغی، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٣١٧.

[4] فرسەت ئەحمەد عبداللە‌و ئەوانی تر: کوردستان دیموکراتی سیاسەت، چاپی سێیەم، چاپخانەی خەبات، هەولێر، ساڵی ٢٦٩٩ی کوردی. ل ٥٦.

نێوان بەغدادو هەولێر بەبن بەست گەیشت[1]. ئەمە بۆشایی دەسەلاتی لە هەرسێ پارێزگای دهۆکو هەولێرو سلێمانی دروستکرد. بۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشاییە، هەروەها بۆ دیاریکردنی چارەنوسی پەیوەندی نێوان بەغدادو ناوچە رزگارکراوەکان بە جۆرێک جەماوەری کوردستان و سەرجەم پارتەکان لایان پەسەند بێت، بەرەی کوردستانی بریاری یاسای هەڵبژاردنەکانی دەرکرد. ئەوە بوو لە ١٩ی مەی ١٩٩٢ هەڵبژاردن کراو لە ٤ی یۆنیۆدا یەکەم دانیشتنی خۆی سازداو لێرەوە دەسەلات لە هەرێمی کوردستان شەرعییەتی ناوخۆیی بەدەست هێنا[2].

دووەم: فاکتەری ناوچەیی:

مەبەستمان لە فاکتەری ناوچەیی، روداوەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاستو کاریگەرییەیەتی لەسەر دامەزراندنی هەرێمی کوردستان، کە دابەش دەبن بەسەر چەند رووداوێکدا، لەوانە دووەمین جەنگی کەنداو ١٩٩٠، کە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ داگیرکردنی کوەیت لە لایەن عێراقەوە لە بەرە بەیانی ٢ی ئۆگستۆسی١٩٩٠. دەستبەجێو هەمان رۆژ، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان بریاری (٦٦٠)ی پەسەندکرد بۆ کشانەوەی سوپای عێراقی لە کوەیت بەبێ هیچ مەرجێك[3]. دواتر بریاری (٦٧٨) دەرکرا لە نۆڤەمبەری١٩٩٠، بە پێی بریارەکە، ئەنجومەنی ئاسایش هەموو رێگایەکی بۆ دەرکردنی عێراق لە کوەیت بەرەوا لەقەڵەم دا. لەم سۆنگەیەوە هاوپەیمانییەك بە سەرکردایەتی ئەمریکاو بە بەشداربونی (٣٠) دەوڵەت پێکهات. ئەم هاوپەیمانییە ١٧یەنایر-٢٤ی فەبرایری١٩٩١ لەگەڵ عێراق کەوتنە

---

[1] نەوشیروان مستەفا: مفوەزاتی بەرەی کوردستانی-بەعس(١٩٩١، ل١١٨-١١٩

[2] فرسەت ئەحمەد عەبدوڵاو ئەوانی تر: هەمان سەرچاوە، ل٥٦-٥٧.

[3] رياض السندى: قراءة في القرارات مجلس الأمن، الحلقة الاولى، مجلة (متين)، عدد(٧٠)، ١٩٩٧، ص٨٢.

جەنگی سەربازییەوە، کە بە دووەمین جەنگی کەنداو ناسرا[1]. لە ئەنجامدا عێراق لەو جەنگەدا شکستی خواردو سوپاکەی لە کوەیت دەرکراو بڕیاری (٦٨٧)ی نەتەوە یەکگرتووەکانی پەسەندکرد. دوای ئەوەی (١٥٠) هەزار کوژراو لە سەربازو سڤیل‌و (١٧٠)ملیار دۆلار زیانی لێکەوت[2]. بە سەیرکردنی کاریگەرییەکانی جەنگ لەسەر عێراق، دەبینین، کە عێراق لێرە بەدواوە ئەو هێزە مەزنەی لەدەستدا کە هەرێمی کوردستانی پێ کۆنترۆل کردبوو. هەر بۆیە لە کاتێکدا جەنگ بەرەو کۆتایی دەچوو، ڕاپەڕینی جەماوەری لە هەرێمەکە دەستی پێکرد، کە بوو بە سەرەتاییەك بۆ دامەزراندنی دەسەلاَتی کوردی لە هەرێمی کوردستان.

ڕوداووی دووەم، کە لەسەر ئاستی ناوچەیی کاریگەریی لەسەر هەرێمی کوردستان هەبوو هەڵوێستی دەوڵەتانی دراوسێی هەرێمەکە بوو، کە هاندەر بوو بۆ هاتنەکایەی هەرێمەکە. ئێران‌و تورکیا ژمارەیەکی زۆر ئاوارە ڕوی تێ کردبوون، هەربۆیە ئاوارەکان لەڕووی ماددیەوە ئەرکێکی گرانیان لەسەر شانی ئەو دوو دەوڵەتە دانابوو، لە لایەکی تر ئەو دوو دەوڵەتە لەوە دەترسان، کە ئەو ئاوارە کوردانە ئاسایشی وڵاتەکانیان بشێوێنن، لەم سۆنگەیەوە هەردوولا یاداشتێکیان گەیاندە نەتەوە یەکگرتووەکان، کە ناوەرۆکەکەی باسی لەوە دەکرد، پێویستە ئەو ئاوارانە بگەڕێنەوەو دەسدرێژییەکانی ڕژێمی عێراقیشیان لەسەر هەڵبگیرێت تا ئارامی‌و ئاسایشی ناوچەیی نەشێوێنن[3]. سوریا وەك دەوڵەتێکی ناوچەیی دژایەتی ئەم هەوڵەی تورکیاو ئێرانی نەکرد، چونکە سوریا لەو کاتەدا یەکێك بوو لەو (٣٠) دەوڵەتەی کە هاوپەیمانی ئەمریکا بوو لە دووەمین جەنگی کەنداو، هەروەها ڕکەبەری

---

[1] یەکەمین جەنگی کەنداو، لە نێوان عێراق‌و ئێراندا بوو کە لە ١٩٨٠ دەستی پێکردوو لە ٨ی ئۆگستۆسی ١٩٨٨ کۆتایی هات. ئەم جەنگە هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی بەدەستەوە نەدا جگە لە زەرەرو زیانی مرۆیی‌و مادی کە هەردوو دەوڵەتەکەی گرتەوە.

[2] ماریون فاڕووق سلوغلت و بیتر سلوغلیت: من الثورة الى الدیکتاتوریة، العراق منذ ١٩٥٨، ترجمة مالك النبراسي، منشورات الجمل، ألمانیا، ٢٠٠٣، ص٣٧١.

[3] بڕوانە باشکۆی ژمارە (٢)، ژمارە (٣).

سەرسەختی عێراق بوو[١]. ئەم هەڵوێستانە وەك رازیبوونێکی ناوچەیی بوو بۆ پاراستنی کورد لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. هەروەها کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئەمەی بە گڵۆپێکی سەوزی ناوچەیی زانی بۆ پاراستنی کوردەکان کە دواتر بریاری(٦٨٨)[٢] یان بۆ دەرکرا، کە کورد لە سایەیدا دەسەلآتێکی بۆخۆی پێکهێنا.

سێیەم: فاکتەری نێودەوڵەتی:

مەبەستمان لەم فاکتەرە کاریگەریی رووداوە جیهانیەکانە لەسەر دامەزراندنی دەسەلآت لە هەرێمی کوردستاندا، کە ئەوانەش رووخانی یەکێتیی سۆڤیەتو پێکهێنانی ناوچەی دژە فرینە. یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩٠ دەستوری نوێی راگەیاند، کە کۆتایی بە رژێمی تاکە پارتی لە سۆڤیەت هێنا. بەو پێیە لە یۆلیۆی ١٩٩١ سیستەمی کۆنفدراڵی جێگای سیستەمی فیدراڵی ساڵی ١٩٢٢ی گرتەوە. لە رووی ئابورییەوە دەوڵەت دەستی کرد بە پەیرەویکردنی ئابوری ئازادو کەرتی گشتی کەوتە بەردەم شاڵاوی بە تایبەتمەندی بوون (الخصخصە). هەموو ئەمانە لە لایەن حزبی شیوعی دژایەتی کرا، لەم کاتەدا (بۆریس یەڵسن) وەك سەرۆکی کۆماری روسیا، دژایەتی ئەو پارتەی کردو لە روسیادا کاری سیاسی لێقەدەغە کرد. ئەمە وایکرد یەکێتی سۆڤییەت هەردوو سیستەمی (یەکێتی-فدراڵی)، (سۆڤییەت-شیوعی) لەدەستدا. میخائیل گۆرباچۆڤ وەك سکرتێری گشتی ئەو پارتەو هەروەها وەك سەرۆکی یەکێتی سۆڤییەت، پارتەکەی هەڵوەشاندەوەو دەسبەرداری

---

[١] بروانە بەشی چوارەم،تەوەری دووەم، ل ١٤٦-١٤٧.

[٢] گرنگترین خاڵی ناو ئەم بریارە (٦٨٨)، ئەوە بوو کە سەرکوتکردنی دانیشتوانی عێراق بەتایبەت لە "ناوچە کوردنشینەکان" هەرەشە لە ئاشتیو ئاسایشی ناوچەییو نێودەوڵەتی دەکات. پێویستە عێراق دەستبەجێ سەرکوتکردن بوەستێنێت. هەروەها یارمەتی مرۆیی لە رێگای رێکخراوە نێودەوڵەتیو ناحکومیەکان بگەیەنرێتە دەستی ئەوانەی زەرەرمەندی ئەو ستەمکاریە بوون لە "ناوچە کوردیەکان". بۆ زانیاری زیارت لەسەر دەقی بریارەکە بروانە: الحرب على العراق، يوميات-وثائق-تقارير، ١٩٩٠-٢٠٠٥، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت ٢٠٠٧. ص٤٩٨.

پۆستی سکرتێر بوو. هەروەها لە ٢٥ی سێپتەمبەری ١٩٩١دا نەمانی یەکێتی سۆڤیەتی لەسەر نەخشەی جیهان راگەیاند. هەمان رۆژ جۆرج بۆشی باوك وەك سەرۆکی ئەمریکا سیستەمەی نوێی جیهانی راگەیاند، کە وەك راگەیاندنی کۆتایی هێنان بوو بە سیستەمی دوو جەمسەری‌و دەستپێکردنی سیستەمی تاکجەمسەری[١]

لە سایەی سیستەمی نوێی جیهانیدا، کێشەی کورد کرانەوەیەکی بەرچاوی بەخۆوە بینی. ئیدی رۆژئاوا ئەو ترسەی نەما، کە یەکێتیی سۆڤیەت کوردو کێشەکەی بەکار بهێنێت بۆ پەیدا کردنی نفوز لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا. لێرەدا کاتێك دانانی بەردی بناغەی دەسەلات لە هەرێمی کوردستان ببووە باس‌و خواسی سیاسی‌و یاساییەکان، ئەمریکاو رۆژئاوا لەبری دژایەتی، پشگیری کورد بوو لە بەرێوەبردنی خۆبەخۆدا. ولایەتە یکگرتووەکانی ئەمریکا وەك سەرکردەی هێزە هاوپەیمانەکان لە دووەمین جەنگی کەنداو دوای یەك رۆژ لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە هەڵوێستی خۆی دەربری: بۆ دیاریکردنی ستراتیجی کاری ئەمریکا لەبەرامبەر هەرێم، کۆنگرێس یاسایی ژمارە (٢٩٩) لە(٢٠ی مایۆی ١٩٩٢) دەرکرد بریتی بوو لە: مانەوەی سوپای ئەمریکی لەخاکی تورکیا درێژبکرێتەوە لە دوای ماوەی تەواوبوونیان، کە مانگی (یۆنیۆ ١٩٩٢) بە مەبەستی (ئۆپەراسیۆنی بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی–Operation Provide Comfort). کاری نەتەوەیەکگرتووەکان لە هەرێمی کوردستان "باکوری عێراق"، بەردوامی پێبدرێت. یارمەتی مرۆیی بۆ "کوردی عێراق" دابین بکرێت. ئەمریکا پێویستە تەواوی هەوڵی بخاتە گەڕ لە پێناو هەڵگرتنی گەمارۆی ئابووری عێراق لە سەر هەرێمی کوردستان[٢].

دووەم رووداوی جیهانی بریتی بوو لە پێکهێنانی ناوچەی دژە فرین. لە کۆڕەودا، کە رۆژانە (١٠٠–٢٠٠) کەس دەبوونە قوربانی‌و لەمیدیاکانەوە پەخشدەکرا، وایکرد فەرەنسا پرۆژە بریاری (٦٨٨) کەلاڵە بکات‌و پێشکەش بەئەنجومەنی ئاسایش بکرێت‌و لەلایەن ئەم

---

[١] محمد سليم سيد: تطورات السياسة الدولية، مطبعة مدبولى ، القاهرة، ٢٠٠٨، ص ٦٤٣-٦٤٦.

[2] EXPRESSING SENSE OF CONGRESS REGARDING KURDS IN NORTHERN IRAQ (House of Representatives June 02، 1992 .thomas.loc.gov\hower\rlo2query.htm

ئەنجومەنە پەسەند بکرێت لە ٥ی ئەپریلی ١٩٩١. گرنگی ئەم بڕیارە لەوەدابوو، بۆ یەکەمجار کورد وەك نەتەوەیەکی ستەمدیدە ناوی چووە ناو بڕیارێکی نەتەوە یەکگرتووەکان[1]. لەم سۆنگەیەوە فەرەنساو پاشان بەریتانیاو دواتر ئەمریکا، لەبەر ئەنجامی کۆمەڵێك بۆچوون و پرۆژە بۆ پاراستنی ئاوارەکان لە هەڕەشەی برسیەتی و ئاوارەیی و مەترسی عیراق، لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری (٦٨٨) لە لایەن سەرەك وەزیرانی بەریتانیا جۆن مێجەر، پێشنیاری بیرۆکەی (ناوچەی پارێزراو–Safe Haven) کرا، لەلایەن ئەمریکاوە لەژێر ناوی ناوچەی دژەفڕین–No-fly Zoon) چووە باری جێبەجێکردن. لە بنکەی ئەنجەرلیك لە باشووری ڕۆژئاوای تورکیا فڕۆکە ئەمریکیەکان ئاسمانی هەرێمی کوردستانیان کۆنترۆڵ کرد، دواتر (ئۆپەراسیۆنی بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی–Operation Provide Comfort) بۆ ئاوارەکان دەستپێکرا لەلایەن سوپایەکی نێودەوڵەتی فرەڕەگەز*، کە (٩٤٩٣) سەرباز پێکهاتبوون[2]، بۆ فەراهەمهێنانی ناوچەیەکی ئارامو ئاسایش، تا ئاوارەکان بە دڵنیایی لەژیانیان و دوور لە مەترسی سوپای عێراق بۆ شارو شارۆچکەکانی خۆیان بگەڕێنەوە. ئەم هێزە تا مانگی سێپتەمبەری ١٩٩١ لەناوچە سنوریەکانی هەرێمی کوردستاندا بوون. دوای گەڕانەوەی زۆرینەی ئاوارەکان، پاشەکشەیان بۆ ناو بنکەی ئەنجەرلیك کرد لە ناو خاکی تورکیاو لە قەزای زاخۆ سەر بەپارێزگای دهۆك نوسینگەیەکیان دامەزراند بە ناوی (سەنتەری هەماهانگی سەربازی–Military Co-ordination Center) کۆکراوەکەی (MCC) بوو[3]. هەرچەندە

---

[1] رواء محمد ملا: سياسة التدخل الامريكي دراسة الحالة في شمال العراق، رسالة ماجستير، غير منشورة، كلية العلوم السياسة، جامعة بغداد ،١٩٩٨، ص ١٢٣ .

* ئەم سوپایە پێکهاتبوو لە سەربازانی :ئەمریکا،بەریتانیا،فەرەنسا،ئەڵمانیا،کەنەدا،ئیسپانیا،ئیتالیا.

[2] بۆ زانیاری زیارت بڕوانە: عبدالرحمن سليمان الزيباري: الوضع القانوني لأقليم كوردستان العراق في ظل قواعد القانون الدولي، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠٠. ص ٢٨٦– ٢٩٦.

[3] ئەرەکی ئەم نوسینگەیە بریتی بوو لە پاراستنی پرۆسە مرۆییەکان لە هەرێمی کوردستان. ئەندامانی ئەم نوسینگەیە لە حەوت ئەفسەرو چوار فەرمانبەر پێکهاتبوو لە هێزەکانی بریتانیاو فەرەنساو تورکیا بەسەرکردایەتی ئەمریکا، کە تا ئۆگستۆسی ١٩٩٦ کاریان بەردەوام بوو.

بریاری ٦٨٨ بە هیچ شێوەیەك باسی دەسوەردانی سەربازی نەکردبوو، بەلاَم ئەمریکا بە پشت بەستن بەو چەمکە یاساییەی، کە لە بریارەکەدا هاتووە " گێرانەوەی ئاشتی جیهانیو ئاسایش"، ئەو کارەی ئەنجامدا. بە مانایەکی تر ئامانجی بریارەکە بریتی نەبوو لە پاشەکشە پێکردنی دەسەلاَتی سەدام لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو بریتی بوو لەوەی، کە هەرێمەکە نەبێتە بنکەیەك بۆ تێکچوونی ئاسایشو سەقامگیری ناوچەکە[١]. بەلاَم ئەمریکا سودی لێوەرگرت بۆ چاودێری کردنی رژێمی بەغداد، هاوکات کورد لە سایەی ئەو چاودێرییەدا کە ماوەی ١٢ ساڵی خایاند، دەسەلاَتی هەرێمی کوردستانی بەرێوەبرد.

Evelyn N. Farkas, Fractured states and U.S. Foreigy: Iraq, Ethiopia and Bosnia in the 1990s. (NewYork Palgrave Macmilan-2003), pp 30-31.

[1] İdris DEMİR THE NORTHERN IRAQ: 1990-2000 ZKÜ Sosyal Bilimler Dergisi, Cilt 3, Sayı 5, 2007, ss. 193 207

تەوەری دووەم

باری کۆمەڵایەتی و ئابووری هەرێمی کوردستان

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێکردنی مرۆیی (Habitat)، لە ساڵی١٩٩٩، ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی بە (٣.٥١٥.٩٢١) کەس خەملاندووە. زۆرینەی پێکهاتەی دانیشتوانەکەی لە نەتەوەی کوردە، بەجۆرێك بەپێی ئاماری (١٩٨٧)ی حکومەتی عێراقی، ڕێژەی کورد لەپارێزگای دهۆك (٨٣.٣ ٪)، هەولێر(٧٨.٨٪)و سلێمانی نزیکەی(١٠٠٪) پێکدەهێنێت[1]. ئەوی تری لە ڕەگەزی تورکمانو ئاشووریو عەرەب بووە. دابەشبوونی دانیشتوان پەشێوییەکی زۆری پێوە دیار بوو ئەمەش لەژێر کاریگەری دوو فاکتەردا بوو. یەکەمیان، لە بەرئەنجامی سیاسەتە جۆراوجۆرەکانی ڕژێمی عێراقی بوو لە بەرامبەر کورد بە تایبەت لە دوای ساڵی ١٩٧٥-٢٠٠٣. فاکتەری دووەمیان لە جەنگە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستانەوە لە ساڵی (١٩٩١-٢٠٠٣) سەرچاوەی گرتبوو. بە جۆرێك دەتوانین بڵێین هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ١٩٩١ بریتی بوو لە هەرێمی قوربانییەکان. یان نیشتمانی ئاوارەکان. لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٠دا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ

---

[1] IDP sit and family survey final fetor ,2001 www.VNHABITTAT.ORG /IRAQ/ DOCVMENNTS/IDP SVRVEYST.DOC. ، خليل إسماعيل محمد: أقليم كوردستان العراق، دراسات في تكوين القومي للسكان، مطبعة أوفسيت كريستال، أربيل ١٩٩٨، ص٥٨.

نیشتەجێکردنی مرۆیی (Habitat)، زیانلێکەوتوانی ناو هەرێمەکەی کردووە بە نۆ بەش بەم شێوەی خوارەوە:

١. راگوازراوەکانی حەفتاکانو هەشتاکان تا ساڵی ١٩٨٧، بریتی بوون لە ٢٧٢.٣٤٧ کەس.

٢. قوربانییەکانی هەڵەبجەو ئەنفال لە ساڵی ١٩٨٨، بریتی بوون لە ٢٢٢,٨٣٩ کەس.

٣. قوربانییەکانی پاکتاوی رەگەزی. واتە لە پارێزگای کەرکوكو ناوچە کوردییەکانی بن دەستی حکومەتی عێراقی لە ساڵی ١٩٩١ بەدواوە. ٥٨,٧٠٦ کەس.

٤. قوربانی جەنگی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ٧٧,٠٠٤ کەس.

٥. گەراوەکانی ئێران ٤٠,١٤٥ کەس.

٦. ئاوارەکانی ئێران٤٩١ کەس.

٧. ئاوارەکانی تورکیا ٢,٥٥٢ کەس.

٨. قوربانییەکانی ململانێی (پ.ك.ك) ١٥.٣٣٥ کەس.

٩. هی تر ١٦,٠٨٦ کەس.

کۆی گشتی دەکاتە ٨٠٥,٥٠٥. بێجگە لە ٥ هەزار ئاوارەی تورکمانی، کە لە پارێزگای کەرکوکەوە روویان کردبووە هەرێمەکە، هەروەها ٣٠٠ خێزانی ئەنجامی شەری (ی.ن.ك) لەگەڵ ئیسلامییە توندرەوکانی نزیك شارۆچکەی هەڵەبجە[1]. ئەم کۆمەڵانە زۆرینەیان بەسەر ئۆردوگا زۆرە ملێکاندا نیشتەجێبوون، کە ژمارەیان ١٠١ ئۆردوگا بوو[2]، کە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی بریتی بوو لە بێکاریو کێشەی خێڵایەتیو نەبوونی خزمەتگوزاری.

لە لایەکی تر هەرێمەکە بەردەوام لەژێر ئابلۆقەی ئابوری نێودەوڵەتیو ناوچەییو هەندێك جار ناوخۆیشدا بوو. نەتەوە یەکگرتوەکان بریاری (٦٦١) لە(٦ی ئۆگستۆسی١٩٩٠) دەرکرد، کەهەموو مامەڵەیەکی دارایيو بازرگانی نێودەوڵەتی لەگەڵ عێراق قەدەغەکرد، لەرێکەوتی (٢٥)ی هەمان مانگدا، بەپێی بریاری (٦٦٩) گەمارۆی ئابووری بەسەر عێراق

1 John Fawcett and Victor Tanner: The Internally Displaced People of Iraq· THE BROOKINGS INSTITUTION SAIS PROJECT ON INTERNAL DISPLACEMENT October 2002, P16

[2] گەراس ئار. ڤی. ستانسفیلد: سەرچاوەی پیشوو، ل ٤١٧

سەپا[1]، گەورەترین کاریگەری پەیدابوونی دیاردەی هەڵئاوسان بوو، لەساڵی (١٩٩٣) ڕێژەکەی (٢٠٧.٦٪) بوو، لەساڵی (١٩٩٥)دا بۆ (١٥٩٣.١٪) بەرزبووەوە[2]. بۆ نموونە نرخی یەك لیتر بەنزین لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٢ بوو بە ٨ دینار لە کۆتایی ١٩٩٥ بوو بە ٣٥ دیناری عێراقی[3]. ئەم بارودۆخەی سەرەوە، هەرێمی کوردستانیشی گرتەوە، بە نموونە هەڵئاوسان لەپارێزگای سلێمانی ساڵی (١٩٩٤)، (٣٤٪) بووە، لەساڵی(١٩٩٧) بۆ ڕێژەی (٦٥٪)* بەرز بووەتەوە.[4]

هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لە عێراق لەو ئابڵوقە ئابوورییەدا هاوبەش بوو. لە لایەکی تر ئابڵوقەیەکی تریشی لەسەر بوو، کە لە ٢٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٩١، حکومەتی عێراقی بەسەر هەرێمدا سەپاندی. جگە لەوە گورزێکی تری لە ئابوری هەرێمەکە دا بە کێشکردنەوەی پارەی (٢٥) دیناری چاپی سویسرا، کە زیانی هەرێمەکە بە (٢٠)ملیۆن دۆلار خەمڵێنرا[5]. حکومەتی بەغداد، ٢٥ دیناری چاپی سویسرای کێشایەوە لە بازارو بە ٢٥٠ دیناری کۆپی کراو گۆڕییەوە. بەهۆی داخستنی سنورەکانی لەگەڵ هەرێم، کوردی لەو گۆڕینەوەیە بێبەش

---

[1] تيم نبلوك: العقوبات والمنبوذون في الشرق الاوسط، العراق، ليبيا،السودان، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت،٢٠٠١، ص٣٢-٣٣.

[2] مجموعة الباحثين: الاقتصاد العراقي ومتغيرات البيئة العربية والدولية، بيت الحكمة، بغداد، ٢٠٠٢، ص٤١٨-٤٢٠.

[3] Firat Bozcali: Managing oil in Kurdistan-Iraq: 1991-2003.International Association of Contemporary Iraqi Studies (IACIS).16-17 July 2008 SOAS, University of London, P3

* ئەم ڕێژەیە بەپێی پارەی چاپی سویسری دەرکراوە.

[4] اسماعيل مصطفى عبدالرحمن: واقع البطالة في اقليم كوردستان، مع تركيز خاص على محافظة السليمانية (١٩٩٠-٢٠٠١)، گۆڤاری سەنتەری ستراتیجی کوردستان، ژمارە(٣)، ساڵی سیانزەهەم، ٢٠٠٥، ل٢٣٩-٢٤٠.

[5] جيهانگير كرمي: گزارش از تحولات شمال عراق در هة١٩٩٠ (٧٦-١٣٦٩)، مجلة (سياست دفاعي)، شمارة ٢١-٢٠، ١٣٧٦، ل٢٠٥-٢٠٦.

کرد ئەمەش وایکرد، کە نرخ لە بازاردا بەرز بێتەوە. خواردەمەنی ٢٥٪ۆ بەنزین، ٣٠٪و گازوایل، ٥٧٪ . ئامانجی بەغداد لەم کارانە ئەوە بوو کە وەك سەدام حسین ڕایگەیاند، بۆ هاندانی جەماوەری کورد بوو لە دژی دەسەلأتدارانی هەرێم[١]. هەروەها ئەمەش وەك فشار بوو لەسەر کورد بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆو گەرانەوە بۆ بەغداد. هەروەها بۆ هەلگرتنی سزا ئابوریەکان بوو لایەن ئەنجومەنی ئاسایش، کە عێراق دەیویست لە ڕێگای فشارخستنە سەر هەرێم، کۆمەلگای نێودەولەتی بە هەلگرتنی سزاکان لەسەر ، ناچار بکات[٢] .

وێرای ئەمە لە کاتی شەری نێوان لایەنە کوردییەکاندا گەمارۆی ئابوری وەك چەك لە دژی یەکتر بەکار دەهات. لە شەری حکومەتی هەرێم لەگەڵ (پ.ك.ك) دوو جار (پ.ك.ك) ڕێگای سنوری نێوان هەرێمو تورکیای گرت لە ئۆگستۆسو سێپتەمبەری ١٩٩٢ گرت. کە بە ڕێژەی ٣٠٠٪ نرخی خواردەمەنیو دەرمانی لە هەرێمەکە بەرزکردەوە[٣]. هەمان شێواز لە جەنگی ناوخۆی (پ.د.ك)و (ی.ن.ك) لە دژی یەکتر بەکار دەهات، کە بە زیانی هاولأتی تەواو دەبوو.

کەرتی کشتوکاڵی یەکێك لە کەرتەخراپەکانی هەریمەکە بوو. ئەمەش لە ژێرکاریگەری کەمی ئامێرە کشتوکاڵیەکانو گرانبونی پەینی کیمیاییدا بوو. ئامێرەکانی کەرتی گشتی لەدوای ١٩٩١، بەرەو لەناوچوون دەچوون. ئەم ئامێرانە سەرچاوەی داهاتی پارتەکان بوون، دوای ئەوەی دەستیان بەسەردا دەگرتو لەسەر سنوری ئێران دەیانفرۆشتن. لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٠، ژمارەی تراکتۆرە کشتوکاڵییەکان لە سلێمانی، ٣٧٨٣ دانە بووە. لە هاوینی ١٩٩١، تەنها ٢٦٣٩ دانەی ماوەتەوە ئەمەش بەهۆی سەرهەڵدانی دیاردەی بە تاڵأنبردنی ئامێرو مەکینەکانی کەرتی گشتی بوو .کە کاریگەری هەبوو بۆ سەر کەمبونەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی، لەگەڵ ئەوەی زەوییە کشتوکالییەکانیش لە زیادبوندا بووە. بە جۆرێك لە ساڵی ١٩٩٠ ، زەوییە کشتوکاڵییەکان لە ٤٨٪ بووە. بەلأم لە ساڵی ١٩٩٣ بۆ ٦٨٪ زیادی

---

[١]خطاب (صدام حسين) بمناسبة بيان ازار، جريدة(الجمهورية)، العدد(٨١٤٠)، ١٢\١٠\١٩٩٢.

[٢]مراد خۆشەڤی حەسۆ: گۆرانکارییەکانی کوردستانی عێراقو پەیوەندییەکانی تورکیاو عێراق ١٩٩٠–٢٠٠٥. چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨،ل ٩٤–٩٥.

[3]Firat Bozcali: op. cit. P7.

کردووە. هاوکات رێژەی لادێنشین لە هەرێمدا لە ساڵی ١٩٩٠-١٩٩٣ بەرێژەی ٣٪ بەرز بووەتەوە[1]، بەلام لەگەڵ زیادبونی رێژەی لادێنشین و زەوی کشتوکاڵی، کەچی رێژەی بەرهەمهێنان لە دابەزیندا بووە. بۆ نموونە بەرهەمی یەك غەلەی گەنم (کغم/دۆنم)، لە ساڵی ١٩٩٠ (٢٨٥,٦) بووە. بەلام لە ساڵی ١٩٩٤ دابەزیوە بۆ (٢٢٢,٧) . هاوکات لەگەڵ دابەزینی رێژەی بەرهەمهێنان، نرخەکان لە بەرزبونەوەدا بوون. نرخی فەرمی یەك تەن گەنم لە ساڵی ١٩٩١، (١٨٥٠) دینار بوو. بەلام لە ساڵی ١٩٩٢، (٢٩٥٠) دینار بوو. ئەمەش بەرزبونەوەی نرخ بوو بە رێژەی (٥٩٪)[2]. لە کاتێکدا ئەم بەرهەمە ئیکتفای زاتی ٥٩,٢٥٪ کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستانی کردووە[3]. بە واتایەکی تر نزیکەی ٤٠٪ هەرێمەکە خۆراکی پێویستی دەست نەکەوتووە.

لەبەرامبەر لاوازی کەرتی کشتوکاڵیدا هەرێمی کوردستان گومرگ داهاتی سەرەکی هەرێمی کوردستان بوو. بە جۆرێك ساڵی (١٩٩٤) رێژەی (٩٢٪)ی داهاتی حکومەتی پێکدەهێنا[4]. گومرگ، ئەو کەلوپەلانەی دەگرتەوە، کە لە ئێران و تورکیاو عێراق دەهاتنە ناو هەرێمەوە، بەلام ئەم داهاتە بەشێوەیەکی سەرەکی لەرێگای (تورکیا-هەرێمی کوردستان) دەستدەکەوت. ئەم رێگەیە لەپێش راپەرینی (١٩٩١)، سەرەکیترین رێگای

---

[1] ئالان ممتاز نوری: مشکلات الملکیة الزراعیة ودورها فی اعاقة التنمیة الزراعیة فی اقلیم کوردستان العراق للسنوات ١٩٩١-١٩٩٥ (محافظة السلیمانیة نموزجا). رسالة ماجستیر غیر منشورة، جامعة السلیمانیة کلیة الادارة والاقتصاد، ١٩٩٦. ل١٣٠

[2] محسن ابراهیم احمد: واقع القطاع الزراعی في اقلیم کوردستان اعراق، وسبل تنمیته خلال ١٩٧٤-١٩٩٣. ، رسالة ماجستیر غیر منشورة، کلیة الادارة والاقتصاد، جامعة صلاح الددین، ١٩٩٤، ص ١١١-١١٣.

[3] نفس المصدر السابق، ص ١٢٨.

[4] گوڵدران عبدالرحیم عزیز: واقع النشاط التجاری فی اقلیم کوردستان-عراق، (١٩٩٣-١٩٩٨)، رسالة ماجستیر غیر منشورة، کلیة الادارة والاقتصاد، جامعة دهوك، ١٩٩٩، ل١٤١.

پەیوەندیی زەمینی نێوان عێراق‌و تورکیا بوو[1]. لەدوای ساڵی (١٩٩١) ئەم ڕێگایە کەوتە ژێر دەستەڵاتی هەرێمی کوردستان. گرنگی ئەم ڕێگەیە لەڕووی ئابووری بۆ هەرێمی کوردستان لەوەدابوو، کە دەستی بەسەر هەموو جۆرە پەیوەندییەکی زەمینی ڕاستەوخۆی نێوان عێراق‌و تورکیا گرتبوو، بەتایبەت هەناردەو هاوردەی نێوان هەردوو دەوڵەت پێویستبوو لەم ڕێگایەوە بێت، هاوکات گرنگترین ڕێگای بازرگانی دەرەوەی هەرێم بوو، هەموو شمەك‌و پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەی لەم ڕێگایەوە دابیندەبوو، دواجار بەهۆی ئەم ڕێگایە بازرگانییەکی ناڕاستەوخۆ لەنێوان تورکیاو ئێران پەیدابوو، بەتایبەت بۆ کەلوپەلەکانی وەك جگەرەو خواردنەوەی سەرخۆشکەر. بەڵام خاڵی نەرێنی ئەم ڕێگەیە ئەوەبوو، تورکیا دەسەڵاتی تەواوی بەسەردا هەبوو، کە کردبوویە گرنگترین کارتی فشار بەسەر هەرێمی کوردستانەوەو لەکاتی پێویستدا بەکاری دەهێنا، بەتایبەت لەناجێگیرکردنی نرخی دۆلار بەرامبەر دینار لەسەر بازاڕی هەرێمی کوردستان. بۆ نموونە لە میانی ئاڵۆزبونی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ هەرێم، تورکیا لە کۆتایی ٢٠٠١-کۆتایی ٢٠٠٢ سێ جار ڕێگەکەی داخست[2].

خاڵی گومرگی ئیبراهیم خەلیل ڕۆڵی گەورەی لە کرانەوەی بازاڕو پەیوەندییە هەمەلایەنەکانی هەرێم لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا بینی، هاوکات داهاتی گومرگی ئەم خاڵە، یەکێك لە سەرەکیترین هۆکارەکانی جەنگی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بوو لە نێوان (ی.ن.ك)و (پ.د.ك). ئەم خاڵە سنورییە کەوتبووە ناوچەی بن دەستی (پ.د.ك)، بە هۆیەوە دەسەڵاتی خۆی پێجێگیر کردبوو، لە کاتێکدا (ی.ن.ك) بەهۆی بێبەشبونی لەو داهاتە، لە قەیرانێکی دارایی دژواردا بوو. زۆرینەی داهاتی گومرگەکەش لە ڕێگەی گواستنەوی سوتەمەنی عێراقی بوو بۆ تورکیا بە شێوەیەکی نافەرمی. داهاتی ئەم خاڵە گومرگییە ڕوون‌وئاشکرا نەبوو. بە پێی سەرچاوەیەك، لە ساڵی ١٩٩٦، ڕۆژانە داهاتەکەی، ٨٠٠ هەزار

---

[1] نصيف جاسم المطلبي: موقع تركيا الجيوستراتيجي وأهميته للعراق، اطروحة دكتوراه غير منشورة، قسم الجغرافيا، كلية الاداب، جامعة بغداد، ١٩٨٦. ص٣٥-٣٦.

[2] Firat Bozcali: op. cit. P12

دۆلاری لە بەرهەمە نەوتییەکانو ٢٥٠ هەزار دۆلاری لە گومرگی کاڵا بازرگانییەکان بوو[١]. هەروەها لە سەردانێکی فەرمانبەرانی کۆنگرێسی ئەمریکا بۆ هەرێم لە ساڵی ٢٠٠٠، داهاتی رۆژانەی ئەو خاڵە گومرگییەیان لە نێوان یەك بۆ دوو ملیۆن دۆلار خەملاندبوو[٢].

توێژەرێکی تورکیا سەبارەت بە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوە لە ساڵانی نەوەدەکان، وردەکاری زیاتری لەم بارەیەوە دەرخستووە. خاوەن ئۆتۆمبێلە بارهەلگرە تورکییەکان دوای داگرتنی بارەکانییان لە شارۆچکەی زاخۆ یان موسڵ، جۆرەکانی نەوتییان لە ناو هەرێمدا دەکری. لە یۆلیۆی ١٩٩٢ ژمارەی بارهەڵگرەکانی لە سنوور دەپەرینەوە رۆژانە ٥٠٠ بارهەڵگر بوون لە کۆتایی نەوەدەکان، بۆ ١٥٠٠ زیادی کرد. بەمەش رۆژانە ٢٠-٢٥ هەزار بەرمیل سوتەمەنی بە نافەرمی لە هەرێمی کوردستان چووەتە تورکیاوە. تورکیا گرنگی بەم پرۆسەیەدا، چونکە جگە لە سودگرتنی لەو سوتەمەنییە لە بازارەکانی ناوخۆ، هاوکات بۆ بوژاندنەوەی باکوری کوردستان سودی زۆری لێوەرگرت. بوژاندنەوەکە، بەشێکی پەیوەندی بە وەگەرخستنی بازاری سوتەمەنییەوە هەبوو لە ناوچەکە، بەشێکی تری پەیوەندی بە وەگەرخستنی کارگەو دەستی کارو سەرمایەوە هەبوو کە بە سود وەرگرتن لە بازارەکانی هەرێم، چالاکی لە ناوچە کوردییەکانی تورکیا زیاتر کردبوو. وێرای ئەمە کاریکردبوو سەر کەمبونەوەی بێکاری، کە بەهۆیەوە (پ.ك.ك) ی لە گەریلای نوێ بێبەش کردبوو. لە ئۆگستۆسی ١٩٩٧ (ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی تورکیا (Milli Guvenlik Kurulu – MGK)[٣]، لەسەر ئەم پرسە گفتوگۆی کرد. دەرکەوت، کە تەنها لە ساڵی ١٩٩٦،نزیکەی ١.٥ ملیۆن تەن نەوتی عێراق هاتووەتە تورکیا.

---

[١] مراد خۆشەڤی حەسۆ: سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٥

[٢] تیم نبلوك: المصدر السابق، ص ١١١

[٣] ئەم ئەنجومەنە پێکدێت لە سەرۆك کۆمارو سەرۆکی وەزیرانو وەزیرانی دەرەوەو ناوخۆو بەرگری، سەرۆکی ئەرکانی گشتی سوپاو سەرکردەی بەشە تایبەتییەکانی سوپا. کۆبونەوەکانیان مانگانەیەو پرسی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا دەخرێتە گفتوگۆوە. لەم کۆبونەوانەدا پێشنیاری بریار بۆ حکومەت دەکرێتو حکومەتیش بە گرنگییەوە لەبەرچاوی دەگرێت. جلال عبدالله معوض: صناعة القرار فی ترکیا والعلاقات العربیة الترکیة، مرکز دراسات الوحدة العربیة، بیروت، ١٩٩٨، ص ٢١.

تورکیا بە هۆی وەرنەگرتنی باجی ئەو سوتەمەنییە، یەك ملیار دۆلاری زیان لێکەوتووە. ئەوە بوو دوای ئەم کۆبونەوەیە تورکیا بریاری لەسەر رێکخستنی هاوردەی نەوتی قاچاخ لە سنوری براهیم خەلیلەوە دەسپێکرد. بۆ یەك بارهەڵگر، ٤ هەزار لیتر بۆ دەستنیشانکرد، ئەگەر راکێشەری پاشکۆی هەبوایە، دەیتوانی ٨ هەزار لیتر باربکات.هەروەها کۆگایەکی نەوتی لە پشت سنور بە قەبارەی ١٥ هەزارتەن دروستکرا کە لە سێپتەمبەری ١٩٩٩ بە تەواوی کەوتە گەر. ئەم کۆگایە راستەوخۆ سوتەمەنییەکانی تیادا خاڵی دەکرایەوەو پاشان لە رێگای بریکاری تایبەتەوە بەسەر هەموو تورکیادا دابەشدەکراو دەفرۆشرا[1].

جگە لەم قەیرانە، کەرتی بازرگانیش لە هەرێمەکەدا لە بارێکی ئاڵۆزدا بوو. لە جەنگی ناوخۆدا (پ.د.ك) بە هۆی پێگەی ئابوری ناوچەی بن دەستی، هەندێك جار ناردنی شتومەکی بۆ سنوری (ی.ن.ك) قەدەغە دەکرد، کە کاریگەریی لەسەر بەرزبونەوەی نرخو پەشێوی بازارەکانی بن دەستی (پ.د.ك) پەیدا دەکرد. هەروەها لە ساڵی (١٩٩٦-٢٠٠٣)، لە نێوان سنوری (پ.د.ك)و(ی.ن.ك)، هەموو کالایەك گومرگی چونە دەرەوەو هاتنە ژورەوەی لە لایەن هەردوو پارتەوە لێوەردەگیرا. ئەگەر کالآیەك لە تورکیاوە بەناو هەرێمدا بەرەو ئێران برۆشتایە، (پ.د.ك) گومرگی هاتنەناوەوەی لەسەر دادەناو کە دەچووە دەرەوەی سنوری (پ.د.ك) بەهەمان شێوە گومرگی چوونەوە دەرەوە لێوەردەگرت. هاوکات (ی.ن.ك) بە هەمان شێوە گومرگی هاتنەو ناوەوەو چونەو دەرەوەی ژێر دەسەڵاتی خۆی لێوەردەگرت. ئەمەش وایکردبوو ئەو کالآیە لە سنوری هەرێمی کوردستاندا زۆرترین باجی دەچووە سەر، کە لە لایەك کاریگەری لەسەر دیاردەی هەڵاوسانی شمەکە دەرەکییەکان هەبوو، لە لایەکی تر رێگرییەکی گەورە بوو بۆ سەر چالاکییە بازرگانییەکانی هەرێمەکە.

بۆیە دەتوانین بلێین لە ساڵانی ١٩٩١-١٩٩٦ رەوشی ئابووریو کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان لەوپەری خراپیدا بوو. ئەمە لە کاتێکدا بوو سیاسەتی نێودەوڵەتیش بەرامبەر بە هەرێمەکە لە سنوری یارمەتییە مرۆییەکان تێپەری نەدەکردو بارودۆخی ئابووریش بە هەموو

---

[1] Firat Bozcali: op. cit. P11-12

شێوەیەك رۆژ لە دوای رۆژ خراپتر دەبوو. بارزانی لەم بارەیەوە بە ئاشکرا رایگەیاند کە هەوڵی کورد بۆ کۆکردنەوەی پشتگیریو یارمەتی بۆ کورد لە ئەوروپاو ئەمریکا شکستی هێناوەو ووتی: کورد دوو رێگای لەبەردەمدایە "یان دەبێت دیسان ببین بە پەنابەر لە ئێران و تورکیا یان دەبێت خۆمان بدەینەوە دەست سەدام حسین‌و پەنای بۆ ببەین"[1].

ئەم رەوشە لە دوای جێبەجێکردنی بریاری (٩٨٦) گۆڕانی گەورەی بەخۆوە بینی. نەتەوە یەکگرتووەکان لە١٤ی ئەپریلی١٩٩٥ ئەم بڕیارەی دەرکرد، بەو پێیە عێراق توانی هەر شەش مانگ تا نرخی (٢) ملیار دۆلار نەوت بفرۆشێت. لە ٢٠ی مایوی١٩٩٦ عێراق‌و نەتەوە یەکگرتووەکان لەم بارەیەوە گەیشتنە رێکەوتنێك، بەجۆرێك رۆژانە لەبەندەری (ئەلبەکر) لەباشوری عێراق (١.١٩) ملیۆن بەرمیل‌و لەبەندەری یورموتالیکی تورکیا بڕی (٩١٤.٧٦٨) بەرمیل نەوت هەناردە دەکرا. لە ٢٠ی فەبرایری ١٩٩٨نەتەوە یەکگرتووەکان، بەپێی بڕیاری ١١٥٣بڕی فرۆشی نەوتی عێراقی، تا نرخی ٥.٢٦ ملیار بەرز کردەوە[2]. بە پێی هەردوو بڕیارەکە داهاتی نەوتی عێراقی، (١٢.٤٪) بەسەرپەرشتی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەهەرێمی کوردستان جێبەجێکرا، تا (٣١ی یەنایری٢٠٠٠) بڕی بڕی (١.٥٦٢.٧٠٠) دۆلار لە هەرێمەکە سەرفکرا[3]. تا مارتی ٢٠٠٣، سێ ملیار دۆلاری بۆ هەرێم دابین کرد کە بەشێکی بۆ خۆراك‌و بەشەکەی تری بۆ پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی بواری کشتوکاڵ‌و فێرکردن‌و تەندروستی‌و نیشتەجێبوون سەرف کرا[4].

گرنگترین کاریگەری ئەم بڕیارە لەروی ئابورییەوە بریتی بو لە بوژاندنەوەی ئابوری هەرێمەکە بۆ نمونە ژمارەی ئەو خێزانانەی کە یارمەتی خۆراکییان جگە لە فۆرمی خۆراك

---

[1] مراد خۆشەڤی حەسۆ: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٥.

[2] تیم نبلوك: العقوبات والمنبوذون، ص٥١-٥٥.

[3] للمزيد من العلومات، انظر، نفس المصدر، ص١٠٥-١١١.

[4] Maggy Zanger: Post 11 September jitters for Iraqi Kurds. www.db.idpproject.org/Sites/IdpProjectDb/idp Survey.nsf/wCountries/Iraq

وەردەگرت لە نێوان قۆناغی چوارەم و شەشەمی بڕیارەکە، لە ٢٥٨٩٩٥ بۆ ٨٠٥٧٥ کەمی کرد. ڕێژەی بەدەستگەیشتنی ئاوی خواردنەوە لە ٦٣٪ بۆ ٧٢٪ زیادی کرد. بەکارهێنەری ئاو لە لادێکان لە ٢٠–٣٠ زیادی کرد بۆ ٤٠–٥٠ لتر بۆ یەك کەس. لەرووی سیاسیشەوە هەستی پاشکۆبوونی هەرێمی کوردستانی بۆ عێراق لاوازکرد. دوای ئەوەی لە ئەنجامی گەمارۆی دەوڵەتی عێراقیو جەنگی ناوخۆ ئەو هەستە سەری هەڵدابوو، لە دوای جێبەجێکردنی بڕیارەکەو تەواوبونی جەنگی ناوخۆ، هەستی سەربەخۆبون لە هەرێمکە بەرەو بالا ڕۆیشت[1].

لەگەڵ جێبەجێکردنی بڕیارەکە قەیرانە کۆمەڵایەتیو ئابورریەکان کەمتر بونەوە، بەڵام هێشتا دۆخەکە نەگەیشتە ئاستی باشبون. تا ساڵی ٢٠٠٠، تەنها ١٥ هەزار کەس دەیانتوانی باج بە حکومەت بدەن. خێزانە موچە خۆرەکان، داهاتیان لە خوار ١٥٠٠ دینار بوو، کە ڕێکخراوی یونیسێف بۆ هەر خێزانێکی ٥ کەسی ئەو بڕە پارەیەی بە لەبار دانا بوو. ٢٠٪ دانیشتوان لەکۆمەڵگا زۆرە ملێکاندا بوون. زۆرینەی دانیشتوانی هەرێمەکەش لە ئاوو کارەباو خزمەتگوزاریی تەواوەتی بێبەش بوون. کرێکارە شارەزاکانو خوێنەوارەکان بەردەوام دەچوونە دەرەوەی هەرێم. ئابووری هەرێمیش بازاری ڕەش بەڕێوەی دەبرد. کە وایکردبوو دابەشبونی فراوان لە نێوان بازرگانە زۆر دەوڵەمەندە کەمینەکانو زۆرینەی خەڵك پەیدا ببێت[2].

---

[1] تیم نبلوك: العقوبات والمنبوذون، ص١٠٦-١٠٧.

[2] Matan Chorev: Iraqi Kurdistan: The Internal Dynamics and Statecraft of a Semi state. The Fletcher School Online Journal for issues related to Southwest Asia and Islamic Civilization. 2007 © The Fletcher School – Al Nakhlah – Tufts University. P2.

تەوەری سێیەم

پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەرێمی کودستان

دوای هەڵبژاردنەکانی مایۆی ١٩٩٢، بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی لە قۆناغی چەکدارییەوە بەرەو قۆناغی دەسەڵاتی سیاسیو بەڕێوەبردن هەنگاوی هاویشت. ئەم پرۆسەیە لە لایەن پارتە سیاسییەکانەوە پرۆسەیەکی نەخشە بۆ دارێژراو نەبوو، بەڵکو لەژێر کاریگەری گۆڕانکارییە ناوخۆییو دەرەکییەکاندا، ئەم پرۆسەیە پەرەی سەند. پارتە سیاسییەکان لەگەڵ ئەوەی کە هەڵگری بیرۆکەی رزگارکردنی ناوچە کوردییەکان بوون، بەڵام هێندەی خۆیان بۆ دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق ئامادە کردبوو، هێندە خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی سەربەخۆ ئامادە نەکردبوو. راستی ئەم وتەیەش لە بەیاننامەی ١١ی مارتی ١٩٧٠دا، پرۆژەی ئۆتۆنۆمی دانوستانەکانی ١٩٩١، دواجار راگەیەندنی فیدراڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، بە رونی دیارە. لەم بڕیارو پرۆژانەدا بەهیچ جۆرێك ئاماژە بە بەڕێوەبردنی سەربەخۆی ناوچە کوردییەکان نەکراوە، بەڵکو هەرێمەکە وەك بەشێکی عێراق باسی لێوە کراوە. هاوکات پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەرێمەکەش لە سنوری سیاسەتی دەرەکی عێراق جێگەی کراوەتەوە[1].

لێرەوە ئەو بۆچوونە خۆی دەسەپێنێت کە پرۆژەی پارتە سیاسییەکان لە دوای راپەڕین بریتی بوو لە دانوستان لەگەڵ بەغداد نەك بەڕێوەبردنی هەرێمێك بە سەربەخۆیی. بۆیە

---

[1] مشروع قانون الحكم الذاتي لمنطقة كردستان، ١٩٩١.

کاتێك، کە هەرێمی کوردستان بە خەڵكو خاکەوە کەوتە بەردەستی پارتە سیاسیەکان، هەرێمەکە توشی قەیرانی بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانو ململانێی دەسەلاتی پارتە سیاسیەکان بوو. بە واتایەی تر هۆکاری سەرەکی قەیرانی هەرێم، پارتە سەرەکییەکان بوو، کە لە رووالەتدا بەرپرسی خاكو خەڵکی هەرێم بوون، بەلام لە بنەڕەتدا قۆناغی بزوتنەوەی چەکدارییان تێپەر نەکردبوو، بە جۆرێك کێشەکانی قۆناغی چەکداریان لەگەڵ قەیرانی نوێی بەڕێوەبردنی دەسەلات ئاوێتە کرد. هەموو ئەمانەش رەنگدانەوەی لەسەر پەیوەندییە دەرەکییەکانیان هەبوو، کە لە بری ئامانجی نەتەوەییو خۆ نواندن وەك هەرێمێکی سەربەخۆ، سروشتی پارتایەتیو کەمئەزمونی تیایدا بەڕونی دیار بوو.

ململانێ ئەم دوو پارتە لە ساتە وەختی دانوستانەکانی ساڵی ١٩٩١دا سەری هەڵدا. جەلال تالەبانی[1] لە کاتێکدا، کە سەرکردایەتی دانوستانی ئەپریلی ١٩٩١ کرد، درکی بەوە کرد، کە سەرکردایەتیی دەوڵەتی عێراق، تاکرەوانە دەڕواننە دانوستانو مەبەستیان دووبارە بەهێزکردنەوەی عێراقە، بە بێ ئەوەی کێشەی کورد لەعیراقدا هەنگاوێك بەرەوپێش بڕوات. لەگەڵ ئەوەشدا خودی تالەبانی ئەو بۆچونەی لا گەلالە بوو کە بەرەی کوردستانی، بێ ئەوەی بارودۆخی ناوخۆو دەرەوەی کورد هەڵسەنگێنێت، دانوستانیان پەسەندکردووە. بەتایبەت لەکاتێکدا کێشەی کورد بەهۆی ئاوارەبوونەوە ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی وەرگرتووە[2].لێرەوە تالەبانی گەیشتە ئەو بڕوایەی پێویستە بەڕێوەچونی دانوستانەکان بە سەرپەرشتیاری نەتەوەیەکگرتوەکانو لەژێر سایەی بڕیاری ٦٨٨ بێت تا عیراق بە

---

[1] جەلال حسامەدین تالەبانی لە شارۆچکەی کۆیە سەر بە پارێزگای هەولێر لەدایك بووە لە ساڵی١٩٣٣. هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریوسە لە کۆلیجی ماف لە زانکۆی بەغداد لە ساڵی ١٩٥٩. لە ساڵی ١٩٤٧ بووە بە ئەندامی (پ.د.ك). پاشان لە ساڵی ١٩٥١ بووە بە ئەندامی سەرکردایەتی ئەو پارتە. لە دوای هەرەسی شۆرشی ئەیلول لەگەڵ چەند کەسێکی تر (ی.ن.ك) پێکهێناوە لە ساڵی ١٩٧٥. لەهەڵبژاردنی (ڕابەری بزوزتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد) لە ساڵی ١٩٩٢ لە هەرێمی کوردستان ڕێژەی (٤٤.٩٣٪)ی بەدەستهێنا.سەرۆك کۆماری عێراقە لە ساڵی ٢٠٠٥. جێگری سەرۆکی رێکخراوی سۆسیال ئینتەرناشناڵە لە ساڵی ٢٠١٠. http://ar.wikipedia.org

[2] مام جەلال: ڕاپۆرتی سیاسی،چاپی دووەم، ئۆفیسێتی ڕوناکبیری، سلێمانی،٢٠٠٠، ل٤٩-٥٠.

جێبەجێکردنی پابەند بکات. وێڕای ئەمە لە نێو سەردانی تاڵەبانی بۆ ئەورووپاو ئەمریکا، لە ناوەڕاستی ١٩٩١دا، ئەوەیان بۆ ڕوونکردەوە، ڕژێمی عێراقی ئەگەری ڕوخانی هەیەو نەتەوەی کورد هەڵە دەکات کە لە دیکتاتۆرێکی وەك سەدام حسێن دڵنیابێت، لەلایەکی تر پەیمانی ئەوەی وەرگرتبوو، کە یارمەتی کورد دەدرێت لەو هەرێمەی، کە لە دوای مانگی نۆڤەمبەر١٩٩١ بەتەواوی لەژێر کۆنترۆڵی بەرەی کوردستانیدا بوو[1]. لە بەرامبەردا مەسعود بارزانی[2]، کە لە مانگی مایۆی١٩٩١دا سەرۆکی شاندی بەرەی کوردستانی بوو، هەموو هەوڵەکانی بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ حکومەتی عێراقی خستبووەگەڕ، چونکە گومانی هەبوو لە هەڵوێستی نەتەوە یەکگرتوەکان و هاوپەیمانان بەتایبەت ئەمریکا، ئەو لەو کلاوڕۆژنەوە دەیڕوانی، کە چاوپۆشی لە ئاست کێشەی کوردو نسکۆی ١٩٧٥و جینۆسایدی ساڵی ١٩٨٨و ڕاپەرینی١٩٩١، بە بەڵگە دەزانی، کە کۆمەڵی نێودەوڵەتی لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا نەبووە، جگە لەوە پێیوابوو کە چیتر کورد ناتوانێت خۆبگرێت لە بەردەم ڕەشەکوژیو ئاوارەییدا، هەموو ئەمانە وایکردبوو کە (بارزانی) باوەڕی بە چارەسەری ناوخۆیی کێشەی کورد لەناو عێراقدا بە بەهێزتر بزانێت لە بەرامبەر چارەسەر لە دەرەوەی عێراق[3]. ئەوەی ئەم گومانەی بەلای ڕاستیدا برد، دیاریکردنی بازنەی (٣٦) بوو بۆ ناوچەی دژەفڕین، کە بەشێك لە پارێزگاکانی سلێمانیو تەواوی پارێزگای کەرکوکی نەدەگرتەوە، هەروەها کشانەوەی هێزی هاوپەیمانەکان بوو لە مانگی یۆلیۆی ١٩٩١، دواجار ڕێگەپێدانی تورکیا بوو بۆ

---

[1] کریس کۆچێرا: بزتنەوەی نەتەوایەتی کورد، ل١٢٥.

[2] مەسعود مستەفا بارزانی، لە ساڵی ١٩٤٦ لە شاری مهاباد لە ئێران لەدایك بووە. پاشان لەدوای ڕوخانی ئەو کۆمارە باوکی پەنا دەباتە بەر یەکێتی سۆڤیەتو لەگەڵ بنەماڵەکەی دەگەڕێنەوە عێراق. لە دوای ئەوەی مستەفا بارزانی دەگەڕێتەوە بۆ عێراق لە ساڵی ١٩٥٨و پاشان شۆڕشی چەکداری سەرهەڵئەدات، مەسعود بارزانی، پەیوەندی بەو شۆڕشەوە دەکات. لە دوای مردنی مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٧٩، مەسعود بارزانی دەبێتە سەرۆکی (پ.د.ك). لەهەڵبژاردنی (ڕابەری بزوزتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد) لە هەرێمی کوردستان ڕێژەی (٤٧.٥١٪)ی دەنگەکانی بەدەستهێنا، لە ساڵی ٢٠٠٥ وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵدەبژێردرێت. http://rudem.elaphblog.com

[3] دیڤد ماکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد، ل ٦١٩ .

مانەوەی هێزە هاوپەیمانەكان تەنها بۆ ماوەی شەش مانگ. ئەم هۆكارانە وایكرد لە ٢٢ی ئەپرڵی ١٩٩١دا، لەگەڵ حكومەتی عیراقی بگاتە گەڵاڵەكردنی پرۆژە بڕیارێك لە ژێر ناوی "پرۆژەی یاسای ئۆتۆنۆمی لە ناوچەی كوردستان"[١]. ئەم هەوڵەی بارزانیدا چەند ئاستەنگێكی هاتە بەردەم، گرنگترینیان وەك توێژەرێك دەنوسێت، "هەولی حكومەتی عیراقی بوو بۆ ئەوەی بڕیاری ٦٨٨و دەستێوەردانی مرۆیی هێزە فرەڕەگەزەكانی نەتەوەیەكگرتوەكان شكست پێكبهێنێت"[٢]. كێشەی (پ.د.ك)و (ی.ن.ك)و لە میانەی دانوستانی ١٩٩١دا، ئەوە بوو كە بێجگە لەوەی كە دوو رای جیاواز یان لەسەر دانوستان هەبوو بەڵام نەیاندەتوانی كۆنترۆڵی جەماوەر بكەن ، بەتایبەت كاتێك جەماوەر دەستیان بە كوشتنی پیاوەكانی رژێمی بەغداد راهاتبوو بەشێوەیەك رۆژانە لێیان دەكوژرا. لەم كاتەدا بەحوكمی ئەوەی كە بارزانی سەركردایەتی زۆرترین ماوەی دانوستانی دەكرد بەگومان بوو لەوەی كە ئەو كوشتنو بڕیناننەی روو دەدەن، (ی.ن.ك) لە پشتەوەیە، بۆ ئەوەی هەوڵەكانی (پ.د.ك) لە دانوستاندا سەركەوتن بەدەست نەهێنێت[٣]. بۆیە دەتوانین بڵێین، دانوستانەكانی كورد لەگەڵ بەغداد سەرەتای ناكۆكی نێوان ئەو دوو پارتە بوو كە پاشان هەردولا گەیشتنە ئەو رایەی كە راپرسی لەسەر پرۆژەی دانوستان لەگەڵ بەغداد بكرێت. پاشان پرۆژەی راپرسی گۆڕدرا بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانیو پرسی بڕیاردان لەسەر پرۆژەی داخوازی كورد لە عێراقدا بۆ پەرلەمانی كوردستان جێهێڵرا[٤]. ئەوە بوو پرۆسەی هەڵبژاردن لە ١٩ی مایۆی ١٩٩٢ بەرێوە چوو. هەرچەندە هەڵبژادن كەم تا زۆر چارەنوسی كوردی لە عێراقدا دەستنیشان كرد ئەویش دوای ئەوەی، كە پەرلەمان كۆبوونەوەی خۆی كردو لە ٤ی ئۆكتۆبەری١٩٩٢ بڕیاری هەڵبژاردنی فیدراڵی دا ، بەڵام هەڵبژاردن بە دیوێكی تردا بوو بەهۆی

---

[١] مشروع قانون الحكم الذاتي لمنطقة كردستان، ١٩٩١/٧/٢٢.

[٢] سعد ناجي جواد: اكراد العراق وازمة الهوية، www.aljazeere.net

[٣] مراد خۆشەڤی حەسۆ: هەمان سەرچاوە، ل٣٢.

[٤] نەوشیروان مستەفا: مفاوەزاتی بەرەی كوردستانی-بەعس، ل١١٨-١١٩.

قوڵکردنەوەی کێشە ناوخۆکان، کە رەنگدانەوەی بەسەر پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەرێمەکەدا پەیداکرد.

دەکرێت لێرەدا پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان بەسەر چەند قۆناغێکدا دابەش بکەین:

یەکەم: پەیوەندییە دەرەکییەکان لە سالآنی ١٩٩٢-١٩٩٤:

پارتەکانی هەرێمی کوردستان تێڕوانینیان بۆ پەیوەندییەکان وەك یەك نەبوو، هەروەها لەسەر ئامانجەکانی ئەو پەیوەندییانە کۆك نەبوون. پەیوەندییەکانی ئەم پارتانە تا پێش دووەمین جەنگی کەنداو پەیوەندییەکی ناوچەیی و لە ژێر کاریگەریی بەرژەوەندیی دەوڵەتانی دراوسێی عێراقدا بوو. سوریاو ئێران لە ماوەی ململانێ مێژوویەکانیان لەگەڵ عێراقدا، (بە تایبەت لە هەشتاکاندا)، رێگەیان بە پارتە کوردییەکان دابوو بۆ کردنەوەی نوسینگە، لە دوای تەواوبونی دووەمین جەنگی کەنداویش، تورکیا مۆڵەتی کردنەوە نوسینگەی بە (پ.د.ك)و (ی.ن.ك)دا. هەرچی نوسینگەکانی ئەو پارتانە بوو لە دەوڵەتانی رۆژئاوا، جێگای بایەخی ئەوتۆ نەبوون، چونکە تا دووەمین جەنگی کەنداو ئەو دەوڵەتانە گرنگییان بە پارتە کوردییەکان نەدەدا، ئەمەش بۆ گرنگی نەدانی ئەو دەوڵەتانە دەگەڕێتەوە بە کێشەی کورد، هەروەها بۆ رەچاوکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ عێراقدا. پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان رەنگدانەوی ململانێی سیاسییەکانی نێوان(پ.د.ك)و (ی.ن.ك) بە روونی پێوە دیار بوو. ئەم ململانێیە لە دوای ١٩ی مایۆ، قوڵتر بۆوە بە جۆرێك رەنگدانەوەی بەسەر بارودۆخی هەرێمی کوردستانەوە هەبوو، تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٢.

دەستەی باڵای سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنەکان کە هەڵبژاردنەکەی بەرێوە برد،، هەرێمی کوردستانی بۆ چوار مەڵبەند دابەش کردبوو. مەڵبەندی یەك (هەولێر)، مەڵبەندی دوو (سلێمانی)، مەڵبەندی سێ (دهۆك)، مەڵبەندی چوار (کەرکوك)، کە لە دەربەندیخان و چەمچەماڵ و کفری و کەلار پێکهاتووە. گەورەترین ئەو کێشانەی، کە بەرەورووی هەڵبژاردنەکان بووەوە، وەك لە راپۆرتی کۆتایی ئەو دەستەیەدا دەردەکەوێت، کە لە ٢٣ی مایۆی ١٩٩٢ نوسیویەتی گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

- کاڵبونەوەی ئەو مرەکەبەی، کە دەنگدەر پەنجەی پێ مۆر دەکرد، ئەمەش ڕێگای بۆ دووبارە دەنگدانی کەسێك خۆشکردبوو.
- کەمی بنکەی هەڵبژاردن وایکرد، کە هەرچەندە ماوەی دەنگدان بۆ کاتژمێر ١٢ ی شەو درێژکرایەوە، بەلاّم هێشتا خەلکێکی زۆر بێبەش بوون لە مافی دەنگدان.
- نەبونی نهێنی لەدەنگداندا.
- گەورەترین کێشە بریتی بووە لەوەی، کە هەولێرو سلێمانیو کەرکوك ژمارەی مەزەندەکراوی دەستە لە ژمارەی دەنگدەرانی ڕاستەقینە زیاتر بووە، بەلاّم لە دهۆکدا، کە مەڵبەنی سێ بووە ژمارەی مەزەندەکراو لە ژمارەی دەنگدەران کەمتر بووە. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە "مەڵبەندی (٣)ی دهۆك (ئاکرێو شێخانو پارێزگای دهۆك) ژمارەی تەخمینی دەستەی بالاّ (١٧٨٠٠٠) بووە بەلاّم (١٩٨٢٥٢) کەس دەنگی داوە جگە لە (٧٨٨٢) کەس، کە دەنگیان داوە بە لیستەی کەمە نەتەوەییە ئاشورییەکان. واتە (٢٨٢٣٤) کەس زیاتر دەنگی داوە. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: " ئێمە وەکو دەستەی بالاّ ئەم ئەنجامانەمان، لا ئاسایی نەبوو، بۆیە بەیانی ١٩٩٢/٥/٢١ ئاگاداری سەرکردایەتی سیاسیمان کرد...... ئەم ئەنجامەش بووە هۆی گیروگرفتی توند لە نێوان یەکێتیو پارتی بەتایبەت یەکێتی، پارتی تاوانبار کرد بە تەزویرکردنی (٢٨٢٣٤) دەنگ لە مەڵبەندی سێی دهۆك کە لە ژمارەی تەخمینی دەستەی بالاّ زۆرتر دەنگ درابوو.....بۆیە وەلاّمی یەکێتیو پارتی بۆ دەستەی بالاّ بریتیە لەوەی کە بەرژەوەندی گەلی کورد لەوەدایە، کە چاوپۆشی لە خروقاتەکانی دهۆك بکرێ هەروەها ڕێژەی بەشداری ئەم دوو لایەنە وەك یەك بێت، واتە پەنجا بە پەنجا تا هەڵبژاردنی داهاتوو کە ١٩٩٥/١٠/١٥ ئەکرێت[1]. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی شێوازی پەنجا بە پەنجا، لە کۆبونەوەی نێوان (پ.د.ك)و (ی.ن.ك) لە ٢٣ی ئۆگستۆسی ١٩٩٢، بریار لەسەر دابەشکردنی پۆستی پارێزگاکان بەم شێوەیەی لای خوارەوە دەدەن کە پارێزگاری دهۆكو هەولێر بدرێتە (پ.د.ك)، پارێزگاری سلێمانیو کەرکوك بدرێتە (ی.ن.ك). پارێزگار لە چ لایەك بوو جێگرو یاریدەدەرەکەی لە لاکەی تر دائەنرێ، بەڕێوەبەری ئاسایش (مدیر الامن) و

---

[1] بروانە پاشکۆی ژمارە (٤).

قائیمقام لە لاکەی تر ئەبێ"[1]. لە لایەکی تر لە کۆبونەوەی ٨ یۆلیۆی ١٩٩٣، بەم شێوەیەی لای خوارەوە پێناسەی باوەری شەراکەت کە پەنجا بە پەنجا دەگەیەنێت، باس دەکەن:

" أ- لە پەرلەمان گەر فرکسیونێکیان موافق نەبوو لەسەر باسکردنی مەسەلەیەك لەسەر ئەو تەصەورەی، کە لە فراکسیۆنەکەی تر هەیە بەرامبەر بەو مەسەلەی لە پەرلەمان باسی لێوە دەکرێت... سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەم مەسەلەیە دوا دەخات، تا بیرو بۆچونی هەردولا لێکنزیك دەبنەوە.

ب-هەردوولا پێکەوە بریارەکانی حکومەت دەردەکەن‌و گەر بە لایەنێك لەسەری موافق نەبوو، ئەوا بریارەکە دەوەستێت.

ج- دەرەجە تایبەتەکان‌و لێپرسراوی وەحدە ئیدارییەکان‌و ئەفسەرەکان چ لە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەو چ لە وەزارەتی ناوخۆو چ لێپرسراوانی مەکتەبەکانی پەیوەندی دەرەوەو لێپرسراوانی وەزارەتی دارایی بە رێکەوتنی هەردولا دەبێت بە شێوەیەکی تایبەتی، چ بۆ دانانی پالێوراوانی خۆیان بۆ ئەم پۆستانە یا خەڵکانی تری سەر بە لایەنەکانی تر یانە خەڵکانی سەربەخۆ.

د- دامەزراندنی نوێ لە رێگای دەزگایەك دەبێت کە بۆ ئەم مەبەستە دادەنرێت بە پێی کەفائەت‌و مەرجەکانی دامەزراندن"[2]. شێوازی پەنجا بە پەنجا یان (فیفتی بە فیفتی)، بو بە هێنانە کایەی دوو دەسەڵات‌و دوو سەرچاوەی بریار لە ناو دام‌و دەزگاکانی دەسەڵات لە هەرێمەکە. بە جۆرێك خودی سەرکردایەتی ئەو دوو پارتە لێی ناڕازی بوون. لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەنوس مەگدید سەپان لەگەڵ زیاتر لە ١٩ بەرپرسی باڵای حکومەتی هەرێم، کە سەرۆکی وەزیران‌و وەزیرەکانیشی دەگرێتەوە هیچ کەسێکیان دانیان بە ئەرێنی ئەو شێوازەی دەسەلاتدا نەناوە. ئەم دابەشبونە پەیوەندیە دەرەکییەکانیشی گرتەوە بە جۆرێك بەرپرسی نوسینگەکانی حکومەت هەرێم لە نێوان ئەو دوو پارتە دابەشکرا. ئەم

---

[1] بروانە پاشکۆی ژمارە (٥)

[2] بروانە پاشکۆی ژمارە (٦).

نوسینگانە سەر بە وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتیو هاوکاری بوون. کە ئەرکی نوسینگەکانی دیاری کردبوو، کە بریتی بوو لە پەیوەندییبەستن بوو، لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە ئامادەن یارمەتی کورد بدەن، بە تایبەت لە رووی بازرگانی، کشتوکاڵ، پەروەردە، تەندروستی، ئاوەدانکردنەوە، پیشەسازی. هەروەها پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەو رێکخراوە حکومیو نا حکومیانەی کە دەیانەوێت لە کوردستاندا لە بواری یارمەتیە مرۆییەکان کار بکەن. لە لایەکی تر ئەم وەزارەتە هەوڵەکانی خستبووە گەر بۆ داخستنی نوسینگەی حزبییەکانو جێگرتنەوەی لە لایەن نوسینگەکانی حکومەتەوە[1]. ئەم هەوڵە لە دەوڵەتە رۆژئاواییەکان سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەڵام لە دەوڵەتە دراوسێکانی هەرێمی کوردستان توشی شکست بوو، چونکە ئەو دوڵەتانە لە کۆبونەوە سێ قۆڵیەکاندا بریاریان لەسەر مامەڵە نەکردنی فەرمی ئەو دەوڵەتانە لەگەڵ حکومەتی هەرێم دابوو، بۆیە رێگەیان بە کردنەوەی نوسینگەی حکومەتی هەرێم لە سوریاو تورکیاو ئێران نەدا. شێوازی پەیوەندیکردنیشییان بە هەرێمی کوردستانەوە لە رێگەی نوسینگەی پارتەکانی هەرێم بوو. یان لە رێگای پەیوەندی راستەوخۆ بوو بە سەرکردایەتی ئەو دوو پارتەوە، بەتایبەت تاڵەبانیو بارزانی. ئەم دوو سەرکردەیە لەهەڵبژاردنی (ڕابەری بزوزتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد) هەریەکەو بە جیا دەنگی پێویستی بەدەست هێنا بوو. لەم سۆنگەیەوە مافی نوێنەرایەتی جەماوەری کوردستانی بەخۆ دابوو[2]. ئەوەی جێگای سەرنجە لەم قۆناغەدا ئامانجە نیشتمانییەکان کە بە شێوەیەکی سەرەکی بریتی بوو لە بەدەستهێنانی پشگیری مادیو مرۆیی بۆ هەرێمی کوردستان، کە باڵی بەسەر پەیوەندیە ناوچەییو نێودەوڵەتییەکانی هەرێمی کوردستان کێشابوو. هەروەها ئاراستەی پەیوەندییە هەرێمییەکان هێندەی رووەو دەوڵەتە رۆژئاواییەکان بوو، هێندە بە لای پەیوەندییە ناوچەییەکاندا نەدەچوو، ئەمەش لە گرنگی

---

[1] وەزیرە یارمەتی مرۆڤایەتیو هاواکاری بۆ کوردستانی نوێ دەدوێت. رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژمارە (٥٣)، ١٩٩٢. /٧/٣١

[2] مایكل میدوكروفت و مارتن لون: أنتخابات البرلمان الكوردي في العراق وأنتخابات قائد الحركة التحررية الكردية، ترجمة ونشر مكتب الدراسات والبحوث المركزي للحزب الديمقراطي الكوردستاني، ١٩٩٧. ص ٣٦.

پێدانی ئەو دەوڵەتانەوە سەرچاوەی گرتبوو بۆ هەرێمی کوردستان‌و لە لایەکی تر پەراوێزخستنی دەوڵەتە ناوچەییەکان‌و نەبوونی نوسینگەی حکومەتی هەرێم لە دەوڵەتانی دراوسێ، پەیوەندی هەرێم‌و دراوسێی خستبووە پلەیەکی نزمتر.

دووەم: جەنگی ناوخۆ ١٩٩٤-١٩٩٨:

هەرێمی کوردستان لە ١ی مایۆی١٩٩٤ کەوتە شەڕێکی ناوخۆوە. وێرای ئەوەی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢ پێکهێنانی حکومەتێکی کوردی لێکەوتەوە، بەڵام خاکی هەرێمی کوردستانی لە نێوان (ی.ن.ك)و (پ.د.ك) دابەشکرد. بەدیوێکی تردا بە هۆی خەباتی پێش ساڵی ١٩٩٠، کە ناوچە شاخاوی‌و دێهاتەکانی لە نێوان خۆیاندا جیاکردبووە، بەڵام دوای ساڵی١٩٩٢ بەهۆی هەڵبژاردن‌و ڕێژەی دەنگەکان، شارە گەورەکانی هەرێمی کوردستانیان بەشکردو پارێزگای دهۆك‌و ناوچەی بادینان لەلایەن (پ.د.ك) بەڕێوە دەچوو، هەرچی پارێزگای سلێمانی‌و ناوچە ڕزگارکراوەکانی سەر بەپارێزگای کەرکوکە وەك قەزای چەمچەماڵ‌و کەلار، (ی.ن.ك) بەڕێوەی دەبرد، لەم نێوانەدا پارێزگای هەولێر بەهۆی نزیکی ڕێژەی دەنگەکان لەیەکدیەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستانی تێدا دەسەڵاتداربوو[1].

لەلایەکی تر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان (پ.د.ك)و (ی.ن.ك)ی کرد بە خاوەن دەسەڵات‌و ئەو هێزانەی تر، کە بەهۆی ڕێژەی کەمی دەنگدانەوە نەچوونە ناو پەرلەمان، لە دەسەڵات دوورکەوتنەوە. کە بوو بە هۆی دروستبونی شەڕو پێکدادان لە نێوان پارتەکانی دەرەوەی دەسەڵات لەگەڵ پارتەکانی ناو دەسەڵات نەبوو. (ح.س.د.ك)[2]، لەگەڵ (پ.د.ك) لە کانونی

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، مایکل میدو کروفت‌و مارتن لون:المصدر السابق، ٣٢-٣٣.

[2] ئەم پارتە لە ١ی یۆنیۆی ١٩٧٦ دامەزراوە لەژێر ناوی بزوتنەوی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان بە سەرکردایەتی ساڵح یوسفی. پاشان لە ئۆگستۆسی چونەتە ناو (ی.ن.ك)، بەلام لە ساڵی ١٩٧٩ جیابونەتەوە. لە ساڵی ١٩٨١ یەکەم کۆنگرەی خۆی لە مایۆی ١٩٨١ بەستووەو پەیرەوی ڕێبازی مارکسی کردووە بەلام لە کۆنگرەی دووەمی پارتەکە لە ساڵی ١٩٩٤ ڕێبازی سۆسیال دیموکراتی هەڵبژاردووەو محەمەد حاجی مەحمود بە سکرتێری ئەو پارتە هەڵبژێردراوە. ارکان حمە ئەمین الزرداوی: المصدر السابق، ص ١٣٣-١٤٠.

یەکەمی ١٩٩٣ کەوتنە شەڕەوە. هەروەها (ب.ئ.ک)[١] لەگەڵ (ی.ن.ک) کەوتنەشەڕەوە[٢]. ئەمە وایکرد (ح.س.د.ک) زیاتر لە (ی.ن.ک) نزیك بێتەوەو (ب.ئ.ک) لە (پ.د.ک). بۆیە دوا بەدوای دابەشکردنی دەسەلاتو دارایی‌و بڕیار، دابەشبونی هێزە بچووکەکان بەسەر (پ.د.ک)و (ی.ن.ک) ململانێکەی قوڵتر کردەوە، بەجۆرێك لە ئەنجامی روداوێکی کۆمەلایەتی لە ناوچەی قەلادزێ زۆر بە خێرایی سەرجەم هەرێمەکەی گرتەوەو بوو بە هۆی جەنگی ناوخۆو دابەشکردنی پراکتیکی هەرێمی کوردستان بۆ ناوچەی (پ.د.ک)و ناوچەی (ی.ن.ک).

(ی.ن.ک) لە سەرەتای یەنایری١٩٩٥ دەستیگرت بەسەر تەواوی شاری سلێمانی‌و ناوچە ڕزگارکراوەکانی کەرکوك‌و قەزای کۆیە، هاوکات (پ.د.ک) لە جێگە پێی لە پارێزگای دهۆك زۆرینەی قەزاو ناحییەکانی هەولێر قایم کرد، سەنتەری شاری هەولێریش بوو بە جێگای ململانێی سیاسی‌و سەربازی. لەم کاتەدا چەندین هەوڵی ناوخۆیی‌و دەرەکی بۆ راگرتن‌و رێکەوتنی ئەو دوو هێزە درا. لە گرنگترینیشیان، رێکەوتنی پاریس‌و رێکەوتنی درۆهیدا بوو. رێکەوتنی پاریس لە ١٦- ٢٣ی یۆلیۆی ١٩٩٥ی خایاند، بە سەرپەرشتی فەرەنساو بە ئامادەبونی نوێنەرانی ئەمریکاو بریتانیاو بەڕێوە چوو. تیایدا پرۆژەی دەسەلاتێکی دیموکراسی بە پشتبەستن بە هەڵبژاردن‌و سەرژمێری بڕیاری لەسەر درا بە واتایەکی تر میکانیزمی هەڵبژاردنی نوێ گرنگترین تەوەری رێکەوتنەکە بوو. بەلام رێکەوتنەکە لە کاتێکدا بوو، کە لە ناوخۆی هەرێمەکە گەرمەی شەڕ بوو، بۆیە ئەم رێکەوتنە نەگەیشتە ئەنجامێکی

---

[١] بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق، لە مایۆی ١٩٨٧ دامەزراوە . هەرچەندە رێکەوتنی سیاسی لەگەڵ (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)دا هەبووە بەلام بەشدار نەبووە لە بەرەی کوردستانی لە ساڵی ١٩٨٨ ئەمەش بەهۆی جیاوازیی بیروباوەڕی ئەو بەرەیە کە عەلمانی بووەو لەگەڵ بیروڕای بزوتنەوەی ئیسلامیدا نەگونجاوە. لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢ کەمتر لە ٧٪ی هێنا بۆیە نەیتوانی بەشداری پەرلەمان بکات. لە ساڵی ١٩٩٣-١٩٩٧ لەگەڵ (ی.ن.ک) لە شەڕدا بوون. تا بە پێی رێکەتنامەی تاران ئەو شەڕە وەستا. لە ساڵی ١٩٩٩ لەگەڵ بزوتنەوەی راپەرینی ئیسلامی یەکیان گرتو ناوەکەی گۆڕدرا بۆ بزوتنەو یەکبونی ئیسلامی لە کوردستان. سەلام عەبدولکەریم: گوتاری ئیسلامی‌و گرفتی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، چاپخانەی سیڤا، سلێمانی، ٢٠٠٩.ل.ل ٦١-٦٦.

[٢] مراد خۆشەڤی حەسۆ: سەرچاوەی پێشوو،ل ١٠٥-١٠٦

ئـەوتۆ. (ی.ن.ك) دەسـتی گـرت بەسـەر نـاو شـاری هـەولێر. بەمـەش (ی.ن.ك) دەسـەلأتی سیاسی لە زۆرینەی هـەرێمی کوردسـتان گرتەدەسـت. زۆرتـرین دەسـەلأتی ئـابوریش کەوتـە دەستی (پ.د.ك) چونکە خـاڵی گومرگی ئیـبراهیم خـەلیل کـە دەرچـەی سـەرەکیو رێگـای نێودەوڵەتی هەرێمی کوردستانو عێراق بوو لە ژێر دەسەلأتی (پ.د.ك)دا بوو. لێـرە بـەدواوە تەوەرە دانوستانەکان گۆرا. مەرجی (پ.د.ك) کشانەوەی (ی.ن.ك) بوو لە هـەولێرو مـەرجی (ی.ن.ك) دابەشکردنی داهات بوو لە نێوان هەردولا بە یەکسانی. دوای رێکەوتنامـەی پـاریس رێکەوتنی درۆهیدا دەستی پێکـرد بـە سەرپەرشـتی ئـەمریکا لـە ٩-١١ی ئۆگسـتۆسـی١٩٩٥. (درۆهیدا ناوچەیەکی نزیك دبلنی پیتەختی ئیرلەندا بوو). گرنگترین خـاڵی رێکەوتنەکـە چـەك داماڵینی هەولێرو پاشان رەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی تورکیا کرابووسەبارەت بە دژایـەتی کردنـی (پ.ك.ك). ئـەم دوو خاڵـە جێگـای نـاکۆکی بـوو، چـونکە (پ.د.ك) دەیویسـت بـۆ بەهێزکردنەوەی دەسەلأتی سیاسی خۆی، بە هەر شێوازێك بێت بچێتەوە هـەولێر. (ی.ن.ك) خواستی ئەوەی هەبوو بۆ چەسپاندنی دەسەلأتی خۆی، چنگی لـە داهـاتی ئیـبراهیم خـەلیل گیر ببێت. خاڵێکی تر (پ.ك.ك) بوو کە هەردولا لەسەر رێوشوێنی سنورداركردنی ئـەو هێـزە ناکۆك بوون. (پ.ك.ك) لای خۆیەوە دژی رێکەوتنەکە بوو. ئەوە بوو لـە کۆتـایی ئـابی ١٩٩٥ هێرشی کـردە سـەر بارەگـانی (پ.د.ك)و کـە کاریگـەریی لەسـەر سـەرنەگرتنی رێکەوتنەکـە دروست کرد. بەمەش (پ.ك.ك) زیاتر لە یەکێتی نزیك بووەوەو (پ.د.ك) لە تورکیا[1].

لـە مانگـەکانی یۆلیـۆو ئۆگستۆسـی ١٩٩٦ هێزەکـانی (ی.ن.ك) لەبـەرەکانی جەنگـدا سـەرکەوتنی بەرچـاوییان بەدەسـتهێنا[2]. (پ.د.ك) ئـەم سـەرکەوتنانەی (ی.ن.ك) بـۆ پاڵپشتیو پشگیری ئێران گەراندەوە. بەدوایدا بارزانی لەنامەیەکدا بۆ سەرۆك کۆمـار سـەدام حسین، داوای یارمەتیکردو بانگێشتی سوپای عێراقی کـرد، لـە وەلأمـدا سـوپای عێراقـی ٣١ ئۆگستۆسـی ١٩٩٦ هێرشـیان کـردە سـەر پارێزگـای هـەولێر، لـە ئەنجامـدا ئـەو شـارەی

[1] مراد خۆشەڤی حەسۆ: سەرچاوەی پێشوو،ل ١٠٨-١٠٩.

[2] رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(١٣٦٥)،١٩٩٨/٨/٢١.

داگیرکرد[١]. دوابەدوای ئەم رووداوە، هێزەکانی (ی.ن.ك) لە پاشەکشەدا بوون، تا ١٠ی سێپتەمبەری ١٩٩٦ تەواوی دەسەڵاتیان لە هەرێمی کوردستاندا لەدەست داو لەسەر سنوری ئێران گیرسانەوە[٢].

ئەمریکا بارزانی و تاڵەبانی بانگێشتی ئەنقەرە کردو لە ئەنجامی دانوستانێکی چەند رۆژیو لە ٣١ی ئۆکتۆبەری١٩٩٦، رێکەوتننامەی ئەنقەرە واژۆ کرا. ئەمە لە کاتێکدا بوو (ی.ن.ك) لەبەرئەنجامەکانی دژە هێرشێکی لەسنوری ئێرانەوە، پارێزگای سلێمانیو کەلارو چەمچەماڵو کۆیسنجقی لەدەست (پ.د.ك) سەندەوە[٣]. کۆی گشتی رێکەوتنەکە بە بەراورد لەگەڵ رێکەوتنامەکانی پێشوو، پاشەکشە بوو لە ستراتیجی نەتەوەیی کورد، چونکە هەرێمی کوردستانی بەشێوەیەکی فەرمیو یاسایی لەنێوان (کورد–کورد) دابەشکرد. وێرای ئەمە رێکەوتنی ئەنکەرە بواری زیاتری بە تورکیادا، کە دەسوەردان لە کاروباری ناوخۆی هەرێمی کوردستان بکات. بەمەش لاسەنگییەك لە جێبەجێکردنی رێکەوتنکە دەرکەوت، کە بە قازانجی (پ.د.ك)و لە زیانی (ی.ن.ك) بوو[٤].

(ی.ن.ك) لە ناوەراستی ساڵی ١٩٩٧، بە هاوکاری (پ.ك.ك) هێرشی کردە سەر (پ.د.ك)و قورسترین شەری ناوخۆ سەری هەڵدا کە تیایدا (پ.د.ك) موشەکی کاتیۆشای بەکار هێناو هەر لەو شەرەدا ١٠٠٠ کەس کوژراو. لەم کاتەدا، "سوپای تورکیاو هێزی هەوایی

---

[١] جوناثان راندل: أمة في شقاق، دروب كردستان كما سلكتها، ترجمة: فادي حمود، دار النهار، بيروت ١٩٩٧. ص٣٨٨.

[2] Jonathan Randal: Iraqi opposition describes mass execution near Irbil. September.1996 www.barm.ucsd.edu

[٣] کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەی کوردو هیوای سەربەخۆیی، بەرگی یەکەم، بەرگی دووەم، وەرگێرانی لەفارسییەوە: ئەکرەمی میهرداد، سەنتەری چاپو پەخشی نما، ٢٠٠٢. ل١٦٣–١٦٤.

[٤] هێرش عەبدوڵڵا حەمە کەریم: پەیوەندییە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانو تورکیا (١٩٩١–١٩٩٨)، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، ٢٠٠٩، ل١٢٩

بۆ هێرشێکی تۆڵەکردنەوە لە (ی.ن.ک) گەیشتنەوە (پ.د.ک)و هەمووئەو ناوچانەیان گرتەوە، کە مانگێك پێشتر (پ.د.ک) لەدەستی دابوون[1].

ئەمریکا دوای ئەوەی لە لایەنگری تورکیا لە کێشە ناوخۆکانی هەرێم پشتڕاست بووەوە، ڕاستەخۆ ناوبژو سەرپەرشتیکاری ئاشتی لەنێوان هەردولا ئەنجامدا[2]، سەرئەنجام (بارزانی)و (تاڵەبانی) لە(١٧ی سێپتەمبەری ١٩٩٨) بانگهێشتی واشنتن کران‌و بە ئامادەبونی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (مادلین ئۆلبرایت) سەرکردەی هەردوو پارتەکە ڕێکەوتننامەی واشنتن یان لە ئەمریکا ڕاگەیاند. ئەم ڕێکەوتنە وایکرد چارەنوسی هەرێمەکەی زیاتر یەکلایی کردەوەو هەرێمەکەی لە ململانێی ناوخۆیی دەرباز کرد. تاڵەبانی‌و بارزانی لای خۆیانەوە ئەوەیان درکاند، کە ئۆلبرایت بەڵێنی زارەکی گرنگترو بەهێزتری لەسەر پاراستنی کورد پێداون[3]. لە ڕێکەوتنەکەدا هەردوو پارتەکە پابەندی خۆیان بە عێراقێکی یەکگرتوو دەربڕی بوو. ڕێکەوتن لەسەرئەوە کرا کە بەهیچ جۆرێك پەنای (پ.ك.ك) لەهەرێمی کوردستاندا نەدرێت، هەروەها سنورەکانی هەرێمی کوردستان تۆکمە تر بکرێت. هەردولا ڕێککەوتن لەسەر ئیدارەی یەکگرتوو، هاوبەشی لە داهات، هەڵبژاردن، فەرماندەی پێشمەرگە، هاریکاری نێوان ئەنجومەنی هەڵبژێدراو (پەرلەمان)و کۆمەڵەی نێودەوڵەتی[4].

لە نێو ئەم ململانێ ناوخۆییەدا هەردوو پارتەکە درکییان بە کاریگەریی ململانێکان لەسەر پەیوەندییکانی هەرێم‌و ڕەنگدانەوەی لەسەر پرسی نەتەوەیی کورد لە هەرێمەکە کردبوو. تاڵەبانی دان بەوەدا دەنێت، کە لە جەنگی ناوخۆدا هەر پارتەو لە پەیوەندییە دەرەکیەکانیدا شێوازی تایبەتی خۆی گرتۆتە بەر[5]. بۆیە لە میانی ڕێکەوتنامەی پاریس لە لایەن هەردولاوە پرۆژەی ئاشتی ئامادە کرا بوو لە ناو ئەو پرۆژانەدا گرنگی تایبەت بە

---

[1] مراد خۆشەڤی حەسۆ: سەرچاوەی پێشوو،ل ١١٦.

[2] کوردستانی نوێ ژمارە ،(١٥١٤)، ١٩٩٧/١٢/١٩ .

[3] مراد خۆشەڤی حەسۆ: سەرچاوەی پێشوو،ل ١١٨.

[4] بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٧).

[5] جريدة السفير اللبنانية،٣ /١٩٩٤/٨

پەیوەندییە دەرەکییەکان درابوو. لە پرۆژەی (ی.ن.ك) دا هاتبوو: "نەخشاندنی سیاسەتی دەرەکی، کە ئامانجی، بنیاتنانی پەیوەندی باش لەگەڵ دەوڵەتانی جیهان، بە دەستهێنانی دانپیانانی یاسایو سیاسی بە ئیدارەی کوردی، بەردەوامبونی پارێزگاری نێودەوڵەتی، لابردنی گەمارۆ لەسەر کوردستان، بەدەستهێنانی یارمەتی ئابووریو گەشەپێدانو تەکنیکیو رۆشنبیری، نەخشاندنی سیاسەتی دەرەکی بەرامبەر بە دەوڵەتانی دراوسێ، کە لەسەر ئەم بنەمایانە بنیاتنرابێت، سیاسەتی دراوسێ باشیو دەسوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆ، حەرامکردنو بە تاوانکردنی هاریکاری لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ لە بوارەکانی تیرۆرو تێکدانو سیخوری دژی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان، جیاکردنەوی نوێنەری پارتەکان لە نوێنەری ئیدارەی کوردی، بەهێزکردنو چالاککردنی نوێنەرایەتی ئیدارەی کوردی"[1]. لە پرۆژەی (پ.د.ك) هاتووە، پابەند بوون بە سیاسەتی هاوبەش سەبارەت بە پارتو ئەو لایەنانەی کە نوێنەرییان لە ناو حکومەت نییە، لەگەڵ پارتە کوردستانییەکان بە پێی بەرژەوەندیی باڵای گەلی کوردستانی عێراق. پشگیریو پەرە پێدانی نوێنەرایەتی دەرەکی کوردیو دورخستنەوەی لە حزبایەتیو جەخت کردنەوە لەسەر بەدەسهێنانی زیاتری پشگیریو یارمەتی دەرەکی بۆ ئیدارەی هەرێمەکەو هەروەها مامەڵەکردنێکی واقعی لەگەڵیدا". لەم دوو دەقەوە ئەوە روون دەبێتەوە، کە یەکێك لە کێشەکانی هەرێمی کوردستان پەیوەندییە دەرەکییەکانە بە تایبەت لەو خاڵەدا کە پارتە سیاسیەکان بە پێی بەرژەوەندی خۆیان نەك بە پێی بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان مامەڵەیان لەگەڵ کردووە، بە تایبەت لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێدا. دواتر هەردولا رێکدەکەون لەسەر چەند خاڵێك لە پەیوەندییە دەرەکییەکان، کە گرنگترینیان سەبارەت بە پەیوەندییە ناوچەییەکان، ئەم دەقەی خوارەوەیە، "هەموو هاوکارییەك لەگەڵ ولآتانی دراوسێ یان لەگەڵ حزبە سیاسیەکاندا هەبێت پێویستە بەکارنەهێنرێت لە لایەن حزبێکی دیکەوە دژی حزبێکی تر، بەڵکو پێویستە بۆ بەرژەوەندی کوردستانی عێراق بێت، پێویستە هەردوو حزب ئاگاداری

---

[1] نەوشیروان مستەفا: خەون یان مۆتەکە، یاداشتی رۆژانەی شەری ناوخۆ، کتێبخانەی جەمالی عەلی باپیر، سلێمانی، بێ ساڵی چاپ، ل٣٥، ل٥٠

یەکتر بکەنەوەو هاوکاری یەکتر بکەنو خۆیان لابدەن لە هەڵوێستی یەکلایەنە لەسەر حسابی کورد لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ"[1] . دەتوانین بڵێین دوای دوو ساڵ لە حوکمە خۆبەخۆی کورد، ئینجا لە سەروبەندی ڕێکەوتننامەی پاریس، تێروانینێکی روونو ئاشکرا لەسەر چۆنییەتی بەڕێوەبردنی دەسەڵات لە ناویشیدا پەیوەندییە دەرەکییەکان پەیدا بوو. هەرچەندە ئەم ڕێکەوتنە هیچ ئەنجامێکی لینەکەوتەوە، بەڵام لە پرۆژەی هەردولاو لە دەقی ڕێکەوتنەکەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو دەسەڵاتەی لە هەرێمی کوردستان دەگوزەرا، زۆر هەژار بوو لە سیاسەتێکی ناوخۆیی تۆکمەو دپلۆماسیەتێکی بەهێز لە دەرەوەدا. راستی ئەم وتەیە لەوەدا دەردەکەوێت، کە لە ماوەی جەنگی ناوخۆدا پەیوەندییە پارتایەتییەکان پێشی پەیوەندییە نیشتمانییەکان دەکەوێت. هەر پارتەو بۆ سەرکەوتنو بەردەوامبون لە جەنگی ناوخۆدا خوازیاری پشتیوانی دەوڵەتە دراوسێکانەوپەیوەندیو لێکتێگەیشتنو ڕێکەوتنی هاوبەش لە سەر ئاستی پارت–دەوڵەتانی دراوسێ پەیدا دەبێت.

سێیەم: چەسپاندنی دەسەڵاتی (ی.ن.ك)و (پ.د.ك) (١٩٩٨–٢٠٠٣):

لە دوای ڕێکەوتنامەی واشنتن، بارودۆخی هەرێم گۆرانی گەورەی بەخۆوە بینی. ئەو گۆرانە بریتی بوو لەوەی دوو دەسەڵاتی کوردی بە ناوی هەرێمی کوردستان ئیدارەی سلێمانیو هەرێمی کوردستان ئیدارەی هەولێر هاتە کایەوە. هەریەك لەم دوو ئیدارەیە سەرچاوەیەکی یاسایی بۆخۆی دروست کردبوو، کە بەهۆیەوە حکومەتیان پێکهێنابوو. حکومەتەکانی هەردولا پارتە سیاسیەکانی دیکە تیایدا بەشدار بوون، بەڵام دەسەڵاتی راستەقینە لە ئیدارەی سلێمانی بەدەست (ی.ن.ك)و لە ئیدارەی هەولێر بەدەست (پ.د.ك) بوو. بە واتایەکی تر هەردوو پارتەکە دەستییان بەسەر ژیانی سیاسیو ئابووری هەرێمەکەدا

[1] نەوشیروان مستەفا: خەون یان مۆتەکە، ل٢٨

گرت. ئامانجیشیان راکێشانی جەماوەرو بەهێزکردنی دەسەڵاتی ئیدارەکەیان بوو[1]. خاڵێکی بەرچاوی تر ئەوە بوو، کە هەردوولا دوو ئیدارەی سەربەخۆیان بە تەنیشت یەکەوە لەیەك هەرێمدا بنیات نا کە سەقامگیری بە هەرێم بەخشی بەڵام پرۆژەی بنیاتنانی نەتەوەییان لەناوبرد. ئەمە وایکرد گەرانەوە بۆ یاسا، پەیوەندیی نێوان دەزگا مەدەنیی و سەربازییەکان، هەروەها بەگەڕخستنی تواناکان لە ئاستێکی زۆر نزمدا بێت[2]. ئەم دوو دەسەڵاتە هیچ بەرهەڵستکارێکی بەهێزیان نەبوو. بۆیە دەسەڵاتی خۆیان لە پێناوی پارتەکانیان بەکار هێنا بە جۆرێك دڵسۆزی بۆ پارت جێگای دڵسۆزی بۆ نەتەوە گرتەوە. ئەمە وای کردبوو کە ئەم دوو ئیدارەیە زیاتر لە دوو مقاتەعە یان کانتۆن بچن، نەك وەك پێکهاتەیەکی فدراڵی[3]. بۆیە دەکرێت بڵێین هەرێمەکە لە دوای رێکەوتنامەی واشنتن جەنگی ناوخۆی بەجێهێشت و رووی کردە سەقامگیری. بەڵام پرۆژەی نەتەوەیی و دابەشبونە ناوچەییەکانی قوڵتر کردەوە.

لە دوای روداوی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، ئەمریکا کەوتە شەرێکی توند لە دژایەتی کردنی تیرۆرو تۆمەتبارکردنی ئەو دەوڵەتانەی لە پشتی تیرۆرەوەن لە ناویشیاندا عێراق، کە بە پەرەپێدانی چەکی کۆمەڵکوژو هاریکاری ئەلقاعدە لە لایەن ئەمریکاوە تۆمەتبار کرا. ئەم دوو تەوەرە لە لایەك (پ.د.ك) و (ی.ن.ك)ی لەیەك نزیك کردەوە، چونکە هەردوکییان مێژوویەکی دوورو درێژییان لە ململانێ لەگەڵ رژێمی سەدام حسێن تۆمار کردبوو، هەروەها هەردوولا مستەکۆڵەی گروپە تیرۆرستەکانیان بەرکەوتبوو. لەلایەکی تر ئەمریکاو هێزە کوردییەکانی لەیەك نزیك کردەوە، ئەمریکا لە دوای روداوی ١١ی سێپتەمبەر دەستی کرد بە

---

[1] Henri J. Barkey and Ellen Laipson : IRAQI KURDS AND IRAQ'S FUTURE. MIDDLE EAST POLICY, VOL. XII, NO. 4, WINTER 2005, p116.

[2] Matan Chorev: op. cit.

[3] Michiel Leezenberg The Kurds in a Post-Saddam Iraq: Opportunities, Constraints, and Risks Presented at the American Enterprise Institute on February 3, 2003 . p3

دژایەتی بزوتنەوەی ئەلقاعدەو شانەکانی لە جیهان بە گشتی. لەم کاتەشدا یەکێك لە لقەکانی ئەو رێکخراوە لە ناوچەی سنوری نێوان هەرێمو ئێراندا بوون. لە لایەکی تر ئەمریکا لە دوای رووخانی رژێمی تاڵیبان لە ئەفغانستان، هەڵمەتی هەمەلایەنەی کردە سەر عێراق ئەوە بوو، بەم هۆیەوە (پ.د.ك)و (ی.ن.ك) زیاتر لە ئەمریکا بۆ رووخانی رژێمی عێراق نزیك کەوتنەوە لە مارتی ۲۰۰۳. لە ١٤–١٧ی دیسەمبەری ۲۰۰۱ کۆنگرەی بەرهەڵستکارانی عێراقی لە لەندەن بە سەرپەرشتی ئەمریکا بەسترا لەژێر دروشمی (عێراق دوای رژێمی سەدام حسین). ئەو کۆنگرەیە توانی یەکهەڵوێستی بە (پ.د.ك)و (ی.ن.ك) بدات، کە هەڵوێستی کوردی لە هاوکێشە هەرێمیو عێراقیدا بەهێز کرد. دوای ئەوە لە ٨ی سێپتەمبەری ۲۰۰۲ کۆنگرەی بەرهەڵستکارانی عێراقی لە هاوینە هەواری سەلاحەدین بەسترا، بۆ روخاندنی رژێمی عێراقی. لە پەراوێزی کۆنگرەیە تاڵەبانیو بارزانی رێکەوتن لەسەر یەکخستنەوەی پەرلەمانی کوردستان کە لە ساڵی ۱۹۹٥ بەدواوە دابەش بوو بوو. ئەوە بوو لیژنەیەك پێکهات بۆ ئەو مەبەستە، لە ٤ی ئۆکتۆبەری ۲۰۰۲ یەکەم کۆبونەوەی پەرلەمانی یەکگرتوو لە هەولێر بە ئەنجام گەیشت[1].

پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەم قۆناغەدا گۆرانی بەسەردا هات. بە جۆرێك دەتوانین بڵێین پەیوەندییە دەرەکییەکان هەرچەندە لەسەر ئاستی پارت نەك هەرێم بەردەوام دەبێت، بەلام هەردوو پارتەکە ئامانجییان راگرتنی بالانسی پەیوەندییە ناوچەییەکانە لە بەرامبەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. لێرەدا هەریەك لە (ی.ن.ك)و (پ.د.ك) لە یەك کاتدا پەیوەندیان بە ئێرانو تورکیاو سوریاوە لە دۆخێکی باشدایەو ئامانجی سەرەکیش، ئاگاداربوونی ئەو دەوڵەتانەیە لە داهاتووی عێراقو هەرێمی کوردستان وەك پارچەیەك لەو دەوڵەتە. هاوکات هاریکارو هاوبەشی سیاسەتی ئەمریکا بوون بە مەبەستی چەسپاندنی پێگەی کورد لە داهاتوی عێراقدا. بۆیە وەك توێژەرێك دەڵێت، "ئەزموونی هەرێمی کوردستان لە حوکمی خۆبەخۆو شێوازێك لە دیموکراسیو پەیوەندی

[1] حامد شريف الحمداني: لمحات من تأريخ حركة التحرر الكوردية في العراق، ٢٠٠٤، الأكاديمية العربية في الدنمارك، http://www.ao-academy.org/letters.html، ص٢٤٤–٢٤٥.

دەرەکی، هەستی ئازادیو بارێکی تایبەتی لە لای هەرێمەکە پەیدا کرد. بەجۆرێك هەرێمەکە بە تەواوی گەیشتونەتە ئەو باوەری، کە دەسەلاّتی ناوەندی بەغداد ئەگەر هی رژێمی سەدام حسین بێت یان رژێمی نوێی دوای سەدام حسین، ئەوا پێشوازی لێناکرێت"(١).

[1]Bill Park: STRATEGIC LOCATION, POLITICAL DISLOCATION: TURKEY, THE UNITED STATES, AND NORTHERN IRAQ. MERIA. Volume 7, No. 2 - June 2003.
http://www.biu.ac.il/SOC/besa/meria/index.html

بەشی دووەم

-پەیوەندییەکانی ئێران و هەرێمی کوردستان

- تەوەری یەکەم- پەیوەندیەکانی عێراق و ئێران
- تەوەری دووەم-تێروانینی ئێران بۆ هەرێمی کوردستان
- تەوەری سێیەم- پەیوەندیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران
- تەوەری چوارەم-کاریگەریی پەیوەندیەکانی ئێران و هەرێمی کوردستان لەسەر بزوتنەوەی رۆژهەلاتی کوردستان

تەوەری یەکەم
پەیوەندیەکانی عێراق و ئێران

عێراق‌و ئێران لە هەشتاکاندا جەنگێکی خوێناوی توند لە نێوانیاندا هەڵگیرسا، کە ماوەی هەشت ساڵی خایاند(١٩٨٠-١٩٨٨)، بەشێکی ململانێکان پەیوەندی بەکێشە مێژوویەکانی نێوان ئەو دوو دەوڵەتەوە هەبوو، بەشێکی دیکەی پەیوندی بە ئەنجامی ئەو گۆڕانە سیاسیانەوە هەبوو، کە لە ناوخۆی هەریەك لەو دو دەوڵەتەدا سەریهەڵدا. گرنگترین کێشە مێژوویەکان کێشەی سنوریی بوو. ئەم کێشەیە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی حوکمرانی دەوڵەتی سەفەوی‌و دەوڵەتی عوسمانی. کاتێك لە رێکەوتنامەی زەهاودا لە ساڵی١٦٣٩ یەکەم هەوڵ بۆ دیاریکردنی ناوچەی سەروەری‌و هەژمونی ئەم دوو دەوڵەتە لەسەر شارو دێهاتی ناوچە سنورییەکان درا. هەر ئەم هەوڵە لە رێکەوتنی ئەرزەرۆمی دووەم لە ساڵی١٨٤٧ جەختی لەسەر کرایەوە. پاشان ئەم رێکەوتنەی دوایی بوو بە بنەمایەك بۆ پرۆتۆکۆلی (ئەستەمبوڵ) لە ساڵی (١٩١٣)، کە بەپێی ئەم رێکەوتنە شەت ئەلعەرەب (ئێرانییەکان پێی دەڵێن اروند رود) دەبێتە هێڵی یەکلاکەرەوە. دواتر کۆمسیۆنێك لە ساڵی ١٩١٤ سەرپەرشتی رەنگڕشتنی هێڵەکەی کردو چەندین خاڵی سنوری دیاریکرد، بەلاّم

سەرهەڵدانی یەکەمین جەنگی جیهانی لە ساڵی ١٩١٤، وایکرد، کە ئەنجومەنەکە نەگاتە ئەنجامی کۆتایی[1].

ڕێکەوتننامەی سنوری نێوان هەردوو دەوڵەتی عێراقیو ئێرانی، بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٣٧ بەسترا. بەو پێیە سنوری نێوانیان بە (١٢٠٠کم) خەملێنرا، کە لە سنوری تورکیا لە باکورەوە دەستپێدەکاتو تا (کەنداوی عەرەب/ فارسی) درێژ دەبێتەوە. هەر لەم پێناوەدا لیژنەیەك پێکهێنرا بۆ دیاریکردنی سنوور لەسەر زەوی بە شێوەیەکی پراکتیکی. بەڵام ئەم لیژنەیە نەیتوانی بە تەواوەتی سنورەکە یەکلایی بکاتەوە[2]. ئەو ناوچانەی، کە کێشەی لەسەر بوو، بریتی بوو لە ڕووباری (بناوە سوتاو) لە سلێمانی، ڕووباری (قۆرەتوو، ئەلوەند، کنگیر)، لە پارێزگای دیالە، ڕووباری (کنجانو کلاڵ) لە کوت، ڕوباری (طیب، دویرج، شط الاعمی، نهر کرخە) لە عمارە، ڕوباری (کارۆن) لە بەسرە. کێشەیەکی تر کەنارە ئاویەکانی ئێرانو عێراق بوو لەسەر کەنداوی فارسی، لەگەڵ کێشەی خێڵەکان، کە لە سنوورەکانی نێوان هەردولادا دابەشبووبوون. لەوانە خێڵەکانی جافو پشدەر و شێخ مەمەندیو باڵەكو خەیلانیومام وەسانو سورچیو هەرکی لە کوردستانی دابەشکراوی نێوان عێراقوئێراندا. هەروەها خێلە عەرەبیەکانی سنوری پاریزگای کوتو عەمارەو بەسرە[3]. ئەم کێشەیە بە هەڵپەسێراوی مایەوە تا لە ساڵی ١٩٧٥ڕێکەوتنامەی جەزائیر لە نێوان هەردولا واژۆ کرا ، کە بە گەڕانەوە بۆ پرۆتۆکۆلی ساڵی ١٩١٣و کۆمسیۆنی دیاری کردنی سنور لە ساڵی ١٩١٤،

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، رجاء حسین حسینی الخطاب: العلاقات العراقية-الفارسية ١٨٤٧-١٩٨١، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨١، ص ص ٢٧-٤٣. علی ئومیدی: "اعتبار پیمان ١٩٧٥ از دید حقوق بین الملل"، فصلنامه سیاسی اقتصادی، شماره ٢٤٣-٢٤٤، ص٦-٧. محمد هاتف: روابط ایران وعراق و مسئله اروندرود، چاپ مروی، تهران، ١٣٧١، ص ص٥١-٦٨.

[2] فلاح شاكر اسود: الحدود العراقية الايرانية، دراسة في المشاكل القائمة بين البلدين، مطبعة العاني، ١٩٧٠، ص٢٢-٢٣.

[3] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، فلاح شاكر اسود: المصدر السابق، ص٥٢-١٢٤

هەردولا لەسەر سنووری نێوانیان ڕێکەوتن[1]. بەڵام ئەم کێشەیە لێرەدا کۆتایی نەهات و بوو بە یەکێك لە هۆکارەکانی جەنگی هەشت ساڵە، بە تایبەت کاتێك وەزارەتی دەرەوەی عێراق بە فەرمی لە ١٧ی سێپتەمبەر ١٩٨٠ ڕایگەیاند، کە عێراق تاك لایەنە پەیماننامەی ساڵی ١٩٧٥ی ڕەتکردەوە[2].

دەکرێت ئەم خاڵە مێژوویە بە یەکێك لە گرنگترین خاڵەکانی ململانێی نێوان عێراق و ئێران دابنرێت، کە لە مێژوی نوێ تا مێژوی هاوچەرخ، لە دەسەڵاتێکەوە بۆ دەسەلاتی دواتر گواستراوەتەوە. بەڵام خاڵێکی تر، کە هۆکاری ململانێکە بوو بریتی بوو لەو ڕووداوە ناوخۆییانەی، کە لە هەردوو دەوڵەتدا ڕوویدا. لە ئێران شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٩ سەریهەڵدا ، بە ڕابەرایەتی یەکێك لە ئیمامە توندرەوەکانی شیعەکان، کە روح الله خومەینی[3] بوو. ئەم شۆڕشە مەترسیەکی گەور بوو بۆ سەر عێراق چونکە، خومەینی بەئاشکرا ڕایگەیاند کە " ئێمە شۆڕشەکەمان بۆ جیهانی دەرەوە هەناردە دەکەین". عێراق بەهێزترین کاندیدی ئێران بوو بۆ هەناردەکردنی شۆڕش، چونکە جگە لەوەی زۆرترین سنووری وشکانی لەنێوانیاندا هەیە، هاوکات عێراق نزیکەی (٦٠٪)ی شیعیە مەزهەب بوو[4]. هەروەها پێگەی مەزارگەی

---

[1] منوچهر پارسادوست: ریشهای تاریخ اختلاف ایرانو عراق، چاپ چهارم، چاپخانه حیدری، تهران، ١٣٦٩، ص ص ٤٠٠-٤٠٣.

[2] رجاء حسين حسيني الخطاب: المصدر السابق، ص ٢٢.

[3] ئایەتوڵلا ڕوحوڵلا موسەوی خومەینی (١٩٠٢- ١٩٨٩) لە نزیك شاری تاران لەدایك بووە. لە ساڵی ١٩٠٨-١٩٦٢ خەریکی خوێندنی و توێژینەوەی زانستە ئیسلامییەکان بووە. لە ساڵی ١٩٦٢-١٩٧٩ دەستی کردووە بە چالاکی سیاسی و خەبات لە دژی ڕژێمی محەمەد ڕەزا شا. لە ساڵی ١٩٦٤ بەهۆی بۆچونە توندڕەوییەکانییەوە شای ئێران لە ئێرانی دورخستەوە. لە ١ی فەبرایری ١٩٧٩ گەڕایەوە ئێرانو بوو بە دامەزێنەرو ڕابەری کۆماری ئیسلامی ئێران. مصطفى اللباد: حدائق الاحزان،ايران و "ولاية الفقيه"، دار الشروق، القاهرة، ٢٠٠٥، www.albainah.net ص٩٤-٩٦

[4] لیام ئەندەرسن و گاریپ ستانسفیلد: ئایندەی عێراق، دکتاتۆری، دیموکراسی یان دابەشبوون، و: کامیار سابیرو دڵشاد حەمە، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٧، ل١٨٩. حازم صاغية: بعث العراق، سلطة صدام قياما وحطاما، دار الساقي، بيروت، ٢٠٠٣، ص ١٠٥.

ئیمامە گەورەکانی شیعەی جیهان لە عێراقدا بوو. وێرای ئەوەی بەهێزترین دەوڵتی عـەرەبی عەلمانیش بوو لـە ناوچـەکەدا. لـەم سـەرو بەنـدەدا صـادق خـەلخالی[1]، راسـتەوخۆ رژێمـی سەددام حسێنی بە ئامانجی ئێران دەستنیشان کرد بۆ هەناردە کردنی شۆڕش[2]. هـەروەها خومەینی، سەدام حسینی بە کافر دادەناو سزادانی بە پێویستیەکی ئاینی دانا[3].

لە دوای هەشت ساڵ جەنگ کە بە یەکـەمین جـەنگی کەنداو ناوی دەرکـرد، ئێـران لـە٢٠ ئۆگستۆسی ١٩٨٨ بـە بڕیـاری (٥٩٨) ی نەتـەوە یـەکگرتوەکان بـۆ کۆتـایی هـاتنی جـەنگ رەزامەندی خۆی پیشاندا. بـەڕای پسـپۆڕێکی ئێرانـی، ئەسـغەر جەعفـەر ولـدانی، ئـەم رازی بونەی ئێران بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە لە وانە، عێراق بوو بە خاوەنی موشەکی بالیستی دور هاوێژو چـەکی کیمیـاوی، هـەروەها لـە بـەرەکانی جـەنگ سـەرکەوتنی بەدەسـتهێنابوو، لەلایەکی تر ئەگەرەکانی روبەروبونەوەی سەربازی نێوان ئەمریکاو ئێران زیـاتر بـوو بـوو، بـە تایبـەت دوای ئـەوەی فرۆکەیـەکی ئێرانـی بـە (٢٩٠) سەرنشـینەوە لـە لایـەن ئـەمریکاوە لـە دەریای فارسی خرایە خوارەوە. وێرای ئەمانە ئـابوری ئێـران توانـای بـەردەوامبونی جـەنگی لەدەست دابوو[4].

دوو سـاڵ دوای کۆتـایی هـاتنی جـەنگی هەشـت سـاڵە لـە رووداوێکـی کتـوپڕدا لـە ٢ی ئۆگستۆسی١٩٩٠ عێراق تـەواوی خـاکی کوێتی داگیر کـرد. ئـەمریکا بەسـەرکردایەتی خـۆی

---

[1] حجەت ئەلئیسلام صادق خلخالی: (١٩٢٦- ٢٠٠٣) یەکەم قازی شەرعی بووە لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران. بە توندرەویو هەلوێسـتە یەکلاکـەرەوەکانی ناسـرابوو بەرامبـەر بەرهەڵسـتکارانی شۆڕشو تاوانباران. لە کۆتایی ژیانیدا کەنارگیری هەڵبژاردبوو، هەروەها دانـی بـەوەدا نـاوە، کـە نزیکـەی ٢٠٠٠ هەزار کەسی لەسێدارە داوە http://www.aawsat.com

[2] Efraim Karsh : Essential Histories:The Iran-Iraq War 1980-1988 OSPREYPUBLISHING. Osprey Publishing Ltd. UK. 2002. pp112-113.

[3] ولید عبدالناصر: ایران دراسة عن الثورة والدولة، دار الشرق، القاهرة، ١٩٩٦، ص ٨١.

[4] اصغر جعفر ولدانی: روابط ایران وعراق در سالهای ٢٠٠٣-١٩٨٨. در حسین دهشیار و دیگـران: مسائل ایرانو عراق، مؤسسه فرهنگ مطالعات و تحقیقـات بـین المللـی ابـرار معاصـر، تهـران،١٣٨٢، ص ص١٠-١١.

هاوپەیمانییەکی پێکهێنا، کە لە ٣٠ دەوڵەت پێکهاتبوون. ئەم هاوپەیمانانە لە ١٧یەنایر-٢٤ی فەبرایری١٩٩١، لەگەڵ عێراق کەوتنە جەنگی سەربازییەوە، کە بە "دووەمین جەنگی کەنداو" ناوبرا[١]. ئەوەی جێگای باسە سەرجەم دراوسێکانی عێراق لەو هاوپەیمانیەتەدا بەشدار بوون، جگە لە ئێران نەبێت، کە بێلایەنی خۆی راگەیاند[٢]، لەسەر زمانی سەرۆك کۆمار هاشمی رەفسەنجانی[٣]. ئەم هەڵوێستەی ئێران بە دوو قۆناغدا تێپەری کرد. قۆناغی یەکەم، بریتی بوو لە دەسپێکی کێشەکە، لە ٢ی ئۆگستۆسی ١٩٩٠ – ١٥ی ئۆگستۆسی١٩٩٠. لەم قۆناغەدا ئێران ئیدانەی داگیرکاری عێراقی کردو پشگیری چارەسەری سەربازی بۆدەرکردنی عێراق کرد. بەڵام دوای ئەمە قۆناغی دووەم دەستپێدەکات، کە ناوەراسی ئۆگستۆس، تا کۆتایی فبرایری ١٩٩١ دەخایەنێتو وەرچەرخانێك لە هەڵوێستی ئێرانیدا روویدا، کە بەتوندی ئیدانەی بوونی هێزی هاوپەیمانانی لە کەنداوی عەرەبی/ فارسیدا کرد. هۆکاری ئەم وەرچەرخانە لە هەڵوێستی ئێرانادا دەگەرێتەوە بۆ هەڵوێستی عێراق، کە لە کاتی قەیرانەکەدا بەرامبەر ئێران پەیرەوەی لێکرد[٤].

عێراق بۆ ئەوەی ئێران لە شەردا بێلایەن بێتو سود لە بێلایەنی دراوسێکەی وەربگرێت، هاوکات بۆ یەکخستنی هەڵوێستی ئێرانیو عێراقی لە دژی هەڵوێستی سعودی لە ناوچەکەدا

---

[١] ماریون فاروق سلوغلت وبیتر سلوغلیت: المصدر السابق، ص٣٧١.

[٢] حسین علی : هل ستصبح ایران دولة نوویة تخشاها الدول المجاورة لها؟ کتب عربیة، kotobarabie.com، ص٩٢

[٣] عەلی ئەکبر هاشمی رفسنجانی لە فبرایر ١٩٣٤ لەدایك بووە. ساڵی یەکەمی شۆرشی ئێران وەزیری دەرەوە بووە. لە ساڵی(١٩٨١ – ١٩٨٨) سەرۆکی پەرلەمان بووە. لە ساڵی(١٩٨٩-١٩٩٧) سەرۆك کۆمار بووە. پاشان سەرۆکی ئەنجومەنی شارەزایان بووە لە. لە ساڵی ٢٠٠٧ بووە بە سەرۆکی کۆری دیاریکردنی بەرژەوەندی رژێم، (مجمع تشخیص مصلحة النظام). هاوکات پۆستی بەرپرسی ئەنجومەنی شارەزایان (مجلس الخبراء)ی هەبووە. بە هۆی نارازی بوونی لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٩، پێگەی سیاسی لە ناو دەوڵەت لاواز بووە. http://www.alrashead.net

[٤] عبدالله فهد النفیسی: ایران والخلیج، دیالیکتیك الدمج والنبذ، دار القرطاس، kotobarabie.com. ص٣٦

کە بنکەی لەشکری هاوپەیمانان بوو، لە لایەکی تر بۆ رووتووشکردنی داگیرکردنەکەی بەگووتاری ئیسلامی[1]. لەبەر هەموو ئەوانە عێراق کۆمەڵێك سازشی گەورەی بۆ ئێران کرد، کە گرنگترینیان، سەرجەم زەوییە داگیرکراوەکانی بندەستی عێراقی گەراندەوە بۆ ئێران، کە زیاتر لە (٢٥٠٠) کم دووجا دەبوون. دانینا بە رێکەوتنامەی ساڵی ١٩٧٥. رەزامەندی پیشاندا لەسەر رادەستکردنەوەی زۆرینەی دیلە ئێرانییەکان. عێراق بەڵێنیدا، کە چالاکییەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لە عێرقدا سنوردار بکات. هەروەها بریاریدا، کە نەوتی عێراق رەوانەی ئێران بکات. دواجار عێراق بەرپرسیارێتی خۆی لە جەنگی هەشت ساڵە گرتە ئەستۆ. هەموو ئەمانە وایکرد، ئێران لێرە بەدواوە سیاسەتی خۆی بگۆرێت‌و هەستا بە ئیدانەکردنی ئەو ژمارە زۆرەی سەربازانی ئەمریکی‌و فەرەنسی‌و بریتانی لە ناوچەکەدا، چونکە ئێران گەیشتە ئەو باوەرەی، کە کێشەکە لە دەرکردنی عێراق لە کوێتەوە گۆراوە بۆ قایمکردنی جێگەپێی لەشکری ئەمریکی لە کەنداوی عەرەبی/فارسی. هەروەها دوای عێراق، کۆماری ئیسلامی ئێران دەبێتە ئامانجی ئەم هێزانە. وێرای هەموو ئەو سازشەی، کە عێراق دەرخواردی ئێرانیدا، بەلاّم تا کۆتایی کێشەکە ئێران مکور بوو لەسەر دوو هەڵوێست، یەکەمیان پێویستە عێراق تەواوی خاکی کوێتی چۆڵ بکات‌و سەروەری تەواو بۆ کوێت بگەرێتەوە. دووەمیان نابێت بە هیچ جۆرێك گۆرانکاری لە سنوری نێوان کوێت‌و عێراقدا بکرێت، بۆ ئەوەی عێراق نە لە ئێستاو نە لە داهاتودا هیچ تایبەتمەندیەکی ستراتیجی لە بەرئەنجامی ئەو داگیرکاریە دەستگیر نەبێت[2].

بە دۆراندنی عێراق لە دووەمین جەنگی کەنداو ئێران سودێکی گەورەی پێگەیشت، چونکە عێراق بەدرێژایی ساڵانی حەفتاکان‌و هەشتاکان پارسەنگی هێز بوو لە رۆژهەلاّتی

---

[1] ابراهيم محمد حسن: الصراع الدولى فى خليج العربى، مؤسسة الشارع العربى،كويت، ١٩٩٦، ص١٣٧.

[2] عبدالله فهد النفيسى: المصدر السابق، ص٣٨

ناوەڕاست بەگشتی‌و لە کەنداوی عەرەبی/فارسیدا بە تایبەتی[1]. بۆیە بە لاوازبونی عێراق، تای بالآنسەکە بە قازانجی ئێران تەواو بوو. بە تایبەت ئەو لەمپەرە عێراقیەی کە لەبەردەم ئێراندا بوو بۆ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی کەنداودا، نەما[2]. لە لایەکی تر بەهۆی ئەو دانپیانانەوە، کە عێراق لە میانەی دووەمین جەنگی کەنداو بۆ ئێرانی دەربڕی، نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٩ی دیسەمبەری١٩٩١ لە جەنگی هەشت ساڵەدا، عێراقی تاوانبار کردو بڕی زیانەکانی ئێران بە (٩٧,٢) ملیار دۆلار خەمڵاند[3].

لە بەرامبەردا لە دوای ئەو شکستەی کە لە کوەیتدا عێراق توشی بوو، وایکرد لە ئاستی نێودەوڵەتی‌و هەرێمیدا توشی کەنارگیری بێت، بۆیە دەیویست سوود لە هەڵوێستی بێلایەنی ئێران وەربگرێت. بۆ ئەم مەبەستە توانی لە چەند لایەکەوە سودمەند بێت. لایەنی یەکەم توانی بە درێژایی ساڵانی نەوەدەکان نەوتی قاچاخ لە ئێرانەوە ڕەوانەی دەرەوە بکات، هەر لە میانەی دووەمین جەنگی کەنداودا بوو وەزیری دەرەوەی عێراق تاریق عەزیز[4]، لە سەردانێکی بۆ ئێران لە ١٠ی سێپتەمبەری ١٩٩٠، باسی ئەوەی کردبوو کە عێراق پێشنیاری هەناردەکردنی نەوتی عێراقی لە خاکی ئێرانەوە دەکات، هەرچەندە بە فەرمی ئێران ئەوەی ڕەتدەکردەوەو پابەندی خۆی بۆ سزا نێودەوڵەتییەکانی سەر عێراق دەربڕی بوو، بەڵام ئەمریکا بەردەوام ئێرانی بەوە تۆمەتبار دەکرد، کە نەوتی عێرق بە قاچاخ هەناردەی بازارەکان دەکات‌و لە ساڵی ١٩٩٧، بڕی داهاتی ساڵانەی ئەو نەوتە قاچاخە بە یەك ملیار

---

[1] سید محمد صدر: "طرح امریکا برای سرنگونی حکومت عراق: عوامل و واکنشها". فصلنامه سیاست دفاعی سیاست دفاعی: شماره، ٢٦،٢٧، سال هفتم، ١٣٧٨، ص ٢٧.

[2] ابراهیم محمد حسن: الصراع الدولی فی خلیج العربی، ص١٣٧-١٣٨

[3] اصغر جعفر ولدانی: همان منبع قبل،ص٢٠

[4] لە بنەڕەتدا ناوی میخائیل یوحەننایە لە خێزانێکی کاسۆلیکی لە موسل لە ساڵی ١٩٣٦ لەدایك بووە. هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریوسە لە زمانی ئنگلیزی لە زانکۆی بەغداد. لە ساڵی (١٩٧٩-١٩٩١) وەزیری دەرەوە بوو. لە ساڵی (١٩٧٩-٢٠٠٣) جێگری سەرۆك وەزیران بووە. لە ٢٤ی ئەپریلی ٢٠٠٣ خۆی ڕادەستی سوپای ئەمریکا لە بەغداد کرد.http://ar.wikipedia.org

دۆلار مەزەندە کرد[1]. لە بەرامبەر نەوتی قاچاخدا ئێران بابەتی خواردەمەنیو دەرمانی دەخستە بازاڕەکانی عێراقەوە. ئەم پەیوەندیانە هێندە بەهێز بوو ئەندامی لیژنەی سیاسەتی دەرەوە لە مەجلیسی شورای ئێرانی جەواد لاریجانی، وتی: "هیچ دەوڵەتێك بەقەد ئێران ناتوانێت یارمەتی عێراق بدات لەرووی ئابوورییەوە"[2].

لە دوای دووەمین جەنگی کەنداو یەکێك لە ئامانجە گرنگەکانی سیاسەتی دەرەوەی عێراقی، بریتی بوو لە هەڵگرتنی گەمارۆی ئابووری. لەم پێناوەدا وەزیری دەرەوەی عێراق محەمەد سعید سەحاف[3]، سەردانی تارانی کرد لە ١٦ی یەنایری١٩٩٨ بۆ ئەوەی محەمەد

[1] اصغر جعفر ولدانی: همان منبع قبل،ص٢١.

[2] Anthony H. Cordesman and Ahmed S. Hashm: Iraq Sanctions and Beyond, Westview Press, Colorado.1997, 191

[3] محەمەد سەعید سەحاف لە ساڵی ١٩٤٠ لە شارۆچکە حللەی نزیك شاری کەربەلا لەدایك بووە. دەرچوی بەشی راگەیاندنە لە زانکۆی بەغداد. لە ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی بە حزبی بەعس کردووە. چەند پۆستێکی لە ناو حکومەت وەرگرتووە گرنگترینیان بەڕێوەبەری تی ڤی عێراقی بووە، هەروەها نوێنەری عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان. پاشان بوو بە وەزیری دەرەوەی عێراق لە ساڵی ١٩٩٢-٢٠٠٢. دواتر بووە بە وەزیری راگەیاندن تا ساڵی ٢٠٠٣. http://ar.wikipedia.org

خاتەمی[1]، وەك سەرۆکی رێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی[2]، پشگیری هەڵگرتنی سزاکانی سەر عێراق بکاتو کۆتایی بە کەنارگیریەکەی بهێنێت[3].

دواجار ئەوەی عێراقی بە ئێرانەوە گرێ دابوو، سیاسەتی ئەمریکا بوو، بەرامبەر ئەو دوو دەوڵەتە. سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بیل کلینتۆن[4]، لە ماوەی فەرمانڕەوایەتیدا سیاسەتی (الاحتواء المزدوج) ی لە بەرامبەر ئێرانو عێراق بەکارهێنا، کە مەبەست تیایدا بەرگرتن بوو لە رۆڵی ناوچەیی ئەم دوو دەوڵەتە، بەجۆرێك تەواوی کاریگەریان بۆ دروستکردنی تەنگژەو باری ناجێگیر لە ناوچەکەدا پەکبخات[5].

---

[1] حجەت ئەلئیسلام محەمەد خاتەمی، پێنجەمین سەرۆك کۆما ری ئێرانە. لە ساڵی ١٩٤٣ لە خێزانێکی ئاینی لەدایك بووە. بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە فەلسەفەی ئیسلامی لە زانکۆی ئەسفەهان لە ١٩٦١ بەدەستهێناوە. لە ساڵی ١٩٨٢ بووە بە وەزیری رۆشنبیری. لە جەنگی ئێرانو عێراق بەرپرسی سەرکردایەتی جەنگی راگەیاندن بووە. سەرۆك کۆماری ئێران بووە لە (١٩٩٧-٢٠٠٥). http://www.aljazeera.net

[2] ئەم رێکخراوە لە ساڵی ١٩٦٩ دامەزراوە بە بەشداری ٢٦ دەوڵەتی زۆرینە موسڵمان لە ریبات. دواتر لە ساڵی ١٩٧٠ کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەی دەوڵەتە ئیسلامییەکان لە جەدە بەسترا. ئامانج تیایدا چەسپاندنی هاریکاری ئیسلامیانەی نێوان دەوڵەتە موسوڵمانەکانە. ئێستا ٥٧ ئەندامی هەیەو سەرۆکەکەی ئەکمەل ئەلدین ئیحسان ئۆگلۆیە. http://www.islamicsummit.org

[3] الانصات المرکزی، نشره، معلوماتیه یومیه یصدرها مکتب الاعلام المرکزی للاتحاد الوطنی الکردستانی، عدد (٨٢٨). /١٩٩٨/١/١٧

[4] بیل کلنتۆن ناوی راستەقینەی ولیام جیفرسون بلاییسە. لە ساڵی ١٩٤٦ لەدایك بووە. پسپۆری یاسای گشتییە. لە ساڵی ١٩٧٨ بووە بە حاکمی ویلایەتی ئەرکانساس. لە ساڵی ١٩٩٣ بووە بە چلو دووەمین سەرۆکی ئەمریکا تا ساڵی ٢٠٠١. لە گرنگترین روداوەکانی سەردەمی کلنتۆن رێکەوتنامەی ئۆسلۆی نێوان فەلەستینییەکانو ئیسرائیلە /http://www.islamicnews.net

[5] سیاسة الاحتواء المزدوج: "Dual Containment": لە لایەن مارتن ایندك Martin Indyk، تێزریزە کرا کە نوێنەری پەیوەندییە دەرەکییەکان بوو لە لیژنەی ئاسایشی نەتەوەی لە ١٨ی مایۆی ١٩٩٣ لە کۆبونەوەی پەیمانگای واشنتن بۆ سیاسەتی رۆژهەلاتی نزیك باسی کردبوو. ئەو باسی ئەوی کردبوو دوای ئەوەی کە بریتانیا لە سەرتای حەفتاکان بە تەواوی لە رۆژهەلاتی ناوەراست پاشەکشی کرد، ئەمریکا

سەرۆکی مەجلیسی شورای ئێران علی ئەکبر ناتق نوری[1]، لە بەرامبەر ئەو سیاسەتەی ئەمریکادا رایگەیاند، کە "ئێران‌و عێراق پەیوەندیەکەیان گەیشتۆتە ئاستێك کە دەتوانن بالآنسی هێز لە بەرامبەر هێزی ئەمریکا لە کەنداوی فارسیدا رابگرن[2]. هەروەها سەرۆکی ئەمریکا جۆرج بوشی کوڕ[3]، لە دوای رووداوی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، هەردوو دەوڵەتی لە بەرەی شەڕ لە دژی ئەمریکا ناونا، ئەوە بوو لەم بارەیەوە سەددام حسین رایگەیاند، کە پێویستە ئێران‌و عێراق کێشەکانیان لەبیر بکەن‌و هەوڵبدەن هاوپەیمانییەکی ستراتیجی دژی ئەمریکا پێکبهێنن[4].

ئێران لە نەوەدەکاندا بە سەرکردایەتی رەفسەنجانی هەڵمەتی دووبارە بنیاتنانەوەی دەگوزەراند، لەو کاتەدا سیاسەتی دەرەوەی ئێران بریتی بوو لە جەخت کردنەوە لەسەر سود وەرگرتن لە لایەنی دەرەکی بۆ دووبارە خۆبنیاتنان، بۆیە ئامانجی سیاسەتی دەرەوەی ئێران، باشکردنی پەیوەندییەکانی بوو لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا. لە ٢٧ی مایوی ١٩٩١دا رایگەیاند بە جۆرێك، کە "پێویستە هاریکاری دەرەکی جێگای رووبەرو بونەوەی دەرەکی

بەرپرسیاریەتی ناوچەکەی گرتە دەست‌و سیاسەتی بەرامبەر کەنداو بریتی بوو لەوەی کە عێراق‌و ئێران بەرامبەر یەکتر و دژی یەکتر بەکار بهێنێت‌و بالآنسێك دروست بکات ئەم سیاسەتە تا داگیرکردنی کوەیت بەردەوام بوو، بەڵام لە دوای دووەمین شەری کەنداو ئەم سیاسەتە پێویستە بگۆردرێت بە شێوەیەك کە عێراق‌و ئێران لە جیهان کەنارگیر بکرێن‌و وازیان لێبهێنرێت تا بەرەو خراپی دەرۆن‌و پاشان دەروخێن. İdris DEMİR: op.cit. p3

[1] لە ساڵی ١٩٣٤ لە مازندەران لەدایك بووە. ساڵی ١٩٨١-١٩٨٥ وەزیری ناوخۆ بووە. لە ساڵی (١٩٨٩-١٩٩٧) سەرۆکی پەرلەمانی ئێران بووە. لە ساڵی ١٩٩٧ خۆی بۆ سەرۆکایەتی ئێران کاندید کرد، بەڵام هەڵنەبژێردرا. http://www.aljazeera.net

[2] Anthony H. Cordesman and Ahmed S. Hashm: op. cit. p192

[3] لە ساڵی ١٩٤٦ لەدایك بووە. لە ساڵی ١٩٦٨ پەیوەندیی بە هێزی ئاسمانی نیشتمانی لە ولایەتی تەکساس کردووە. حاکمی ویلایەتی تەکساس بووە لەسەر لیستی پارتی کۆماری لە ساڵی (١٩٩٤-٢٠٠٠). چلو سێیەمین سەرۆکی ئەمریکا بووە لە ساڵی (٢٠٠١-٢٠٠٩). http://www.zuhlool.org

[4] حسین دهشیارو دیگران: مسائل ایران‌و عراق،ص٣٢.

بگرێتەوە"، ئەم سیاسەتە هەڵقولاوی کێشەی جەنگی هەشت ساڵە بوو کە بەهۆیەوە (٢٢٠) هەزار کوژراوی لێکەوتبۆوە[١]، (٩٠٪)ی کارگەکانی لە کار کەوتبوون،(٤) ملیۆن ئێرانی بێکار بوون[٢].

یەکێك لە بایەخە یەکەمەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە نەوەدەکاندا، کێشەی عێراق بوو. ئەم گرنگییە لەو تێڕوانینەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە جێگری وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری عەرەبی و رۆژهەڵاتی ناوەراست سەید محەمەد سەدر (١٩٩٣-١٩٩٧)، باسی دەکات کە، "عێراق وێڕای ئەوەی گەمارۆی ئابووری و فشاری بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی لە سەرەو دژایەتی ئەمریکاو ئیسرائیل دەکات، بەلام هێشتا ئامادەگییەکی تەواوی هەیە بۆ ئەوەی ببێتەوە بە عێراقی (١٩٨٠). هێشتا سوپاو یەکە نیزامییەکان و چەکە کۆمەڵ کوژییەکانی ماون. بەم بەڵگانە عێراق هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ ئاسایشی ئێمە، بۆیە گرنگترین پێگەی لە سیاسەتی ئێراندا هەیە، ئەمە واتای ئەوەی نییە کە ئەمریکاو ئیسرائیل پشت گوێ بخەین، ئەو ئەمریکایەی، کە بە درێژایە تەمەنی شۆڕشی ئیسلامی دوژمنێکی بەهێزی ئێران بووەو بە هەموو شێوەیەك بەدوای ئەوەدا ئەگەرێت، کە ئەو کارە بکات، بەلام ئەوەی ئەو کارەی بۆ دەکات بەغدادەو ئێمەش دەبێت ئاگادار بین"[٣].

هەر لەم ترسەوە بۆ چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ عێراق، دوو باوەڕ لە ناوەندی بڕیاری ئێرانیدا گەلاڵە بوو. یەکەمیان نەمانی ئەو رژێمەی بە تاکە مەرجی ئاسایی بونەوەی پەیوەندییەکان دەزانی، چونکە بەڕای ئەوان زۆرینەی کێشەکانی نێوان هەردولا بە تایبەت لە شەڕی هەشت ساڵەدا سەرچاوەکەی سەدام حسێن و رژێمەکەی بوون، لە لایەکی تر زۆربونی

---

[١] سەرچاوەیەکی تر قوربانییەکانی ئێران بە ٤٥٠٠٠٠-٧٣٠٠٠٠هەزار کوژراوو ٦٠٠٠٠٠-١٢٠٠٠٠٠ کەمئەندام ، مەزەندە دەکات.

Patrick Clawson and Michael Rubin: Eternal Iran Continuity and Chaos, PALGRAVE MACMILLAN, New York, 2005, p113,

[٢] نيفين عبدالمنعم مسعد: صنع القرار في ايران و العلاقات العربية-الايرانية، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠١، ص١٩٩-٢٠٠

[٣] سيد محمد صدر: همان منبع قبل، ص ٢٧

بڕیارە نێودەوڵەتیەکان لە دژی عێراق، وایکردووە ڕژێمی عێراق، مەشروعیەتی نێودەوڵەتی لەدەست بدات. دواجار عێراق لە ناوخۆشدا لەژێر فشاری نەیارەکانیەتی. لەم سۆنگەیەوە باوەڕی یەکەم پێیوابوو، ئێران پی خۆش بێت یان نا، داهاتووی ئەو ڕژێمە نەمانەو درەنگ یان زوو دەڕووخێت. دووەم باوەڕ پێداگری لەسەر هەبونی پەیوەندی و هاریکاری لەگەل عێراق دەکرد، چونکە لە لایەك ئەو ڕژێمە دژی ئەمریکاو ئیسرائیلە لە لایەکی تر عێراقێکی لاواز بۆ ئێران باشترە وەك لە ڕژێمێکی بەهێز[1].

ئێرانو عێراق لە دوای دووەمین جەنگی کەنداو تا جەنگی ئەمریکا لە دژی عێراق، (١٩٩١-٢٠٠٣)، نەیانتوانی بەربەستەکانی بەردەم پەیوەندیەکانیان لابەرنو وەك دوو دەوڵەتی دراوسێ پەیوەندیەکی ئاساییان هەبێت. لەم قۆناغەدا گرنگترین بەربەستەکان بریتی بوو لەم کێشانەی خوارەوە:

١. کێشەی پارتە بەرهەڵستکارەکان: ئەم کێشەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جەنگی هەشت سالە کاتێك هەردوولا پارتە بەرهەڵستکارەکانی یەکترییان داڵدە ئەدا. بە کۆتاییهاتنی جەنگ، کێشەی بەرهەڵستکارەکان چارەسەر نەکرا. ئەوە بوو تاران زۆر بە روونی درکاندی کە یەکێك لە هۆکاری ئاڵۆزی پیوەندیەکان ئەوەیە ئێران داڵدەی (ئ.ب.ش.ئ.ع)، (المجلس الاعلی للثورة الاسلامیة فی العراق)[2]، دەداتو ئەوانیش داڵدەی (ر.م.خ)، (سازمان مجاهدین خلق ایران)[3]، دەدەن[1].

---

[1] امیر دریابان علی شمخانی: "استعداد بحران افرینی عراقو سیاستهای ایران"، فصلنامه "سیاست دفاعی": شماره، ٢٦،٢٧، سال هفتم، ١٣٧٨. ص ١٧-١٨

[2] ئەم گروپە لە ساڵی (١٩٨٢) لەسەر دەستی ئێران دامەزرا بۆ مەبەستی کردنەوەی بەرەیەکی دیکەی شەڕ لە دژی عێراق دەیویست سود لە بەرهەڵستکارە عێراقیەکانی دانیشتوی ئێران وەربگرێت. زۆرینەی ئەم گروپە شیعە مەزهەب بونو کوردیشیان تێدا بوو. یەکەم سەرۆکی مەحمود هاشمی بوو پاشان محەمەد باقر ئەلحەکیم، سەرۆکایەتی کرد. Anthony H. Cordesman & Emma R. avies: Iraqs iusurgency and road to civil War (Washington D.C-2008) P 38.

[3] ڕێکخراوی موجاهدینی خەلق، لە ساڵی ١٩٦٥ دژی ڕژێمی محەمەد ڕەزا شای ئێران (١٩٤١-١٩٧٩)، دامەزرێنرابوو، ئامانجیان رووخاندنی ڕژێمی شاو کۆتایهێنان بە هاوپەیمانێتی نێوان ئەمریکاو ئێران

عێراق لە سەرهەڵدانی راپەرینی ساڵی١٩٩١دا راستەوخۆ ئێرانی تاوانبار کرد، کە پشتیوانی (ئ.ب.ش.ئ.ع) کردووە بۆ راپەرین لە پارێزگاکانی باشوردا[٢]. لە داوای لاوازبونی عێراق لە دووەمین جەنگی کەنداو، ئێران ئەم هەلەی قۆستەوە کە راستەوخۆ هێرش بکاتە سەر کەمپی ئەشرەف، ئەوە بوو لە ٥ی ئەپرلی ١٩٩٢ بۆ یەکەم جار ئێران لە دوای شەری هەشت ساڵە ئاسمانی عێراقی بەزاندو کەمپەکە کەوتە بەر شاڵاوی (١٢) فرۆکەی ئێرانی لە جۆری (F5), (F4)[٣]. ئەم کێشەیە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠دا گەیشتە چڵەپۆپەی ململانێ کاتێك ئێرگەی تاران رایگەیاند کە شەرێکی روبەرو بونەوە لە نێوان ئێران و(ر.م.خ) بووە کە تیادا (٤) لەوان کوژراوە، لە لایەکی تر (ر.م.خ) رایگەیاند، کە شەرەکە لە نزیك شارۆچکەی (بەدرە)ی سەر بە پارێزگای واست رویداوە تیایدا ئێران دەبابەو زرێپۆشی بەکارهێناوەو (١٥)کم هاتۆتە ناو خاکی عێراق[٤]. دوابەدوای ئەم روداوە لە ٦/٥ی فەبرایری٢٠٠٠، (ر.م.خ) هێرشێکیان کردە سەر نوسینگەی سەرۆك محەمەد خاتەمی و کۆمارو هەندێك لە نوسینگەکانی علی خامنیی و هاشمی رەفسەنجانی[٥]،

بوو، بۆ ئەم مەبەستە خەباتی چەکدارو توندو تیژیان بە رەوا دەزانی، باوەڕیشیان بە گرێدانی باوەڕی مارکسی و ئیسلامی بوو. ئەم گروپە رۆڵی هەبوو لەسەرخستنی شۆرشی گەلای ئێران، بەلام بەهۆی سەرهەڵدانی جیاوازی لەگەڵ رژێمی ئیسلامی ئێران، لە ساڵی ١٩٨١ دەستی کردەوە بە خەباتی چەکداری لە دژی دەوڵەتی ئێران. تا ئێستا ١٢ هەزار هاوڵاتی ئێرانی بونەتە قوربانی ئەو ململانێیە. سەرۆکی ئەم گروپە مەسعود رجوی بوو، کە لە ساڵی ١٩٨٦ خۆیو گروپەکەی لە لایەن عێراقەوە پەنا دراو تەواوی پشگیری سەربازیان لێکردن و شوێنێکیان لە نزیك سنووری ئێرانو لە پارێزگای دیالە بە ناوی (کەمپی ئەشرەف) بۆ تەرخان کرا. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم رێکخراوە بروانە، ولید محمود عبدالناصر: صعود وسقوط التیار الاسلامی فی ایران، دار المستقبل العربی، بیروت، ١٩٩٣، ص ص٨٠-٨١

[١] الانصات المرکزی، نشرة خبریة معلوماتیة یومیة ، العدد (٥١٦)، ١٩٩٧/١/٢١

[٢] علی الشمرانی: صراع الاضداد، المعارضة العراقیة بعد حرب الخلیج، دار الحکمة، لندن،٢٠٠٣، ص١٧٥-١٧٦

[3] Anthony H. Cordesman and Ahmed S. Hashm: op. cit. p191

[٤] الانصات المرکزی، نشرة خبریة معلوماتیة یومیة عدد (١٦٠٦)، ٢٠٠٠/١/١٦

[٥] الانصات المرکزی، نشرة خبریة معلوماتیة یومیة العدد (١٤٨٨)، ٢٠٠٠/٢/٧

سەرکردەی باڵای پاسدارانی ئێرانی رەحیم سەفەوی[1] رایگەیاند، کە ئەو چەکدارانەی (ر.م.خ) لە عێراقەوە هاتون‌و جێگری سەرەك کۆماری عێراق عزەت ابراهیم دوری[2] و عدی کوری سەدام حسینی[3] تۆمەتبار کرد. هەروەها داوای لە حکومەت کرد، کە هەڵوێست لە بەرامبەر عێراق وەربگرێت. لە بەرامبەردا عێراق ئەوەی راگەیاند، کە بە هیچ جۆرێك دەست وەرنەداتە چالاکی سیاسی‌و سەربازی‌و کێشەی ناوخۆی (ر.م.خ)[4]. لێرەدا ئەوەی پێویستە بوترێت، کە سەرۆکی (ئ.ب.ش.ئ.ع) بە ئاشکرا رایگەیاند کە ئەوان لەدەرەوەی سیاسەتی ئێران ناتوانن بچنە ناو خاکی عێراقەوە[5].

٢. یەکێك لەو کێشانەی، کە جەنگی هەشت ساڵە لەدوای خۆی بەجێیهێشت‌و گرفتێك بوو لەبەردەم ئاڵۆزی پەیوەندییەکان بریتی بوو لە کێشەی مرۆیی، کە وەزیری دەرەوەی

---

[1] یەحیا رەحیم سەفەوی لە ساڵی ١٩٥٨ لەدایك بووە بەشداری یەکەمین جەنگی کەنداوی کردووە. پلەی جەنەراڵی لە سوپادا هەیە. لە ساڵی ١٩٩٨-٢٠٠٧ سەرکردەی باڵای سوپای پاسدارانی ئێران بووە. ئێستا راوێژکاری باڵای سەرکردایەتی گشتی سوپایە بۆ کاروباری سەربازی.
/http://www.aljazeera.net/portal

[2] لە ساڵی ١٩٤٢ لە شاری ئەلدور لە پارێزگای سەلاحەدین لەدایك بوو. لە بنەماڵەیەکی خێلەکی بووەو پەروەردەیەکی سۆفییانەی هەبووە. لە ساڵی ١٩٦٨ بەدواوە هاورێی سەدام حسین بووە. جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بووە. لە ساڵی ٢٠٠٣ سەرکردایەتی سەربازی ناوچەی باکور بووە. لە دوای مردنی سەددام بووە بە ئەمینداری گشتی حزبی بەعس.
http://ar.wikipedia.org/wiki

[3] عودەی سەدام حسین (١٩٦٤-٢٠٠٣) کورە گەورەی سەدام حسین بووە. سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی عێراقی بوو لە ساڵی ١٩٨٦. نەقیبی رۆژنامەنوساتی عێراق بوو. سەرنوسەری رۆژنامەی بابل بوو. هەروەها سەرکردەی هێزی "فیدایی سەددام" بوو. لە ساڵی ١٩٩٦ هەوڵی کوشتنی درا. لە ٢٥ی یۆلیۆی ٢٠٠٣ لەسەر دەستی ئەمریکیەکان کوژرا. /http://www.elsmt.com

[4] الانصات المركزي، نشرة خبرية معلوماتية يومية العدد،(١٤٨٩).٨/٢/٢٠٠٠

[5] Abbas William Samii :THE NEAREST AND DEAREST ENEMY: IRAN AFTER THE IRAQ WAR، Middle East Review of International Affairs (MERIA) Vol. 9, No. 3 (September 2005)، www.meria.idc.icil

عێراق ناجی سەبری پۆلێنی کردبوو بەسەر دیل و بێ سەروشوێن و ئاوارە وگۆری سەربازەکانی بەرەی جەنگ[1]. لە نەوەدەکاندا هەردوولایەن، دوای چەندین دانیشتن نەیانتوانی تەنها کۆتایی کێشەی دیلەکان چارەسەر بکەنە، ئەو ژمارە دیلەی کە ئازادیش دەکران، ئەوە وەك کارتێکی سیاسی لە دانوستانەکان بە کار دەهات نەك وەك کێشەیەکەی مرۆیی، بۆ نموونە عێراق لە میانەی دووەمین جەنگی کەنداودا بەیەکجار (١٨) هەزار دیلی ئێرانی ئازاد کرد، ئەمەش لە بەرامبەر ئەوە بوو، کە ئێران بەشداری شەر لە دژی عێراق نەکات[2]. عێراق بە ئازاد کردنی ئەم ژمارە دیلە نیازپاکی خۆی رادەگەیاندو بەردەوام پێداگری لەوەدەکرد، کە تەنها (٦٤) دیلی لا ماوەو لە بەرامبەردا داوای (١٢) هەزار دیلی خۆی لە ئێران دەکرد[3]. ئەمە لە کاتێکدا بوو ئێران خشتەیەکی پێشکەش کرد بۆ راگەیاندنەکان و تیایدا هاتبوو، کە ئێران بە (١٠٦) جار، (٥٠) هەزار دیلی عێراقی بەرداوە، بەڵام عێراق بە (٧٠) جار (٣٩٤٧١)، دیلی بەرداوەو ئێران داوای (٣٢٠٦) دیلی لە عێراق دەکات[4].

٣. کێشەی فرۆکە عێراقیەکان تەوەرێکی گرنگی ئاڵۆزی پەیوەندیەکان بوو. لە نێوانی دووەمین جەنگی کەنداودا، بۆ سەلامەتی فرۆکەکانی عێراق لە پەلاماری سەربازی هاوپەیمانان، (١٢٧) فرۆکەی جۆراوجۆری نارد بۆ ئێران بەڵام دوای تەواو بونی جەنگ ئێران ئامادە نەبوو دان بەوەدا بنێت، کە ئەو فرۆکانە دەگەرێنێتەوە بۆ عێراق. ئەم فرۆکانە (٢٢) دانە لە فرۆکەی بازرگانی جۆری (IL76) بوون ، (٥) فرۆکەی نەفەر هەڵگری جۆری (BOING) هەروەها (١٠٠) فرۆکەی سەربازی بوون[5]. پسپۆرێکی ئێرانی پێیوایە، کە

---

[1] الانصات المركزى، نشرة خبرية معلوماتية يومية عدد (٢٠٩٢).٦/١٢/٢٠٠١

[2] عبدالله فهد النفيسي: المصدر السابق، ص٣٧

[3] الانصات المركزى، نشرة خبرية معلوماتية يومية العدد (٦٧٢)، ٢٠/ ٧/ ١٩٩٧

[4] الانصات المركزى، نشرة خبرية معلوماتية يومية العدد (١٦٦٤)، ٢/٨/٢٠٠٠

[5] Anthony H. Cordesman and Ahmed S. Hashm: Iraq Sanctions and Beyond, P19٢

بوونی هەندێك فڕۆکەی جەنگی لە ناو سوپای ئێرانیدا وەك جۆرەکانی، (ئەلیوشن-٢٧) (ئەلیوشن-٢٥) (ئەلیوشن-٧) (میك-٢٩)،کە پێشتر ئێران نەیبوەو ئێستا لە مانۆرە سەربازیەکاندا دەردەکەوێت، دەیسەلمێنێت، کە ئەوانە فڕۆکەی عێراقین‌و ئێران تازە نیازی نییە بیداتەوە بە عێراق[١].

ئێران لە نەوەدەکاندا سیاسەتی (نە ئاشتی رەهاو نە شەڕ)ی لەگەل عێراق پەیرەو دەکرد، ئەمەش وەك سەرکردەی سوپای پاسداران دانی پیادا نا، کە کێشەی سیاسەتی دەرەکی ئێران لە بەرامبەر عێراق بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە. گرنگترینیان ئەوەیە ئەمریکا سیاسەتێکی دیاریکراوی بەرامبەر عێراق نیە، هاوکات سیاسەتی توندی عێراقیەکان سەبارەت بە بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش، لە سەرو هەمووشیانەوە فرەییی لە مەرکەزی بڕیاردانی ئێرانی ، وایکردووە، سیاسەتێکی ئاشکرای ئێرانی تایبەت بە عێراق نەبێت[٢].

بڕیاری رووخاندنی رژێم کە لە لایەن کۆنگرێسی ئەمریکیەوە لە ساڵی ١٩٩٨ دەرچوو[٣]، بەرچاورونیەکی بۆ ئێران دروست کرد لە تێڕوانینیان بۆ داهاتوی عێراق. لەو بڕیارەدا گرنگی تایبەتی بە بەرهەڵستکارانی عێراقی لە روخاندنی رژێمی عێراقی درا، ئەویش بە تەرخانکردی ٩٧ ملیۆن دۆلار بۆ بەرهەڵستکاران، بە ئامانجی خۆڕیکخستن‌و ئامادەبونیان بۆ روخاندنی عێراق. ئەمە لەکاتێکدا بوو بەشێکی گرنگی ئەو بەرهەڵستکارانە شیعەکان بوون‌و لە ناو بازنەی سیاسەتی ئێران دەخولانەوە، هەر ئەمەیە وا دەکات یەکێك لە بەرپرسانی وەزارەتی هەواڵگری (ئیتلاعات) لەم بارەیەوە دەڵێت:" ئێران سەنگی تەواوی لە عێراقدا لە (٣٠٪-٣٥٪)، بە بێ ئێران ناتوانرێت هیچ گۆڕانێك لە عێراقدا بکرێت هەمان کات ئێرانیش ناتوانێت

---

[١] الانصات المركزى، نشرة خبرية معلوماتية يومية عدد(٢٠٨١). ٢٠٠١ /١٢/٢٥

[٢] امير دريابان على شمخانى:همان منبع قبل. ص١٦

[٣] کۆنگرێسی ئەمریکی لە مانگی (ئۆکتۆبەری ١٩٩٨) بڕیاری "ئازادکردنی عێراق"ی دەرکرد، وەك سیاسەتێکی رونو ئاشکرا بەرامبەر دیاریکردنی دوارۆژی رژێمی عێراق کە چارەنووسی لەناوچونە، بۆئەم مەبەستە وەك یەکەمین هەنگاو بری (٩٧)ملیۆن دۆلار لەلایەن ئیدارەی ئەمریکاوە درا بە بەرهەڵستکارانی عێراق بۆ کارکردن لەپێناو روخاندنی ئەو رژێمە. دانیل بايمن و دیگران: "سياسة أمريكا در قبال عراق، برس چهار سناريو"، مترجم : مريم ملانظر، فصلنامه "سياسة دفاعی"، شماره، ٢٦-٢٧، ١٣٧٨ ، ص٥٦ .

بە تەنها گۆڕان لە عێراقدا بکات"[1]. هەموو ئەمانە وایکرد کە ئێران گرنگی زیاتر بە بەرهەڵستکارانی عێراقی بدات بە تایبەت ئەو چوار لایەنەی، کە بەشداری کۆبونەوەکان لەگەڵ ئیدارەی ئەمریکی دەکرد، کە (ی.ن.ک)و (پ.د.ك)و (ك.ن.ع) (المؤتمر الوطني العراقي)[2]. لە هەمووشیان گرنگتر (ئ.ب.ش.ئ.ع) بوو، کە ئێران خواستی ئەوەی هەبوو بەهۆی ئەو ئەنجومەنەوە لە لایەك ئاگاداری نەخشەی ئەمریکا بێت لە عێراق. هەروەها لە داهاتووی عێراقی دوای سەدام حسین دڵنیا بێت، کە تیایدا رەوتە شیعە ئیسلامیەکان رۆڵی کارا بگێرن. تاڵەبانی دوای کۆبونەوەی لەگەڵ محەمەد خاتەمی لە یەنایری ۲۰۰۳ سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان بەرهەڵستکارانی عێراقیو ئێران وتی: "سیاسەتی ئێران بریتیە لە هاریکاری کردنی ئۆپۆزسیۆن لەم پێناوەدا هەموو هاریکارییەکمان پێشکەش دەکات، ئەمەش بۆ دیموکراتی بۆ عێراقێکی یەکگرتوو، هەروەها حوکمی گەل. ئێرانیش دژی هاریکاری ئەمریکا بۆ ئێمە نییە"[3].

لە دوا ساتەکاندا رای ئێران لە پشگیریکردنی شەڕ گۆڕانی بەسەردا هات لەبەر دوو هۆ، یەکەم: ترسی ئەوەی لێنیشت، کە سوپای ئەمریکی بە تەواوی لە هەر چوارلاوە نزیکی سنورەکانی دەبێتەوە. دووەم: ئەمریکا ئلیتێکی سیاسی عێراقی لە فەرمانڕەوا دامەزرێنێت لەگەڵ سوپای ئەمریکی گەلەکۆمە لە ئێران بکەنو بەرهەڵستکارانی ئێرانیش لەم پێناوەدا

---

[1] گروه امنیت ملي: اینده عراق، فصلنامه "سیاست دفاعي": شماره، ۲٦،۲۷، سال هفتم، ۱۳۷۸.

[2] کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی-Iraq National Congeess، (INC) لە ساڵی ۱۹۹۲ لە لایەن دکتۆر ئەحمەد چەلەبی دامەزراوە. پشگیری دەرەکی لە لایەن دەستگای هەواڵگری ئەمریکا (CIA) دەستکەوتبوو. لە ساڵی ۱۹۹۲-۲۰۰٤، بری ۳۰ ملیۆن دۆلاری لەو دەستگایە وەرگرتبوو. بڕوانە، Spencer C. Tucker: The Encyclopedia of Middle Eeast Wars: The United States in the Persian Gulf, Afghanistan and Iraq Conflicts (California-2010) p 270.

[3] الانصات المركزي، نشرة خبرية معلوماتية يومية عدد(٢٤٤٨). ٢٠٠٣/١/٩.

بەکار بهێنن[1]. هەر بۆیە وەزیری دەرەوە ئێران کەمال خەرازی[2]، ناڕەزایی خۆی دەربڕی بۆ لێدانی سەربازی لە عێراق و رایگەیاند، کە واشنتن ئەو مافەی نییە، کە حکومەت و رژێمەکان بگۆڕێت، بەڵام عێراق پێویستە بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش جێبەجێ بکات[3].

---

[1] ئێران دەورووپشتی بە هێزی ئەمریکا گیرا بوو. لە باکورەوە هێزی لە هەندێك كۆمارەکانی ئاسیای ناوەراست جێگیر کردبوو. لە رۆژهەڵاتەوە لە ئەنجامی روداوی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، ئەفغانستانی داگیرکردو بنکەی سەربازی لێدانا. هاوکات کەشتییە سەربازییەکانی لە کەنداوی عەرەبی/فارسیدا بوون. بۆیە بە داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە، لە رۆژئاواشەوە ئەمریکا ئێران ئابڵۆقە دەدات.
www.meria.idc.icil.Abbas William Samii : op.cit

[2] لە ساڵی ١٩٤٤ لەدایك بووە. هەڵگری بڕوامەی دکتۆرایە لە ئەندازیاری شارستانیدا لە زانکۆی هۆستن لە ئەمریکا. سەرۆکی دەزگای هەواڵی ئێران بووە لە (١٩٨١—١٩٨٩). نوێنەری ئێران بووە لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە (١٩٨٩-١٩٩٧). وەزیری دەرەوەی ئێران بووە لە (١٩٩٧-٢٠٠٥).
http://www.marefa.org

[3] الانصات المركزي، نشرة خبرية معلوماتية يومية العدد (٢٢٣٤). ٢٠٠٢/٥/١١.

تەوەری دووەم
تێڕوانینی ئێران بۆ هەرێمی کوردستان

کەسێتی ئێرانی بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا دیارە، کە مێژوو کاریگەرییەکی زۆری لەسەر داناوە، بۆیە کوردو کێشەکەیان بە رای ئەوان لێکدانەوەیەکی مێژوویی بۆ دەکرێت. کورد بەرای ئێرانیەکان، بەشێکی گرنگ بوون لەو دەوڵەتانەی، کە شانازی پێوە دەکەن، وەك دەوڵەتەکانی ماد(٧٢٨-٥٥٠پ.ز)و هخامنشین(٥٥٠-٣٣١پ.ز)و پارس(٢٤٧پ.ز-٢٢٦ز)و ساسانی(٢٢٦-٦٣٦ز). زمانی کوردیش، کە ناسنامەیەکی تایبەتی بە کورد داوە، یەکێکە لە شاخەکانی زمانی فارسی[1].

ریچارد کوتام[2]، لە پەنجاکانی سەدەی بیستدا دەڵێت" ئەو ئێرانیانەی، کە پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ مێژوودا هەیە، زۆر باش دەزانن کە پەیوەندییەکی زۆر لە نێوان مێژووی خۆیان و مێژووی کورد هەیە. پێداگری لەسەر ئەوەش دەکەن، کە نەك کوردەکانی ئێران بەتەنها، بەڵکو سەرجەم کوردەکان لە راستیدا ئێرانین". نوێنەری ئێران لە کۆنگرەی ئاشتی پاریسدا لە ساڵی ١٩١٩، داوای ویلایەتی موسڵی کرد، بە بیانووی ئەوەی، کە سنورێك لە نێوان ئێران و کوردستاندا نیە ، کوردەکانیش ناتوانن لە سنوری یەکەیەکی

---

[1] حمید احمدی: قومیت و قوم گرایی در ایران، افسانه و واقعیت، کتابخانه ملی ایران،١٣٧٨،ص٧٦

[2] القومية في ايران، ، بدون اسم المترجم،مكتبة الرواد،١٩٧٨، ل١٠٦

سیاسیدا کۆببنەوە[1]. دوای ئەوەی لە لایەن ئەندامانی کۆنگرەی ئاشتی داواکەی بە بێ نرخ سەیرکرا، چیتر داوای مێژووی لە ئێرانەوە بۆ ولایەتی موسڵو باشوری کوردستان بەدی ناکەین. محەمەد خاتەمی لە ساڵی ٢٠٠٣ و لە کۆبونەوەیەکی لەگەڵ تاڵەبانیدا، وەك ئاماژەیەك بە پەیوەندیی مێژوویی نێوان کوردو دەوڵەتەکانی ئێران، باسی ئەوەی کردبوو، کە پەیوەندییەکی مێژوویی لە نێوان کوردو ئێراندا هەیەو کورد ڕۆڵێکی گرنگی لە مێژوی کۆنی ئێراندا بینیوە[2].

دوابەدوای ئەم تێڕوانینە مێژوویە بۆ کورد، تێڕوانینێکی تریان هەیە بۆ بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی. بەرای دکتۆر حەمید ئەحمەدی، کە لە توێژینەوەیەکیدا بە ناوی "ئیتنۆو ئیتنۆگەرایی لە ئێران، ئەفسانەو ڕاستی"، بەو ئەنجامە گەیشتوە، کە گروپە جیاوازەکانی وەك کوردو بەلوچو ئازەر ریشەیەکی مێژووییان لە ئێراندا هەیەو لە ژێر کاریگەری میراتی سیاسیو کلتوری ئێرانو ئەزموونی هاوبەشی کۆمەڵگای ئێرانیدا خۆیان بینیوەتەوە. کوردەکانیش تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم زۆرینەیان خێڵەکی بوونو هەستی جوداخوازیان لە کۆمەڵگای ئێرانی نەبووە، بەڵام ئەوەی، کە ئەم هەستە دروست دەکاتو گروپە خێڵەکیەکان دەکاتە گروپی نەتەوەیی، ڕۆژهەڵاتناسەکانن لەگەڵ سیاسەتی نێودەوڵەتی بە تایبەت لە دووەمین جەنگی جیهانی وای لە کورد کردووە، کە وەك نەتەوەیەکی سەربەخۆ داواکاریان لە ئێراندا هەبێت. لەگەڵ هاندانی دەرەکی بەتایبەت لە لایەن نەیارەکانی ئێرانەوە. هەموو ئەمانە لە لایەن دەستەبژێری کورد بەکار هاتووە، بۆ ئەوەی داستانی نەتەوەو ڕەگەزی لێ دروست بکەنو شەرعییەت بدەن بە چالاکی سیاسی خۆیان[3]. هەر لەم بۆچوونەوەیە، کە سوپای پاسداران لە سەرەتای شۆڕشی ئیسلامیدا نوسینێکی بڵاو کردۆتەو بەناوی "کوردستان، ئیمپریالیزمو گروپە وابەستەکانیان"، کە چەند خاڵێك دەخاتە روو لەوانە هەردوو دەوڵەتی وەك یەکێتی سۆڤیەتو ئەمریکا لە ململانێی خۆیانادا کوردستان

[1] عبدالرحمن سليمان زيباري: المصدر السابق، ص٥١-٥٢

[2] الانصات المركزي، نشرة خبرية معلوماتية يومية عدد(٢٤٤٨). ٢٠٠٣/١/٩.

[3] حميد احمدي: همان منبع قبل، ص٣٧٢-٣٧٤

ئەکەن بە سەنگەر لە دژی ئیسلام‌و ئێران. ئەوان لە ڕێگای نەتەوایەتی، نەخوێندەواری کۆمەڵگەی کوردی، جیاوازی مەزهەبی‌و بە یارمەتی گروپە بەرهەڵستکارە داردەستەکان، ئەم کارانە دەکەن. لە لایەکی تر ئەمریکا بەتایبەتی دەخوازێت لە کوردستاندا ئیسرائیلی دووەم دروست بکات[1]. لێرەدا دەگەینە ئەو باوەڕەی کە لە دیدی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە کورد بوون وەك نەتەوەیەکی تایبەت لە ئێران‌و کوردایەتی وەك پرۆژەیەکی نەتەوایەتی، دوو شتی هەناردەکراوی بێگانەی ڕۆژئاواییە، بەڵام ئەوەی کە ڕەسەنایەتییە ئەوەیە کە کورد شانازی بە ئاینی ئیسلام بکات‌و ڕێزی تایبەتی بۆ ئەو پیاوە ئاینیانە هەبێت کە سەرکەوتنیان بۆ شۆڕش بەدیهێناوە، ئاینی ئیسلام‌و شوڕشی ئیسلامی ئێران زامنی پارێزگاری کردنی مافی نەتەوەکانە[2].

بەڵام جیاوازییەکی گەورە لە نێوان بۆچوونی ئێرانی بۆ کێشەی کورد لە وڵاتەکەیداو کێشەی کورد لە عێراقدا، کە لە هەرێمی کوردستاندا خۆی دەنواند، هەبوو. بۆچوونی ئێران بەرامبەر هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەستوورو سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا دەسوڕایەوە. بە پێی دەستوری ئێرانی، بۆ کۆماری ئیسلامی ڕەوایە دەست وەربداتە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتێك بەناوی مافی موسوڵمانان یان پشگیریکردنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی. لەمادەی (١٥٢)ی دەستوری ئێراندا هاتووە: "سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەندە لەسەر قەدەغە کردنی هەموو جۆرەکانی سەپاندنی دەسەلآت یان ملکەچیکردن، هەروەها پارێزگاریکردن لە سەربەخۆیی تەواوەتی، یەکێتی خاکی ولآت، پارێزگاری کردن لە مافی هەموو موسوڵمانان، بێلایەنی لە نێوان زلهێزەکان، گۆرینەوەی پەیوەندیی ئاشتیخوازانە لەگەڵ دەوڵەتانی شەرنەکەر". هەروەها لە مادەی (١٥٤) ئەو دەستوورە هاتووە کە "کۆماری ئیسلامی ئێران پشگیری خەباتی ستەمدیدەکان (مستضعفین) لە دژی خۆبەزلزانەکان (متکبرین) دەکات لە هەر ناوچەیەکی جیهان بێت، لە هەمان کاتدا

[1] دفتر سیاسی سپاه پاسداران انقلاب اسلامي: كردستان "امپرياليزمو گروههای وابسته،١٣٥٩. ص١٠-١٢

[2] حامد محمود عيسى: المصدر السابق، ص٤٢١

دەستوەرناداتە کاروباری ناوخۆی ولاتانی تر"[1]. رەفسەنجانی راڤەی ئەم دەقانە بە شێوەیەك دەکات، کە پشگیریکردن مانای دەستێوەردان نییە، نمونەی فەلەستین و ئەفغانستان دەهێنێتەوە کە ئەوان پشگیریان دەکەن نەك دەست لە کاروباریان وەربدەن[2].

لە نەوەدەکاندا سیاسەتی دەرەوەی ئێران سێ ئامانجی هەبوو کە بریتی بوون لە نوێبونەوەو گەشەپێدان. پارێزگاری لە بەرژەوەندی ئیسلام و بەرژەوەندی ئیسلامیی. بەرهەڵستی تاك جەمسەری و هەژمونی ئەمریکا[3].

بەپێی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران، هەرێمی کوردستان شوێنێك بوو، کە بەتەواوی لەناو بازنەی گرنگی پێدانی ئێران بوو، چونکە هەرێمی کوردستان کاریگەری هەبو بۆ نوێبونەوە نوێسازی بەهۆی هاوسنوری لەگەڵ ئێران، بەپێی ئەو نەخشەیەی کە رێکخراوی نێودەوڵەتی (UNICEF) لەساڵی (١٩٩٧) کێشاویەتی، هەرێمی کوردستان سنورێکی هاوبەشی لەگەڵ ئێران بە درێژای (٥١٣کم) هەیە[4]. ئەمە وایکردبوو، کە هەرێم بازارێکی باش بێت بۆ کالاًکانی ئێران و لە لایەکی تر رێرەوێکی ترانزێت بوو بۆ هەناردەکردنی کالاً بۆ ئێران. هاوکات خەڵکی کوردستان زۆرینەیان موسلمانن و لە هەرێمیشدا پارتە ئیسلامیەکان رۆڵێکی گرنگیان لە روداوە سیاسیەکاندا هەبوو، بۆیە پارێزگاریکردن لە مافی موسڵمانەکانی هەرێم و پشگیری کردن لە پارتە ئیسلامییەکان بەپێی دەستوری ئێرانی کارێکی رەوا بوو. لە هەموو ئەمانە گرنگتر هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی سیاسەتی ئەمریکادا پەیدا بوو، بۆیە بەرهەڵستیکردنی ئەو هەرێمە وەك یەکەیەکی سیاسی، لە بنەماکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بوو. هەر لەم بارەیەوە یەکێك لە ئەفسەرەکانی سوپای پاسداران بەناوی سردار مسجدی لە کاتی گفتوگۆی بەرپرس و توێژەرانی ئێرانی لەسەر ئایندەی عێراق و

[1] نقلا عن: نفين عبدالمنعم: صنع القرار في ايران، ص٣١٥.

[2] نقلا عن، المصدر نفسه: ص٦٤

[3] امير محمد حاجي يوسفي: سياستي خارجي جمهوري اسلامي ايران در پرتو تحولات منطقةاى (٢٠٠١-١٩٩١) دفتر مطالعات سياسي و بين‌المللي،تهران،١٣٨٤،ص٥٥-٥٦.

[4] بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١)

هەرێمی کوردستان ، دەڵێت:"ئێمە ستراتیجێکی دێرینمان لە کوردستاندا هەیە، نە پەلە دەکەین‌و نە دوا ئەکەوین. ئێمە پێویستە لەوێ ئامادەبونمان هەبێت. هەرکاتێك پەیوەندیە قوڵەکانی ئێمە لەگەڵ کوردەکاندا بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی رۆیشت (کە ئەوە ئامانجی هەموو کوردێکە{ ئەمە وتەی مەسجدییە})، ئەوا ئێمە لەو کارە نزیك نابینەوە. دووەم ستراتیج ئەوەیە نە ئاشتی رەهاو نە جەنگ. بە واتایەکی تر شەر لە کوردستاندا بە قازانجی ئێمە نییە، رازیشمان لەسەر ئەوو شەرە نییە، چونکە خەڵکی ئەو ناوچەیە موسوڵمانن‌و ناوچەکە نائارام دەبێت‌و ئەمە بەهانەیەك دەبێت بۆ ئەوەی کە گەورە هێزەکان دەسوەردان بکەن‌و کێشە لەسەر مەرزەکانی ئێمە دروست دەبێت. هەروەها نابێت ئەم مەرزانە بۆ بەرهەڵستکاران سودمەند بێت. ئێمە لەگەڵ شەڕدا نین لە کوردستان. لە بەرامبەردا تا کاتی دیاریکردنی چارەنوسی عێراق، ئێمە سیاسەتی نە جەنگ نە ئاشتی بەکار دەهێنین، کێشەی کوردیش دەبێت لەو چوارچێوە سەیر بکرێت. واتە ئەگەر سیاسەتی ئێمە سیاسەتی رووبەروو بونەوە بوو، پێویستە ببینین، کە پێگەی کوردستان لەکوێدایە. یان ئەگەر سیاسەتی ئێمە سیاسەتی نارامکردنەوەی پەیوەندییەکان بوو لەگەڵ عێراق، ئەوا دەبێت ببینین، کە پێگەی کوردستان چۆن پێناسە دەکەین"[(١)]. هەر لەم سۆنگەیەوە دکتۆر ئەسفەر جەعفەری ولدانی لە تەرزە سەرەکییەکانی سیاسەتی ئێران بەرامبەر عێراق‌و هەرێمی کوردستان لە نەوەدەکان ، بەم شێوەی لای خوارەوە دیاریدەکات:

- رەتکردنەوەی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق
- رەتکردنەوەی هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ گۆرینی رژێمی عێراقی
- خۆشحاڵی ئێران سەبارەت بە هەوڵەکان بۆ نەهێشتنی چەکی کۆمەڵکوژ لە عێراقدا
- پێویستە نەتەوە یەکگرتووەکان لە بری ئەمریکا سەنگی مەحەك بێت لە چارەسەرکردنی کێشەی عێراق
- بەفەرمی ناساندنی مافی چارەنوس بۆ گەلی عێراق
- رێگرتن لە دابەشبوونی عێراق

---

[١] گروە امنیت ملی: ایندە عراق، فصلنامە "سیاست دفاعی": شمارە، ٢٦،٢٧، سال هفتم، ١٣٧٨

- ڕێگەگرتن لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی
- پشگیریکردن لە گرتنە بەری ڕێگای ئاشتی لە بری ڕێگەچارەی شەر سەبارەت بە عێراق[1].

لەکۆی ئەم تێروانینە سیاسیەی ئێراندا، دەتوانین بڵێین، ئێران هەموو پەیوەندیەکی ئەمریکا لەگەڵ دەوڵەتی عێراقو هەرێمی کوردستاندا بەناڕەوا دەبینێت. چونکە ئاسایی بوونەوەی پەیوەندیی ئەمریکا لەگەڵ عێراقدا دەبێتە هۆی لاوازکردنی ئێران، لەلایەکی تر هەموو پەیوەندییەکی ئەمریکا لەگەڵ بەرهەڵستکاراندا بۆ ئەوەیە، کە گروپێك ئایندەی دەوڵەتی عێراقی بگرێتە دەست، کە ببێتە رکەبەرێکی ئێران لە ناوچەکەدا یان عێراق دابەشبکاتو بەوەش دەوڵەتی کوردی لێوە پەیدا دەبێت، کە لە هەردوو باردا ئاسایشی ئێران دەخاتە مەترسیەوە. تەریب بەم بۆچونە سیاسیە، بەلاَم بە پێچەوانەوە، ئێران پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراقو کوردستان بە رەواو بە مافی خۆی دەزانێت چونکە عێراق زۆرینەی موسوڵمانی شیعەیەو پێویستە پشگیریان بکرێت، هاوکات هەرێمی کوردستانیش وەك ئەوەی کە هەرێمێکی یەکەم موسوڵمانو دووەم ستەمدیدەی دەستی ئیمپریالیزمو دوژمنانی ئێرانن (لە دیدی ئێرانیەکانەوە)، بۆیە بۆ ئێران رەوایە، کە دەست لە کاروباری هەرێمی کوردستان وەربداتو بەرژەوەندیەکانی خۆی لەم هەرێمەدا بپارێزێت.

---

[1] حسین دهشیارو دیگران: مسائل ایرانو عراق،ص۳۱

تەوەری سێیەم
پەیوەندیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران

دەتوانین پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان‌و ئێران لەروی پراکتیکیدا بۆ چوار قۆناغ دابەش بکەین، (١) کۆرەوی بەهاری ساڵی١٩٩١، (٢) دامەزراندنی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان (١٩٩٢–١٩٩٤)، (٣) جەنگی ناوخۆ (١٩٩٤–١٩٩٨)، (٤) ساڵانی (١٩٩٨–٢٠٠٣)

قۆناغی یەکەم: کۆرەوی ساڵی (١٩٩١)

لەگەڵ سەرهەڵدانی راپەرینی گەلانی عێراق لە سەرەتای مارتی ١٩٩١، لە باشوورو باکوورەوە ئێران رێگەی بە بەرهەڵسکارە عێراقیەکاندا، کە خاکی ئێران بەکار بهێنن بۆ هێرشکردنە سەر رژێمی سەدام حسین. ئەمە وەك هەڵوێستێکی دەستخۆشی ئێرانی وابوو لە راپەرینێك، کە دژی دوژمنی هەشت ساڵەی ئێران بەرپا دەکرا. ئەم راپەرینە کەمتر لە مانگێکی خایاندو سوپای عێراق لە٢٩–٣٠مارتی١٩٩١ زۆربەتوندی دەستی بە سەرکوتکردنی راپەرینەکە کرد. لەبەرامبەردا تێکڕایی جەماوەری کوردستان لە ترسی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی‌و پرۆسەی ئەنفالێکی نوێ لە کۆچڕەوێکی بەرفراواندا، ئاوارەی سنورەکانی تورکیاو ئێران بوون[1].

ئێران لە ٤ی ئەپریلی١٩٩١دا یاداشتێکی بۆ ئەنجومەنی ئاسایش رەوانە کردو تیایدا داوای هەنگاوی خێرای کردبوو، کە بەرامبەر بەغداد بگیرێتە بەر، بەمەبەستی راوەستانی

[1] Human Rights Watch :The 1991 uprising in Iraq.

شەپۆلی کۆرەو، چونکە ئەو ژمارە زۆرە (بەرای ئێران) کاریگەری بۆ سەر ئاسایش و ئارامی ناوچەکە دەبێت. لەو نامەیدا ئێران باسی رەوشی نالەباری کوردی عێراقی کردبوو، کە زیاتر لە (٥٠٠) هەزار ئاوارە لەسەر سنورەکانو لەترسی سوپای عێراقی هەڵهاتووون، ئەم دەوڵەتە لەگەڵ ئەوەی، کە سنووری بۆ کردونەتەوە، بەڵام ئەو ژمارە زۆرەی سەرەوە، کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ ئێران دروستدەکەن[١].

لە ئەنجامی یاداشتی ئێرانو تورکیاو فەرەنسا، بە هاریکای بریتانیاو ئەمریکا، بریاری (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایش دەرچوو، کە بۆ یەکەم جار لەو ئەنجومەنەوە بە روونو ئاشکرایی باسی ئەوە کرابوو کە (سەرکوتکردنی مرۆڤ)و (جوڵەی ئاوارە)کانی کورد بەرەو رووی سنورە نێودەوڵەتیەکان، (دەبێتە هۆی هەرەشە بۆ سەر ئاسایش و ئارامی) نیودەوڵەتی[٢].

سنوری ئێران بەرووی زیاتر (١.٥) ملیۆن ئاوارەی کورد لەساڵی (١٩٩١) ئاوەڵاکرا[٣]، ئەم هەڵوێستەی ئێران مەدحو وەسفی کوردی هەرێمی کوردستانی بەدەست هێنا. کاربەدەستانو پیاوانی ئاینی، داوایان لە خەڵکی ئێران کرد کە داڵدەی ئاوارەکان بدەن، ئەوە بوو پارێزگاکانی سنەو ئازەربێجانی رۆژئاواو کرماشان، دەرگای ماڵو قوتابخانەو مزگەوتەکانیان بەرویاندا کردەوە. ئەم هەڵوێستە مرۆییە ئێرانی توشی قەیرانی دابینکاری پێداویستی و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ژمارە زۆرە لە ئاوارە کرد. بۆ نموونە شاری پیران شەهر کە پێشتر ژمارەی دانیشتوانەکەی تەنها (٢٥) هەزار کەس بوو لە کاتی ئاوارەییەکەدا گەیشتە (١٢٥) هەزار کەس. ئەم ژمارە زۆرە وایکرد، کە ئێران کۆنترۆڵی دابین کردنی خۆراکو تەندروستی بۆ ئاوارەکان لەدەست بدات، ئەوە بوو داوای یارمەتی دەرەکی کرد. بەڵام وەڵامدانەوەی کۆمەڵی نێودەوڵەتی بۆ کێشەی ئاوارەکان لە ئێراندا هێواش بوو بە

---

[١] بروانە دەقی نامەی نوێنەری ئێران لە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەنجومەنی ئاسایش. پاشکۆی ژمارە

[٢] جیانگیر کرمی: گزارشی از تحولات شمال عراق در دهة ١٩٩٠ (٧٦-١٣٦٩)، مجلە سیاست دفاعی، شمارە ٢١-٢٠، ص١٩٧

[3] Human rights watch :The 1991 uprising in Iraq.

بەراورد لەگەڵ تورکیادا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەنارگیرییەی، کە ئێران لە ناوەندی نێودەوڵەتیدا توشی هاتبوو. قوربانیی ئەو کەنارگیرییەش بەرۆکی ئاوارەکانی کوردی گرت. هەرچۆنێك بێت ئەم داوایە لە لایەن ئەمریکا وەلأم درایەوەو بۆ یەکەمجار لە دوای شۆرشی ئیسلامی فرۆکەیەکی رەوانەی فرۆکەخانی میهراباد لە تاران کرد کە بری یارمەتیەکەی بە (١٤٥) هەزرار پاوەند خەملێنرا بوو. لە لایەکی تر ئێران بۆ یەکەم جار رێگای بە هێزێکی سەربازی بێگانەی وەك هێزی ئەڵمانیادا، کە ئۆردوگا بۆ ئاوارەکان دروستبکەن‌و پێداویستیەکانی حەوانەوە بگوازنەوە. وێرای ئەوەی کە کۆمەککەرانی ئەوروپا بری ئەو یارمەتییەی کە بەخشییان بە ئێران بە (٢٥٠) ملیۆن دۆلار خەملآند، کە خێمەو بەتانی‌و خۆراکی دەگرتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بە وتەی بەرپرسە ئێرانییەکان هەر رۆژێك (١٠)ملیۆن دۆلاری لەبوجەی دەوڵەت بۆ ئاوارەکان سەرف کراوە. بەلأم هێشتا رێژەی سەرفکردن لە نێوان کوردە ئاوارەیەکی ئێرانی‌و کوردە ئاوارەیەکی تورکیدا (١-٧,٦٥) دۆلار بوو[1].

قۆناغی دووەم: دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان(١٩٩٢-١٩٩٤)

لەبەر رۆشنایی بڕیاری (٦٨٨)، لەلایەن ئەمریکاوە (ناوچەی دژەفڕین-No-fly zoon) چووە باری جێبەجێکردن، کە لە (بنکەی ئەنجەرلیك)ی تورکیاوە، فرۆکە ئەمریکیەکان ناوچەکەیان لە فرۆکە عێراقیەکان گرت. کورد لە ئەپریلی ١٩٩٢توانی لە ژێر سایەی ناوچەی دژە فڕیندا هەڵبژاردن ساز بکات‌و پەرلەمان‌و حکومەت پێکبهێنێت.

هەڵوێستی ئێران لەم رووداوانەدا ئەرێنی نەبوو. تاران نیگەرانی خۆی لە بونی هاوپەیمانان لە هەرێمی کوردستان دەربری. وەزیری دەرەوەی ئێران علی اکبر ولایەتی[2]،

---

[1] نادر ئینتسار: ئیتنۆنەتەوایەتی کورد، وەرگێرانی: عەتا قەرەداغی،چاپخانەی تیشك،سلێمانی، ٢٠٠٤. ل٣٣٢-٣٣٣.

[2] عەلی ئەکبەر ولایەتی: لە ساڵی ١٩٤٦ لە تاران لەدایك بووە. هەڵگری بروانامەی دکتۆرایە لە زانکۆی جون هوبکنز لە بواری پزیشکیدا. لە ساڵی (١٩٨٢-١٩٩٧) وەزیری دەرەوە بووە. لە دوای ئەوە بووە بە راوێژکاری رابەری کۆمار بۆ کاروباری سیاسەتی دەرەوە.
http://digital.ahram.org.eg/

لە سەروبەندی دامەزراندنی دەسەلاتی هەرێمی کوردستاندا رایگەیاند کە "ئەوەی لە باکوری عێراق هەیە کێشەیەو کێشەکەش لەوێدا دەستی پێکرد کە سوپای عێراقی لە باکوردا نەمان"[1]. بەلام دوای ئەوەی دەسەلاتی هەرێمی کوردستان بوو بە دی فاکتۆ، لێرە بەدواوە گرنگترین ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر ئەم هەرێمە بریتی بوو، لە پارێزگاریکردن لە سنورەکانی نێوانیان. رێگری کردن لە چالاکی بەرهەڵستکارە کوردە ئێرانیەکانی کە نیشتەجێی هەرێمی کوردستانن. پەیوەندی بەستن لەگەڵ پارتە کوردیەکانی هەرێمی کوردستان. ئاگاداربوون لە گۆرانکارییەکانی ناوچەکە، نیگەران بوون لە هەژمونی ئەمریکیو تورکی لە هەرێمەکەدا. هاریکاریکردن لەگەڵ سوریاو تورکیا بە مەبەستی یەك هەڵوێستی بە رامبەر هەرێمی کوردستان[2]. بەرای توێژەری تورك بیرام شینکایا، ئێران ترسەکەی لە هەرێمی کوردستان لەوە بوو، کە هێزی چەکوشی ئامادە ببێتە هێزێکی هەرەشە بۆ سوپای ئێرانی لە باکووری رۆژئاواوە. لە لایەکی تر ئێران نیگەران بوو لە هاریکاری کوردو تورکیا لە هەرێمی کوردستان، هەروەها لە لەشکرکێشیەکانی تورکیا لە هەرێمەکەدا. مەترسیەکی تری ئێران ئەوە بوو، کە تورکیا لە رێگای تورکمانەکانەوە مەلەفی نەوتی پارێزگاکانی کەرکوكو موسڵ بەدەستەوە بگرێتو باڵانسی هێز لە ناوچەکەدا بە قازانجی خۆی پارسەنگ بکات. کورد لە ترسی ئێرانیەکان تێگەیشتنو بۆ رەوینەوەی ئەو ترسە لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٣دا لە پەرلەمانەکەیانەوە پەیامێکیان گەیاندە ئێران، کە هەرێم هەرەشە نییە بۆ سەر کەس. دوای ئەم پەیامە، شاندێکی سەربازیو سیاسی لە ئێرانەوە سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردو دەسەلاتدارانی هەرێم بەلێنیان بە ئێراندا، کە رێگری لە چالاکییە چەکداریەکانی (ح.د.ك.ا)[3] بگرن، کە هێرش نەکەنە سەر ئێرانو لەسنورەکانی

---

[1] صلاح بروارى: جلال طالبانى مواقف واراء: مكتب الفكر والوعي، سليمانية،٢٠١٠ ، ل٣٤٠-٣٤١

[2] حسين دهشيارو ديگران: مسائل ايرانو عراق،ص٩٥

[3] ئەم پارتە لە ١٦ی ئۆگستۆسی ١٩٤٥ لە شاری مهاباد دامەزراوە. لە دوای رووخانی کۆماری کوردستان لە مهاباد لە ساڵی ١٩٤٦، لە دۆخی متبوندا بووەو پاشانیش لەژێر کۆنترۆڵی (پ.د.ك) عێراقدا بووە. بەڵام لە کۆنگرەی سێیەمی ئەو پارتە لە سێپتێمبەری ١٩٧٣ وەك تاکە رێکخراوی رۆژهەلاتی

ئێران دووریان بخەنەوە، لە بەرامبەردا ئێران نوسینگەی تایبەتی بۆ پارتەکانی هەرێمی کوردستان، لە تاران و شارە کوردییەکان دەکاتەوە[1].

پەیوەندییە راستەوخۆکانی ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە رێگای قەرارگا[2]ی رەمەزانەوە بوو. ئەم قەرارگایە دامەزراوەیەکی سەربازی سەر بە سوپای پاسداران بوو، کە لە جەنگی هەشت ساڵەدا پێکهاتبوو بۆ هاریکاریکردن و سودوەرگرتن لە پارتە کوردییەکانی باشوری کوردستان لە دژی سوپای عێراقی[3]. ئێران لە رێگای قەرارگاکانەوە هاتە ناو کوردستان. یەکەمین قەرارگای دامەزراند بە ناوی (قەرارگای دییانە). یان نوێنەرایەتی حکومەتی ئێران لە هەرێمی کوردستان. پاشان ئەم قەرارگایە لە دوای هەڵبژاردنی ساڵی ۱۹۹۲، چووە هەولێر بە ناوی(نوسینگەی ئەربیل بۆ پەیوەندیەکانی ئێران) کرایەوە. دواتر لە

کوردستان لە دژی ئێران چالاکییەکانی دەسپێکردۆتەوە. لە شۆرشی گەلانی ئێران، لە ساڵی ۱۹۷۹ لەگەڵ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان-کۆمەڵە، هەشت تا بیست شارۆچکەیان بەدەستەوە بوو، بەلام بەهۆی رەتکردنەوی داواکارییەکانیان لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێران، جەنگی نێوان بزوتنەوەی کوردی و دەوڵەت سەری هەڵدا. بارەگای سەرەکی ئەم پارتە لە دوای دەسپێکردنی یەکەمین جەنگی کەنداوەوە لە هەرێمی کوردستانە. عبد الرحمن قاسملو: كردستان ايران، ت: غزال يشيل ئۆغلو، دار الشموس للدراسات والنشر، دمشق، ۱۹۹۹، ص۸۷-۹۱.

[1] BAYRAM SINKAYA: CONFLICT AND COOPERATION IN TURKEY-IRAN RELATIONS, 1989-2001, MASTER OF SCIENCEINTHE DEPARTMENT OF INTERNATIONAL RELATIONSJANUARY 2004.pp۷۲-۷۱..

[2] قەرارگا لە میانی یەکەمین جەنگی کەنداو دامەزرا لە لایەن سوپای پاسدارانی ئێران کە شێوەیەکی نارێکخراوی لە جەنگدا بەکار دەهێنا. لە سەرەتادا چوار قەرارگا بوو بە ناوی قەرارگاکانی، کەربەلا، نەسر، فەتح، قدس. دواتر قەرارگا رەمەزان لە ساڵی ۱۹۸۲ پێکهات. عمليات فتح المبين. پژوهشگاه علوم و معارف دفاع مقدس http://www.dsrc.ir

[3] سعيد محمد پور: تاثير عملیتهای نامنظم قرارگاه رمضان در جنگ تحميلی، فصلنامه سياست دفاعی، سال دوازدهم، شماره ۴۷، ۱۳۸۳، ص۹۷.

سلێمانیو دهۆکو هاوینە هەواری سەلاحەدینو دەربەندیخان، نوسینگەی تریان کردەوە، ئامانجی ئەم نوسینگانە بریتی بوو لە:

١. ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان پارتە کوردیەکانو ئێران

٢. چرکردنەوەی چالاکییەکانو لە دژی بەرهەڵسکارای ئێرانی

٣. کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر بارودۆخی ناوخۆی عێراق

٤. کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ڕێکخراوە نا حکومیەکانو ڕێکخراوە بیانیەکانو چالاکی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لە هەرێمدا

٥. یارمەتیدانی مرۆیی بە مەبەستی بەدەستهێنانی رای جەماوەری هەرێم[1].

هەرێمی کوردستان و ئێران تا ئەم قۆناغە پەیوەندییەکی بەهێزیان لە نێواندا نەبوو ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند لایەنێك. یەکەمیان: هەرێمەکە لە ڕێگای هاوپەیمانانەوە دەپارێزرا، ئێران بەهۆی هەڵوێستی بێلایەنی لە دووەمین جەنگی کەنداودا، لەناو هێزی هاوپەیمانەکاندا بۆ پاراستنی هەرێمەکە بەشداری پێنەکرا. ئەمە هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی ئێران جێگای بایەخی دەسەلاتدارانی هەرێم نەبوو. دووەم: بۆ هەرێمی کوردستان تورکیا گرنگتر بوو وەك لە ئێران، چونکە دەروازەی هەرێمەکە بەرووی دەرەوەدا لە ڕێگای تورکیاوە بوو، هاوکات تورکیا نزیك بوو لە ڕۆژئاواوە چ لەرووی جوگرافیو چ لەرووی سیاسی[2]، بۆیە پێگەی ئێران بۆ هەرێمی کوردستان بەلای دەسەلاتدارانی هەرێمەوە ستراتیجی نەبوو. سێیەمین: لە سەرەتای نەوەدەکاندا ئێرانو ڕۆژئاوا پەیوەندییەکانیان باش نەبوو ئەمە وایکردبوو هەموو جۆرە پەیوەندییەکی ئێرانو هەرێمی کوردستان، جێگای دەستخۆشی ڕۆژئاوا نەبوو. هەموو ئەمانە بوون بەهۆی ئەوەی کە ئێران لە لایەن هەرێمی کوردستانەوە گرنگی پێنەدرێت، لە بەرامبەردا ئێران خۆشی لەم هەڵوێستەی هەرێم نەدەهات، بۆیە فشاری خستە سەر هەرێمەکە، سەرەتا بە تۆپباران کردنی هەرێمی کوردستان بە ناوی راوەدونانی بەرهەڵستکارانی ئێرانی دەستی پێکرد. دواتر لە شەری نێوان (ب.ئ.ك)و (ی.ن.ك) لە ساڵی

---

[1] بروانە پاشکۆی ژمارە (٨).

[2] هێرش عەبدوڵلا حەمە کەریم: پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستانو تورکیا، ل١٦

١٩٩٣، بەتەواوی پشگیری (ب.ئ.ك)ی کرد. ئینجا بەتەواوی بەشداری شەری ناوخۆی نێوان (ی.ن.ك)و (پ.د.ك)ی کرد لە ساڵی (١٩٩٤–١٩٩٨).

پەیوەندییەکانی نێوان (ب.ئ.ك)و ئێران دەگەرێتەوە بۆ ساڵانی هەشتاکان، ئەم پەیوەندیە سەرەتا لە ژێر کاریگەریی سەرکەوتنی شۆرشی ئیسلامی لە ئێران دەستپێدەکات، کاتێك، کە توانی رژێمی شاهانەی عەلمانی بروخێنێتو لە جێگەیدا رژێمێکی ئیسلامی دامەزرێنێت. ئەم رووداوە بوو بە یەکێك لە هۆکاری چالاکبونی رەوتی ئسلامی لە کوردستان بەگشتیو (ب.ئ.ك) بە تایبەتی، لەم بارەیەوە جێگری رابەری (ب.ئ.ك) مەلا عەلی عەبدول عەزیز، بە ئێرانیەکانی وتبوو " تا شۆرشی ئیسلامی سەریهەڵنەدا ئێمە نەمانتوانی شۆرش بکەین "[1]. ئێران دواتر کاریگەریی راستەوخۆی کردە سەر رەوتە ئیسلامییەکانی عێراق بەوەی کە (ئ.ب.ش.ئ.ع) ی دامەزراند، کە یەکێك لە بەرپرسە بالاکانی کەسایەتییەکی کورد بوو بەناوی شیخ محەمەد نجیب بەرزنجی. دوای بەهێزبونی رەوتی ئیسلامی لە کوردستان، (ب.ئ.ك) وەك پارتێکی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٨٧ دروست بوو ، ئەم پارتە لە لایەن ئێرانەوە پشتگیری کرا، رێگاشی پێدرا، کە نوسینگە لە شارە سنورییەکانی ئێران وەك کرماشان، سنە، سەردەشت، پیرانشار، پاوە، مەریوان بکەنەوە، جگە لە تاران کە نوسنگەیەکیشیان لەوێ هەبوو. سەرباری ئەمە ئێران بوو بە رێرەوەی پەیوەندیەکانی (ب.ئ.ك) بەرووی جیهانی ئیسلامیدا[2].

لە دوای راپەرین ئێران هەمیشە دەیویست خۆی لە (ب.ئ.ك)نزیك بکاتەوە، بەڵام لەم کاتەدا (ب.ئ.ك) پێویستی بە ئێران نەبوو، چونکە یارمەتی ماددی لە سعودییەوە وەردەگرت[3]. بەڵام رووی (ب.ئ.ك)کاتێك بەرەو ئێران وەرچەرخا، کە لەگەڵ (ی.ن.ك) لە ساڵی ١٩٩٣ کەوتە شەرەوە، ئەمە وایکرد کە (ب.ئ.ك)پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئێران بەتین

---

[1] وثائق الادانة: اصدرها مكتب دمشق للاتحاد الوطني الكوردستاني: ١٩٩٤، وثيقة رقم: (٥١)

[2] محمد سيد نوري البازياني: مستقبل الحركة الاسلامية في كوردستان العراق، مكتبة التفسير، اربيل، ٢٠٠٦، ص ١١٦–١١٧، وثائق الادانة: وثيقة رقم: (٦٦)

[3] محمد سيد نوري البازياني: المصدر السابق، ص ١١٧–١١٨

بکات. هۆکاری ئەم نزیك کەوتنەوە بە پلەی یەکەم هۆکاری جوگرافی بوو، چونکە پێگەی هێزو سەنگی (ب.ئ.ك) لە کوردستاندا کەوتبووە ناوچە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئێراندا، بە پلەی دووەم بەتینبوونی پەیوەندیەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، دوای ئەوەی (ب.ئ.ك)کەوتە شەڕەوەو لە بەرامبەر (ی.ن.ك) شکستی هێناو زۆرینەی پێشمەرگەکانی چونە ناو خاکی ئێران، لێرەوە باشبونی پەیوەندیکردن لە گەڵ ئێران بوو بە پێویستیەکی گرنگ، چونکە ئێران هەم پەناگایەك بوو بۆ هێزەکانیان، هەم سروشتی شەر ئەوەی بەسەر (ب. ئ. ك)دا سەپاند کە بۆ بەردەوامبوون لەو شەرە پێویستی بە پشتگیری لۆجستی سەربازی ئێران هەیە.

دوای زنجیرەیەك کۆبونەوە، (ب.ئ.ك) گرنگی خۆی بۆ ئێران لە هەرێمی کوردستاندا دەخاتە بەرچاوو پێیان دەڵێن، کە ئەمان دەتوانن بە هاریکاری ئێران، پلانی رۆژئاواو هەوادارەکانیان {مەبەستی هێزە عەلمانیەکانی هەرێمی کوردستانە}، پوچەڵبکەنەوەو سنورەکانی ئێران بپارێزن و رێگە لە بەرهەڵسکارانی وەك (ر.م.خ) بگرن کە لە سنورەوە ئاودیوی ئێران، ئەمان دەتوانن لە رێگای ئێرانەوە کار بکەن بۆ بانگەوازی ئیسلامی نەك لە کوردستان، بەڵکو لە عێراق بە گشتی. لە وەڵامدا ئێرانیەکان بە راشکاوی نیگەرانی خۆیان لە پچڕانی پەیوەندیەکانی نێوانیان دەردەبرن و بە ئاشکرا پێیان دەڵێن کە یارمەتیدان دەبێت دوو لایەنە بێت[1].

گرنگترین داواکارییەکانی (ب.ئ.ك) لە ئێران بریتی بوو لەوەی (ب.ئ.ك) لە بریاردان سەربەخۆ بیت، بوجەیەکی ساڵانەی هەبێت، کە لەگەڵ قەبارەی پارتەکەدا بگونجێت، ئازاد بێت لە پەیوەندیکردن بە جیهانی دەرەکی، یارمەتیدانی راگەیاندن و سەربازی بکرێت. لە بەرامبەردا گرنگترین داواکارییەکانی ئێران بریتی بوو لە: بەهێزکردنی پەیوەندیەکانی نێوان هەردوولا بۆ بەرزراگرتنی ئیسلام لە دژی خاچپەرست و زایۆنیزمە جیهانیەکان،

[1] وثائق الادانة: وثيقة رقم: (٥١)

پاریزگاریکردن لە سنورەکان، ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری، بەهێزکردنی (ب.ئ.ك) لە مەیدانی سیاسی کوردستاندا[1].

ئێران زانیاریی تەواوی لە خودی (ب.ئ.ك) وەرگرت لەسەر ژمارەی چەکدارو جۆرو ژمارەی چەکەکانیان و بنکەو بارەگایان لە هەرێمی کوردستاندا. لە جەنگی ناوخۆشدا پشگیری تەواوی لێکردن، بۆ نموونە لە یارمەتیەکدا (٤٥٠) هەزار فیشەك و (٢٠٠) فەردە ئاردیان لە ئێران وەرگرتووە[2]. ئێران لە جەنگی نێوان (ب.ئ.ك)و (ی.ن.ك)، گەورەترین قازانجی کرد، چونکە پێش شەڕەکە بەردەوام ئێران ئامادەیی خۆی بۆ نزیکبونەوە لە (ب.ئ.ك) دەردەبری، بۆ ئەوەی وەکو ژمارەی خۆی لە ناوچەکەدا جوڵەی پێبکات[3]، بەڵام بەم شەڕە ئێران بە ناوی پاراستنی بەرژەوەندی کاری ئیسلامی توانی لە لایەك خۆی بکاتە برا گەورەی (ب.ئ.ك)، یەکێك لە سەرکردە ئێرانییەکان پێی وتبوون کە: "پێگەی ئێوە زۆر گرنگە بۆیە لێرە بەدواوە دەبێت پەیوەندیمان بە تینتر بێت"[4]، جگە لەمە ئەم شەڕە وایکرد، کە ئێران لە پەراوێزی ڕووداوەکانی هەرێمی کوردستانەوە خۆی بخاتە ناوەڕۆکی ڕووداوەکان، لە کۆبونەوەیەکدا وەك ڕەخنەیەك لە پەراوێزخستنیان، باسی ئەوەیان بۆ شاندی (ب.ئ.ك) کردبووکە لە بارودۆخی ناوخۆی هەرێمی کوردستان نارازین و دەبێت بە پلانێکی تۆکمەوە هاریکاری یەکتر بکەن[5]. هەروەها لەم کەناڵەوە توانی فشارێکی گەورە بخاتە سەر ڕەوت و هێزە عەلمانیەکان لە هەرێمی کوردستان، هاوکات (ب.ئ.ك)ی کردە بەردەبازێك بۆ ڕکەبەریکردنی پرۆژەی هاوپەیمانان لە هەرێمی کوردستان، وەك خۆیان

---

[1] وثائق الادانة: وثيقة رقم: (٥٦،٥٣)

[2] وثائق الادانة: وثيقة رقم: (٤١)

[3] سەلام عەبدولکەریم: گوتاری ئیسلامی و گرفتی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی. خانەی ڕەهەند، ٢٠٠٩، ل ٢٧-٢٧٥

[4] وثائق الادانة: وثيقة رقم: (٥١)

[5] هەمان بەڵگەنامەی پێشوو

وتەنی:"بەرنامەی دەوڵەتانی تر لە کوردستان بۆ یەکخستنی هێزە عەلمانییەکانە لە دژی ئیسلام"[1].

قۆناغی سێیەم: جەنگی ناوخۆ(١٩٩٤-١٩٩٨)

پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستانو ئێران لە دوو قۆناغی پێشوودا بەتین نەبوو، چونکە هەرێمەکە پێویستی بە پشتگیری ئابووریو سیاسی ئێران نەبوو. لە لایەك ئێران مامەڵەی لەگەڵ نەدەکرد چونکە گومانی لەو هەرێمەو لە هێزی هاوپەیمانەکان هەبوو، لە لایەکی تر هەرێمی کوردستان پشتی بە سنوری تورکیا دەبەست بۆ پەیوەندیکردن بە جیهانی دەروە بە گشتیو ئەوروپاو ئەمریکا بە تایبەتی. بەڵام دوابەدوای سەرهەڵدانی جەنگی ناوخۆ، ئێران سەنگی خۆی بە تەواوی خستە ناو هەرێمەکە، سەرەتا سەنتەرێکی پێکهێنا بە ناوی (سەنتەری نەسر)، کە تایبەت بوو بە کاروباری بەرهەڵستکارانی عێراق بە گشتیو بەرهەڵستکارانی کورد بە تایبەتی. ئەم سەنتەرە ئامانج لە دروستبوونی گرتنە بەری یەك سیاسەتە بەرامبەر هەرێمی کوردستان، چونکە وەك سەرکردەی هێزە دەریاییەکانی ئێران، عەلی شمەخانی ئاماژەی پێدەدا، سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر عێراق بەگشتی {هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لە عێراق} دەناڵاند بەدەست فرە بڕیاریو جیاوازیی هەڵوێستی بەرپرسە ئێرانییەکان لەم بوارەدا[2]. هەر ئەو راستییە لە توێژینەوەیەکی چەند پسپۆڕێکی ئێرانیدا دووپات کراوەتەوە کە لە ئێراندا هەماهەنگی لەنێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردنو دەسەڵاتەکانی تر نیە، جگە لەمە چەندین سەرچاوەی بڕیاردانی جیاواز هەیە[3]. هاوکات سکرتێری گشتی (پ.س.د.ك) محەمەد حاجی مەحمود، لە یاداشتەکانیدا ئەو راستیە دەخاتە روو، کە لە نێوان ئیتلاعاتی ئێرانیو دەزگای قەرارگادا ململانێ هەبووەو

---

[1] هەمان بەڵگەنامەی پێشوو

[2] امیر دریابان علی شمخانی:همان منبع قبل، ص١٦.

[3] علی ئەسغەر کازمیو علی مهدی زادە ئەشرەفی: ستراکتوری سیاسی ئێرانو سیستەمی پەیوەندی وولات، وەرگێرانی: ئازاد رەشید، دۆسیەی ئێران، ژمارە (٢).

ئەمان لەبەر ئەوەی بە بێ ئاگاداری قەرارگا پەیوەندیان بە نوێنەرانی وەزارەتی ئیتلاعات کردووە، بۆیە نوێنەریان لە ئێران بۆ ماوەیەك دەرکراوە[1].

لە سەنتەری (نەسر)، نوێنەری هەموو ئەو لایەنانەی تیادا بوو، کە کاریگەریان لەسەر دروستکردنی بریاری سیاسەتی دەرەوەی ئێرانیدا هەبوو. بە واتایەکی تر لەم سەنتەرەدا نوێنەری سوپای پاسداران‌و وەزارەتی ئیتلاعات‌و وەزارەتی دەرەوەو وەزارەتی دارایی‌و ئابوری تیادا بوو، کە هەموویان لە لایەن نوێنەری رابەری کۆماری ئیسلامی سەرپەرشتی دەکران[2]. هەر لە رێگای ئەم سەنتەرەوە ئێران سەرپەرشتی گفتوگۆی ئاشتی نێوان لایەنە شەرکەرەکانی دەکردو توانی (ی.ن.ك)و (ب. ئ. ك) بگەیەنێتە ریکەوتنێکی ئاشتبونەوە لە ساڵی ١٩٩٧، (پ.د.ك)و (ح. س.د.ك)ی ئاشتکردەوە، سەرپەرشتی سێ خولی گفتوگۆی نێوان (ی.ن.ك)و (پ.د.ك)ی کردو بۆ یەکەمجار لەسەر دەستی دەوڵەتێکی هەرێمی توانیان نوسراوێکی لەیەکگەیشتن واژۆ بکەن.

لە جەنگی ناوخۆدا ئێران هەڵوێستێکی بێلایەنی نەبوو لەگەڵ لایەنە شەرکەرەکان، بەلام لایەنگری هەمیشەیی لایەنێکیش نەبوو، لە سەرەتای جەنگەکە لایەنگری (پ.د.ك)و (ب.ئ.ك)ی دەکرد دژی (ی.ن.ك). دەتوانین هاریکاری نێوان ئێران‌و (پ.د.ك) بۆ دوو هۆکار بگەرێننەوە، کە ئەویش هۆکاری مێژوویيە لەگەڵ هۆکاری تاکتیکی.

مەبەستمان لە هۆکاری مێژوویی ئەوەیە، کە ئێران‌و (پ.د.ك) مێژوویەکی تایبەتیان بۆ خۆیان تۆمار کردبوو. سەرەتاکانی ئەو مێژووە دەگەرێتەوە بۆ ئەو کاتەی، کە شۆرشی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٥ شکستی هێنا، بەشێکی زۆر لە هێزەکانی (پ.د.ك) لەگەڵ خێزانەکانیان ئاوارەی ئێران بوون، کە نزیکەی (٢٥) هەزار ئاوارە دەبوون. لەگەڵ سەرکەوتنی شۆرشی ئیسلامی ئێران لە ١٩٧٩، پارتەکە بۆ ئەوەی دووبارە لە ئێرانەوە خۆی رێکبخاتەوەو دەستبکاتەوە بە چالاکی لە هەرێمی کوردستاندا، خۆی کرد بە بە هاوپەیمانی

---

[1] محەمەد حاجی محمود: رۆژ ژمێری پێشمەرگەیەك(١٩٧٦-١٩٩٦)، بەرگی چوارەم، چاپخانەی دیلان، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٤١٦

[2] بروانە پاشکۆی ژمارە (٨).

ئێران تا ئەو دەوڵەتە رێگا لە چالاکیەکانی نەگرێت‌و هاوکات یارمەتیشی بدات [(1)]. لە لایەکی تر (پ.د.ک) یارمەتی گەوری پێشکەشی ئێران کرد بۆ سەندنەوەی شارە کوردیەکان لە بن دەستی پارتە بەرهەڵستکارە کوردیە ئێرانییەکان لە ساڵی ١٩٨٠دا[(2)]، ئەمە وایکرد بە درێژایی ساڵانی هەشتاکان پردێکی متمانە لە نێوان ئێران‌و ئەو پارتەدا دروست بێت. لە ساڵی ١٩٨٣دا (پ.د.ک) و ئێران لە چالاکیەکی هاوبەشدا هێرشیان کردە سەر شارۆچکەی حاجی ئۆمەران، لەدوای ئەمە ئێران رۆڵێکی گرنگی بینی لە ئاشتکردنەوەی (پ.د.ک) لەگەڵ (ی.ن.ک). هەموو ئەوانە بوونە بناغەیەکی بەتین بۆ پەیوەندیەکانی نێوانیان، کە دەتوانین بڵێین هەردوولا لەدوای دامەزراندنی دەسەلات لە هەرێمی کوردستان کاریان لەسەر دەکرد. ئەوەی ئەم پەیوەندیانەی زۆرتر بەهێز کردبوو، ئەوە بوو، کە ئێران لەو کاتەدا نێوانی لەگەڵ (ی.ن.ک) ئاڵۆز بوو، بۆیە تاکە کەناڵێکی گرنگ کە ئێران لە هەرێمی کوردستاندا کاری لەسەر دەکرد لە ماوەی نێوان (١٩٩١-١٩٩٤)، کەناڵی (پ.د.ک) بوو. بۆ نموونە تاڵەبانی لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ رۆژنامەی (الحیاه) لە ١١ی یەنایری ١٩٩٢دەڵێت: "لە ئێستادا لەرێگای (پ.د.ک) پەیوەندیمان بە ئێرانەوە کردووە"[(3)].

ئەم پەیوەندیانەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ (پ.د.ک) بەتینتر بوو لە نیوەی یەکەمی جەنگی ناوخۆدا لە ساڵانی (١٩٩٤-١٩٩٦). لە پارێزگای سلێمانی هێزو بارەگاکانی (پ.د.ک)، بە مەبەستی خۆلادان لە شەری ناو شار، رۆشتنە قەزای هەڵەبجە. لێرەدا جارێکی تر جوگرافیا دەبێتەوە بنەمای پەیوەندییەکان، چونکە ئێران بوو بە پردی پەیوەندی لە نێوان هەڵەبجەو سەرکردایەتی (پ.د.ک) لە هاوینە هەواری سەلاحەدین. بە واتایەکی تر شارۆچکەی هەڵەبجە هیچ سنورێکی جوگرافی لەگەڵ سەرکردایەتی (پ.د.ک) نەبوو چونکە جوگرافیای دەسەلاتی (ی.ن.ک) لە نێوان هەڵەبجەو هاوینەهەواری سەلاحەدیندا بوو، ئەمە وایکرد (پ.د.ک) لەگەڵ ئێراندا رێکبکەوێت. ئەم رێکەوتنە چەند لایەنێکی دەگرتەوە ئەویش

---

[1] حامد محمود عیسی: المصدر السابق، ص٤٢٠

[2] بۆ زانیاری زیاتر بروانە هەمان سەرچاوە، ل ل٤٢٨-٤٣٥

[3] صلاح بروارى: جلال طالبانى مواقف واراء، ص ص٣٤٠-٣٤١

بریتی بوو لە بەکارهێنانی خاکی ئێران بۆ پەیوەندی لە نێوان هەڵەبجەو سەرکردایەتی. ئەم پەیوەندییە بریتی بوو لە هاتووچۆی ئەندامە باڵاکان، موچەی هێزو بارەگان، دواجار کاری پۆستە لە نێوان هەڵەبجەو هاوینەهەواری سەلاحەدیندا لەو رێگایەوە بوو کە وێستگەکانی بریتی بوو لە هەڵەبجە–مەریوان–ورمێ–حاجی ئۆمەران–هاوینە هەواری سەلاحەدین. لە لایەکی تر خاکی ئێران بۆ گواستنەوەی هێزو پەلاماردانی (ی.ن.ك) لە پشتەوە بەکاردەهات ، واتە هێزەکانیان لە هەڵەبجەوە دەچوونە مەریوان، لەوێوە دەچونە پێنجوێن، بە پێچەوانەشەوە. وێرای ئەمە ئێران هەروەك چۆن یارمەتی (ب.ئ.ك)ی ئەدا بەهەمان شێوە لە جەنگی ناوخۆدا، لەروی لۆجستییەوە یارمەتی (پ.د.ك)ی ئەدا[1].

پەیوەندییەکانی نێوان ئێرانو (پ.د.ك) بەردەوام بوو تا کۆتایی ساڵی ١٩٩٦، لێرە بەدواوە پەیوەندیەکان ئاڵۆزی تێکەوت ئەمەش لە ئەنجامی رووداوەکانی جەنگی ناوخۆدا بوو، کە شارۆچکەی هەڵەبجەو دەوروبەری لەژێر دەستی (پ.د.ك) دەرچوو لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٦دا، چیتر وەك جوگرافیای شەر، (پ.د.ك) پێویستی بە ئێران نەبوو. هەروەها ئێرانیش بە تەواوەتی بوو بە هاوپەیمانی (ی.ن.ك)، ئەویش لە کوردستاندا پێویستی بە (پ.د.ك) نەمابوو، ئەمە وایکرد، کە هەردولا لەیەکتر دور بکەونەوە. باری پەیوەندییەکان هەر بەو شێوەیە نەمایەوە، یەکێك لە هۆکارەکانی تر بریتی بوو لەوەی، کە (پ.د.ك) بە تەواوی چووە ناو چوارچێوەی سیاسەتی تورکیا لە ناوچەکەدا، ئەمە وایکرد بەرژەوەندییەکانی ئێران لەگەل سیاسەتی (پ.د.ك) لە ناوچەکەدا پیچەوانەی یەکتر بووەستن، کە ئەمە دەسگیرکردنی کۆمەڵێك لە ئەندامو بەرپرسی نوسینگەکانی (پ.د.ك) ی لە ئێران لێکەوتەوە. ئێران ئەو کەسانەی بەوە تۆمەتبار کرد، کە سیخوری بۆ تورکیاو ئسرائیل دەکەن، یەکێك لە دەسگیر کراوەکانیش لەناو بەندیخانەدا گیانی لەدەستدا[2].

دەتوانین بڵێین، کە پەیوەندییەکانی نێوان ئێرانو (پ.د.ك) لە شەری ناوخۆدا هێندەی تەکتیکی بووە هێندە ستراتیجی نەبووە، چونکە ئامانجی ئێران لە پەیوەندیەکانی لەگەڵ

---

[1] محەمەد حاجی محمود: رۆژ ژمێری پێشمەرگەیەك، ل ل٣٦١، ٤١٣

[2] الانصات المركزي، نشرة خبرية معلوماتية يومية العدد(٨٧٤) ١٩٩٨/٣/١٨

(پ.د.ك) بریتی بووە لە فشار دروستکردن لە سەر (ی.ن.ك)، بەمەبەستی ئەوەی ئەم پارتەی دوایی بخاتە سەر هێڵی سیاسەتی خۆی لە ناوچەکەدا، هاوکات ئامانجی (پ.د.ك) بریتی بوو، لە سود وەرگرتن لە پێگەی جوگرافیای ئێران وەك پردی پەیوەندی لە نێوان هێزەکانیدا.

پەیوەندییەکانی نێوان (ی.ن.ك)و ئێران شێوازێکی تری بەخۆوە بینی، ئەم پەیوەندیانە لە سەرەتای شۆرشی ئیسلامیدا لە ساڵی ١٩٧٩ بەدواوە شێوازێکی ململانێ بەخۆوە دەبینێت، سەرچاوەی ئەم ململانێیەش بریتی بوو لەوەی کە (ی.ن.ك) پشتگیری (ح.د.ك.ا) و کۆمەڵەی[١]، کرد لە شەری دژە ئێراندا. ئەم ئاڵۆزییە لە پەیوەندییەکان بەردەوام بوو تا ساڵی ١٩٨٦، کە هەردولا بە ناوبژی (ح.س.ك) رێکەوتن. بە پێی ئەو رێکەوتنە ئێران و(ی.ن.ك) لە جەنگی دژە عێراقدا بوون بە هاوپەیمان، ئەم هاوپەیمانییەش لە چالاکیەکی هەردولادا بۆ سەر لولە نەوتیەکانی کەرکوك لە ساڵی ١٩٨٦ بەرجەستە بوو[٢]. دەتوانین بڵێین تا کۆتایی جەنگی هەشت ساڵە لە ١٩٨٨، هەماهەنگی تەواو لە نێوان هەردولادا هەبوو بەتایبەت لە چالاکیە سەربازیەکاندا. لە دوای جەنگەکە پێشمەرگەکانی (ی.ن.ك) چونە ناو خاکی ئێران کە تا سەرەتای ساڵی ١٩٩١ لە ئۆردوگاکانی ئێراندا ژیانیان بەسەر برد. لە ماوەی مانەوەی (ی.ن.ك) لە ئێران، ئەم پارتە بە سەرکردایەتی تاڵەبانی

---

[١] ئەم پارتە لە ساڵی ١٩٦٩ وەك رێکخراوێکی مارکسی لینینی بە شێوەی نهێنی کاریان دەکردو. لە ساڵی ١٩٧٨ یەکەمین کۆنگرەی خۆی لە شاری نەغەدە بەستووە. لە ١٢ی دیسەمبەری ١٩٧٩و لە میانی شۆرشی ئێراندا بە ئاشکرا دەرکەوتن. لە ئەندامە چالاکەکانیان سدیق کەمانگەرو فوئاد سوڵتانی بوو. ئەم پارتە هەر زوو لەگەڵ (ح.د.ك.أ) کەوتنە ناکۆکی لەسەر بابەتی ئایدۆلۆجیو شێوازی کاری سیاسیو سەربازی لە دوای سەرهەڵدانی شۆرش. بارەگای سەرەکی ئەم پارتە لە شارۆچکەی زرگوێزە لە باشوری شاری سلێمانیی. ئەم پارتە لە ساڵی ١٩٨٣ ناوەکەی گۆردرا بۆ پارتی کۆمۆنیستی ئێران. هۆشمەند عەلی شێخانی: عەبدوالرحمان قاسملۆ، ژیانو رۆڵی سیاسی لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد. ١٩٣٠-١٩٨٩. هەولێر، ٢٠٠٧، ل١٦٩.

[٢] بۆ زانیاری زیاتر بروانە، نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە لە ناو بازنەدا، دیوی ناوەوەی روداوەکانی کوردستانی عیراق ١٩٨٤-١٩٨٨، مەڵبەندی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان،١٩٩٩، سلێمانی، ل١٠٣-١١١

هەوڵێدا لە ساڵی ١٩٨٩کە بوار بۆ گفتوگۆ لە نێوان ئێرانو (ح.د.ک.ا) برەخسێنێت ، بەڵام ئەم هەوڵە بە ئاکام نەگەیشت، بەهۆی تیرۆرکردنی سکرتێری ئەو حزبە، عەبدولرەحمان قاسملۆ[1]، لە میانەی دانوستانەکان لە ڤییەننا لە لایەن ئێرانەوە[2].

ئەم رووداوە کاریگەرییەکی زۆری کردە سەر ساردبونەوەی پەیوەندی نێوان هەردولا، لە دوای دامەزراندنی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، دووبارە لە رووداوێکی هاوشێوەدا سکرتێری نوێی (ح.د.ک.ا) سادقی شەرەفکەندی[3]، لە میانی گفتوگۆدا لە شاری بەرلین لە لایەن ئێرانەوە لە ساڵی ١٩٩٢دا، تیرۆر کرا. ئەمە وایکرد کە تاڵەبانی بە ئاشکرا رایگەیاند کە ئێران ئەم کارەی ئەنجام داوە، هەروەها وتی: "دەزگای تیرۆرستی ئێرانی بەرپرسیارە لە شەهیدکردنی شەخسیەتە کوردییەکانو عەبدولرەحمان قاسملۆو تەقاندنەوەی چەن ئۆتۆمبیلێک لە کوردستانی عێراق بە مەبەستی تیرۆرکردنی کوردە ئێرانیەکان.....ئێمە

[1] عەبدولرەحمان قاسملۆ (١٩٣٠-١٩٨٩) لە شاری ورمێ لەدایك بووە. خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە ئێران تەواو کردووە. پاشان چۆتە ئەورووپاو لە زانکۆکانی فەرەنساو چیکۆسلۆفاکیا خوێندویەتی لە بواری زانستی سیاسیو کۆمەڵایەتیدا. هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە زانستی ئابوری لە زانکۆی پراگو پاشان هەر لەو زانکۆیە وانەی سەرمایەو ئابووری سۆسیالیستی وتووە. هەڵگری دروشمی دیموکراسی بۆ ئێرانو ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بوو.لە ساڵی ١٩٧٣ بووە بە سکرتێری گشتی (ح.د.ك.ا).. لە ١٣ی یۆلیۆی ١٩٨٩ لە کاتی دانوستان لەگەڵ شاندی ئێرانی لە ڤیەنا تیرۆر کرا. کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەی کوردو هیوای سەربەخۆیی، بەرگی بەرگی دووەم، وەرگێرانی لەفارسییەوە: ئەکرەمی میهرداد، سەنتەری چاپو پەخشی نما، ٢٠٠٢. ل١٨-٢٤.

[2] نادر ئینتسار: ئیتنۆ نەتەوایەتی کورد، ل٩٩

[3] سادق شەرەفکەندی (١٩٣٨-١٩٩٢) لە شاری بۆکان سەر بە پارێزگای ئازەربێجانی رۆژئاوا لەدایك بووە. برای هەژاری شاعرە، لە دوای عەبدولرەحمان قاسملۆ بوو بە سکرتێری (ح د.ك.ا) ئێران. هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بوو. لە ١٧ی سێپتەمبەری ١٩٩٢ ڕێستۆرانتی میکۆنۆس لە بەرلین تیرۆر کرا. دواتر دادگای ئەو شارە دەزگای هەواڵگری ئێرانی تۆمەتبار کرد. کە بوو بە هۆی تێکچونی پەیوەندییەکانی نێوان ئێرانو ئەڵمانیا.

Iran–Europe relations : challenges and opportunities, Seyyed Hossein Mousavian: Routledge, New York 2008, p92

پێمان وتن لەجیاتی TNTو هۆکارە چەپەڵەکانی تیرۆر کردن، نەوتو بەنزینمان بۆ بنێرن، هیوادارم رەفسەنجانیو ولایەتی دەستیان لەم کارەدا نەبێت"[١].

ئێران بەم لێدوانانەی تاڵەبانی نیگەران بوو، بۆیە داوای رونکردنەوەی لە نوێنەری (ی.ن.ك) کردبوو، هەر ئەم روداوە وایکرد کە ئەم پارتە نوسینگەی خۆی لە تاران دابخات[٢]. لێرە بەدواوە ئێران فشاری دەخستە سەر (ی.ن.ك). ئەم فشارانە لە لایەك بریتی بوو لە ئەنجامدانی کاری تیرۆرستی لە سنوری دەسەڵاتی پارتەکەدا، لە لایەکی تر بریتی بوو لە تۆپبیارن کردنو ئەنجامدانی چالاکی سەربازی لەو سنورانەی کە لەژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەکانی (ی.ن.ك)دا بوو. وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان جەبار فەرمان، کە هەمانکات ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتەکە بوو رایگەیاند: "رۆژی ٢١ی یۆلیۆی١٩٩٣ هێزێکی ئێرانی بە قوڵایی (١٥) کم سنووری هەرێمی کوردستانیان بەزاندو پەلاماری گوندی (کەناروێ)ی داوەو قوتابخانەکەیان تەقاندووەتەوەو (١٣) کەسیشیان لە دانیشتوانو فەرمانبەرانی ناوچەکە بە بارمتە گرتووە. هێزەکانی ئێمەش توانیویانە (٥) سەرباز بە دیل بگرن. لە سەرەتای مانگی ئادارەوە تا ئێستا(٢٧ی یۆلیۆی ١٩٩٣)، ئێران (٤٥) جار خاکی ئێمەی بۆردومان کردووەو (٣٠) شەهیدو بریندارمان هەبووە (٢٢) گوند بە زەوییە کشتوکاڵیەوە سوتاوە. ئێمەش لەتوانامانـدا هەیە بەرپەرچی هەموو هێرشێك بدەینەوە"[٣].

یەکێکی تر لە فشارەکانی ئێران بریتی بوو لە پشتگیریکردنی ئەو لایەنانەی، کە لە دژی (ی.ن.ك) دەکەوتنە شەرەوە، ئەوە بوو پشگیری (ب.ئ.ك)ی کرد لە ساڵی (١٩٩٣) بەدواوە، ئەم پشگیریە کاریگەریی گەورەی نەکردە سەر (ی.ن.ك)، چونکە تا ئەو کاتەش (ی.ن.ك) لە پەیوەندیە دەرەکیەکانیدا پشتی بە تورکیاو سوریا دەبەست، بەڵام کاتێك، کە لەگەڵ (پ.د.ك) لە ساڵی١٩٩٤کەوتە جەنگەوە، ئیتر ئەم هێزە لە کوردستاندا لە نێوان نەیارەکانیدا

---

[١] کوردستانی نوێ. رۆژنامە. ژمارە(١٩٥)، ١٩٩٢/٩/٢٠

[٢] نەوشیروان مستەفا ئەمین: خەون یان مۆتەکە یاداشتی رۆژانەی شەری ناوخۆ، ل٥٥

[٣] کوردستانی نوێ. رۆژنامە. ژمارە(٤٤٧)، ١٩٩٣/٧/٢٨

قەتیس بوو، چونکە لە باشورەوە حکومەتی عێراقی بوو کە دوژمنی سەرەکی کورد بوو، لە رۆژئاواوە (پ.د.ك) بوو،کە بە حوکمی پێگەی دەسەلاتی، بوو بە لەمپەر لەبەردەم پەیوەندییەکانی (ی. ن.ك) لەگەڵ تورکیاو سوریا ، لە باکوریشەوە ئێران بوو، کە بەردەوام فشاری دەخستە سەر، لە رۆژهەلاتەوە (ب.ئ.ك)و (پ.د.ك) بوو، کە لەبەرەی جەنگدا بەرەو رووی یەکتر راوەستا بوون. رەنگدانەوەی ئەم قەتیسبوونە بۆ یەکەمجار لەسەر سکرتێری گشتی پارتەکە تاڵەبانیو جێگرەکەی نەوشیروان مستەفا رەنگی دایەوە، ئەمەش کاتێك، کە لە سەرەتای شەر لەگەڵ (پ.د.ك)دا هەردووکیان لە ئەوروپاوە گەرابوونەوە بۆ دیمەشق، بەشێوەیەکی ئاسایی نەیانتوانی بگەرێنەوە سنوری دەسەلاتی خۆیان، بەڵکو لە دیمەشق-قامشلی بە فرۆکە، لە قامشلی-نەسیبەین بە ئۆتومبێل، لە نەسیبەین -هەولێر بە هەلیکۆپتەری سەربازی تورکی گەرانەوە هەولێر[1].

تا ئەم قۆناغەش پەیوەندییەکانی ئێرانو (ی.ن.ك) بەرەو ئاسایی بوونەوە، نەرۆشتبوو، چونکە سەرکردایەتی پارتەکە نەگەشتبونە ئەو باوەرەی، کە لەگەڵ ئێراندا پەیوەندیەکەیان ئاسایی بێتەوە، ئەوە بوو یەك رۆژ دوای گەرانەوەی، تاڵەبانی وتی، " ئێران بە راستەوخۆ بەشداری شەر دەکات بە بەکارهێنانی سوپای پاسدار لە دژی یەکێتی، لە هەرکوێیەك شەر خامۆش کرابێت ئەو لەوێ شەری خۆش کردووە"[2]. هەروەها وتی، "ئامانجی ئەوەیە کە ئەو دیموکراتیەی کوردستانی عێراق پوچەڵ بکاتەوەو بە نیازی ئەوەی کە بتوانێ گەلەکەمان لە هەردوو دیوی کوردستان نائومێد بکات"[3].

بەلام بەگەرمبوونی ئاگری جەنگو زۆربونی فشارەکان لەسەر سەرکردایەتی ئەو پارتە، بۆ دانوستان چونە تاران بە ئامانجی بێلایەنکردنی ئێران لە جەنگی ناوخۆو ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان. لایەنی ئێرانی، کە (سەنتەری نەسر) نوێنەرایەتی ئەکرد، بە روونی بە

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر بروانە: نەوشیروان مستەفا ئەمین: خەون یان مۆتەکە یاداشتی رۆژانەی شەری ناوخۆ،ل ل ١٢٣-١٣٢

[2] کوردستانی نوێ. رۆژنامە. ژمارە (٦٩٨)، ١٩٩٤/٦/٢

[3] کوردستانی نوێ. رۆژنامە. ژمارە (٦٩٩)، ١٩٩٤/٦/٥

شاندی (ی.ن.ک)ی وتبوو، کە ئێران فشارەکانی راناگرێت ئەگەر (ی.ن.ک)، چالاکی بەرهەڵستکارە کوردییەکانی ئێران بەتەواوی سنووردار نەکات. یان بەو شێوەیەی کە شاندی کوردی لە بۆچونی ئێرانیەکان تێگەیشتبوون، "ئەگەر ئاسایشی کوردستانی ئێران بەهۆی چالاکی دوژمنەکانیەوە لە ئەرزی کوردستانی عێراق تێکچوو، ئەوا ئاسایشی کوردستانی عێراقیش بەهۆی چالاکی دوژمنەکانیانەوە لە ئەرزی کوردستانی ئێرانەوە تێك ئەدرێت"[1].

سیاسەتی ئێران لە جەنگی ناوخۆدا لەسەر دوو هێڵ بەڕێوە دەچوو، یەکەمیان بریتی بوو لە بەکارهێنانی مەیدانی هەرێمی کوردستان بۆ لەناوبردنی بەرهەڵستکارە کوردیەکانی ئێران، ئەمەش بەڕای ئێرانیەکان بەبێ هاریکاری (ی.ن.ك) ناکرێت، چونکە ئەم پارتە زۆرینەی رەهای سنورەکانی نێوان هەرێمی کوردستانو ئێرانی بەدەستەوەیە، لە لایەکی تر بنکەی سەرەکی پارتە بەرهەڵستکارەکان دەکەوتە سنوری ئەم پارتەوە، بۆیە بەشێکی سەرەکی هەوڵەکانی لە هەرێمی کوردستاندا لە پێناوی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەم پارتەدا خستبووە گەڕ. ئەمەش بە سود وەرگرتن لەو لایەنانەی، کە نزیکن لە هەردولایەنەوە، وەك (ح.س.د.ك)[2]، و (ئ.ب.ش.ئ.ع). لایەنی ئێرانی هێندە پێداگری لەسەر ئەم بابەتە کردبوو تا گەیشتبووە ئەوەی کە جگە لە کاروباری پارتە بەرهەڵستکارە ئێرانییەکان نەبێت، ئیدی ئێران بە هیچ شێوەیەك دەست وەرنادەتە کاروباری ناوخۆی کوردستانو رێز لە بریاری فیدراڵی کوردستان دەگرن. ئێران بە داواکاری راگرتنی چالاکیەکانی بەرهەڵستکارانو (ی.ن.ك) بە داواکاری بێلایەنکردنی ئێران لە شەری ناوخۆ، هەڵگرتنی ئابڵوقەی ئابووری کە لەلایەن ئێرانو (پ.د.ك) کەوتبووە سەریان، کردنەوەی نوسینگەی پارتەکەیان لە تاران، چوونە سەر مێزی گفتوگۆ[3]. تەوەری دانوستانەکانیش

---

[1] نەوشیروان مستەفا ئەمین: خەون یان مۆتەکە یاداشتی رۆژانەی شەری ناوخۆ،ل ل٥٨ –٥٩

[2] محەمەد حاجی محمود: رۆژ ژمێری پێشمەرگەیەك، ل ل٢٧٢، ٣٥٧.

[3] نەوشیروان مستەفا ئەمین: خەون یان مۆتەکە یاداشتی رۆژانەی شەری ناوخۆ، ل٦١

بریتی بوو لە ، پەیوەندییەکانی هەردوولا، کێشەی بەرهەڵستکاران، هێزی هاوپەیمانان، بارودۆخی عێراق[١].

هێڵی دووەم کە ئێران هەوڵی بۆ دەدا ئەویش سەرپەرشتیکردنی دانوستان بوو، کە لە نێوان لایەنە شەرکەرەکاندا رویان دەدا، ئێران توانی سەرپەرشتی کۆبونەوەکانی نێوان (ح.س.د.ك)و (پ.د.ك) بکات لە ساڵی ١٩٩٣[٢]. هەروەها توانی ڕێکەوتنامەی نێوان (ی.ن.ك)و (ب.ئ.ك) بکات لە ساڵی ١٩٩٧[٣]. بە هەمان شێوە دەیویست سەرپەرشتی ڕێکەوتنامەی نێوان (ی.ن.ك)و (پ.د.ك) بکات. ئامانجی ئێران لەم سەرپەرشتیارییە ئەوە بوو، کە هەرێمی کوردستان‌و ڕووداوەکانی لە ژێر سایەی ئەو بێت. کۆماری ئیسلامی ئێران ویستی وابوو کە چۆن لە هەشتاکاندا ئەم هێزانەی سەرەوەی کۆکردبۆوەو هەماهەنگ بوو لەگەڵیان بۆ روخانی ڕژێمی بەغداد، هەمان ویستی هەماهەنگی لە نەوەدەکاندا هەبوو، بەڵام ئەمجارە لە پێناوی ئاگاداربوون لە چارەنوسی هەرێمەکەو سەپاندنی هەژمونی خۆی بەسەر هەژمونی ڕۆژئاوادا لە هەرێمی کوردستاندا.

نەوشیروان مستەفا لە کتێبەکەیدا باس لەوە دەکات، کە لە تاران چوار خولی گفتوگۆ لە نێوان (ی.ن.ك)و (پ.د.ك) بەڕێوە چووە لە نێوان ئۆگستۆسی ١٩٩٤–سێپتەمبەری١٩٩٥[٤]. هەردوولا بە ناوبژی ئێران ڕێکەوتنێکیان واژۆ کردووە، کە گرنگترین خاڵی ئەو ڕێکەوتنەدا، کە مۆرکی ئێرانی پێوە دیار بوو بریتی بوو لەوەی، کە ئێران لەسەر داوای هێزە کوردییەکان ناوبژی دەکات. خاڵێکی تر، کە ئاماژەی پێکرابوو بریتی بوو لەوەی کە هەردوو پارتی شەرکەر، ئاسایشی سنوری ئێران‌و سوریاو تورکیا لەبەرچاو بگرن[٥]. بەڵام ئەم ڕێکەوتنە نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە، چونکە ئێران هێندەی ڕۆڵێکی مێژوویی هەبوو هێندە

---

١ هەمان سەرچاوە: ل٦٩

٢ محەمەد حاجی محمود: ڕۆژ ژمێری پێشمەرگەیەك، ل ل٢٦٤-٢٦٥.

٣ بروانە بەڵگە نامەی ژمارە (٨)

٤ نەوشیروان مستەفا ئەمین: خەون یان مۆتەکە یاداشتی ڕۆژانەی شەری ناوخۆ، ل٥٤

٥ بروانە بەڵگە نامەی ژمارە (٨)

شەرعییەتێکی یاسایی لە هەرێمی کوردستاندا نەبوو بە بەراورد لەگەڵ هاوپەیمانان، کە بەهۆی بڕیاری ٦٨٨، بونێکی یاسایی و هەمانکات پابەندی نێودەوڵەتیان بۆ پاراستنی هەرێمەکە لە ئەستۆ گرتبوو، بە واتایەکی تر ئێران لە چوارچێوەی بەرژەوەندی ئیسلامی و دژایەتی کردنی ڕۆژئاوا (وەك دوو بنەمای سیاسەتی دەرەوەی ئێران) دەیڕوانییە هەرێمی کوردستان، کە هەردوو بنەماکە لەگەڵ ئەو پایانەدا یەکانگیر نەدەبوو کە هاوپەیمانان هەرێمەکەیان لەسەر وەستاندبوو، ئەویش بریتی بوولە پاراستنی هەرێمەکە لە ڕێگای سوپای هاوپەیمانان، هەروەها پشگیریکردنی هێزە عەلمانییەکانی کوردستان. بە واتایەکی تر ئەمریکا هەموو جوڵەیەك و هەژمونێکی ئێرانی لە هەرێمی کوردستان بە زیانی باڵادەستی و نەخشە ڕێگای خۆی دەزانی لە هەرێمی کوردستان و لە عێراقیشدا. هەر لەم ڕوانگەیەوەیە دەبینین تاڵەبانی لە نامەیەکیدا بۆ کادرێکی پارتەکەی دەنوسێت:"ئەمریکا دەڵێت ئەوە خەتی سوورە و هەڕەشەی تێکدانی علاقات دەکات گەر ئێران بێتە کایەکەوە"[1]. لەم بارەیەوە، ئەحمەد چەلەبی[2]، بە هەردوو پارتەکەی ڕاگەیاندبوو ئەگەر ڕێگە لە ناوبژیوانی ئێران نەگرن ئەوا هاوپەیمانان "ڕەنگە بکشێنەوەو بەجێتان بهێڵن بۆ سەدام"[3]. ئێران لای خۆیەوە تێگەیشتنی بۆ نارەزایی ئەمریکا هەبوو لە ڕۆڵی ئێران لە هەرێمی کوردستاندا، بۆیە کاتێك سەرۆکی مەکتەبی کاروباری عێراق لە کۆماری ئیسلامی ئێران عەلی ئاغای محەمەدی، گەیشتە هەرێمی کوردستان لە ٢ی یەنایری ١٩٩٦، بۆ ئەوەی ڕێکەوتنی تارانی نێوان (پ.د.ك) و (ی.ن.ك) بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، مکوڕ بوو لەسەر پەیامەکەی ئەویش ئەوە بوو کە بە ئەمریکا ڕابگەیەنێت، هەرێمی کوردستان جێگای ململانێی ئێران و ئەمریکا نییە. زیاتر لەوە، وتی: "ئەمریکا سەفەری وەفدی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ کوردستان بە

[1] نەوشیروان مستەفا ئەمین: خەون یان مۆتەکە یاداشتی ڕۆژانەی شەری ناوخۆ، ل٨٧.

[2] ئەحمەد عەبدولهادی چەلەبی لە ساڵی ١٩٤٥ لەدایك بووە. خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە زانستی بیرکاری لە زانکۆی شیکاگۆ لە ئەمریکا. دامەزرێنەری بانکی (بترا)یە لە ئوردن لە ساڵی ١٩٧٧. بەهۆی مایەپوچبونی بانکەکەی، دادگای ئەردەن حوکمی ٢٢ ساڵ زیندانی بەسەردا دا بە شێوەی غیابی. لە ساڵی ١٩٩٢ بوو بە سەرۆکی لیژنەی جێبەجێکردن لە (ك.ن.ع). http://www.alrashead.net

[3] کوردستانی نوێ. ڕۆژنامە. ژمارە (١١١٨)، ١٩٩٦/١/٣

کارێکی ترسناك دەزانێت، بەلآم ئەمریکا ناتوانێت لە ناو میللەتی کورددا جێگای خۆی بکاتەوەو قازانجی ئەم گەلە هی ئێمەیە"[1].

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە هێڵی دووەمی ئێران لە هەرێمی کوردستان گەیشتە بنبەست، بۆیە چانسی کارکردنی ئێران تەنها هێڵی یەکەم بوو. ئەم هێڵە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بۆ ئێرانیەکان کاراتر دەبوو، ئەویش بەهۆی ئەوەی لایەنە شەرکەرەکانی هەرێمی کوردستان زیاتر پێویستیان بە لایەنگر بوو، نەك ناوبژیوان. یان دەتوانین بڵێین هەردوو لایەنی جەنگەکە داوای یارمەتیان لە ئێران دەکرد بۆ شەر، نەك بۆ ئاشتی. (پ.د.ك) داوای لە ئێران دەکرد کە لە ڕێگای ئێرانەوە ئابڵوقەی سەر شارۆچکەی هەڵەبجە کە (ی.ن.ك) بەسەریدا سەپاندبوو، هەڵبگرێت. هاوکات (ی.ن.ك) داوای لە ئێران دەکرد، کە ئابڵوقەی سەر پارێزگای هەولێرو سلێمانی بشکێنێت کە (پ.د.ك) سەپاندبووی. لێرەدا ئێران داوای لایەنی دووەمی پەسەند کرد (واتە ی.ن.ك) چونکە ئەم لایەنە بەهۆی ئەوەی تەواوی هێزەکانی خۆیی و لەگەڵ سنوری دوو پارێزگای بن دەستی، قەتیس کرابوو، بۆیە سازشی زیاتری لێ چاوەڕوان دەکرا ، بەلآم لایەنی یەکەم (واتە پ.د.ك) نەدەچووە ژێر فشارەکانی ئێران، چونکە تەنها یەك شارۆچکەی لە ژێر فشاری ئێراندا بوو، لە کاتێکدا زۆرینەی دەرگای سنوری دەسەلآتەکانی تری بەڕووی تورکیاو سوریاو هەندێك جار عێراقیش ئاوەلآ بوو. ئێران و (ی.ن.ك) لە ئۆگستۆسی ١٩٩٤ گەیشتنە ڕێکەوتنێك، کە گرنگترین خاڵەکانی بریتی بوون لە:

١. (ی.ن.ك) چالاکی سەربازی بەرهەڵستکارەکانی ئێران قەدەغە دەکات و ڕێوشوێنی پێویست دەگرێتە بەر بۆ ئەوەی لە سنور ئاودیوو نەبن. ئێران تێچونی ئەو هێزە دەکات کە ئەم کارە لە ئەستۆ دەگرێت

٢. ئێران ناوبژیوانی لە نێوان لایەنە ناکۆکەکانی کوردستانی عێراق دەکات بە مەبەستی کۆتایهێنانی ململانێ نێوانیان دەکەن.

٣. هەردوولا هاریکاری یەکتر دەکەن بە مەبەستی بەهێزکردنی بەرهەڵستکارانی عێراقی.

٤. هەردولا هاریکاری یەکتر دەکەن بۆ روخاندنی رژێمی دکتاتۆری عێراق.

٥. رێگە بە کادرو بەرپرس و مامۆستاکانی زانکۆ بدرێت کە گەشتەکانیان لە ئێرانەوە بە جیهانی دەرەوە بە ئەنجام بگەیەنن.

٦. راهێنانی کادری راگەیاندن لە بواری ئێزگەو تی ڤی و رۆژنامەوانی لە کۆماری ئیسلامی.

٧. پێشکەشکردنی یارمەتی تەکنیکی و زانستی زانکۆو پەیمانگاکانی هەرێم بدرێت.

٨. پێشکەشکردنی یارمەتی تەندروستی بۆ کوردستانی عێراق.

٩. ئێران ئەم کارئاسانییە ئابوورییانە دەکات:

- کردنەوەی مەرزەکانی سنوری پارێزگای (ورمێ، کوردستان، کرمنشاه)، بە مەبەستی بازرگانی
- رێگە خۆشکردن بۆ جوڵەی ترانزێت لە هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوەو بە پێچەوانەشەوە
- یارمەتیدانی تەکنیکی بۆ دەرهێنانی پەترۆڵ
- یارمەتیدان بە مەبەستی وەگەرخستنەوی کارگەکان.
- کارئاسانی بۆ ئەو بابەتانەی، کە (ی.ن.ک) لە بازارەکانی ئێراندا پێویستی پێیەتی [(١)].

لێرە بەدواوە تا کۆتایی شەری ناوخۆ لە (١٩٩٨) ئێران و (ی.ن.ک) هاوپەیمانی ستراتیجی یەکتر بوون لە بواری سیاسی و ئابوری و سەربازیدا [(٢)].

قۆناغی چوارەم: ماوەی نێوان (١٩٩٨-٢٠٠٣)

لەم قۆناغەدا ئێران تانوپۆی داهاتوی عێراقی بۆ دەردەکەوێت، ئەمیش لەروانگەی بریاری ئازادکردنی عێراق لە ساڵی ١٩٩٨ لە لایەن کۆنگرێسی ئەمریکاوە. ئێران لە روانگەی

---

[1] الاقتتال الداخلي في كوردستان العراق، كيف اندلع ومن المسؤل عنه، الجزء الاول، مكتب الدراسات والبحوث المركزي، تابع للحزب الديمقراطي الكردستاني. هةولير، ١٩٩٧، ص ص ٢٩٤-٢٩٦.

[2] المصدر نفسه ص ص٣٠١، ٣٢٥،٣٥١.

نزیکبونی لە زۆرینەی بەرهەڵستکارانی عێراقی، بە تایبەت (ی.ن.ك)و (ئ.ب.ش.ئ.ع) ، دەیویست ئاگاداری پرۆژەی داهاتووی عێراق بێت، بە شێوەیەك لە دوای روخانی رژێمی سەدام حسین، گروپی فەرمانڕەوا، ئەگەر داردەستی ئێران نەبن، ئەوا لە دۆستەکانی ئێران بن. لەم تێروانینەوە تاکە هێزێکی عێراقی کە وەك یەك لە ئێران‌و ئەمریکا نزیك بێت (ی.ن.ك) بوو. بە واتایەکی تر گروپە شیعیەکان پەیوەندیان لەگەڵ ئەمریکادا نەبوو، هاوکات گروپە عەرەبیە نەتەوەییەکان‌و (پ.د.ك) لە ئێران نزیك نەبوون، بەڵام ئەوەی، کە سودی لە ململانێکانی (ئێرانی–ئەمریکی) دەبینی‌و بە قازانجی خۆی بەکاریدەهێنا (ی.ن.ك) بوو. ئەوەی کێشەی بۆ ئێران دروست کرد ئەوە بوو کە (ی.ن.ك) لە دوای رێکەوتنامەی واشنتن لە سێپتەمبەری ١٩٩٨، لەمپەری (پ.د.ك)ی لەبەردەم نەما بۆ پەیوەندیکردن بە جیهانی دەرەوە، بە واتایەکی تر رێکەوتنی واشنتن دەرگای پەیوەندیەکانی (ی.ن.ك)ی زیاد کردو بەم هۆیەوە فشارەکانی ئێرانی لەسەر سوك بوو، کە لە ماوەی جەنگی ناوخۆدا(١٩٩٤–١٩٩٨) تووشی هاتبوو.

ئەم هۆکارەی سەرەوە تەرازووی پەیوەندیەکانی بەلای (ی.ن.ك) سەنگین کرد، چونکە ئێران لە عێراقدا پێویستی زیاتر لە جارانی بەو پارتەی سەرەوە هەبوو، بە پێچەوانەی پارتەکە کە وەك سەردەمی جەنگی ناوخۆ پێویستی بە یارمەتی سەربازی‌و ئابووری ئێران نەبوو.

لە دوای رووداوی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، کۆبونەوەکانی ئەمریکا لەگەڵ پارتە بەرهەڵسکارەکانی عێراقدا پەرەی دەسەند، تاڵەبانی هەوڵەکانی لە پێناوی بەشداریکردنی لایەنێکی شیعە لەو کۆبونەوانەدا خستبووەگەڕ. هەڵبژاردەی تاڵەبانی، (ئ.ب.ش.ئ.ع) بوو بۆ ئەوەی وەك لایەنێکی شیعە بەشدار بێت. بۆ ئەم هەوڵەش پێویستی بە رەزامەندی ئێران هەبوو، بۆیە لە هەوڵێکی بێوچاندا توانی ئێران‌و (ئ.ب.ش.ئ.ع) رازی بکات، بەڵام بەو مەرجەی، کە کۆبونەوەکانی نێوان ئەمریکاو بەرهەڵستکاران لە ئەوروپا بێت نەك لە ئەمریکا، هەروەها پەیوەندی ئەمریکا لەگەڵ (ئ.ب.ش.ئ.ع) راستەو خۆ لەگەڵ سەرۆکی

ئەنجومەنەکە محەمەد باقر ئەلحەکیم[1] نەبێت، بەڵکو لە ئاستێکی سەرکردایەتی بێت[2]. لە لایەکی تر وتەکانی تاڵەبانی بۆ میدیا جیهانیەکان جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە هەرچەندە ئەو رۆڵی نێوەندی بینیوە لە نێوان ئەمریکاو محەمەد باقر ئەلحەکیم، بەلام هەمانکات، لە پرۆسەی رووخانی رژێمی سەدام حسیندا دژایەتی خۆی بۆ دەسوەردانی دەوڵەتە ناوچەییەکان دەربڕی بەتایبەت ئێران‌و تورکیا، چونکە دەبێتە هۆی ئاڵۆزی‌و پەشێوی لە عێراقدا[3].

لەم سۆنگەیەوە ئێران، هەمیشە لە پەیوەندیەکانی لەگەڵ (ی.ن.ک) سڵەمینەوەیەکی پێوەدیار بوو، ئێران وەك دراوسێکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، لە دروستبونی دەوڵەتێکی کوردی لە دوای رمانی دەسەلاتی سەدام حسین دەترسا، هەربۆیە وەك فشارێك لەسەر هەرێمەکە بە گشتی‌و (ی.ن.ك) بە تایبەتی، پشتیوانی لە گروپێکی توندرەوەی ئیسلامی دژ بە (ی.ن.ك) کرد بەناوی (جند الاسلام) لە کوردستان، کە دواتر بوون بە (انصار الاسلام) لە کوردستان[4]، لەم بارەیەوە عودەی سەدام حسین ئێرانی بە وەستان لە پشت

---

[1] محەمەد باقر ئەلحەکیم، (١٩٣٩-٢٠٠٣)، کوری مەرجەعی ئاینی سەید موحسن ئەلحەکیمە. هەڵگری بروانامەی ماجستێرە لە زانستی قورئان لە زانکۆی ئیمام سادق لە ئێران. لە ساڵی ١٩٨٠ چوّتە ئێران. سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای شۆرشی ئیسلامی بووە لە عێراق تا لە ٢٩ی ئۆگستۆسی ٢٠٠٣ لە تەقینەوەیەکی تیرۆرستی رێکخراوی ئەلقاعدە لە نەجەف تیرۆر کرا. http://ar.wikipedia.org/

[2] کۆنوسی کۆبونەوەی شاندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ئێران، ٢-٢٠٠٢/٥/٦

[3] الانصات المرکزی، نشرە خبریە معلوماتیە یومیە العدد(٢٣٤٨). ٢٠٠٢/٩/٨

[4] ئەم رێکخراوە لە ١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ لە شارۆچکەی بیارەی سەر بە پارێزگای سلێمانی دامەزرا لە لایەن ئەندامە توندرەوە جیابوەکانی (ب.ئ.ك) بە پشتیوانی رێکخراوی ئەلقاعدە. دواتر لە ٥ی دیسەمبەری ٢٠٠١ ناوەکەی گۆردرا بۆ ئەنسار ئەلئیسلام لە کوردستان بە سەرپەرشتی مەلا کرێکار. دوای چەندین کاری تیرۆرستی‌و شەرو پێکدادان لەگەڵ (ی.ن.ك)، ئەوە بوو لە میانی جەنگی ئەمریکا دژ بە عێراق، لە لایەن سوپای ئەمریکاوە بارەگاکانیان لە هەورامان بۆردومان کراو پێگەکانیان لەو ناوچەیە لەدەستدا. نیاز سەعید عەلی: دیاردەی ئیسلامی سیاسی‌و رەوتی ئیسلامی سیاسی لە کوردستانی عێراق، چاپخانەی روون، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٩٧-٩٩.

گروپە تیرۆرستیەکانی کوردستانی عێراق تاوانبار کرد[١]. بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە، بە سەرکردایەتی تاڵەبانی شاندێکی(ی.ن.ك) چوو بۆ ئێران و لە شارۆچکەی قەسر شیرین کۆبونەوەیەکیان لەگەڵ لایەنی ئێرانی کردبوو بۆ تاوتوێکردنی ئەو پرسە. ئێرانیەکان وتبوویان کە ئەو گروپە تیرۆرستن و مەترسین بۆ سەر ئێرانیش[٢]، دوا بەدوای ئەم کۆبونەوەیە ئێران هەریەکە لە (ی.ن.ك)و (ب.ئ.ك)و (کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان)ی کۆکردەوە بۆ یەکهەڵوێستی دژی (ئەنصار الاسلام)، ئەوە بوو هەرسێ لا لە (١٥ی نۆڤەمبەری٢٠٠١) گەیشتنە ڕێکەوتنێك بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە، ئەویش بەوەی ئەو دوو پارتە ئیسلامیە ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن، لە بارێکدا ئەگەر پێیان چارەسەر نەکرا ئەوا (ی.ن.ك) هێرش دەکاتە سەر (انصار الاسلام)، و هەڵوێستی ئەوانیش یان دەبێت بێلایەن بن یان دەبێت هاریکاری (ی.ن.ك) بن. بۆ جێبەجێکردنی ڕێکەوتنەکەش، نوێنەری ئێران و نوێنەری پارتە بەشداربووەکانی ڕێکەوتنەکە بەدواداچون دەکەن، هەروەها پارتە ئیسلامیەکان بەشداری لە حکومەتی هەرێم دەکەن و یارمەتی مادییان لە لایەن (ی.ن.ك) پێدەگات، شێوازی ئەم بەشداری و یارمەتییە لە ڕێگای ئێرانەوە بەو دو لایەنە رادەگەیەنرێت[٣].

لەم ڕێکەوتنەدا ئێران خۆی دەکاتە زامنی ئاشتی لە هەرێمەکەدا، ئەمەش وەك ئاگادارکردنەوەی دەسەلاتی هەرێمی کوردستان لە قەبارەی هەژمونی خۆی لە هەرێمەکە. ئەم پەیامەی ئێران زۆر بە ئاسانی گەیشت و دەسەلاتدارانی هەرێم تێگەیشتنیان بۆ ناوەرۆکەکەی هەبوو، لەم پێناوەدا سەرۆکی حکومەتی (ی.ن.ك) لە سلێمانی بەرهەم ئەحمەد سالح چووە ئێران و رایگەیاند، کە هەوڵی پارتەکەی بۆ ئەوەیە، کە وەك هێزێکی کوردی عێراقی لە گۆرەپانی سیاسی عێراقدا رۆڵی هەبێت و بەشێك بێت لە دارێژەرانی سیاسەتی عێراقی داهاتوو. وەلامی ئێرانیەکانیش بریتی بوو لەوەی کە ئێران، کوردستانی

---

[١] الانصات المركزي، نشرة خبرية معلوماتية يومية العدد(٢٣٤٠). ٢٠٠٢/٨/٢١.

[٢] الانصات المركزي، نشرة خبرية معلوماتية يومية عدد(٢٠٤١).١٦/١٠/٢٠٠١.

[٣] بروانە پاشکۆی ژمارە (١٠)

عێراق بە بەشێك لە خاکی عێراق دەزانێت. کوردەکانیش وەك هێزی عێراقی دەناسێنێت، هەوڵەکانیشی لە پێناو ئاشتیو سەقامگیری لە ناوچەکەدایە[1]. ئەم گوتارە بە شێوازێکی تر لە لایەن سەرۆکی پەرلەمانی ئێران (مەهدی کەروبی) بە تاڵەبانی وترا، کە لە پێش جەنگی ۲۰۰۳، لە ۷ی یەنایری ۲۰۰۳ سەردانی ئێرانی کردبوو. مەهدی کەروبی جەختی لەسەر ئەوە کردبوو، کە " ئێران پشتگیری یەکێتی خاکی عێراق دەکات کە هەموو نەتەوەکان لەگەڵ یەکدا وەك یەك تیایدا بژین". سەرۆك کۆماری ئێران محەمەد خاتەمی لە هەمان سەردانی تاڵەبانی بۆ ئێران، جەختی لەسەر پالپشتی ئێران بۆ بەرهەڵسکارانی عێراقی دەربریی بوو[2].

دەتوانین بڵێین ئەم دیدارە وەك دیداری ماڵئاواکردنی ئێرانیەکان بووە لە کوردی عێراق وەك بەرهەڵستکارو خۆئامادە کردنی ئێران بووە بۆ پێشوازی کردنیان لە ئێران وەك بەشدارێکی سەرەکی لە عێراقی داهاتودا.

---

[1] الانصات المركزي، نشرة خبرية معلوماتية يومية العدد(٢٠٩١)، ٢٠٠١/١٢/٥

[2] الانصات المركزي، نشرة خبرية معلوماتية يومية العدد٢٤٤٧، ٢٠٠٣/١/٨. الانصات المركزي، نشرة خبرية معلوماتية يومية عدد ٢٤٤٨. ٢٠٠٣/١/٩

تەوەری چوارەم

کاریگەریی پەیوەندیەکانی ئێران و هەرێمی کوردستان لەسەر بزوتنەوەی رزگاریخوازی رۆژهەلاتی کوردستان

پرسی پارتە کوردییە ئێرانیەکان، گرنگترین فایل بوو، لە سەرجەم دانوستانەکای ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا. ئەم پارتە کوردیانە بە سود وەرگرتن لە جەنگی هەشت ساڵە، توانیبویان لەسەر سنووری کوردستانی عێراقدا بارەگاکانیان دامەزرێننو لەوێوە هێرشیان دەکردە سەر ئێران، کە ئەمەش جێگای خۆشحاڵی عێراق بوو، چونکە باری سەرشانی سوپای عێراقیان لە هەرێمی کوردستان سوك کردبوو[1]. ئەم پەیوەندیەی نێوان ئەم پارتانە لەگەڵ حکومەتی عێراقدا جێگای نارەزایی پارتە کوردییە عێراقیەکان نەبوو، چونکە ئەمانیش بە هەمان شێوە سودیان لەو جەنگە بینی بوو بۆ گورز وەشاندن لە حکومەتی عێراق؛ بە واتایەکی تر جەنگی نێوان عێراقو ئێران نەبوو بەهۆی شەری نێوان پارتە کوردییەکانی ئەو دوو دەوڵەتە، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەماهەنگی زیاتر کردنو رێکەوتنێکیش هەبوو لە نێوان ئەو پارتانە بۆ چونیەتی پەیوەندی ئەم پارتان لەگەڵ دەوڵەتی نەیاردا. سکرتێری کۆمەڵە سەید برایم علیزادە، لەم بارەیەوە دەنوسێت: " دوای ئەوەی شۆرشی ئیسلامی هاتە سەر تەخت لە ئێران، لە یاداشتێکدا کە واژۆ کراو تیایدا شێخ عزەدین

[1] حامد محمود عیسی: المصدر السابق، ص٤٤٣

حوسەینی[1] و کۆمەڵەو (ح.د.ك.ا)و (ی.ن.ك) تیایدا بەشدار بوون، تیایدا هاتبوو، دامەزراندنی پەیوەندیی لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانی وەك ئێران و عێراق، بۆ هێزە سیاسیەکانی بەشداربوو لە کۆبونەوەکە، ڕەوایە، بەو شەرتە کە ئەم پەیوەندیانە لەتمە لە خەباتی خەڵکی کوردستان لە بەشەکانی تر نەدات و وردەکاریەکانی ئەم کۆبونەوەش لە لایەنەکانی تر شاراوە نەبێت"[2].

گرنگترین ئەو پارتە کوردیانەی ئێران بریتی بوون لە:

١- حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

٢- ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە).

٣- سازمانی خەباتی نەتەوەیی کوردستان[3]

٤- یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان

ئەم گروپانە لە دوای دامەزراندنی دەسەلات لە هەرێمی کوردستان، زیانێکی گەورەیان لێکەوت، بەپێی ئەو زانیاریە وردانەی کە نوسەر (فەرهاد عێراقی) بلاویکردونەتەوە، لە ماوەی نێوان سالانی (١٩٩١–١٩٩٧)، ئەم پارتانەی سەرەوە، (٢٢٥) پێشمەرگەو لایەنگریان تیرۆر کراون، کە زۆرینەیان سەر بە (ح.د.ك.ا) بوون[4]. هاوکات نوسەرێکی تر ژمارەی

---

[1] (١٩٢٢-٢٠١١) لە شارۆچکەی بانە سەر بە پارێزگای سنە لەدایك بووە. ئەندامی کۆمەڵەی (ژ.ك) بووە لە ساڵی ١٩٤٤. مامۆستای ئاینی بووەو خاوەنی قوتابخانەی ئاینی تایبەت بەخۆی بووە. لە ساڵی ١٩٧٩ ڕۆڵی گرنگی بینیوە لە دانوستانەکانی نێوان بزوتنەوەی کوردی و ڕژێمی ئێرانداو چاوی کەوتووە بە خومەینی و سەرۆك وەزیران مەهدی بازرگان. پاشان لە هەشتاکاندا. لە ساڵی ٢٠١١ لە سوید مردووە. http://www.sunni-news.net

[2] پێشڕەو: کوردستان ئەمڕۆو سبەینێ، ناوەندی چاپەمەنی کۆمەڵ، ١٣٨٤، ل٩٥

[3] پارتێکی نەتەوەیی ئیسلامی سوننە مەزهەبە لە ٢٧ی ئۆگستۆسی ١٩٨٠ لە لایەن جەلالەدین حوسەینی برای عزەدین حوسەینی دامەزراوە. تا ئێستا چوار کۆنگرەی بەستووەو ئێستا بابا شێخ کوڕی شێخ جەلال حوسەینی سکرتێری ئەو پارتەیە. http://www.sazmanixebat.org

[4] بۆ ئەم زانیاریانە سود وەرگیراوە لە سەرجەم کتێبەکەی، فەرهاد عێراقی: کوردستانی عێراق و تیرۆری نەیارانی سیاسی ئێرانی، بێ شوێنی چاپ کردن، ٢٠٠١. ص ص١١–٧٣.

هەڵسوڕاوانی سیاسی رۆژهەلاتی کوردستان کە لە سالانی (١٩٩١–١٩٩٧) لە هەرێمی کوردستان تیرۆر کراون بە (١٧١) پێشمەرگە دادەنێت[١].

ئێران هەر لە سەرەتای دروستبونی دەسەلاتی هەرێمی کوردستان، ئەوەی نەشاردەوە کە ترسی هەیە لە هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی ئەم ترسە بریتی بوو لە چەند هۆکارێك کە گرنگترینیان پارتە کوردیەکانی ئێران لەژێر سایەی ئەو هەرێمەدا چالاکی دژی ئێران دەکەن، لە لایەکی تر گواستنەوەی مۆدێلی هەرێمی کوردستان بوو بۆ کوردستانی ئێران.

سەبارەت بە پارتە کوردیەکان، کۆمەڵێك هۆکار هەبوون وای لە لایەنی ئێرانی کردبوو، کە مەترسی لێیان هەبێت، لەو هۆکارانە، بارەگای سەرەکی ئەو پارتە ئێرانیانە لە هەرێمی کوردستان و لە ناو هەرێمیشدا لەسەر سنورەکانی ئێران بوون. لە لایەکی تر هەرێمی کوردستان بەهۆی تازە دامەزراندنی و هەروەها نەبونی ئەزموونی دەسەلات، نەبوونی توانای مادی و سەربازی، نەیدەتوانی سنورە نێودەوڵەتیەکان بپارێزێت و رێگری لە چالاکیەکانی ئەو پارتانە بکات. لە لایەکی تر پارتە کوردییەکانی ئێران و عێراق ئەوەندەی ئەزموونی هاریکاریان لە دژی ئێران و عێراق هەبوو، ئەوەندە ئەزموونی شەریان لە دژی یەکتر نەبوو. لە هەموویان گرنگتر، بەهۆی ئەوەی کە دەسەلاتی هەرێمی کوردستان هیچ بنەمایەکی یاسایی نێودەوڵەتی نەبوو، بۆیە هیچ ئیلتزامێکی نێودەوڵەتی لەسەر شان نەبوو بۆ پاراستنی سنورەکان لە دژی نەیارانی دەوڵەتانی دراوسێ. هەموو ئەمانە ترسی ئێرانی بەرهەمهێنابوو.

ئێران توانی لەسەر بنەمای ئەو ترسە گەورەترین سود وەربگرێت لە هەرێمی کوردستان بۆ لەناوبردنی نەیارەکانی لەو هەرێمەدا، ئەمەش بەچەندین شێوە لەوانە بۆردومانکردنی بارەگاکان بە موشەك لە خاکی ئێرانەوە، شالاوی فرۆکە بۆ سەر بارەگاکان، رفاندن، دەرمانخواردکردن، بۆسەدانان لەسەر رێگاکان، تقینەوە بە هۆی تی ئێن تی، بەکارهێنانی RBG7، هاوەن. ئەم کارانەی لە چەند کەناڵێکەوە بە ئەنجام دەگەیاند لەوانە:

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر شوێن و کاتی ئەنجامدانی ئەو کارە تیرۆرستیانە لەگەڵ ناوی تیرۆرکراوان، بروانە، بەهمەن سەعیدی: سێ ساڵ لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە سکرتێری کۆمەڵە، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ل٤٥٦–٤٦٨.

- نوسینگە فەرمییکانی ئێران لە هەرێمی کوردستاندا هەیبوو کە ئەو نوسینگانە لە هەرسێ پارێزگای هەرێمی کوردستان و شارۆچکەکانی دەربەندیخان و هاوینەهەواری صەلاحەدین کراوە بوون
- ئەو پارتە کوردیانەی کە لە شەری هەشت ساڵەدا بۆ کوردە عێراقیەکانی دروست کردبوو، لەوانە حزب اللەی شۆر شگێر[1]، کە بارەگای سەرەکی لە شارۆچکەی دیانە بوو، لە لایەن پارتە ئێرانییەکانەوە تۆمەتبار دەکرا بەوەی، کە پێشمەرگەی پارتە ئێرانییەکانی دەفراند یان تیرۆریدەکردن[2].
- ئەو پارتە کوردیانەی کوردستانی عێراق کە دەکەوتنە ژێر باری فشارەکانی ئێران، لەوانە (ب.ئ.ك)، کە لە ساڵی ١٩٩٥ (٧) پێشمەرگەی (ح.د.ك.ا)ی رادەستی ئێران کرد[3]. هەروەها (ی.ن.ك) کە سوپای ئێرانی بردە سەر بارەگاکانی (ح.د.ك.ا)[4].
- هاندانی خەڵك لە رێگای بەخشینی پارەوە بۆ دەرکردنی بارەگای پارتە ئێرانییەکان، سکرتێری گشتی (ح.د.ك.ا) عەبدوڵلای حەسەن زادە دەڵێت:" رژێم خەڵکی ناوچەکەی لێ هاندابن و بەڵێنی پێدابوون، کە ماڵی (٣٠٠) هەزار تمەنیان ئەداتێ ئەگەر (ح.د.ك.ا) دەربکەن"[5]. هەمان زانیاری لە نامەیەکی نوێنەری (ب.ئ.ك) بۆ فەرماندەی سەنتەری نەسر جەختی لەسەر کراوەتەوە کە تیایدا هاتووە"دوو ئوتومبێلمان ناردووە بۆ (بۆلێ) و (پشت ئاشان){بارەگای سەرەکی(ح.د.ك.ا) لێ بوو}، بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی

[1] رێکخراوێکی سەر بە بزوتەوەی کوردییە لە باشووری کوردستانو لە ساڵی ١٩٨٣ لە لایەن ئەدهەم عوسمان بەرزانی لە شارۆچکەی نەغەدە لە ئێران پێکهاتوەو ئەندامەکانی لە بەرزانییە ئاوارەکانی ئێران بوون. لە دوای راپەرین بارەگایان لە شارۆچکەکانی دیانەوو چۆمانو حاجی ئۆمەران هەبوو. هاوکات نوسینگەیان لە ئێران هەبوو. دواتر چونە ناو (پ.د.ك). ارکان حمە امین الزرداوی، ص ١٥٩.

[2] منظمة حقوق الانسان فی کردستان: ١ حزیران ١٩٩٥، اربیل.

[3] فەرهاد عێراقی: کوردستانی عێراقو تیرۆری نەیارانی سیاسی ئێرانی، ٢٠٠١، ل ١٦.

[4] کریس کۆچیدا، بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد هیوای سەربەخۆیی، بەرگی یەکەم، ل ١٥٧.

[5] عەبدول رەحمان قاسملۆو هاورێکەی: پەنجا ساڵ خەبات لە پێناوی کوردستان، ل٦١٦

لەسەر معارەزە، بەڵام چاویان پێ نەکەوتبوو، بەڵکو چاویان بە خێڵەکانی ناوچەکە کەوتبوو وە پەیمانیان داوە، کە لە ناوچەکەی خۆیان دەریان بکەن"[1].

ئێران بەردەوام لە دانیشتنەکاندا چەند داواکارییەکی لە پارتە کوردییەکانی عێراق هەبوو، لەوانە لە رێگای ئەمانەوە داوای دەکرد، کە پارتە ئێرانیەکان چەك دابنێن، سەرۆکی دەزگای هەوالگری (جەعفەر رەحیمی)و سەرۆکی دەزگای هەوالگری سوپای پاسداران لە رێگای بارزانیەوە داوایان لە (ح.د.ك.ا) کردبوو، کە چەك دابنێن. هەروەها بەردەوام داوای لە حزبە کوردییەکانی هەرێم دەکرد، کە بارەگاکانی پارتە ئێرانیەکان لەسەر سنووری ئێران بۆ قولایی هەرێم دوور بخەنەوە، جگە لەمە فشاریان دەخستنە سەر بۆ داخستنی ئێزگەکانیان‌و هەروەها ئێران لە رێگای پارتە کوردییەکانی هەرێمی کوردستانەوە فشاریان حستونەتە سەر بۆ راگرتنی پەیوەندیەکانیان بە دەوڵەتانی ئەوروپاو ئەمریکاوە[2].

ئەم داواکاریانەی ئێران پێش شەری ناوخۆ وەلامدانەوەیەکی پێویستی لە لایەن دەسەلاتدارانی هەرێمی کوردستان نەبوو. نەك هەر ئەوە، بەڵکو پارتەکانی هەرێمەکەو حکومەتی هەرێم‌و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بە توندی ئیدانەی ئێرانیان کرد لە ئەنجامی تیرۆرکردنی سادقی شەرەفکەندی لە بەرلین[3]، هەر بۆیە ئێران راستەوخۆو بە بێ باریدەی هەرێمی کوردستان هێرشی دەکردە سەر بارەگاکانی پارتە ئێرانییەکان، بە بەکارهێنانی فرۆکەو تۆپخانەو هەندێك جار سوپای زەمینی، وەك بە درێژای ساڵی (١٩٩٣) ئەم کارەی ئەنجام دا. دەسەلاتدارانی هەرێمی کوردستان‌و دانیشتوانەکەی بندەستیان درێخییان لە یارمەتیدانی مرۆیی ئەو پێشمەرگەو خێزانانە نەدەکرد، کە کەوتبوونە بە شالاوی سوپای ئێران، لە رووی سەربازیشەوە رووبەرووبونەوەی سەربازی لە نێوان سوپای هەرێمی کوردستان‌و سوپای ئێران روویداو لە هەردولا دیل و دەسبەسەر هەبوو[4]. شاندی (ح.د.ك.ا)

---

[1] وثائق الادانة: وثيقة رقم: (٧٦)

[2] کریس کۆچیدا، بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد هیوای سەربەخۆیی، بەرگی دووەم، ل ل١١٧-١١٨.

[3] کوردستانی نوێ "رۆژنامە"، ژمارە(١٩٦)، ١٩٩٢/٩/٢١.

[4] کوردستانی نوێ "رۆژنامە"،(٤٤٧)، ١٩٩٣/٧/٢٨

بۆ لای هەردوو پارتی دەسەڵاتدارانی هەرێم وەڵامی ئەرێنییان وەرگرتبوو بۆ پشگیری کردنیان. عەبدوڵای حەسەن زادە لەو بارەیەوە دەڵێت: " دیموکرات شاندێکی نارده لای یەکێتیو پارتی، شاندەکە چووەی لای کاك کۆسرەتو پێی وتین: " مام جەلال لێرە نییە، با کاك مەسعود لە جیاتی مام جەلال فەرمان بدات". دواتر چوینە لای کاك مەسعود، ئەو پێی وتین" هێزەکانی یەکێتیو پارتی لەژێر فەرمانی حزبی دیموکراتدان، ئەگەر پێویستیشی کرد بۆ خۆشم وەك پێشمەرگەی حبزبی دیموکرات بەرامبەر پەلاماری ئێران دەچمە سەنگەر"[1].

ئەم هەڵوێستەی هەرێمی کوردستان تا دەسپێکردنی شەری ناوخۆ لە ساڵی (١٩٩٤) بەردەوام بوو، بەلاّم بە سەرهەڵدانی شەر، فشارەکانی ئێران بۆ سەر (ی.ن.ك) زیاتر بوو، چونکە ئەم پارتەی پێشوو داوای هەڵوێستی بێلایەنی ئێرانی دەکرد لە شەری ناوخۆ، دواتر لەژێر پاڵەپەستۆی گەرموگوڕ بونی شەڕ، هەر ئەم پارتە داوای پاڵپشتی سیاسیو سەربازیو ئابووری لە ئێران دەکرد، مەرجی سەرەکی ئێرانیش کپ کردنی پارتەکانی ئێران بوو.

(ی.ن.ك) هەوڵی دەدا کە باڵانسێك رابگرێت لە نێوان داواکارییەکانی ئێرانو فشار خستنە سەر پارتە ئێرانییەکان، لە لایەك داوای لە ئێران دەکرد، کە هەڵوێستی نیشتمانی پارتەکەی رێگە نادات هێندە فشار بخاتە سەر (ح.د.ك.ا)و کە بە هۆیەوە ئەو پارتە ئێرانییە روو بکاتە ناوچەکانی بن دەسەلاّتی (پ.د.ك). کە ئەمەش لە قازانجی پێگەی سیاسی (ی.ن.ك) نابێت. لە لایەکی تر فشاری دەخستە سەر ئەو حزبە واتە (ح.د.ك.ا)، بۆ ئەوەی دەسبەرداری کاری چەکداری بێتو رازی بێت بە دانوستان لەگەڵ ئێراندا[2]. (ی.ن.ك) لەم هەولاّنەی خۆی بەردەوام بوو، بەلاّم بە گەرمبوونی جەنگی ناوخۆو توند بونی گەمارۆ ئابوورییەکانی (پ.د.ك) لەسەر ناوچەی (ی.ن.ك)، ئەم پارتەی دوایی رێگای بە سوپای پاسدارانی ئێراندا، کە لە خاڵی سنوری باشماخەوە هێرش بکەنە سەر (ح.د.ك.ا) لە شارۆچکەی کۆیە، لە ٢٧ی یۆلیۆی ١٩٩٦. لەم بارەیەوە فوئاد معسوم کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) بوو وتی، "ئێمە پێشتر دەمانزانی کە دێن(مەبەستی سوپای ئێرانە)، بەلاّم نەماندەزانی کەیو چۆن.

---

[1] عەبدول رەحمان قاسملۆو هاورێکەی: پەنجا ساڵ خەبات لە پێناوی کوردستان، ل ل ٦١٠-٦١١

[2] الاقتتال الداخلي في كوردستان العراق، كيف اندلع ومن المسؤل عنه، ص٣٤٩-٣٥٠.

ئێران وتبوی ئەگەر ئەوان چارەسەری دیموکرات (ح.د.ك.ا) نەکەن ئەوا خۆیان دێنو ئەو کارە دەکەن.ئێمە بە دیموکراتمان گوتبوو کە دەبێت بە شێوەیەك کار بکەن کە ئێران شەڕی ئابووریمان نەکات. بە تایبەت ئێمە هیچ ڕێگەیەکی دیکەمان بۆ هێنانی کەلوپەلو هاتوچۆو چارەسەری نەخۆشو بریندارنیە"[1].

ئەم پرۆسەیەی ئێران دوو ئەنجامی لێکەوتەوە، یەکەمیان ڕێکەوتنامەی نێوان (ی.ن.ك)و (ح.د.ك.ا) بوو لەسەر ئەوەی، کە (ی.ن.ك) ئاسایشی بارەگاو ئەندامەکانی (ح.د.ك.ا) لە هەرێمی کوردستان دەپارێزێت لەبەرامبەردا ئەم پارتەی دوایی بەرنامەی کارو تێکۆشانی دووبارە دابرێژێتەوە بە شێوەیەك، کە بەرژەوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستانو ئێران بپارێزێت[2]. ئەنجامی دووەم ئەوە بوو، کە ئێران لەبەرامبەر ڕێگەخۆشکردنی (ی.ن.ك) بۆ پرۆسە سەربازییەکەی، پشگیری لۆجستی (ی.ن.ك)ی کرد لە جەنگی ناوخۆدا. ئەم پشگیریە هۆکاری سەرەکی بوو بۆ نزیکبونەوەی (پ.د.ك)و بەغداد، کە بە هۆیەوە لە ٣١ی ئۆگستۆسی ١٩٩٦، سوپای عێراقی هەولێری داگیر کردو رادەستی (پ.د.ك) کرد. هێزی (ی.ن.ك) لەبەردەم ئەم هاریکاری بەغدادو (پ.د.ك) خۆی بۆ رانەگیراو لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا سەرجەم ناوچەی دەسەڵاتی خۆی لەدەستداو چونە سنوری ئێرانەوە[3].

(ی.ن.ك) لە جەنگی ناوخۆدا بەردەوام لەژێر فشاری ئێراندا بوو بۆ سنوردارکردنی چالاکییەکانی (ح.د.ك.ا). ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٩٨و دوای هاتنی سەرۆك کۆماری نوێ محەمەد خاتەمی، توانی شاندێکی ئێران لەگەڵ کەسایەتی سیاسی کوردی ئێران، سەلاحەدینی موهتەدی کۆبکاتەوە، لە بنکەی سەرکردایەتی (ی.ن.ك) لە قەلاچوالان بۆ گرتنە بەری چۆنیەتی دەسپێکردن بە دانوستان لەگەڵ پارتە ئێرانییەکان. ئەم هەوڵە بە پارتە ئێرانییەکان راگەیەنراو بوو بە هۆی ناکۆکی لەسەر چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ دانوستاندا. لە ناو کۆمەڵەی ئەم ناکۆکیانە لە نێوان رەوتی پاڵپشتیکەر لە دانوستانو رەوتی

---

[1] کوردستانی نوێ. رۆژنامە. ژمارە (١٣٥٢)، ١٩٩٦/٨/٦

[2] کوردستانی نوێ. رۆژنامە. ژمارە (١٣٥١)، ١٩٩٦/٨/٥

[3] جوناثان راندل: أمة في شقاق، ص٢٨٨.

دژایەتی کردنی دانوستان پەیدابوو کە دواتر بوو بەهۆی دابەشبونیان بۆ دوو بەش[1]. لە ناو (ح.د.ك.ا) ئەو دانوستانە رەتکرایەوە چونکە دوو سکرتێری پارتەکەیان لە میانی دانوستاندا تیرۆر کرابوون. بەڵام لە ناو کۆمەڵەدا ناکۆکی دروست کردوو کە بەهۆیەوە دابەشبون رویداو پارتێك بە ناوی (کۆمەڵەی شۆرشگێرانی زەحمەتکێشانی کوردستان) لە کۆمەڵە جیابونەوەی خۆیان لە ساڵی ١٩٩٩ راگەیاند[2]. لە سەرو بەندی هەڵسەنگاندنی دانوستان لە لایەن پارتە ئێرانییەکان، رەوتی توندرەوی ئێران و ئەفسەرەکان گەیشتنە هەرێمی کوردستان، کە دانوستانیان لەگەڵ هێزە کوردییەکان هەڵوەشاندەوە[3].

---

[1] حەسەن رەحمان پەنا: عەبدولڵای موهتەدی بە واتایەکی دیکە، وەرگێرانی: جەلال حەسەن زادە، ئینتشاراتی مەرکەزی کۆمەڵ ١٣٨٩، ل١٠.

[2] بەهمەن سەعیدی: سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٩٩- ٢٣١.

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ سەلاحەدینی موهتەدی. ١١ی یۆنیۆی ٢٠١٠.

بەشی سێیەم

پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا

-تەوەری یەکەم-تورکیا لە کۆتایی سەدەی بیستدا.

-تەوەری دووەم- پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیا (١٩٩١-٢٠٠٣)

-تەوەری سێیەم-کێشەی کورد لە تورکیا

-تەوەری چوارەم- پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا

تەوەری یەکەم
تورکیا لە کۆتایی سەدەی بیستدا

کۆماری تورکیا لە سەرەتای نەوەدەکاندا زیاتر هەنگاوی بەرەو کرانەوە هەڵهێناو خاوەن ڕۆڵ‌و پێگەی سیاسی بەهێز بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا. ئەو فاکتەرانەی وایانکرد تورکیا خۆی لەم بارە نوێیەدا ببینێتەوە ئەمانەی خوارەوە بوون:

یەکەم: جوگرافیای سیاسی

تورکیا ڕووبەرەکەی (٧٧٩.٤٥٢) کم دووجایە. (٩٦، ٩٦٪) لە کیشوەری ئاسیایە، کە بە ئەنەدۆڵ ناو دەبرێت، (٣.٠٤٪) لە ئەوروپایە کە بە تراقیا ناو دەبرێت‌و گەروەکانی بەسفۆرو دەردەنێل دەکەوێتە نێوان هەردوو بەشەکە. گرنگی تورکیا لە ڕووی جوگرافییەوە لەوەدایە، کە ڕێگای سەرەکی نێوان ئاسیاو ئەوروپایە لە وشکانیدا. ئەمە وایکردوە ببێتە پردێك لەو نێوەندەدا، هەروەها لە ڕۆژهەڵاتەوە بەستراوەتەوە بە بانی ئێران‌و لە باشوریشەوە بە نیشتمانی عەرەب، کە ڕۆڵی ناوەندی ئێرانی عەرەبی بۆ دروست بووە. هاوکات جوگرافیای تورکیا بووەتە بەربەستێك لەبەرامبەر کشانی دەوڵەتی ڕوسیا بۆ دەریای ناوەراست‌و ناوچە نەوتییەکانی کەنداوی عەرەب. پێگەی ئاویی تورکیاش شێوەی نیمچە دورگەیەکی گەورەی پێبەخشیوە. دەریای ڕەش لە باکورو دەریای ئیجە لە ڕۆژئاوا، دەریای ناوەراست لە باشور وایکردووە کە ٢٦١٥ کم کەناری ئاوی هەبێت. گەروەکانی دەردەنێل‌و بەسفۆر کە تورکیا بەسەریدا دەروانێت، وایکردووە کە کۆنترۆڵی ئەو دەوڵەتانەی، کە لەسەر دەریای ڕەشن بە تایبەت ڕوسیا بەرووی دەریای ناوەراستدا بگرێتە دەست. هەموو ئەمانە

وایکردووە کە یەکێك بێت لە ناوچە زیندووەکانی جیهان، هەروەها بووەتە هۆی ئەوەی کە سیاسەتی تورکیا، چ لەرووی جیهانیو چ لە رووی ناوچەییەوە کاریگەری تایبەتی هەبێت[1].

لەرووی ئابوریشەوە، درێژی کەنارە ئاوییەکانی تورکیا، کە دەروانێت بەسەر دەریای ناوەراست، پێگەیەکی ئابووری گرنگی پێبەخشیوە. کەنارە ئاوییەکان لە تێروانینی (جوگرافیای سیاسی)یەوە تورکیای کردۆتە خاوەن سامانێکی ئابوری دینامیکی، چونکە لە رێگای کەنارەکانەوە دەسەڵاتی بەسەر لوولە نەوتییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بۆ پەیدا بووە[2]. تورکیا لە باکوورەوە هاوسنوری ناوچە نەوتییەکانی روسیایە ، لە رۆژهەڵاتیەوە بیرەکانی ئێرانە ، بیرەکانی دەوڵەتە عەرەبییەکانیش کەوتووەتە خوارویەوە. بۆیە دەوڵەتە رۆژئاواییەکان لە رێگای هاوپەیمانی ناتۆوە مەبەستیانە تورکیا بەشدار بکەن لە پێناو مانەوەی هەژمونی خۆیان بەسەر سەرچاوە نەوتیەکانی ناوچەکەدا. ئەم پێگە ئابوریو جوگرافییەدا، بایەخی سەربازی تورکیای بەرزکردووەتەوە. سەرکردەی باڵای هێزەکانی هاوپەیمانان لە ئەوروپا (جەنەراڵ ئەلکسەندەر هیگ) دەڵێت: "پارێزگاریکردن لە رۆژهەڵاتی تورکیا دەبێتە هۆی پاراستنی سەرچاوە نەوتییەکانی رۆژئاوا لە رۆژهەڵاتی ناوەراستو کەنداوی عەرەبیدا، کە بە تەواوی پشت بە سوپای تورکی دەبەستێت". لەرووی جوگرافیای سیاسیشەوە تورکیا لە چەقی بازنەیەکدایە کە پێکهاتووە لە ناوەراستی ئەوروپاو سوریاو عێراقو ئێرانو دەریای رەشو روسیادا، کە ناوچەیەکی زیندووی ستراتیجییە[3].

دووەم: سەرکردایەتی تورکۆت ئۆزاڵ[4]

---

[1] عبد الزهرة شلش العتابي: توجهات تركيا نحو اقطار الخليج العربي، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد، ٢٠٠٢، ص ص٢٠-٢٤ . احمد داود اوغلو: العمق الاستراتيجي، موقع تركيا ودورها في الساحة الدولية، ت: محمد جابر الثلجي وطارق عبدالجليل، مركز جزيرة للدراسات، الدوحة،٢٠١٠، ص١٤٢.

[2] عبد الزهرة شلش العتابي: المصدر السابق، ص ص ٣٤-٣٥.

[3] المصدرنفسه: ص ٣٢-٣٣

[4] تورکۆت ئۆزاڵ (١٩٢٧-١٩٩٣)، لە مەلاتیە لە دایك بووە، دەرچوی بەشی کارەبا لە کۆلیجی ئەندازیاری سەر بە زانکۆی تەکنیکی ئەستەمبوڵە لە ساڵی ١٩٥٠. لە ساڵی ١٩٨٣ سەرکردایەتی پارتی

لەم ماوەیەدا لەسەر دەستی ئۆزاڵ، تورکیا ئەزموونی کرانەوەی بەرووی رۆژهەڵاتدا بەخۆوە بینی، هەر لەژێر سایەی ئەمدا ئیسلامی سیاسیو بزوتنەوەی کوردی لە ئاستی ناوخۆدا زۆر چالاکانە لە هەڵبژاردنو لە حکومەتدا رکەبەری هێزە عەلمانییە نەتەوەییەکانیان دەستپێکرد، دواجار سوپای تورکیاش ئەوپەڕی چالاکیی خۆی لە ناو خۆوو دەرەوەی تورکیا نواند. هەر ئەمە وادەکات، کە ماوەی دەسەڵاتی ئۆزاڵ وەك سەرۆکی حکومەت (١٩٨٣–١٩٨٩) هەروەها وەك سەروك کۆمار(١٩٨٩–١٩٩٣) بە "سەردەمی ئۆزاڵی" ناو ببرێتو خودی ئۆزاڵیش لە دوای کەمال ئەتاتورك (١٩٢٣–١٩٣٧) بە دوومین مۆدێرنگەرای تورکیا ناو ببرێت[١].

گۆڕانکارییەکانی ئۆزاڵ لەسەر دوو ئاست بوو، ئاستی ناوخۆییو ئاستی دەرەکی. لە ئاستی ناوخۆیدا تێروانینی بۆ کێشە ناوخۆییەکان لیبراڵیانە بوو، کە بۆ سێ بەش دابەشی کردبوو، ئەوانیش ئازادی بیر کردنەوە، ئازادی ئاینی، ئازادی ئابووری. ئەو لە ماوەی سەرۆکایەتی کردنی حکومەتدا توانی بۆ جێبەجێکردنی مەرامەکانی سۆزی جەماوەر بۆخۆی رابکێشێت، بە تایبەتیش ئەو جەماوەرەی، کە لە ناوەڕاستی ئەنادۆڵ بوونو بە درێژایی مێژووی کۆماری تورکیا لە پەراوێزی گرنگی پێدانی دەسەڵاتدا بوون، بۆیە لەرێگای خۆ نزیك کردنەوە لە سەرمایەدارەکانی ئەو ناوچەیەو گروپە کۆنە پارێزەکانی بواری سیاسەتو کۆمەڵگا هەوڵەکانی لەپێناو فراوانکردنی بنکەی جەماوەری خۆی، خستبووەگەڕ. لە وتە دیارەکانی ئۆزاڵ بریتی بوو لە (خزمەتکردنی خەڵك، خزمەتکردنی خوا). لەم رێگایەوە توانی مەیلی زۆرینەی خەڵك بەلای خۆیدا کێش بکاتو دەستەبژێرێکی نوێ لە تورکیا، کە زیاتر ئیسلامخوازی نەتەوەیی بوون، دروست بکات. ئەم راستیانە لە کاتی مردنی ئۆزاڵ بە تەواوی

نیشتمانی دایکی کردووە (Ana Vatan Partisi)و توانیویەتی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٨٣ و ١٩٨٧دا، سەرکەوتن بەدەست بهێنێتو لە ١٣ی سێپتەمبەری ١٩٨٣–٩ی نۆڤەمبەری ١٩٨٩ بە بێ هیچ هاوپەیمانێك حکومەتی پێکهێناوە، لە ساڵی ١٩٨٩ بووەتە سەرۆکی کۆمار، لە ١٧ی ئەپریلی ١٩٩٣ مردووە. http://ar.wikipedia.org

[١] ئێریك جەی. زوچەر: مێژووی هاوچەرخی تورکیا. و: یاسین سەردەشتی، چاپخانەی سیڤا، سلێمانی، ٢٠٠٩. ل٤٦٩

دەرکەوت، کاتێك زیاتر لە یەك ملیۆن کەس ئامادەی مەراسیمی ناشتنەکەی بوون و دروشمە ئیسلامییەکانیان دەوتەوە. ئۆزاڵ بیروڕاکانی خۆی بەم شێوەیە دەربڕی بوو: " ئێمە وڵاتێکی ئیسلامین، هاوکات پردی پەیوەندیی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواین و پێویستمان بە زانست و تەکنیك و تێگەیشتنی ڕۆژئاوا هەیە. بەڵام هاوکات دابونەریتی خۆمان هەیە، کە ڕۆژئاوا نییەتی". هەموو ئەم شتانە لە لایەن دەستەبژێری باوی تورکیا بە دەستکاریکردنی حەرامەکانی سیستەمی کۆماری تورکیا دادەنرا. دەستەبژێری کەمالی کە زیاتر نوێنەرایەتی دانیشتوانی ئەستەنبوڵ و شارە کەناریەکانی دەریای ڕەش و دەریای ناوەڕاستیان دەکرد، بە خۆیان دەوت تورکە سپییەکان و دانیشتوانی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵیان بە تورکە ڕەشەکان ناودەبرد، بە چاوێکی سوك سەیری جەماوەری ئۆزاڵ و هەتا خودی ئۆزاڵیشیان دەکرد و تانەیان لێدەدا، کە بە سمێلێکی گەورەوە سەرۆکایەتی دەوڵەتی تورکیا دەکات و پێیان وابوو نموونەی دواکەوتوییە و هەمان کات کەسێکی ئیسلامی و جوداخوازە[1].

گۆڕانکارییەکانی ئۆزاڵ لە ئاستی دەرەکیدا هاوکاتی دوو ڕووداوی گرنگ بوون کە لە سەرەتای نەوەدەکاندا بەسەر جیهاندا هات ئەویش دووەمین جەنگی کەنداو و هەروەها ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت بوو لە ساڵی ١٩٩١دا. ئەم دوو ڕووداوە ئۆزاڵی خستە سەر هێڵێکی چالاك لە پەیوەندییە دەرەکییەکاندا. لێرەدا ناتوانین ئەوە بە تەواوی یەکلا بکەینەوە، کە ئایا ڕوداوە نێودەوڵەتییەکان کاریگەر بوون بۆ ئەوەی ئۆزاڵ سیاسەتی دەرەوەی تورکیا چالاك بکات، یاخود خودی بۆچوونەکانی ئۆزاڵ بوو، کە داهێنەری گۆڕانکاری بوو لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا، بەڵام دەتوانین ئەوە بڵێین، کە لە سەروبەندی ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت و دوومین جەنگی کەنداودا، ئۆزاڵ توانی وەك پاڵەوانێك خۆی بنوێنێت.

سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بە درێژایی مێژووی کۆماری تورکیا بریتی بوو لە پشت کردنە ڕۆژهەڵات و ڕوو کردنە ڕۆژئاوا و بەستنی هاوپەیمانی سیاسی و ئابووری و سەربازی لەگەڵ

---

[1] Muhittin Ataman: Leadership Change: Ozal Leadership and Restructuring in Turkish Foreign Policy Alternatives. Turkish journal of international relations. Volume 1 number 1 spring 2002. P6.

رۆژئاوا، بەمەش تورکیای لە رۆژهەڵاتدا کەنارگیر کردبوو. ئۆزاڵ ئـەم نەریتـەی گـۆڕیو رووی تورکیای لە رۆژئاواوە بەرەو رۆژهەڵات وەرچەرخان. ئۆزاڵ باوەڕی وابوو کە تورکیا پێویستە "پێگـەی راستـەقینە"ی خـۆی لـە جیهـانی ئیسـلامیو رۆژهـەڵاتی ناوەراسـتدا هـەبێت، ئـەو کاتەش تورکیا دەبێتە پردێك لە نێوان رۆژهەڵاتو رۆژئاوا، کە چـۆن پەیوەندییـەکانی لەگـەڵ رۆژئـاوا باشـە بەهـەمان شـێوە لەگـەڵ رۆژهـەلاتیش وابێـت. کەسێتی ئـۆزاڵش کـە لـە ژێـر کاریگەری ئاینی ئیسلامو رێبازی لیبرالی ئابووری ئەمریکیـدا بـوو، هۆکـار بـوو بـۆ باشـکردنی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ولاتانی بەلکانو ئاسیای ناوەراسـتو رۆژهـەلاتی ناوەراسـتو دەوڵەتەکانی قەفقاس. ئامانجیشی ئەوە بوو تورکیا بکاتە سـەنتەری سیاسـیو ئـابوری ئـەو دەوڵەتانە[1]. هەر ئەمەشە وادەکات کە تورکیا لـە سـەردەمی ئۆزاڵـدا بـە دووەمـین کۆمـاری تورکیا ناو ببرێت، چونکە تورکیا لە سەردەمی ئۆزاڵدا لـە سیاسـەتی نـاوخۆو دەرەوەدا زۆر جیاواز بوو لە کۆماری یەکەمین، کە کەمال ئەتاتورك دایمەزراندبوو[2].

سێیەم: رووداوە نێودەوڵەتییەکان

گرنگترین روداوی نەوەدەکان بریتی بوولە هەڵوەشاندنەوەی یـەکێتی سـۆڤیەت لـە سـاڵی ١٩٩١دا، کە جیهانی لە دوو جەمسەرییەو کرد بـە یـەك جەمسـەر، رووداوێکـی تـر بـەرپابونی دووەمین جەنگی کەنداو بوو لە یەنایری ١٩٩١، کە ئەمریکای کـردە تاکـە زلهێـزو سیسـتەمی نوێی جیهانی بەسەرکردایەتی خۆی راگەیاند. لـە بەرئـەنجامی ئـەم دوو روداوەدا پارسـەنگی هێز لە رۆژهەلاتی ناوەراسـت گۆرانکـاری گـەورەی بـەخۆوە بینـی. تورکیـا، کـە وەك گـەورە هێزێکی هاوپەیمانی ناتۆو وەك دەوڵەتێکی سەنتەر لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا، زۆر بە خێرایی لە بەرامبەر کێشەی کورد لـە هـەرێمی کوردسـتانو کێشـەی ئەرمـەنو کۆمارەکـانی ئاسـیای ناوەراستو قەفقاسو وردە دەوڵەتەکانی بەلکان خۆی بینییەوە. تورکیا بۆ ئـەم کێشـانە بـە سەرکردایەتی ئۆزاڵ بیری "عوسمانی نوێ"ی هێنایە بەر باس، کـە مەبەسـتی ئـەوە بـوو بـە

1 Muhittin Ataman: op.cit. P7.

٢ محمد نورالدین: ترکیا فی الزمن المتحول: قلق الهویة و صراع الخیارات، ریاض الریس للکتب والنشـر. لبنان،١٩٩٧،ص ١٨-١٩.

وێنەی دەوڵەتی عوسمانی، تورکیا رۆڵێکی کاراو زیندوو ببینێت، هەر لە بەلکانەوە دەسپێبکاتو لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستەوە تێپەڕ بکاتو تا سنووری شورای چین بگات[1].

روخانی یەکیەتی سۆڤیەتو بەزینی عێراق لە دووەمین جەنگی کەنداودا ئەو باوەڕەی لای تورکیا دروستکرد، کەهەلومەرج بۆ خۆدەرخستنی وەك هێزێکی گەورە لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا لەبارە. لێرەوە تورکیا قۆناغی یەك ئاراستەیی رووەو رۆژئاوایی لە سیاسەتی دەرەوە تێپەڕاند، کە تەنها گرنگی بە پەیوەندیەکانی لەگەلْ ئەمریکاو ئەورووپا دەدا، بەلْکو لە پالْ رۆژئاوادا سیاسەتی فرە ئاراستەیی پەیڕەو کرد. ئەوەی یارمەتیدەری ئەم سیاسەتە بوو لە لایەکیش بەستنی بوو بە هاوپەیمانی سیاسیو سەربازی لەگەلْ رۆژئاوا هاوکات سود وەرگرتن بوو لە بیری پان تورکیزم رووەو ئاسیای ناوەڕاستو هەروەها کلتوری عوسمانی ئیسلامی رووەو رۆژهەلاتی ناوەڕاست کە توانی بە درێژایی نەوەدەکان رۆلْی (دەولْەتی ناوەند–راگری بالآنس–بنکەی سەربازی) لە ناوچەکەدا ببینێت[2].

---

[1] گراهام فۆلـلەرو ئەوانی تر: جیۆپۆلەتیکی نوێی تورکیا، وەرگێرانی: عەتا قەرەداغی، چاپخانەی روون، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١١١

[2] عقيل سعيد محفوض: سورية وتركيا الواقع الرهن واحتمالات المستقبل، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٩، ص ص١٩٢-١٩٤

تەوەری دووەم

پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیا

عێـراق‌و تورکیـا وەك دوو دەوڵـەتی هاوسـێ کۆمـەڵێك خـاڵی هاوبـەش‌و بەرژەوەنـدیی هاوبەش کۆی کردونەتەوە، تورکیا بۆ عێراق ئەو پردەیە، کـە دەیبەسـتێتەو بـە ئـەوروپاوە، هاوکات عێراق جگە لەوەی بازاڕێکی باشـە بـۆ کـاڵای تـورکی، ئـەو پردەیـە، کـە تورکیـا بـە دوورگەی عەرەبی دەبەستێتەوە. تورکیاو عێراق هیچ کێشەی سنووریان نییە، وەك ئەوەی لە نێوان تورکیاو سوریا هەیـە، ئـەویش بـەهۆی کێشـەی لیـوای ئەسـکەندەرۆنەوەیە. هـەروەها ئەگەرچی تورکیا لەگەڵ ئێران ناکۆکن بەهۆی جیاوازیی بیرو باوەڕی دەوڵەت، بەڵام عێـراق و تورکیا لە ئایدۆلۆجیەتی دەوڵەتدا بێ کێشەن‌و عێراق عەلمانیەتی تورکیا بە بارێکی ناوخۆیی تورکیا دەزانێت. خـاڵێکی تـری هاوبەشـی نێـوان عێـراق‌و تورکیـا کێشـەی کـوردە، ئـەم دوو دەوڵەتە بەدەست ئەم کێشەیەوە دەناڵێنن‌و هەست بـە هەڕەشـەیەکی تونـد دەکـەن بـەهۆی ئەم کێشەیەوە، بۆیە ئـارەزووی گۆڕینـەوەی یارمـەتییان زۆرە[1]. ئەگەرچـی عێـراق، بـەهۆی دووەمین جەنگی کەنداو ڕۆڵێکی گرنگی لە گەمەی نەوت لە جیهاندا دەستدابوو، بەڵام تورکیا گرنگی بە عێراق دەدا، لەو ڕوانگەیەوەیە، کـە لـە داهـاتوودا ئـەم دەوڵەتـە ڕۆڵێکـی گـرنگ لـە

---

[1] حامـد محمـد طــه أحمـد السـويداني: العلاقـات العراقيـة التركيـة١٩٨٠-١٩٩٠، رسـالة الماجسـتير غيرمنشورة، قسم التاريخ، كلية التربية، جامعة الموصل، ٢٠٠٣، ص ص٦٧-٦٨.

گەمەکەدا دەبینێت[1]. ئەم دوو دەوڵەتە چەندین رێکەوتن لە بواری ئاسایش‌و بازرگانی‌و ئابوری لە نێوانیاندا هەبوو، بەڵام لە دوای داگیرکردنی کوەیت لە ٢ئۆگستۆسی ١٩٩٠،، پەیوەندیەکانی تورکیاو عێراق بە ساردترین قۆناغدا گوزەری کردو تا روخانی رژێمی سەدام حسێن لە ٩ی ئەپریلی ٢٠٠٣ درێژەی کێشا.

دەتوانین پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت لە سەرەتای قەیرانی داگیرکردنی کویت تا رووخانی رژێمی بەغداد(١٩٩٠-٢٠٠٣)، بەسەر سێ قۆناغدا دابەش بکەین:

یەکەم: قۆناغی دابڕان لە پەیوەندییەکان (١٩٩٠-١٩٩٣)

ئەم قۆناغە تایبەت بوو بە نەبوونی سەرجەم پەیوەندییەکانی نێوان عێراق‌و تورکیا. ئۆزال بەئاشکرا لە کاتی دووەمین جەنگی کەنداو، داوای رووخانی رژێمی عێراقی کردو لەگەڵ لێدانی سەربازی‌و دژی بەکارهێنانی چارەسەری دیپلۆماسی بوو،ئەو پێی وابوو کە ئەستەمە بتوانێت باوەڕ بەمانەوەی سەرۆکێك بکات لەماوەی (١٢)ساڵدا (واتە ١٩٧٩-١٩٩١)، (٩)ساڵ گەلەکەی خستبێتە جەنگەوە[2].

هەڵوێستی تورکیا لە دوومین جەنگی کەنداو لە یەك ئاستدا نەبوو، بەڵکو بەشێوەیەکی پلە بە پلە هەڵوێستی توند تر دەکرد. لە یەکەم رۆژی داگیرکردنی کوەیت لە لایەن عێراقەوە لە ٢ی ئۆگستۆسی ١٩٩٠، سەرەك وەزیرانی پێشووی تورکیا یەڵدرم ئاکبوڵت (٩نۆڤەمبەری١٩٨٩-٢٣یۆنیۆی١٩٩١)، وتی: "کێشەکە دڵەراوکێیەکی زۆری دروست کردووە، هیوادارم قەیرانەکە لە ماوەیەکی کەمدا نەمێنێت، چاوەڕێی گەڕانەوەی خاك‌و سەروەری کوەیت دەکەین". لەم لێدوانانەدا تورکیا نەرمییەکی پێوە دیار بوو ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە تورکیا لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی کوەیت‌و عێراق خاوەن پەیوەندییەکی باشی سیاسی‌و ئابووری بوو، هاوکات ئەگەری چارەسەرکردنی کێشەکە لە کەناڵە

---

[1] Reşat Arım: Foreign Policy Concepts Conjuncture, Freedom of Action, Equality Ambassador (Rtd.) Dış Politika Enstitüsü – Foreign Policy Institute Ankara, 2001. P31.

[2] Amikam Nachmani: Turkey In The Wake of The Gulf Ware ،1999.www.faind articles .com.

دیپلۆماسییەکانی جیهان‌و ناوچەکە هێشتا لە ئارادا بوو[1]. جگە لەوەی، کە تورکیا چاوەڕێی کاردانەوە جیهانییەکان بوو وێڕای ئەمە بەهۆی کتوپڕی ڕووداوەکەوە، خاڵی سەرەتایی بەرژەوەندییە باڵاکانی لەم قەیرانەدا لەلا روون نەبوو.

تورکیا لەو جەنگەدا چاوەڕێی بەدەستهێنانی زۆرترین بەرژەوەندی بوو. دوای یەك رۆژ لە دەرچونی بریاری ژمارە (٦٦٠) نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢ی ئۆگستۆسی ١٩٩٠، کە داوای لە عێراق کرد بە بێ هیچ پێش مەرجێك لە خاکی کوەیت بچێتە دەرەوە، لەسەر ئەم پرسە ئۆزاڵ‌و سەرۆکی ئەمریکا جۆرج بۆشی باوك (١٩٨٩-١٩٩٣)، گفتوگۆو راوێژێك لە نێوانیاندا دروست بوو. تورکیا دەیویست بۆ بەدەسهێنانی ئیمتیازی سیاسی‌و ئابووری ئەم هەلە لەدەست نەدات‌و بێ بەرامبەر نەچێتە بەرەی ئەمریکا، بۆ ئەم مەبەستە هێڵی نەوتی عێراق تورکیای دانەخست، جگە لەمە لە ٥ی ئۆگستۆسدا پێشوازی لە جێگری یەکەمی سەرۆك وەزیرانی عێراق تەها یاسین رەمەزان[2]، کرد، کە بۆ مەبەستی ئەوە هاتبوو تورکیا لە شەرەکەدا بێلایەن بێت‌و هێڵی نەوتی دانەخات. وێڕای ئەمەش ئەنکەرە رێگای بە بەکارهێنانی ئەنجەرلیك نەدا بەو بیانووەی ئەو بنکەیە تەنها بۆ کاروباری ناتۆ بەکار دێت‌و عێراق لە سنوری گرنگی دانی ناتۆدا نییە[3].

خاڵی دەسپێك لە هەڵوێستی دژ بە عێراق لە لایەن تورکیاوە لە رۆژی ٦ی ئۆگستۆس دەسپێدەکات، کە بریاری ژمارە (٦٦١) ی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٦ی ئۆگستۆسی ١٩٩٠، دەرچوو، گەمارۆی ئابووری بەسەر عێراقدا سەپاند. ئەمە پاڵپشتێکی یاسایی‌و

---

[1] میثاق خيرالله جلود: العلاقات الخليجية-التركية ١٩٧٣-١٩٩٠، مركز الدراسات الاقليمية، جامعة الموصل، ٢٠٠٨، ص١٦٣.

[2] تەها یاسین رەمەزان (١٩٣٨-٢٠٠٧). لە دایکبوی پارێزگای موسڵە، لە ساڵی ١٩٥٦ پەیوەندی بە حزبی بەعس کردووە. لە دوای ساڵی ١٩٦٨ بووە بە ئەندامی سەرکردایەتی شۆرش‌و پاشان بووە بە سەرکردەی سوپای میللی لە عێراق. پاشان پلەی بەرز بوو تاجێگری سەرۆك کۆمار گەیشت. لە ساڵی ٢٠٠٣ لە لایەن (ی.ن.ك) گیراو پاشان رادەستی سوپای ئەمریکا کرا. لە ساڵی ٢٠٠٧ لە سێدارە درا. http://www.aljazeera.net

[3] ابراهيم محمد حسن: المصدر السابق، ص ١٤٧

نێودەوڵەتی بوو بۆ هەڵوێستی نوێی تورکیا، هاوکات هەر لەم ماوە کورتەدا، هەریەك لە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا جیمس بیکەر[1]، هەروەها وەزیری بەرگری ئەو دەوڵەتە دیك چینی، کۆمەڵێك بەرژەوەندیی سیاسیو ئابوری بۆ تورکیا خستە روو کە دەتوانین بڵێین بەرگێکی نوێی بە قەد بەرژەوەندیە ستراتیجیەکانی نێوان ئەمریکاو تورکیای کردەوە. تورکیا هەر لە سەرەتادا چەند دەسکەوتێکی بەدەست هێنا، (٥٠) فڕۆکەی جۆری (F16)ی لە ئەمریکا وەرگرت (١٢) دەبابەی (لیوبارد)ی دروستکراوی ئەڵمانی وەرگرت. لەگەڵ ئەوشدا لەگەڵ ئەمریکا بۆ نوێکردنەوەی سوپاکەی گەیشتە رێکەوتنێك، هەروەها کوەیتو سعودیە (٢) ملیار دۆلاری زیانی تورکیایان لە داخستنی نەوتی عێراقی گرت ئەستۆ. هاوپەیمانی ناتۆ لای خۆیەوە لە ١٨ی ئۆگستۆس ناتۆ بریارێکی دەرکرد بۆ بەرگری کردن لە تورکیا لە کاتێکدا توشی هێرشی دەرەکی بێت، ئەمەش متمانەیەکی باشی بە تورکیا دا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ جەنگەکە. دواجار ئەمریکا پشگیری بوون بەئەندامی تورکیای لە (کۆمەڵەی ئەوروپی) کرد، کاتێك لە ١٨ی دیسەمبەری١٩٨٩ داواکەی رەتکرابووەوە[2].

لێرە بە دواوە قۆناغی دووەمی هەڵوێستی تورکیا دەستپێدەکات، ئەویش ئەوە بوو بازرگانی لەگەڵ عێراق راگرت، هەروەها بۆرییە نەوتییەکانی بەست، رێگای لە کەشتیەکی بارهەڵگری خۆراکی عێراقی گرت لە بەندەرەکانیدا بووەستێت، لە لایەکی تر بۆ گونجاندنی ئەم هەڵوێستەی لەگەڵ دەستووری دەوڵەت، ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانی تورکیا گەڕایەوە بۆ مادەی (٩٢) لە دەستوور کە رێگای دەدات، شەر لە کاتی پێویستدا رابگەیەنرێتو

---

[1] جیمس بیکەر لە ساڵی ١٩٣٠ لەدایك بووە. لە ولایەتی تەکساس، دەرچوی زانکۆی تەکساسە لە یاسادا. رۆڵی گرنگی بینی لە ناو لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی رۆناڵد ریگان لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکانی ١٩٨١. لە ساڵی ١٩٨٤ بوو بە وەزیری خەزێنە ی ئەمریکی. پاشان لە ١٩٨٩-١٩٩٣ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بوو. ئێستا سەرۆکی پەیمانگای بیکەرە بۆ پەیوەندی نێوان توێژینەوەی دەزگا ناحکومییەکان لەگەڵ دەزگاکانی حکومەت لە پەیوەندییە سیاسیەکاندا.

http://www.moqatel.com/

[2] Amikam Nachmani :Turkey in the wake of the Gulf war ،www.faind Articles.com.

حکومەت سوپای سەربازی بەکار بهێنێت، بە زۆرینەی دەنگ ئەم مادەیە کارا کراو ئۆزال لەم سۆنگەیەوە لە ٢٢ی ئۆگستۆس رایگەیاند، کە دەوڵەتەکەی ئامادەیە بەشداری سەربازی لە دژی عێراق بکاتو هێز رەوانەی سعودییە بکات. ئەوە بوو لە دوای دەرچوونی بریاری ژمارە (٦٦٥) نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٥ی ئۆگستۆس، رێگای بە بەکارهێنانی هێز لە دژی عێراق دا، ئەنجومەنی نیشتمانی تورکیا لە ٥ی سێپتەمبەر بریاری جولاندنی ١٠٠ هەزار سەربازدا، کە لەسەر سنووری عێراقی تورکی وەك خۆ ئامادە کردنێك.بۆ هەر دژە هێرشێکی عێراقی مۆڵ بېن [١].

دەتوانین گرنگترین ئامانجەکانی تورکیا لەم جەنگەدا بەم شێوەیە دەستنیشان بکەین:

١. رێگا لە عێراق بگرێت، کە بە داگیر کردنی کوەیت ببێتە خاوەنی زۆرترین نەوتی یەدەك لە جیهاندا.

٢. لاوازکردنی عێراق لە رووی سەربازییەوە بۆئەوەی نەبێتە هۆی هەرەشە بۆ سەر هاوسەنگی هێز لە ناوچەکەدا، لەجیاتی ئەو تورکیا ببێتە جێگرەوەی هێزی عێراقی لە ناوچەکە.

٣. تورکیا بۆ ئەوەی کارتی ئاوی تورکیای بەرامبەر نەوتی عێراقی لە دەستدا بێت، دەیویست عێراق لاواز بێت و بە دۆڕاوی لە شەڕ بچێتە دەرەوە.

٤. تورکیا وەك ئەندامێکی هاوپەیمانی ناتۆ بەشداری کرد بۆ ئەوەی رۆڵی لەو جەنگەدا بەرچاوبێتو ئەو هاوپەیمانیە دەسبەرداری تورکیا لە ناوچەکەدا نەبێت.

٥. دروستکرنی دیالۆگی (تورکی-کەنداوی) کە پشت بە رێوشوێنە ئاسایشیەکانی ناوچەکە بەستبێتو تورکیا پشکی لە پاراستنی ئەو ئاسایشەدا هەبێت [٢].

هەڵوێستەکانی ئەنکەرە جێگای نارەزایی بەغداد بوو هەربۆیە کاتێك سەرۆك وەزیرانی تورکیا یەڵدرم ئاکوبولوت لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٠ وەك هەوڵێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە سەردانی بەغدادی کرد، لە لایەن سەرۆکی عێراق سەدام حسین پێشوازی باشی

---

[١] میثاق خیر الله جلود: المصدر السابق، ص ١٦٥-١٦٦

[٢] عبد الزهرة شلش العتابي: المصدر السابق، ص ٢٢٢-٢٢٣

لێنەکراو پێی وت: "هاوپەیمانی ناتۆ کاریگەریی لەدەست داوە، ئەوان بە هاناتانەوە نایەن، ئەگەر ئەوەی ئێمە داواتان لێدەکەین، جێبەجێی نەکەن سەبارەت بەو کێشانەی بە لای ئێمەوە گرنگە، ئەوا کێ فریاتان دەکەوێت"[1]. لە بەرامبەردا هەڵوێستی تورکیا رۆژ بە دوای رۆژ توند تر دەبوو بەرامبەر عێراق. لە رێگای ئەم هەڵوێستانەوە تورکیا وەك هێزێکی ناوچەیی خۆی دەنواند. ئەوە بوو ئۆزال لە ٢٤ی سێپتەمبەری ١٩٩٠ سەردانی سەرۆکی ئەمریکا جۆرج بوشی لە واشنتن کردو لیستێکی داواکاری سەربازیو ئابووری پێشکەشی واشنتن کرد. لێرەدا ئۆزاڵ نەوەستا لەسەر داواکاری، بەڵکو پێشنیاری کرد، تورکیا لە رۆڵی پشگیری هەنگاو هەڵنێت بۆ رۆڵی بەشداریکردن لەگەڵ هاوپەیمانان بۆ هێرش کردنە سەر عێراق لە باکوورەوە[٢].

دەتوانین بڵێین ئۆزاڵ لەم قۆناغەدا بناغەیەکی کۆنکرێتی دارشت لە سیاسەتی تورکیا بەرامبەر عێراق کە دوای مردنیشی دروستکەرانی بریار لە تورکیا نەیانتوانی ئەو بناغە تێك بشکێنن. ئەوە بوو لەدوای تەواو بونی جەنگ نەگۆرێکی خستە سەر پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت ئەویش دەستێوەردانی ئاشکراو دیار بوو لە سەروەری خاکی عێراق لە رێگای (ئۆپەراسیۆنی بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی–Operation Provide Comfort)، کە کورتکراوەکەی (OPC) بوو. ئەم پۆسەیە لە رێگای هێزی هاوپەیمانان لە بنکەی ئەنجەرلیکی تورکیاوە ئەنجام ئەدرا. ئەرکەکەی وەك سەرۆك وەزیرانی تورکیا مەسعود یەڵماز[٣]، لە ٢٨ی یۆلیۆی ١٩٩١ ئاماژەی پێکرد، بۆ گۆرینی رژێمی عێراقی یان لە دژی سوریاو ئێران بەکار نەبوو، بەڵکو تەنها بۆ پارێزگاری ئاوارەکانی کوردە[١].

---

[1] Kemal Kirisci: Post Cold-War Turkish Security and the Middle East. MERIA. Volume 1, No. 2 – July 1997. P25

[٢] ابراهیم محمد حسن: المصدر السابق، ص ١٤٩

[٣] مەسعود یەڵماز لە ١٩٤٧ لە ئەستەنبوڵ لە دایك بووە، دەرچوی کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی ئەنکەرەیە، لە دامەزرێنەرانی پارتی نیشتمانی دایکەو لە ساڵی (١٩٩٠–١٩٩٨) سکرتێری ئەو پارتەبووە، یەکەمجار سەرۆکایەتی حکومەتی کردووە لە (٢٣یۆنیۆی١٩٩٠–٢٠ئۆکتۆبەری١٩٩١). دواتر لە

مەرجەکانی تورکیا لە بەکارهێنانی بنکەی ئەنجەرلیك لە لایەن هاوپەیمانان ئەمانەی خوارەوە بوو:

١. یەکێتیی خاکی عێراقی نەخاتە بەرهەرەشەو دەستکاریکردن، ئەمەش هێندەی لەبەر دەسکارینەکردنی نەخشەی عێراق بوو، زیاتر لەمە، بۆ ئەوە بوو، کە دەوڵەتێکی کوردی بە هۆی(OPC) دانەمەزێت کە لە داهاتوودا تورکیا بەزەو دابەشبون بەرێت.

٢. هەموو سیاسەتێك بوەستێنرێت کە یارمەتی کورد بدات بۆ دامەزراندنی دەوڵەت لە باکوری عیراق، پێویستە سەرکردە کوردەکانیش لەسەر ئەو خەتە رابهێنرێن.

٣. پەیرەوی تەواوەتی یاسای نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێت.

٤. ئەمریکا جەخت لەسەر پرۆسە سەربازییەکان تورکیا لە دژی (پ.ك.ك) بکات(٢).

لەسەر بنەمای تێگەیشتنی نێوان تورکیاو هاوپەیمانان، پەرلەمانی تورکیا لە ئەپرلی١٩٩١، ڕەزامەندی لەسەر بەکارهێنانی بنکەی ئەنجەرلیك لە لایەن هاوپەیمانانەوە دەربڕی، کە بۆ ماوەی شەش مانگ (ئۆپەراسیۆنی بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی) (OPC)، تیایدا ئەنجام بدرێت. تورکیا بە چوار فرۆکەی جەنگی بەشداری تیادا کردو بە بەردەوامی ٧٤ سەربازی تورکی بوو، هەروەها لە نوسینگەی (MCC) هەمیشە لە کۆی (١٠) ئەفسەری هاوپەیمانان دوو ئەفسەریان سەر بەسوپای تورکیا بوون(٣). تا ساڵی ١٩٩٦ فرۆکەی هاوپەیمانان(٨٠) جار گورزی پێشوەختیان لە سوپای عێراقی وەشاند(٤).

(ئۆپەراسیۆنی بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی) (OPC) لە ١ یەنایر١٩٩٧ بەدواوە گۆڕا بۆ پرۆسەی چاودێریکردنی باکوور–Operation Northern Watch، کە کورتکراوەکەی

٣٠یۆنیۆی ١٩٩٧–١١ی یەنایری ١٩٩٩ سەرۆك وەزیان بووە. جلال عبدالله معوض، المصدر السابق، ص ٩٣-٩٤.

[1] احمد حسين: المصدر السابق، ص٩٤.

[2] المصدر نفسه، ص٩٦.

[3] رواء محمد ملا: المصدر السابق، ص١٢٣–١٢٤.

[4] ميخائيل م. جونتر: الاكراد ومستقبل تركيا، ترجمة: سعاد محمد ابراهيم خضر،مركز كردستان للدراسات استراتيجية– سليماية، ٢٠٠٧، ص١٤٤

(ONW) بوو، لەم پرۆسەیەدا فەرەنسا پاشەکشەی کردو تورکیاش تەنها لە سنووری ئاسمانی تورکیادا یاریدەی فرۆکەکانی بریتانیاو ئەمریکایان ئەدا بۆ چاودێریکردنی باکوری عێراق. هۆکاری ئەم گۆڕانکارییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کاتێك راپۆرتە رۆژنامەوانییەکان باسیان لەوە کرد، کە بنکەی ئەنجەرلیك بەکار هاتووە وەك تۆڵە کردنەوە لە عێراق لەبەرامبەر هاریکاری نەکردنی لەگەڵ بەرنامەی پشکنینی چەك(UNSCOM)، کە بەڕای فەرەنسا ئەمە لادان بووە لە ئەرکی سەرەکی (OPC) کە پاراستنی کوردەکان بوو[1].

ئۆزاڵ لەم قۆناغەدا (١٩٩٠-١٩٩٣) گەورەترین بەربەست بوو لەبەردەم بەرژەوەندیو ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ تورکیا، چونکە بە شێوەیەکی گشتی ئەو پشتگیری لە بەردەوامبونی سزاکانی سەر عێراق دەکرد، هاوکات رێگای خۆشکرد کە هاوپەیمانان لە تورکیاوە بە بەردەوامی هێرش بکەنە سەر خاکی عێراق[2].

بۆیە دەتوانین بڵێین، لەم قۆناغەدا تورکیا هێندەی پیوەندیەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەهێز بوو، هێندە لەگەڵ عێراقدا پەیوەندیەکان باش نەبوو، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو رایەی، کە بڵێین تورکیا لە روانگەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەیڕوانییە عێراق. بە واتایەکی تر ئۆزاڵ، کە رۆڵێکی گەورەی لە دروستکردنی بڕیاری تورکیادا هەبوو. ئەو باوەڕی بە فیدراڵیەت هەبوو بۆ عێراق، کە لە پشتگیریکردنی فیدراڵیەتی هەرێمی کوردستانەوە دەیروانییە فیدراڵیەت بۆ هەموو عێراق. هەر بۆیە دەبینین ئۆزاڵ پێشنیاری کۆنفدراڵی کوردی تورکی عەرەبی لە عێراقدا کرد، کە یەکەمیان هەولێرو

---

[1] SEAN BOYNE :ARGUMENTS IN FAVOUR OF TURKEY'S CONTINUING SUPPORT FOR OPERATION NORTHERN WATCH :PERCEPTIONS JOURNAL OF INTERNATIONAL AFFAIRS. December 1997-February 1998 Volume II – Number 4. P 2

[2] Henri J. Barkey :TURKEY AND IRAQ SINCE THE GULF WAR HEMMED IN BY CIRCUMSTANCES ،MIDDLE EAST POLICY, VOL. VII, NO. 4, OCTOBER 2000. P113.

سلێمانی و دهۆك بێت، ئەوەی تر کەرکوك و موسڵ بێت و ئەوی دەمێنێتەوە بۆ عەرەبی عێراقی بێت[1].

دووەم- قۆناغی چەق بەستن(١٩٩٣-١٩٩٧):

ئەم قۆناغە لەدوای مردنی ئۆزال دەستپێدەکات دوای ئەوەی تەمەنی ڕژێمی عێراقی لەسەر کورسی دەسەلآت درێژەی کێشا، هاوکات هەرێمی کوردستانیش وەك دەسەلآتێك لە ناوچەکە بەردەوامی هەبوو. ئەم قۆناغە بەوە لە قۆناغی یەکەم جیا دەکرێتەوە، کە پەیوەندیەکانی تورکیا لەگەڵ عێراق نەبچڕانی تەواوەتی بوو نە ئاسایی بوونەوەی پەیوەندییەکانە.

ئەو کەسانەی، کە لە دوای ئۆزاڵ بوون بە خاوەن بریار لە تورکیادا، سەرجەمیان بە شێوازی جۆراوجۆر دژی سیاسەتی دەرەوەی ئۆزاڵ بوون لە دووەمین جەنگی کەنداو. ئۆپۆزسیۆنی تورکیا سەرجەمیان ئیدانەی داگیرکردنی کوەیتیان کرد، بەلآم هەڵوێستیان جیاواز بوو، سلیمان دیمیریل[2]، کە ئەوکات خۆی و پارتەکەی (پارتی ڕێگای ڕاست Dogru Yol Partisi) لە پەرلەمان بەرهەڵستکار بوون، لە ١٧ی ئۆگستۆسی ١٩٩٠ وتی:" پێویست ناکات بۆ رازیکردنی هەندێك، تورکیا لە ئاگرەوە تێوە بگلێنین.... ئۆزاڵیش نە نوێنەری تورکیایە و نەنوێنەری گەلە....بێ ئابڕووییە بۆ تورکیا کە بۆ پرکردنەوەی زیانەکانی، رازی بوو پارە لە میری کوەیت وەربگرێت، ئەوە مانای فرۆشتنی سوپای تورکیایە لە بەرامبەر هەژموون.....ئێمە جەندرمەو پاسەوانی بەکرێگیراو نین". نەجمەدین

---

[1] احمد حسین: المصدر السابق: ص٩٣

[2] سلیمان دیمیریل لە ١٩٢٤ لەدایك بووە لە پارێزگای ئەسپارتە لە باشوری رۆژئاوای تورکیا، دەرچوی کۆلیجی ئەندازیاریە لە زانکۆی ئەستەنبوڵ لە ساڵی ١٩٤٦، حەوت جار سەرۆکایەتی حکومەتی کردووە، لە ساڵی ١٩٧١، ١٩٨٠ لە رێگای کودەتاوە حکومەتەکەی لەکار کەوتووە، لە داوی مردنی ئۆزاڵ، نۆهەمین سەرۆکی تورکیا بووە لە (مایۆی ١٩٩٣-مایۆی ٢٠٠٠). جلال عبدالله معوض: المصدر السابق. ص ٣٤-٣٥

ئەربەکانیش[1]، وەك سەرۆکی کوتلەی پارتی رەفاهی بەرهەڵسکار وتی:"سەرۆك بریار دەردەکات بەبێ ئەوە راوێژ بە پەرلەمان‌و حکومەت بکات‌و دەست دەکات بە جێبەجێکردنی وەك ئەوەی کە تورکیا رژێمێکی کۆماری سەرۆکایەتی بێت، ئەمە پێشێلکردنی دەستورە، تورکیا پێویستە بە روانگەیەکی رۆشنەوە بچێتەو ناو کێشەکە نەك بە قازانجی لایەنێك‌و بە دەستگرتن بە بریارەکانی بۆش"[2].

ئەم هەڵوێستانە هەڵویستی پەرلەمانی بوون، بەڵام لەکاتی وەرگرتنی دەسەڵاتدا گۆرانی بەسەردا هات. دیمیریل وەك سەرۆك کۆمار (١٩٩٣-٢٠٠٠) لەمیانەی سەردانی بۆ میسر لە ٦ی مایۆی ١٩٩٤ وتی: " تورکیا پێشبینی ئەوە دەکات، کە لەگەڵ ئەمریکا رێکەوتن بکات بۆ هەڵگرتنی سزای ئابووری، بۆرییە نەوتییەکان، کە لەژێر هەرەشەی خراپ بوندایەو نزیکەی (١١) ملیۆن تەن نەوتی لەناودایە، بۆیە پێویستە بخرێنەوە کار. جگە لەوە، کە تورکیا بەهۆی گەمارۆی سەر عێراق، زیانەکانی بە (٢٠) ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت"[3].

دیمیریل لە بەرژەوەندییە ئابوریەکانی تورکیاوە دەیروانییە هەڵگرتنی گەمارۆی ئابووری لەسەر عێراق، هاوکات لە بەرژەوەندییە سەربازییەکانی تورکیاوە دەیروانییە سنوری نێودەوڵەتی نێوان عێراق‌و تورکیا. لە ساڵی ١٩٩٥، کە رووبەرووبونەوەیەکی گەرم لەسەر سنوری عێراق-تورکیا لە نێوان سوپاو (پ.ك.ك) لە ئارادا بوو، لەم کاتەدا دیمیریل سێ جار باسی لە سنوری تورکیاو عێراق کرد. لە لێدوانێکی بۆ رۆژنامەنوسان لە ٣ی مارتی ١٩٩٥،

---

[1] نەجمەدین ئەربەکان (١٩٢٦-٢٠١١)، خاوەنی بروانامەی دکتۆرایە لە ئەندازیاریدا لە یەکێك لە زانکۆکانی ئەڵمانیا، گەورەتین رۆڵی هەبووە لە سەرکردایەتی کردنی ئیسلامی سیاسی لە تورکیاو سێ پارتی دامەزراندووە کە هەرسێکیان لە لایەن دەوڵەتەوە داخراوە، ئەویش پارتی سیستەمی نیشتمانی(١٩٧٠)، پارتی سەلامەتی نیشتمانی(١٩٧م)، پارتی رەفاه ١٩٨٣. لە هەڵبژاردنەکانی دیسەمبەری ١٩٩٥، زۆرترین کورسی پەرلەمانی بەدەست هێناو لە ٢٩ی یۆنیۆی ١٩٩٦ وەك یەکەم سەرۆك وەزیری خاوەن بیروڕای ئیسلامی دەستبەکار بوو تا بەکودەتا لە ٣٠ یۆنیۆی ١٩٩٧ لەکار خراو داواتر دادگا لە کاری سیاسی دورخستەوە. جلال عبداللة معوض: المصدر السابق، ص ٨٦-٨٧

[2] میثاق خیر الله جلود:المصدر السابق، ص١٦٤.

[3] جلال عبدالله معوض: المصدر السابق، ٤٩

ووتی:"ئەم سنورە هەڵەیە، ولایەتی موسڵ بەشێك بوو لە خاكی دەڵەتی عوسمانی". لە چاوپێکەوتنێکی تر لە ٢ی مارتی ١٩٩٥: سنوری سەر بەرزاییەکان هەڵەیە، لەراستیدا سنوری تورکیا لەو شوێنەوە دەست پێدەکات کە سنوری ناوچە نەوتیەکان کۆتایی دێت. من وتومە کاتێك ئێمە پاشەکشە لە باکووری عێراق دەکەین، .....دووبارە تیرۆریستەکان دەگەڕێنەوەو ئێمە دوای دوو تا سێ مانگی تر توشی هەمان بارودۆخ دەبینەوە، بۆیە لێگەڕێن با ئەو سنورە راست بکەینەوە. پێویستە هێڵی سنور بچێتە ناوچە نزمەکان. ئەگەر سنور لە ناوچە نزمەکانی کەنار چیاکان بێت، ئەوا چەکدارەکانی (پ.ك.ك) ناتوانن لەو ناوچەیەدا خۆیان حەشار بدەن"[1].

هەڵوێستی عێراق لە لایەن وتەبێژی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراقی بوو، کە وتی:"عێراق هەموگفتوگۆیەك لەم بارەوە رەتدەکاتەوە، تورکیاش ئاگادار دەکاتەوە لە هەموو هەنگاوێکی تاك لایەن، کە سنوری نیشتمانی ببەزێنێت، عێراق بەرگری لە هەموو کارێکی لەو جۆرە دەکات بە گرتنە بەری هەموو جۆرێك لە رێگا شەرعییەکان". رۆژنامەنوسێکی عێراقی لە رۆژنامەی بابلدا تورکیای بە پیاوە نەخۆشەکە ناوزەد کردبوو، نوسیبوی " دەستی هەر کەسێك دەبڕین، کە بیەوێت ئازارمان بدات". وەزیری دەرەوەی میسر (عەمرو موسا) بەرهەڵستی دەوڵەتەکەی خۆی لەم بارەیەوە دەربڕیو کۆمکاری ولاتە عەرەبیەکانیش بەهەمان شێوە رەخنەی توندیان لە وتەکانی دیمیریل گرت. لە وەڵامی ئەمانەدا دیمیریل چەند راگەیاندنێکی دەرکرد، لە (٨ی ما یۆی ١٩٩٥) وتی:" پێویستە گۆڕینی سنور لە رێگای گفتوگۆو هەماهەنگی بێت لەگەڵ ولاتانی دەوروبەر". دواتر کاتێك زانی، کە وتەکانی هێشتا جێگای رەزامەندی دەوڵەتانی دراوسێ نییە، بۆیە رایگەیاند: ئەم بۆچوونە خراپ لێکدرایەوە. سنوری نێوان تورکیاو عێراق کێشەیە. ئەم کێشەیە ئێستا چارەسەر ناکرێت. تورکیا پلانی نییە بۆ بەکارهێنانی هێز بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانو ئەم کێشانە بە هاریکاری هاولاتی هەردوو دەوڵەت چارەسەر دەکرێت. من ئەمەم وتووەو

---

[1] Daniel Pipes: Hot Spot: Turkey, Iraq, and Mosul: Middle East Quarterly .VOLUME II: NUMBER 3 SEPTEMBER 1995 .WWW.meforum.org.

مەبەستم ئەو بوو". دیمیریل بۆ رۆژنامەیەکی عەرەبی وتی:" تورکیا هیچ چاوتێبڕینێکی ناوچەیی نییە لە ناویشیاندا عێراق. کێشەی موسڵ لە ساڵی (١٩٢٦) چارەسەر کراوەو ئێستا ئەمە پرسێکی بەردەم سیاسەتی دەرەوەی تورکیا نییە". ئەم وتانەی دیمیریل پەیوەندیەکانی بردەوە باری ئاسایی و جێگری سەرۆك کۆماری عێراق تەها یاسین رەمەزان لەو بارەیەوە وتی" حکومەتەکەیان بە گرنگییەوە دەروانێتە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا"[١].

دیمیریل لە پێناوی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ دەسکاریکردنی سنووری نێودەوڵەتی و فراوانکردنی خاکی تورکیا لە رێگای بەکارهێنانی هێز، بۆیە ئەمە سیاسیەتێکی زۆر نزیك بوو لە سیاسەتی ئۆزاڵ بەرامبەر عێراق، بەڵام واقعی نەبوو. عێراقیش هەستی بە گۆرانێك دەکرد لە بۆچوونی تورکیا بەرامبەر پەیوەندییەکان. بۆیە وەزیری دەرەوەی عێراق محەمەد سەعید سەحاف بۆ یەکەم جار لە دوای دووەمین شەری کەنداو لە فەبرایەری ١٩٩٥ سەردانی ئەنقەرەی کرد، داوای لە تورکیا کرد مۆڵەتی مانەوەی هێزی نێودەوڵەتی ناوچەی دژەفرین درێژ نەکەنەوە، هەروەها کێشەی کورد وەك کێشەیەکی ناوخۆیی لە هەردوولادا سەیر بکرێت و هیچ لایەنێکی نێودەوڵەتی دەستێوەردان نەکات[٢].

بە دەستبەکاربوونی ئەربەکان وەك سەرۆکی حکومەت لە ئەپریلی١٩٩٦- ئەپریلی١٩٩٧، پەیوەندییەکان قەڵەمبازێکی بەخۆوە بینی. ئەمەش لەو باوەرەی ئەربەکانەوە بوو کە پێی وابوو، پێویستە تورکیا رووبکاتەوە رۆژهەڵات و پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتە ئیسلامییەکان و دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بەتین بکات بە تایبەتیش دەوڵەتانی دراوسێ[٣]. هەر لە سەرەتای دەسبەکاربوونی وەك سەرۆکی حکومەت، کەوتە پەیوەندییەکی خێرا لە نێوان سعودیەو عێراق و کوەیت لە سێپتەمبەری ١٩٩٦، بۆ

---

[1] Ibid

[٢] عومەر نورالدین : سەرچاوەی پیشوو، ل ٣١٢.

[٣] رضا هلال:السیف والهلال ترکیا من اتاتورك الی اربکان، دار الشرق، قاهرة، ١٩٩٩،ص ص ١٨٥-١٨٧

چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان، لە روانگەی ئەوەی، کە ئەم کێشانە کێشەیەکی دەوڵەتە ئیسلامیەکانە، رێگە بە ئیمپریالیزم نەدرێت دەست وەربداتە ئەو کێشانە. هاوکات وەك هەنگاوێکی تاك لایەنە لە ناوچەکەدا، ئەربەکان وەزیری دادی کابینەکەی، شەوکەت کازان و وەزیرێکی تری کابینەکەی راسپارد بۆ سەردانی بەغداد. لەوێوە کازان لە ١٤ی ئۆگستۆسی ١٩٩٦ رایگەیاند "وڵاتەکەی یەکێکە لەو دەوڵەتانەی لە ئەنجومەنی ئاسایش بۆ هەڵگرتنی سزای ئابووری لە پاڵ عێراق دەوەستێت.....تورکیاش یەکێکە لەو دەوڵەتانەی بەرگری لە مافی عێراق لە دژی ستەمکاری دەکات، کە تورکیاش توشی هاتووە.". ئامانجی تورکیا لە سیاسەتی هەڵگرتنی گەمارۆی ئابووری بریتی بوو لە بەدەسهێنانی قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی، کە بە هۆی گەمارۆوە توشی بووە. لە لایەکی تر بۆ رێگا خۆشکردن بۆ دروستکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ عێراق بە تایبەت پەیوەندییە ئابوررییەکان[1]. هاوکات باشکردنی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ عێراق، یەکێك بوو لە پرۆژە چاکسازیە ئابوورییەکانی ئەربەکان لە تورکیادا. ئەنکەرەو بەغداد لەسەر هەناردەکردنی کاڵای تورکی، بەتایبەتیش خۆراكو دەرمانی پزیشکی، لە بەندەرەکانی ئەسکەندەرۆنەو مێرسینەوە بۆ عێراق رێکەوتبوون. لەم بارەیەوە ئەربەکان وتی"حکومەت هەموو رۆژێك کرانەوەی دەرگای نوێی بازرگانی لە نێوان تورکیاو عێراق رادەگەیەنێت[2].

لە لایەکی تر وەك هەوڵێکی تورکیا بۆ پتەوکردنی پەیوەندیەکان، ئەربەکان لە سەرەتای دەسبەکاربونی وەك سەرۆکی حکومەت وادەی (OPC) درێژ کردەوە، بەڵام لە جاری دووەمدا، واتە لە سەرەتای یەنایری ١٩٩٧، لەگەڵ ئەمریکاو بریتانیاو فەرەنسا کەوتە وتووێژ لەسەر ئەم پرسەو ئەوە بوو ناوەکەی گۆرا بۆ ئۆپەراسیۆنی چاودێریکردنی باکور(ONW). لە چاوپێکەوتنێکدا وتی :"لە کاتی دوایین درێژکردنەوەدا چەند مەرجێکمان بۆ ئەمریکا داناوە لەوانە، هەڵگرتنی سزای ئابوری سەر عێراق، کە پەیوەندی بە بازرگانی لەگەڵ تورکیادا

[1] جلال عبدالله معوض: المصدر السابق، ص١٣٧

[2] امال محمد صالح الحمداني: نجم الدين اربكان و دوره في السياسة التركية ١٩٦٩-١٩٩٧، رسالة ماجستير، كلية التربية، جامعة موصل، ٢٠٠٨، ص٢٣٧

هەبێت بە هاوشێوەی ئەردەن. زۆرکردنی نەوتی ڕۆشتوو لە ڕێگای تورکیاوە. پاراستنی یەکێتی خاکی عێراقی. ئەمریکا پابەند بێت بە بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دور لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی. یەکخستنی هەوڵەکان لە پێناو دژایەتی کردنی تیرۆر.کەمکردنەوەی فرینە ئاسمانییەکان لە ناوچەی بامەرنی بۆ نیو ئەوەندە، هەروەها گواستنەوەی فرینەکان بۆ سلۆپی"[1]. ئەربەکان وەك هێزی داگیرکەر سەیری (OPC) دەکردو بە پشگیری (پ.ك.ك)ی ناو دەبرد. هاوکات دەیوت ئەمریکا لە ڕێگای ئەنجەرلیکەوە یارمەتی پرۆژەی ئەتۆمی ئەرمینیای داوە کە نەیارێکی تورکیایە. بەرای ئەو خەڵکی موسوڵمانی تورکیا لە دژی مانەوەی ئەو هێزە داگیرکەرانەن لە تورکیا[2].

لەم قۆناغەدا ئامانجی تورکیا بریتی بوو لەوەی، کە زامنی مانەوەی حکومەتی بەغداد بکات، چونکە لە داهاتوی پارچە پارچە بوونی عێراق لە دوای ڕژێمی سەدام حسین دەترسا. هاوکات ئامانجێکی تریش کۆتاییهێنان بوو بە خەونی فدراڵی یان دەسەڵاتی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا. ئەویش لەڕێگای هاندانی کورد بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ بەغداد، هەروەها خواستی ئەوە بوو، ڕژێمەکەی بەغداد دەسەڵاتی بگاتەوە سنورەکانو یارمەتی ئەنکەرە بدات لە کپکردنەوەی چالاکی (پ.ك.ك) لەسەر سنور[3]. وەزیری دەرەوەی تورکیا تانسۆ چیلەر[4]، لەمبارەیەوە وتی: وڵاتەکەی پشتگیری بەغداد دەکات بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی ناوەندی لە هەرێمی کوردستان، بەمەرجێك ئەگەر بتوانێت، ڕێگە لەبەردەم هێرشەکانی

---

[1] امال محمد صالح حمداني: المصدر السابق، ص٢٣٧-٢٤٠

[2] Henri J. Barkey :TURKEY AND IRAQ SINCE THE GULF WAR.p116

[3] Ibid

[4] تانسۆ چیللەر لەدایکبوی ساڵی ١٩٤٧ لە شاری ئەستەنبوڵ خاونی بڕوانامەی دکتۆرایە لە ئابوریدا لە ئەمریکا، مامۆستای زانکۆ بووە لە زانکۆی بەسفۆر لە تورکیا، لە یۆنیۆی ١٩٩٣ بۆتە سەرۆکی پارتی ڕێگای ڕاست، لە ٢٥ی یۆنیۆی ١٩٩٣-٦مارسی ١٩٩٦، سەرۆکایەتی سێ کابینەی یەك لەدوای یەکی حکومەتی کردووە، لە کابینەکەی ئەربەکانیش جێگری سەرۆکی حکومەتو وەزیری دەرەوە بووە. جلال عبد الله معوض: المصدر السابق، ص ٩١-٩٢

(پ.ك.ك) بگرێت[1]. ئەریەکان بە ئاشکرا ئەوەی خستەڕوو، کە ئەمریکا پرۆژەیەکی دیاریکراوی نییە نە لە هەرێمی کوردستان و نە عێراقدا، بۆیە حکومەتی تورکیا کار بۆ گەشەسەندنی پەیوەندییە ناوچەیەکانی دەکات[2].

ئەم سیاسەتەی ئەربەکان جێگای دەستخۆشی بەغداد بوو، ئەوە بوو سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییە عەرەبی و نێودەوڵەتییەکان لە ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق، قاسم حەمودی: "گەرانەوەی دەسەلاتی ناوەندی زامنی ئاسایشی سنورەکان و وەستانی دزە کردنە لە ناو عێراقەوە بۆ تورکیا"[3].

لەگەڵ هەموو ئەو هەولانەی ئەریەکان، بەلام نەیتوانی پەیوەندییەکان بخاتە بارێکی ئاساییەوە، چونکە لە لایەك سوپا سور بوو لەسەر پێشێلکردنی سەروەری خاکی عێراق لە رێگای لەشکرکێشییەکانەوە. لە سەردەمی حوکمی ئەربەکان یەکێك لە گەورەترین لەشکرکێشی تورکیا لە ناو خاکی هەرێمی کوردستان و سنووری عێراقدا روویدا ئەویش ئۆپەراسیۆنی فولاز بوو لە ١٩٩٧. عێراق لە رۆژانی ١٥-٢٥ی مایو ١٩٩٧و لەمیانەی ئەو لەشکرکێشیەدا، (٢٧) یاداشتنامەی بۆ نەتەوە یەککگرتووەکان، کۆمکاری عەرەبی، رێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی ناردووە. هاوکات نوێنەری عێراق لە کۆمکاری عەرەبی رەتیکردەوە، کە نوێنەری عێراقی پێش لەشکرکێشیەکە ئاگادار کرابێتەوەو رایگەیاند، "ئەوەی رویداوە وەزارەتی دەرەوەی تورکیا سەفیری عێراقی بانگ کردووەو پاساوی لەشکرکێشیەکە بۆ هێناوەتەوەو هەموو جارێك لە کاتی لەشکرکێشیەکان ئەمە دوبارە دەبێتەوە"[4].

---

[1]EU aid ban highlights shaky Turkey rights record 08:04 Sep 22، 1996. www.kurdistanobserver.com.

[2] جلال عبدالله معوض: المصدر السابق: ص ١٥٣-١٥٤ .

[3] عايدة العلي سرالدين: دول المثلث بين فكي الكماشة التركية الاسرائيلية، دار الفكر العربي، بيروت، ١٩٩٧،ص ١٧٨

[4] جلال عبدالله معوض: المصدر السابق ١٨٦

هاوکات گرفتی سەرەکی عێراق لەبەرامبەر تورکیا لەوەدا بوو، هەرێمی کوردستان بەربەستێکی جوگرافی بوو لەبەردەم بەریەککەوتنی سنورو پەیوەندییە ڕاستەوخۆکانی لەگەڵ تورکیا، هەروەها گرفتی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بریتی بوو لەوەی، کە بەپێی بڕیاری (٦٨٨) پاریزراوییەکەی نێودەوڵەتی بۆ پەیدا ببوو کە ڕێگربوو لەبەردەم گەڕانەوەی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی بەغداد لە هەرێمی کوردستان. بۆیە دەتوانین بڵێین سیاسەتی دەرەوەی ئەربەکان بەرامبەر عێراق پێچەوانەی سیاسەتی ئەمریکا بوو بەرامبەر عێراق. هەر بۆیە ئەربەکان زۆر بە ڕوونی وتی، ناتوانین جوڵەی گەورە بە پەیوەندییەکانی عێراقی-تورکی بکەین[1]. لێرەدا دەتوانین بڵێین بەشێك لە هۆکاری لەکارخستنی ئەربەکان لە سەرۆکایەتی حکومەت، ئەنجامی ئەو سیاسەتە بوو کە بەرامبەر عێراق و هەرێمی کوردستان پەیرەوی لێدەکرد.

سێیەم: قۆناغی بەرەو ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکان (١٩٩٧-٢٠٠٢)

تورکیا لە سەردەمی بولەند ئەجەڤید[2]، چ وەك جێگری سەرۆکی حکومەتەکەی مەسعود یەڵماز، چ وەك سەرۆکی وەزیران (١٩٩٧-٢٠٠٢) لە هەوڵی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان بوو. ئەجەڤید لە کاتی دووەمین جەنگی کەنداودا سەردانی سەدام حسینی کردو نارەزایی خۆی بۆ سیاسەتی هاوپەیمانان بەرامبەر عێراق دەربڕی و ئەم سەردانانەی لە ساڵانی(١٩٩١-١٩٩٢)دووبارە کردەوە. ئەو پێی وابوو، کە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر عێراق لە لایەك زیانی ئابوری لە تورکیا داوە لە لایەکی تر ئەو سیاسەتە داهێنەری هەرێمی کوردستان بووە،

---

[1] Henri J. Barkey :TURKEY AND IRAQ SINCE THE GULF WAR. P118

[2] بولەند ئەجەڤید (١٩٢٥-٢٠٠٦)، لە دایکبوی ئەستەنبوڵە، دەرچوی کۆلێجی ئەدەبیاتی ئەو شارەیە لە ١٩٤٤، لە ساڵی ١٩٧٢ بۆتە سکرتێری پارتی گەلی کۆماری، لە حەفتاکاندا سێ جار حکومەتی پێکهێناوەو حکومەتی چوارەم و پێنجەمیش لە ل١ی یەنایری ١٩٩٩ بۆ ١٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٢ بوو جلال عبدالله معوض: المصدر السابق، ص ٩٥-٩٦

بۆیە دژی بوونی ئەمریکا بوو لە بنکەی ئەنجەرلیك[1]. عێراق وای لە ئەجەڤید چاوەروان دەکرد، کە بە پەیداکردنی پۆستی جێگرو دواتر سەروکی حکومەت، پەیوەندییەکانی تورکیا عێراق لە سەردەمی ئەربەکان زۆر باشتر بێت. ئەمەش بەهۆی پەیوەندیی کەسێتی لەگەڵ سەدام حسین، هەروەها نارەزایی توندی بەرامبەر بونی ئەمریکا لە ناوچەکەداو دژایەتی کردنی ئەجەڤید بۆ هەرێمی کوردستان. لە راستیشدا ئەم ئاسۆیە کاتێك دەرکەوت، تورکیا لە ئەنجامی رێکەوتنامەی واشنتنی نێوان (پ.د.ك)و (ی.ن.ك) لە ساڵی ١٩٩٨، رایگەیاند، کە پەیوەندییە دپلۆماسیەکانی تا دوا ئاستی تەواوەتی لەگەڵ بەغداد ئاساییدەکاتەوە. ئەجەڤید لە ١١ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٨ رایگەیاند :"ئەوە وەڵامی رێکەوتنی واشنتن بوو کە عێراقیان پێ دابەش دەکرد". زیاتر لەوەش ئەجەوید، تاریق عەزیزی جێگری سەرۆکی حکومەتی عێراق، بانگێشتی تورکیا کرد. عەزیز لە ١٢شوباتی ١٩٩٩ گەیشتە تورکیاو وتی "نابێت هەل بدەینە دەست دوژمنەکان کە هەوڵ لە پێناو تێکدانی پەیوەندییکانی تورکیاو عێراق دەدەن"[2]. لە ماوەی سەردانەکەی عەزیز، تورکیا بە یاریدەی تەواوی ئەمریکا عەبدوڵا ئۆجالانی دەسگیر کرد، ئەمە وایکرد ئەو دەوڵەتە وەك سوپاسێکی هەوڵەکانی ئەمریکا بە گەرمی پێشوازی لە تاریق عەزیز نەکەن. بە تایبەت دیمیریل، کە نەیهێشت تارق عەزیز سەردانی بکات لە کۆشکی کۆماری. لەم هەڵوێستە باڵاتریش پەسەندکردنی ئەجەڤید بوو بۆ گورز وەشاندنی فرۆکەکانی هاوپەیمانانی لە هێڵی (٣٦)وە لە دژە ئاسمانیەکانی عێراق. هەروەها ئۆپەراسیۆنێکی تری لە هەرێمی کوردستاندا ئەنجام دا. ئەمانە وایکرد پەیوەندییەکان زۆر ئاڵوز بێتو تەها یاسین رەمەزان لە ١٧ی فەبرایەری ١٩٩٩ وتی،

---

[1] Henri J. Barkey :TURKEY AND IRAQ SINCE THE GULF WAR.P122

[2] ئەم سەردانە دوای پێشکەشکردنی داوایەی رەسمی تورکیا بوو بۆ (پ.د.ك) کە زامنی سەردانی عەزیز بەناو خاکی بن دەستی خۆی لە برایم خەلیلەوە بکات. مجموعة باحثين روس وعرب: العلاقات الدولية في الشرقين الادنى والاوسط، وسياسة روسيا على عتبة القرن الحادى والعشرين، ترجمة دار المساعدة السورية للتاليف والترجمة والنشر، دمشق، ٢٠٠٢، ص ص١٤٨-١٤٩.

"لەمەودوا عێراق ئەنجەرلیك دەكاتە ئامانج"[1]. هەروەها عێراق نارەزایی خۆی لە نەتەوە یەکگرتوەکان دەربڕی و داوای لەو ڕێکخراوە کرد کە دەستوەردان لە کێشەی لەشکرکێشی تورکیا بۆ سەر عێراق بکەن، بەڵام سەرەك وەزیران (بوڵەند ئەجەڤید) رایگەیاند، کە ئەوان پێشتر عێراقیان لەو کارە ئاگادار کردووەو مۆڵەتیان وەرگرتووە[2].

دەتوانین بڵێین سیاسەتی ئەجەڤید بەرامبەر عێراق بریتی بوو لە پشتگیریکردنی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر عێراق بە تایبەت لە بواری ڕێگە دان بە (ONW)، هاوکات سود وەرگرتن لە عێراق لە رووی ئابوورییەوە تا ئەو کاتەی رژێمی سەدام حسین دەمێنێتەوە. دەوڵەتی عێراقیش لەبەر ئەوەی سیاسەتی (الاحتواء المزدوج)ی بەسەردا سەپا بوو، کە لە ئاستی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان توشی کەنارگیری هاتبوو، هاوکات هێزی بەرگری و ئابووری لەدەست چوو بوو، هەموو ئەوانە وای کردبوو، عێراق توانای هەڵبژاردنی ئەگەرەکانی زۆر کەم بێت. بۆیە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا زۆر زاڵ بوو بەسەر سیاسەتی دەرەوەی عێراقدا. لە کاتێکدا، کە ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانی تورکیا بۆ خاکی عێراق بەردەوام بوو، هەروەها هاوپەیمانان بە بەردەوامی لە تورکیاوە هەڵمەتی ئاسمانیان دەکردە سەر عێراق، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا تورکیا شاندێکی بازرگانی بەرەو عێراق بەرێخست سەرەتای یەنایری ٢٠٠٠دا[3]. دواتریش بریکاری وەزیری دەرەوەی تورکیا فاروق ئۆغلۆ، سەردانی بەغدادی کرد لە ٥ی مایوی ٢٠٠٠دا و لە لە کاتی پێشوازیلێکردندا تەها یاسین رەمەزان وتی : عێراق دەخوازێت پەیوەندییەکی ستراتیجی لەگەڵ تورکیادا ببەستێت[4].

---

1 Henri J. Barkey :TURKEY AND IRAQ SINCE THE GULF WAR.p124

2 Published: February: Turks Press Attacks On Rebel Kurd Basesk, 1999 .http://www.nytimes.com. الانصات المركزى، نشرة خبرية معلوماتية يومية العدد(١٢٢٧) ١٩٩٩/٥/١٥

3 الانصات المركزى، نشرة خبرية معلوماتية يومية ، العدد (١٤٦٤)، ٢٠٠٠/١/١٤.

4 الانصات المركزى، نشرة خبرية معلوماتية يومية ، العدد (١٥٩٧)، ٢٠٠٠/٦/٦.

لە وەڵامی ئەم سەردانانەدا وەزیری نەوتی عێراق عامر محەمەد رەشید لە٢ی یۆلیۆی ٢٠٠٠ گەیشتە ئەنکەرە. ئامانجی سەرەکی ئەم سەردانە بۆ دەسپێککردنی کاری لیژنەی ئابوری عێراقی–تورکی بوو کە هەردوولا لە کاتی سەردانەکانی تورکیا بۆ بەغداد لە سەری رێکەوتبوون. هەروەها چالاککردنی ئەو گرێبەستانە بوو کە کۆمپانیا تورکییەکان لەگەڵ حکومەتی عێراقی بەستبوویان دور لە بریاری نەوت بەرامبەر خۆراک[1]. هەر لەم سەردانەدا تورکیا پێشنیاری راکێشانی لولەیەکی گازی بە تەنیشت لولە نەوتیەکان بۆ عێراق کردبوو. وێرای ئەمە تورکیا بە سەرکردایەتی ئەجەڤیت دەیویست، کە کێشەی هەرێمی کوردستان لە رێگای دانوستانی نێوان بەغدادو کورد چارەسەر بکات، بەوەی بەغداد دان بە هەندێك لەو مافانەدا بنێت، کە ئێستا کورد لە هەرێمەکەدا هەیەتی. هەر لەم روانگەی تورکیا بوو، کە سەدام حسین پێشنیاری رێکەوتنی لەگەڵ کورد کردووە بە شێوەیەك کورد لە داهاتوودا مەترسی هەرەشەی بەغدادیان بە تەواوی لابرەوێتەوە[2].

---

[1] الانصات المركزي، نشرة خبرية معلوماتية يومية ، العدد (١٩٦٦)، ٢٠٠١/٧/٥.

[2] الانصات المركزي، نشرة خبرية معلوماتية يومية ، العدد (١٩٦٧)، ٢٠٠١/٧/٢٦.

تەوەری سێیەم

كێشەی كورد لە توركیا

بۆ باسكردنی تێڕوانینی توركیا بۆ هەرێمی كوردستان پێویستە كورتەی پاڵنەرەكانی سیاسەتی دەرەوەی توركیاو ئامانجەكانیمان لەبەر چاو بێت. ئامانجی سیاسەتی دەرەوەی توركیا لە چەمكی ئاسایشی نەتەوەیی توركیا هەڵێنجراوە. ئاسایشی نەتەوەیی توركیاش بە پێی یاسای (٢٩٣٥)ی ساڵی (١٩٨٣) بریتیە لە "پارێزگاریو پاراستنی دەوڵەت لە هەموو جۆرە هەڕەشەیەكی دەرەكیو ناوخۆیی بۆ سەر ڕژێمی دەستوری، یەكێتی، كیانی نیشتمان، لەگەڵ هەموو بەرژەوەندیو مافەكانی دەوڵەت لەسەر ئاستی سیاسیو كۆمەڵایەتیو ئابوریو رۆشنبیری". لەم روانگەیەوە سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئامانجەكانی سیاسەتی دەرەوەی دیاری دەكات كە بریتیە لە :

أ- هاوپەیمانیو بەشداریكردن لەگەڵ رۆژئاوا لەو سیاساتانەی، كە لە ناوچەكەدا دەیگرێتەبەر، هەروەها كارپێكەوەكردن لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ بۆ بەرگرتن لە خواستە سیاسییو دابەشكارییەكانی كورد، بە ئامانجی قۆرخكردنی هەستی سەربەخۆخوازی لای كوردەكانی توركیا.

ب- تەواوكاری ناوخۆیی هێزو پێكهاتە كۆمەڵایەتیو سیاسییە جیاوازەكان، لەوانە كوردو عەرەبو ئەرمەنو یۆنانەكان. مەترسی لە خواستە دابەشكارییەكانی ئەو نەتەوانە، وای كردووە كە سیاسەتی دەرەوە چالاكانە تێبكۆشێت لە پێناو یەكێتیی خاكو خەڵكی توركیا.

ت- دەوڵەتی نمونەی باڵا: یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی تورکیا ئەوە بوو کە خۆی وەك نمونەیەکی باڵا لەروی سیاسیو نوێگەری پیشانی رۆژهەلاتو رۆژئاوا بدات.

پ- زامن کردنی سامانو ئیمکانیەتەکان:واتە هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئامانجانەی کە سروشتیکی ئابوریان هەیە وەك وەبەرهێنانو قەرزو یارمەتی ئابووریو ئاسانکاری دارایيو هەناردە کردن. ئەمەش لە رێگای جیاکردنەوەی سیاسەتو کێشە سیاسیەکان لەگەڵ ئابوریو پەیوەندیە ئابوریەکان بەدی دێت. وەك ئەوەی پەیوەندیە ئابوریەکانی لەگەڵ سوریاو عێراقو ئێران بە هۆی ئاڵۆزییە سیاسیەکان تێك نەدا[1].

لێرەوە بەرونی دیارە یەکێك لە ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بریتییە لە پاڵنەری کوردی. لەم پێناوەدا تورکیا زۆرترین هاوپەیمانێتيو هاریکاری لەگەڵ ولأتانی دراوسێ بەهۆی کێشەی کوردەوە بووە. بە واتایەکی تر ململانێ لەگەڵ کێشەی کورد هەلوێستێکی ئایدۆلۆجيو نەتەوەییو دەرونی بووە لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا. یەکەم هەنگاوی ئەم سیاسەتەش لە شۆرشی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥ دەسپێدەکات تا شۆرشی ئاگری داغ ساڵی ١٩٣٠و هەروەهاراپەرینی دەرسیمی ساڵی١٩٣٧. سەرکوتکردنی هەموو ئەمانە بە هاریکاريو لە کاتی رێکەوتنی لێکتێکەیشتن یان هەندێك جار دەستێوەردان لە هەریەك لە ئێرانو سوریاو عێراق بووە، بەشداریکردنی تورکیاش لە پاکتی سەعد ئاباد لە ساڵی١٩٣٧، پاکتی بەغداد لە ساڵی ١٩٥٥، لەم روانگەیەوە بووە[2]. بۆیە دەتوانین بڵێن ئەو دروشمەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بڵندی کردووە کە دەڵێت " ئاشتی لە ناوخۆ، ئاشتی لە دەرەوە"، ئەو کاتە دەچەسپێت، کە بزوتنەوەی کوردی لە ناوخۆو دەرەوەی تورکیا بە تەواوی سەرکوت دەکرێت. راستی ئەم رایەی ئێمەش لەو وتەیەی کەمال ئەتاتورك دەردەکەوێت، کە ئەو دروشمەی پێشوی لێهەڵێنجراوە، کاتێك، کە بە تەواوی شۆرشی شێخ

---

[1] عقيل سعيد محفوض: سورية وتركيا الواقع الرهن واحتمالات المستقبل، ص١٧٦-١٨٠.

[2] مايكل م. گونتر: العامل الكوردى فى السياسة الخارجية التركية، ماخوذ من: هنرى باركى واخرون: القضية الكردية فى تركيا، ترجمة: هڤاڵ ، مؤسسة موكرياني، اربيل،٢٠٠٧ص ٩٣. بۆ زانیاری زیاتر بروانە: هێرش عەبدوڵلا حەمە کەریم: سەرچاوەی پێشوو،ل٥٦-٦٠.

سەعیدی پیرانی سەرکوت کردووە، ئینجا لە١ نۆڤەمبەری ١٩٢٨ دەڵێت:"دەوڵەت، کە لە ناوەندی چاکسازیوگەشەکردنی سیاسیدایە، بە راستی پێویستە خواستی ئاشتیو ئارامی هەبێت لە ماڵی خۆیداو لە جیهاندا"[(١)].

ئەم سیاسەتەی دەرەوە تورکیا لە زۆری ژمارەی کورد لە تورکیا سەرچاوەی گرتووە کە بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٥ ئامارە فەرمیەکانی دەوڵەت، ژمارەی کورد لە ساڵی ١٩٨٥ لەو پارێزگایانەی، کە کورد تیایدا زۆرینەیە ، ژمارەیان (٨,٥) ملیۆنە، لە و پارێزگایانەی، کە کەمینەن ٢,٧ ملیۆنە، کە بە هەموی دەگاتە(١١,٢) ملیۆن. بە پێی ئاماری فەرمی دەوڵەت ژمارەی دانیشتوان لەم ساڵانەدا بە رێژەی (٤٪) لە تورکیا زیادیکردووە کەواتە لە ساڵی ١٩٩٧ کورد لە تورکیا گەشتونەتە (١٨) ملیۆن[(٢)]. بەڵام توێژەرە تورکەکان رێژەی کورد تورکیا بە (٨.٥٪)ی تورکیا دادەنێن کە ئەگەر ژمارەی دانیشتوانی تورکیا (٦٠,٤) ملیۆن کەس بێت ئەوا کورد (٥,٩) ملیۆن کەس بوونو زازاش کە لە نەتەوەی کوردیان جیا کردۆتەوە (٠.٥٪) بوون، کە بە نزیکی (٣٧١.٠٠٠)کەس دەبن[(٣)]. سەرچاوە کوردیەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن، لەساڵی (٢٠٠٠)، (١٩) ملیۆن کورد لەتورکیا هەبووە، رێژەی (٥٤.٩١٪)ی دانیشتوانی کوردستانی گەورە پێکدەهێنن[(٤)]. بە واتایەکی تر لەگەڵ زۆری

---

[1] Bilge Criss and Pinar Bilgin: TURKISH FOREIGN POLICY TOWARD THE MIDDLE EAST. MERIA. Volume 1, No. 1 - January 1997. http://www.biu.ac.il

[2] میر قاسم مۆئمنی: بارودۆخی کوردەکانی تورکیا لە سایەی حکومەتو سوپالا تورکیادا، وەرگێرانی : هاورێ یاسین محەمەد ئەمین،چاپخانەی پەیوەند، ٢٠١١، ل ل٤٦-٤٧.

[3] M. Hakan Yavuz and Nihat Ali Özcan :THE KURDISH QUESTION AND TURKEY'S JUSTICE AND DEVELOPMENT PARTY،MIDDLE EAST POLICY, VOL. XIII, NO. 1, SPRING 2006, P117.

[4] ئازاد محمد ئەمین نەقشبەندی: پرۆژەی (گاب)و کاریگەری لەسەر دەوڵەتی ناوچەکەو کوردستان، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٣، ل١٠٨.

ژمارەی کورد لە تورکیا کە بە نزیکەیی نیوەنی دانیشتوانی کوردستانی گەورەن، هاوکات ئەم نەتەوەیە نیوەکەی تریان بەسەر دەوڵەتە دراوسێکانی عێراق‌و سوریاو ئێراندا دابەش بوون. هاوکاری یان دەستێوەردانی تورکیاش لە کاروباری ئەو دەوڵەتانە لە بوونی نەتەوەی کورد لەو دەوڵەتانە سەرچاوە دەگرێت.

لەگەڵ بوونی ئەم ژمارە زۆرەی کورد لەتورکیا، خاوەنی کەمترین مافی نەتەوەیین، لەدەستوری ساڵی (١٩٨٢) لەپێشەکیەکەیدا هاتووە "چەمکی سەروەری بەشێوەیەکی ڕەهاو بەبێ هیچ مەرجێك بۆ ئوممەی تورکیە "، هەروەها نوسراوە: "هەموو ئەو کەسانەی پەیوەندیان بەڕەگەزنامەی دەوڵەتەوە هەیە، تورکە"، لەمادەی(٢٤) هاتووە: "نابێت خوێندن لەدەزگا فێرخوازییەکان بەهیچ زمانێکی تر بێت، تەنها تورکی نەبێت، چونکە زمانی دایکە"[١]. ئەم دەقە دەستوریەی تورکیا وایکردووە کورد لە ململانێ لە پێناو مانەوەدا، توشی دابەشبونی سیاسی‌و ئابووری‌و ڕۆشنبیری بێت، بە تایبەت لە نێوان ڕەوتی عەلمانی‌و ئیسلامیدا.

یەکەمین ڕەوت، کە زۆرترین کاریگەری هەیە بریتیە لە (پ.ك.ك)و پارتە لایەنگرەکانی وەك پارتی دیموکرات(Demokrasi Partisi, DEP)[٢]، پارتی گەلی دیموکراتی (Halkin Demokrasi, Partisi, HADEP)، پارتی جەماوەری دیموکراتی Demokrati (Halk Partisi, DEHAP)، پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی(Demokratik Toplum Partisi, DTP). ئەمانە بە شێوەیەکی گشتی (پ. ك. ك) رابەرایەتیان دەکات‌و

---

[١] المسألة الكردية في تركيا بعد أنقلاب ١٩٨٠،منطقة الاكراد "كردستان" موضوعات سياسية .www. Almoqatel.com

[٢] لە ساڵی ١٩٩٤ لە جێگای پارتی کرێکارانی گەل دامەزراوە، ئەمانە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٥ ، ١٩٩٩ نەیانتوانی بچنە ناو پەرلەمان چونکە ڕێژی ١٠٪ کەمتریان هێنا کە ڕێژەی ڕێپێدراوی بەشداری پەرلەمان بوو. لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ١٩٩٩ی شارەوانییەکان، ٣٠ سەرۆکایەتی شارەوانی بەدەست هێنا. ئەم پارتە هەمیشە لە لایەن تورکیاوە تۆمەتبار بوو بەوەی کە باڵێکی (پ.ك.ك)یە لە ناو پرۆسەی سیاسی تورکیا ئەوە بوو لە ساڵی ٢٠٠٣ داخرا. مایکڵ گەنتەر: فەرهەنگی مێژووی کورد، و/ مامکاك، ٢٩٢، دەزگای ئاراس ، ٢٠٠٧، ل ٢٩٢.

لایەنگرەکانیان لە ناو شارەکانداڕو لە خوێنەوارەکانڕو پەیوەندی عەشایەریان لاوازە. ئەمانە عەلمانینڕو دژی بیروڕای کەماڵیڕو پێکهاتەی خێڵەکی کوردین. لە سەرەتادا بۆ سەربەخۆیی خەباتیان دەکرد، هەروەها بەلایەنی کەم خەباتیان لە پێناو گۆڕانی بنەرەتییە لە دەستوری کۆماری تورکیاو بارێکی دوو دەسەڵاتی (کوردی–تورکی)یە لەناو تورکیادا. پاشان ستراتیجیان گۆڕا لە بۆ داواکاری گۆڕانی ریشەیی لە دەستوری کۆماری تورکیا. کە زمانڕو ناسنامەو مافە گشتییەکانی کۆمەڵگای کوردی لە تورکیا بە فەرمی بناسێنێت.

دووەم لایەن بریتین لەو کوردانەی کە ئاوێتەی تورکیا بوونڕو لە ریزی رەوتی راسترەوی مامناوەند یان چەپرەوی مامناوەند چالاکی دەنوێنن. کە یان لە داموو دەزگا فەرمییەکانەوە یان لە پەیوەندییە خێڵایەتیەکانەوە دەچنە ناو پەرلەمانڕو شوێنە نزیکەکانی دروستکەری بریار لە تورکیا، کە ئەمانە بە شێوەی سەرەکی لە شارەکانی رۆژئاوای تورکیا دەژینڕو پەیوەندیان لەگەڵ شارە کوردییەکانی رۆژهەلاتدا هەیە. ئەمانە کێشەیان نییە لەگەڵ دەوڵەت، بەڵکو ئامانجیان ئەوەیە، کە لە تورکیادا پێگەی خۆیان هەبێت.

سێیەمین بەش یان گروپ بریتین لە کوردە موسوڵمانەکان، کە ئامانجەکانیان ئاینین نەك نەتەوەیی، بەلاّم لەو کاتەدا کوردن، کە باس لە ناسنامەی تورکی دەکرێت. ئەمانە دژی باوەری عەلمانیڕو نەتەوەیی کۆماری تورکیانڕو حەزیان بە کارە لە چوارچێوەی کۆمەڵە ئیسلامیەکاندا. کوردە ئیسلامیەکان دوو بەشن، یەکەمیان نەقشبەندیڕو نورەسییەکانن، کە لەگەڵ تورکە هاو رێبازەکانیان دژی عەلمانیەتڕو نەتەوایەتی تورکین. هاوکات گروپێکی تریان سەر بە ئێرانیە توندرەوەکانن کە ناویان (حیزب اللە)[1] یە دژایەتی گروپی یەکەمڕو سێیەم دەکەن[1].

---

[1] رێکخراوێکی نهێنی توندرەوی ئیسلامییە سەرەتای دامەزراندنیان بۆ سەرەتای هەشتاکان دەگەرێتەوە لە باکوری کوردستان. ئەم پارتە لە دامەزراندنییەوە تا کۆتایی نەوەدەکان رۆڵێکی گرنگی بینیوە لە تیرۆرکردنی ئەندمانی (پ.ك.ك) وچالاکوانەکانی کورد. چونکە ئەم پارتە دژی دابەشبونی تورکیا خەباتی دەکرد. هاوکات لەم هەولەدا دەوڵەت بە نهێنی پشگیری لێدەکرد. دوای دەستگیرکردی ئۆجالان لە فەبرایری ١٩٩٩، حکومەت هەڵمەتی لەناوبردنی ئەم رێکخراوەی دەسپێکردو ئێرانی بە پشگیری ئەم پارتە تۆمەتبار

وێڕای ئەم دابەشبونانەی کورد لە تورکیا، بەڵام هەموویان پێکەوە کێشەی ناسنامەی نەتەوەییان هەیە، ئەم کێشەیە پەرەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی لەبەر ڕۆشنایی گۆڕانکارییە ناوچەییەکان و نێودەوڵەتییەکان. لە ئاستی ناوخۆییدا لە دوومین جەنگی کەنداوو کۆڕەوی باشووری کوردستان لە ساڵی (١٩٩١)و بڕیاری (٦٨٨)ی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە کورد، خۆی نواند. لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا سەرهەڵدانی داواکاری سەربەخۆیی لە کۆمارەکانی پاشماوەی یەکێتی سۆڤیەت و هەڵوەشاندنەوە خودی یەکێتی سۆڤیەت، سەرهەڵدانی ئاسۆیەکی روون لە ململانێی عەرەب-ئیسرائیل، هەروەها بڵاوکردنەوەی گەلاڵە نامەی تایبەت بە کەمینەکان لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتیی ئەورووپاوە، دەرکەوت. هەموو ئەمان فاکتەری گرنگی دەرەکی بوون بۆ سەرهەڵدانی بزوتنەوەی کوردایەتی لە تورکیا. لە ناوخۆشدا ناشتنی تەرمی گەریلاکانی (پ.ک.ک) بە شێوازی مەراسیمێکی نارەزایی، هێندەی تر کێشەی کوردی لە ناوخۆی تورکیادا خستە بەرچاو[٢].

کێشەی کورد لە ژێر کاریگەری ئەم گۆڕانکاریەداو لە سایەی بیری لیبرڵی ئۆزاڵدا هەنگاوی گەورەی هەڵهێناو دەرگای چارەسەری پرسی کورد لە لایەن لایەنە جیاوازەکانەوە دەستی پێکرد. ئەوە بوو لە ١٢ی ئەپریلی ١٩٩١ ڕێگە بە بەکارهێنانی زمانی کوردی درا، بەرەتکردنەوەی یاسای ژمارە(٢٩٣٢)ی ساڵی ١٩٨٣، کە جگە لە زمانی کوردی هەموو زمانێکی تر قەدەغە دەکات. ئەمە هەنگاوێکی گەورە بوو لە تورکیا بۆ کێشەی کورد . لێرەوە دەرگای چارەسەرکردنی کێشەی کورد کرایەوەو گفتوگۆ لەم بارەیەوە لە لایەن

کرد. ابراهیم خلیل علاف: خارطة التوجهات الاسلامیة فی ترکیا المعاصرة، مرکز الدراسات الاقلیمیة، جامعة الموصل، ٢٠٠٥، ص ص٤٧-٤٨

[1] M. Hakan Yavuz and Nihat Ali Özcan :THE KURDISH QUESTION AND TURKEY'S JUSTICE AND DEVELOPMENT PARTY. P107 108.

[٢] بیار مصطفی سیف الدین: کێشەی کورد لە پەیوەندیەکانی ئەمریکا-تورکیا، وەرگێرانی: سەرمەد ئەحمەد، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ل ١٩٥-١٩٨.

لایەنە جیاوازەکانەوە دەستی پێکرد. ئۆزاڵ ئەم هەلەی قۆستەوە بۆ ئەوەی کوردەکان بە شێوەیەکی دیموکراتی لە وڵاتەکەیدا بەشداری پێبکات[١]. ئەوەش لە ڕێگای گفتوگۆیەکی دیموکراسی لە نێوان کوردە بەرهەڵسکارەکانی تورکیا لە ناوخۆ، کە پارتی کرێکارانی گەل (Halkin Emek Partisi, HEP) لەگەڵ پارتی دیموکراتی[٢] (DEP) دەگرتەوەو لە دەریشەوە، کە (پ.ک.ک). ئەو باوەڕی وابوو کە ئاشتی دەچەسپێت لە ڕێگای گفتوگۆ لەگەڵ (پ.ک.ک)، ئەم ئاشتیەش بە هەنگاوی ئاگربەست دەستپێدەکات[٣].

هەریەك لە چیلەرو دیمیریل سور بوون لەسەر نەبوونی کێشەی کورد لە تورکیاو بە کێشەی تیرۆریان ئەژمار دەکردو بۆ چارەسەر کردنیشی رادەستی فەرماندە سەربازیەکانیان کردبوو[٤]. دیمیرل هەرچەندە دانی بە (واقعی کوردی) نابوو، بەڵام ئەوەی رەت دەکردەوە کە کورد لە تورکیا کەمینەن، بەڵکو کەمینە تەنها ئەوانە دەگرێتەوە کە لە ڕێکەوتنامەی لۆزان هاتووە. هەر جۆرە باسێك لە کەمە نەتەوەیی کوردی و بە دامەزراوە کردنیان لە

---

[١] گولستان کوربای: تطور الحركة القومية الكوردية في تركيا منذ ثمانينيات القرن العشرين. في: هنری بارکی واخرون: القضية الكردية في تركيا، ترجمة: هڤاڵ، مؤسسة موكرياني، اربيل،٢٠٠٧، ص ٤٧، بيار مصطفى سيف الدين: سەرچاوەی پێشوو،ل ٢٠١

[٢] پارتی کرێکارانی گەل، لە ساڵی ١٩٩٠ وەك یەکەم پارت لە لایەن کۆمەڵێك کوردەوە دامەزرا. لە ئەندامە دیارەکانی لەیلا زاناو خەتیب دیجلەیە. ئەم پارتە لەگەڵ پارتی گەلی سۆسیال دیمکرات لە ساڵی ١٩٩١ بەشداری پەرلەمانی کردوو ئەندامەکانی بە کوردی سوێندی یاساییان خوارد. لە ساڵی ١٩٩٣ داخرا. لە هەمان ساڵدا پارتی دیموکرات وەك جێگرەوەی پارتی گەل . دامەزرا ئەمیش بە ناوی لایەنگیری بۆ سیاسەتی (پ.ك.ك) لە ساڵی ١٩٩٤ داخرا. پەرلەمانتارانی ئەم دوو پارتە کەوتنە بەر شاڵاوی تورکە توندرەوەکان. لە ساڵی ١٩٩٣ محەمەد سنجار لە پارتی دیموکرات تیرۆر کرا. لەیلا زاناو حەوت ئەندامی تریان دادگایکرانو تا ساڵی ٢٠٠٣ کێشەکەیان لەناو دادگادا مایەوە. مایکڵ گەنتەر: فەرهەنگی مێژوی کورد، ل ٢٩٤.

[٣] گولستان کوربای: المصدر السابق ص٤٨

[4] "Force Won't Solve Turkey's Kurdish Issue", The New York Times, March 21, 1994. http://www.nytimes.com

تورکیا بەرای ئەو دابەشکردنی دەوڵەت بوو. ئەو لەرێگای سوپاوە سەرکوتکاریەکانی لە ناوچە کوردییەکان ئەنجام ئەدا، هەروەها لەو ماوەیەدا بەهۆی پێشێلکاری بەرامبەر رۆژنامەنوسانو رێگری لێیان وای کردووە، کە زانیاری تەواو دروست لە بارەی پێشێلکاریەکانی حکومەت لەو ناوچانە دا بەتەواوی بەردەست نەکەوێت. پەلاماردانەکانی تورکیا بۆ سەر بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردی، لە لایەن هێزە جۆراوجۆرەکانی تورکیاوە ئەنجام دەدرا. یەکەکانی کۆماندۆ (لەناو خەڵکی ئاسایدا بە رامبۆ ناودەبران) کە لەسەر شەری ناوچە شاخاویو ساردەکان راهێنرابوون، پشکی سەرەکی ئەو پەلاماردانەیان بەردەکەوت. هەروەها (پاسەوانی دێهاتەکان ,Koy Korucu) کە تا ساڵی ١٩٩٦ ژمارەیان ٦٧ هەزار کەس بوو، دواجار پۆلیسو جەندرمەش بەشدار بوون. پاسەوانی دێهاتەکان جگە لەوەی لە شەرێکی تونددا بوون لەگەڵ (پ.ک.ک)، هاوکات بە پشتیوانی دەوڵەت، هۆکاری قوڵبونەوەی کێشە کۆمەڵایەتیو ململانێی خێلەکیەکان بوون. لە لایەکی تر حکومەت سیاسەتی راگواستنی زۆرە ملێ وقەدەغە کردنی خۆراك لەو ناوچانەی کە بە (دێهاتە ستراتیجیەکان) ناو دەبران جێبەجێ دەکرد. راگواستن ئەو دێهاتو ناوچانەی دەگرتەوە کە چالاکیەکانی (پ.ک.ک)ی تیدا گەرم بوو بۆ ئەوەی پشتیوانی ئەم ناوچانە بۆ (پ.ک.ک) نەهێڵێت، بە تایبەت لە ناوچەکانی بۆتان، ماردین، سیرت، هەکاری. کۆچبەرەکانیش رویان دەکردە شارەکان کە بە تەواوی لە لایەن سوپاوە کۆنترۆڵ بوو. ئەم سیاسەتە بە درێژایی سنوری سوریا عێراق ئێران و بە قوڵایی ١٥–٤٠ کم لە ناو خاکی تورکیدا جێبەجێکرا[١].

ئەم کۆچبەرانە هەمیشە لە شارە گەورەکانی تورکیا لایەن دەوڵەتەوە جێگای گومان بوون. هاوکات جێگای نیشانو پەلاماری ئەو تورك رەگەزانە بوون، کە رۆژانە لە جەنگی دەوڵەت لەگەڵ (پ.ک.ک) توشی زیانی مرۆییو مادی دەبوون. ئەمە وایکردبوو گیانی نەتەوەیی لای تورکو دەوڵەت بەهێزتر بێت، لای کوردیش خواستی تۆڵەسەندنەوە قوڵتر بووەوە، ئەنجامەکەشی پەرەسەندنی توندو تیژی بوو ،کە بوو بەهۆی سوتاندنو خراپبوونی ١٠ ملیۆن هکتار زەوی کشتوکاڵی، هەروەها دوو ملیۆن کورد دێهاتەکانیان چۆڵکرد،

---

[١] میخائیل م. جونتر: الاکراد ومستقبل ترکیا، ص ٥١-٥٢.

کۆمسیۆنی پەرلەمانی تورکیاش لە ساڵی ١٩٩٧ رایگەیاند، کە ٣٣٨٠ گوند لە ناوچەکە چۆڵ کراوە[١].

چارەسەری کێشەی کورد لای دەوڵەتی تورکیا یەکلایەنە، کە لەم خاڵانەی خوارەوە بەرجەستەبوو بوو:

١. هەوڵدان بۆ تواندنەوەی کورد لەناو کۆمەڵگەی تورکی بەجۆرێك دەستبەرداری مافی نەتەوایەتی خۆی ببێتو هاووڵاتیەکی دڵسۆز بێت بۆ دەوڵەتی تورکیا.

٢. وەلاّمدانەوەی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردی، چەکدار بێت یان بێ چەك، بەتووندترین شێوازی سەربازیو بەکارهێنانی چەمکی تیرۆر لەبەرامبەریدا.

٣. چارەسەرکردنی کێشەکانی باکووری کوردستان لەرێگەی پرۆژەی ئابووریو بەستنەوەی کێشەی نەتەوەیی کورد بەدواکەوتووی ئابوری ناوچەکە[٢]. دیمیریل سەرۆك کۆماری تورکیا لەساڵی١٩٩٣ دەڵێت: "کورد لەمافی کەم نییە، ئەوەی ئەوان داوای دەکەن ئیمتیازە، ئێمەش ئیمتیاز بەکەس نادەین، من تورکیا دابەشناکەم". "ئێمە کێشەی کوردمان نییە، بەڵکو کێشەی تیرۆرمان هەیە، فێربوونی زمانی کوردی دەبێتەهۆی بەشکردن، تاکێشەی تیرۆر چارەسەر نەکەین ناتوانین کێشە رۆشنبیریەکان چارەسەر بکەین"[٣].

لە بەرامبەردا سەرکردەی (پ.ك.ك)، عەبدوڵا ئۆجالان لە چاوپێکەوتنێکدا، کە مایکل گۆنتەر لە مایۆی ١٩٩٨ ئەنجامی داوە، دەڵێت:"چارەسەری کوێرانەو توندرەوانەی تورکیا بۆ کێشەی کورد، یارمەتیدەری بەهێزی لەدایکبونی هۆشی نەتەوەیی کورد بووە بە

---

[١] المصدر السابق، ص٥٤-٥٧.

[٢] فليب روبنس: تركيا والشرق الاوسط، ترجمة: ميخائيل نجم خوري، الطبعة الثانية، مكتبة مدبولى، القاهرة، ١٩٩٣، ص٤٤.

[٣] المسألة الكردية فى تركية الامل والخيبات، مجلة (شوون تركية) مركز الدراسات الاستراتيجية والبحوث والتوثيق، العدد٨، ص٣٠.

شێوەیەکی مەزن. من نامەوێت تورکیا دابەش بکەم، دەمەوێت بە دانیشتن بە رێگایەکی دیموکراسی رێگاچارە بدۆزینەوە. ئەوان دەبێت دان بە ناسنامەی کوردو فدراڵی بنێن (١).

یان لە شوێنێکە تر پێشنیاری خۆی بۆ چارەسەر کردنی کیشەی کورد بەم شێوەیە دەخاتە روو:

١. کێشەی کورد وەك بنەمایەکی دیموکراسی چارەسەر بکرێت کە لە یاساو دەستوردا دانی پێدا بنرێت

٢. زمان‌و مافی رۆشنبیری بە یاسا چارەسەر بکرێت، نابێت سانسۆر لەسەر رادیۆو تی‌ڤی‌و راگەیاندن هەبێت.

٣. زمانی کوردی زمانی پەروەردە بێت لە خوێندنگاکان.

٤. بەربەستەکانی ئازادی لابرێت‌و رێز لە ئازادی بگیرێت بە تایبەت ئەوەی، کە پەیوەندیی بە کێشەی کورد هەیە.

٥. یاسای هەڵبژاردن دیموکراسی بێت‌و بەشێوەیەك بێت کورد توانای بەشداری هەبێت.

٦. یاسای ناوچە کارگێرییەکان پێویستە دابنرێت تا دیموکراسیەت بەربلاو بێت.

٧. پاسەوانی دێهاتەکان‌و چەتە ناشەرعیەکان نەمێنێت.

٨. گەرانەوەی ئاوارە دێهاتییەکان بۆ زێدی خۆیان‌و هەڵمەتی گەشەکردن پەیرەو بکرێت لە ناوچەکانیان.

٩. پێویستە پێگەی کۆمەڵایەتی‌و بەشداری دیموکراسی بۆ گەریلاکان فەراهەم بێت بە دورخراوەکان‌و زیندانییەکانیشەوە (٢).

---

[1] Abdullah Öcalan: "We Are Fighting Turks Everywhere" ،Middle East Quarterly ،June 1998. http://www.meforum.org/

Proposals for a Solution to the Kurdish Question in :٢ Abdullah Öcalan Turkey December 2007 To the International Conference on EU, İmralı Sole Inmate Closed Prison Translation from Turkish original: International Initiative - www.freedom-for-ocalan.com

تەوەری چوارەم
پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان

تورکیا لە روانگەی بەهێزکردنی رۆڵی خۆی لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، خواستی ئەوەی هەبوو کە ببێتە دارێژەری یەکێك لە سیناریۆکانی عێراق لە دوای کۆتایی هاتنی دووەمین جەنگی کەنداو. سیناریۆی ئۆزاڵ بۆ عێراق بریتی بوو لە رووخانی رژێمی سەدام حسێن و دامەزراندنی عێراق لەسەر بنەمای فدراڵی، بەو پێیە عێراق بەسەر کوردو تورکمان و عەرەبدا دابەش دەبوو. لەم روانگەیەوە ئۆزاڵ تورکیای ئامادە کرد کە مامەڵە لەگەڵ بزوتنەوەی کوردیدا بکات کە چاوەروان دەکرێت لەو بەشە فدراڵیەی عێراق بەشیان بەربکەوێت و بە حوکمی جوگرافیای نەتەوەییان، ببنە هاوسێی تورکیا. لە راستیشداو لە میانەی گەلاڵە بوونی چۆنیەتی مامەڵەکردنی تورکیا لەگەڵ داهاتوی عێراق و کورد، راپەرین لە ٥ی مارتی ١٩٩١ دەستی پێکردبوو، کە زۆرێك لە ناوچەکانی سلێمانی و هەولێرو کەرکوکی گرتبووەوە.

ئەمەش پاڵپشتێك بوو بۆ ئەوەی تورکیا پەلە بکات لە کردنەوەی دەرگای پەیوەندیەکان بەرووی سەرکردەکانی ئەو بزوتنەوەیەداو دوای چەند کۆبونەوەیەکی سەرانی کوردو تورك،

لە ڕۆژی ١١ی مارت١٩٩١ تاڵەبانی کۆبونەوەیەکی نهێنی لەگەڵ ئۆزال کرد، دواتر ڕایگەیاند لە تورکیاوە پشتگیریو سۆزی بۆ گەلی کورد دەستکەوتووە"[١].

ئەنجامەکانی ئەم کۆبونەوانە وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە پەیوەندییەکانی نێوان بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی هەرێمی کوردستانو حکومەتی تورکیا، چونکە بۆ یەکەمجار دەرگا لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان تورکو کورد کرایەوە وەك دوولایەنی خاوەن بەرژەوەندیی هاوبەش، لەکێشەیەکی زۆر ئالۆزی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، کەکێشەی کوردبوو. بەدوایدا تاڵەبانی گرێیەکی گەورەی لەستراتیژیەتی تورکیا کردەوە، ئەویش ئەوەبوو بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە هەرێمی کوردستان ئامانجیان گۆڕینی نەخشەی عێراق نییەو پابەندن بەیەکیەتی خاکی عێراقو سنووری مافەکانیان لەهەرێمی کوردستانەوە بۆ هیچ دەوڵەتێکی ناوچەیی تێپەڕ ناکات، سەرباری هەموو ئەمانە ئۆزال یەکەم سەرکردەی جیهان بوو، کە دەرگای لەسەر بە نێودەوڵەتیکردنی کێشەی کورد کردەوە نەك لە ناوچەکەدا، بەڵکو لە هەموو جیهاندا. پێش ئەمریکاو ئەورووپا کۆشکی کۆماری بۆ سەرکردە کوردییەکان ئاوەلاکردو ئەو گەمارۆ دبلۆماسیەی لەسەر بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردی شکاند، کە لە ساڵی ١٩٧٥ بەسەریاندا سەپا بوو. هاوکات ئەو یەکەم سەرکردە بوو، کە ڕۆڵی کوردی لە دوومین جەنگی کەنداودا دەرخست، چونکە پێشتر کورد خواستی ئەوەی هەبوو کە بەشدار بێت لەو جەنگەدا، بەلام هاوپەیمانان ئامادە نەبوون وەلامی کورد بدەنەوە[٢].

ئۆزاڵ بۆ بەپراکتیککردنی سیناریۆکانی دوو نەخشە ڕێگای هەبوو ، یەکەمیان لە ڕێگای هێزەوە بچێتە باکوری عێراقو بەشێك لە عێراق بە ناوی مافی مێژوویی بۆ خۆی بپچڕێت کە ئەم پلانە نارەزای سوپاو بەشێکی گەورەی حکومەتی لێکەوتەوە، چونکە نەیاندەویست ڕاستەوخۆ تورکیا لە کێشەی عێراقەوە بگلێت، بۆیە پاشەکشەی لەو بیرۆکەیە کرد.

---

[١] (وقائع تطور العلاقات بين تركيا والآكراد العراقين)، اعداد: محمد نورالدين، مجلة (شؤن تركية)، العدد(٢)، ١٩٩٢، ص١٣.

[٢] جوناثان راندل: أمة في شقاق، دروب كردستان كما سلكتها، ترجمة: فادى حمود، دار النهار، بيروت١٩٩٧، ص١١٢-١١٣

دووەمیان بریتی بوو لە پێشگیریکردنی کۆنفدراڵی بۆ کورد لە هەولێرو سلێمانیو دهۆك، بۆ تورکمان لە موسڵو کەرکوك، بۆ عەرەب لە باشور. پەیوەندی کردنیشی بە سەرکردایەتی کوردەوە لەم روانگەیەوە بوو. ئەو دەیویست لە دوای راگەیاندنی کۆنفدراڵی، لە تورکیاشدا فدراڵی رابگەیەنێتو ناوچەی فدراڵی کوردی تورکیا لەگەڵ کۆنفدراڵی کوردو تورکمانی عێراق یەکەیەکی کۆنفدراڵی پێکبهێننو دواتر هەرسێ کۆنفدراڵیەکە بەشێوازێکی خۆویستانە بچنەوە سەر تورکیا، لێرەوە بیرۆکەی (یەك دەدەین، سێ وەردەگرین) لە تورکیا سەری هەڵدا[1]. ئۆزاڵ لە کۆتایی ساڵی ١٩٩١ وتی: "دەبێت روونو ئاشکرا بێت ئەو کوردانەی لە ناوچە کوردییەکانی عێراقن، خزمو کەسوکاری هاولاّتیانی تورکن، بۆیە سنورەکان تا رادەیەك دەسکردنو خەڵکیان کردووە بە دوو بەشی جیاوە". تاڵەبانیش ئەم بیرۆکەیەی پەسەند بوو، لەو روانگەیەوە پێشنیاری ئەوەی کرد کە رەنگە کوردەکانی عێراق داوا بکەن، کە بە تورکیا بلکێنرێنو لەگەڵ تورکیا یەکبگرن[2]. ئەحمەد کوری ئۆزاڵ لە ساڵی ٢٠٠٢ هەمان ئەو رایەی باوکی دوپاتکردەوەو وتی:" خەڵکی ئەو ناوچەیە (مەبەستی هەرێمی کوردستان بوو) لە رێکەوتنامەی لۆزاندا براو کەسو کاری ئەو خەڵکانەن کە ئیستا لە چوار چێوەی ئێرە (مەبەستی تورکیا بوو) دەژین"[3]. ئەم بیرۆکەش کاتێك بلاّو بۆوە پێشوازی لێنەکرا، دیمیرل لەم بارەیەوە پێشوازی لە دانوستانی کورد لەگەڵ بەغداد کرد بە شێوەیەك، کە بارودۆخێکی دیموکراتی بێنێتە کایەوە کە کوردو عەرەبو تورکمانو مەسیحی لە سایەیدا بژین، بەلاّم ئەوەی رەت کردەوە کە ئەو مافانەی کە بە کورد لە عێراق دەدرێت تورکیاش پێوەی پابەند بێت[4]. لێرەدا لێدوانی بەرپرسەکانی تورکیا ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە لە سەرەتای نەوەدەکانەوە گۆرانێك لە بۆچونی تورکیا سەبارەت بە کێشەی کورد سەری

---

[1] دیفد ماکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد، ل ١٣١.

[2] مراد خۆشەڤی حەسۆ: سەرچاوەی پێشوو،ل ٨٠-٨١

[3] یەك دەدەین...سێ وەردەگرین، وەرگێرانی: دانا زەندی، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٤٦-٤٧.

[4] احمد حسين: المصدر السابق: ص٩٣

هەڵدا، ئەویش ئەوە بوو، کە سنووری سیاسیی نێوان دەوڵەتە ناوچەییەکان نەیتوانی سنوور بۆ پەیوەندییە سروشتییەکانی ئەو نەتەوەیە دابنێن.

رەشەبای رووداوەکانی هەرێمی کوردستان بەو شێوەیە نەدەرۆشت، کە خواستی کەشتی تورکیا بوو. ئەوەبوو راپەرینی کورد زۆر بە خێرایی تەشەنەی کردو بەهەمانشێوە زۆر بەخێرایی لە لایەن سوپای حکومەتی بەغداوە لە ٢٩-٣٠مارتی١٩٩١کپکرایەوەو شەپۆلێکی گەورەی ئاوارە کە بە نیو ملیۆن کەس خەمڵنرا بوون روویان کردە ترکیا[١]. بە سەرهەڵدانی کۆرەو تورکیا کەوتە گێژاوێکی گەورە، کە خۆی بۆ ئامادە نەکردبوو، چونکە ئۆزاڵ خۆی بۆ رووخانی سەدام ئامادە کردبوو نەک کۆرەو. ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا، لە ٢ی ئەپریلی ١٩٩١ لە کۆبونەوەیەکدا سەبارەت بەم رِوداوە ئەوەی خستەڕوو، مەبەستی عێراق لەئاوارەکردنی دانیشتوانەکەی تێکدانی ئاسایشی تورکیایە، ئەنجومەنەکە ئەو بۆچونەی لا گەلاڵە بوو، کە بەوێنەی ئاوارەکانی فەلەستین* ، کە لە لوبنان‌و ئەردەن نیشتەجێبوون، بەهەمان شێوە کوردە ئاوارەکان لەناو تورکیادا نیشتەجێدەبن‌و کێشەی کورد لەتورکیا هێندەی تر ئالۆز دەبێت[٢]. هاوکات ئەگەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئاوارەکان پشتگوێ بخات، ئەوا تورکیا توشی قەیرانێکی گەورەی ئابوری دەبێت[٣].

تورکیا لە ٣ی ئەپریلی ١٩٩١ یاداشتنامەیەکی بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان بەرزکردەوە، کە ژمارەی زۆری ئاوارەکانیان بە هەرەشە بۆ سەر ئاشتی‌و ئاسایشی ناوچەکە لەقەڵەم دابوو[٤]. هاوکات دەرگای سنوری کردەوە، کە ئاوارەکان بچنە ناو سنووری تورکیا، بەڵام لە

---

[1]Human Rights Watch :The 1991 uprising in Iraq and its aftermath.

* لە ساڵی (١٩٤٨) بە دواوە ،فەلەستینیەکان لەژێر فشاری ئیسرائیل، دەستە دەستە ئاوارەی دەوڵەتە هاوسێکان دەبن‌و تیایدا نیشتەجێ بوونو چەندین گرفتیان بۆ ئەو دەوڵەتانە دروست کردووە.

[2]عبد الرحمن سليمان زيباري:المصدرالسابق،ص٢٦١.

[3]The New York Times, THOMAS L. FRIEDMAN : AFTER THE WAR; Baker Sees and Hears Kurds' Pain In a Brief Visit at Turkish Border ، ، April 9, 1991. http://www.nytimes.com/

[4] بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٣).

بارێکی نالەباری ساردو باراناویدا رێگای نەدا ئاوارەکان لە سنوور دور بکەونەوە. سەربازە تورکەکان بە شێوازێکی توندو تیژ مامەڵەیان لەگەڵ ئاوارەکان دەکردو لێیا دەدان و ئەو یارمەتییەیان دەبرد، کە بۆیان هاتبوو، هەروەها بەهۆی بیرۆکراتی تورکیاوە، رێگری زۆر دەهاتە پێش کاروانی یارمەتییەکان، کە ئەوەش شەپۆلێکی نارەزایی رۆژئاوای پەیدا کردبوو[1]. کاتێکیش وەزیری دەرەوەی ئەمریکا جیمس بیکەر هاتە سەر سنووری نێوان تورکیاو عێراق رایگەیاند کە "کێشەی کورد کێشەیەکە مرۆییەو وەڵامێکی مرۆیی هەیە لایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە پێویستە"، ئەم پەیامە بە دڵی تورکیا نەبوو، چونکە بە رای ئەوان کاتێك ئاوارەکان (٣٠) هەزار کەس بن، ئەوا کێشەیەکی مرۆییە، بەڵام کە ژمارەکە گەیشتە نیو ملیۆن، ئەوا لە کێشەی مرۆیی دەردەچێت و دەبێتە کێشەیەکی سیاسی. لە لایەکی تر رای گشتی تورکیا بە سەرکردەکانیشەوە وابوو، کە هۆکاری ئاوارەبوون، دەگەرێتەوە بۆ ئەنجامی کارەکانی رۆژئاوا لە عێراقداو خودی هاوپەیمانان لەم کێشەیە بەرپرسن، هەندێکیش پێیان وابوو، کە پلانێکی رۆژئاوایی لە پشتە بۆ تێکدانی باری تورکیاو رێگا خۆشکردنێکە بۆ چالاکردنی کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی. ئۆزاڵ بۆ هەڵسەنگاندنی رەوشەکە، خۆی سەردانی ئاوارەکانی کرد لە سلۆپی و رایگەیاند، کە ئەم کارکارەی تورکیا پێویستە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دەستخۆشی لێبکرێت[2]. تورکیا لەو کاتەدا بۆ پارسەنگ لە نێوان بەرژەوەندیەکانی خۆیی و هەماهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانان و کێشەی ئاوارەکان[3]، لە بری کردنەوەی سنور، پلانی ناوچەی ئارامی پێشنیار کرد، کە تیایدا کورد پارێزراو بن و فرۆکەی عێراقی لە ئاسمانەکەیدا قەدەغە بکرێت. ئەمەش لە لایەن

[1] The New York Times, CLYDE HABERMAN: Turks Angry as Kurd Aid Backfires. May 17, 1991. http://www.nytimes.com

.[2] Ibid

[3] بیار مصطفى سیف الدین: ترکیا وکوردستان العراق "الجارین الحائرین"، مؤسسة موکریانی للبحوث والنشر، ٢٠٠٨، ص١٧٠

بریتانیاو فەرەنساو ئەمریکا پشگیری لێکرا[1].تورکیا لە ڕێگای (OPC) خەونی دەستێوەردانی لە کاروباری عێراق هاتەدی‌و ئەو خەونەشی لە ڕێگای بڕیاری (٦٨٨)ی نەتەوی یەکگرتووەکان بە یاسایی کرا. پەرلەمانی تورکیا لەمانگی ئەپرلی١٩٩١، ڕەزامەندی لەسەر بەکارهێنانی بنکەی ئەنجەرلیك دەربڕی کە بۆ ماوەی شەش مانگ لە لایەن هاوپەیمانان لە میانەی (ئۆپەراسیۆنی بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی) بەکاربهێنرێت[2].

لە دوای سالێك بەسەر تێپەڕبوونی کێشەی ئاوارەکان، تورکیا بەرەو ڕووی کێشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی‌و دامەزراندنی حکومەت‌و ڕاگەیاندنی فدراڵی بووەوە لە هەرێمی کوردستان. هەڵوێستی تورکیا لەم بارەیەوە ئەوە بوو، کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی تورکیا ناگونجێت‌و حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومەتێکی ناشەرعییە[3]. لە قۆناغی دامەزراندنی دەسەلات لە هەرێمی کوردستان تا دەسپێکردنی جەنگی ناوخۆ لە ساڵی (١٩٩٤)، سیاسەت دەرەوەی تورکیا لە بەرامبەر هەرێمی کوردستان لە سێ بازنەدا کاری دەکرد. بازنەی یەکەم بازنەی نێودەوڵەتی بوو. تورکیا لە ئەنجامی ڕێگە دان بە پرۆسەی (OPC)، هەوڵەکانی خستبووە گەڕ لەپێناو ئەوەی (OPC) تەنها لە چوارچێوەیەکی مرۆیدا بۆیارمەتیدانی خەڵکی کوردستان بمێنێتەوە نەك وەك پرۆژەیەکی نێودەوڵەتی بۆ پشگیری سیاسی‌و ئابوری لە دەسەلاتی هەرێمی کوردستان. ئەوە بوو کاتێك، کە بارزانی سەردانی ئەمریکای کرد لە یۆلیۆی ١٩٩٢ بۆ ئەوەی کە هەرێمی کوردستان بێبەری بکرێت لەو گەمارۆ ئابووریەی کە بەسەر عێراقدا سەپاوە، توشی شۆك بوو کاتێك ئەمریکیەکان پێیان ڕاگەیاند، کە واشنتن‌و پاریس‌و لەندەن ئەم کارە پەسەند ناکەن،

---

[1] ئیریك جەی. زوچەر: سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٥١٩-٥٢٠.

[2] رواء محمد ملا: المصدر السابق، ص ص ١٢٣-١٢٤.

[3] فرسەت ئەحمەد عبداللە ئەوانی تر: کوردستان دیموکراتیەت سیاسەت، چاپی سێیەم، چاپخانەی خەبات، هەولێر، ساڵی ٢٦٩٩ی کوردی، ل ٥٦، وقائع العلاقات بین ترکیا ولاکراد، اعداد: محمد نورالدین، مجلة(شؤون ترکیة)، العدد(٢)، ص١٣

چونکه له لایەن تورکیاوه به هەوڵی بوژاندنەوەو پتەو کردنی ژێرخانی ئابووری کورد له قەڵەم دەدرێت که رێگا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی خۆش دەکات[1].

بازنەی دووەم بازنەی ناوچەیی بوو ئەمەش له رێگای دانیشتنه سێ قۆڵییەکانی تورکیا لەگەڵ ئێران‌و سوریادا کاری لەسەر هەڵوێستێکی یەکگرتووی ناوچەیی دەکرد له بەرامبەر هەرێمی کوردستان[2].

بازنەی سێیەم بازنەی پەیوەندییەکانی تورکیا بوو لەگەڵ هەرێمی کوردستان که پێکهاتبوو له کارئاسانیکرد بۆ گەیشتنی یارمەتییه مرۆییەکان بۆ هەرێمی کوردستان، له بەرامبەر یارمەتیدانی هەرێمی کوردستان بۆ بنەبرکردنی کێشەی (پ.ک.ک) له تورکیا. له میانەی سەردانی تاڵەبانی بۆ دامەزراندنی بناغەی پەیوندی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان له مانگی یۆنیۆی ١٩٩٢، دیمیریل وەك سەرۆکی حکومەت، مەرجی ئەم پەیوەندییەی به باری جێگیری ئاشتی‌و ئاسایشی هەرێمی کوردستان بەستەوه، که ئەو بارە جێگیرییەش به نەهێشتنی مەترسی (پ.ک.ک) بەدی دێت[3]. به واتایەکی تر، تورکیا چۆنیەتی پەیوەندیەکانی لەگەڵ هەرێمدا به چەندێتی هاوکاریکردنی هەرێم بۆ لەناوبردنی (پ.ک.ک) بەستبووەوه . وتەبێژی بەرەی کوردستانی هۆشیار زێباری لەم بارەیەوە ووتی" تورکیا له خەباتی دژە سەدام، شادەماری ژیانی ئێمەیە بەرووی رۆژئاواو جیهاندا، ئێمە له رێگای هاوکاریکردنمان لەگەڵ تورکیا پشگیری نێودەوڵەتی‌و پارێزگاری ئاسمانی بەدەست دەهێنین. خۆ ئەگەر ئۆپەراسیۆنی (OPC) رەتکرایەوه، ئەوا هێزەکانی سەدام دووبارە دەست بەسەر ناوچەکەدا دەگرێت‌و هەموو شتێك دەدۆڕێنین". هاوکات تاڵەبانی له ساڵی ١٩٩٢ وتی: "کوردی عێراق به هیچ شێوەیەك یارمەتییەکانی حکومەت‌و گەلی تورکیایان له

[1] بیار مصطفی سیف الدین: ترکیا وکوردستان العراق، ص ص ١٧٢-١٧٣
[2] بروانة بقشى ئێنجەم، تەوقرى دووەم، ل ١٩٨
[3] هێرش عەبدوڵڵا حمه کەریم: سەرچاوەی پێشوو: ل ل ١٠٣-١٠٤

کاتە ناخۆشەکاندا لەبیر ناچێت"، بەڵکو لەوە زیاتری وت کە داوای "فدراڵی لەگەڵ تورکیادا" کرد[1].

لەم تێگەشتنەی بریارکردەکانی کوردەوە، هەرێمی کوردستان بە ناچاری کەوتە ژێر باری فشارەکانی تورکیا بۆ هاوکاریکردنی تورکیا لە چارەسەرکردنی کێشەی (پ.ک.ک). ئەوە بوو حکومەتی هەرێم شەری لە دژی (پ.ک.ک) لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٢راگەیاندو بە هاریکاری تورکیا، (پ.ک.ک) شکستی هێناو خۆیان رادەستی هێزەکانی (ی.ن.ک) کردو لە سنوری هەرێم- تورکیاوە پەرینەوە بۆ سنوری هەرێم-ئێران. سەرۆك ئەرکانی تورکیا (جنراڵ دۆگان غوراس) کوژراوەکانی (پ.ک.ک)ی بە (٤-٥) هەزار مەزەندە کردبوو، بەڵام دەرکەوت، کە لە چەند سەد کەسێك تێپەری نەدەکرد[2].

ئەم شەرە بە بەشداری (١٥-٢٠) هەزار پێشمەرگەو (٥) هەزار سەربازی تورك کە بە یارمەتی فرۆکەی (F-4 Phantoms)، (F-104Starfighters)، هەلیکۆپتەری (Super Cobra)، فرۆکەی چاودێری (Awacs) لە دژی (پ.ک.ك) ئەنجام درا. گروپی مافی مرۆڤ لە رۆژهەلاتی ناوەراست (Human Rights Group Middle East Watch) لە راپۆرتێکدا کە لە ٢١ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢ بلاوی کردەوە، ئیدانەی حکومەتی تورکیاو کوردەکانی عێراقیان کرد. زۆرێك لە گەریلا ئافرەتەکانیش خۆیان کوشت، بۆ ئەوەی نەکەونە دەستی پێشمەرگەو سوپای تورکیا. دەتوانین بڵێین تورکیا بە پشتگوێخستنی لە راگەیاندنی فدراڵی لە لایەن پەرلەمانی هەرێمی کوردستانەوە، هاوکاری هەمیشەیی تاڵەبانیو بارزانی بۆ دژایەتیکردنی (پ.ک.ك)، بەدەست هێنا. ئۆجالانیش لەم بارەیەوە ووتی کە: " ئەو رێکەوتنە لەسەر نەفەقەی کوردی تورکیا بوو"[3].

---

[1] میخائیل م. جونتز: الاکراد ومستقبل ترکیا، ص ١٤٦-١٤٧

[2] میخائیل م. جونتز: الاکراد ومستقبل ترکیا، ص ١٧٨ .

[3] The New York Times, VERA BEAUDIN SAEEDPOUR :On Iraq-Turkey Border, Kurds Are Being Used to Kill Kurds,November 14, 1992 : http://www.nytimes.com/

ئەگەر چی تورکیا بە یارمەتی هەرێم لە شەڕەکەدا سەرکەوتنی بەدەست هێناو (پ.ك.ك) لە بەرەکانی جەنگ لاواز بوو، بەڵام نەیتوانی کۆتایی بە جەنگی کوردی–تورکی بهێنێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە ململانێ نەتەوەییەکان تا دەهات لە تورکیا توند تر دەبوو، وێرای ئەمەش هەرێمی کوردستان لە بری هاریکاری شەڕانگێزی بۆ تورکیا، ویستی هاریکاری ئاشتیانە لەگەڵ تورکیا بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد تاقیبکاتەوە. بەواتایەکی تر لاوازی (پ.ك.ك)و ئاڵۆزبونی رەوشی ناوخۆی تورکیاو بونی نێوەندێکی وەك هەرێمی کوردستان کە بەرژەوەندی خۆی لە ئاشتی نێوان دەوڵەتی تورکیاو بزوتنەوەی کوردی باکوری کوردستان دەبینییەوە، هاوکات پەیوەندی باشی تاڵەبانی لەگەڵ ئۆزاڵو ئۆجالان ئەم هەولانەی بەرەو پێشەوە برد.

ئەرجان ورالهان، کە وەزیری بەرگری دووەمین حکومەتی ئۆزاڵ بوو هەروەها پەیوندیی کەسێتی لەگەڵ تاڵەبانیدا هەبوو، پردی پەیوەندی نێوان بیروڕاکانی ئۆزاڵو تاڵەبانی بوو. دوای ئەوەی تاڵەبانی چەند جارێك بانگهێشتی تورکیا کرا، توانی بیرۆکەی ئاشتی نێوان (پ.ك.ك)– تورکیا وەگەڕ بخات. ئەوە بوو سەردانی ئۆجالانی لە بقاع کردوو توانی ئۆجالان بە ئاگربەست رازی بکات لە ١٧ی مارتی١٩٩٣. دواتریش راوێژکاری دیمیریل (عیسمەت ئیمیست) رۆژنامەنوس‌و راوێژکاری ئۆزاڵ (جەنگیز چاندار) لەگەڵ چەند پەرلەمانتارێکی پارتی (DFP) لە بقاع چاویان بە ئۆجالان کەوت، جارێکی تر ئاگربەست لە ١٦ی ئەپرەلی١٩٩٣ درێژکرایەوە[1].

تاڵەبانی کە لەو کاتەدا دوژمنێکی سەرسەختی ئۆجالان بوو لە ٨ی مارتی ١٩٩٣ دەسپێشخەری ئاشتی کردو پێشنیارەکانی ئۆجالانی گەیاندە دەستی دیمریل‌و ئۆزاڵ. هاوکات توانی کمال بورقای سکرتێری پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا لەگەڵ ئۆجالان کۆبکاتەوە لە دیمەشق بۆ دروستکردنی بەرەیەکی کوردی، هەروەها بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە شێوەیەکی ئاشتیخوازی. ئەو کۆبونەوەیە دوو گەلاڵەنامەی

[1] المحادثات السرية بين PKKحزب العمال الكردستاني والدولة التركية، دار الشمس للدراسات والتوزيع، دمشق،٢٠٠٠،ص ص ٣٨–٣٩

لێکەوتەوە: یەکەمیان بریارو پێشنیارەکان، کە بۆ کورد خۆی بوو، کە باسی لە پێویستی هاریکاری نێوان پارتە کوردییەکانی کردبوو، هەروەها ئەو پارتانە لە ڕێگای دانوستانەوە کێشەکانیان چارەسەر بکەن‌و کار لە پێناوی بەرەیەکی کوردستانی بدەن، لە باسی پەیوەندیی نێوان تورك‌و کورد بەشێوەیەکی یەکسانی، ئەو دوو پارتە لەو باوەڕەدا بوون کە کوردو تورك وەك دوو نەتەوە دەتوانن لە سایەی سیستەمێکی دیموکراسی فدراڵیدا لە پاڵ یەکدیدا بژین. لە گەڵاڵە نامەی دووەم باسیان لە ٧ هەنگاو کردبوو، کە پێویستە بۆ چەسپاندن ئاشتی‌و دیموکراسی‌و یەکسانی، حکومەتی تورکیا بیگرێتەبەر[١].

ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەی تورکیا لە ١ی ئەپرێلی١٩٩٢ بەئامادەبوونی ئۆزاڵ‌و دیمیریل‌و سەرەك ئەرکانی سوپا، چەند بریارێکیان بەناوی (پلانی کوردی حکومەت) دەرکرد، تیایدا ئاماژە بەچەند خاڵێکی گرنگ کرابوو، لەوانە: ڕاستکردنەوەی یاسای لێبوردن بەشێوەیەك ئەندامانی (پ.ك.ك) بگرێتەوەو ڕەتکردنەوەی باری نائاسایی لە چەند پارێزگایەك‌و زیادکردنی دەسەڵاتی پارێزگاکان‌و بەهێزکردنی وەبەرهێنان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیاو چەند بریارێکی تر[٢]. لە توێژینەوەیەکیشدا، باس لەوە دەکات کە ئۆجالان لە میانەی دادگایکردنەکەیدا لە ١٩٩٩، دان بەوەدا دەنێت، کە لە کاتی گفتوگۆکانی ١٩٩٣دا لەگەڵ ئۆزاڵ چاویان بەیەك کەوتووە[٣].

ئاگر بڕی نێوان (پ.ك.ك)و حکومەت لە ٨ی یولیۆی ١٩٩٣ کۆتایی پێهات، لە ئەنجامی چەند هۆکارێك، لەوانە مردنی ئۆزاڵ لە ١٧ی ئەپریلی١٩٩٣، کە پشتیوانی سەرەکی پرۆژەی ئاشتی بوو لەناو دەوڵەتی تورکیا، لە جێگەیدا دیمیریل، لە١٦ی مایۆی١٩٩٣دا بوو بەسەرەك کۆماری تورکیاو لەگەڵ خۆیدا چەندین کەسایەتی کۆنەپارێز لە ناوەندی دەسەڵاتدا بوون بە بڕیار بەدەست، کە دژی پرۆژەی ئاشتی بوون. دیارترین هۆکاری دەستپێکردنەوەی

---

[١] میخائیل م. جونتر: الاکراد ومستقبل ترکیا، ص١١٣

[٢] المسألة الکردیة فی الترکیة امل وخیبات : مجلة (شؤون الترکیة)، اعداد:محمد نورالدین، العدد(٨)،١٩٩٣، ص٣١ .

[٣] المحادثات السریة بین PKKحزب العمال الکردستانی والدولة الترکیة، ص ص١٠٢

توندوتیژی، کوشتنی (٣٣) سەربازی بێ چەك بوو لەلایەن شەمدین ساکیکی سەرکردەی (پ.ك.ك)، لە ٢٥ی مایۆ١٩٩٢. ئەم ڕوداوە سەرکردە سەربازییەکانی تورکیای هاندا زنجیرەیەك کاری سەربازی لەدژی سەنگەرەکانی (پ.ك.ك)و ئەندامەکانیان دەستپێبکەن[1]، کە کۆتایی بەماوەی ئاشتی نێوان هەردوولا هێنا.

لەگەڵ ئەوەی پڕۆژەی ئاشتی سەری نەگرت، بەڵام ئەو باوەڕەی سەلماند، کە گەشەکردن و بەرەوپێشەوەچوونی دۆسیەی کورد لە هەر پارچەیەك، کاریگەری دەبێت بۆ پارچەکانی تری کوردستان، هەروەها گەشتاندنی بیری فیدرالی باشوور بوو بۆ باکوری کوردستان، وەك ڕێگە چارەیەکی کێشەی کورد لە تورکیادا. لە لایەکی تر ناوبژیوانی تاڵەبانی لە نێوان تورکیاو (پ.ك.ك)، سۆزو هۆشی کوردەکانی تورکیای بەرامبەر کوردی عێراق بەدەست هێنا، کە ئەمە زەنگێکی خەتەرناك بوو بۆ تورکیا. بۆیە ئەمە هۆکارێکی گرنگ بوو، کە دوای مەرگی ئۆزاڵ، تورکیا دەسبەرداری سیاسەتی ئەم سەرۆکە ببێت بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ کێشەی کورددا.

پەیوەندییەکانی تورکیاو هەرێمی کوردستان هێشتا لە قۆناغی یەکەمی سەرەتایدا بوو، لە کاتێکداو دوای مردنی ئۆزاڵ، کۆنە پارێزەکان جڵەوی سیاسەتیان بەدەستەوە گرت، تەریب لەگەڵ ئەم گۆڕانانە هەرێمی کوردستان توشی جەنگی ناوخۆ بوو لە ساڵی ١٩٩٤دا. کە ئەم دوو پێشهاتە چاوەڕوان نەکراوە، پەیوەندییەکانی بە ئاقارێکی سەختتدا برد. تورکیا جەنگی ناوخۆی هەرێمی کوردستانی بە مەترسیی دادەنا بۆ سەر ئاسایشی تورکیا، ئەوە بوو بە پشتبەستن بەومافەی لەڕێگەی خاکەکەیەوە سەرپەرشتیاری هەرێمی کوردستان دەکات، خۆیکردە دادوەر لە نێوان لایەنە شەرکەرەکانداو شارۆچکەی سلوپی کردە یەکەم خاڵی کۆکردنەوەی تاڵەبانی و بارزانی بۆ دانوستان و ڕێکەوتن لە ١٢ی یۆنیۆی ١٩٩٤. هاوکات وەزیری دەرەوەی تورکیا حیکمەت چەتین لە میانەی کۆبونەوەکاندا بێلایەنی تورکیای

---

[1] المسألة الكردية في التركية امل وخيبات، ص٣٢-٣٣ .

خستە روو، هەمان کات وتی ڕووداوە هەنوکەییەکانی هەرێمی کوردستان بەگرنگ وەردەگرین‌و (پ.ك.ك) نابێت سود لەو بارودۆخە وەربگرێت[1].

لەم سەروبەندەدا فەرەنسا بەمەبەستی ڕاگرتنی شەری ناوخۆ، وەك دەوڵەتێکی زلهێزی جیهان‌و لە ۲۳ی یۆلیۆی ۱۹۹٤دا لە کۆشکی کۆماری ئەلیزییە لە پاریس زنجیرەیەك دانوستاندنی ڕێکخست، کە دەقەکەی بەناوی ڕێکەوتنامەی پاریس ڕاگەیەنرا، بڕیار بوو تاڵەبانی‌و بارزانی بە ئامادەبوونی سەرەك کۆماری فەرەنسا فەرانسۆ میتەران واژۆی بکەن[2]. بە پێی ڕێکەوتنەکە هەرێمی کوردستان جگە لە دامەزراوەی پەرلەمان‌و حکومەت، دەبوو بە خاوەنی سەرۆکی هەرێم‌و دەستوورو ڕێکخستنی تایبەت لەپەیوەندییەکانی دەرەوەدا، تورکیا بەئاشکرا ئەم ڕێکەوتنەی بەچالاکی دژە بەرژەوەندیەکانی تورکیا ناوبرد، چونکە ئەمەی بە هەوڵێکی فەرەنسا بۆ بە نێودەوڵەتیکردنی کێشەی کورد دەزانی، دواجار هەوڵی فەرەنسا بۆ بازنەی هێڵی (۳٦) بۆ بازنەی (۳٤)و لابردنی گەمارۆی کوردستان بەمەترسیەك دادەنا[3]، چونکە لەلایەك بازنەی (۳٤) پارێزگای کەرکوکی دەگرتەوە کە دەوڵەمەند بوو بە نەوت، لەلایەکی تر لابردنی گەمارۆی ئابووری هەرێمی کوردستان، دەبووە هۆی بەهێزکردنی ژێرخانی ئابوری هەرێم‌و پایەیەکی سەرەکی لەبنەمای دەوڵەتی کوردی دەچەسپاند.

تورکیا بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنەکە هەوڵێکی بێوچانیدا، سەرۆك کۆماری تورکیا دیمیرل ڕایگەیاند: "ئەگەر ئەم پرۆژەیە بڕیاری لەسەر بدرێت، کەواتە هەموو شتێ کۆتایی هات(کورد دەوڵەت پێکدەهێنن)"[4]، دواتر وەزیری نوێی وەزارەتی دەرەوە (مومتاز

---

[1] ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارەی(٦۹٦)، ۱۹۹٤/٥/۳۱.

[2] الاقتتال الداخلی فی کوردستان العراق، کیف اندلع ومن المسؤل عنه، الجزء الاول، مکتب الدراسات والبحوث المرکزی، هەولێر، ۱۹۹۷، ص٤۱۹ .

[3] نەوشیروان مستەفا ئەمین:لە پاریسەوە بۆ دبلن بۆ دواوە چونێکی خەمناك: ڕۆژنامەی کوردستانی نوی،ژمارە ،۱۱۷.، ۱۹۹٥\۱۲\۲۰. هوشیار زیباری: من الذی افشل اتفاقیة باریس، الاقتتال الداخلی فی کوردستان العراق، ل٤۱٥-٤۱٦.

[4] جلال عبد الله معوض: المصدر السابق، ص٤۲ .

سویسال)، بەگەشتێك چووە پاریس‌و بە پاڵپشتی ئەمریکاو بەریتانیا، فەرەنسای ڕازیکرد دەستبەرداری پرۆژەکەبێت، هاوکات ڕێی لە تاڵەبانی‌و بارزانی گرت‌و ڕازی نەبوو لە تورکیاوە بەرەو پاریس بڕۆن بۆ واژۆکردنی ڕێکەوتنەکە، مومتاز سویسال لەلێدوانێکدا وتی، "با کوردی باکوری عێراق، دەسبەرداری خەونەکانیان بن‌و بە ئارامی لە شوێنی خۆیان دابنیشن، تورکیا ئامادەنیە لە پێناو بەرژەوەندی ئەمریکا، بەرژەوەندی گەلی تورکیا ژێر پێ بخات، ڕێگە بەهیچ کەس‌و ڕێکخراوێك نادرێت بچێتە ناو هەرێمی کوردستان، تا لەئامانجی سەردانەکەی ئاگادارنەبین‌و ڕەزامەندی ئێمە وەرنەگرێت)[1].

ڕێکەوتنامەی پاریس تورکیای هاندا تاوەکو چاو بەسیاسەتی خۆیدا بخشێنێتەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم-ئامادەبوونی تەواو لەسەرجەم ڕێکەوتنەکانی نێوان (ی ن ك)و (پ د ك)دا: لەساڵانی (١٩٩٤، ١٩٩٥، ١٩٩٦) چەندین دانوستان‌و ڕێکەوتنی دەرەکی لەنێوان لایەنە سەرەکیەکاندا لەوانە، (درۆهیدا)، (تاران)و (پرۆژەی ئاشتی مستەر دویچ) سازکرا. تورکیا تەنها لە ڕێکەوتنامەی (تاران) ئامادەیی نەبوو، لەوانی دیکەدا هەندێك واتاو تێگەیشتنی تایبەتی خۆی لەناواخنی ئەو پرۆژەی ڕێکەوتنانەنەی سەرەوە چەسپاند، گرنگترینیان چەمکی (حکومەتی هەرێمی کوردستان) بوو، کە گۆڕی بە (بنکەی کارگێڕی پارێزگاکانی باکوری عێراق)، لەسەرجەمیاندا خاڵێك جێگیرکرا، بریتی بوو لە "هەموو خاڵی ڕێکەوتنەکە پێویستە بەرژەوەندیە ئاسایشیە مەشروعەکانی تورکیا لە بەرچاوبگیرێت"[2]. دوای سەرنگرتنی ئەو ڕێکەوتنانە، تورکیا هەردوو لایەنی کۆکردەوەو (ڕێکەوتننامەی ئەنکەرە)ی لە نێوانیاندا واژۆ کرد لە ٣١ی ئۆکتۆبەری١٩٩٦[3]. ڕێکەوتنەکە (٢٢) خاڵی گرنگی لەخۆگرتبوو، زۆرینەی داڕشتنی تورکیای پێوە دیار بوو، کە گرنگترین خاڵی سنوری نێوان (ی.ن.ك)و (پ.د.ك) بەفەرمی دیاریکردو لە لایەن هێزی چاودێری ئاشتی Peace

---

[1] ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی): ژمارە٢٧، ١٢٧، ١\١\١٩٩٦.

[2] بڕوانە دەقی ڕێکەوتنامەکان: الاقتتال الداخلی فی کوردستان العراق.، ص ٣١٥، ص ٣٨٤-٣٨٦.

[3] بڕوانە پاشکۆی ژمارە(١١).

Monitoring Force ناسراو بە(PMF)[1] بڕیاری چاودێری دەکرا. ئەم هێزە لە ناوخۆی کوردستاندا بنکەی سەرەکی لە شاری هەولێرو لەدەرەوە بنکەیەکی لەئەنقەرە بوو. هەروەها هەردوو خاڵی (٢١)و (٢٢) پێناسەی ئاسایشی مەشروعی تورکیای کردبوو، کە دژایەتیکردنی (پ.ك.ك)و کارکردن بوو بۆ گێڕانەوەی ئاوارەکانی کەمپی ئەتروش. کۆی گشتی ڕێکەوتنەکە بە بەراوردکردن لەگەڵ ڕێکەوتنامەی (پاریس)، پاشەکشە بوو لە ستراتیجی نەتەوەیی کورد، کە هەرێمی کوردستانی بەشێوەیەکی (فەرمی یاسایی) لەنێوان (کورد-کورد) دابەشکرد. هەروەها ڕێکەوتنەکە تەنها ئاگربڕێك بوو، تورکیا مەشروعیەتی بەرژەوەندی سەربازیو سیاسی خۆی سەلماند، ئەوەبوو لە ٢٩ی ئەپریلی١٩٩٧ سەرەك ئەرکانی تورکیا ئەوەی خستەڕوو (٤٠٠) سەرباز بەتانکەوە چونەتە هێڵی ڕووبەڕووبونەوەی نێوان لایەنە شەڕکەرەکان[2]، هەردوو لایەنی شەڕکەر لەدوای ڕاگەیاندنی ڕێکەوتنامەکە چوارجار بۆ جێبەجێکردنی بەندەکان کۆبونەوە، بەڵام لەبری چارەسەرکردن گرفتی نوێ سەریهەڵدا، لەوانە تورکیا (ی.ن.ك)ی بە پشتیوانی (پ.ك.ك) تۆمەتبار کرد[3].

دووەم- بەشداریکردنی لە جەنگی ناوخۆدا:

هەرچەندە تورکیا ڕایگەیاندبوو لەڕووداوەکانی هەرێمی کوردستاندا بێلایەن دەبێت، بەڵام لە (ڕێکەوتنامەی پاریس)ەوە ئەوەی لاگەلاڵەبوو، پارتەکانی هەرێمی کوردستان لەباری ئاشتیو یەککەوتندا پرۆژەی دەسەلاتی کوردی بەرەوپێش دەبەن، بۆ ئەم مەبەستە پشتگیری (پ.د.ك) لە دژی (ی.ن.ك) کرد، چونکە (پ.د.ك) هاوسنوری تورکیا بوو،

---

[1] هێزێکی تورکمانی بوو لە ئەنجامی ڕێکەوتنامەی ئەنکەرە سەریهەڵدا. ئامانجی تورکیا لەم هێزە لەوەدا بوو، کە دەیویست سەنگێکی سیاسیو سەربازی بدات بە بەرەی تورکمانی، لە ڕێگای ناوبژی کردن لە نێوان (پ.د.ك)و (ی.ن.ك). پێبەخشی ، سەرکردایەتی هێزەکە ئەفسەرێکی تورکی بە سەرپەرشتیاری هێزەکە بەناوی حەسەن کەپلان. ئەم هێزە بەهۆی کەمی ژمارەی سەربازو لایەنگیربوونی لە جەنگی ناوخۆدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا. هێرش عەبدوڵلا حەمە کەریم: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٩.

[2] جلال عبد الله معوض: المصدر السابق، ص١٧٢.

[3] Michel Verrier :A trump card for، Turkey- Kurdish guerrillas.1997 2006 ، Le Monde diplomatique. http://mondediplo.com

هەروەها هاوهەڵوێستی توندبوون لەبەرامبەر (پ.ک.ک)و بەپارتێکی تیرۆرستی ناو دەبردو بەگەورەترین هەڕەشەی دادەنا بۆ سەر هەرێمی کوردستان[1]، بەڵام (ی.ن.ک)و تاڵەبانی لە ناو بازنەی سیاسەتی تورکیادا نەبوون، چونکە تورکیا سنوری جوگرافی لەگەڵ دەسەڵاتی (ی.ن.ک)دا نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا تاڵەبانی لە لێدوانەکانیدا جەختی لەسەرئەوە دەکردەوە کە (پ.ک.ک) تیرۆرست نییە، بەڵکو کاری تیرۆری ئەنجام دەدەن[2]. فڕۆکەکانی تورکیا لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٧و لە کاتی هەوڵی (ی.ن.ک) بۆ بەزاندنی ئەو سنورەی لە رێکەوتنامەی ئەنکەرە دیاری کردبوو، هێرشێکی چەند رۆژییان لە هێڵی رووبەڕووبوونەوەی شەڕ، بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) ئەنجام دا. سەرچاوە تورکیەکان ئەو ڕاستیەیان دووپاتکردەوە، کە هێزی پیادەی تورکی یارمەتی بارزانی لەدژی تاڵەبانی کردوە[3]. تاڵەبانی لای خۆیەوە نامەیەکی ئاڕاستەی وەزیری دەرەوەی تورکیا ئیسماعیل جەم کرد، لە ناوەڕۆکدا هاتبوو فڕۆکەو سەربازی تورکیا (١٢) چەکداری (ی.ن.ک)و (٨) سیڤیلیان کوشتووە[4].

سێیەم- هەلقۆستنەوەی جەنگی ناوخۆ بۆ هێرش کردنە سەر (پ.ک.ک):

بارودۆخی چالاکبوونی (پ.ک.ک) لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٤دا تورکیای هەراسان کردبوو، ئەوە بوو لە ٢٩ی یەنایری١٩٩٤ بە فڕۆکە بۆردومانی ئۆردوگاکانی (پ.ک.ک)ی لە زەڵێ کرد[5]، هەروەها لە دەسپێکی شەڕی ناوخۆ لە١٧ی مایۆی١٩٩٤دا جارێکی تر بۆردومانی هەمان شوێنی کردو (٥٨) کەسی لێکوشتن[6]، دواتر لە مانگی (نۆڤەمبەر-دیسەمبەری

---

[1] رۆژنامەی (کوردستانی نوێ): ژمارە ٦٠٠، ١٩٩٤/١٠/٣٠.

[2] رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (١٣٠٦)، ١٢\٦\ ١٩٩٦ .

[3] القتال العنيف بين الفئات الكردية من جهود تركية وبريطانية وامريكية، العراق، الجيش، www.arabicnews.com. ١٩٩٧\١٠\١٦

[4] بروانە پاشکۆی ژمارە (١٢).

[5] رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٦٠٠)، ٣٠/ ١/ ١٩٩٤.

[6] هاورێ باخەوان: هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ٣٦٧.

١٩٩٤) هێرشێکی بەربلاوی بۆ سەر گوندەکانی باکوری کوردستان دەستپیکرد، سەرئەنجامی توندوتیژی سوپا دوو هەزار خێزانو خەڵکی سڤیل بەرەورووی سنوری هەرێمی کوردستان هەڵهاتن(١). سەرباری ئەوە ژمارەیەکی زۆر گەریلای ناوچە سنوریەکانی تورکیا، هاتنە ناو هەرێمی کوردستان، ئەمە هۆکاری سەرەکی ئەنجامدانی گەورەترین لەشکرکێشی تورکیابوو، بەژمارەی (٣٥)هەزار سەربازی پرچەکراو بە هەموو پێداویستیەکی ئاسمانیو زەمینی، لەقوڵایی(٤٠کم)و بەدرێژی (٢٤٠کم) سنوریان بەزاند، لەماوەی مانەوەیان (٢١ی مارت–٤ی مایوی١٩٩٥)دا تەواوی تواناکانیان بۆ پێکانی بنکەکانی (پ.ک.ک)، لەناو خاکی هەرێمی کوردستان بەکارهێنا(٢).وێرای ئەمە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا بە سەرۆکایەتی (دیمریل لە سێپتەمبەری١٩٩٦ بڕیاری لەسەر پێکهێنانی پشتێنەی ئاسایش داو بە قوڵایی(٥کم)و بە درێژایی سنوری هەرێمی کوردستان– تورکیا نەخشەی بۆ کێشراو(٣) لە ئۆکتۆبەری١٩٩٧ چووە بواری جێبەجێکردنەوەو، (١٠٠) تانکی تورکیو (٨)هەزار سەرباز بەیەکجاری لەهەرێمی کوردستان نیشتەجێبوون(٤)

وێرای ئەمەش سوپا لە ١٤ی مایۆ–٢١ی یونیۆ١٩٩٧، (٥٠) هەزار سەربازی بەتەواوی چەکی ئاسمانیو زەمینی لەژێر ناوی ئۆپەراسیونی (فولاز) ڕژاندە ناو هەرێمی کوردستان، کە ئامانجی خۆیان بە بنەبڕکردنی تەواوەتی بنکەکانی (پ.ک.ک) دیاری کرد، بەپێی ڕاگەیاندنی سوپای تورکیا لەم ماوەیەدا، (٢٦٠١) گەریلایان کوشتووەو، لەڕیزی سوپای تورکیا (٩٩) کوژراو (٣١٣)بریندار هەبووە، لەگەڵ کەوتنە خوارەوەی دوو کۆپتەر(٥).

[1]Nivisingeha peywendiyan u ragehandine li parezgeha duhuk: KAMPa ETRUS، RASTIYAEN PIRSE U KIRYAREN P .K .K E ، kolica seria، duhuk ،1999، p29.

[٢]جلال عبدالله معوض: المصدر السابق، ص ٤٥-٤٦ .

[٣]المصدر نفسه، ص١٦٢-١٦٣.

[4]Alain Gresh: from the Golf to Kurdistan، winds of war ruffle the Middle East1997-2006 Le Monde diplomatique.www.mondediplo.com

[٥]پاشکۆی ژمارە (١٣).

چوارەم–هاندانی کورد بۆ دانوستان لەگەڵ بەغداد:

تورکیا لە دوای بێئەنجامی رێکەوتنەکان، فشاری خستە سەر کورد بۆ دەسپێکردنەوەی دانوستان لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا، ئەوە بوو سامی عەبدولرەحمان لەم بارەیەوە وتی، ئێمە چارەسەری کورد لە چوارچێوەی عێراق دەبینین[1]. حکومەتی تورکیا بە سەرۆکایەتی ئەربەکان، سیاسەتی دەرەوەی بریتی بوو لە کرانەوەی بەرووی دەوڵەتی جیهانی ئیسلامیو عێراق بەتایبەتی، بۆ ئەم مەبەستە یەکەمین جار لە دوای یەکەمین جەنگی کەنداو، دوو وەزیری حکومەتەکەی بۆ تاوتوێکردنی هەناردەی نەوتی عێراقی بەرەو تورکیا، رەوانەی بەغداد نارد[2]، ئەمە وەك هەنگاوێك بۆ هەلگرتنی گەمارۆی ئابووری عێراقو قەرەبوکردنەوەی زیانە ئابوریەکانی تورکیا لەم رێگەیەوە. هاوکات سەرۆکایەتی حکومەت هاورای ئەو پرۆژەیەی ئەجەڤیت بوو لە ئەپریلی١٩٩٦ پێشکەشی پەرلەمانی کردبوو، کە شەش خاڵی لەخۆ گرتبوو، لە گرنگترینیان: پێویستە کورد لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ رژێمی بەغداد ریکەوتن ساز بکەن[3]. (پ.د.ك) لەبەرامبەر هەرەشەکانی (ی.ن.ك)و فشاری تورکیادا لە٢٥ی یۆلیۆی ١٩٩٦دا لەگەڵ بەغداد، لەسەر چەند خاڵێك رێکەوتن، کە گرنگترینیان بریتی بوو لە ئاڵوگۆرکردنی زانیاری سەربازی، هەماهەنگی بیرو بۆچوونی سیاسی، ئامادەکردنی (پ.د.ك) لە رووی سەربازییەوە[4]. راپۆرتە هەواڵەکانیش ئەوەی لەسەرزاری وەزیری دەرەوەی تورکیا تانسۆ چیلەر ئاشکرا کرد، ولاتەکەی پشتگیری بەغداد دەکات بۆ گێرانەوەی دەسەلاتی ناوەندی لە هەرێمی کوردستان، بەمەرجێك ئەگەر بتوانێت

---

[1] مراد خۆشەڤی حسۆ: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٠–١٢١

[2] رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(١٣٥٦)،١٩٩٦/٨/١١.

[3] رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(١٢٦٣)، ١٩٩٦/٤/١٥.

[4] وثيقة التضامن: وزارة الدفاع، مديرية الاستخبارات العسكرية، العدد: ٨٤/ف/ص، التاريخ: ١٩٩٦/٨/١.

ڕێگە لەبەردەم هێرشەکانی (پ.ك.ك) بگرێت[1]، هەڵوێستی ئاشکرای ئەربەکان ئەوە بوو، کە حکومەتەکەی کار بۆ گەشەسەندنی پەیوەندییە ناوچەییەکانی دەکات[2].

تورکیا هەرچەندە لە سەرەتاوە جەنگی ناوخۆی هەرێمی کوردستانی بە مەترسییەك بۆ تورکیا دەروانی، بەڵام لە میانەی چوار ساڵی جەنگەکەدا هەژموونی خۆی لە هەرێمەکەدا سەپاند، لە ڕووی سەربازییەوە جەنگی (تورکیا–پ.ك.ك)ی بردە ناو خاکی هەرێمەوەو سوپای تورکیا بە دەستکراوەیی ئەم شەڕەی ئەنجام دەدا. لە لایەکی ترەوە توانی لەم جەنگە تورکیاو هاوپەیمانەکەی لە هەرێم (پ.د.ك) وەك براوە دەربکەونو ئێرانو (ی.ن.ك) لە باری شکستدا بن، چونکە لایەنی یەکەم پایتەختو پارێزگای دهۆکی کەوتە بن دەستو هاوکات دەرچەی ئابووریو جوگرافیای سیاسی هەرێمەکەی کۆنترۆڵ کرد، لە کاتێکدا (ی.ن.ك) بە تانها لە پارێزگای سلێمانیدا دەسەڵاتدار بوو، کە لە بارێکی ئابووریو جوگرافیای سیاسی داخراودا بوو. جگە لەمە بە پێی ڕێکەوتننامەی ئەنکەرە تورکیا دەستی ئێرانی لە هەرێمەکەدا کورت کردەوە، لە کاتێکدا مافی خۆی لە هەرێمەکەدا زامنکرد.

جەنگی ناوخۆ لە قازانجی تورکیادا بوو، بەڵام لە زیانی پرۆژەی ئەمریکی بوو لە عێراقدا، کە دەیویست عێراق بۆ گۆرانکاری ئامادە بکات، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستی بە سەقامیگیریو ئاشتی بوو لە هەرێمەکەدا، لە لایەکی تر تورکیا بە درێژایی ئەو چوار ساڵە بە فەرمی بێلایەن بوو، بەڵام لە ڕاستیدا لایەنگر بوو، ئەو لایەنگرییەشی درێژەی بە شەڕ دەدا نەك کۆتایی پێبهێنێتو هاوکات بازنەی شەڕەکەی فراوانتر کردبوو، کە بۆ ململانێی ناوچەیی تورکیاو ئێرانو سوریاو عێراق پەلی کێشا بوو، هاوکات (ی.ن.ك) لە دوای ساڵی ١٩٩٧ ناوەندێتیی تورکیای لا پەسەند نەبوو، هەموو ئەمانە هۆکاری ئەوە بوو کە ئەمریکا بارزانیو تاڵەبانی بانگهێشتی واشنتۆن کردو لە ١٧ی سێپتەمبەری ١٩٩٨ بە ئامادەبوونی وەزیری

---

[1]EU aid ban highlights shaky Turk rights record 08:04 Sep 22، 1996. www.kurdistanobserver.com.

[2]جلال عبدالله معوض: المصدر السابق، ١٥٣–١٥٤ .

دەرەوەی ئەمریکا مادلین ئۆڵبرایت سەرکردەی هەردوو پارتەکە (رێکەوتننامەی واشنتن)یان لە ئەمریکا راگەیاند.

تورکیا بە گومانەوە لە رێکەوتنەکەی دەروانی، چونکە ئەم رێکەوتنە جیاواز لە رێکەوتنەکانی پێشوو، بەبێ بەشداری تورکیا بەرێوە چوو، جێگری سەرەك وەزیران ئەجەڤیت وەك هەڵوێستێکی تورکیا ئەوەی خستەروو، کە پێویستە رێکەوتنەکە لەلایەن تورکیاوە تاوتوێ بکرێت[1]، بارزانی دەوڵەتانی ناوچەیی دڵنیاکردەوە کە رێکەوتنی واشنتن نابێتە هەرەشە بۆسەر هیچ دەوڵەتێك[2]، بۆ ئەم مەبەستە هەریەك لە بارزانیو تاڵەبانی لە ٩ی نۆڤەمبەری ١٩٩٨ لەگەڵ سەرەك وەزیرانو جێگرەکەیو وەزیری دەرەوە بۆ تاوتۆێکردنی رەواندنەوەی مەترسیەکانی تورکیا لە رێکەوتنەکە کۆبوونەوە[3].

لە دوای رێکەوتنامەی واشنتن، هەروەها دەستگیرکردنی ئۆجالان لە فەبرایری ١٩٩٩، هاوکێشەی پەیوەندیەکانی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان گۆرانکاری گەورەی بەخۆوە بینی. تورکیا بە هاریکاری (پ.د.ك) گرنگتیرن ئامانجی لاوازکردنو نیمچە قەلاچۆکردنی (پ.ك.ك)ی بوو، کە لە رێگای ئۆپەراسیۆنەکانەوەو پشتێنەی ئەمنی بەدیهێنا، هاوکات تورکیا بە گرتنی ئۆجالان ئەوەی هاتە پێش چاو، کە (پ.ك.ك) روو لە نەمانەو چیتر پێویستی بە (پ.د.ك) نەماوە. تەریب بەم بۆچوونە (پ.د.ك) ئەو پێویستییەی بە تورکیا نەما بوو، چونکە گرنگترین خاڵی هاوبەشی لەگەڵ تورکیادا ململانێ ئێرانو (ی.ن.ك) بوو لەگەڵ دژایەتی کردنی (پ.ك.ك)، رێکەوتنامەی واشنتن کۆتایی بە ململانێی لەگەڵ (ی.ن.ك) هێنابوو، هەروەها بە لاوازبوونی (پ.ك.ك)و نەمانیان لە سنوری دەسەڵاتی (پ.د.ك)، بەهانەیەك نەمابوو بۆ لەشکرکێشی تورکیا لە سنوری دەسەلاتی (پ.د.ك). بە واتایەکی تر بەهاری پەیوەندیەکانی تورکیاو (پ.د.ك) روو لە پایز بوو.

---

[1] رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ١٧٠٦، ١٩٩٨/٩/٢٧.

[2] Albright، talabani، barzanik remarks, www.vsi washingtonfile.com, ،27-9-1998.

[3] رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١١ ٥٧)، ١٩٩٩/١٠/١٠.

هەر بۆ ئەم مەبەستەو بۆ باسکردنی پەیوەندییەکان، شاندێکی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا بە سەردکردایەتی فەرەیدون سنرلی ئۆغلۆ سەردانی هاوینەهەواری سەلاحەدینی کرد بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو پاشماوانەی (پ.ك.ك)، کە بەشێوەی پەرتوبلاّو لە ناوچەکەدا ماونەتەوە، بەلاّم بارزانی بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە رەوانەکردنی هێزێکی زۆرو لەشکرکێشی بەپێویست نەزانیو بە رای ئەو هێزانەی (پ.ك.ك) گەرۆکنو لە ناوچە چیاییە سەختەکانن[1]. ئەم هەڵوێستەش ئەوەی لێدەخوێنرایەوە، کە بارزانی چیتر خواستی لەشکرکێشی تورکیای لە سنوری دەسەلاّتی نەمابوو، لە بەرامبەردا تورکیا بارزانی بە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی تاوانبار کرد[2].

تورکیا دەیویست بە هەر بەهانەیەك بێت بوونی خۆی لە هەرێمی کوردستان بهێڵێتەوە، ئەوە بوو چەند کارتێکی فشاری بەرامبەر (پ.د.ك) بەکار هێنا بە ئامانجی لاوازکردنو قۆرخکردنی دەسەلاّتی (پ.د.ك)، لە رێگای بەهێزکردنی پێگەی تورکمان لە سنور دەسەلاّتی (پ.د.ك)، هەروەها بەهێزکردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ حکومەتی عێراقی، هەروەها خۆنزیك کردنەوە لە رکەبەری (پ.د.ك) لە هەرێمی کوردستان، کە (ی.ن.ك) بوو.

تورکمانەکان بەم شێوەیە باسی مێژووی خۆیان دەکەن، کە لە عێراق لە ناوچەی تورکمانەیلی، "Turkmeneli" کە بە لاتینی "Turkmenia" پێدەوترێت، دەژین، واتای ئەم چەمکە زەمینی تورکمان دەگەیەنێت کە لە تەلەعفەرەوە تا مەندەلی درێژ دەبێتەوەو ١٢% عێراقنو ژمارەیان لە نێوان ٢.٥–٣ ملیۆن کەسە. ئەم نەتەوەیە سەر بە رەگەزی ئۆگۆز (Oguz) لە سەردەمی دەوڵەتی عەباسیەوە بە سێ قۆناغ هاتونەتە عێراقو لە سەردەمی پاشایەتیدا (١٩٢١–١٩٥٨) توشی راگواستن بوون بۆ ناوچە عەرەبیەکانو لە پۆستە حکومیەکاندا بێبەش کراون. لە سەردەمی حوکمی کۆماریشدا لەگەڵ نەتەوەی کورد توشی سیاسەتی تەعریب بوون. لە ساڵی ١٩٧٢ حکومەتی عێراقی خوێندنی زمانی تورکمانی لە قوتابخانە تورکمانەکان قەدەغە کرد. لە سێپتەمبەری ٢٠٠١ بریاری ١٩٩ی دەرکرد کە هەر

[1] الانصات المركزي، نشرة خبرية معلوماتية يومية ، العدد (١٩٥٣)، ٢٠٠١/٧/١٢.

[2] الانصات المركزي، نشرة خبرية معلوماتية يومية ، العدد (٢٢٣٥) ، ٢٠٠٢/٥/١٢

هاولاتیەکی ناعەرەب رەگەزی خۆی بکات بە عەرەب، زیاتر لە ١٨ مافی پێدەدرا کە نا عەرەبی نەدەگرتەوە[1].

به پێی ئاماری ساڵی ١٩٧٧، له قەزای دهۆك رێژەی (٠.٠٣٪) بوون، زۆرترین رێژەیان لە هەولێر بوو کە (٣.٢٪)، لە زاخۆ (٠.٠٢٪)، ئامێدی (٠.٠١٪)، شەقلاوە (٠.٠١٪) رەواندوز (٠.٠٢٪)، کفری (٥.٢ ٪)[2]. ئەم کەمینەیە لە لایەن حکومەتی عێراقەوە بەردەوام بەشێوازی جۆراوجۆر هەوڵیداوە کە لەئامارەکاندا رێژەیان کەمبکاتەوەو لە ناو دەستووریشدا خاوەنی هیچ مافێکی نەتەوەی نەبوون. ئەمەش لە لایەك بۆئەوە بوو وەك نەتەوەیەکی تایبەتمەند لەعێراقدا مافییان نەبێت[3]، هاوکات بۆ بەرگرتن لەدەستتێوەردانی تورکیا لەکاروباری عێراق.

تورکمان لەعێراقدا بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی چەند پارتێکی نهێنیان پێکهێناوە، بەڵام لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە زۆر بەتوندی بەرپەرچیان دراوەتەوە، بەتایبەتی لەساڵانی (١٩٥٨–١٩٩٠)، بەڵام لەدوای ساڵی (١٩٩١)و پەیدابوونی هەرێمی کوردستان، تورکمان لەم سنورەدا سودێکی زۆری لێبینیو بەئاشکرا چەندین پارتیان پێکهێنا لە گرنگترینیان پارتی یەکیەتیو برایەتی تورکمان لە ساڵی ١٩٩٢، پارتی یەکبوونی تورکی (تورکمان بیرلیك پارتسی)، پارتی یەکیەتی تورکمان (تورکمان أیلی) لە ساڵی ١٩٩٤ بزوتنەوەی سەربەخۆیی تورکمان لە ساڵی ١٩٩٥[4]. هاوکات دوای دامەزراندنی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانو بە دەسپێشخەری تورکیا، دوو پارتی تورکمانی دامەزران ئەوانیش

---

[1] Mr. Mofak Salman: The current situation of the Indigenous Turkmen of Iraq. UNITED NATIONS Sub-Commission on the Promotion and. 31 July to 4 August 2006

[2] خليل إسماعيل محمد: أقليم كوردستان العراق، دراسات في التكوين القومي للسكان، مطبعة أوفسيت كريستال، أربيل ١٩٧٧، ص ٧٧–٧٨

[3] عزيز قادر الصمانجي: التأريخ السياسي لتركمان العراق، دار الساقي، ١٩٩٩، ص٢٠٣.

[4] المصدر نفسه: ص٣.

یەکێتی برایەتی (قارداشلق)و پارتی نیشتمانی تورکمانی عێراقی (عراق مللی ترکمان پارتەسی) بوو[1]. زۆری ئەم پارتانەو جیاوازیی بیرو رایان جێگای رەزامەندیی خۆیان‌و تورکیاش نەبوو بۆیە پێداویستی دامەزراندنی بەرەیەك بە پێویست زانرا. ئەوە بوو لە ئۆکتۆبەری ۱۹۹٤، تورکیا لە پێناو کۆکردنەوی پارتو رێکخراوە تورکمانییەکان هەوڵەکانی لە پێناو دروستکردنی بەرەیەکی تورکمانی خستە گەر. ئەوەبوو لە ٢٤ی ئەپریلی ١٩٩٥ بەرەی تورکمانی دامەزرا[2]. ئەم بەرەیە لەم پارتانە پێك هاتبوو: پارتی نیشتمانی تورکمانی، پارتی تورکمان ئیلی، یەکێتی سەربەخۆی تورکمان، یانەی برایەتی تورکمانی. رۆڵی تورکیا لە پێکهێنانی بەرەکەو پاشان کاریگەریی تورکیا لەسەر سیاسەتی کارکردنی، یەکێك لەو خاڵانە بوو، کە جێگای ناکۆکی نێوان ئەندامانی ئەو بەرەیە بوو. بۆیە ناکۆکییە ناوخۆییەکانی نێوان ئەو بەرەیە وایکرد، کە نەتوانن لە ئەستەنبوڵ یەکەم کۆنگرە ببەستن. ئەوە بوو لە ٤-٧ی ئۆکتۆبەر ١٩٩٧ یەکەم کۆنگرەی خۆیان لە هەولێر بەست[3].

تورکیا یارمەتییەکی بێسنوری پێشکەشی ئەم پارتە تورکمانیانە دەکرد. خوێندکارەکانیان لە زانکۆکانی تورکیا وەردەگیران، خولیی تایبەتیان بۆ دەکردنەوە بۆ فێربونی زمانی تورك‌و ناساندنیان بە کلتورو زمانی تورکی، پاشان وتنەوەی ئەو وانانە لە قوتابخانەکاندا. (دەزگای هەواڵگری تورکیا Milli Istihbarat Teskilati) کە بە (M.I.T) ناسراوە، لە ناو پارت‌و رێکخراوە تورکمانیەکان بە ناوی جۆراوجۆر کاریان دەکرد بۆ چاودێریکردنی هەرێمی کوردستان. بە پاسپۆرتی عێراقی ئەم پارتانە خەڵکیان بە بڕی ٦٠٠ دۆلار دەنارده تورکیا لە کاتێکدا پارتە کوردییەکان لە رۆژێکدا تەنها بۆیان هەبوو ٥ کەس بنێرن[4]. تورکیا دەیویست لە رێگای تورکمانەوە پێش لە دەسەلاتی کوردی لە عێراقی داهاتوودا بگرێت ، بەلام پارتە تورکمانییەکان بە تەواوی هاوبۆچوونی سیاسەتی تورکیا

[1] Vahram Petrosian: " the Iraqi Turkmans and Turkey" Iran and the Caucasus, Vol. 7. No. 1-2 (2003), pp.287-288.

[2] Ibid: p291.

[3] عزيز قادر الصمانجي: التأريخ السياسي لتركمان العراق، ص ٢٢٢-٢٢٩.

[4] رشيد أربيل أوغلو: الخلافات القومية بين الاكراد والتركمان في العراق، http://civicegypt.org

نەبوون لە هەرێمدا. چونکە لە لایەك رەخنەی ئەوەیان لێدەگرت، کە سیاسەتێکی روونی بەرامبەر بە تورکمانی عێراق نییەو لە لایەکی تر بە هاوپەیمانێتی تورکیاو (پ.د.ك) نارازی بوون، بە تایبەت لە دژایەتی کردنی تورکیا، چونکە ئەوان پێیان وابوو، کە تورکیا نابێت تەنها پشت بە (پ.د.ك) ببەستێت، بەڵکو بۆ دژایەتی کردنی (پ.ك.ك) پێویستی بە هاوپەیمانی کۆمەڵێك پارتە نەك تەنها (پ.د.ك)[1]. لەگەڵ ئەوە (پ.د.ك) ئەم پارتەی بە دەزگای ئاسایشی تورکیای لە هەرێمدا دەزانی، بەڵام بەرەی تورکمانی کارتێکی باشی دەستی تورکیا بوو. بەرای بەرەکە، تورکمان لە عێراقدا ژمارەیان لە سەروو (٣.٥) ملیۆن کەسە. لە سنوری پارێزگای کەرکوکی خاوەن نەوتدا (٦٠٪) دانیشتوانن. ئەمانە دەتوانن خاوەنی ئۆتۆنۆمی بن لە عێراقی فدرالی داهاتودا نەك بەشێك بن لە هەرێمی کوردستان[2]. هاوکات ئەم پارتە بانگەشەی نەخشەیەکی نەتەوەیی دەکرد، لەنیوە زیاتری باشووری کوردستانی دەبردو ناوەندی شاری موسڵو هەولێرو کەرکوکی دەگرتەوە، هەروەها بەهیچ جۆرێك دانیان بەحکومەتی هەرێمی کوردستاندا نەدەناو هەرێمەکەیان بەناوی (باکوری عێراق) ناودەبرد[3].

٤ . کارتی دەستی تورکیا بۆپشگیری لە تورکمانەکان بە رای قادر سەمانچی لاواز بوو، چونکە لەگەڵ ئەوەی تورکو تورکمان لەو باوەرەدان، کە ولایەتی موسڵ بەشێکە لە تورکیاو لە دوای یەکەمین جەنگ لێیدابرێنراوە، بەڵام پشگیری تورکیا لە تورکمانەکان هیچ پاڵپشتێکی یاسایی نەبوو، نە لە رێکەوتنامەی لۆزانو نە لە هیچ رێکەوتنێکی تری نێوان عێراقو تورکیا. هەروەها گێرانەوەی ولایەتی موسڵ بۆ تورکیا دەبوو بە مایەی زیان بۆ تورکیا، چونکە بەم کارە تورکیا سامانی نەوتیو کەمینەیەکی تورکمانی دەباتەوە بەڵام

---

[1] تقرير شرق الاوسط لمجموعة الازمات ص ١٥

[2] Bill Park: STRATEGIC LOCATION, POLITICAL DISLOCATION: TURKEY, THE UNITED STATES, AND NORTHERN IRAQ. MERIA. Volume 7, No. 2 - June 2003, http://www.biu.ac.il

[3] عزيز قادر الصمانجي: المصدر السابق، ص٢٢٥-٢٣٢.

ژمارەی دانیشتوانی کورد لە تورکیا زیاتر دەکاتو کیشەی کۆنترۆڵکردنی پرسی کورد زۆر گەورەتر دەبێت لەوەی، کە لە ئێستا لە تورکیادا هەیە[1].

پەیوەندییە سیاسیەکانی نێوان کوردو تورکمان بۆ شۆرشی ئەیلول (١٩٦١–١٩٧٥) بە سەرکردایەتی مستەفا بارزانی دەگەڕێتەوە. نێوان ململانێی کوردو بەغداد، تورکمان سیاسەتی بێلایەنی سلبیان هەڵبژاردبوو، ئەویش لەبەر ئەوەی، کە ناوچەی جوگرافیای تورکمان لە عێراقدا، وەك ناوچەی شاخاوی کورد نەبوو، کە بیانپارێزێت لە زۆرداری بەغداد، هاوکات تورکمان زیاتر ژیانی ئاشتیو ئارامیان لە ململانێ پێخۆشتر بوو[2].

لە راپەرینی ١٩٩١دا تورکمان بەشداری بەرچاوی لەگەڵ کورددا نەکرد، بەڵام لە میانەی سەرکوتکردنی راپەرین لە لایەن رژێمەوە تەنها لە شارۆچکەی ئاڵتون کۆپری حکومەت ٧٥ کەسی کۆمەڵکوژ کرد لە ئەپریلی ١٩٩١، لە کۆرەویشدا هەندێکیان روویان کردە ئێرانو هەندێکیشیان چوونە تورکیا([3]). لە دوای دروستبوونی دەسەڵاتی کوردی، تورکمان پێنج کورسی پەرلەمانو وەزارەتێکیان لە ساڵی ١٩٩٢ پێدرا، بەڵام رەتیان کردەوە، چونکە ئەوان دەیانویست مافەکانیان لە رێگای کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی بەدەستبهێنێت نەك لەناو دەسەڵاتی هەرێمدا. خۆیان دانی پێد دەنێن، کە " سەرکردایەتی کوردی خوازیاری پەیوەندی باشی نێوان کوردو تورکمان بووە"[4]. بەڵام بەدیوێکی تردا ئەم بەشدارینەکردنەی تورکمان، سوپاو دەزگا ئەکادیمیەکانی تورکیای لەپشت بوو، کە وێنەی هەرێمی کوردستانیان لەبەر چاوی دەوڵەت وەك دوژمن پیشان دابوو، بۆیە دەوڵەت پشگیری هەر لایەنێکی دەکرد کە ئەو هەرێمە لاواز بکات بە تایبەتیش لایەنی تورکمان، لێرەوە

[1] المصدر نفسه: ، ص ٢٣٧–٢٣٩

[2] المصدر نفسه: ص١٩٤–١٩٥

[3] المصدر نفسه: ص٢١٧

[4] المصدر نفسه: ص ٢٤٩–٢٥٠

تورکمانەکان بەشداریان لە دەسەلاتی هەرێمدا نەکرد بۆ ئەوەی بە ناشەرعی لە قەڵەمی بدەن[(١)].

پەیوەندیەکانی نێوان کوردو تورکمان تا ساڵی ١٩٩٦ بە دۆخێکی ئارامدا گوزەری کرد، چونکە تا ئەو کاتەش داواکاری نەتەوەیی تورکمانەکان گەشەی نەکردبوو، هاوکات تورکیا نەیدەزانی چۆن کارتی تورکمانی بەکار بهێنێت، لە لایەکی تر زۆرینەی تورکمانەکان لە پێش ٣١ی ئۆگستۆسی ١٩٩٦ لە ژێر دەسەلاتی (ی.ن.ك) دا بوون. کە ئەم پارتەش دژایەتیی تورکمانەکانی نەدەکرد، چونکە بەڕای ئەوان تورکیا نەیدەتوانی سود لە تورکمان وەربگرێت، لەبەر ڕێژەی کەمی دانیشتوانی تورکمانو نەبونی سنوری نەتەوەیی هاوبەش لەگەڵ تورکیا[(٢)]. لەگەڵ ئەمەشدا نەبوونی سنور لە نێوان دەسەلاتی (ی.ن.ك)و تورکیا وایکردبوو کە ئەم پارتە نەکەوێتە ژێر فشاری کارتی تورکمانەکان، بەلام لە بەرامبەر (ی.ن.ك)دا، (پ.د.ك) بەهۆی بوونی سنوری هاوبش لەگەڵ تورکیا، بە ئاسانی ئاسەواری ئەو فشارە لەسەری بەدیدەکرا. لە ڕووداوی ٣١ی ئۆگستۆسی ١٩٩٦دا سەرجەم بارەگای پارتە تورکمانییەکان دەستی بەسەردا گیراو (٢٥) تورکمانیش کوژران. هەروەها بارەگای سەرەکی پارتی یەکێتی تورکمانی(ترکمان ایلی) کە لە دهۆك بوو لە لایەن (پ.د.ك) دەستی بەسەردا گیرا[(٣)].

لێرەوە پەیوەندیەکانی (پ.د.ك)و تورکمان بە ئاقارێکی سەختدا دەڕۆیشت، گرنگترین کێشەش ئەوە بوو، تورکیا بە تایبەتیش وەزیری دەرەوەی تورکیا، تانسو چیللەر، دەیویست لەڕێگەی ڕێکەوتنامەی ئەنکەرە سەنگێکی سیاسی بداتە تورکمان، کە لە دواڕۆژی هەرێمی کوردستانو عێراقدا سودیان لێوەربگرێت، تورکمانیش لای خۆیانەوە ئەم پاڵپشتیەی تورکیایان بەکاردەهێنا لەپیادەکردنی جۆرە دەسەلاتێکی ناوخۆیی لەناو هەولێر، ئەمە لەلایەن (پ.د.ك)، وەك خاوەن دەسەلات بەسەر پایتەختو پەرلەمانو حکومەت

---

[1] مراد خۆشەڤی حسۆ: سەرچاوەی پێشوو،ل٢٠٥ -٢٠٦

[2] فەرید أسسرد: رهان خاسر علی الترکمان، مجلة شؤن الترکیة، مرکز کوردستان للدراسات الاستراتیجیة، سلیمانیة، العدد١، ١٩٩٨، ص٩.

[3] عزیز قادر الصامانجی: المصدر السابق، ص٣٠١-٣٠٥

پەسەند نەبوو، هەر بۆیە هۆکاری سەرەکی بوو لە ١٠ی ئۆگستوسی١٩٩٨دا جارێکی تر تەواوی بارەگاکانی بەرەی تورکمانی لەلایەن هێزی (پ.د.ک)دەستی بەسەرداگیرا[1]، کە ئەمە بوو بە مایەی ناڕەزایی تورکیاو ڕای گشتی ئەو دەوڵەتەو تورکیا داوای قەرەبوی زیانەکانی لە(پ.د.ک) کرد، لە ڕاگەیاندنەکان بە دژایەتیکردنی ڕەگەزی ناوبرا[2]. لەمە گرنگتر ئەوە بوو ئەجەڤید بریاری فەرمی دەرکرد لە ٢٠٠١، پشگیریکردنی مافەکانی تورکمان لە هەرێمی کوردستای کردە تەوەرێکی سەرەکی گرنگی پێدانی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا. تیایدا هاتبوو کە پێویستە تورکمانەکان لە شوێنو پێگەی یەکسان لەگەڵ کوردا دابنرێن. وەڵامی کوردیش لەو بارەیەوە ئەوە بوو تورکمان هەموو مافێکیان هەیە، بەڵام بەرەی تورکمانی ئامانجی خزمەتکردنی بێگانەیە نەك تورکمان، کەرکوکیش شارێکە ناسنامەی کوردییە[3].

ئەم بۆچونەی (پ.د.ک) بەشێك لە راستی پێوە دیار بوو، چونکە پارتە تورکمانییەکان بنکەی سیاسیان لە هەولێر بوو، زۆرینەی جەماوەرو ئەندامەکانیان خەڵکی ناوچەکانی ژێر دەستی حکومەتی عێراقی بوون، هاوکات پشگیری مادیی‌و مەعنەوییان لە تورکیا وەردەگرت. ئەم پارتە تورکمانیانە لە دوای راپەرین دەرگای چەکدارییان کردبووەوە، زۆرێك لە تورکمانەکانی ناوچەکانی باشوور، کە هەڵهاتبوون لە خزمەتی سەربازی تیایدا دەسبەکار بوون. ئەمانە لایەن خزمەکانیانەوە سەردان دەکران‌و یارمەتییان لە پارتەکان یان لە ڕۆڵەکانی ناو پارتەکە وەردەگرت، هەندێکیشیان راپۆرتیان دەبردەوە یان دەیان نوسی بۆ دەزگاکانی رژێمی بەغداد. هاوکات تورکیا بە ئاشکرا پشگیری دەکردن‌و دەزگای هەواڵگری

---

[1] جريدة الشرق الاوسط، العدد (٧٠٨٨)، ١٩٩٨/٤/٢٥. یوسف گوران: بەرەی تورکمانی‌و لێکولینەوەیەك لەبارەی بیری ناسیۆنالزمی تورکییەوە، گۆڤاری سەنتەری لێکولینەوەی ستراتیژی، سالی سیانزەهەم، ژمارە (٢)، ٢٠٠٣، ل١٥٥.

[2] یوسف گوران: سەرچاوەی پێشوو،ل١٥٥.

[3] مراد خۆشەڤی حسۆ: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٨-٢٠٩

توركی، لەناو ئەم پارتانە زۆر باڵا دەست بوون. هەروەها هێزە كوردیەكانیش خەڵكی نهێنیان هەبوو لە ناو ئەو دەزگاو رێكخراوە توركمانیانە، كە ئیشی بۆ دەكردن[1].

هەموو ئەمانە وایكردبوو، كە لە لایەن (پ.د.ك) بە چاوی گومانەوە سەیری پارتە توركمانییەكان بە گشتیو بەرەی توركمانی بە تایبەت بكرێت. لە بەرامبەردا بە بڕوای توركمانەكان لە دوای رێكەوتنامەی واشنتۆن دامەزراندنی دەوڵەتێكی كوردی لە ئارادا بوو، بۆیە هەوڵەكانیان خستبوو گەر بۆ پێكهێنانی هەرێمێكی توركمانی لە عێراقدا[2]. لە كۆنگرەی دووەمی بەرەی توركمانی لە هەولێر بۆ یەكەمجار لە مێژووی بزوتنەوەی توركماندا لە ٢٠-٣٠ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٠ بە ئامادە بوونی شاندی فەرمی توركیا، دروشمی ئۆتۆنۆمی بۆ توركمان بەرزكرایەوە[3].

كارتێكی تر، كە توركیا دژی (پ.د.ك) بەكاری هێنا بریتی بوو لە زیندوو كردنەوەی پەیوەندیەكانیی لەگەڵ (ی.ن.ك)، كە بە هۆی شەری ناوخۆو لایەنگری ئەم پارتە بۆ (پ.ك.ك)و سیاسەتی ئێران لە هەرێمدا پەیوەندیەكانی لەگەڵ توركیادا لە باری متبوندا بوو. لە مارتی ٢٠٠٠دا سەرۆكی حكومەتی (ی.ن.ك)، كۆسرەت رەسوڵ عەلی وەك سەرۆكی شاندی (ی.ن.ك) گەیشتە ئەنكەرە[4].ئەم شاندە جارێكی تر لە مانگی یۆنیۆی ٢٠٠٠ سەردانی ئەنكەرەیان كردو چەند پەیامێكیان گەیاندە توركیا، یەكێك لەو پەیامانە ئەوە بوو وەك سەرۆكی شاندەكە وتی "ئێمە داوای سەربەخۆیمان نەكردووەو وەك حكومەتی سەربەخۆ مامەڵەمان نەكردووە، بەڵكو داوای عێراقێكی دیموكراسیمان كردووە كە تیایدا فدراڵیو مافی مرۆڤ پارێزراو بێت". داواكارییەكانی (ی.ن.ك) لە توركیا ئەوە بوو، كە توركیا بەشداری بكات لە سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی لە هەرێمی كوردستان، لە لایەكی تر یارمەتی ئابورییان بدات. توركیا بەڵێنی دابوو، كە لە رێگای پیاوانی خاوەن كارو كۆمپانییە

---

[1] رشيد أربيل أوغلو: المصدر السابق.

[2] یەك دەدەین... سێ وەردەگرین، ل ٢٨-٣١

[3] محمد نورالدين: تركيا الصيغة والدور، رياض الريس للكتب والنشر، بيروت، ٢٠٠٨، ص236

[4] الانصات المركزي، نشرة خبرية معلوماتية يومية ، العدد (١٥١٣)، ٢٠٠٠/٣/٣.

تورکییەکان یارمەتی بوژاندنەوەی ئابووری سنووری دەسەڵاتی (ی.ن.ك) بداتو ڕۆژانە ڤیزەی تایبەتی بۆ ئەو پارتە بۆ چوونە ناو تورکیا دابین بکات. هاوکات نارەزایی خۆی لە نادادپەروەری لە دابەشکردنی داهاتی هەرێم دەربری بوو. تورکیاش خۆشحاڵی خۆی دەربری کە (ی.ن.ك)، (٤٠٠٠) چەکداری داناوە بۆ ڕێگرتنی (پ.ك.ك) لە قەندیل[1].

بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین، کە (ی.ن.ك) جەختی لەوە کردبووەوە کە لە عێراقی دوای ڕژێمی سەدام حسین، دەوڵەتی کوردی ڕاناگەیەنن‌و عێراق بە یەك پارچەیی دەمێنێتەوە، هەروەها ئەم پارتە پێویستی بەوەیە کە تورکیا لە پرۆسەی ئاشتیدا لایەنگری (پ.د.ك) نەکات، بەڵکو فشاری بخاتە سەر بۆ دانی ئەو برە پارەیە بە (ی.ن.ك)، کە لە داوای ڕێکەوتنامە واشنتن بە ٢٢ ملیۆن دۆلار خەملاندبوو[2]. لە لایەکی تر ئەم پارتە دەیویست لە ڕێگای تورکیاو کۆمپانیاکانی تورکیاو ڤیزەی تورکییەوە، لە ڕووی ئابووری‌و سیاسییەوە بەڕووی جیانی دەرەوەدا بکرێتەوە. تاکە داواکاری تورکیاش لە (ی.ن.ك) بریتی بوو لەوەی ئەم پارتە لە سنوری دەسەڵاتی خۆیدا هاریکاری سوپای تورکیا لە شەر دژی (پ.ك.ك) بکات. قازانجی تورکیا لەم مامەڵە سیاسیەدا لەلایەك فشار دروستکردن بوو لەسەر (پ.د.ك)، بەڵام لە لایەکی تر بە زیندوو کردنەوەی پەیوەنییەکان لەگەڵ (ی.ن.ك) دەیویست بەرەی شەڕ لەگەڵ (پ.ك.ك) بگوازێتەوە بۆ ناو سنوری دەسەڵاتی (ی.ن.ك)، دوای ئەوەی لە سنوری (پ.د.ك)دا، (پ.ك.ك) تەواو لاواز بوو بوو. هەروەها بە دروستکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ (ی.ن.ك)، تورکیا تەرازوی ململانێی لەگەڵ ئێراندا بە لای خۆیدا لاسەنگ دەکرد.

(ی.ن.ك) لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجی شاندەکەدا شەری لە دژی (پ.ك.ك) ڕاگەیاند. ئەم شەرە لە گەڵ یەکەمین سەردانی شاندی (ی.ن.ك) دەستی پێکردو تا دیسەمبەری٢٠٠٠ی

---

[1] الانصات المركزي، نشرة خبرية معلوماتية يومية ، العدد (١٦١٥)، ٢٠٠٠/٦/٢٧.

[2] الانصات المركزي، نشرة خبرية معلوماتية يومية ، العدد (١٦٢١)، ٢٠٠٠/٧/٤.

خایاند. (پ.ک.ک) هێزەکانی لە ناوچەکانی سنوری دەسەلآت (ی.ن.ک) بەرەو چیای قەندیل کشاندەوە[1].

بەڕێوەبەری نوسینگەی (ی.ن.ک) لە ئەنکەرە، شازاد سائب[2]، رایگەیاند کە "پارتەکەی دەستی کردووە بە دانانی ناوچەی دابراو لە دژی (پ.ک.ک) بۆ ئەوەی نەچنە ناو خاکی تورکیا"[3]. ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) عادل موراد وتی، فەرمانمان بە هێزەکانمان کردووە کە پشتێنەیەکی ئاسایش پێکبهێنن بۆ ئەوەی رێگە لە (پ.ک.ک) بگرین بێتە ناوچەکانمانەوە[4]. هەرچەندە لەم شەڕەدا (پ.د.ک) لەگەڵ (ی.ن.ک) هەر یەک لای خۆیەوەو بە سەرپەرشتیو هەماهەنگی تورکیا بەشداریان کرد بەلآم بەڕای ئێمە ئەم شەڕە وەك نییەت باشی (ی.ن.ک) بوو بۆ دەسپێکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا. هاوکات ئەم شەڕە وەك پاشگەزبوونەوەیەکی (ی.ن.ک) بوو لەو باوەڕەی، کە لە دوای شەڕی حکومەتی هەرێمو (پ.ک.ک) لە ساڵی ١٩٩٢دا تا ٢٠٠٠ لە داکۆکی لێدەکرد، ئەویش ئەوە بوو کە لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی تورکیادا، نابێت شەر لەگەڵ (پ.ک.ک) لە هەرێمدا بکرێت. هاوکات ئەم شەرە وەك هەڵگەرانەوەیەکی (ی.ن.ک) وا بوو لە هاوپەیمانەکەی جەنگی ناوخۆی هەرێم، کە ئێران بوو. هەروەها روو کردنە نەیارەکەی بوو، کە تورکیا بوو. ئەمەش بۆ ئەوە (ی.ن.ک) دەیویست لە مەرجە قورسەکانی ئێران دەربازی ببێت، کە لە بەرامبەر کرانەوەی بەرووی جیهاندا بەسەریدا سەپاندبوو. لەم بارەیەشەوە حەمید گەیلانی،

[1] الانصات المركزي، نشرة خبرية معلوماتية يومية ، العدد (١٧٧٠)، ٢٠٠٠/١٢/٢٥

[2] شازاد سائب، (١٩٤٦-٢٠٠١) لە سلێمانی لەدایك بووە. دەرچوی کۆلیجی مافە لە بەغداد لە ساڵی ١٩٦٨. ئەندامی کۆمەڵەی مارکسی لینینی بو لە ساڵانی (١٩٧٠-١٩٧٥). لە ساڵی ١٩٧٨-١٩٨٣ نوێنەری (ی.ن.ك) بووە لە سوریا. دواتر بووە بە نوێنەری ئەو پارتە لە ئەنکەرە لە ساڵانی (١٩٩٤-٢٠٠١). دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠١ بووە بە وەزیری کشتوکاڵ لە ئیدارەی سلێمانی، بەهۆی روداوی ئوتومبێل مردووە. http://www.kurdsat.tv

[3] الانصات المركزي، نشرة خبرية معلوماتية يومية ، العدد (١٥٨٥)، ٢٠٠٠/٥/٢٣.

[4] الانصات المركزي، نشرة خبرية معلوماتية يومية ، العدد (١٥٩٦)، ٢٠٠٠/٦/٥.

کە جێگری پارتی گەلی دیموکراتی تورکیا بوو وتی: نابێت یەکێتیو پارتی لەو هێرشانەدا بەشداری بکەن، پاڵنەرە کەسییەکانیش هیچ سود بە کوردی عێراق ناگەیەنێت"[1].

تاڵەبانی لە کۆتاییەکانی ئەم شەڕەو لە مانگی یەنایری ٢٠٠١دا چووە ئەنکەرەو رایگەیاند، کە زامنکردنی سەقامگیری لە هەرێمی کوردستاندا بە زاڵبوون بەسەر (پ.ک.ک) لە قەندیلو زەلێ دەبێت، کە سوپای تورکی بە یارمەتی (ی.ن.ک) ئەنجامی دەدا. لە راپۆرتێکی کەناڵی ئاسمانی (ابو ظبی)دا ئەجەڤید وتی: "ژمارەی سەربازەکانی تورکیا لەو پرۆسەیەدا نەزانراوە، بەلاَم ئەوەی ئەوان دەیکەن یارمەتیدانی تەکنیکیە بۆ پارتەکەی تاڵەبانی کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی تورکیا دەکات، هەرچەندە هێزەکانی (پ.ک.ک) پاشەکشەیان کردووە بۆ ئەودیو سنوور، بەلاَم هێشتا هەرەشەن بۆ ئاسایشی نەتەوەیی تورکیاو هەوڵ ئەدەین لەناویان بەرین بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان". تاڵەبانیش سەبارەت بەو هێزانە بەشداریکردنی لگەڵ هێزەکانی (ی.ن.ک)دا پشتراست کردەوەو وتی: " ژمارەیەکی کەمی هاورێ تورکەکانمانن"[2]. لێرەوە پەیوەندییەکانی تورکیاو (ی.ن.ک) روی لە باشبوون کرد. لە کاتی شەری ئەم پارتەی دوایی لەگەڵ (پ.ک.ک) ، شاندێکی تورکیا بەبۆنەی کۆچی دوایی برایم ئەحمەد[3]، گەیشتنە سلێمانی[4]. دوای شەش مانگیش شاندێکی بازرگانی تورکیا گەیشتە سلێمانی[5].

---

[1] الانصات المركزي، نشرة خبرية معلوماتية يومية ، العدد (١٥٧٦)، ٢٠٠٠/٥/١٢.

[2] الانصات المركزي، نشرة خبرية معلوماتية يومية ، العدد (١٧٨٠)، ٢٠٠١/١/١٠

[3] ئیبراهیم ئەحمەد: (١٩١٤-٢٠٠٠) لەسلێمانی لەدایك بووە. لە ساڵی ١٩٣٧ كۆلیجی مافی لە بەغداد تەواو کرووە. سەرنوسەری گۆڤاری گەلاوێژ بوو (١٩٣٩-١٩٤٩). لە ساڵی ١٩٤٧ بووەبە ئەندامی (پ.د.ك). دواتر لە ١٩٥٣ بووە بە سكرێری گشتی ئەو پارتە. لە ساڵی ١٩٦٤ سەركردایەتی باڵی جیابونەوەی لە (پ.د.ك) كردووە تا ١٩٧٠.و پاشان وەك راوێژكاری سەركردایەتی ئەو پارتە ماوەتەوە تا ساڵی ١٩٧٥. دوای هەرەسی شۆرشی ئەیلول چۆتە بریتانیا و هەر لەویش مردووە. http://www.moqatel.com

[4] الانصات المركزي، نشرة خبرية معلوماتية يومية ، العدد (١٦٠٨)، ٢٠٠٠/٦/١٩.

[5] الانصات المركزي، نشرة خبرية معلوماتية يومية ، العدد (١٨١٩)، ٢٠٠١/٢/٢٢.

پەرەپێدانی و هەوڵدان بۆ ئاسایی کردنەوەوی پەیوەندیەکانی لەگەڵ بەغداد کارتێکی تر بوو، کە تورکیا لە دوای گرژبوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ (پ.د.ك) بەکاری هێنا، تورکیا بە سەرکردایەتی ئەجەڤیت دەیویست، کە کێشەی هەرێمی کوردستان لە رێگای دانوستانی نێوان بەغدادو کورد چارەسەر بکات، بەوەی بەغداد دان بە هەندێك لەو مافانەدا بنێت کە ئێستا کورد لە هەرێمەکەدا هەیەتی. هاوکات خواستی ئەوەی هەبوو، کە کێشە سیاسیەکانی نێوان عێراق و تورکیا رێگە لە پەیوەندییە ئابوورییەکان نەگرێت. بریکاری وەزیری دەرەوەی تورکیا فاروق ئۆغلۆ بۆ ئەم مەبەستە گەیشتە بەغداد. دوای ئەوەی عێراق هاوکۆك بوو لەسەر بۆچونە نوێکانی تورکیا، تەها یاسین رەمەزان وەڵامی پێشنیاری تورکیای بەوە دایەوە، کە "عێراق دەخوازێت پەیوەندییەکی ستراتیجی لەگەڵ تورکیادا ببەستێت"[1]. دواتر تورکیا بریاریدا، کە نوێنەرایەتی خۆی لە عێراق بەرز بکاتەوە بۆ ئاستی سەفیر کە محەمەد ئاکان بوو، عێراقیش فاروق علی حجازی وەك نوێنەری خۆی لە ئەنکەرە دەستنیشان کرد[2]. وەڵامی بەغداد بۆ بۆچوونە نوێکانی تورکیا سەبارەت بە کێشەی کوردو چالاکی ئابووری بریتی بوو لەوەی سەدام حسین پێشنیاری دانوستانی لەگەڵ کورد کردوو. هەروەها بیرۆکەی پێکهاتنی لیژنەی ئابووری بریاری گەلاڵە بوو[3].

---

[1] الانصات المركزي، نشرة خبرية معلوماتية يومية ، العدد (١٥٩٧)، ٢٠٠٠/٦/٦.

[2] الانصات المركزي، نشرة خبرية معلوماتية يومية ، العدد (١١٦٣٥)، ٢٠٠٠/٧/٢٠.

[3] الانصات المركزي، نشرة خبرية معلوماتية يومية ، العدد (١٩٦٦)، ٢٠٠١/٧/٢٥.

بەشی چوارەم

پەیوەندییەکانی سوریا و هەرێمی کوردستان

- تەوەری یەکەم-سوریا لە سالآنی نەوەدەکاندا
- تەوەری دووەم- پەیوەندییەکانی نێوان سوریاو عێراق
- تەوەری سێیەم-سیاسەتی سوریا بەرامبەر بە کێشەی کورد
- تەوەری چوارەم- پەیوەندییەکانی نێوان سوریاو هەرێمی کوردستان

تەوەری یەکەم

سوریا لە ساڵانی نەوەدەکاندا

سوریا وەك زۆرینـەی دەوڵەتـەكانی رۆژهـەلاتی ناوەراست بەدەسـت كۆمـەڵێك كێشـەی درێژخایـەنی وەك سیستـەمو سـوپاوو ئـابووری دەناڵێنێـت ، هەمبـەر بـەوەش پەیوەندییـە دەرەكیـەكانی رەنگدانـەوەی كێشـە ناوخۆیەكانیـەتی. ئـەم دەوڵەتـە فـرە ئـاینو فـرە نەتەوەیـە[1]، لـە سـاڵی ١٩٤٦ سـەربەخۆیی بەدەسـت هێنـاوە. حزبـی بەعسـی عـەرەبی ئیشتراكی، كە زۆرینەیان لە كەمینە ئاینیو نەتەوەییەكان بـوون[2]، لـە نـاو سـوپادا خۆیـان توند كرد. ئەم پارتە لە ٨ی مارسی ١٩٦٣ كودەتایان ئەنجامداو سونەكانیان دورخستـەوە. لـە نـاو ئـەم پارتـەدا ئەفسـەرە عەلەوییـەكان حـافز ئەسـەد[3]، لـەم رێگایـەوە لـە كورسـی

[1] نەتەوەکانی سوریا بریتین لە عەرەبو کوردو ئەرمەن، ئاینـەکانیش بـریتین لـە موسـوڵمان کـە بەسـەر سونەو عەلەوی‌و دروزو ئیسماعیلی‌و دوانـزە ئیمـامی دابـەش بـوون، هـەروەها ئـاینی مەسـیحی‌و ئێـزدی‌و جولـەکەشی تیادایە، بۆ زانیاری زیاتر برزانە، عقیل سعید محفوض: المصدر السابق: ص١٠٣.

[2] لە سەرەتای نەوەدەکان، سـونەکان ٦٤.٣٪ دانیشـتوانی سـوریا بـوونو ١٣ ملیـۆن کـەس دەبـن. عەلەویەکان، ١١,٨٪ی سوریانو ٢.٣٤ ملیۆن کەسن، دروزو ئیسماعیلیەو شیعەی دوانـزە ئیمـامی ٤٪ دەبن . عقیل سعید محفوض: المصدر السابق، ص ١٠٣.

[3] لە ساڵی ١٩٣٠ لە دێی قرداحە لە پارێزگای لازقییە لە بنەماڵەیەکی جوتیار لەدایك بـووە. سـەر بـە کەمە ئاینی عەلوییە. لە ساڵی ١٩٤٧پەیوەندی بە حزبی بەعس کردووە. دەرچوی ئەکادیمی سـەربازییە لـە حمس لە ساڵی ١٩٥٥. دواتر ئەکادیمی فرۆکەوانی لە یەکێتی سۆڤیەت تـەواو کـردووە. لـە سـاڵی ١٩٦٥

دەسەلآت نزیك كەوتەوە[1]. ئەسەد بە ناوی بزوتنەوەی چاکسازی لە ١٩ی نۆڤەمبەری ١٩٧٠ کودەتای کردو هەموو دەسەلآتەکانی دەوڵەتی خستە ژێر کرنترۆڵی خۆیو خێزانەکەی[2]. ئەسەد جگە لەوەی سەرۆك كۆمار بوو، هاوكات ئەمینداری گشتی حزبی بەعس بوو، سەرۆکی بەرەی نیشتمانی پێشکەوتووخواز[3] بوو. دواجار سەرۆکی بالآی هێزە چەكدارەكانیش بوو[4]. جگە لەوەی بەهۆی باری نائاسایی، کە لە ساڵی ١٩٦٢ راگەیەنرابوو بە هۆیەوە سەرۆك دەسەلآتی رەهاو بێ لێپرسینەوەی هەبوو[5].ئامانجی سەرەکی ئەسەد

بووە بە سەرکردەی هێزە سەربازییەکان. یەکێك بووە لە سەرکردەی کودەتای ساڵی ١٩٦٦و بەهۆیەوە بووە بە وەزیری بەرگری . لە ساڵی ١٩٧٠ بە تەواوی دەستی بەسەر فەرمانرەوایەتی سوریادا گرتووەو لە مارسی ١٩٧١ بووە بە سەرۆك كۆمار تا لە ١٠ی یۆنیۆی ٢٠٠٠دا مردووە. القضية الكوردية في كوردستان-سوريا خلال عهد الرئيس حافظ الاسد، ١٦تشرين الثاني١٩٧٠-١٠حزيران،٢٠٠٠، اعداد مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوثائق/ جامعة دهوك،٢٠٠٩، ص٧.

[1] نيقۆلاس فان دام: الصراع على السلطة في سوريا: الطائفية والاقليمية والعشائرية في السياسة ١٩٩٥، مكتبة مدبولي، القاهرة ١٩٩٥، ص ٥٨- ٥٩

[2] Eyal Zisser: APPEARANCE AND REALITY: SYRIA'S DECISION MAKING STRUCTURE, MERIA, Volume 2, No. 2 - May 1998 http://www.biu.ac.il/SOC/besa/meria/index.html

[3] ئەم بەرەیە لە حەوت پارت پێکهات لە ٧ی مارسی ١٩٧٢. کە ئەم پارتانەن. حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی. حزبی شیوعی سوری. یەکێتی ئیشتراکی عەرەبی. پارتی وەحدەوی ئیشتراکی. بزوتنەوی ئیشتراکی عەرەب. پارتی وەحدەوی ئیشتراکی دیموکراتی. یەکێتی عەرەبی دیموکراتی. http://www.aljazeera.net

[4] Eyal Zisser: The Syrian Army: Between the Domestic and the External Fronts. MERIA l, Vol. 5, No. 1 (March 2001), P 1

[5] Kerim Yildiz: The Kurds in Syria, The Forgotten People, Pluto Press,LONDON, 2005.P 53.

هێشتنەوی دەسەڵات بوو لە دەستی خۆیو خێزانو عەلەوییەکان[1]. هەر بۆیە دوای مردنی ئەسەد لە ١٠ی یۆنیۆی دادا٢٠٠٠، بەشاری کوری لە رۆژی دوایدا بوو بە سەرۆك کۆمار[2].

سوپای سوریا بەهۆی دوژمنایەتی دێرینی نێوان سوریاو ئیسرائیل، سوپا کارە سەرەکیەکەی روی لە دوژمنی دەرەکی کردبوو نەك سەرقاڵ بوونی بە سیاسەتەوە. لە جەنگی ١٩٦٧ی عەرەب–ئیسرائیل، بەرزاییەکانی جۆلانی[3]، لەدەست دابوو. لە دوای رێکەتننامەی کامپ دیڤدی[4]، نێوان میسرو ئیسرائیل لە مارتی ١٩٧٨، باوەری بە بەرەی عەرەبی، بۆ دژایەتی کردنی ئیسرائیل نەما بوو. هاوکات بەلایەنگیری کردنی ئێران لە دژی عێراق، لە یەکەمین جەنگی کەنداو (١٩٨٠–١٩٨٨)، لە ناو عەرەبدا لە رووبەرووبوونەوە لەگەڵ ئیسرائیل تاقانە کەوتبوو. ئەم بارودۆخە وایکردبوو، نیوەی بوجەی وڵات دەچووە

---

[1] Daniel Pipes :Politics in Syria from Damascus Courts the West: Syrian Politics, 1989-1991. .mht!x-usc:http://www.danielpipes.org/

[2] Glenn E. Robinson: Elite Cohesion, Regime Succession and Political Instability in Syria, Middle East Policy Council, Volume V, January 1998, Number 4. http://www.mepc.org/main/main.asp

[3] بە جەنگی شەش رۆژە ناسراوە، چونکە پرۆسە سەربازییەکان شەش رۆژی خایاند، ئیسرائیل بردنەوەیەکی گەورەی بەدەست هێنا. روبەری ئیسرائیل چوار هێندەی خۆی زیادی کرد. سوریا لەم جەنگەدا بەرزاییەکانی جۆلانی لەدەستدا، کە دەکەوێتە باشوری رۆژئاوای سوریا. گرنگی ئەم شوێنە لە پێگە سەربازیەکەیدایە، کە دەڕوانێت بەسەر دیمەشقو دۆڵی جەلیل لە ئیسرائیل. لە لایەکی تر وەك بەنداوێکی ئاوی وایە، کە ساڵان ٤٠٠ ملیۆن مەتر موکەعەب ئاو بە ئیسرائیل دەبەخشێت. الان غریش و دومینیك ڤیدال، المصدر السابق، ص٢٠٢

[4] ئەو رێکەوتنە بوو، کە لە نێوان سەرۆکی میسر ئەنوەر ساداتو سەرۆکی ئیسرائیل مەناحیم بیگن گرێدرا بە ناوەندێتی سەرۆکی ئەمریکا جیمی کارتەر لە بارەگای هاوینەی سەرۆکی ئەمریکا لە کامپ دیڤد لە ١٧ی سێپتەمبەری ١٩٧٨. ئەم رێکەوتنە دوو بەش بوو یەکەمیان بە ناوی (پەیماننامەی ئاشتی) لە نێوان میسرو ئیسرائیل. دووەمیان چوارچێوەیەك بۆ ئاشتی لە رۆژهەڵاتی نزیك. الان غریش و دومینیك ڤیدال، المصدر السابق، ص ٣٦٧.

خزمەتی سەربازی، کە وایکردبوو سوریا هەمیشە لە قەیرانی دارایدا بێت بە تایبەت لە هەشتاکاندا[1].

لەڕووی ئابووریەوە سوریا لە ساڵی ١٩٩١ بریاری ژمارە ١٠ی وەبەرهێنانی دەرکرد، کە دەرگای لەسەر وەگەڕخستنی سەرمایەی بێگانە کردەوە. ئەم بریارە بەهۆی دواکەوتویی سیستەمی دارایی دەوڵەت سودێکی زۆری نەبوو[2]. بۆیە سوریا ئەلتەرناتیفی تری لە بواری بوژاندنەوەدا چنگ کەوت، ئەویش یەکەم: قازانج کردنی بوو لە دووەمین جەنگی کەنداو، کە بە بەشداری کردنی لەو شەڕەدا بری ٤-٥ ملیار دۆلاری لە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی وەرگرت. دووەم: سەرچاوەی نەوتی نوێی دۆزییەوە. لە ساڵی ١٩٨٥ هەناردەکردنی نەوتی سوریا لە رۆژێکدا ١٦٠ هەزار بەرمیل بوو، بەلام لە ساڵی ١٩٩٥ هەناردەکردنی رۆژانە گەیشتە ٦١٠ هەزار بەرمیل. سێیەم: سوریا سودێکی باشی لە لوبنان بینی، بەوەی لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی ناوخۆ لە لوبنان لە ساڵی ١٩٩٠ لە بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابوری ئەو دەوڵەتەدا، سورییەکان زۆر چالاکانە کاریان لەو دەوڵەتە کردو ساڵانە بری ١-٢ ملیار دۆلاریان دەناردەوە بۆ سوریا. هاوکات سوریا بوو بە بازاری بازرگانە لوبنانیەکان و بازرگانە سوریەکانیش بواری قازانجیان لە لوبنان قۆستۆتەوە[3].

لە رووی سیاسەتی دەرەکیشەوە ئەم دەوڵەتە ئامانجە گرنگەکانی بریتی بوو لە:

١. پاراستنی ئاسایشی نیشتمانیو نەتەوەیی: سوریا هەر گۆرانکاریو پێشهاتو جوڵەیەکی، کە لە ئاستی عەرەبیو ناوچەییو نێودەوڵەتیدا سەریهەڵدەدا، لە روانگەی هەرەشە بۆ ئاسایشی نیشتمانیو یەکێتی نەتەوەیی عەرەب دەیبینی. ئەمە وایکردووە، چەمکی پیلانی دەرەکی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی وەك تارماییەك وابێت، کە لە رژێمی سوریا دانەبڕێت. سەرچاوەی هەرەشە دەرەکییەکان بە پلەی یەکەم خودی ئیسرائیل بوو وەك دراوسێی سوریاو هەروەها سیاسەتەکانی ئیسرائیل بوو لە ناو لوبناندا. ئینجا دەوڵەتە

---

[1] Eyal Zisser: The Syrian Army, op. cit. P 7

[2] Glenn E. Robinson: op. cit.

[3] نۆرا بێنساهێل، دانیال ل. بیمان: ئایندەی بارودۆخی ئاسایش لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا، وەرگێرانی : مەروان کاکل، هێمن غەنی، دەزگای موکریانی، هەولێر. ٢٠٠٧، ل ١٩٦.

نەیارە عەرەبیەکان، کە ئەردەن و عێراق و میسری دەگرتەوە، لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیش تورکیا و ئەمریکا و هاوپەیمانی ناتۆ بوو.

٢. ئابووری: سوریا لە پەیوەندییە دەرەکیەکانیدا سیاسەت و ئابوری بەیەکەوە گرێ دابوو، هەر دەوڵەتێك پەیوەندییە سیاسەکانی لەگەڵ سوریا باشبێت ئەوا پەیوەندییە ئابووریەکانیشی بەتین بوو.

٣. پێگەو مەکانە: سوریا وەك نموونەی سەربەخۆیی و سەقامگیری و هەڵویستی نەتەوەیی لە سیاسەتی دەرەوەدا خۆی پیشان دەداو لەو باوەڕەدابوو ئەمە رۆڵێکی تایبەتی لە گەمەی سیاسی ناوچەکەو جیهان پێدەبەخشێت.

٤. بەڕای سوریا ئاسایشی نەتەوەیی و پێگەی ناوچەیی وا پێویست دەکات بەراستی پشتگیری رەوت و رێکخراوە سیاسەکانی ناوچەکە بکەن کە هاورایە لەگەڵ خۆیاندا لە هەڵوێست و بەرژەوەندی و بۆچون سەبارەت بە کێشە ناوچەی و نێودەوڵەتییەکان. ئەم سیاسەتە سورییەکان بە (هەڵوێستی مەبدەئی) یان (هاوپەیمانی لەگەڵ بزوتنەوە رزگاریخوازیە نیشتمانیەکان) ناوی دەبەن. لەم سۆنگەیەوە سوریا پشگیری لۆجستی و کرداری حزب الله[1] ی لوبنانی و حەماسی[2] فەلەستینی و هێزە بەرهەڵستکارە عێراقییەکانی دەکرد[1].

---

[1] رێکخراوێکی سیاسی و سەربازی شیەکانی لوبنانە. لە ١٦ی فەبرایری ١٩٨٥ دامەزرا لە دوای جیابونەوەی هەندیك لە بزوتنەوەی "امل"، کە نەبیە بری سەرکردایەتی دەکرد. لە ناو ئەو کەسانەدا ئیبراهیم ئەلئەمین، کە یەکەم ئەمینداری ئەو بزوتنەوەیە بوو. مستەفا ئەلدیرانی، کە بوو بە بەرپرسی ئاسایشی ناوەندی. سەید حەسەن نەسروڵڵان، ئەمینداری ئێستای ئەو بزوتنەوەیە. حزب الله پەیوەندیەکی بەتینی لەگەڵ ئێران و سوریادا هەیەو پشگیری ئەو دوو دەوڵەتەشی لەپشتە. عبداللاە بلقزیز: المقاومة وتحرير جنوب لبنان: حزب الله فى الحوزة العلمية الى الجبهة، بيروت، مركز دراسات الوحدة العربية، ٢٠٠٠، ص ص ٤٢-٤٣.

[2] بزوتنەوەی بەرگریکاری ئیسلامی، حەماس، لە لایەن کۆمەڵی ئیخوان موسلیمون لە فەلەستین دامەزراوە. لە میانی یەکەمین ئینتفازەی فەلەستینی لە سێپتەمبەری ١٩٨٧. بە سەرکردایەتی شێخ ئەحمەد یاسین. رکەبەری سەرەی بزوتنەوەی فەتحی فەلەستینییە. باڵێکی سەربازی هەیە بە ناوی کەتیبەکانی عیزەدین

سوریا لە ساڵی ١٩٩١ سێ بڕیاری گرنگی دا، کە هەریەکەیان کاریگەری لە ئەستێکدا هەبوو، یەکەمین بڕیار لە ئاستی ناوخۆدا ڕۆڵی بینی، ئەویش بڕیاری ژمارە ١٠ی وەبەرهێنان بوو، کە ئەمە کرانەوەیەکی لیبراڵی بوو لە دەوڵەتێکی شمولیدا. دووەمین بڕیار لە ئاستی ناوچەییدا بوو ئەویش، بڕیاری چونە ناو پرۆسە ئاشتی عەرەبی ئیسرائیلی بوو، کە ئەمە وەرچەرخان بوو لە هەڵوێستی سوریا بەرامبەر ئیسرائیل. سێیەمیان بڕیاری بەشداریکردن بوو لە پاڵ هاوپەیمانان بە سەرکردایەتی ئەمریکا لە دووەمین جەنگی کەنداو. ئەوە بوو بۆ یەکەمجار ئەسەد وەك سەرۆکی سوریاو جۆرج بۆشی باوك وەك سەرۆکی ئەمریکا لە ٢١ی نۆڤەمبەری ١٩٩٠ لە جنێف کۆبووەوە، کە لەسەر داگیرکردنی کوەیت و پرۆسەی ئاشتی عەرەب ئیسرائیل گفتوگۆیان کردبوو[٢]، ئەمە سەرەتایەك بوو بۆ ئاسایی بوونەوەی پەیوەندیی سوریا–ئەمریکا. هەروەها سەرکردایەتی سوریا بە پێویستیان زانی لەو قۆناغەدا بچنە سنووری بازنەی سیاسەتی ئەمریکاوە نەك دژایەتی کردنی[٣].

دوای ئەوەی سوریا لەژێر فشاری دووەمین جەنگی کەنداوو ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت، خۆی لە ئەمریکا نزیککردەوە، لێرەوە هێلێکی پەیوەندی لە نێوان سوریاو ئیسرائیل دروست بوو بۆ گفتوگۆ کە بە گفتوگۆکانی مەدرید[٤] ناسرا، کە بە بچر بچری نەوەدەکانی

ئەلقەسام. ئەم ڕێکخراوە داننانێت بە دەوڵەتی ئیسرائیلیدا. لە دوای هەڵبژاردنەکانی فەلەستین، لە یەنایری ٢٠٠٥ حوکمەتی گرتۆتە دەست. الان غريش و دومينيك ڤيدال، المصدر السلبق، ص٢٤٨–٢٤٩.

[١] عقيل سعيد محفوض: المصدر السابق، ص ١٥٤–١٥٥.

[٢] خالد حسين خالد: سوريه المعاصره، ١٩٦٣–١٩٩٣، دار كنعان، دمشق ١٩٩٦، ص ٢٣٤.

[3] Eyal Zisser: APPEARANCE AND REALITY, op. cit.

[٤] ئەم گفتوگۆیانە لە ٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٩١ دەستی پێکرد بە بەشداری سەرجەم دەوڵەتە عەرەبییەکان جگە لە عێراق، هەروەها ئەمریکاو یەکێتی سۆڤیەت‌وئیسرائیل. ئامانج تیایدا ڕێکەوتنی نێوان عەرەب‌و ئیسرائیل بوو، تا ساڵی ٢٠٠٠ بە بچ بچری بەردەوام بوو لە میانەیدا فەلەستینییەکان‌و ئیسرائیل ڕێکەوتن لە ساڵی ١٩٩٣لەسەر وەرگرتنی حوکمێکی خۆبەخۆ لە غەززەو زفەفەی ڕۆژئاوا. هەروەها ئەردەن‌و ئیسرائیل ڕێکەوتنی ئاشتییان لە ١٩٩٤ واژۆ کرد. الان غريش و دومينيك ڤيدال، المصدر السلبق، ص٣٩٨.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا سوریا چۆن کەوتبووە ژێر باری فشاری چاکسازی ئابووریو کرانەوە لە پەیوەندیە دەرەکیەکان، هاوکات لە ئاستی ژینگەی ناوخۆیدا لەژێرباری فشاری چاکسازی سیاسیدا بوو[2].

دەتوانین بڵێین سوریا لە سالآنی نەوەدەکان ئەو دەوڵەتە بوو، کە خواستی ئەوەی هەبوو، گۆرانکاری لە خۆیدا بکات. ئەم خواستە لە ئاستی پەیوەندییە دەرەکیو ئابووریدا بە روونی دیار بوو، هاوکات بە گرتنە دستی دەسەلآت لە لایەن بەشار ئەسەدەوە چاوەروانی گۆرانکاری ناوخۆیش بەرێوە بوو. بەلآم ئەم هەنگاوانە، تا ساڵی ۲۰۰۳ کە سنوری بابەتەکەی ئێمەیە، هیچ ئەنجامێکی یەکلاکەرەوەی بەدەستەوە نەدا. پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئیسرائیلو ئەمریکا نەیتوانی قۆناغی ململانێ بۆ قۆناغی ئاسایی بوونەوە تێبپەرێنێت. هەروەها لە ناوخۆدا سیستەمی تاکرەوی حزبی بەعسو سەرۆك، بەردەوامی بەخۆی دابوو. هۆکاری سەرەکی سەرنەکەوتنی ئەم هەولآنەش ئەوە بوو، کە بنەماڵەی ئەسەد نەیدەتوانی گۆران لە رژێمێکدا بکات کە بە درێژایی سالآنی حەفتاکانو هەشتاکان سەرسەختانە لە پێناویدا جەنگاون بۆ مانەوەی ئەو رژێمە. هاوکات سوریا لەرووی ئابووری سەربازییەوە توانای ئەوەی نەبوو کە رۆڵی ناوچەیی ببینێت، بۆیە لە رێگای پشگیریکردنی بزوتنەوە چەکداریەکانەوە، ململانێی دەوڵەتە ناوچەییەکانی دەکرد.

---

[1] خليل حسن: الصراعات الاقليمية والدولية في لبنان: دار المنهل اللبناني، بيروت،۲۰۰۸ص۱۳۰-۱۳۱. للمزيد من معلومات انظر:

Yossi Ben-Aharon: NEGOTIATING WITH SYRIA: A FIRST-HAND ACCOUNT Volume 4, No. 2- June 2000. MERIA Journal. .http://www.biu.ac.il/SOC/besa/meria/index.html

[2] جون داينزوسكي: سورية تعمل على تغيير صورتها، مركز الشرق العربي للدراسات الحضارية والاستراتيجية، http://www.asharqalarabi.org.uk/index.htm

تەوەری دووەم
پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و سوریا

سوریاو عێراق وەك دوو دەوڵەتی هاوسێ، مێژوویەکی پڕ لە ململانێو کێشمە کێشیان بۆ خۆیان تۆمار کردووە. ئەمە وایکردوو، کە پەیوەندیەکانیان کەمترین باری ئاسایی و زۆرترین بار گرژی بەخۆوە ببینێت. سەرەتای پەیوەندیەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە بریتانیاو فەرەنسا بە پێی ڕێکەوتنامەی سان ریمۆ لە ٢٦ی ئەپریلی ١٩٢٠دا بوون بە دەوڵەتی ماندات بەسەر عێراق و سوریا[١]، پاشان هەریەك لەم دوو دەوڵەتە بە نوێنەرایەتی عێراق و سوریا ڕێکەوتنامەی سنوریان لە ٢٣ی دیسەمبەری ١٩٢٠ واژۆ کرد، کە نەخشەی سنوری نێوان ئەم دوو دەوڵەتەی دیاری کرد. ئەوەی جێگای کێشە بوو لە نێوانیاندا کوردە ئێزدیەکانی چیای شەنگاڵ بوو کە لە ساڵی ١٩٣٢ لە ناوچەکەدا ڕاپرسی لەسەر کراو بە قازانجی عێراق و بریتانیا تەواو بوو. پاشان دوا ڕێکەوتنی دیاریکردنی سنور لە ساڵی ١٩٣٣ لە لایەن هەردو لاوە پەسەند کرا[٢].

---

١ ابراهيم سعيدى: سوريه، وزارت امور خارجي، تهران، ١٣٦٥، ص٩٨.

٢ عمار شريف كاظم العظماوي: الحدود العراقية ـ السورية " دراسة في الجغرافية السياسية. رسالة ماجستير، غير منشورة، كلية الاداب، جامعة بغداد، ٢٠٠٧، ص ٦٨-٦٩

گرنگ ترین ئەو هۆکارانەی کە رۆڵی بینی لە پەیوەندیەکانی نێوان سوریاو عێراقدا بریتی بوون لە ململانێ ناوخۆییەکانی حزبی بەعس، هەروەها کەسێتی حافز ئەسەدو سەدام حسێن، لەگەڵ سیاسەتی ناوچەیی ئەو دوو دەوڵەتەدا.

ململانێ ناوخۆیەکانی حزبی بەعس رەنگدانەوەیەکی کاریگەری هەبوو لەسەر پەیوەندیەکانی ئەم دوو دەوڵەتە. ئەم حزبە دوو سەرکردایەتی هەبوو. یەکەمیان سەرکرایەتی نەتەوەیی (القيادة القومية) کە نوێنەرایەتیی هەموو حزبی بەعسی دەکرد لە جیهانی عەرەبیدا. دوومیان سەرکرایەتی هەرێمی (القيادة القطرية) بوو کە نوێنەرایەتی حزبی دەکرد لە دەوڵەتە عەرەبییەکاندا. لە دوای کۆنگرەی پێنجەم لە مارتی ١٩٦٢ لە حمس، دابەشبوون لە نێوان سەرکردایەتی نەتەوەییو سەرکردایەتی هەرێمی سوریادا سەریهەڵدا. ئەم سەرکرایەتییە یەکەمیان بەرەو راسترەوی نەتەوەیی دەچوو، کە زۆرینەیان لە عێراق کۆبونەوەو دووەمیان بەرەو چەپرەوی هەنگاوی دەنا بریارەکانی سەرکردایەتی نەتەوەیی رەتدەکردەوە. کاتێك حزبی بەعس لە سوریا لە مارتی ١٩٦٣ چونە سەر کورسی دەسەلات، دوای پێنج ساڵ ئەم حزبە لە یۆلیۆی ١٩٦٨ دەسەلاتی لە عێراق وەرگرت، ئەم پێنج ساڵە بەس بوو بۆ جیابونەوەی تەواوەتی سەرکردایەتیی هەرێمی سوریا لە سەرکردایەتی نەتەوەیی بەعس کە زۆرینەیان لە عێراق کۆبوبونەوە. بە دیوێکی تردا، ناکۆکییەکانی نێوان ئەو پارتە بۆ ناکۆکییەکانی نێوان عێراقو سوریا گواسترایەوەو سەرچاوەی ئەو ناکۆکیانەش ئەوە بوو ئەسەد، نەیدەویست عێراق بە ناوی سەرکردایەتی نەتەوەییەوە دەست لە کاروباری ناوخۆی سوریادا وەربدات [1]. ئەم ململانێیە بەردەوام بوو تا سوریاو عێراق جارێکی تر بەهۆی دژایەتیکردنی رێکەوتنی کامپ دیڤدی ساڵی ١٩٧٨، لەیەکتر نزیك بونەوەو ئەسەد "گەلاڵە نامە کاری نەتەوەی" لەگەڵ سەرۆك کۆماری عێراق، ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر (١٩٦٨-١٩٧٩) واژۆ کرد. ئەم رێکەوتنە پرۆژەی کۆنفدراڵی نێوان سوریاو عێراقی هێنایە کایەوە. ئەوەی رێگر بوو لەبەردەم ئاسایی بونەوەی پەیوەندیەکان، سەدام حسێن بوو، کە

---

[1] بوعلي ياسين واخرون: الاحزاب والحركات القومية العربية، الجزء الاول، المركز العربي للدراسات الاستراتيجية، بدون مكان وسنة الطبع، ص ٣٧١-٣٨٦.

خواستی سەرۆك کۆماری عێراقی هەبوو. بۆیە ئاسایی بونەوەی پەیوەندیەکانی عێراقو سوریاو پرۆژەی کۆنفدراڵی نێوانیانو ئەو کەسانەی لەپشت ئەم پرۆژەیەوە بوون بە تایبەت ئەسەدو ئەلبەکر، بە بەربەستێکی زانی لەبەردەم خواستە کەسێتییەکانی. سەدام حسین لە ١٨ی یۆلیۆی ١٩٧٩ دەسەڵاتی سەرۆك کۆماری لە ئەلبەکر سەندو لە یاداشتێکدا رایگەیاند، کە گروپێکی لە ناو حزبی بەعس ئاشکرا کردووە کە بە یارمەتی سوریا پیلانیان دژی عێراق داناوەو بەو هۆیەوە کۆمەڵێکی لەناو پارتەکە لە سێدارەدا کە پێنج کەسیان لە سەرکردایەتی هەرێمی عێراقی بوون. لێرەوە ململانێی کەسێتی لە نێوان ئەسەدو سەددام حسین سەری هەڵدا[1].

ئەوەی جێگای سەرنجە لەرووی کەسێتیەوە سەدامو ئەسەد لێکچونیان زۆر بوو، هەردوکیان لەرێگای کەمینەیەکی دێهاتنشینەوە سەرکردایەتی دەوڵەتیان دەکرد، هەردوکیان سەرۆکی پارتی دەسەڵاتدار بوونو هاو سەردەمی یەکتر بوون. ئەم دوو سەرکردەیە پشتیان بە تۆقاند بەستبوو لە فەرمانرەوایەتیداو هێرشبەربوون بۆ سەر دراوسێ لاوازەکانیان. ئامادە بوون لە پێناوی خۆیان، بەرژەوەندی وڵات ژێر پێ بخەن بۆ ئەم مەبەستەش پشتیان بە دەزگا ئەمنیەکان بەستبوو. بەڵام خاڵی جیاوازیان ئەوە بوو کە سەدام کەسێتییەکی تاوانباری هەبوو، ئەسەد سڵەمینەوەی هەبوو. سەدام باوەری بە توندو تیژی زۆر بوو، ئەسەد تەنها بۆ ترساندن بەکاری دەهێنا. سەدام کۆنترۆڵی سەرجەم لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگای کردبوو، ئەسەد بۆشاییەکی بەرتەسکی بۆ ئازادی هێشتبۆوە. سەدام دەیویست ببێت بە پاڵەوانی عێراقو عەرەبو جیهان، ئەسەد سنورەکانی خۆی دەزانی. سەدام بەهۆی سەرشێتییەوە پێشبینی هەڵوێستەکانی نەدەکرا بەڵام ئەسەد وردو درشت بوو لە مامەڵەدا، شوێنو کاتو لاوازیو بەهێزی بەرامبەرەکەی دیاری دەرکرد[2]. لێرەدا دەتوانین بڵێین کە ململانێی نێوان ئەسەدو سەددام رەنگی دابۆوە بەسەر سیاسەتی دەرەوەی سوریا. هەردوکیان خۆیان بە هەڵگری پەیامی بیری نەتەوەیی عەرەبی دادەنا، بۆیە ئاراستەی

[1] نفس المصدر: ص ٤٠٢-٤٠٣.

[2] Daniel Pipes: Politics in Syria, op. cit.

کارکردنیـان بـە تایبـەت لـە پەیوەندییـە دەرەکییـەکان‌و پرسـە ناوچـەییەکانی ڕۆژهـەڵاتی ناوەراست، بە تەواوەتی پێچەوانەو دژ بەیەك بوو[1].

ئەگەر چی ئەم دوو دەوڵەتـە ڕوبەڕوبونـەوەی سـەربازی لـە نێوانیانـدا ڕووی نـەدا، بـەڵام هەردولا سەرسەختانە لە دژی یەکتر لە ملاملانێدا بوون لە ئاسـتی پەیوەندیـە دەرەکیـەکان. سوریا لە جەنگی عێراق‌و ئێراندا، لە ساڵی ١٩٨١، بوو بە لایەنگری ئێران. هاوکات بە تەواوی پشـگیری بەرهەڵسـکارانی عێراقـی کـرد بـە کـوردو عـەرەب‌و بـە عـەلمانی‌و ئسـلامیەوە. لـە بەرامبەردا عێراق پشگیری ڕێکخراوی چەکدارەکانی ئیخـوان موسـلمینی لـە حـەماە کـرد بـۆ ڕووخاندنی ڕژێمەکەی ئەسەد[2]. دوای کۆتایی هاتنی جەنگ، عێراق دەیویست تۆڵـەی خـۆی بکاتــەوە. ئامــانجی عێــراق گــەمارۆدانی ســوریاو کەمکردنــەوی هــەژمونی ســوریا بــوو لــە ناوچەکەدا. بۆیە یەکێك لە هۆکارەکانی دامەزراندنی ئەنجومەنی هاریکـاری عـەرەبی (مجلس التعاون العربي) کە عێراق لەگەڵ میسرو یەمەن‌و ئەردەن لە ١٦ی فەبرایری ١٩٨٩ پێکیهێنـا، بۆ بچووکردنەوەی ڕۆڵی سوریا بوو لە جیهانی عەرەبیدا. لەلایـەکی تـر عێـراق یارمـەتی ئـەو هێزە چەکدارانەی دەدا کە دژی سوریا بوون لە لوبنان، بەڵام سوریا لەبەردەم ئەم هەولانـەی عێراق، وەك یەکەمین دەوڵەتی عەرەبی، عێراقی بـە ئەنجامـدانی کۆمـەڵکوژی لـە هەڵەبجـەدا تاوانبار کرد لە سێپتەمبەری ١٩٨٨[3].

داگیرکردنی کوەیت لـە لایـەن عێراقـەوە گـەورەترین دیـاری پێشـکەش بـە سـوریا کـرد، چونکە لە لایەك عێراقـی لـە جیهـانی عەرەبیـدا کـەنارگیر کـرد، هاوکـات سـوریا بـەهۆی ئـەم ڕووداوەوە تــوانی خــۆی لــە ئــەمریکا نزیــك بکاتــەوە هــەروەها ئــابووری خــۆی بــەهۆی یارمەتیەکانی ئەمریکاوە هەڵبسێنێتەوە. سوریا زۆر بە خێرایی دژایەتی خۆی بۆ ئـەو کـارەی

---

[1] جراهام فولر: العراق في العقد المقبل: هل سيقوى على البقاء حتى عام ٢٠٠٢، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، العدد ١٤، مكتبة الاسكندرية، بدون سنة الطبع، ص١١٦-١١٧.

[2] بوعلي ياسين واخرون: المصدر السابق، ص ٤٠٤-٤٠٥.

[3] م. س. لازاریـف‌و ئـەوانی تـر: کوردسـتانی هاوچـەرخ، وەرگێڕانـی لـە فارسـییەوە: گوشـاد حەمـە سەعید:چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ١٣٦.

عێراق دەربڕیو پاشان ئەسەد لە کۆنگرەی لوتکەی عەرەبیدا، لە ١٠ی ئۆگستۆسی ١٩٩٠، کە بۆ پرسی داگیرکردنەکە تەرخانکرابوو، وتی: "بەرگری کردن لە هەر مەترسیەك بۆ سەر ناوچەکە، بە پاشەکشێی عێراق دەست پێدەکاتو بە گەڕانەوەی کوێت بۆ باری پێشووتری خۆی تەواو دەبێت". پاشان هەڵوێستی سوریا لە گفتارەوە بۆ کردار گۆڕاو لە ١٤ی ئۆگستۆسی ١٩٩٠، یەکە سەربازیەکانی سوریا چوونە خاکی سعودیە[1]. سوریا دەیزانی، کە عێراق لە دووەمین جەنگی کەنداو سەرگەرمی بەرەی جەنگە لە باشوروو هیچ مەترسیەکی سەربازی بۆ سەر سوریا نییە، بەڵام مەترسی سوریا لەوەدا بوو، کە بە کۆنترۆڵکردنی نەوتی کوەیتو سعودیە لە لایەن عێراقەوە پێگەیەکی بەهێز بۆ سەرکردایەتیکردنی عەرەب بە عێراق دەبەخشێت، بە تایبەت لە دژی ئیسرائیل ئەمەش لە سەنگی سوریا لە ناوچەکە کەم دەکاتەوە. هاوکات شکستی عێراق لەو جەنگەدا، ئاستی عێراق لە ناوچەکەو لە دەوڵەتانی عەرەبی دادەبەزێت. لەگەڵ ئەوەی ئەم ئەگەرانە بە دیوێکدا بە قازانجی سوریا کۆتایهاتو ئاڵای عەرەبی بۆ میسرو سوریا بەجێما، بەڵام بە دیوێکی تر هاتنی هێزی هاوپەیمانان بۆ ناوچەکە بەهێزبونی هەژمونی رۆژئاوا بوو لە ناوچەکەدا کە ئەمەش لە بەرژەوەندیی ئیسرائیل بوو، نەك عەرەب. هەروەها ریزی عەرەبی لە نێوان لایەنگرانو دژەکانی ئەو جەنگەدا پەرت پەرت بوو کە ئەو بەقازانجی ئیسرائل بوو. بۆیە ئەسەد ئەوەندەی ناچار بوو ئەوەندە باوەڕی بە بەشداری کردن لەو شەرە نەبوو[2].

کاتێك عێراق لە دووەمین جەنگی کەنداودا بە دۆراندن چووە دەروە، ئەم بارەی عێراق پێچەوانەی بۆچونی دەوڵەتە دراوسێکان بوو کە زۆرینەی گروەکانیان لەسەر رووخانی رژێم کردبوو. بەغداد دوای تەواوبونی جەنگ، بە هەموو جۆرێك هەوڵی دەدا بۆ ئەوەی دووبارە بچێتەوە باری پێشووتری خۆی لە سەرجەم لایەنەکانەوە. لە پێناوی ئەم

---

[1] محمد السيد سعيد: محمد السيد سعيد: مستقبل النظام العربي بعد ازمة الخليج، عالم المعرفة ، الكويت، ١٩٩٢، ص ٧٩.

[2] Anoushiravan Ehteshami and Raymond A.Hinnebusch Syria and Iran Middle powers in a penetrated regional system Routledge , London and New York 1997, P81-82

ئامانجەشدا دەستی یارمەتی بۆ دوژمنە دێرینەكانیشی درێژ دەكرد لە ناویشیاندا سوریا. عێراق ویستی هەناردە كردنی نەوت بكاتە بەردەباز بۆ ئاسایكردنەوەی پەیوەندیەكان، بە تایبەت دەیزانی، كە سوریا لە بارێكی نالەباری ئابوریدایەو نەوتی عێراقی یارمەتیدەری بوژاندنەوی ئابوریەكەی دەبێت. ئەوە بوو شاندێكی عێراق لە مارتی ١٩٩٢ گەیشتە سوریا بۆ وەگەرخستنەوەی هێڵی نەوتی (كەركوك–بانیاس)، كە لە ساڵی ١٩٨٢ بەدواوە داخرا بوو، بەلاّم ئەم هەوڵە لە لایەن سوریا وەلاّمنەدرایەوە چونكە سوریا پابەندبونی خۆی بە بریاری نەتەوە یەككگرتووەكان لە بواری گەمارۆدانی عێراقدا دەربری بوو[1]. دوای ئەم هەوڵە عێراق‌و سوریا دوای دە ساڵ لە بچڕانی تەواوەتی پەیوەندیەكان، لیژنەیەكی دیاری رووپێوی سنوریان پێكهێنا بۆ دیاریكردنەوەی سنوورو دووبارە دانانەوی ستونەكانی نێوان هەردوو دەوڵەت، ئەمەش لە پێناوی رێگرتن لە سنوربەزاندنی خێڵەكان بوو. ئەم لیژنەیە لە ماوەی (١٩٩٢–١٩٩٤) كارەكانی خۆیان تەواو كرد[2]. دەتوانین ئەم هەوڵە بە رێگاخۆشكردن دابنێین بۆ نزیكبوونەوەی دووژمنە دێرینەكان. سوریا پێخۆشبونێكی پێوە دیار بوو لە ئاسایكردنەوەی پەیوەندیەكان، چونكە لەم كاتەدا لە دابەشبونی عێراق‌و دەوڵەتی كوردی دەسڵەمیەوە. بۆیە سوریا نارازی بوو لە سیاسەتی نێودەوڵەتی بەرامبەر عێراق‌و داوای هەڵگرتنی گەمارۆی ئابووری دەكرد[3].

لە دوای دەرچوونی بریاری (٩٨٦)ی نەتەوە یەككگرتووەكان بەرامبەر عێراق، سوریا بینی، كە توركیاو ئەردەن بە فەرمی سود لە هەناردەكردنی نەوتی عێراق وەردەگرن، هاوكات توركیاو ئێران بە رێگای قاچاخ نەوتی عێراقیان چنگ دەكەوێت، بۆیە بە هەمان شێوەی ئەوان، سوریا بە نەوتی قاچاخی عێراقەوە دەستی بە بازرگانیكردن كرد. ئەم نەوتە لە رێگای بۆریە نەوتیەكانەوە دەچووە سوریا دوای ئەوی عێراق بە فەرمی لە یۆلیۆی ١٩٩٧

---

[1] Anthony H. Cordesman and Ahmed S. Hashm: op. cit. P 197.

[2] عمار شريف كاظم العظماوي: المصدر السابق، ص١٠٨–١٠٩

[3] عقيل سعيد محفوض: المصدر السابق، ص ٢٨٨

رایگەیان، کە بۆریە نەوتیەکانی نێوان (سوریا–عێراق) بە تەواوەتی ئامادەیە بۆ کارکردن[١]. هەرچەندە بە فەرمی سوریا نکۆڵی لەوە دەکرد کە گەمارۆی ئابوری سەر عێراقی شکاندبێت و نەوتی عێراق هاوردە بکات[(٢)]، بەڵام راپۆرتە هەواڵیەکان بە ئاشکرا لەو پرسە دەدوان کە سوریا رۆژانە ١٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی عێراقی پێدەگات و کە هەر دەوڵەتەو بری ١.١ ملیار دۆلاری ساڵانە دەستدەکەوت[(٣)]. هاوکات نوێنەری بریتانیا لە نەتەوە یەکگرتوەکان بە فەرمی رایگەیاند کە سوریا رۆژانە (١٠٠) هەزار بەرمیل نەوتی عێراقی بە قاچاخ هاوردە دەکات[(٤)].

لەپاڵ پرۆسەی بە قاچاخبردنی نەوت، پەیوەندیی بازرگان بە فەرمی دەستی پێکرد، ئەوە بوو وەزیری بازرگانی عێراق، محەمەد مەهدی صالح، وەك یەکەم وەزیری عێراق لە ئۆگستۆسی ١٩٩٧و دوای (١٧) ساڵ لە بچرانی پەیوەندییە دوو قۆڵییەکان، چووە دیمەشق و لەگەڵ سوریا لەسەر بنیاتنانەوەی پەیوەندیە بازرگانیەکان رێکەوتن. لەوە زیاتر داوای ئاسایکردنەوی پەیوەندیە سیاسەکانیشی خستبووە بەردەم سوریا بەلام سوریا، رایگەیان، کە پەیوەندییان لەگەڵ عێراقدا چوارچێوەی بازرگانی تێناپەڕێنێت[(٥)].

لە دوای ئەم سەردانە دوو بنکەی بازرگانی لە سەر سنوری هەردوولا کرایەوە، وێرای ئەمە بۆ ئاسانکردنی گواستنەوەی کالا بازرگانیەکان، هێڵی شەمەندەفەر وەگەڕ خرا. کۆمپانیا عێراقیەکان کالاکانیان لە دیمەشق دەخستە روو. زیاتر لەوە دیمەشق بوو بە وێستگەی

---

[١] الانصات المركزي، نشرة خبرية معلوماتية يومية ، العدد (٩٦٢). ١٩٩٧/٧/٩

[٢] الانصات المركزي، نشرة خبرية معلوماتية يومية ، العدد(١٧٦٦).٢٠٠٠/١٢/٢٠

[٣] سورية والحرب على الإرهاب الجزء الثاني ماثيو ليفيت : باحث كبير في معهد واشنطن ـ الولايات المتحدة ٢٤ /٠١/٢٠٠٢، http://www.asharqalarabi.org.uk/index.htm

[٤] الانصات المركزي، نشرة خبرية معلوماتية يومية ، العدد(٢١٥٣) / ٢٠٠٢.

[٥] الانصات المركزي، نشرة خبرية معلوماتية يومية ، العدد(٧٨) ١٩٩٧/٨/٣٠

گەشتی ئاسمانی بەرپرسەکانی عێراق بەرەو جیهانی دەرەوە[1]. هەموو ئەمانە هۆکار بوون بۆ ئەوەی لە سەرەتای سەدەی بیستویەکدا، ململانێی‌و دوژمنایەتی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە بۆ هەماهەنگەی‌و هاریکاری بگۆریت. ئەم راستیە دوای سەردانی جێگری سەرۆك کۆماری عێراق تاریق عەزیز بە تەواوی دەرکەوت‌و لەسەر زاری وزیری دەرەوەی سوریا فاروق ئەلشەرع جەختی لەسەر کرایەوە، کە وتی: " بەغدادو دیمەشق بەرەو ئاسایی بونەوەی پەیوەندیەکان هەنگاو دەنێن[2].

لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە پەیوەندییەکانی نێوان سوریاو عێراق لە شەستەکان‌و حەفتاکان لەژێر کاریگەریی کێشە ناوخۆییەکانی حزبی بەعسدا بوو. لە هەشتاکان‌و نەوەدەکاندا ئەم ململانێیە سروشتێکی تری وەرگرت‌و پەیوەندیی بە رکەبەری کەسێتی نێوان ئەسەدو سەدام حسینەوە هەبوو. بەڵام دوای ئەوەی عێراق لە دووەمین جەنگی کەنداو بە دۆراوی‌و لاوازی هاتە دەرەوە، عێراق کاری لەسەر برایەتیی نەتەوەیی عەرەبی نێوان سوریاو عێراق دەکرد. لە بەرامبەردا سوریا سودی لە لاوازی عێراق وەرگرت بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە جیهانی عەرەبیدا بە تایبەت لەرووی دەسوەردان‌و بەشداریکردن لە کێشەکانی جیهانی عەرەبی بە گشتی‌و کێشە ناوخۆییەکانی عێراق بە تایبەتی. لە دوای مردنی ئەسەد لە یۆنیۆی ٢٠٠٠، ئاستەنگی کەسێتی لە پەیوەندییەکانی هەردولادا نەماو سوریاو عێراق زیاتر لەیەك نزیك دەبوونەوە، چونکە هەردولا وەك دوو دەوڵەتی لێکچوو لە پێکهاتەی نەتەوەی‌و ئاینی‌و تا دەگاتە رژێمی حوکمرانی کەوتنە بەردەم هەرەشەی پرۆسەی گۆرانکاری کە لە رۆژهەلاتی ناوەراست. بە تایبەت لە دوای رووداوی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١و هەڵمەتی ئەمریکا بۆ دژایەتیکردنی گروپە تیرۆرستییەکان‌و ئەو دەوڵەتانەی، کە پشگیری تیرۆر دەکەن.

---

[1] الانصات المركزي، نشرة خبرية معلوماتية يومية ، العدد١٢٣٦ ١٩٩٩/٥/٢٥. الانصات المركزي، نشرة خبرية معلوماتية يومية ، العدد ٢٠٠٠/٧/٢٣

[2] الانصات المركزي، نشرة خبرية معلوماتية يومية ، العدد(١٧٤٥) ٢٠٠٠/١١/٢٦.

تەوەری سێیەم
سیاسەتی سوریا بەرامبەر بە کێشەی کورد

سیاسەتی سوریا بەرامبەر کێشەی کورد دوو جۆر بوو، یەکەمیان سیاسەتی بەرامبەر بە کێشەی کورد لە ناوخۆی سوریا، دوومیان سیاسەتی بەرامبەر بە کێشەی کورد لە دەرەوەی سوریا. لەم تەوەرەیەدا باس لەم دوو جۆری سیاسەتە دەکەین.

یەکەم-سیاسەتی ناوخۆیی سوریا بەرامبەر کێشەی کورد:

دانیشتوانی سوریا لە ساڵی ٢٠٠٣، ١٨,٢٠٠.٠٠٠ کەس بووە[(١)]. کە بەسەر کەمینە ئاینیو نەتەوەییەکان دابەش بوون. کورد وەك کەمینەیەکی نەتەوەیی، هیچ ئامارێکی فەرمی نییە بۆ دیاریکردنی رێژەکە لە سوریا. ئەوەی هەیە خەمڵاندنێکی نزیکەییە. لەلایەن نیکۆلاس ڤاندام رێژەکەی بە ٨.٥٪ی دانیشتوانی سوریا دانراوە[(٢)]، عیسمەت شەریف وانلی بە ٩-١٠٪[(٣)] و کەریم یەڵدز بە ٨-١٠٪ی داناوەو بە ١.٥-٢ ملیۆن کەس مەزەندەی کردون[(١)]،

[1]Kerim Yildiz: The Kurds in Syria. op. cit. P23.

[٢] نیقولاس فان دام: المصدر السابق، ص١٦-١٧.

[3]Ismet Chériff Vanly: The Kurds in Syria and Lebanon, in The,Philip G.Kreyenbroek and Stefan Sperl: The Kurds A Contemporary Overview, Fifth published, Reprinted, London and New York , 2005, P115.

هەروەها دکتۆر عەقیل سەعید مەحفوز بە ٧٪ی سوریاو دانیشتوانەکەشی بە ١.٤ ملیۆن مەزەندە کردوە[٢]. سەرچاوەیەکی تریش رێژەی کوردی لە سوریا بە ١٢٪ی دانیشتوانی سوریا مەزەندە کردووەو ژمارەی کوردیی بە سێ ملیۆن داناوە[(٣)].

کورد بەسەر پارێزگاکانی جەزیرە (حەسەکە)، عفرین‌و کوبانی لە پارێزگای حەلەبدا دابەشبوون. ئەمەو بەشێکی تر لە کوردی سوریا کەوتونەتە سنوری پارێزگای دیمەشق[(٤)]. شێوازی دابەشبونییان نزیکەی ٤٠٪ی کوردی رۆژئاوا بەر شاری جەزیرە کەوتووە، پارێزگای حەڵەب ٣٠٪ی کوردی لێیەو بەشەکەی تریش بەسەر دیمەشق‌و ناوەندی شاری حەلەبدا دابەشبوون[(٥)].

لە سەردەمی مانداتی فەرەنسا لە سوریا (١٩٢٠-١٩٤٦) کورد خاوەنی رێکخراوی سیاسی‌و گۆڤارو کتێب‌و بلاوکراوە بوون، بەلاّم بە پێچەوانەی ناوچەی عەلەوی‌و دروز، رێگە بە کورد نەدراوە، کە وەك ئەوان، خاوەنی دەسەلاّتی خۆجێی بن[(٦)]. بە سەربەخۆ بونی سوریا لە ١٩٤٦، کورد وەك نەتەوە رۆژ لە دوای رۆژ توشی چەوسانەوەو پشتگوێ خستن بووە. لە ساڵی ١٩٥٦ بەدواوە زمانی کوردی لە خوێندنگا و بازارەکان یاساغ کراوە، هەروەها نوسینی کوردی‌و بلاوکروەی کوردی قەدەغە کراوە. لە دوای دروستبوونی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو لە نێوان میسرو سوریا لە فەبرایەری ١٩٥٨ بە سەدەها ئەفسەری کورد لە سوپا دەرکرا لە ناویشیاندا سەرەك ئەرکانی سوریا (تەوفق نیزامەدین)، هەروەها دەرگای کۆلیجی پۆلیس‌و سەربازی بەرویاندا داخرا. لە سەرژمێری ساڵی ١٩٦٢کە لە پارێزگای جەزیرە ئەنجام دراو تیایدا ١٢٠ هەزار کورد لە مافەی هاولاّتیبون بێبەشکران‌و بە

---

[1] Kerim Yildiz: The Kurds in Syria. cit. P23

[٢] عقيل سعيد محفوض:: المصدر السابق، ص١٠٣.

[٣] القضية الكوردية فى كوردستان–سوريا خلال عهد الرئيس حافظ الاسد، المصدر السابق. ص٢.

[٤] القضية الكوردية فى كوردستان–سوريا خلال عهد الرئيس حافظ الاسد، ص٢.

[٥] غاري كمبل: الصحوة الكردية في سورية، مركز المعطيات والدراسات الاستراتيجية، www.dascsyria.com

[٦] نيقولاس فان دام: المصدر السابق، ص ص ١٦-٢٠

بێگانەكان(اجانب) ناوبران بە بەهانەی ئەوەی كە دوای ساڵی ١٩٤٥ بە شێوەیەكی نافەرمی هاتونەتە ناو خاكی سوریا. حكومەتی سوریا لە ساڵی ١٩٩٦ دانی بەوەدا نا، كە ٦٧.٤٦٥ كورد لە سوریادا مافی هاوڵاتیی ئاساییان نییە[1]. وێرای ئەمەش بەرنامەی چاكسازی زەویە كشتوكاڵیەكان لە سوریا كە بە پرۆژەی (پشتێنەی عەرەبی) ناسراو بوو، ٤٣٪ی لە ناوچە كوردییەكان جێبەجێ كرا كە ئامانجی ریشەكێش كردنی كورد بوو لە زێدی خۆیانو لاواز كردنی كۆمەڵگای كوردی بوو بە تایبەت لەرووی سیاسییەوە[2].

دەكرێت سیاسەتو تێروانینی سوریا بە ئێستاشەوە بە رامبەر بە كورد لە پرۆژەكەی محەمەد تەڵەب هیلال[3] ببینینەوە. ئەم پرۆژەیە ١٧٠ لاپەرەیەو لەژێر ناونیشانی، توێژینەوەیەك سەبارەت بە پارێزگای جەزیرە لە لایەنی نەتەوەییو كۆمەڵایەتیو سیاسیەوە، (دراسة عن محافظة الجزيرة من النواحي القومية والاجتماعية والسياسة) لە ١٢ی نۆڤەمبەری ١٩٦٢پێشكەشی دەسەڵاتدارانی سوریا كراوە[4]. لەم پرۆژەیەدا زۆر بە روونی دەڵێت،

[1] SYRIA, THE SILENCED KURDS, October 1996 Vol. 8, No. 4(E). www.hrw.com

[2] غاری كمبل: المصدر السابق.

[3] محەمەد تەلەب هلال (١٩٣١-٢٠١١)، لە شارۆچكەی غەسم سەر بە پارێزگای درعا لەدایك بووە. ئەم كەسایەتییە بە پلاندانەری (پشتێنەی عەرەبی) دادونرێت. لە ساڵی ١٩٦١ وەك ئەفسەری پلە یەك سەرپەرشتیاری هۆبەی ئاسایش بووە لە پارێزگای حەسەكە. لە ١٢ی نۆڤەمبەری ١٩٦٣، پلەی چاودێری لە سەركردایەتی حزبی بەعس وەرگرتووە، پاشان پۆستەكانی وەزیری تەموینو پاشان. بووە بە جێگری سەرەك وەزیرانی لە ساڵانی (١٩٧٠-١٩٧٢) بینیوە. لە ساڵی ١٩٧٢-١٩٧٩ نوێنەر سوریا بووە لە پۆلندا. لە مردنەكەشیدا بە بەشداری نوێنەری سەرۆك كۆمار رێورەسمی تایبەتی بۆ رێكخراوە. ئەم كەسایەتیە لە لایەن كورد بێزراوەو بە دارێژەری پلانی رەگەزپەرستی عەرەبی دژ بەكورد دایدەنێن. توێژینەوەكەشی نهێنی بوو تا رێكخراوی كاوە بۆ رۆشنبیری لە ساڵی ٢٠٠١ كۆپییەكی بڵاو كردەوەو بۆ چەندین زمانی بێگانە وەریگێڕاوە http://www.sotsyria.com

[4] محمد طالب هلال: دراسة عن محافظة الجزيرة من النواحي القومية والاجتماعية والسياسة، نقلا عن، جواد ملا: السياسة الاستعمارية السورية في غرب كوردستان، ص٥٩-٢٢٩

نەتەوەیەك بەناوی نەتەوە کورد نییە چونکە تایبەتمەندی نەتەوە لە کورددا نییە، هەروەها نیشتمانێکی نەتەوەییشیان نییە بەڵکو ئەمانە کۆمەڵێك خەڵکی نیشتەجێی شاخەکانن کە سروشتەکەیان جیای کردونەتەوە..... نە مێژوو، نەشارستانی، نەزمان و نە رەگەزیان نییە. تەنها سیفەتی هێزو توندو تیژییان تێدایە. کێشەیەکیش نییە بە ناوی کێشەی کورد. ئەمەی هەیە لوویەکی پیسە دروست بووە یان دروست کراوە لەناو لاشەی نەتەوەی عەرەبیداو هیچ چارەسەرێکی نییە تەنها برین نەبێت[1].

هیلال دوانزە پێشنیار دەخاتە بەردەست دەوڵەت بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کوردی سوریا کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

١. سیاسەتی کۆچپێکردن بۆ ناوەوەی وڵاتو پاشان دابەشکردنیان و ئەوجا جێنشینکردنی عەرەب لە ناوچە کوردییەکاندا.

٢. دەستکاریکردنی تۆماری رەگەزنامەکانیان

٣. ناوچەی پشتێنەی باکوور بکرێتە ناوچەیەکی سەربازی

٤. کردنەوەی کێڵگەی بەکۆمەڵ بۆ عەرەب لە ناوچەکە

٥. رێگە بە هیچ کەسێك نەدرێت جگە لە زمانی عەرەبی زمانی دیکە بەکار بهێنێت[2].

ئەم پرۆژەیە دەکرێت بڵێین رای تەنها نوسەرێك یان راپۆرت نوسێك بوو لەسەر کورد، بەڵام کاتێك دەوڵەت، بۆ جێبەجێکردنی ئەم پلانە، خاوەنەکەی بۆ ماوەی ساڵێك دەیکات بە پارێزگاری جەزیرەو پاشان پلە بە پلە بەرز دەکرێتەوە تا پۆستی جێگری سەرۆك وەزیران دەڕوات، چیتر پرۆژەکە دەبێتە پرۆژەی دەوڵەت بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد لە سوریا.

یەکەم هەڵوێستی ئەسەد بەرامبەر بە کورد دەرکردنی بڕیاری ژمارە ٣٦ی ١٢ی ئۆگستۆسی ١٩٧١ بوو، کە بریتی بوو لە بە عەرەبکرنی ناوە کوردیەکان لە سوریا[3].

---

[1] محمد طالب هلال: المصدر السابق، ص٦٦

[2] جواد ملا: السياسة الاستعمارية السورية في غرب كوردستان، ص١٠٩-١١١

[3] لقضية الكوردية في كوردستان-سوريا خلال عهد الرئيس حافظ الاسد، ص١٧.

هەروەها دەستکرا بە بەجێهێنانی (پشتێنەی عەرەبی) ئەوە بوو ٤٤٣٨٦٠ دۆنمی کشتوکاڵی لە کورد سەندرا بۆ عەرەبو هەروەها ٤١ کۆمەڵگەی نیشتەجێ بونی لە ناوچە کوردیەکان بۆ عەرەب دروستکرد[١]. بەلاَم بە تێپەربونی کات کورد رێگای خوێندنو کارکردنی پێ ئەدراو لە ناو سوپادا وەردەگیران. لە رووی سیاسیشەوە هەرچەندە پارتە کوردییەکان نافەرمی بوون، بەلاَم قاچاخیش نەبوون چونکە شێوازی خەباتی پارتە کوردییەکان مەدەنی بوو، کە وایکردبوو مەترسی بۆ سەر کورسی دەسەلاَتی سوریا نەبێت.

لە نەوەدەکاندا جوڵەیەکی جیاواز لە وانەی پێشوتر چ لە حکومەتو چ لە کوردی سوریا دەبینرا. لە مایۆی ١٩٩٠ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی سوریا ساز کرا بۆ جێگرتنی ٤٥٠ کورسی. ئەمەش وەك سیاسەتێکی دەوڵەت بوو بۆ ئەوەی خۆی وەك دەوڵەتێکی دیموکراسی دەربخاتو لە رۆژئاوا نزیك ببێتەوە. زۆرینەی کورسیەکان لە لایەن بەرەی نیشتمانی پێشکەوتووخواز پڕ کرایەوە کە بەعس سەرکردایەتی دەکرد. کوردەکان لە هەڵبژاردنەکەدا توانیان بەشداری بکەن[٢]، پانزە کورد چوونە ناو پەرلمان کە چواریان سەر بە حزبی بەعس بونو ئەوانی تر سەربەخۆ بوون. شەش کەسیان لە عفرینو سێ ئەندامی تر لە جەزیرەو ئەوانی تر لە دیمەشق بوون. سێ کەس وەك سەربەخۆ، چونە ناو پەرلەمان[٣]. هەرچەندە یاسایەك یان بریارێکی فەرمی بە قازانجی کورد لە پەرلەمانەوە دەرنەکرا، بەلاَم بوونی کورد لە پەرلەمانی عەرەبی سوریاو قسەکردنیان لەسەر ئەم پرسە کاریگەری هەبووە بۆ کەمکردنەوەی سیاسەتی رەگەزپەرستی لەسەر کورد. بۆ رێگرتن لە بە ئەندامبوونی کوردە نەتەوەییەکان لە پەرلەمان، دەوڵەت لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٤ رێگای بەو کەسانەدا،

---

[١] المصدر نفسه: ص ٢٥.

[2] Ismet Chériff Vanly: The Kurds in Syria and Lebanon. op. cit. P133.

[3] Jordi Tejel: Syria's Kurds: history, politics and society, Routledge ,London and New York, 2009. P58. SYRIA, THE SILENCED KURDS, op.cit.القضية الكوردية في

كوردستان–سوريا خلال عهد الرئيس حافظ الاسد، ص٥٦.

کە خۆی پێشتر رەزامەندیی خۆکاندیدکردنی پێدابوو، بۆیە پرۆسەکە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی گۆرا بۆ دامەزراندنی پەرلەمانی[١].

لە نیوەی یەکەمی نەوەدەکان، زمان و کلتوری کوردی زۆر بەرونی لە رۆژئاوای کوردستان گەشەسەندنی بەخۆوە بینی، مۆسیقای کوردی بڵاو بوو، ئاهەنگی نەورۆز بە ئاشکرا ئەنجام ئەدرا، منداڵ و شوێنکارەکان ناوی کوردییان لێدەنرا. بڵاوکراوەی کوردی زیاتر بەردەستی خوێنەران دەکەوت[٢].

بە مردنی ئەسەدو جێگرتنەوەی لە لایەن بەشاری کوری لەساڵی ٢٠٠٠، توێژێکی سیاسی لاو چونە گۆرەپانی سیاسی سوریا، کە ئەم بارە نوێیە کوردی رۆژئاواشی گرتەوە ئەوە بوو، پارتی یەکێتی دامەزراو، دەسپێشخەر بوو لەوەی بە ئاشکرا لە سوریادا داوای خۆبەرێوەبردنی ناوچە کوردییەکانی دەکرد، زمانی کوردی بکرێتە زمانی فەرمی. لە روویەکی ترەوە[٣]. لە سوریادا چالاکی سیاسی کورد قەدەغەکراو نەبوو بەلام بە فەرمی رێپێدراو نەبوو. دەوڵەت لە رێگای دادگاوە زۆر بە ئاسانی رێگری لە چالاکوانە کوردەکان دەگرت و چەندین دەقی یاسایی لەبەردەستدا بوو بۆ تۆمەتبارکردنیان لە گرنگترینیان کە کوردەکانی پێ تۆمەتبار دەکران، ئەم مادانەی خوارەوە بوون:

مادەی ٢٦٧: هەرکەسێك هەوڵبدات بۆ " کارێك یان وتاردان یان نوسین یان شێوازێکی وا کە پارچەیەك لە زەوی سوریا دابرێت و بیخاتە سەر دەوڵەتێکی بێگانە". مادەی ٢٨٥ "هەر کەسێك لە سەردەمی شەردا یان لە کاتی پێشبینی سەرهەڵدانی شەر، پروپاگەندە بکات بە مەبەستی لاوازکردنی هەستی نەتەوایەتی و زیندوکردنەوەی دەنگی رەگەزپەرستی و مەزهەبی". مادەی ٢٨٨" هەر کەسێك پەیوەندی کرد بە "رێکخراوێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی کە شێوازێکی نێودەوڵەتی هەبێت یان لەو شێوازە بێت مۆڵەتی حکومەتی نەبێت". مادەی ٣٠٧ " هەمو کارێك یان وتارێك، کە مەبەستی وروژاندنی دەنگی

---

[١] م. س. لازاریف و ئەوانی تر: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٩-١٥٠.

[2] Kerim Yildiz: The Kurds in Syria, op. cit. P119-120

[٣] غاري كمبل: المصدر السابق.

رەگەزپەرستی و مەزهەبی بێت". مادەی ٣٠٨ " هەر کەسێك پەیوەندیی بە کۆمەڵەیەك بکات بەو ئامانجەی، کە لە مادەی پێشودا هاتووە". مادەی ٣٣٥ "هەر کەسێك لە " گردبونەوەیەکدا بەشدار بێت... تیایدا دروشم و سرودی گێرەشێوێنی بەرز بکرێتەوە، یان بە شێوەیەك بێت لەگەڵ ئاسایشی گشتی ناکۆك بێت یان هەر جۆرە خۆپیشاندانێکی گێرەشێوێنی بێت". مادەی ٣٣٦ " (ا) هەر کۆبونەوەو رێورەسمێك لەسەر شەقامی گشتی یان شوێنی گردبونەوی جەماوەری بوو، وەك کۆبونەوەی گێرەشێوێنی دادەنرێت... (ب) ئەگەر لە لایەنی یەکەم لە حەوت کەس پێکهاتبوون بەمەبەستی نارەزایی لەسەر بریارێك یان فشار خستنە سەر رێوشوێنێك کە دەسەلاتەکانی گشتی گرتویەتیە بەر.(ج) ئەگەر ژمارەیان گەیشتبووە ٢٠ کەس بە شێوازێك دەرکەوتن، کە ئارامی گشتی بشێوێنێت". لە ناو ئەم دەقە یاسایانەی سەرەوەدا، ماددەی ٢٨٨ زۆرترین کوردی پێدادگایی کراوە، چونکە هیچ پارتێکی کوردی مۆڵەتی یاسایی لە حکومەتەوە پێ نەدراوە. لە بنەرەتیشدا یاسای پارتەکان تا ئێستا لە سوریادا نییە، بۆیە دەستگیرکردن و تۆمەتبارکردنی هەر کوردێك زۆر ئاسایی بەرێوە دەچێت"[١].

گرنگترین ئەو داوکاریانەی کورد لە سوریا داوای دەکات بریتین لە یەکەم: نەهێشتنی هەموو ئەو یاسایانەی کە کورد دەچەوسێنێتەوەو گێرانەوە ناسنامەو رەتکردنەو ئەنجامەکانی سەرژمێری دانیشتوان و دانپیادانانیان وەك دووەمین نەتەوە لە سوریاو نەهێشتنی شوێنەواری بەعەرەبکردن. دووم: داننان بە مافی چارەنوس بۆ کورد لە چوارچێوەی نیشتمانی سوریاو پێکەوە ژیانێکی ئاشتیانەو ئارەزوومەندانە لەگەڵ نەتەوە ئاینەکانی تر[٢].

دووەم-سیاسەتی دەرەکی سوریا بەرامبەر کێشەی کورد:

[1] Repression of Kurdish Political and Cultural Rights in Syria © 2009 Human Rights Watch. http://www.hrw.org

[٢] لقضية الكوردية في كوردستان-سوريا خلال عهد الرئيس حافظ الاسد، ص٢-٣.

سیاسەتی دەرەکی سوریا بەرامبەر کێشەی کورد دابەشدەبێت بەسەر سیاسەتی ئەو دوڵەتە بەرامبەر پارتەکانی هەرێمی کوردستان[1]، لە لایەکو سیاسەتی سوریا بەرامبەر بە (پ.ک.ک)[2]. پەیوەندی نێوان (پ.ک.ک)و سوریا، پەیوەندییەکی توندوتۆڵ بوو کە لە دوو هاوپەیمانی ستراتیجی یەکتر دەچوون. ئەم هاوپەیمانێتییە ململانێی هەردولا بەرامبەر تورکیا سەرچاوەی گرتبوو. (پ.ک.ک) لە پێناو بەدەسهێنانی مافی کورد شۆرشی چەکداری لە دژی تورکیا بەرپاکردبوو. سوریاش ناکۆکی قوڵی لەگەڵ تورکیا هەبوو بەهۆی کێشەی لیوای ئەسکەندەرۆنە (هاتای)و پرۆژەی گاپ[3] و مێژووی داگیرکاری تورکە عوسمانییەکان لە سوریا[4]. لە لایەکی تر لە ماوەی جەنگی سارددا سوریا رێکەوتنی هاورێیەتیو هاریکاری لە

---

[1] ئەم بابەتە لە تەوەرەی چوارەمی ئەم بەشەدا باس دەکرێت.

[2] Partiya Kareem Kurdistan کورتکراوەکەی (P.K.K)، لە٢٧ی نۆڤەمبەری١٩٧٨لە پارێزگای دیاربکر دامەزرا. ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی بوو لەسنوری کوردستانی گەورەدا، پاشان لە نەوەدەکان بۆ فدراڵی باکوری کوردستان خەباتی دەکرد. لە ساڵی (١٩٨٤) یەکەم چالاکی پارتیزانییان بەئەنجام گەیاندووە. (پ.ک.ک) خاوەنی ١٠ هەزار گەریلاو ٣٧٥ هەزار رێکخستن بووە لەناو تورکیادا لە نەوەدەکان. زیانەکانی شەڕی تورکیا لەگەڵ (پ.ک.ک) لەنێوان ساڵانی(١٩٨٤-١٩٩٨) ٢٧ هەزار کوژراو ٨٤ ملیاردۆلاربووە.

The Workers' Party of Kurdistan (PKK) . Ministry of Foreign Affairs - Turkey .C:\MFA - IV_ Targets and Activities.htm

[3] پرۆژەیەکە لە بنەرەتدا دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٦ کاتێك (پرۆژەی کارەبای تورکیا) سەری هەڵدا، روپێوی هایدرۆلۆجی لە سەر ئاوی فورات دەستی پیکرد. ئەم پرۆژەیە بە بەنداوی کیبان لەسەر روباری فورات سۆر موراد سۆ کە لە ساڵی ١٩٧٤ تەواو بووە. گەورەترین بەنداویشی بەنداوی ئەتاتورك، کە لە ساڵی ١٩٩٠ تەواو بووە. ئەم پرۆژەیە لەگەڵ ئەوەی پلانێکی تورکیایە بۆ بەدەستهێنانی وزەی کارەباو پێشخستنی بواری کستوکاڵی، هاوکات بۆ گۆرانکاری دیمۆگرافیای کوردستانی باکوورە کە لەگەڵ پلانی دەوڵەتدا بگونجێت. ابراهیم خلیل العلاف: مشکلة المیاه والموارد المائة، ص ٢٦-٢٨.

[4] مایکل م. گونتر: العامل الکوردی فی السیاسة الخارجیة الترکیة، ص٩٩-١٠٠.

٩ی ئۆکتۆبەری ساڵی١٩٨٠ لەگەڵ یەکێتی سۆڤییەت واژۆ کردبوو[١]، کە بەدوای خۆیدا (پ.ك.ك) لە پشگیری کردنی یەکێت سۆڤیەت بەهرەمەند کردبوو بۆ دژایەتیکردنی تورکیا، کە لایەنگری رۆژئاواو ئەمریکا بوو. سەرباری هەموو ئەمانە، ئەسەد دەیویست پێگەیەکی زاڵی لە ناوچەکەدا هەبێت، یەکێك لە لەمپەرەکانی ئەم سیاسەتەی تورکیا بوو، بۆیە (پ.ك.ك) لە دژی تورکیا وەك کارتی فشار بەکاردەهێنا. هەموو ئەم خاڵانە وایکردووە، کە ئۆجالان لەم بارەیەوە بڵێت: "ئێمە وەك هاوپەیمانێکی ستراتیجی سەیری سوریا دەکەین"[٢].

سوریا لە دەشتی بقاع[٣]، سەربازگەیەکی بۆ (پ.ك.ك) تەرخان کردبوون، کە ئەندامەکانیان خولی پەروەردەیی و مەشقی سەربازیان تیادا ئەنجام ئەدا. بۆ ئاگاداری کارەکانیان و چاودێریکردنیان، ئەسەد لە رێگای جەمیل ئەسەدی[٤]، برایەوە هێلێکی گەرمی

---

[١] ئەم رێکەوتنە لە ٩ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٠ لە نێوان ئەسەدو بریجنێف لە مۆسکۆ واژۆ کرابوو. ١٥ خاڵی لەخۆ گرتبوو، کە لە خاڵی یەکەمدا هاتبوو" هەردولا مکورن لەسەر گەشەسەندنو چەسپاندنی پەیوەندی هاورێیەتیو هاریکاری نێوان دەوڵەتو گەلی هەردوولادا لە بواری سیاسیو ئابووریو سەربازیو زانستی تەکنیکیو رۆشنبیریو بوارەکانی تر". معاهدة الصداقة والتعاون بين اتحاد الجمهوريات السوفياتية الاشتراكية والجمهورية العربية السورية. http://www.moqatel.com/

[٢] يوسف إبراهيم الجهماني: أوج آلآن، تركيا والأكراد، دار حوران، دمشق، د.ط. ص ٦٧.

[٣] دەشتێکی بەپیت کشتوکاڵییە دەکەوێتە نێوان چیاکانی خۆرهەڵاتو خۆرئاوای لوبنان، سوریا لە ساڵی ١٩٨٢ دەستی بەسەردا گرتبوو. گرنگترین پێگەی سەربازیو سیاسی سوریا بوو لە لوبنان. لە ساڵی ٢٠٠٥ سەرجەم سوپاکەی کشاندەوە. بقاع جێگای ململانێ سیاسیو سەربازییەکانی هێزە لوبنانیەکان بوو. هاوکات جێگای تیرۆرو تاوانکاری بوو. مارون حداد: البقاع خاصره سوريه الرخوه، http://www.aawsat.com/

[٤] جەمیل ئەسەد(١٩٣٣–٢٠٠٤) برای ناوەنجی حافز ئەسەدە، زۆر گرنگی بە سیاسەت نەداوە. لە ساڵی ١٩٧٣ بووە بە ئەندامی پەرلەمان. لە ساڵی ١٩٨١ کۆمەڵەی مورتەزای دامەزراندووە (جمعية المرتضى) کە کۆمەڵەیەکی مەزهەبی شیعە بووەو لە ناوچە سونییەکاندا چالاکیی نواندووە. لە کودەتا سەرنەکەوتووەکەی ١٩٨٤ی رەفعەت ئەسەد پشگیری رەفعەتی کردووە. بەهۆیەوە کۆمەڵەکەی داخراوە.

لە نێوان کۆشکی کۆماری سوریاو ئۆجالان دروستکردبوو[١]. هەرچەندە سوریا لە ناوخۆی وڵاتدا دژی مافە نەتەوەیی‌و سەرەتاییەکانی مرۆڤی کورد بوو بەڵام بێباك بوو لە یارمەتیدانی ئەم ڕێکخراوە کوردییە، چونکە بەهۆی ئەم پارتەوە وای کردبوو کە کوردی سوریا سەرقاڵی کێشەی کوردستانی باکور بن‌و بەم هۆیەشەوە خۆی لە کێشەی کوردەکانی سوریا رزگار کردبوو[٢]. هاوکات سوریا ترسی نەبوو لەوەی پرسی کورد لە تورکیا بەئەنجام بگات‌و کاریگەریی لەسەر ڕۆژئاوای کوردستان پەیدا بکات، چونکە لەوە دڵنیابوو، تورکیا لەبەرامبەر ئەم پرسەدا بەهیچ شێوەیەك سازش ناکات، هەموو ئەمانە وایان کرد سوریا پشتیوانی ئەم پارتە کوردیە بکات[٣].

لەگەڵ ئەوەی سوریا سودی لە (پ.ك.ك) وەردەگرت، هەمانکات سوریا سودی زۆر بوو بۆ (پ.ك.ك). ئەم پارتە لە خەباتیدا، دەوڵەتی سوریای کردبوو بە چەتری چالاکی سیاسی‌و سەربازی خۆی لە دژی تورکیا. سوریا جگە لەوەی لە ساڵی ١٩٧٨ بەدواوە، نشینگەو دەوڵەتی پەنابەری ئۆجالان بوو، هاوکات سوریا ڕێگای بە ئۆجالان دا بوو، کە ئۆردوگایەك بەناوی سەربازگەی مەعسوم کورکماز[٤]، لە ناوچەی بیقاعی لوبنانی بکات بە بنکەی

دواتر خەریکی کاری بازرگانی بووەو بەوە ناوبانگی دەرکردبوو کە باج‌و سەرانەی لە بازرگانەکانی سوریا لە دەرەوەی یاسا وەرگرتووە. من هو جميل الأسد ؟ http://syrianrevolution.org

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد ئەمین پێنجوێنی:١١/٣/٢٠١٠

[٢] کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەی کوردو هیوای سەربەخۆیی، بەرگی دووەم، وەرگێرانی لەفارسییەوە: ئەکرەمی میهرداد، سەنتەری چاپ‌و پەخشی نما، ٢٠٠٢. ل١٦٢.

[٣] خليل علي مراد: العلاقات السورية التركية في ضوء أزمة أوج ألان، تشرين الاول، أوكتوبر، ١٩٩٨، مجلة (أوراق تركية معاصرة)، مركز الدراسات التركية – جامعة موصل، عدد ١٦، ٢٠٠١، ل ٧٢.

[٤] سەربازگەی مەعسوم کورکماز گەورەترین سەربازگەی مەشق‌و ڕاهێنانی پەروەردەیی (پ.ك.ك) بوولە دۆڵی بقاع بوو لەژێر سایەی سوریا. ناوی ئەم سەربازگەیە لە یەکێك لە سەرکردەکانی (پ.ك.ك) وەرگیرابوو کە لە چالاکییەکی دژ بە تورکیا گیانی لەدەست دابوو لە ساڵی ١٩٨٦. ئەم سەربازگەیە بە فەرمی لە ساڵی ١٩٩٢ بە پێی ڕێکەوتنی سوریاو تورکیا داخرا. مایکڵ گەنتەر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٦

سەرەکی خۆی. جگە لەمە (پ.ک.ک) سودی لە سوریا وەرگرت بۆ نزیکبونەوە لە یەکێتی سۆڤیەتو پەیوەندییەکانی نێوان (پ.ک.ک)و یەکێتی سۆڤیەت بە هاندان یان لە رێگای سوریاوە بوو[1]. (پ.ک.ک) بە هۆی سوریاوە توانی خۆی رێکبخاتو کۆبونەوەو کۆنگرەی پارتەکەی لە سوریا ببەستێت. زیاتر لەمە، ئۆجالان هەندێك لە رۆژانی هەفتە، هاتوچۆی دیمەشقی دەکردو کاتەکانی لەوێ بەسەر دەبرد[2].

(پ.ک.ک) چەند سودی لە سوریا وەردەگرت، زۆرتر لەوە سودی لە کوردی سوریا وەردەگرت. دەتوانین بڵێین ئەم پارتە چالاکیەکانی نیمچە فەرمی بوو. نوسینگەی لە شارەکانی جەزیرەو قامشلیو دیرەكو حەلەبو عفرین هەبوو، رێکخستنی لەناو جوتیاری دێهاتەکانو کرێکاری شارەکان دامەزراندبوو. توانی بووی رۆژئاوای کوردستان وەك بنکەیەکی مرۆییو سەربازی بەکاربهێنێت. هەندێك سەرچاوە ژمارەی کوردەکانی رۆژئاوای کوردستان کە لە خەباتی (پ.ک.ک) دژی تورکیا، گیانیان لە دەست داوە یان بێسەرو شوێنن بە ٧٠٠٠–١٠,٠٠٠ دەخەملێنن[3]، هاوکات بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵگری تورکیا لە ساڵی ١٩٩٨، رێژەی کوردی رۆژئاوا لە سوپای (پ.ک.ک) ٢٥ ٪ بووە. کورد لە سوریا بە گەرمی بەدەم بانگەشەی (پ.ک.ک) دەچون، چونکە لە لایەك سوریا چاوپۆشی لە خزمەتی سەربازی ئەو کوردانە دەکرد کە دەبونە گەریلا لە سوپای رزگاریخوازی گەلی کوردستان ARGK[4]، لە لایەکی ترەوە، (پ.ک.ک) باسی لە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی دەکرد، ئەمە لە کاتێکدا، پارتە کوردییەکانی سوریا داواکانیان لە چوارچێوەی مافی ئۆتۆنۆمیو رۆشنبیریدا سنوردار

---

[1] کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەی کوردو هیوای سەربەخۆیی. ل١٦١

[2] مایکل م. گونتر: العامل الکوردی فی السیاسة الخارجیة الترکیة، ص ١٠٠.

[3] Jordi Tejel: op. cit. P 76

[4] ئەم سوپایە باڵی سەربازی (پ.ك.ك) بوو لە کۆنگرەی سێیەمی ئەم پارتە دامەزرا لە ساڵی ١٩٨٦. لە دوای ساڵی ١٩٩٩ ناوەکەی گۆردرا بۆ هێزی پاراستنی گەل HPG. http://www.hezenparastin.com. غازی کمبل: المصدر السابق.

کردبوو[١]. هەموو ئەم کارانە (پ.ك.ك) بە تەواوەتی جێگای ڕەزامەندی سوریا نەبوو بەتایبەت ڕێگری دەکرد لەوەی کوردێکی سوریا بچێتە سەرکردایەتی (پ.ك.ك)، هەروەها ماوە ماوە، هەڵمەتی دەسگیرکردنی بۆ سەر ئەندامە چالاکەکانی کوردی سوریا لەناو ئەم پارتە دەستپێیدەکرد، بۆیە (پ.ك.ك)، زۆرینەی ئەندامە باڵاکانی ڕۆژئاوای کوردستانی ڕەوانەی دەرەوەی سوریا دەکرد، هەر ئەمەش بوو، کە زۆرینەی سەرکردەکانی (پ.ك.ك) لە ئەورووپا، کوردی ڕۆژئاوای کوردستان بوون[٢].

بوونی (پ.ك.ك) لە سوریا بارێکی ئەرێنیو لە هەمان کاتدا بارێکی نەرێنی هەبوو. لە ڕووی ئەرێنییەوە (پ.ك.ك)و ڕێکخستنەکانی، یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی بەدەستهێنانی چەند کورسییەکی پەرلەمانی بوو بۆ کورد لە ساڵی١٩٩٠دا، کە بە ئاشکرا بانگەشەی بۆ کاندیدەکان دەکرد تا خەڵك دەنگیان پێبدات[٣]. لە لایەکی ترەوە (پ.ك.ك) ڕۆڵی گرنگی بینی لە بەتینکردنی هەستی نەتەوایەتی لە سوریا. ڕەنگەکانی ئاڵای کوردی بوون بە ڕەنگی بۆنەو ئاهەنگە نەتەوەییو کۆمەڵایەتیەکان. هەروەها کرانەوەی سوریا بەرووی (پ.ك.ك) هەلێك بوو بۆ ڕۆشنبیرەکان ڕەخسا کە لە سایەیدا توانیان کۆمەڵێك ڕۆژنامەو گۆڤار دەربکەنو بە ئاشکرا شانازی بە کورد بوونی خۆیانەوە بکەن. لەوانە گۆڤاری گورزێك گوڵ(١٩٨٩-١٩٩٢)، زانین(١٩٩١-١٩٩٧)، ئاسۆ(١٩٩٢)، پێرس(١٩٩٣)، هەڤاڵ(١٩٩٣)، دیلاڤ(١٩٩٥)، خوێندەڤان(١٩٩٥). پارتو ڕەوتە سیاسیەکانیش ڕۆژنامەی نهێنیان دەرکرد لەوانە: ستێر(١٩٨٣-١٩٩٥) خوناڤ(١٩٨٦-١٩٩٥) ڕۆژ(١٩٩١) دەنگ(١٩٩٥)، نەورۆز (١٩٩٥). لەگەڵ ئەمانەشدا نوسەرە کوردەکان لە نەوەدەکاندا ١١١ کتێبیان بە چاپ گەیاند لە کاتێکدا لە حەفتاکان تەنها ئەمە، جگە لەوەی لە زانکۆی حەڵەبیش بڵاوکراوە نهێنیە کوردیەکان زۆر بوون[٤].

---

[1]Ismet Chériff Vanly: op. cit. P 78. [1] Jordi Tejel: op. cit. P 77-78.

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد ئەمین پێنجوێنی: ٢٠١٠/٣/١١

[3] Ismet Chériff Vanly: op. cit. P 133.

4 Jordi Tejel: op. cit. P 106-107.

دیوە نەرێنییەکەی (پ.ک.ک) لە رۆژئاوا ئەوە بوو، کە پێگەی سیاسی پارتە کوردیەکانی لاواز کرد، چونکە بە چالاکبوونی (پ.ک.ک) ئەنداماندو جەماوەری ئەمانی کەمکردەوە. لە راستیشدا (پ.ک.ک) لە ناوخۆی سوریادا بەربەرەکانی دەکردنو نەك هەر ئەوە بەڵکو رێگریدەکردن کە لە کۆنگرە کوردیەکانی ئەوروپا بەشداری بکەن. لە هەموو ئەمانە گرنگتر پرسیاری رەچەڵەکی کورد بوو لە سوریا کە لە لایەن (پ.ک.ک) باسدەکراو گومانێکی گەورەی بۆ کوردی رۆژئاوای کوردستان دروست کردبوو بەوەی کە ئۆجالان دەیگووت کوردی سوریا زۆرینەیان سوری رەسەن نین[1].

ئۆجالان لەم بارەیەوە دەیووت: "زۆرینەی کوردی سوریا لە کوردستانی باکورەوە هاتون. هەندێك دەڵێن کوردستانی سوریا، ئەم وتەیە بابەتی نییەو چەمکێکی ورد نیە، راستر ئەوەیە بلێین کوردەکانی سوریا. ئەوانە لە دەستی زۆرداری عوسمانیەکانو کۆماری تورکیاو لە بەرئەنجامی بەشداریکردنیان لە راپەرینەکانی، کە لە کوردستان هەڵگیرساوە، هەڵهاتوون. من هەندێك توێژینەوەم کردووو بۆم دەرکەوتووە کە زۆرینەیان لە کوردستانی باکورەوە هاتون، هەندێکیان دەگەرێنەوە بۆ پێنج سەد ساڵو هەندێکی تریان پێش دووسەد ساڵ..... هیچ بوارێك نیە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە سوریا، بۆ نموونە ناتوانین دەوڵەتی کوردی لە عەفرین دامەزرێنین، لە بنەرەتیشدا کێشەی سوریا لەگەڵ کورد نییە بەڵکو لەگەڵ تورکیایە. بەرای من زۆینەی لایەنەکانی کێشەی کورد لە رێگای سوریاوە چارەسەر دەکرێن، ئەگەر هەر دەوڵتێکی کوردی دامەزرا، ئەوا گەورەترین فدراڵی لە فراوانترین بەشی تورکیا دروست دەبێت، لەو کاتەدا ئەو هەرەشانەی، کە لە تورکیاوە بەرەو رووی سوریا دەبێتەوە، دەوستێت. ئەوەی سەیری کوردستانیش بکات، دەبینێت بەربەستێکە لە باکورەوە بۆ پاراستنی سوریا.....سەبارەت بە قەباری کوردی سوریا، ئەوا ٥٪ کەمترنو لە سەردەمی ئەیوبیەکانەوە لە باکوورەوە هاتوون. من پێیان ئەڵێم ئەگەر دەوڵەتیان دەوێت با روو بکەنە باکوور"[2].

---

[1] غازي كمبل: المصدر السابق.

[2] يوسف إبراهيم الجهماني: المصدر السابق، ص ٦٦- ٦٧.

ئەم هەڵوێستەی ئۆجالان وایکردبوو پارتو رێکخراوە کوردییەکانی کوردستانی رۆژئاوا، روانینێکی خراپییان لە بەرامبەر چالاکی (پ.ک.ک) لە سوریا بۆ پەیدا ببێت. چونکە جگە لەوەی نیشانەی پرسیاری دانا بوو لەسەر بوونو مێژووی ئەوان، هاوکات شەرعیەتی کاری سیاسی تاوەکو کارێری رێکخراوەیی لە سوریا لێسەندبوونەوە. لە بەرامبەردا سوریا سودی گەورەی لەم بارودۆخە وەرگرتبوو یەکەم بەم هۆیەوە کۆنترۆڵکردنی رێکخراوە کوردییەکانی بۆ ماوەیەکی زۆر کردبوو. دووەم کوردی سوریای بە قسەوباسی رەسەنایەتیو مێژوو، رۆڵیان لە سوریا سەرقاڵ کردبوو، سێیەم کوردی سەرگەردان کردبوو لە نێوان خەباتکردن لە پێناو باکور یان رۆژئاوای کوردستان[1].

لە کۆتایی ئەم تەوەرەیەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە ساڵانی نەوەدەکان بۆ رۆژئاوای کوردستان تێکەڵەیەك بووە لە خەباتی نەتەوەیی تایبەت بە رۆژئاوای کوردستانو خەباتی (پ.ك.ك) لە باکووری کوردستان. دەوڵەتی سوریا لە پێناو سود وەرگرتن لە (پ.ك.ك) لە ململانێی لەگەڵ تورکیادا چاوپۆشی لە چالاکیی ئەم رێکخراوە کردووە. بە دیوێکی تردا لەبەر ئەوەی (پ.ك.ك) رێکخراوێکی ناوچەیی بوو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆیە کوردستانی رۆژئاوای سەرقاڵ کردبوو بە کێشەی کورد لە هەرێمی کوردستانو باکووری کوردستان. ئەمەش یەکێك لە هۆکارە گرنگەکان بوو بۆ دانەبرانی کوردی سوریا لەگەڵ کوردی پارچەکانی تری کوردستاندا.

---

[1] عقيل سعيد محفوض:: المصدر السابق، ص٢٩٢-٢٩٣.

تەوەری چوارەم
پەیوەندییەکانی نێوان سوریاو هەرێمی کوردستان

پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و سوریا بە دوو هێڵ بەیەك دەگەیشتن. هێڵی یەکەم بەرهەلستکارانی عێراقی بوو هێڵی دووەم خودی هەرێمەکە بوو وەك جوگرافیایەکی سیاسی. لەم تەوەرەیەدا باس لە هەریەك لەم دوو بابەتە دەکرێت.

یەکەم: پەیوەندی نێوان سوریاو بەرهەڵستکاران عێراقی

لە دوای کودەتای ساڵی ١٩٦٨ی بەعسیەکان لە عێراق، رۆژ لە دوای رۆژ حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی مەوداکانی ئازادی بەرتەسك دەکردەوە، ئەم بارودۆخە بە تەنها بۆ پارتە عێراقیە نابەعسیەکان نەبوو، بەڵکو بۆ ئەو رەوتە بەرهەڵسکاریەش بوو، کە بە باڵی چەپ لە ناو پارتەکەدا ناسرابوون. ئەم بارە نوێیە تەریب بوو بە تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان سوریاو حزبی بەعس لە سەرەتای حەفتاکاندا، کە بەشێکی ئەو تێکچوونە پەیوەندیی بە دووکەرتبوونی حزبی بەعس هەبوو بەسەر سوریاو عێراقدا. لێرەوە ئەو بەعسییە عێراقیانەی کە لە ترسی دکتاتۆری رەوتی راسترەوی دەسەڵاتدار هەڵدەهاتن، هاوکات ئەو کەسایەتی و پارتە نەتەوەییانەی عێراق، کە بواری کاکردنیان بۆ نەمابوو، سوریایان هەڵبژارد وەك دەوڵەتی پەناگە، سوریاش لای خۆیەوە پێشوازی لێدەکردن[1].

[1] علي الشمراني: صراع الاضداد المعارضة العراقية بعد حرب الخليج، دار الحكمة ،لندن، ٢٠٠٣، ص ٤٨-٤٩

لەگەڵ هەڵهاتنی عەرەبە نەتەوەییەکاندا، بەشێك لە سەرکردە کوردەکان هەر لە سەرەتای حەفتاکانەوە لە سوریا نیشتەجێ بوو بوون. لە دوای هەرەسی شۆرشی ئەیلول لە دیمەشقەوە گروپێك لەوانە بە سەرکردایەتی تاڵەبانی (ی.ن.ك)یان وەك پارتێکی کوردی عێراقی دامەزرا لە ٢٢ی مایۆی ١٩٧٥. ئیدی لێرەوە دەرگای دیمەشق بەرەو رووی پارتە کوردییە هەمە جۆرەکان کرایەوەو نوسینگەیان لە دیمەشق کردەوە. دوابەدوای ئەم باڵە سیاسیانەو دروست دوای یەکەمین جەنگی کەنداو لە ساڵی ١٩٨٠دا، پارتە ئیسلامیە شیعەکان، کە لە لایەن ئێران پشگیری دەکران، نوسینگەیان لە دیمەشق کردەوە. لەم سۆنگەیەوە دیمەشق تەنها نەبوو بە جێگای کۆکردنەوەی پارتە بەرهەڵستکارە عێراقییەکان، بەڵکو هەولی ئەدا کە رێکیان بخات و بە ئاراستەی روخاندن یان دژایەتیکردنی عێراق جوڵەیان پێبکات. هەر لەم پێناوەشدا رۆڵێکی گرنگی بینی لە دروستکردنی بەرەیەك بە ناوی بەرەی جوقد "الجبهة الوطنية الديمقراطية الديمقراطية" لە ساڵی ١٩٨١[١].

ئەم هەولانەی سوریا لە یەکەمین جەنگی کەنداو ئامانجی خۆی نەپێکا، بەلام بالادەستی سوریای بەسەر بەرهەڵستکارانی عێراقی سەپاند. ئەوە بوو لە دوای داگیرکردنی کوەیت لە لایەن عێراقەوە لە ئۆگستۆسی ١٩٩٠، دووبارە سوریاو ئێران کەوتنە خۆ لەپێناوی سەپاندنی دەسەلاتی خۆیان بەسەر بەرهەڵسکاراندا ئەمەش لە پێناوی دارشتنی عێراقی دوای سەددام حسین بوو[٢]. بەلام ئەم کارەی سوریاو ئێران هەروا ئاسان نەبوو، چونکە بەرهەڵسکارانی عێراقی بەسەر بیروباوەرو بۆچونی نەتەوەیی و مەزهەبی جیاواز دابەش بوو بوون، کە وایکردبوو هەر لایەنێك لە دوو بەرە لەشەردا بێت بەرەی یەکەمیان لە دژی رژێمی بەغداد، ئەویتریان لە دژی یەکتر، یان وەك نوسەرێك دەڵێت بەرهەڵسکاران هەمویان لەیەك سەنگەر بوون بەلام ئاراستەی لولەی تفەنگەکانیان جیاواز بوو[٣].

---

[١] عزيز قادر الصمانجي: قطار المعارضة العراقية من بيروت ١٩٩١ الى بغداد، ٢٠٠٣، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٩، ص٥١.

[٢] علي الشمراني: المصدر السابق، ص ١٩٣

[٣] عزيز قادر الصمانجي: قطار المعارضة العراقية ، ص٢٠٩-٢١٠

پێگەی سەرکردایەتی پارتە کوردیو شیعەکان لە ئێران بوو، بەلام ئێران خالی کۆکەرەوەی بەرهەڵستکاران نەبوو ئەمەش بەهۆی جەنگی هەشت ساڵەی ئێرانو عێراق، کە وایکردبوو کە هەندێك لە بەرهەڵستکاران بە تایبەت عەرەبە نەتەوەییەکان، سوریا هەڵبژێرن لە بری ئێران وەك دەوڵەتی خانەخوێی کۆبونەوەکان. ئەوە بوو لە دیمەشقەوە لیژنەی کاری هاوبەش (لجنة العمل المشترك) لە ٢٧ی دیسەمبەری ١٩٩٠راگەیەنرا ، کە پێك هاتبوو لە حەڤدە پارتو لایەنی جیاوازی عێراقی، شەش پارتی کوردی بەشداریان کرد کە (ی.ن.ك)، (پ.د.ك)، پارتی گەلی کوردستان، (ح.س.ك)، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانو حزبی شیوعی کوردستان بوون. ئەم لیژنەیە ئەمینداریتییەکی هەبوو کە پێنج لایەن سەرپەرشتییان دەکرد، ئەوانیش بریتی بوون لە بەرەی کوردستانیو حزبی بەعس (بالی چەپ، کە نزیك بوون لە سوریا)و حزبی دەعوەی ئیسلامی[1] و (ئ.ب.ش.ئ.ع)و حزبی شیوعی عێراقی بوون. کاری لیژنەکە راستەوخۆ لە لایەن جێگری سەرك کۆماری سوریا عەبدولحەلیم خەدام[2]، سەرپەرشتی دەکرا، کە دەتوانین بڵێین ئەم کەسایەتییە فایلی بەرهەڵستکارانی عێراقی لەئەستۆ گرتبوو[3].

---

[1] ئەم پارتە لە ساڵی ١٩٥٠ لە نەجەف لە سەر دەستی پیاوانی ئاینی شیعە بە سەرکردایەتی ئایەتوڵلا موحسن ئەلحەکیم دامەزراوە. دواتر محەمەد باقر ئەلسەدر سەرکردایەتی ئەو پارتەی گرتە دەستو بوو بە پارتێکی جەماوەری لە باشوری عێراق. ئەم پارتە لەسەر دەستی بەعسیەکان لە دوای ساڵی ١٩٦٨ توشی داپلۆسین بونەوە لە ناویشیاندا محەمەد باقر ئەلسەدر، کە لە ساڵی ١٩٨٠ لە سێدارە درا. لیام ئەندەرسنو گاریس ستانسفیلد: ئایندەی عێراق، دکتاتۆری، دیموکراسی یان دابەشبوون، و: کامیار سابیرو دڵشاد حەمە، چاپخانەی رەنج، ٢٠٠٧. ل ل١٩٩-٢٠٤.

[2] لە ساڵی ١٩٣٢ لە بانیاس لەدایك بووە.دەرچوی کۆلیجی مافە لە دیمەشق. لە ساڵی ١٩٤٩ پەیوەندی بە حزبی بەعس کردووە. لە ساڵی چەندین پۆستی وەزارەتی وەرگرتووە. لە ساڵی ١٩٨٤ بووە بە جێگری سەرۆك کۆمار. ئەم کەسایەتییە بەرپرسی مەلەفی لوبنان بوو لە ساڵی ١٩٧٥-١٩٩٠و رۆڵی گرنگی بینیوە لە کۆتایی هێنان بە جەنگی ناوخۆی ئەو دەوڵەتە. خەدام لە ساڵی ٢٠٠٥ وەك نارەزاییەك لە سیاسەتی بەشار ئەسەد جیابونەوەی خۆی لە رژێمی سوریا راگەیاندو لە فەرەنسا نیشتەجێیە.
http://www.aljazeera.net

[3] علی الشمرانی: المصدر السابق، ص ص ١٩٢-١٩٣.

سوریاو ئێران وەك دوو دەوڵەتی ناوچەیی دەیانویست کۆنگرەکانی بەرهەڵستکاران بۆ خۆیان رام بکەن، بەڵام ئەم بارە جێگای نارەزایی سعودیە بوو وەك دەوڵەتێکی عەرەبی سوننە مەزهەبو هاوپەیمانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا. بۆیە لەژێر فشاری سعودیەدا دوو لایەنی تر بۆ لیژنەکە زیاد کرا، کە بزوتنەوەی وفاقی نیشتمانی عێراقیو ئەنجومەنی عێراقی ئازاد بوو بۆیە لیژنەکە ناونرا لیژنەی (٥+٢)[1].ئینجا بۆ دروستکردنی بالآنسێك لە نێولان سوریاو ئێران لە لایەكو سعودیە لە لایەکی تر بریار درا، کۆنگرەی داهاتوو لە بەیروت بێت. ئەوە بوو بە پشگیری مادی سعودیەو بە پارێزگاری ئاسایشی سوریا لە بەیروت لە ١٠ی مارس ی ١٩٩١ کۆنگرەیەکی تر بەسترا، کە لیژنەی بالآی هاوبەش بە سەرپەرشتی سوریا بالآدەستی خۆی نواندو لە کۆتایدا بریار لەسەر پشتگیریکردنی راپەرینی عێراقو یەکریزی بەرهەڵسکارانی عێراقیو بەستنی کۆنگرەی تر کرا[2].

بۆ دورخستنەوەی ململانێ ناوچەییەکان لە بریارەکانی کۆنگرە، بەرهەڵسکاران بریاریاندا ڤییەنای پایتەختی نەمسا بکەنە سێیەمین وێستگەی کۆبونەوەکانیانو لە ١٦-١٩ی مایۆی ١٩٩٢، لەسەر ئەرکی ئەمریکا کۆنگرە بەسترا. گرفتی سەرەکی بەردەم کۆنگرەکە بریتی بوو لە مافی چارەی خۆنوسین، کە کورد پشگیری دەکردو عەرەبەکان بە تەواوی بیروبۆچونە جیاوازییەکانیانەوە نکۆڵیان لێدەکرد. ئەوە بوو تاڵەبانی وەك چارەسەرێکی ناوەند چەمکی (مافی چارەنوسی بەبێ جیابونەوە) بۆ گەلی کورد پێشنیار کردو هەموولا لەسەری رێکەوتن. ئەم خاڵە جێگای نارەزایی سوریاو نەتەوەییەکان بوو. بۆیە کاتێك کۆنگرەی سەلاحەدین لە هاوینەهەواری پیرمام لە هەرێمی تازە رزگارکراوی کوردستان، بە ناوی کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی یەکگرتوو لە ٢٧-٣١ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢ بەسترا. ئەم کۆنگرەیە لە کاتێکدا بەسترا، کە ماوەیەکی کەم بوو ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بریاری فدراڵی دابوو بۆیە دوای چەندین دانیشتنی زۆر، رایانگەیاند، کە کۆنگرە رێز لە ئیرادەی گەلی کورد دەگرێت و

---

[1] عزيز قادر الصمانجي: قطار المعارضة العراقية ، ص ص ٦٧-٧١

[2] الحرب على العراق، يوميات-وثائق-تقارير، ١٩٩٠-٢٠٠٥، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت ٢٠٠٧، ص٤٩٤-٤٩٥

فدراڵیەتی بەستەوە بە رووخانی رژێمو دانانی دەستور کە یەکێتیی خاکو خەڵکو سەروەری عێراق بپارێزێت. هەرچەندە هێزە بەرهەڵستکارە کوردییەکان تەواو ئەم راگەیاندنەیان لا پەسەند نەبوو، چونکە هەوڵەکانیان لەو پێناوەدا بوو کە لەبری وشەی رێز (احترام) وشە بریارو دانپێدانان (یقر ویعترف) دابنرێت، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون[1].

سوریا دەیزانی، کە کۆنگرەی سەلاحەدینو ڤیەننا بە پشگیریو بەشداریو رێکخستنی ئەمریکا بوو، ئەمە وەك سەرکەوتنی پرۆژەی پرۆژەی ئەمریکا وابوو بەسەر پرۆژەی سوریادا، بۆیە بانگهێشتی عەرەبە نەتەوەییەکانی کرد، کە بەشداری کۆنگرەی سەلاحەدین نەکەن، لێرەدا پانزە پارتی نەتەوەیی بایکۆتی کۆنگرەی سەلاحەدینیان کرد کە هەشت پارت لەوانە، بنکەی سەرەکیان لە دیمەشق بوو، هۆکاری ئەمەشیان گێرایەوە بۆ پرۆژەی فدرالی کە بە رای ئەوان عێراق دابەش دەکاتو خزمەتی پرۆژەی ئەمریکا لە عێراق دەکات[2]. دوای ئەم بایکۆتە، بە سەرپەرشتی سوریا لە دیمەشق، عەرەبە نەتەوەییەکان کۆبونەوەیەکیان لە ١٤-١٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢ بەست. لە کۆتایدا بەیانێکیان دەرکرد بە بێ ئاماژەدان بۆ کۆنگرەی سەلاحەدینو بریارەکانی ئەو کۆنگرەیە. بەم هەڵوێستە بەرهەڵستکارانی عێراقی بوون بە دوو بەش، بەشی زۆرینە، کە بەشداربوانی کۆبونەوەی سەلاحەدین بوون، ئەمانە دەتوانین بڵێین، نوێنەرانی شیعەو کورد بوون. بەشی دووەم، کە کەمینە بوون نەتەوەییەکانو نوێنەرانی سوننە بوونو لە بەشداربوانی کۆبونەوەی دیمەشق بوو. سوریا لای خۆیەوە وەك نارەزاییەك بە رامبەر کۆنگرەی سەلاحەدینو وەك پشتگیرییەك بۆ کۆنگرەی دیمەشق، سنووری خۆی لەگەڵ هەرێمی کوردستان داخست[3].

---

[1] عزیز قادر الصمانجي: قطار المعارضة العراقية ، ص١٢٠،ص ١٤١

[2] علي الشمراني: المصدر السابق: ص ص ٢٦١-٢٦٢.

[3] عزيز قادر الصامانجي: قطار المعارضة العراقية ص١٥١ص ١٥٧

ئەوەی جارێکی تر سوریای لە ناو گۆرەپانی بەرهەڵستکاران چالاککردەوە ، پرۆژەکەی مەلیك حسینی[1]، پادشای ئەردەن بوو. مەلیك حسین لە ١٦ی سێپتەمبەری ١٩٩٥ پرۆژەی فدراڵی بۆ عێراق پێشنیار کرد کە عێراق سی هەرێمی فدراڵی کوردی سونی شیعە لەخۆ بگرێت. ئەم پرۆژیە سەرکەوتن بوو بۆ هەرێمی کوردستان، چونکە بۆ یەکەمجار پرۆژەی فدراڵی لە عێراق، پشگیری دەوڵەتێکی عەرەبی ناوچەیی وەك ئەردەنی بەدەستهێنا. بۆ ئەم مەبەستە مەلیك حسین ئامادەیی ماددیو مەعنەوەی خۆی پیشاندا بۆ ئەوەی بەرهەڵستکاران نوسینگەی خۆیان لە عەممان بکەنەوەو لەوێوە راوێژی خۆیان لەسەر ئەو پرسە بکەن[2].

سوریا بە توندی دژایەتی ئەم پرۆژەیەی کرد، چونکە پێی وابوو ئەمە دورخستنەوەی سوریایە لە نەخشەی سیاسی عێراقو ناوچەکەو بالآدەستبونی هەژموونی ئەردەنو ئەمریکایە وەك دوو دەوڵەتی هاوپەیمانی لە داهاتووی عێراقدا. لە راستیشدا ئەمریکا رایگەیاند، کە " هەردوو سەرۆك (حسینو کلنتۆن) رێکەوتون لەسەر بەردەوام بوون لەسەر پشگیری بەرهەڵسکارانی عێراق لە ناوخۆدا"[3]. هاوکات دەزگای هەوالگری ئەمریکا (CIA)، پرۆژەی چالاکی سەربازیو کودەتای سەربازی لە بەهاری ١٩٩٥ بۆ روخانی رژێم هەبوو[4]. هەروەها ئەم پێشنیارە هاوکاتی هەڵهاتنی ئامۆزای سەدام حسینو بەرپرسی گاردی کۆماری حسین کامل بوو لە ٩ی ئۆگستۆسی ١٩٩٥، کە ئەمریکا چاوەروانی زانیاریی

---

[1] لە ساڵی ١٩٣٥ لە عەممان لەدایك بووە. خوێندنی لە بریتانیا تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٥٢ بووە بە پادشای ئەردەن. بەوە ناسراو بوو کە دژی بزوتنەوە شۆرشگێرییە توندرەوەکانی عەرەب بوو. لە ساڵی ١٩٩٤ رێکەوتنامەی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل واژۆ کرد وەك دوومین دەوڵەت دوای میسر دانی بە ئیسرائیلدا نا. دوای مردنی خۆی مەلیك عەبدولای کوری جێگای گرتەوە. http://www.aljazeera.net

[2] : أندرو كوكبورن و باتريك كوكبورن:صدام من تحت الرماد، ولادة صدام حسين من جديد، ترجمة :علي عباس، دار المنظر، بيروت،٢٠٠٠. ص ص٣١٠-٣١٨

[3] عزيز قادر الصامانجي: قطار المعارضة العراقية ،ص ٢٢٧-٢٣٤،

[4] للمزيد من معلومات انظر: كاظم حبيب: المأساة والمهزلة في العراق اليوم، الخراب السياسي والاقتصادي والاجتماعي في العراق، برلين، ١٩٩٨،ص ص١٢٥-١٢٨

چەکە کۆمەڵکوژییەکانی رژێمی بەغدادی لێدەکرد[1]، هەموو ئەمانە وایکرد ترسی سوریا لە ئایندەی ئەو هێزانەی داهاتووی عێراق دەگرنە دەست، هەبێت. ئەمە وایکرد سوریا چالاکییان لە سوریادا سنوردار بکاتو بلاوکراوەکانیان قەدەغە بکات[2].

بۆ سەرنەخستنی ئەم پرۆژەیەو بۆ ئاشتکردنەوەی بەرهەڵستکاران لەگەڵ سوریاو دورخستنەوەیان لە ئەردەن، دیمەشق جارێکی تر بوو بە وێستگەی بەرهەلستکارانو بە بەشداری ١١ پارتی ئیسلامیو کوردیو نەتەوەیی کۆنگرەیەك بەسترا لە ٢٣ی مارتی ١٩٩٦، کە دواتر بەیانێکیان دەرکرد، کە باسی فدراڵی بە هیچ شێوەیەك تیادا نەکرابوو[3].

هەرچەندە ئەردەن بە راگەیەندراوێك وەلامی سوریای دایەوە بەوەی کە کۆنگرەی بەرهەڵسکاران لە سوریا هیچ ئەنجامێك نابێت، چونکە بەرهەڵسکاران خۆشیان دەزانن، کە گۆڕان لە رێگای سوریاوە زۆر سنورداره، هاوکات لەگەڵ ئەمەدا خۆی لە ناکۆکیەکانی بەرهەڵستکاران بەدوورخستو لە ١٩ئەپریلی١٩٩٦ ئەوەی ئاشکرا کرد، کە "ئەردەن رازی نابێت خۆی بکاتە شوێنی ناکۆکی بەرهەلسکارانی عێراق"، لە لایەکیتر عێراق لە رێگای هەناردەکردنی نەوتەکەیەوە لە رێگای خاکی ئەردەنەوەو بە پێی بریاری ٩٨٦، توانی ئەردەن وا لێبکات دەستبەردای پرۆژەی فدراڵی ببێت، پەیوەندیەکانی نێوان عێراقو ئەردەن بەرەو باش بوون بچێت.

بەرهەڵستکارانی عێراقی چالاکیان لە دۆخی وەستاندا بوو تا ئەو کاتەی کۆنگرێسی ئەمریکا بریاری روخاندنی رژێمی بەغدادی دا. دوای ئەمە لە ٢٩ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٩ لە شاری

---

[1] فەریقی یەکەم حسین کامل کوری ئامۆزای سەدام حسین بوو، هەروەها لەگەڵ براکەیدا سەدام کامل، زاوای سەدام حسین بون، بەرەو ئەردەن هەڵهاتنو بانگەشەی ئەوەیان کرد، کە هەڵگری زانیاری وردن لەسەر چەکی کۆمەڵکوژی لە عێراق، بەلام کاتێك دەرکەوت کە زانیاریەکان سەرەتاینو بۆیە جێگای گرنگییپێدانی جیهانی دەرەوە نەبوو، ئەمە وایکرد بریاری گەرانەوە بۆ عێراق بداتوو دواتر لە ٢٤ی فەبرایری ١٩٩٦ لە لایەن بنەماڵەی سەدام حسینەوە کوژران. بۆ زانیاری زیاتر بروانە: أندرو کوکبورن و باتریك کوکبورن:المصدر السابق: ص ص٣٢١-٣٤٦.

[2] منذر الموصلي: القضية الكردية في العراق البعث والاكراد، دار المختار، دمشق، ٢٠٠٠، ص ٣٦٠.

[3] عزيز قادر الصامانچي: قطار المعارضة العراقية، ص ٢٣٦.

نیۆرك بە پشتیوانی ئەمریکا کۆنگرەی نویَ بەستراو پرۆژەی فیدراڵی دیموکراتی بۆ داهاتوی عێراق گەڵاڵە بوو. هەڵوێستی سوریا بێدەنگی بوو لە ئاست ئەو کۆنگرەیە چونکە بە ئاشکرا ئەمریکا پشگیری دەکردو هێزە هەوادارەکانی خۆی سەرپشك کرد لە بەشداری یان بەشداری نەکردن لەو کۆنگرەیە. دوای پێنج رۆژ لە تەواوبونی کۆنگرەکە، بەرهەڵستکاران بە تایبەت (ی.ن.ك)و ئەنجومەنی باڵای شۆرشی ئیسلامی عێراق، شاندێکیان پێکهێناو پەیوەندییان بە سوریاو ئێران کرد بۆ رەوینەوەی ترسی ئەو دوو دەوڵەتە لەو پرۆژەیە[1].

دەتوانین بڵێین رۆڵی سوریا لەسەر ئۆپۆزسیۆن تا ساڵی ١٩٩٩گەورە بوو، بەڵام چەند هۆکارێك رۆڵەکەی بچوك کردەوە، لەوانە: رێکەوتنی واشنتنی نێوان (پ.د.ك)و (ی.ن.ك)، کە دەستێوەردانی ناوچەیی لە هەرێمی کوردستان کەم کردەوە. دووەم: سەرپەرشتی کردنی بەرهەڵستکارانی عێراقی لە لایەن ئەمریکاوەو دەرهێنانی ئەو کارتە لە دەست سوریا. سێیەم: مردنی ئەسەد بوو کە وەك کاریزما بوو لە رۆژهەڵاتی ناوەراست کە بەشاری کوری نەیتوانی ئەو رۆڵە بگێرێت. دواخاڵو گرنگترینیان بریتی بوو لە بیَ هیوابونی سوریا لە بەرهەڵستکاران بە تایبەت دوای بەرزکردنەوەی دروشمی فدراڵیو دیموکراتی بۆ عێراق. بۆیە دەبینین لە کۆنگرەکانی داهاتوی بەرهەڵستکاران لە لە ندەن لە ١٤-١٧ی دیسەمبەری ٢٠٠١، لە سەلاحەدین ٨ی سێپتەمبەری ٢٠٠٢ ، سوریا لە هاوکێشەکاندا بوونو رۆڵی بەرچاوی نەبوو.

دووەم: پەیوەندییەکانی سوریا لەگەڵ هەرێمەکەدا

پەیوەندییەکانی نێوان سوریاو هەرێمی کوردستان لە دووەمین جەنگی کەنداوەوە سەرچاوەی گرت، کە سوریا لە میانەی ئەم جەنگەدا سەرپەرشتی لیژنەی کاری هاوبەشی دەکرد، کاتێك، کە راپەرین سەری هەڵداو بە دوایدا کۆرەو دەستی پێکرد، هێزە کوردییەکان بە بیَ گەرانەوە بۆ لیژنەی کاری هاوبەش، کە ئامانجی رووخانی رژێمی سەدام بوو، لەگەڵ ئەو رژێمە هێزە کوردییەکان کەوتنە گفتوگۆ، کە ئەمەش پێچەوانەی ئامانجی لیژنەی کاری

[1] الانصات المركزي، ١٩٩٩/١١/٢٢

هاوبەش بوو کە لە پێناویدا دامەزرا بوو. بۆیە ئەم لیژنەیە لە ٣ی یۆلیۆی ١٩٩١ بە سەرپەرشتی سوریا داوای راگرتنی دانوستانەکانی کرد[١].

بە شکستی گفتوگۆکانی نێوان کوردو بەغداد، سەرکردایەتیی کورد نامەی ئاراستەی لیژنەی کاری هاوبەش کرد بۆ بەستنی کۆنگرە لە هەرێمی کوردستانی تازە[٢]. هاوکات لە سەر داوای سوریا شاندێکی بەرەی کوردستانی گەیشتە سوریا. ئامانجی ئەم شاندە کردنەوە رێگای بازرگانی نێوان هەرێمو سوریا بوو هەروەها بانگهێشتکردنی بەرهەڵستکاران بۆ بەستنی کۆنگرە لە هەرێمی کوردستان، بە مەرجی ئەوەی کۆنگرە پشگیری داواکانی کورد بکاتو هەڵوێستی روونو ئاشکرا بێت لە ئاستی داخوازیەکانی کورددا بێت[٣].

دوای کۆبونەوەکانی بەیروتو ڤییەنا، بەرهەڵستکاران کۆبونەوەیەکی گرنگیان لە خاکی هەرێمی کوردستاندا بەست کە هاودەمی راگەیاندنی فدراڵی بوو لە لایەن پەرلەمانی کوردستان. ئەوەبوو بیری فدرالیزم باڵی بەسەر کۆنگرەکەدا کێشا، کە ئەمەش پێچەوانەی پرۆژەی سوریو لیژنەی کاری هاوبەش بوو، کە دەیویست وەك نەتەوەیەك لە سنوری عێراقو لە چوارچێوەی بەیاننامەی ١١مارتی ١٩٧٠، مامەڵە لەگەڵ کورددا بکات ، نەك وەك هەرێمێکی جوگرافی فدراڵی بە ناوی کوردستانو لە دەرەوەی دەسەلاتی بەغداد. چونکە پێشبینی لیژنەی کاری هاوبەش بۆ داهاتوی عێراق لەو کاتەدا بە شێوەیەك بوو کە رژێمی عێراق لە میانی ئەو جەنگەدا دەروخێتو دوا بەدوای ئەوە رژێمێکی نوێ دادەمەزرێت، کە کورد تیایدا بە پێی بەیاننامەی ١١ی مارتی ١٩٧٠ مافی ئۆتۆنۆمی پیادە دەکەن. سەبارەت بە پرسی کورد لە بەیانی لیژنەی هاوبەشداو لە خاڵی چوارەم لە داواکارییەکان هاتبوو کە "جیاوازی رەگوزی نەمێنێت، لابردنی پاشماوەی سیاسیو دیمۆگرافییای دانیشتوانی ناوچەی کوردستانی عێراق کە بۆ گۆرینی پێکهاتەی نەتەوەیو مێژووی کوردستان درابوو. هەروەها چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، مافی نەتەوەیو

---

١ الحرب على العراق، ٤٦٧.

٢ حامد شريف الحمداني: المصدر السابق، ص ص ٢٢٨-٢٢٩

٣ رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢)، ١٩٩٢/١/٢٧.

سیاسی رەوای خۆیان پێبدرێت لە چوارچێوەی جێبەجێکردن و گەشەپێدانی بەندەکانی رێکەوتنامەی ئازاری ١٩٧٠، کە گەلی عێراق پەسەندی کردووە لە سنوری یەکێتی عێراقدا"[١].

ئەوەی روویدا ئەوە بوو، کە رژێمی بەغداد مایەوەو کورد سەربەخۆ فدراڵیەتی لە هەرێمێکی جوگرافیی تایبەت بە خۆی راگەیاند، ئەمەش لە دەرەوەی پێشبینی سوریادا بوو. لە لایەکی تر خودی کۆبونەوەکە لە هەرێمەکەدا، کە ئەمریکا پاسەوانی ئاسمانەکەی دەکرد بۆ سورییەکان جێگای نیگەران و مەترسی بوو. بۆیە خاڵی جیاوازیی نێوان کوردو سوریا لێرەوە دەستی پێکرد.

هەرچەندە بارزانی لە کۆتایی ئۆگستۆسی ١٩٩٢ سەردانی دیمەشقی کرد[٢]، هەروەها تاڵەبانی لە ناوەراستی فەبرایری ١٩٩٢ چووە سوریاو راگەیاند: "نامەیەکی نوسراو زارەکی، لە بارزانییەوە بۆ ئەسەد هێناوە بۆ ئەوەی ساردی نێوانمان نەمێنێت "[٣]. ئەم لێدوانەی تاڵەبانی بە ئاشکرا دەرخەری ساردی پەیوەندییەکانی هەرێمە. دواتر لە لێدوانێکی تردا تاڵەبانی هۆی ساردی نێوان سوریای گێرایەوە بۆ کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆن، کە لە پێکهاتەی سەرۆکایەتی و ئەنجومەنی راپەراندن نارازی بوون بە تایبەت نەبونی قەومیەکان لە ئەنجومەنی راپەراندندا[٤]. بە پێی ژمارەکانی کوردستانی نوێ لە ١٩ی فەبرایری ١٩٩٣-٤ی مارتی ١٩٩٣ خەدام و تاڵەبانی شەش جار کۆبونەوەیان کردووە. تەوەری سەرەکی گفتوگۆکانیش، پەیداکردنی تێگەیشتنێك بووە لە نێوان دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان و سوریا، هەروەها داواکاری هەرێمی کوردستان بووە بۆ کردنەوەی سنور لەگەڵ سوریا. بۆ هەمان مەبەست شاندێکی (ی.ن.ك)و (پ.د.ك)، کە حەسەن کوێستانی و فازل میرانی نوێنەرایەتییان کردووە لەسەر سنوری سوریا لەگەڵ عەمید محەمەد مەنسور، بە مەبەستی

---

[١] حامد شريف الحمداني: المصدر السابق، ص ٢٠٠-٢٠١

[٢] رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٧٥). ٢٦/ ١٩٩٢/٨.

[٣] رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٣١٩). ١٦/٢/ ١٩٩٣

[٤] رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٣٢٢). ١٩/٢/١٩٩٣

پرسی هاتوچۆی بازرگانی نێوان هەردولا کۆبوونەوە[1]، بەلاّم دەتوانین بڵێین، تا سەرەتای ساڵی ١٩٩٦ سنوری نێوان سوریاو هەرێمی کوردستان بارێکی ئاسایی کرانەوەی بخۆوە نەبینی.

پەیوەندییەکانی سوریا لەگەڵ (پ.د.ك) لەژێر کاریگەریی روداوە مێژووییەکاندا بوو. کە بۆ شۆرشی ئەیلول دەگەرایەوە کاتێك (پ.د.ك) سەرکردایەتی ئەو شۆرشەی لە ساڵانی (١٩٦١–١٩٧٥)کرد. لە سەرەتادا ئەم پەیوەندیانە لە بارێکی ئاڵۆزدا بوو، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ پەرەسەندنی بیری نەتەوەیی توندرەوەی عەرەبی لە سوریا، کە وەك داردەستی بێگانە لە بزوتنەوەی کوردی دەروانی‌و چالاکبوونی بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردی لە عێراق وەك هەرەشەیەك بۆ سەر سوریای دادەنا، ئەویش بەهۆی بونی ژمارەیەکی بەرچاوی کورد لە سوریادا. لە راستیشدا کارلێکی نەتەوایەتی کوردی لە نێوان سوریاو عێراق، کاریگەر بوو. هۆکاری ئەو کارلێکە خێرایە، جگە لەوەی پەیوەندیی بە هەلومەرجی سیاسی ئەوکاتەوە بووە، هاوکات باری تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی‌و خێڵەکی کورد لەسەر سنورەکان هۆکارێکی گەورەی کارتێکردن‌و تێکەڵبونی کێشەی کوردە لەهەردوو بەری عێراق‌و سوریادا. میران‌و حەسەنانلی کە دوو خێڵی شوانکارەن‌و بازرگانی مەرومالاّت لە نێوان سێ سنوری (عێراق–سوریا–تورکیا) دەکەن، هۆکارێکی گرنگی تێکەڵبونی کوردی ئەو سێ دەوڵەتەن[2].

لە ژێر تین‌وتاوی (پ.د.ك) لە عێراق، پارتی دیموکراتی کوردستان ناسراو بە (پارتی) لە سوریا لە ١٤ی مایۆی ١٩٥٧ دامەزرا[3]، هەروەها لە ئەنجامی کەرتبوونی (پ.د.ك) لە ساڵی ١٩٦٤لە عێراق ،بە دوای خۆیدا لە ئۆگستۆسی ١٩٦٥، کەرتبوونی (پارتی) لە سوریا گرتەوە، دواتریش لە بەرئەنجامی یەکبوونی (پ.د.ك) لە عێراق، لە ساڵی ١٩٧٠) بە دوایدا (پارتی) کۆنفرانسی یەکگرتنەوەی هەردوو باڵەکە لە باشووری کوردستان دەکات. سوریا بۆ رێگرتن

---

[1] رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٤٤٥) ١٩٩٣/٧/٢٦

[2] عمار شريف كاظم العظماوي : المصدر السابق، ص٤٢.

[3] علی صالح میرانی: المصدر السابق، ص ٤٤.

لە شالآوی بیری کوردایەتی، بە تایبەت لە دوای سەرهەڵدانی شۆرشی ١٤ی یۆلیۆی ١٩٥٨ لە عێراق، کاری پارتایەتی لە ناوخۆی سوریادا لە کورد قەدەغە کرد، بۆیە (پارتی) دەستی کرد بە کاری نهێنی[١]. هەر لەم خاڵەدا نەوەستا، بەلکو لە دوای کودەتای ٨ی فەبرایری ١٩٦٣ لەسەر دەستی نەتەوەیی و بەعسییە توندرەوەکان لە عێراق، هاوکات لە سوریا هەمان، لە ٨ی مارتی ١٩٦٣ رەوت کودەتایان کرد ، بۆیە لە کاتێك عێراق پلانی دیجلەی دانا بۆ کەلەکۆمێ لە شۆرشی ئەیلول، سوریا هێزێکی سەربازی نارده عێراق بە مەبەستی هاریکاری سوپای عێراق لە سەرکوتکردنی شۆرشی کورد[٢]. لە ناوخۆشدا پرۆژەی محەمەد تەلەب هیلال بۆ تواندنەوەی کورد لە ناو نەتەوەی عەرەب لە سوریا، گرنگترین بەهانەی ئەوە بوو، کە (پ.د.ك) لە باشوری کوردستانەوە لە رێگای کورد لە سوریا، پلان دژی سوریاو نەتەوەی عەرەب دادەرێژن[٣].

دەتوانین بڵێین پەیوەندییەکانی سوریا لەگەڵ (پ.د.ك) لە میانەی شۆرشی ئەیلول، پەیوەندییەکی باش نەبووەو بەم شێوازەش مایەوە تا کۆتایی حەفتاکان. لە دوای سەرهەڵدانی شۆرشی گەلانی ئێران، ئیدریس بارزانی لە ساڵی ١٩٧٩ سەردانی دیمەشقی کردو مۆڵەتی کردنەوەی نوسینگەی لە سوریا وەرگرت. ئەمەش وەك کرانەوەی سوریا بوو بە رووی (پ.د.ك). چەند هۆکاریك لەپشت ئەم کرانەوەیە بوو، لە گرنگترینیان تێکچونی پەیوەندییەکانی نێوان عێراقو سوریا بوو لەسەر سەرکردایەتیکردنی نیشتمانی عەرەبی. ئەوە بوو سوریا دەیویست سود لە نەیارەکانی عێراق وەربگرێت بۆ لاوازکردنی ئەو دەوڵەتە. هاوکات (پ.د.ك) بە سەرهەڵدانی شۆرشی ئیسلامی ئێران، سانسۆری چالاکی لەسەر لاچوو کە محەمەد رەزا شای ئێران بەهۆی رێکەوتنامەی جەزائیر لە ساڵی ١٩٧٥دا بەسەریدا سەپاندبوون، بۆیە بە نەمانی رژێمی شاهانە لە ئێران، (پ.د.ك) ئەم هەلەی قۆستەوە بۆ

---

[١] لازاریڤو ئەوانی تر: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٨-١٣٠

[٢] علی کریم سعید: عراق ٨ی شباط١٩٦٣- من حوار المفاهیم الی حوار الدم، مراجعات فی ذاکرة طالب شبیب، دمشق، ١٩٩٩، ل٢٥٧-٢٥٨.

[٣] انظر الملحقات للکاتب: محمد طلب هلال، مصدر سابق، ص١١٣-١٤٧

ئاسایی کدرنەوەی پەیوەندی لەگەڵ سوریا. دواجار سوریا ئەوەی دەزانی، کە (پ.د.ك) پارتێکی جەماوەری بەرفراوانە نەك لە باشووری کوردستان، بەڵکو لەناو کوردی ناوخۆی سوریاشدا پێگەو سەنگی تایبەتی هەیە، بەجۆرێك وێنەی مستەفا بارزانی لە چەندین ماڵی سوریادا هەڵدەواسرا. هەروەها پشتگیریکردنی سوریا بۆ (پ.د.ك) لە هەموو پارتێکی کوردی باشوری کوردستان باشتر بوو، چونکە ناوچەی هەژمونی (پ.د.ك) لە باشوری کوردستان هاو سنووری سوریا بوو[1]. هەر لەم خاڵەوە دەتوانین ئەو راستییەمان بۆ روون بێتەوە، کە یەکێك لەو هۆکارانەی کە سوریا پشگیری (بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی دیموکراتی) ناسراو بە (جوقد)ی کرد لە ساڵی ١٩٨١، گرنگی بە(بەرەی نیشتمانی دیموکراتی) ناسراو بە بەرەی (جود) نەدا ، بەشداری (پ.د.ك) بوو لە بەرەی یەکەمدا[2].

پەیوەندییەکانی سوریا لەگەڵ (پ.د.ك) لە دوای دروستبوونی حومەتی هەرێم جارێکی تر کەوتەوە گرژیو ئاڵۆزی بە رێژەیەك سنوری سوریا لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە ساڵی (١٩٩٢-١٩٩٦) داخرا بوو. ئەم بارە نوێیە دەگەرێتەوە بۆ چەند هۆکارێك لەوانە راگەیاندنی فدراڵی لە لایەن هەرێمی کوردستان، هەروەها ئەم پارتە لە نەوەدەکان بەدواوە لەدەرەوەی سیاسەتی سوریاو لە بازنەی سیاسەتی تورکیا بوو لە ناوچەکەدا، لە لایەکی تر (پ.د.ك) نەیاری (پ.ك.ك) بوو، کە سوریا پشتیوانی لێدەکرد. ئەم ئاڵۆزییە لە پەیوەندییەکان، کاریگەرییەکەی بەرچاوی بەسەر (پ.د.ك) هەبوو، چونکە ناوچەی دەسەڵاتی (پ.د.ك) بەریەککەوتنی سنوریی لەگەڵ سوریادا هەبوو، ئەمە وایدەکرد، ئاڵۆزیی لە پەیوەندییەکان نەك بە تەنها کاریگەریی سیاسی بەڵکو کاریگەری ئابووریو کۆمەڵایەتیشی بەسەر دەسەڵاتی (پ.د.ك) هەبێت. لەم بارەیەوە بارزانی لە وەڵامی رۆژنامەی (السفیر) لوبنانی هەڵوێستی سوریا بەرامبەر هەرێمی کوردستان بە نیمچە نەرێنی (شبە سلبی) باس دەکات. هەروەها دەڵێت: ئێمە پەیوەندیەکانمان لە گەڵ سوریادا پەیوەندییەکی برایەتیو هاورێیەتییە......لە

[1] Jordi Tejel: op. cit. P72

[2] لازاریڤو ئەوانی تر: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٦.

روی سیاسیەوە رەخنە لە هەڵوێستی سوریا دەگرین، ئێمە چاوەڕێی ئەوەمان لە سوریا دەکرد کە بچێتە ناوەرۆکی بابەتەکان نەك دورەپەرێز خۆی رابگرێت"[1].

سوریا لە سالآنی (١٩٩٢–١٩٩٤) هەڵوێستی دورە پەرێزی لە بەرامبەر هەرێمی کوردستان پیادە کرد بە بێ دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی هەرێمەکە. بەلآم ئەوەی سوریای دوبارە لە هەرێمی کوردستان نزیکردەوە شەری نێوان (پ.ك.ك)و (پ.د.ك)بوو لە ساڵی ١٩٩٥. خواستی سوریا لە هەرێمی کوردستان ئەوە بوو، (پ.ك.ك) لە هەرێمەکەدا بە هێز بێت تا بەر بە فراوانخوازیو هەژموونی تورکیا لە ناوچەکەدا بگرێت. هەر ئەم خاڵە وا دەکات، کاتێك، کە شەری نێوان (پ.ك.ك)و (پ.د.ك) بەتین تر بوو، ئەسەد بانگهێشتنامەیەکی پێشکەشی (پ.د.ك) دەکات لە ٢٥ی ئەپریلی ١٩٩٦، بارزانی لە وەلآمی ئەم بانگهێشتەدا سەردانی سوریای کرد. لەو سەردانەدا چاوی بە ئەسەد کەوتو گرنگترین تەوەرەکانی گفتوگۆکەش بریتی بوو لە ئاسایی کردنەوی پەیوەندیەکانو کردنەوەی سنوری نێوان هەردولاو هەر لە میانەی سەردانەکەدا بە فەرمان ئەسەد سنوری نێوان هەردولا کرایەوە. بارزانی لە سوریا چاوی کەوتبوو بە سیاسیو ناودارە کوردەکانی سوریاو لە ناویشیاندا سکرتێری پارتە کوردییەکان. لە گەرانەوەیدا لە شاری قامشلی گوتارێکی دا لە ناو جەماوەرێکی بەرفراوانی ئەو شارە، کە ئەوە یەکەم جار بوو سەرکردەیەکی باشور لە سوریاو لە ناوچە کوردییەکان ئەو چالاکیە بکات[2]. دوا بەدوای ئەو سەردانە ئەندامی مەکتەبی سیاسی (پ.د.ك)و سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بە هەمان رێگەدا لە ئەوروپاوە گەرایەوە کوردستانو رایگەیان یەکجارە دەوڵەتێکی ناوچەیی لە ئاستی بەرزدا پێشوازیان لێکردبێت. هەر لەو سەردانەدا جەوهەر نامق[3]، لە قامشلی لەگەڵ سەرکردە کوردییەکانی سوریا دانیشتبون[1].

---

[1] جريدة "السفير" ١٩٨٤/٨/٢

[2] رۆژنامەی برایەتی، ژمارە (٢١٦٦) ٢٦/٤/ ١٩٩٦. (٢١٦٨)، ١٩٩٦/٥/١٥.

[3] جەوهەر نامق (١٩٤٦–٢٠١١) لە قەزای کەلار لەدایك بووە. خاوەنی بروانامەی بەکالوریوس بووە لە زانستی ئابوری لە زانکۆی موستەنسرییە لە بەغداد. ئەندامی (پ.د.ك) بووە. لە ساڵی (١٩٧٥–

دوای ئەم سەردانە پەیوەندییەکانی نێوان سوریاو (پ.د.ک) چووە باری ئاسایی بوونەوەو کێشەی فدراڵی و بەرهەڵستکارانی تێپەراند، چونکە بە بەرپا بوونی جەنگی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان، سوریا ترسی دابەشبونی عێراقی نەما بوو. هەروەها بەرهەڵستکارانی عێراقی لە ماوەی شەش ساڵی کاری هاوبەشدا (١٩٩٠-١٩٩٦) نەیانتوانی ببنە هەرەشەی مەترسیدار بۆ عێراق، بۆیە سوریا لە پشتگیریکردنیان ساردی پێوە دیار بوو لە بەرامبەریشدا پەیوەندییەکانی سوریاو عێراق گەرموگوریی بەخۆوە بینی بوو. لە لایەکی ترەوە یەکێك لە خاڵە گرنگەکانی ئەم سەردانە بریتی بوو لە بەرقەراربونی ئاشتی لە نێوان (پ.د.ک)و (پ.ك.ك). بەڕای ئەسەد بە ڕێکەوتنی نێوان ئەم دوو لایەنە تورکیا بەهانەی لەشکرکێشی لە هەرێمی کوردستان لەدەستدا.

هەوڵەکانی ئەسەد بۆ ئاسیکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان (پ.د.ک)و (پ.ك.ك) شکستی هێنا، ئەمەش دوای ئەوەی لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٧ شەری نێوان ئەو دوو لایەنەی پێشوو دەستی پێکردەوە. هاوکات، شەری ناو بە ناوی نێوان (پ.د.ك) و (پ.ك.ك) کاریگەری هەبوو لەسەر کەمکردنەوەی جەماوەری (پ.د.ك)و سەرکردایەتیی بارزانی لە ناو خێڵە کوردییەکانی کوردستانی رۆژئاواو هەندێکیش لە خێڵەکان بە تەواوی لە (پ.د.ك) هەڵگەرانەوەوپشگیری (پ.ك.ك) یان کرد، لەوانە خێڵی میران. خێڵی حەسەنانلیش وەك چۆن بەسەر تورکیاو سوریاو عێراق دابەش بوون ئاوهاش لایەنگریان بۆ (پ.د.ك)و (پ.ك.ك) دابەش بوو[2]. بە دیوێکی تریشدا پەیوەندیەکانی سوریا لەگەڵ (ی.ن.ك) بەرەو باشی دەرۆیشت.

مێژووی پەیوەندییەکانی نێوان سوریاو (ی.ن.ك) تایبەتمەندیی خۆی هەبوو، ئەم تایبەتمەندییەش بریتییە لەوەی کە (ی.ن.ك) بۆ یەکەمجار لە سوریا پێکهاتو هەر لەوێوە

١٩٧٩) بەرپرسی ناوچەی بادینان بووە. لە ساڵی (١٩٩٢-١٩٩٩) سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بووە. لە ساڵی (١٩٩٩-٢٠٠٣) سکرتێری گشتی مەکتەبی سیاسی بووە.
http://www.radionawxo.org

[1] رۆژنامەی برایەتی، ژمارە (٢١٧٦) . ١٥/٧/ ١٩٩٦

[2] Jordi Tejel: op. cit. P76

یەکەمین بەیاننامەی راگەیاندنی خۆی لە ٢٢ی مایۆی ١٩٧٥ بڵاو کردەوەو یەکەمین گروپی پارتیزانیش، کە لە سوریاوە پەڕینەوە عێراق لە ١ی یۆنیۆی ١٩٧٦ کرا بە خاڵی دەسپێکی راگەیاندنی شۆرشی چەکداری (ی.ن.ك) دژی عێراق[١]. لێرەوە دەردەکەوێت، کە سوریا پشگیری سیاسیو سەربازی (ی.ن.ك)ی وەك یەکەمین پارت دوای شکستی شۆرشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥ کرد. هەر لەم بارەیەشەوە تاڵەبانی لە باسی سوریادا بەردەوام سوپاسیان دەکات کە لە و کاتانەی بزوتنەوەی کوردی لە یارمەتییە ناوچەییو نێودەوڵەتییەکان بێبەش کراوە، سوریا پشگیری ئەو بزوتنەوەیەی کردووە[٢]. بۆیە بەدەر لەوەی، کە سوریا ئامانجی لە یارمەتیدانی بزوتنەوەی کوردی، لاوازکردنی دەوڵەتی عێراقی بوو، بەلام بە پشگیری کردنی (ی.ن.ك) لە لایەن سوریاوە، بزوتنەوی کوردی لە باشوری کوردستانی لە گەمارۆی عێراقو ئێرانو تورکیا رزگار کرد، کە لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٥-١٩٧٩) بەسەریدا سەپابوو.

(ی.ن.ك) باشترین پەیوەندی ناوچەییان لەگەڵ سوریا بوو، بەلام ئەم باشییە لە پەیوەندییەکان بەرزو نزمی تێدەکەوتو دیارترین ئەو خاڵە جیاوازانە لە هەشتاکاندا بریتی بوو لە بەشداریکردنی (ی.ن.ك) لە بەرەی نیشتمانی نەتەوەی دیموکراتی، کە بە (جوقد)ناسرا بوو ، نەك لە بەرەی (جود) کە سوریا پشگیری دەکرد. لە نەوەدەکاندا بە هەمان شێوە خاڵی جیاواز هەبوو، سوریا بە دانوستانی نێوان بزوتنەوەی کوردیو رژێمی بەغداد نارازی بووە. هەروەها بە بەشدار بوونی هێزە کوردییەکان بە گشتیو (ی.ن.ك) بە تایبەتی، لە کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی (INC) لا پەسەند نەبوو. تاڵەبانی لە دوای کۆبونەوە لەگەڵ خەدام وتی : هاورا نین لەگەڵ سوریا، چونکە فدراڵی یەکێتی عێراق بەتین تر دەکات[٣].

---

١ سوزان إبراهيم حاجي أمين: التجربة الديمقراطية في كوردستان العراق، اطروحة دكتوراه غير منشورة،كلية القانون والعلوم السياسية ، الأكاديمية العربية في الدنمارك، ، ٢٠١١، ص١١٧.

٢ صلاح برواری: المصدر السابق، ص ص ٣٤٠-٣٤١

٣ رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە، (٧٧٤). ١٩٩٣/٢/١٩.

تاڵەبانی لە بارەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سوریادا لە سەرەتای شەری ناوخۆدا دەڵێت:" پەیوەندیەکانمان لەگەڵ سوریادا زۆر باشە بە تایبەت لەگەڵ سەرۆك ئەسەددا. ئێمە باوەرمان وایە کە لە سوریادا کێشەیەکی کوردی گرگرتوو نییە. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە دان بە کورد لە سوریادا نانێین، بەڵام کوردەکان لە سوریا لە ناوچەی جیاوازو دور لەیەك دەژین، لە سوریا خاکی کوردستانی دیاریکراوی بەیەکەوە بەستراو نییە. هاولاتی کوردی هەیە، کە خاوەنی مافی رۆشنبیرین. پارتە کوردییەکانی سوریا، داوای ناسنامە یان خوێندن بە کوردی ناکەن. ئێمە لە پەیوەندیمان لەگەڵ سوریا لەگەڵ (پ.د.ك) هاوراین.... سوریا لای خۆیەوە دەسوەردانی لە کاروباری ناوخۆماندا نەکردووە"[1].

هەرچەندە پەیوەندییەکانی (ی.ن.ك)و سوریا لە رێکەوتی دروستبوونیەوە تا جەنگی ناوخۆ، لە ئاستێکی باشدا بەرێوە دەچوو، بەڵام هیچ لایەکیان نەیاندەتوانی لەرووی پراکتیکییەوە سودی لێببینن ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ نەبوونی سنوری هاوبەش لە نێوان دەوڵەتی سوریاو ناوچەی هەژمونی (ی.ن.ك). هەر بۆیە ئەوەی تێبینی دەکرێت، وێرای هەڵوێستی توندی سوریا بەرامبەر هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەم هەڵوێستە کاریگەری نەبوو لەسەر ساردبوونەوەی پەیوەننديەکانی نێوان سوریاو (ی.ن.ك)، تاڵەبانی چەند جارێك چووە دیمەشق و لەوێوە دەچووە دەوڵەتانی رۆژئاواو پاشان دەگەرایەوە دیمەشق و کاتێك رۆژنامەنوسان پرسیاری هەڵویستی سوریان لێدەکرد لە وەڵامدا زۆر بە سانایی دەیوت " ئەوەل لە شام و ئاخریش هەر لەشامین"[2].

هەڵوێستەکانی سوریا لە شەری ناوخۆدا بەرامبەر بە (ی.ن.ك) نەرێنی بوو هاوکات نزیکبوونەوە بوو لە (پ.د.ك). ئەمەش بۆ دوو هۆکار دەگەرێتەوە. یەکەمیان ئەوە بوو، کە (ی.ن.ك) پشتگیری دوو پرۆژەی ئەمریکی کرد، کە پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی سوریا بوو، بەڵام (پ.د.ك) دورە پەرێز بوو لەو پرۆژانە، ئەمە وایکرد سیاسەتی سوریا زیاتر لەگەڵ (پ.د.ك) یەکانگیر ببێت. پرۆژەی یەکەمی ئەمریکا بریتی بوو لە بەشداریکردنی (ی.ن.ك) لە

---

[1] جريدة "السفير" ١٩٩٤/٨/٣٠

[2] رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٤١٦). ١٩٩٣/٦/١٨

پاڵ (کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی) لە پلانێکی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا بۆ رووخانی رژێمی عێراق، لە کاتێکدا (پ.د.ك) لەم پلانەدا خۆی کشاندەوەو بەشداری نەکرد[1]. پرۆژەی دووەمی بریتی بوو لە پرۆژەی فدراڵی مەلیك حسین، کە ئەمریکا پاڵپشتی لێدەکردو (ی.ن.ك) زۆر بە گەرمی پێشوازی لە پرۆژەی فدراڵی مەلیك حسین کرد، بەلآم (پ.د.ك) لە سەر زمانی بارزانی رایگەیاند کە ئاگاداری وردودرشی ئەو پرۆژەیە نین، هەر بۆیە رای خۆیانی لەسەر نادەن[2].

دوومین هۆکار کە وایکرد پەیوەندییەکانی سوریاو (ی.ن.ك) لاواز بێت، بریتی بوو لەوەی، کە تاڵەبانی دەیویست سوریا لایەنگری (ی.ن.ك) بکات لە شەری ناوخۆداو سوریا ئەمەی رەتدەکردەوە. هەموو ئەمانە وایکرد، کە پەیوەندییەکانی سوریا لەگەڵ (ی.ن.ك) لاواز بێتو تاڵەبانی لە ماوەی نێوان سالآنی (١٩٩٥-١٩٩٦) سەردانی سوریا نەکات[3]. بەرای ئێمە سوریا نەیدەویست لەو جەنگەدا بەشداری بکات، چونکە هیچ لایەنێکیان بۆ سوریا دژ نەبوون. هاوکات پاڵنەری سەرەکی ئێرانو تورکیا بۆ بەشداریکردن لەو جەنگە، دژایەتی کردنی هێزە بەرهەڵستکارە کوردییەکانی خۆیان بوو لە هەرێمدا، لە کاتێکدا سوریا بەرهەڵستکاری چەکداریی کوردی لە هەرێمدا نەبوو. خاڵێکی تر سوریا توانای سەربازیو ئابوری بۆ دەستوەردان لە هەرێمی کوردستان نەبوو. هەروەها سوریا بە هۆی دەستێوەردانەوە باجی بەرزاییەکانی جۆلانی دابوو هاوکات بەشێکی زۆری سوپاکەی بە هۆی دەسوەردان لە لوبنانەوە سەرقاڵ بوو بوون. دوا خاڵ ئەوە بوو، کە هەرێمی کوردستان قولآییەکی عەرەبی بۆ سوریا نەبوو وەك ئەوەی لوبنان هەیبوو. بۆیە دەتوانین بلێین دەسوەردانی سوریا لە جەنگی ناوخۆی هەرێمەکە، زۆر لاوەکیو تەنها لە رێگای بەرژەوەندییەکانی سوریا بوو لەگەڵ (پ.ك.ك) .

---

[1] أندرو كوكبورن و باتريك كوكبورن: المصدر السابق، ص ٣١٦-٣١٧

[2] رۆژنامەی برایەتی، ژمارە (٢١٦٨)، ١٩٩٦/٥/١٥.

[3] الانصات المركزي، نشرة خبرية معلوماتية يومية ، العدد، (٩٦٢). ١٩٩/٧/٩

لە دوا ساڵی شەڕی ناوخۆدا هەڵوێستی سوریا گۆڕانی بەسەردا هاتو جارێکی تر (ی.ن.ك)و سوریا لەیەکتر نزیکبونەوە، ئەوەی ئەم نزیبیەکەی دروست کرد بریتی بوو لە جێبەجێکردنی پشتێنەی ئاسایش لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٧ لە لایەن تورکیاوە. سوریا ئەمەی بە پێشێل کاریو داگیرکردنی خاکی دەوڵەتێکی عەرەبی لەقەڵم داو بە هەرەشەیەکی تورکی ئسرائیلی بۆ سەر دەوڵەتە عەرەبیەکان ناوبرد[١].

هەر بۆ ئەم مەبەستە تاڵەبانی لە ساڵی ١٩٩٧سەردانی دیمەشقی کرد، دوا بەدوای ئەو شاندێکی پارتە لایەنگرەکانی (ی.ن.ك) لە جەنگی ناوخۆدا چوونە دیمەشق لە ٨ی ئۆگستۆسی ١٩٩٧، لەگەڵ جێگری سەرۆك کۆمار عەبدولحەلیم خەددام کۆبونەوەو باس لە هەرێمی کوردستانو یەك هەڵوێستی ناوچەیی بۆ دژایەتیکردنی پشتێنەی ئاسایشی تورکیا کرابوو[٢]. دوای ئەم سەردانانە، هەماهەنگییەکی تەواو پەیدا بوو لە نێوان (پ.ك.ك)و (ی.ن.ك) لە جەنگی ناوخۆداو هەر ئەمەش وا دەکات، تورکیا راستەوخۆ بۆ پشتیوانی کردنی (پ.د.ك) بەشداری جەنگ بکات[٣]. پاشانیش لەچوارچێوەی ئەم هێرشەی تورکیا لەهەرێمی کوردستان، سوپا (٩) گەریلای (پ.ك.ك)ی خستە بەرچاوی ڕاگەیاندن، کە هەڵگری ناسنامەی سوری بوون[٤]. هەموو ئەمانە وادەکات، کە بڵێین، سوریا لە کۆتاییەکانی جەنگی ناوخۆداو لە رێگای (پ.ك.ك) بەشداری شەری ناوخۆی هەرێمی کوردستانی کرد. بە رای ئێمە لێرەوە تورکیا دەستی کرد بە فشاری سیاسیو سەربازی بۆ سەر سوریا، کە رێکەوتنامەی ئەدەنەی لە ساڵی ١٩٩٨ لێکەوتەوەو بەپێی رێکەوتنەکە، سوریا (پ.ك.ك) لە خاکی خۆیدا دەرکرد.

خاڵی سەرەکی لە پەیوەندییەکانی نێوان سوریاو هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ١٩٩٨ەوە، بە بەردەوامی لەسەر پرسی داهاتووی عێراق بوو. لە دوای رێکەوتنامەی واشنتنو

---

١ عایدةعلی سري الدین: دول المثلث بين فكي الكماشة ، ص٢٥٤

٢ المصدر نفسة : ص٢٦٧

٣ بۆ زانیاری زیاتر بروانە: هێرش عەبدوڵڵا حەمە کەریم: سەرچاوەی پێشوو، ل.ل ١٣٠-١٣١

٤ عایدة علی سرالدین: دول مثلث بين فكی كماشة، ص٢٦٥ .

بڕیاری ئازادکردن عێراق لە لایەن کۆنگرێسی ئەمریکاوە، پرسی دابەشبوی عێراق ترسی لای سورییەکان پەیدا کرد. نەك هەر ئەوە بەڵکو لە یەکێك لە ڕۆژنامە بەربڵاوەکانی ئیتاڵیا بە ناوی (میساجیرو) لە کانونی یەکەمی ١٩٩٨دا، وتارێکی بڵاو کردەوە لە سەر پلانی ئەمریکا بۆ بەهێزکردنی هەرێمی کوردستان و گۆڕینی نەخشەی ناوچەکە، ئەمە یەکێك لە هۆکارەکانی نزیك بونەوەی سوریا بوو لەگەڵ هەریەك لە تورکیاو عێراق لە دوای ساڵی ١٩٩٨. لەم بارەیەوە وەزیری دەرەوەی سوریا، فاروق ئەلشەرع[١] وتی: "دەوڵەتەکەی ئامادەیە بوەستێتەوە لەبەردەم پلانی ئەمریکا بۆ دابەشکردنی عێراق"[٢]. ئەم گومانەی سوریا بەرەو زیاد بوون ڕۆیشت، کاتێك بەرهەڵستکارانی عێراقی لە دیسەمبەری ١٩٩٩دا لە نیۆرك کۆنگرەی خۆیان بەست. بۆ رەوینەوەی ترسی سوریا، نوێنەری (ی.ن.ك) لە دیمەشق، دانا ئەحمەد مەجید بە هاوڕێیەتی بەیان جەبر وەك نوێنەری ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی، هەوڵەکانیان خستە گەڕ لە پێناوی دڵنیاکردنەوی سەرکردە سورییەکان بەوەی کە ئامانجی کۆنگرەی نیۆرك بریتی نییە لە پلانی ئەمریکا بۆ هەڵوەشاندنەوی عێراق[٣].

بارزانی و تاڵەبانی گرنگییەکی زۆریان بە پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ سوریای دوای حافز ئەسەددا. وێڕای ئەوەی هەردووکیان بەشداری مەراسیمی ناشتنی حافز ئەسەدیان کرد لە مایۆی ٢٠٠٠دا[٤]، بەڵام دوای ئەوە هەریەك بەجیا دووبارە سەردانی دیمەشقیان کرد بۆ

---

[١] لە ساڵی ١٩٣٧ لە پارێزگای درعا لەدایك بووە.دەرچوی بەشی زمانی ئنگلیزیە لە زانکۆی دیمشق لە ساڵی ١٩٦٣. نوێنەری ولاتەکەی بووە لە ئیتالیا لە سالانی (١٩٧٦-١٩٨٠). پاشان بووە بە وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەکی لە سالانی (١٩٨٠-١٩٨٤). لە ساڵی (١٩٨٤-٢٠٠٦) بووە بە وەزیری دەرەوەی سوریا. ئێستا جێگری سەرۆك کۆمارە. http://www.zaidal.com

[٢] مجموعة باحثين روس وعرب: المصدر السابق، ص١٤٨

[٣] الانصات المركزى، نشره خبريه معلوماتيه يوميه ، العدد، ١٩٩٩/١١/٢٢

[٤] الانصات المركزى، نشرة خبرية معلوماتية يومية ، العدد، (١٦٠٢) ١٢/ ٦/ ٢٠٠٠

بەتینکردنی پەیوەندییەکانیان لە گەڵ سوریا بە سەرکردایەتی بەشار ئەسەد. تاڵەبانی لە ١٧ی یۆلیۆی ٢٠٠٠[١]، هەروەها بارزانی لە نۆڤەمبەری ٢٠٠٠دا گەیشتنە سوریا[٢].

لەگەڵ مێژوییەکی دورو درێژ لە پەیوەندیی نێوان سوریاو پارتە کوردییەکان، بەلاّم سوریا هەمیشە دوو دڵ بوو لە هەڵوێستی ئەم پارتانە. (ی.ن.ك)و (پ.د.ك) ئەگەر چی لە چۆنییەتی پەیوەندییان لەگەڵ تورکیاو ئێراندا هەڵوێستو بۆچونیان جیاواز بوو بەلاّم لەگەڵ سوریادا بە تایبەت لە دوای ساڵی ١٩٩٨ هاو هەڵوێست بوون. لە کاتێکدا هێشتا ئەو دوو پارتە لە ناوخۆدا قۆناغی ململانێی نەشەر نەئاشتییان تێپەر نەکردبوو، کەچی هەردولا بەیەکەوە شاندێکی هاوبەش دەنێرنە دیمەشق، بە سەرکردایەتیی نێچیرڤان بارزانی وەك نوێنەری (پ.د.ك)و عەدنان موفتی وەك نوێنەری (ی.ن.ك). تاڵەبانی بە عەدنان موفتیدا نامەیەکی نارد بۆ سوریا، کە تیایدا نکوڵێ لە جیابونەوەی کورد لە عێرق دەکات و جەختی لەوە کردبۆوە کە ئەمان لەگەڵ عێراقن وەك خەڵکو خاك[٣].

لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەتونین بڵێین، کە پەیوەندییەکانی سوریا لەگەڵ هەرێمی کوردستان زیاتر لەژێر کاریگەری پەیوەندییە مێژووییەکانی کورد بوو لەگەڵ ئەو دەوڵەتە، نەك پەیوەندییەکانی سوریا لەگەڵ عێراق. هۆکاری ئەمەش ئەوە بوو، کە ململانێ مێژوویەکانی نێوان سوریاو عێراق زیاتر رێگای بۆ ئەم پەیوەندیانە خۆش کردبوو. هەرچەندە سوریا لە روانگەی بیری نەتەوەی حزبی بەعسەوە دەیروانییە پرسی کورد لە ناو سوریادا. هەمان تێروانینی بۆ هەرێمی کوردستان هەبوو لە سەرەتای دامەزراندنیدا. بەلاّم بە تێپەربونی کات هەرێمی کوردستان بە دوو پرسەوە بەسترایەوە، ئەویش پرسی داهاتووی رژێمی عێراقیو رۆڵی بەرهەڵستکاران تیایدا. هەروەها پرسی (پ.ك.ك)و پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە، ئەمە دوو هۆکاری سەرەکی بوون بۆ ئەوەی دەرگای پەیوەندییەکانی سوریا لەگەڵ هەرێمی کوردستان بە تێپەربوونی کات لە داخرانەوە بەرەو کرانەوە بڕوات.

---

[١] الانصات المركزي، نشرة خبرية معلوماتية يومية ، العدد، (١٦٣٤) ٢٠٠٠/٧/١٨

[٢] عومەر نورالدین: سەرچاوەی پێشوو. ل١٩٤

[٣] الانصات المركزي، نشرة خبرية معلوماتية يومية ، العدد، (٢١١٢) ٢٠٠١/١٢/٢٩؟

بەشی پێنجەم
هەرێمی کوردستان لە نێوان ململانێ و رێکەوتنەکانی تورکیاو سوریا و ئێراندا

-تەوەری یەکەم-کاریگەریی ململانێ ناوچەییەکان لەسەر هەرێمی کوردستان

-تەوەری دووەم-سیاسەتی هاوبەشی ناوچەیی بەرامبەر هەرێمی کوردستان

تەوەری یەکەم
کاریگەریی ململانێ ناوچەییەکان لەسەر هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان رۆڵێکی گرنگی لە ململانێکانی رۆژهەلاتی ناوەراستدا بینی، لە هەندێکیاندا کارای یاریدەدەر بووە، لە هەندێکی تریشدا دروستکەری ململانێکان بووە. ئەم تەوەرەیە بۆ دوو باس دابەش دەکەین، کە یەکەمیان باس لە رێکەوتنی سەربازی تورکیاو ئیسرائیل لە سالی١٩٩٦دا دەکات. لە باسی دووەمدا کاریگەری رێکەوتنەکە لەسەر هەرێمی کوردستان لەخۆ دەگرێت.

باسی یەکەم: رێکەوتنی سەربازی نێوان تورکیاو ئیسرائیلو رەنگدانەوەی بەسەر سوریاو ئێرانەوە:

مێژووی پەیوەندیەکانی نێوان تورکیاو ئیسرائیل لە ٢٨ی مارسی ١٩٤٩و لە دانپیانانی تورکیا وەك یەکەمین دەوڵەتی ئیسلامی بە دەوڵەتی ئیسرائیل دەستپێدەکات. بەم هەڵوێستە تورکیاو ئیسرائیل یەکەم هەنگاویان لە پەیوەندییەکان بە شێوەیەکی ئەرێنی دەستی پێکرد. هەرچەندە سالأنی دواتر پەیوەندیەکان لە یەك ئاستدا نەبووەو بەڵکو بەرزو

نزمی بەخۆوە بینیوە[1]، بەلاَم پەیوەندیی ئەم دوو دەوڵەتە لە نەوەدەکاندا باشترین ماوەی لە پەیوەندیی هەردوولا تۆمار کردووە کە بە رێکەوتنی سەربازیی فەبرایری ١٩٩٦ دەگاتە لوتکە[2]. سەرەتای ئەم رێکەوتنە سەربازییە دەگەرێتەوە بۆ نۆڤەمبەری ١٩٨٩، کە لە نێوان هێزی ئاسمانی تورکی و ئیسرائیلی کراوە. دواتر لە ئەپریلی ١٩٩١ رێکەوتنی تەواوکاری بۆ هەمان رێکەوتنی پێشوو کراوە. بەمجۆرە فرۆکەی جۆری F-16, F-25، ئیسرائلی لە بنکەکانی دیاریەکرو بەهەمان شێوە فرۆکەی تورکیا لە باکوری فەلەستین جێگیر کراون[3]. لە نۆڤەمبەری ١٩٩٣ یاداشتێکی لێکتێگەیشتن لە نێوان هەردولا مۆر کرا بۆ چارەسەر کردنی هەرەشە ناوچەییەکان و هاریکاریکردنی یەکدی لە بواری زانیاریی هەوالگری سەبارەت بە "تیرۆر" و توانای سەربازی سوریا ئێران عێراق. لە ١٣-١٥ی نۆڤەمبەری ١٩٩٣، حیکمەت چەتین وەك یەکەم وەزیری دەرەوەی تورکیا سەردانی ئیسرائیل دەکات و بە دوایدا لە یەنایری ١٩٩٤ عیزرا وایزمان وەك یەکەم سەرۆکی ئیسرائیل سەردانی ئەنکەرە دەکات. هەموو ئەمانە سەرەتایەك بوون بۆ رێکەوتنی ٢٣ی فەبرایری ١٩٩٦ لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا، کە لێرەوە پەیوەندییەکی بەتین لە ئاستی سوپاو حکومەت و دەوڵەت سەرهەڵدەدات و سەردانە جۆربەجۆرەکان زۆر دەبێت. بۆ نموونە تەنها لە ماوەی سەرۆك کۆماری دیمیریلدا(١٩٩٣-٢٠٠٠)، دوو جار سەردانی ئیسرائیل دەکات و سەرۆکی ئیسرائیلیش سێ جار دەچێتە تورکیا، کە گەشەسەندنی سەرجەم پەیوەندییە ئابوری و بازرگانی و گەشتوگوزارو پەروەردەیی و زانستییەکان بەدوای خۆیدا دەهێنێت. تورکیا لە ٨ی دیسەمبەری ١٩٩٦ گرێبەستێکی سەربازی لەگەڵ ئیسرائیل واژۆ دەکات بە بری ٦٣٢.٥ ملیۆن دۆلار بۆ کرینی ٥٤ فرۆکەی سەربازی لە جۆری F-4 Phantom. لە

---

[1] للمزيد من معلومات عن العلاقات التركية- الاسرائيلية، ينظر، وصال نجيب العزاوي و رواء زكي يونس الطويل: تركيا واسرائيل (الدور المركب) مركز الدراسات الدولية، بغداد ، ٢٠٠٢، ص ص ١-٦.

[2] Timeline of Turkish-Israeli Relations, 1949-2006: The Washington Institute for Near East Policy,2006. P4.

[3] وصال نجيب العزاوي و رواء زكي يونس الطويل: المصدر السابق، ص٧-٨.

٢٩ی مارسی ٢٠٠٢ تورکیا بە بڕی ٦٦٨ ملیۆن دۆلار، ١٧٠ تانك لە جۆری M-60A1 نۆژەن دەکاتەوە. لە رووی مەشقو راهێنانەوە لە ماوەی نێوان سالآنی (١٩٩٨-٢٠٠٣) چوار مانۆری سەربازی لەژێر ناوی "پەری دەریاReliant Mermaid" کە تیایدا هێزەکانی ئەمریکاش بەشدار بوون ئەنجام دەدرێت [١].

ناوەرۆکی ئەم رێکەوتنەکە وەك لە لایەن وەزیری بەرگری تورکیا ئۆلتان سونگورلو (Oltan Sungurlu) خرایە روو، بریتی بوو لەم خالآنەی خوارەوە:

١. ئالوگۆرکردنی زانیاری سەربازیی و ئەزمونو بەرێوەبردن
٢. پەیوەندیبەستن لە نێوان ئەکادیمیە سەربازییەکان
٣. مەشقی هاوبەش
٤. ئالوگۆری زانیاریی سەربازی لە کاتی مەشقە تایبەتیەکانی هەردوو دەوڵەتەکە
٥. لەنگەر گرتنی کەشتیە سەربازیەکان لە کەنارەکانی یەکتر
٦. ئالوگۆری زانیاریی کۆمەلآیەتیو رۆشنبیری
٧. هاوکاریکردنو بەکارهێنانی بەلگەنامە سەربازییەکانی یەکتر [٢].

ئەم رێکەوتنە لە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی هەردوو دەوڵەتەوە سەرچاوەی گرتبوو، هەردوکیان لەگەلّ سوریا لە ململانێدا بوون. دژی بلآوبونەوەی چەکی کۆکوژ، توندرەوی ئیسلامیو سیاسەتی عێراقو ئێران بوون. هەروەها سیاسەتێکی هاوبەشیان بەرامبەر ئاسیای ناوەراست هەبوو. لایەنگری سیاسەتی ئەمریکی بوون لەرۆژهەلآتی ناوەراستیشدا [٣].

دەتوانین بلّێین ئەم رێکەوتنە بریتی بوو لە پلانێك بۆ بالآدەستبونی سەربازیو سیاسی تورکیاو ئیسرائیل بەسەر ناوچەکەدا. هەرچەندە تورکیا لەسەر زمانی دیمیریل وەك سەرۆك

---

[1] Timeline of Turkish-Israeli Relations, 1949–2006: The Washington Institute for Near East Policy,2006, p3.

[2] Turkish Daily News (April 12, 1996), http://www.hri.org

[3] BAYRAM SİNKAYA :op. cit, p76.

کۆمار رایگەیاند کە رێکەوتنەکە هەڕەشە نییە بۆ سەر هیچ دەوڵەتێکی دراوسێ(١)، بەڵام وەزیری بەرگری ئیسرائیلی ئیسحاق مۆردەخای وتی: ئەم رێکەوتنە دەبێتە لەمپەر لە بەردەم هەر هێرشێك کە سوریا یان ئێران یان عێراق بیری لێبکاتەوە". ئامانجی ئیسرائیل لەم رێکەوتنە بریتی بوو لە فشار خستنە سەر سوریا لە میانی گفتوگۆکانی ئاشتیدا، هەروەها وەك پەیمانگای موشی دایان لە تەلئەبیب رایگەیاند: بڵاوکردنەوەی هێزی ئاسمانی ئیسرائیلی لە رۆژهەڵاتی تورکیا لە ئێستادا دژی ئێرانە نەك سوریا. ئەگەر گفتوگۆی ئاشتی هەرەسی هێنا لە نێوان ئیسرائیل و سوریا رەنگە ئەوکاتە ئامانجەکە پێچەوانە بێتەوە". رایەکی تریش لەم بارەو ئەوە بوو، کە ئیسرائیل دەیویست بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی بە تەنها پشت بە ئەمریکا نەبەستێت(٢). رای ئەمریکا لەسەر رێکەوتنەکە ئەوە بوو، "رێکەوتنێکە لە نێوان دوو هاوپەیمانی ئەمریکایە، کە دەبێتە هۆی توندوتۆڵکردنی ئاسایش لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا"(٣).

ئەگەر ئەمەی پێشوو ئامانجی ئیسرائیل بێت، بەڵام ئامانجەکانی تورکیا بریتی بوو لەوەی، رۆڵی هێزی ناوچەیی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست ببینێت، لە رێگای بەهێزبوونی سیاسەتی سەربازی، نفوزی خۆی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست زیاتر بکات، کۆنترۆڵی پرۆژە داهاتووەکانی عێراق و سوریا بکات لە رێگای ئاو، رۆڵی پۆلیسی ناوچەیی ببینێت(٤).

گرنگترین کاریگەریی ئەم رێکەوتنە سەربازیەی نێوان تورکیاو ئیسائیل لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەراست، بریتی بوو لە نزیکبونەوەی سوریاو ئێران. لە سەرەتای نەوەدەکاندا پەیوەندیەکانی نێوان ئێران و سوریاو تورکیا بارگرژی بەرچاوی بەخۆوە نەبینی بوو. ئەم

---

[1] الاتصات المركزي، نشرة خبرية معلوماتية يومية ، العدد (٩١٢)، ١٩٩٨/٥/١٢.

[2] İdris DEMİR: op. cit

[3] هيثم الكيلاني: "البعد الامني لمعاهدة السلام الاردنية-الاسرائيلية والاتفاقية العسكرية التركية-الاسرائيلية"، في، ندوة مستقبل الترتيبات الاقليمية في منطقة الشرق الاوسط وتاثيراتها على الوطن العربي ، معهد البحوث والدراسات العربية، القاهرة،١٩٩٨، ص١٢٢-١٢٣

[4] وصال نجيب العزاوي‌و رواء زكي يونس الطويل: المصدر السابق، ص١٣

دەوڵەتانە لە کێشەی نێوانیان زیاتر پەنایان بۆ چارەسەری دیپلۆماسی دەبرد، بەڵام لە دوای سەردانی وەزیری دەرەوەی تورکیا حیکمەت چەتین بۆ ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٩٣دا، کە سەرەتایەك بوو بۆ سەردانە چڕوپڕەکانی نێوان تورکیاو ئیسرائیلو بەرهەمەکەی ڕێکەوتنی سەربازی نۆڤەمبەری ١٩٩٦ی تورکیاو ئیسرائیلی لێکەوتەوە، چیتر بەرەی یەکەم بە تەواوی لە ڕۆژهەڵاتدا خۆی ئاشکرا کرد لە بەرامبەر دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بە تایبەت ئێرانو عێراقو سوریا کە بابەتی لێکۆڵینەوەکەمانە. بە واتایەکی تر ڕێکەوتنی تورکیاو ئیسرائیل نەیارە کۆنەکانی لەیەکتر نزیکردەوە سوریاو ئێران هەریەکەو لای خۆیەوە لە عێراقی دوژمنی دێرینیان نزیکبوونەوە[1].

لە دوای کۆتای دوومین جەنگی کەنداو ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩١دا، ئێران بە تەواوی درکی بە مەترسی تورکیا کردو کەوتە بەر شاڵاوی هەژمونی تورکیا ئەمەش دوای ئەوە هات، کە بایەخی تورکیا بۆ ئەمریکا روو لە زۆری بوو، هەروەها هەژمونی تورکیا دەستی بەرەو دەریای قەزوینو کۆماری ئازەربێجانو ئاسیای ناوەراست پەلی دەکێشا. ئەمە وایکردبوو، کە ئێران نەك مەترسی پێگە ناوچەییەکەی خۆی هەبێت، بەڵکو لەناو ماڵەکەی خۆیدا مەترسی هەڵگەرانەوەی تورکە ئازەرییەکانی لێنیشتبوو[2].

ئەم مەترسیانە لای ئێران زۆر گەورەتر بوو کاتێك تورکیاو ئیسرائیل ڕێکەوتنی سەربازیان کرد، چونکە بە پێی ڕێکەوتنەکە خاكو ئاسمانی تورکیا ئاوەڵا بوو بۆ فرۆکە جەنگیەکانو دەستگا هەواڵگرییەکانی ئیسرائیل، کە ئەمەش هەرەشەی ئیسرائیلی خستە لێواری

[1] Efraim Inbar: REGIONAL IMPLICATIONS OF THE ISRAELI-TURKISH STRATEGIC PARTNERSHIP, Volume 5, No. 2 - June 2001 http://www.biu.ac.il/SOC/besa/meria/index.html

[2] Robert Olson: Turkey-Iran Relations, 2000-2001: The Caspian, Azerbaijan and the Kurds, Middle East Policy Council , Volume IX, June 2002, Number 2 , 2002, http //www.mepc.org/main/main.asp

سنورەکانی ئێران[1]. ئێران دەوڵەتی ئیسرائیلی بە دوژمنی کۆماری ئیسلامی بە تایبەتی‌و سەرجەم دەوڵەتە ئیسلامیەکان دەزانی‌و تاکە ئامانجی ئیسرائیل بەرای ئێران لاوازکردنی دەوڵەتە ئیسلامیەکانە. لە ئاستی ململانێ دوو لایەنیەکانیشدا پرسی چەکی ئەتۆمی ئێران[2]، کێشەیەکی درێژخایەن بوو لە نێوانیان، کە ئیسرائیل بە هەڕەشەی لەناوبردی خۆی دەزانی. ئێران پێیوابوو ئامانجی سەرەکی ئیسرائیل لەم ڕێکەوتنە بە پلەی یەکەم ئێرانەو بۆ ئەم مەبەستە خاکی تورکیا وەك بنکەی پشتەوەی خۆی بەکاردەهێنێت. لە لایەکی تر ئێران دژی لەشکر کێشیەکانی تورکیا بوو لە هەرێمی کوردستان بە تایبەت دوای ئەوەی پسپۆرە ئیسرائیلییەکان بەشداریان تیادا دەکرد. لەشکرکێشی تورکیا بە بۆچوونی ئێران پارسەنگی هێزی لە ناوچەکە تێك دەداتو بە قازانجی تورکیا تەواو دەبێت، کە ئەمەش ئاسایشی ناوچەکە لاواز دەکات. بۆیە ئێران لە دوای ڕێکەوتنەکە، تورکیای وەك ناپاك دەبینی، کە خۆی لە جیهانی ئیسلامی دورخستۆتەوەو لە پشتەوە خەنجەر لە دەوڵەتانی ئیسلامی دەدات[3].

---

[1] لينور مارتن: الامن القومي التركي في الشرق الاوسط: ترجمة خليل علي مراد، مركز الدراسات الاقليمية، جامعة الموصل، ٢٠٠٥، ص٣٢.

[2] بەرنامەی ئەتۆمی ئێرانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦١ کاتێك ڕێکخراوی وزەی ئەتۆمی ئێرانی دامەزرا. ئەم بەرنامەیە سنوردار بوو لە دوای شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی گرنگیەکی زۆری پێدراو بە تواووبونی یەکەمین جەنگی کەنداو بە شێوازێکی چڕوپڕ هەوڵەکان لە پێناوی بنیاتنانی کورە ئەتۆمییەکان خرانە گور. ئەم بەرنامەیە کاردانەوەیەکی توندی ئەمریکاو دەوڵەتانی ڕۆژئاوای لێکەوتەوە، کە قەیرانێکی مەترسیداری لێپەیدا بووەو تا ئێستاش بەردەوامە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، محمد سالم احمد الكواز: الولايات المتحدة والبرنامج النووي الايراني، مركز الدراسات الاقليمية، جامعة الموصل، سلسلة الشؤن الاقليمية، ٢٠٠٦، ص ص ٩-٧٦.

[3] Bulent Aras: Turkish-Israeli-Iranian Relations in the Nineties: Impact on the Middle East , Middle East Policy Council, Volume VII, June 2000, Number3. http://www.mepc.org/main/main.asp

سوریا دەوڵەتێکی تر بووکە بەرهەڵستی رێکەوتنەکەی دەکرد. ئەم دەوڵەتە سێ کێشەی درێژخایەنی لەگەڵ تورکیادا هەبوو. یەکەمیان کێشەی ولایەتی ئەسکەندەرۆنە (هاتای) بوو، کە لە ساڵی ١٩٣٨ بە پێی رێکەتنێکی نێوان تورکیاو مانداتی فەرەنسی لە سوریا، ویلایەتەکە چووە سەر خاکی تورکیاو لە دوای سەربەخۆبوونی سوریا لە ١٩٤٦، سوریا وەك داگیرکەر دەیروانییە تورکیا لە ویلایەتەکە[1]. خاڵی دووەم کێشەی ئاوی فورات بوو، کە سوریاو تورکیا لەگەڵ عێراق لە ساڵی ١٩٨٧ پرۆتۆکۆلێکیان بۆ دابەشکردنی ئاو واژۆ کردبوو، بەلام هەریەك لە عێراقو سوریا (راڤەی بیرکاریانە)یان بۆ دەکرد، کە داوای (٥٠٠)مەتر سێجای ئاوەکەیان دەکرد لە کاتێکدا تورکیا راڤەی دادپەروەریانەی بۆ، کە پێیوابوو بەپێی پێداویستی ئەو دوو دەوڵەتە ئاو بەردەداتەوە[2]. خاڵی سێیەمو گرنگ بەلای تورکیاوە پرسی (پ.ك.ك) بوو، کە تورکیا وەك پرسی ئاسایشو تیرۆر مامەڵەی لەگەڵ دەکردو سورییایی بە دالدەدەری (پ.ك.ك) تاوانبار دەکردو سوریاش نکۆڵی لێدەکرد[3].

سەبارەت بە رێکەوتنی نێوان ئیسرائیلو تورکیا، سوریا لە هەموو دەوڵەتێك زیاتر هەستی بە مەترسی ئەو رێکەوتنە دەکرد، چونکە ئەو رێکەوتنە جگە لەوەی سوریای دەخستە نێوان بەرداشی تورکیاو ئیسرائیل لە باکورو باشورەوە، هەروەها رێکەوتنەکە وەك فشارێکی ئیسرائیلی دەبینی لە سەر سوریا لە کاتی گفتوگۆکانی ئاشتی تا سوریا مەرجەکانی ئیسرائیل پەسەند بکات. بۆیە دەوڵەتە عەرەبییەکان بەگشتیو سوریا بە تایبەتی ئەوەیان لەم رێکەوتنە دەخوێندەوە، کە لە بری ئەوەی تورکیا بکاتە هاوبەشی

---

[1] بنجيو و جنسر أوزكان: التطورات العربية لتركيا و انحيازها الى اسرائيل بين مظالم الامس و مخاوف اليوم، ترجمة ونشر، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، ٢٠٠٣، ص ١٦. طالب محمد وهيم: "قضية الاسكندرونة" في ، ابراهيم خليل احمد واخرون، قظايا عربية معاصرة، دراسة تاريخية سياسية، دار الكتب، الموصل، ص ٢٩.

[2] ابراهيم خليل العلاف: مشكلة المياه والموراد المائية في الشرق الاوسط، مركز دراسات الاقليمية، جامعة موصل" ٢٠٠٥، ص٢٠. محمد صالح العجيلي، "متغير المياه في العلاقات العربية- التركية: البعد الجغرافي والقانوني"، مجلة افاق عربية- العدد ٩-١٠، ايلول-تشرين الاول، ١٩٩٩، ص٥١.

[3] مجموعة باحثين روس وعرب: المصدر السابق، ص ١٣٣

ستراتیجی، دەیکاتە هەرەشـەیەکی ستراتیجی بۆ سـەر ئاسایشـی عـەرەبی[1]. پەیوەندیی هەرێمی کوردستان بە رێکەوتنەکەوە بەرای سوریا لەوەدا بوو، خودی هەرێمەکە سەرچاوەی سەرەکی نیگەرانی بوو بۆ سوریا بەتایبەت لەو روانگەیەوە کە تورکیا هەرێمەکەی کردووە بە ناوچەیەکی حەلاڵ بۆ سوپاو ئۆپەراسیۆنەکانی. لەگەڵ ئەمەشدا ئیسـرائیل لـە رێگـای ئـەم رێکەوتنەوە هەرێمەکە بەکاردەهێنێت بۆ سیخوری کردن بەسەر ئێرانو عێراقو ئێران[2]. لەم سۆنگەیەوە بوو جێگری سەرۆك کۆماری سوریا عەبدول حەلیم خەددام وتـی: ئـەم رێکەوتنـە "گەورەترین مەترسییە لە سەر عەرەب لە دوای ساڵی ١٩٤٨"[3].

هەڵوێستی عێراق لەو رێکەوتنە کەمتر نەبوو لە هەڵوێستی سوریاو ئێران، کـە بریتـی بـوو لە بەدیهێنانی سێ ئامانج، یەکەم: کۆکردنەوەی دەنگە نارەزاییـەکانی ناوچـەکەو جیهـان لـە دژی سیاسـەتی تورکیـا بـە تایبـەت لەشکرکێشـییەکانیو پشـتێنەی ئاسـایش لـە هـەرێمی کوردسـتان، کـە بـە پـلانو نەخشـەی ئیسـرائیلی لەقەڵـەم دەدا[4]. دووەم: نزیکبونـەوە لـە سوریاو ئێران بەوەی، کـە ئـەم رێکەوتنـە دژی ئـەم دەوڵەتانەیـەو پێویسـتە ئـەم دەوڵەتانـە کۆدەنگ بـن لەسـەری. سـێیەم: کۆتاپێهێنـان بـە و کەنارگیریـەی، کـە تێیکـەوتبوو هـەروەها هەڵگرتنی سزا ئابوورییەکانی سەری. بۆیـە بـە ئاشـکرا ئـەو هەڵوێسـتەی بە گـوێی دەوڵەتـە عەرەرەبیەکان دەدا، کە گـەورەترین جوڵـە دژی ئـەو رێکەوتنـە بریتیـە لـە گێرانـەوەی پلـەو پایەی عێراق لە نیشتمانی عەرەبیدا. بـەلاّم نـە دەوڵەتـە عەرەبییـەکانو نـە ئێـران پاڵپشـتی هەڵوێستی عێراقیـان نـەدەکرد، چـونکە خواسـتی ئـەوەیان نـەبوو بـە ئاشـکرا پێشـێلی سـزا نێودەوڵەتییەکانی سەر عێراق بکەن، هاوکات هەڵوێستی عێراقی دوو روویی پێوە دیـار بـوو، لەگـەڵ ئـەو هەڵوێسـتە توندانـەی سـەرەوە لـە دژی تورکیـا دەینوانـد، هـەمانکات لـە پێنـاو شکاندنی کۆتو بەندەکانی سەری بـەردەوام داوای ئاسـایی بونـەوەی سـەرجەم پەیوەندییـە

---

[1] وفرا بنجيو و جنسر أوزكان: المصدر السابق، ص ٣١-٣٢

[2] احمد حسين: المصدر السابق، ص١٩٨

[3] Efraim Inbar: op. cit.

[4] الحرب على العراق: المصدر السابق، ٥٢٠

جۆراوجۆرەکانی لە تورکیا دەکرد[1]. ئەمەش وایکرد عێراق لە هاوکێشەی بەرەنگاریکردنی ڕێکەوتنەکە بایەخی خۆی لەدەست بدات.

بەرئەنجام سوریاو ئێران بەیەکەوە کاندیدی سەرەکی بوون بۆ رووبەرووبونەوەی ڕێکەوتنامەکە. ئەمەش زادەی روانگەی هاوبەشی ئەو دوو دەوڵەتە بوو بەرامبەر کێشەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست، کە لە هەشتاکاندا. ئەم دوو دەوڵەتە لە ململانێیاندا لەگەڵ عێراق‌و ئیسرائیل، هەروەها بۆچونیان بەرامبەر کێشەکانی لوبنان کۆك بوون. بۆیە هەموو ئەم هۆکارانە وایکردبوو، ئەم دوو دەوڵەتە وەك هاوپەیمانێکی رانەگەیەنراو مامەڵە بکەن، بە جۆرێك ئێران لەرێگای سوریاوە لە قوڵایی عەرەبیدا سیاسەتی دەکرد، سوریاش بالأنسی هێزی بەرامبەر ئیسرائیل بە پشتیوانی ئێران راگرتبوو[2]. لە نەوەدەکاندا پەیوەندییەکانی سوریاو ئێران زیاتر وابەستەی یەکتری بوون، ئەمەش زیاتر گرێدراو بوو بە هەڵوێستی هەستیاری هەردولا بەرامبەر پرۆژەی زەوی بەرامبەر ئاشتی "الارض مقابل السلام"، کە لە لایەن ئەمریکاو دەوڵەتە عەرەبییەکانەوە بۆ چارەسەرکردنی ململانێی عەرەبی-ئیسرائیلی پشگیری لێدەکرا. لە ئەنجامدا ئەم پرسە جێگای ململانێی نێوان دەوڵەتە عەرەبیە سونەکان بوو لە پێشیانەوە میسرو ئەردەن کە پشگیری پرۆژەکەیان دەکرد، لە بەرامبەردا ئێران‌و سوریا، لە ڕێگای بریکارەکانیانەوە، کە حزب الله ی لوبنانی‌و حماسی فەلەستینی بوو، بەرهەڵستکاریان دەکرد[3].

پەیوەندی باش‌و هەڵوێستی هاوبەش لەمەڕ کێشەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست، سوریاو ئێرانی خستە بەرەیەك بۆ وەستان لە دژی ڕێکەوتنەکە. بەلام ئەوەی لەم پرسەدا ئاشکرا

---

١ وفرا بنجيو و جنسر أوزكان: المصدر السابق، ص ٤٥-٤٦

[2] عياد البطنيجي: التحالف الإيراني السوري: تاريخه، حاضره، مستقبله. مركز الشرق العربية للدراسات الحضارية والاستراتيجية. http://www.asharqalarabi.org.uk/index.htm

[3] Barry Rubin: IRAN'S NUCLEAR AND SYRIA'S IRAQ ADVENTURES, Volume 11, No. 4 - December 2007. http://meria.idc.ac.il/testasp.html

بوو، ئەم دوو دەوڵەتە تواناو هێزی رووبەڕووی راستەوخۆیان لە بەرامبەر رێکەوتنەکە زۆر لاواز بوو. ئەو رێکەوتنە تورکیاو ئیسرائیلی بەیەکەوە کرد بە گەورەترین هێزی سەربازیو ئابووری رۆژهەلاتی ناوەڕاست، کە زۆر لە پێش رکەبەرەکانیانەوە بوون[(١)].

باسی دووەم: کاریگەری رێکەوتنەکە لەسەر هەرێمی کوردستان:

یەکەم: کاریگەرە راستەوخۆکانی رێکەوتنەکە لەسەر هەرێمی کوردستان

خاڵی هاوبەشی تورکیاو ئیسرائیل بەرامبەر هەرێمی کوردستان بریتی بوو لەوەی، کە هەردولا دژایەتی عێراقێکی بەهێزیان لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا دەکرد، ئاود دینۆن، فەرمانبەر لە وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائل لە فەبرایری ١٩٨٢ لە گۆڤاری (کیوفونیم)ی ئیسرائیلی نوسیویەتی کە دابەشبونی عێراق بەسەر بەغدادو بەسرەو موسلّ بۆ ئیسرائیل قازانجە، چونکە عێراق گەورەترین مەترسییە لەسەر ئیسرائیل[(٢)]. ئیسرائیل پشتگیری دابەشبوونی عێراقی دەکردو پێیوابوو، کە دوای میسر گەورەترین مەترسی بۆ سەر دەوڵەتی ئیسرائیل، عێراقە[(٣)]. هەمان بیرۆکە لە میانەی دووەمین جەنگی کەنداو لە لایەن تورکیاوە خرایە روو بە شێوەیەك، کە عێراق دابەشبکرێت بەسەر سێ کۆنفدراڵی بۆ کوردو عەرەبو تورکمان[(٤)]. بەو هۆیەوە عێراق وەك دەوڵەتێکی سەربازی لاواز بێت ، هەروەها تورکیا هەژمونی خۆی لە ناوچە نەوتییەکانی باکوری عێراق بسەپێنێت. بەلاّم مەرجی تورکیا بۆ ئەم پلانە ئەوە بوو، کە کورد نەبنە خاوەنی دەوڵەت، بەڵکو لە چوارچێوەی عێراقی

---

[1] Efraim Inbar: REGIONAL IMPLICATIONS OF THE ISRAELI-TURKISH STRATEGIC PARTNERSHIP

[2] وصال نجيب العزاوى و رواء زكى يونس الطويل: المصدر السابق، ص ١١٧. ابراهيم خليل العلاف: وحدة العراق و استقراره فى عالم متغير، دراسات اقليمية، العدد ٢٠، السنة (٧)، تشرين الاول، ٢٠١٠، ص ص١٠-١١.

[3] İdris DEMİR op. cit.

[4] هيثم الكيلانى: المصدر السابق، ص ١٢٣

کۆنفدراڵیدا بمێننەوە[1]. لێرەدا نەخشەی ئیسرائیل و تورکیا یەکانگیر دەبوو، چونکە ئیسرائیلیش پشگیری دابەشبوونی عێراقی دەکرد، بەلام بەبێ دروستبونی دەوڵەتی کوردی. ئەمەش لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییە سەربازیو سیاسیو ئابوورییەکانی بوو لەگەڵ تورکیا، بە تایبەت لە کاتی پەیدابونی دەسەلاتی هەرێمی کوردستان لە نەوەدەکان. ئەوە بوو لە سەر زمانی سەرۆك وەزیران بنیامین ناتنیاهۆ[2]، رایگەیاند: "ئیسرائیل بە فەرمی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی (کە مەبەستی هەرێمی کوردستان بوو) رەت دەکاتەوە"[3].

پەیوەندیی هەرێمی کوردستان بە رێکەوتنەکەی نێوان ئەم دوو دەوڵەتەی سەرەوە لەوەدا بوو، کە پێگەیەکی گرنگی لە ناوچەکەدا هەبوو، بەجۆرێك سنووری هاوبەشی لەگەڵ نەیارەکانی تورکیاو ئیسرائیل، (ئێران و عێراق و سوریا) هەبوو. هاوکات پاراستنی هەرێمەکە لە تورکیاوەو نەبوونی دەسەلاتێکی تۆکمە لە ناو هەرێمی کوردستان بە تایبەت لە میانەی جەنگی ناوخۆدا لە سالانی (١٩٩٤–١٩٩٨)، وایکرد کە تورکیاو ئیسرائیل چاوی تێببڕن و سودی لێوەبگرن لە ململانێکانی خۆیان لە ناوچەکەدا.

باشترین سودی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیاو ئیسرائیل، لە شکرکێشییەکانی تورکیا بوو. تورکیا ئامانجی لەشکرکێشییەکانی بە لەناوبردنی (پ.ك.ك) دیاریی کرابوو. لەم بارەیەوە ئەندام پەرلەمانێکی پارتی گەلی کۆماری دەلێت :"پێش ریشەکێشکردنی

---

[1] الورقة الكردية فى مهب لعبة الامم كونفدرالية اوزال لسلخ الموصل و كركوك. مجلة الاسبوع العربى، ١٩٩١/٩/١٨.

[2] لە ساڵی ١٩٤٩ لە تەلئەبیب لەدایك بووە. خاوەنی رەگەزنامەی ئەمریکیە، نوێنەری ئیسرائیل بووە لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە (١٩٨٤–١٩٨٨) بەشداری کۆنگرەی ئاشتی مەدریدی کردووە. یەکەم سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل بووە کە لە رێگای هەڵبژاردنی راستەوخۆوە ئەو پۆستەی وەرگرتووە لە ساڵی ١٩٩٦–١٩٩٩. لە ساڵی ٢٠٠٩ بەدواوە سەرۆك دوبارە پۆستی سەرۆکوەزیرانی وەرگرتەوە. الان غريش و دومينيك ڤيدال: المصدر السابق، ص ٤٢٢–٤٢٣.

[3] Aysegul Sever, TURKEY AND THE SYRIAN ISRAELI PEACE TALKS IN THE 1990s, MERIA, Volume 5, No. 3 September 2001 http://www.biu.ac.il/SOC/besa/meria/index.html

(پ.ک.ک)، هەر چارەسەرێکی کێشەی کورد وەک سازشکردنی یەک لایەنە بۆ رێکخراوێکی تیرۆرستی وایە. جەنەراڵێکی خانە نشینکراوی تورکیا دەڵێت: "ناتوانین دژایەتی (پ.ک.ک) بکەین تا سەرکردەکانیان لە باکووری عێراقەوە سەرکردایەتی شەر بکەن"[١]. بەواتایەکی تر ویستی تورکیا وابوو، کە دەبێت (پ.ک.ک) لەناو بچێت نەک لە تورکیا، بەڵکو لە دەرەوەشدا، دوا بەدوای نەمانی (پ.ک.ک) کێشەکە باسی لێوە دەکرێت، چونکە بە هەبونی (پ.ک.ک) هیچ حکومەتو سیاسەتکارێك نەیدەوێرا باسی کێشەی کورد بکاتو ئەمەش وەك سازش بۆ (پ.ک.ک) ناودەبرا[٢]. لەم سۆنگەیەوە چارەسەری سەربازی بۆ کێشەی کورد لە تورکیا بە تەواوی تێکەڵی بارودۆخی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بوو، بە جۆرێك ئەم چارەسەرەی تورکیا بوو بەهۆی ئاڵۆزکردنو کڵپە سەندنی کێشە ناوخۆییەکان لە هەرێمی کوردستان. چونکە هەریەك لە (پ.ک.ک)و تورکیا بوون بە بەشێك لەو ململانێیانەی، کە لە هەرێمەکەدا سەریان هەڵدا. هەمانکات لە ئاستی دەرەکیشدا ئەم کارە سەربازیانەی تورکیا سیاسەتی کاردانەوەی ئێرانو سوریای لە هەرێمی کوردستان بەرهەمهێنا. لەو نێوانەدا هەرێمی کوردستان بوو بە چەقی قوڵبونەوەی ناکۆکییەکانی نێوان ئەو دەوڵەتانە.

ئەوەی گرفتی سەرەکی بوو لەم پرسەدا ئەوە بوو، کە چارەسەری سەربازیو لەشکرکێشی تورکیا لە هەرێمی کوردستاندا بە تەواوی ئەنجامەکەی مسۆگەر نەبوو. چونکە جگە لەوەی تورکیا لەدوای دووەمین جەنگی کەنداو، لە ئامادە نەبونی عێراقدا، بە تەنها خۆی مایەوە لە رووبەڕووبونەوەی پرسی کورد بە گشتیو (پ.ک.ک) بە تایبەتی، هاوکات تورکیا هەستی بە دواکەوتوویی سوپاکەی دەکرد بۆ بینینی رۆڵی ناوچەیی بە تایبەت لە هەرێمی کوردستاندا. ئەم هەستە لە میانەی قەیرانی داگیرکردنی کوەیت لە لایەن عێراقەوە زەقتر بوو. بەتایبەت لە کاتی جەنگەکەدا پێشکەوتنەکانی بواری چەکسازیی هاوپەیمانیان بینی. بەراوردکردنی ئەو تازەگەریانە بە دابینکاریەکانی سوپای تورکیا، وەك سەرکردەیەکی

---

[1] Crisis Group Middle East Report: Turkey and Iraqi Kurd: Conflict or Cooperation?

[٢] للمزيد من معلزمات، انظر، المحادثات السرية بين PKKحزب العمال الكردستاني والدولة التركية،ص ص ٣٨-٥٩.

سەربازی ئەو دەوڵەتە دەڵێت، "بۆ خۆشمان مایەی گاڵتەجاری بوو"[1]. بۆیە یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی بەشدارنەبونی راستەوخۆی تورکیا لە دووەمین جەنگی کەنداو، دواکەوتویی سوپاکەی بوو، کە لە روبەروبونەوی سەربازی لەگەڵ سوپای عێراق خۆی بەدوور گرت[2]. بۆیە دووەمین جەنگی کەنداو بۆ تورکیا لە رووی سەربازییەوە وەك توێژەرێکی سەربازی تورکی دەڵێت، وەك شۆرشێك وابوو. چونکە بەرپرسە تورکەکان لە هەستکردن بە دواکەوتوویی سوپاکەیانەوە، دەستیان بە نوێکردنەوەی سوپاکەیان کرد. بۆ ئەم مەبەستە بوجەیەکی زۆریان تەرخان کرد بە جۆرێك لە سالآنی (١٩٨٩-١٩٩٩)، بڕی تێچوونی سەربازی (١٨.٤٪) ی بوجەی دەوڵەت بوو، لە کاتێکدا پرۆژە خزمەتگوزاریەکانی حکومەت تەنها (١٣.٩٪)ی بۆ تەرخانکرابوو[3]. هەمانکات رێکەوتنی لەگەڵ ئیسرائیل واژۆ کرد، وەك پێشکەوتوترین دەوڵەتی رۆژهەلآتی ناوەراست لەروی پیشەسازیو تەکنەلۆجیاو ئەزمونی سەربازییەوە. لەم رێگایەوە توانی سوپاکەی نویێ بکاتەوە، هەروەها لە رووی هەواڵگریشەوە قازانجێکی گەورەی لە مانگە دەسکردە ئیسرائیلیەکان بینی، کە زانیاری گرنگیان سەبارەت بە (پ.ك.ك) بە تورکیا بەخشی[4]. دەتوانین بڵێین هەماهەنگیو هاریکاریی سەربازیی نێوان تورکیاو ئیسرائیل زۆر بەتین نەبوو، تا واژۆکردنی رێکەوتنە سەربازییەکەی نێوانیان لە فەبرایەری ١٩٩٦. هەر ئەمەشە وایکرد کە لەشکرکێشییەکانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان سەرکەوتن بەدەستنەهێنێت تا ساڵی ١٩٩٦. لە دوای رێکەوتنەکە لەشکرکێشییەکان ئامانجی خۆی دەپێکێت.

پێش ساڵی ١٩٩٦، تورکیا چەندین لەشکرکێشی تورکیا لە هەرێمی کوردستان ئەنجام داوە، کە مێژووەکەی بۆ ئۆکتۆبەری ١٩٨٤ دەگەرێتەوە ، کاتێك تورکیاو عێراق لەسەر بەکارهێنانی خاکی یەکتر لە راوەدونانی شۆرگێرانی کورد لە سەر سنووری هەردولا رێکەوتن.

---

[1] یەك دەدەین ، سێ وەردەگرین،ل ل ٦٢-٦٣

[2] هیثم الکیلانی: المصدرالسابق: ص١٢٥.

[3] Elliot Hen-Tov : op. cit.

[4] هیثم الکیلانی: المصدرالسابق، ص ١٢٨-١٢٩.

ئەم رێکەوتنە لە ساڵی (١٩٨٥–١٩٨٧) لە لایەن تورکیاوە سێ جار بەکار هێنرا، بەڵام کاتێك عێراق ویستی کاری پێبکات لە راوەدونانی کوردی سەر سنورەکان، تورکیا رێگای پێنەدا، بۆیە رێکەوتنەکە هەڵوەشێنرایەوە[١]. لە دوای دووەمین جەنگی کەنداو تورکیا یەك لایەنە دەستی کردەوە بە خستنە گەڕی ئەو رێکەوتنەو بۆ یەکەمین جار لە مارسی١٩٩١ دەستی کردەوە بە لەشکرکێشی‌و لە گرنگترینیان لەشکرکێشی ١٩٩٥، ١٩٩٧ بوو[٢]. ژمارەی ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازیانە بە تەواوی دیار نییە، بەڵام سەرچاوەکان باس لە هەندێك ژمارە دەکەن، هەندێك دەڵێن سوپای تورکیا لەساڵانی (١٩٩٢–١٩٩٨)، بەشێوەی جۆراوجۆر (٣١٣) جار سنوری خاکی هەرێمی کوردستانی بەزاندووە، (٥٠) چالاکی زەمینی، (٢٢٥) چالاکی فرۆکەوانی، (٣٨)جار بۆمبابارانی هەرێمەکەی کردووە[٣].سەرچاوەیەکی تر بە ٥٠ ئۆپەراسیۆنی سەربازی داناوە[٤]، سەرچاوەیەکی تر بە ٢٤ جار ناوی بردووە[٥].

لەشکرکێشی ساڵی ١٩٩٥، تا ئەو کاتە گەورەترین ئۆپەراسیۆنی سەربازی بوو لە مێژووی تورکیادا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجامێکی ئەوتۆی بەدەستەوە نەدا. ئەم پرۆسەیە لە ٢١ی مارت تا ٤ی مایۆی خایاند، (٣٥) هەزار سەربازی پڕچەکراو بە هەموو پێداویستیەکی ئاسمانی‌و زەمینی بەشداریان تیادا کرد، بە قوڵایی(٤٠کم)و بەدرێژی (٢٤٠کم) سنووری هەرێمی کوردستانیان بەزاند[٦].گرنگترین ئەنجامی ئەم لەشکرکێشییە بریتی بوو لە شکستی سوپا لە دورخستنەوەو لەناوبردنی (پ.ك.ك) لەسەر سنورەکانی هەرێمی کوردستان. سەرۆك وەزیران چیلەر بە راشکاوی دانی بەوەدا نا، کە پرۆسەکە سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوەو لەم

---

[١] هێرش عەبدوڵلا حەمە کەریم: سەرچاوە پێشوو، ل٨٣.

[2] Crisis Group Middle East Report: Turkey and Iraqi Kurds: Conflict or Cooperation?

[٣] يوسف إبراهيم الجهماني: أوج الآن، تركيا والأكراد، دار حوران، دمشق، ل٧٦.

[٤] هيثم الكيلاني: المصدر السابق، ص ١٢٣

[5] Crisis Group Middle East Report: Turkey and Iraqi Kurds: Conflict or Cooperation?

[٦] جلال عبدالله معوض: صناعة القرار تركيا، ص ٤٥–٤٦

بارەیەوە ئێرانی بە هۆکاری شکست دەستنیشانکرد بە تایبەت لە دالْدەدانی گەریلا هەڵهاتووەکاندا[١]. هەروەها سەرۆك کۆمار، دیمیریل لەسەروبەندی دوا ڕۆژەکانی لەشکرکێشیەکە باسی لەوە کرد، کە دوای کشانەوەی سوپا، گەریلاکان دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و مەترسیەکانیان دوبارە بۆ سەر تورکیا دەسپێدەکاتەوە. هەربۆیە پرسی گۆڕینی سنوری نێوان عێراق و تورکیای وروژاند بە جۆرێك سنورەکان لە چیاکانی عێراق بۆ دەشتاییەکان دابەزێتە خوارەوە، چونکە ئەگەر سنوور لە ناوچە نزمەکانی کەنار چیاکان بێت، ئەوا چەکدارەکانی (پ.ك.ك) ناتوانن لەو ناوچەیەدا خۆیان مەلاس بدەن. لێرەوە بۆ زامنکردنی سنورەکان، بیرۆکەی پشتێنەی ئاسایشی تورکیا لە هەرێمی کوردستاندا لە لایەن چیلەرەوە بە هاریکاری (پ.د.ك) گەڵاڵە بوو. بەڵام ئەوەی جێبەجێکردنی ئەم بیرۆکەیەی دواخست، چەند شتێك بوو، یەکەمیان نارەزایی دەوڵەتە ناوچەییەکان بوو بە تایبەت ئێران. وەزیری رۆشنبیری عەلی فەلاحیان لەم بارەیەوە ئاماژەی بەوەداو وتی: ئەوانە دەیانەوێت، گورزی سیاسی لە سیستەمی ئیسلامی ئێران بوەشێنن[٢]. هەروەها (پ.د.ك) لەگەڵ ئەوەی ئامادە بوو لەگەڵ تورکیا هاریکار بێت بۆ دژایەتی (پ.ك.ك)، بەڵام ئامادەی مانەوەی سوپای تورکیا نەبوو لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی ناوچەی هەژمونی خۆی لە بن دەست بمێنێتەوە[٣]. لە لایەکی تر گرنگترین هۆکاری دواخستنی بیرۆکەکە بریتی بوو لە گرتنە دەستی حکومەتی تورکیا لە لایەن ئەربەکانەوە، کە بۆچوونی تایبەتی هەبوو لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا. ئەربەکان خاوەن بیروباوەڕێکی ئیسلامی بوو نەك لە سیاسەتی ناوخۆدا، بەڵکو لە سیاسەتی دەرەوشدا. ئەو پێیوابوو، کە پێویستە تورکیا پشت لە ڕۆژئاوا بکات و ڕووی بەرەو ڕۆژهەڵات وەرچەرخێنێت. هەروەها پەیوەندیی لەگەڵ دەوڵەتە ئیسلامییەکان و

---

[1] Kemal Kirisci: op. cit.

[2] TRKNWS-L Turkish Daily News (April 12, 1996) http://www.hri.org.

[٣] ئیریك جەی. زوچەر: سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠٦،

CHRIS HEDGES: Turkey Offers Kurd Rebels Reform, Plan Published: March 26, 1995. new York times, http://www.nytimes.com

بە تایبەتیش دەوڵەتە ناوچەییەکانی وەك عێراق و ئێران و سوریا ئاسایی بکاتەوە، بە بێ گوێدانە سزا نێودەوڵەتییەکان و سزاکانی ئەمریکا لەسەر ئەو دەوڵەتانە[1].

لەم سۆنگەیەوە ئەربەکان سەردانی ئێرانی کرد لە ١٠ی ئۆگستۆسی ١٩٩٦و هەگبەکەی سێ پرسی لەخۆ گرتبوو، ئەویش پرسی ئابووری و تیرۆرو ئاسایش بوو. لە روی ئابوورییەوە لەو سەردانەدا ئەربەکان گرێبەستی گازی سروشتی لەگەڵ ئێران بۆ ماوەی٢٢ ساڵ و بە بڕی ٢٣ ملیار دۆلار مۆر کرد. لە بارەی تیرۆرەوە، ئەربەکان ئەوەی رەتکردەوە کە سوریاو ئێران یارمەتی تیرۆرستان بدەن بەڵکو ئەوە هەوڵی دەستگای هەواڵگری ئەمریکایە بۆ رێگرتن لە پەیوەندیی نێوان دەوڵەتە ئیسلامییەکان. ئەربەکان دوو پێشنیاری خستە بەر دەستی ئێرانییەکان، کە تورکیا بۆردومانی پێگەی تیرۆر لە ناو ئێران بکات وەك چۆن لە عێراق کردویەتی. هەروەها هێزی ئێرانی و تورکی ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەش بکەن دژی تیرۆر بۆ دەرخستنی نیەت پاکی هەردولا. لە روی ئاسایشی ناوچەییەوەو بۆ دەستگرتن بەسەر ئەو شلەژاویەی، کە لە ناوچەکەدایە باسی ئەوەی کردبوو، کە ئاسۆی کۆبوونەوی وەزیرانی بەرگری و دەرەوەی دەوڵەتانی ئێران و سوریاو تورکیاو عێراق روونەو جێبەجێ دەبێت. لە بارەی عێراقەوە رێکەوتبوون لەسەر ئەوەی، کە پارێزگاری لە یەکێتی خاك و ئاسایشی عێراق بکرێت و دەربارەی هەرێمی کوردستان لایەنی سوری و تورکی و ئێرانی هەماهەنگی بکەن، سەبارت بە هەرێمی کوردستان و بەرەنگاری کێشەی کورد ببنەوە بۆ ئەوەی ئەزمونی هەرێمی کوردستان بۆ دەوڵەتانی دراوسێ نەپەڕێتەوە[2]. ئەم سەردانەی ئەربەکان، هاوکاتی سەردانی وەزیری دادی تورکیا شەوکەت قازان بوو بۆ عێراق لە ١١ی ئۆگستۆسی ١٩٩٦دا. واتە دوای یەك رۆژ لە سەردانی ئەربەکان بۆ ئێران، کە لە رواڵەتدا بۆ کێشەی خواردەمەنی و

---

[1] عمر تشبينار: سياسات تركيافي الشرق الأوسط:بين الكمالية والعثمانية الجديدة، مؤسسة كارنيغي للسلام الدولي، واشنطن،2008 ، ص ١٧.

[2] منال الحمداني: المصدر السابق، ص ٢٢٨.

دەرمان‌و کێشەی بۆریە نەوتیەکانی نێوان عێراق‌و تورکیا بوو، بەڵام لە راستیدا فایلێکی تری ئەم سەردانە بۆ رێکخستنی ئەو کۆبونەوە چوار قۆڵییە بوو[1].

لێرەو دەگەینە ئەو راستیەی، کە ئەو رێکەوتنە سەربازیەی حکومەتی چیلەرو سوپا لەگەڵ ئیسرائیل رێکی خستبوو، لە لایەن ئەریەکانەوە یەك خراو ئەریەکان بە دیدێکی نوێوە مامەڵەی لەگەڵ کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد، بە هەرێمی کوردستانیشەوە. بگرە ئەریەکان بەدیلی تری پێبوو بۆ هاوپەیمانی سەربازی تورکیاو ئیسرائیل، ئەویش پشگیریکردنی پرۆژەی بەرگری هاوبەش بوو کە رەفسەنجانی لە میانەی سەردانی بۆ ئەنکەرە خستیە بەردەم ئەریەکان، ئەگەر چیلەرو سوپا نەبوایە، ئەوا ئەریەکان رەزامەندی لەسەر دابوو[2]. دەرهاویشتەی ئەم سیاسەتەش لە هەرێمی کوردستاندا بە تەواوی دەرکەوت، ئەوە بوو ئێران بە ئاشکرا هێزی سەربازی خۆی خستە ناو زۆنگی هەرێمی کوردستان، ئەو مافەی کە تورکیا بۆ خۆی بە رەوا بینی بوو، کە خاکی هەرێمی کوردستان بەکار بهێنێت بۆ لێدانی بەرهەڵستکارەکانی، ئەمیش لای خۆیەوە ئەو مافەی بە مۆڵەتی ئەریەکان‌و بە هاوکاری (ی.ن.ك) دەستکەوت. ئەوە بوو ئێران لە لە ١٧ی یۆلیۆی ١٩٩٦ بە یارمەتیدانی (ی.ن.ك) هێرشی کردە سەر بارەگانی (ح.د.ك.ا) لە شارۆچکەی کۆیە[3]. هاوکات حکومەتی عێراقی بە هاندانی ئەریەکان‌و لەسەر بانگهێشتی (پ.د.ك) ، لە هەڵمەتێکدا بۆ گێرانەوەی دەسەڵاتی خۆی لە هەرێمی کوردستان، بە (٣٠-٤٠) هەزار سەربازی عێراقی‌و (٣٥٠) تانك‌و (٣٠٠) تۆپ لە (٣١ ئۆگستۆسی ١٩٩٦) لە باشورەوە هێرشی کردە سەر پارێزگای هەولێرو هێزەکانی (ی.ن.ك)یان لەو شارە دەرکرد، کە دوای چەند

[1] روبرت اولسن: المسالة الكردية فى العلاقات التركية-الايرانية، ترجمة، محمد احسان، دار ئاراس للطباعة والنشر. اربيل، ٢٠٠١، ص٩.

[2] Kemal Kirisci: op. cit.

[3] کریس کۆچێرا، بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد هیوای سەربەخۆیی، بەرگی یەکەم، ل ١٥٧-١٥٨

ڕۆژێك بە تەواوی لە خاکی هەریمی کوردستاندا دەسەلاتی سیاسیوسەربازیان لەدەستداو چوونە سەر سنورەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئێراندا[١].

بە واتایەکی تر پلانی ئەریەکان بۆ گێرانەوەی دەسەلاتی ناوەندی بەغداد بوو بۆ هەرێمی کوردستان بە رەزامەندی دەولەتە دراوسێکانو بە پشتگوێخستنی ناوچەی دژە فرینو سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەکە بە گشتیو عێراق بە تایبەتی. ئەریەکان توانی بەرژەوەندییەکانی هەر چوار دەولەتی هاوسنوری هەرێمی کوردستان لە ئۆگستۆسی ١٩٩٦دا کۆ بکاتەوە. ئێران توانی هێرش بکاتە سەر (ح.د.ك.ا). عێراق لە ریگای (پ.د.ك) هەرێمی کوردستانی گرتەوە. سوریاش گەرانەوەی دەسەلاتی ناوەندی بۆ هەرێمی کوردستانی پێباش بوو. خودی تورکیاش لە سێپتەمبەری١٩٩٦ بریاری لەسەر پێکهێنانی پشتێنەی ئاسایش بە قولایی(٥کم)و بە درێژایی سنوری خۆی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دا[٢]. تالەبانی لەم بارەیەوە ئەریەکانی تۆمەتبار کردو رایگەیاند، کە پلانی لەگەڵ عێراقدا بریتی بووە لە: یەکەم گرتنی هەولێر لە لایەن عێراقەوە، دووەم هاتنی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان، سێیەم دەرکردنی (ی.ن.ك) لە هەرێمەکە[٣].

پلانی ئەریەکان سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا چونکە بە پلەی یەکەم رەچاوی بەرژەوەندیو پلانی ئەمریکی لە ناوچەکەو لە هەرێمی کوردستانو عێراق بە تایبەتی نەکرد. ئەمریکا بەهۆی گورزی سەربازیەکانی لە باشوری عێراق، توانی پاشەکشە بە سوپای عێراقی لە هەرێمی کوردستان بکات[٤]. پاشان بانگهیشتی لایەنە ناکۆکەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەنکەرە بکات. ئێران لە لای خۆیەوە، کە درکی بە شکستی پلانەکە کرد، دەستی لە

---

[١] جوناثان راندل: أمة في شقاق، دروب كردستان كما سلكتها، ترجمة: فادي حمود، دار النهار، بيروت ١٩٩٧، ص٣٨٨.

[٢] جلال عبد الله معوض: صناعة القرار في تركيا، ص١٦٢-١٦٣.

[٣] عايدة علي سري الدين: دول المثلث بين فكي الكماشة التركية الاسرائيلية، ص ص ١٠٢-١٠٣.

[4] WASHINGTON (CNN): U.S. Air Force jet fires missile at Iraqi radar facility, September 4, 1996, http://www.cnn.com/MAPS/9607/nav_bar.ma

یارمەتیدانی (ی.ن.ك) نەپاراست، ئەوە بوو بە هۆیەوە (ی.ن.ك) توانی دەسەلاَت خۆی بەسەر سەرجەم ناوچەکانی خۆی، جگە لە هەولێر، بگەڕێنێتەوە. ئەمریکاش لە ئەنجامی هاوپەیمانی عێراق– بارزانیدا، چاوی لە هاوپەیمانی ئێران– تاڵەبانی پۆشی و بە بانگەوازی دەسوەرنەدان لە کاروباری ناخۆی هەرێم لە لایەن عێراق‌و ئێران کۆتایی پێهێنا[١].

بە دیوێکی تردا دەتوانین بڵێین پلانی ئەربەکان بریتی بوو لە کاردانەوەیەکی شکستخواردووی هێزە بەرهەڵستکارەکانی رێکەوتنامەی سەربازی تورکیا ئیسرائیل، کە بەرئەنجامەکەی بریتی بوو لە دابەشکردنی هەرێمی کوردستان بەسەر دەسەلاَتی (پ.د.ك)و (ی.ن.ك). لێرە بەدواوە تورکیاو ئێران لە هەماهەنگیەکی کورتخایەنەوە چوونەوە سەر هێڵی ململانێ باوەکان لە هەرێمی کوردستاندا. هەروەها دەوڵەتە ناوچەییەکان بە تایبەت لە دوای رێکەوتنامەی ئەنکەرە لە ٣١ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٦، سنوری هەژمونی خۆیان لە هەرێمی کوردستاندا بۆ دەرکەوت. هەژمونی ئێرانی لە سنوری دەسەلاَتی (ی.ن.ك)و هەژمونی تورکیا لە سنوری دەسەلاَتی (پ.د.ك)دا بوو. عێراقیش لە دوای رێکەوتنی ئەنکەرە بە تەواوی لە ململانێ ناوچەییەکانی هەرێمی کوردستان کرایە دەرەوە. بە واتایەکی تر رووداوەکانی ٣١ی ئۆگستۆس ململانێی (ی.ن.ك)و هاوپەیمانە ئێرانیەکەی لەگەڵ (پ.د.ك)و هاوپەیمانە تورکییەکەی لە هەرێمی کوردستان یەکلایی کردەوە. ئەوەی مایەوە هەژموونی (پ.ك.ك) بوو لە هەرێمی کوردستان بە تایبەتی‌و ناوچەکە بوو بە گشتی. ئەم پرسە لە رێگای لەشکرکێشی ١٩٩٧ یەکلایی کرایەوە بە پشت بەستن بە رێکەوتنامەی سەربازی تورکیاو ئیسرائیل.

ئەم لەشکرکێشییەی تورکیا لەژێر ناوی ئۆپەراسیونی (فولاز–٢) بوو، کە (٥٠) هەزار سەرباز بەتەواوی چەکی ئاسمانی‌و زەمینی لە ١٤ی مایۆ–٢١ی یونیۆ١٩٩٧، رژانە ناو هەرێمی کوردستانەوە. جیاوازیی ئەم لەشکرکیشییە لەوانەی پێشووتر ئەوە بوو، ئامانجە سەربازییەکانی تورکیا زۆر روون‌و ئاشکرا بوو، ئەمەش بە هۆی بوونی هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوان دەسەلاَتی (پ.د.ك)و تورکیا لەبەرامبەر (ی.ن.ك)و (پ.ك.ك) بە پشتگیری ئێران، کە

---

[١] احمد حسين: المصدر السابق، ص١٤٥.

وایکرد، تورکیاو (پ.ک.ک) کەوتنە شەڕێکی روو بەروو، کە بەپێی ڕاگەیاندنی سوپای تورکیا، (٢٦٠١) گەریلایان کوشتووە، لەڕیزی سوپای تورکیا (٩٩) کوژراو (٣١٣)بریندار هەبووەو دوو کۆپتەریش کەوتۆتە خوارەوە[١]. ئەو ژمارانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن ئەگەر تورکیا لە ژمارەی کوژراوەکانی (پ.ک.ک) زیادە ڕۆیی کردبێت، ئەوا دانپیانانی سوپا بەو ژمارە زۆرەی قوربانییەکانی سوپا، نیشانەی سەختیو گەورەیی شەرەکان بووە. لەلایەکی تر لەم پلانەدا فڕۆکەکانی ئیسرائیل بەبەکارهێنانی ئاسمانی تورکیا، سەرپەرشتیاری وردی (سوریا-عێراق-ئێران) دەکرد[٢]. دوابەدوای ئەم لەشکرکێشییە، سوپای تورکیا لە ٢٢-٢٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٧، دەستیکرد بە جێبەجێکردنی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی تورکیا لەبارەی دانانی پشتێنەی ئاسایش لە هەرێمی کوردستاندا. ئەم پشتێنەیە بە قوڵایی (٥-١٥)کم، بەدرێژی سنوری نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان بوو. (٨) هەزار سەربازی تورکیا بە شێوەیی هەمیشەییو بە بەکارهێنانی تازەترین ئامێری چاودێری[٣]، لە هەرێمی کوردستان لە ناوچەکانی بامەرنیو باتوفاو ئامێدیو کانی ماسی نیشتەجێبوون[٤].

لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە ڕێکەوتنی سەربازی تورکیاو ئیسرائیل یەکەم ڕەنگدانەوی لە هەرێمی کوردستان دەرکەوت، کە ڕووداوی ٣١ی ئۆگستۆسی ١٩٩٦ بوو، هاوکات ئەنجامێکی تر، کە دای بەدەستەوە بریتی بوو لە دامەزراندنی پشتێنەی ئاسایشی

---

[١] رسالە مام جلال: ترکیا تباشر اقامە حزامها العدوانی، التواجد الترکی والاحزام الامنی، ١٩٩٧/١١/٦

Ankara bombs northern Iraq from the militant. vol 61.no-35-13 coctobe.1997. www. Har ford. Hwp.com

[٢] خلیل علی مراد: دوافع التحالف الترکی – الصهیونی، مجلة دراسات سیاسیة، (بغداد-بیت الحکمة)، العدد الثانی السنة الاولی، ١٩٩٩ ل ٢١.

[٣] Alain Gresh: op. cit

[٤] ترکیا والاکراد العراقیین : تنازع ام تعاون؟ تقریر الشرق الاوسط لمجموعة الازمات رقم81 13نوفمبر- 2008

توركیا لە هەرێمی كوردستان، كە وەك شمشێرێك بۆ چاودێریكردنی هەرێمی كوردستان، هەمانكات لە دژی (پ.ك.ك) بەكار دەهات.

دووەم: كاریگەری ناراستەوخۆی رێكەوتنەكە لەسەر هەرێمی كوردستان:

یەكێك لە گرنگترین گرفتی پەیوەندیەكانی توركیا لەگەڵ سوریاو ئێران بریتی بوو لە كێشەی (پ.ك.ك). لەم بارەیەوە سەرۆك وەزیرانی توركیا چیلەر وتی: "ناتوانین لەوە زیاتر لە پشگیری دەرەكی تیرۆر بێدەنگ بین. دراوسێكانمان دەەبێت بریاربدەن كە یان هاورێی توركیا دەبن یان هاورێی نابن". وەزیری دەرەوەی توركیا حیكمەت چەتین زیاتر ئەم پرسەی ورد كردەوەو دەوڵەتە گرنگەكانی لەم پرسەدا دەستنیشان كردو وتی، یەكەمین پرسی وڵاتەكەی لە دراوسێ باشیدا بریتیە لە لەناوبردنی "تیرۆر". داهاتووی پەیوەندیەكانی دەوڵەتەكەی لەگەڵ سوریاو ئێران لسەر خواستی ئەو دوو دەوڵەتە لە رووبەرووبوونەوە "تیرۆر"و راگرتنی پشگیری سیاسیو مادی بۆ (پ.ك.ك) وەستاوە[1].

لە نەوەدەكاندا (پ.ك.ك) گرێكوێرەیەكی توند بوو لە پەیوەندییەكانی توركیاو ئێران. توركیا بەوە ئێرانی تۆمەتبار دەكرد، كە یارمەتی (پ.ك.ك) دەدات لەروی پشگیری

---

[1] خلیل علی مراد واخرون: القضیة الكردیة فی تركیا وتاثیرها علی دول الجوار، مركز دراسات التركیة، موصل، ١٩٩٤، ص ص١٥٧-١٥٨. جگە لە ئێرانو سوریا، یەكێكی تر لەو دەوڵەتانەی پشگیری (پ.ك.ك)دەكرد یۆنان بوو لە پێناو لاوازكردنی توركیا لە ناوچەكەدا. ئەمە تەنها بۆچونێك بوو، بەلام لە ساڵی ١٩٩٧ یەكێك لە رۆژنامەكانی بریتانیا بلاوكرایەوە كە رێكخراوە توندرەوەكانی یۆنان، راهێنانیان بە ئەندامانی (پ.ك.ك) كردووە بۆ كاری توندرەوی لە ناو توركیا. ئەم پەیوەندیەش بە روونی دەركەوت كاتێك، كە یۆنان یارمەتی ئۆجالانی دەدا بۆ پەناگایەكی ئارام لە جیهاندا. ئۆجالان چووە ئیتاڵیاو لەوێوە بۆ مۆسكۆ. لە ٢٩ی یەنایر لە یۆنان بوو دواتر چوو بۆ بلاروسیا، بەلام شوێنی دەستنەكەوت. لە ٢ی فەبرایر گەرایەوە یۆنانو ئنجا چوو بۆ كینیا. دواتر لە سەفارەتی یۆنان لە كینیا دەستگیر كرا.

Spiros Ch. Kaminaris: GREECE AND THE MIDDLE EAST, MERIA, Volume 3, No. 2 June 1999, http://www.biu.ac.il/SOC/besa/meria/index.html.

لۆجستی و دابینکردنی شوێنی مەشقکردن و پێداویستی تەندروستی بۆ گەریلاکان و نیشتەجێکردنیان لە خاکی ئێران بە تایبەت لە سنوری پارێزگای ئازەربێجانی رۆژهەلات. بەپێی زانیارییە هەواڵگرییەکانی تورکیا، کە رادەستی ئێران کراوە، ئێران و (پ.ك.ك) لە تاران رێکەوتوون لەسەر ئەوەی کە (پ.ك.ك) زەوی ئێران دژی ترکیا بەکار بهێنێت. هەروەها لە سەرەتای نەوەدەکانەوە (پ.ك.ك)، ٢٠ بنکەی سەربازی لە ئێراندا هەبووە. ژماری گەریلاکانی لەو بنکانەدا لە نێوان ٧٠٠–٨٠٠ کەسدا بووە. عوسمان ئۆجالان رێکخەری پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و (پ.ك.ك)، بووە. تورکیا رای وابوو کە وەزارەتی دەرەوەو حکومەتی ئێرانی لایەنگری ئاشتی و رێکەوتنن لەگەڵ تورکیا بەلام باڵی توندرەو پاسداران (پ.ك.ك) بەکار دەهێنن دژی تورکیا بە تایبەت لە دژایەتیکردنی تورکیا لە باکووری عێراق و قەفقاسیا[١]. هەرچەندە سەرکردەکانی (پ.ك.ك) باسییان لەو پەیوەندییانە دەکرد[٢]، بەلام ئێران نکۆڵی لێدەکرد. لە راستیشدا ئێران ئەو گەمەیەی لە بەرئەنجامی چالاکبونی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا دەکردو کاریگەریی ئەو سیاسەتەی لە سەر باری ناوخۆیی ئێران بە مەترسی دادەنا. بۆیە ئێران لە بەرامبەر فشاری سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا، دوو کارتی لەبەر دەستدا بوو، ئەویش کارتی (پ.ك.ك)و کارتی ئیسلامییە توندرەوکانی ناو تورکیا بوو. لە لایەك رێگری لە (پ.ك.ك) نەدەکرد بۆ بەکارهێنانی خاکەکەی لە دژی تورکیا. لە لایەکی تر هاریکاری بزوتنەوە ئیسلامییە توندرەوەکانی دەکرد بۆ لەناوبردنی بەرهەڵستکارە

---

[1]BAYRAM SİNKAYA :op. cit: p 77-79. MEKIN MUSTAFA KEMAL OKEM: TURKISH MODERNITY AND KURDISH ETHNO-NATIONALISM, A THESIS SUBMITTED TO THE GRADUATE SCHOOL SOCIAL SCIENCES OF MIDDLE EAST TECHNICAL UNIVERSITY IN PARTIAL FULFILLMENT OF THE REQUIREMENTS FOR THE DEGREE OF DOCTOR OF PHILOSOPHY IN POLITICAL SCIENCE .2006

٢ چاوپێکەوتن لەگەڵ فایەق گوڵپی.

ئێرانییەکانی ناو تورکیا[1]. لە وەڵامی ئەم سیاسەتی ئێراندا، تورکیا لە ساڵی ١٩٩١کەشتییەکی ئێرانی دەستبەسەر کرد بە گومانی ئەوەی، کە چەکی بۆ (پ.ك.ك) هەڵگرتووە. هەروەها لە ئۆگستۆسی ١٩٩٢ چەند یەکەیەکی سەربازی تورکیا سنوری ئێرانیان بەزاند بۆ راوەدونانی (پ.ك.ك). هەروەها لە یەنایری ١٩٩٤ هێزی ئاسمانی تورکیا لە میانی بۆردومانکردنی سەربازگەکانی (پ.ك.ك) لە هەرێمی کوردستان، ٩ دێهاتی کوردی ئێرانی کوشت[2].

ئەو تۆمەتانەی تورکیا، کە ئێرانی لە بارەی یارمەتییەکانی (پ.ك.ك) پێ تاوانبار دەکرد، زۆر توند تر لەوە تورکیا بەرەوروی سوریای دەکردەوە. تورکیا سوریای تۆمەتبار دەکرد، کە یارمەتی "تیرۆر" دەدات بە تایبەت (پ.ك.ك). لە هەشتاکاندا تورکیا سوریای بە هاندانی یەکگرتنی پارتە کوردییەکانی عێراقو تورکیا تاوانبار کرد. داوای داخستنی سەربازگەکانی (پ.ك.ك) لە سوریا کرد، کە شەش سەربازگەی سەرەکین[3]. لەم بارەیەوە ئۆزاڵ لە سێپتەمبەری ١٩٨٩ سوریای ئاگادار کردەوەو وتی: ئەگەر دەسبەرداری پشگیری کردن لە چالاکییەکانی (پ.ك.ك) نەبێت، ئەوا بە تەواوی ئاوی فوراتی لێدەگرێتەوە. لە بەرامبەردا سوریا بەردەوام نکۆڵی لەم تۆمەتانە دەکرد. رای سوریا لەم بارەیەوە وەك ئەسەد لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٧، وتی: "تورکیا لە سوریا داواکارە، کە ئەوەی لە ناوخۆی ئە دەوڵەتە دەگوزەرێت، سوریا رایبگرێت..... بەڵام ئەو کێشەیە لەناو خودی تورکیادایە". هەروەها وەزیری دەرەوەی سوریا فاروق ئەلشەرع، هەرسەبارەت بەم باسە لە لێدوانێکدا ئەوەی رەتکردەوە، کە سوریا بەرپرس بێت لە ململانێی (پ.ك.ك)و تورکیا، هەروەها وتی کە (پ.ك.ك) بە ملیۆنەها لایەنگری لەناو تورکیادا هەیە، کە پێویستی بە پشگیری سوریا نییە، کێشەکە لە دزە کردنی (پ.ك.ك) نییە بۆ ناو تورکیا. بەڵکو کێشەکە پەیوەندیی بە ناوخۆی

---

[1] ROBERT OLSON: TURKET-IRAN relation,1997 2000 the Kurdish and Islamist Question, ThIrd Wold Quarterly, Vol 21, No 5, 2000. P 872-876.

[2] BAYRAM SİNKAYA: op. cit. p79-80.

[3] وصال نجيب عارف العزاوي: المصدر السابق، ٢٧٨.

تورکیاوە هەیەوەو پێویستە تورکیا لە ناوخۆدا چارەسەری بکات. لێرەدا تورکیا ئەوەی لا روون بوو، کە بنکەی سەرەکی (پ.ک.ک) لە ناو سوریایە، بەلأم نەیدەویست راستەوخۆ هێرش بکاتە سەر ئەو دەوڵەتە. لەبەر هێشتنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبییەکاندا، هەروەها بۆ ئەوەی (پ.ک.ک) لە قازانجی خۆی ئەو شەرە نەقۆزێتەوە. دواجار بۆ رەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بەتایبت بۆ تێکنەدانی سەقامگیری ناوچەکە[1]. بە رای ئێمەش تورکیا نەیدەتوانی بچێت شەرێکەوە لەگەڵ ئێران و سوریا کە سەرکەوتنی بە تەواوی مسۆگەر نەبوو، چونکە هێزی سوپای تورکیا بە بەراورد لەگەڵ ئێران و سوریادا لە رووی قەبارەو دابینکاری سەربازییەوە تا سەرەتای نەوەدەکان، جیاوازییەکی بەرچاوییان نەبوو[2]. هاورێ لەگەڵ ئەمەدا، تورکیا لە هەشتاکان رەچاوی بنەمای دراوسێ باشی و پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانی لەگەڵ سوریاو ئێران و هاوکات ململانێ نێودەوڵەتییەکانی سەردەمی جەنگی ساردی لە رۆژهەلأتی ناوەڕاست دەکرد، هەر بۆیە چارەسەری سەربازی لە دژی ئێران و سوریا بەکار نەدەهێنا. بەلأم بە پەیدابوونی هەرێمی کوردستان و لە سایەی تاك جەمسەریدا، تورکیا لە شەری دژە (پ.ك.ك) قازانجێکی گەورەی کرد، کە خاکێکی بە پیت و دەرگایەکی ئاوەلأی بۆ پەیدا بوو بۆ لەشکرکێشییەکانی. هاوکات هەرێمی کوردستانی وەك گیرفانێك لە نێوان سوریاو ئێران بەکارهێنا، بۆ فشارخستنە سەر ئەو دوو دەوڵەتە بە تایبەت لە پرسی (پ.ک.ک)دا.

کاریگەریی ئەم پرۆسە سەربازیانەی تورکیا بە هاریکاری ئیسرائیل، لە ساڵی ١٩٩٧، رۆڵێکی گرنگی بینی لە ساغکردنەوەی ململانێکان بە قازانجی تورکیاو ئیسرائیل. سوریاو ئێران هەر زوو درکیان بە کاریگەریی ئەو لەشکرکێشیانە کرد بە تایبەتی لەشکرکێشی ١٩٩٧. عەلی ئەکبەر ویلایەتی بۆ ئەم مەبەستە سەردانی دیمەشقی کرد لە ٧ی مایۆی ١٩٩٧لە دیمەشقەوە ئامانجی سەردانەکەی راگەیاند، کە لەپێناو هەماهەنگی و یەکخستنی کاری نێوان هەردوو دەوڵەتە لە دژی ئەو لەشکرکێشیە، کە وەك فشار لە دژی سوریاو ئێران

---

[1] احمد حسين: المصدر السابق، ص١٩٧-١٩٨.

[2] بروانە خشتەی ژمارە (١)

بەکار دێت. لەگەڵیدا خدام بە پێشێلکاری‌و داگیرکردنی خاکی عەرەبی ناوبردو ئەمەی بە هەرەشەیەکی تورکی ئیسرائیلی بۆ سەر دەوڵەتە عەرەبییەکان لەقەڵەم دا[1]. وەزیری دەرەوەی ئێران کەمال خەرازی سەبارەت بە پشتێنەی ئاسایش وتی: ئێران ناتوانێت ئەوە پەسەند بکات‌و ئەمە پێشێلکردنی یەکێتی خاکی عێراقەو ئێران دژی دابەشبوونی ئەم دەوڵەتەیە[2].

هەموو ئەمانە رێژەی مەترسی‌و دوودڵی ئێران‌و سوریا لە پرۆسە سەربازییەکانی ساڵی ١٩٩٧دا دەردەخەن، بەڵام ئەنجامی ئەم پرۆسە سەربازییە نزیکەی ٧ هەزار گەریلای (پ.ک.ک) چونە خاکی ئێرانەوە[3]. بەمەش گرنگترین کارتی لە دەستی سوریا دەرهێنا، ئەویش کارتی (پ.ک.ک) بوو، کە وایکرد سوریای خستە ناو نیمچە بازنەیەکی سەربازی تۆکمە کە بواری جوڵەکردنی بە تەواوی سست‌و لاواز کرد. بۆیە راستەوخۆ دوابەدوای ئەم ئەنجامە سەربازیانەی تورکیا لە هەرێمی کوردستان، تورکیا سوپای لە ئۆکتۆبەری١٩٩٨ لە سەر سنورەکانی لەگەڵ سوریادا مۆڵ کرد ، سوریای تۆمەتبار کرد بەپشتگیریکردنی تیرۆر دژی تورکیاو داڵدەدانی ئۆجالان‌و فەراهەمهێنانی سەربازگەی مەشق بۆ (پ.ک.ک). لەمبارەیەوە تەنگژەیەکی سیاسی ئاڵۆز لەنێوانیان پەیدا بوو. دیمریل رایگەیاند، کە تۆڵە لە سوریا دەکاتەوە. سەرەک ئەرکانی سوپا وتی: "تورکیا لەباری شەرێکی رانەگەیەندراو دایە لەگەڵ سوریا"و مۆڵەتی (٤٥) رۆژی بەسوریادا بۆ بەدەستەوەدانی ئۆجالان، لە بەرامبەردا سوریا درکی بە بەهێزی سوپای تورکیاو هاوپەیمانە ئیسرائیلیەکەی کرد. سەرئەنجام رێکەوتنامەی ئەدەنەی لە٢١ی ئۆکتۆبەری١٩٩٨ لەگەڵ تورکیا واژۆکرد. بەو پێیە سوریا بەڵێنی دا تەواوی سەربازگەی (پ.ک.ک) لەخاکەکەی دابخات‌و رێگەی نەدات خاکەکەی بەکاربهێنرێت بۆ هێرشکردنە سەر تورکیا، زیاتر لەوە سەرکردەکانی دەربکات، لەم بارەوە هاریکاری ئاسایشی لەگەڵ تورکیا دەکات، تورکیا لای خۆیەوە جەختی لەسەرئەوە کردەوە

---

[1] عايدة علي سري الدين: دول المثلث بين فكي الكماشة التركية الاسرائيلية، ص ص ٢٥١، ٢٥٤.

[2] الانصات المركزى، نشرة خبرية معلوماتية يومية ، العدد(٧٥٩)، ٢٧/ ١٠/١٩٩٧

[3] BAYRAM SİNKAYA :op. cit: p81

ڕێگا بەهیچ چالاکیەك دژی سوریا لە ناوخۆی دەوڵەتەکەی نەدات[1]، هەر لەم ڕێکەوتنە سوریا (پ.ك.ك)ی وەك ڕێکخراوێکی "تیرۆریستی" ناشەرعی سەلماند[2]، لەکۆتایی ئەم ڕێکەوتنە گەورەترین کاریگەریی لەسەر هەرێمی کوردستان، لاوازبوونو کپبوونی چالاکیەکانی (پ.ك.ك) بوو هەروەها نزیك بوونەوەی وادەی دەستگیر کردنی ئۆجالان بوو، کە دوای ئەوەی سوریا دەسبەرداری بوو، پەنایبردە بەر ڕوسیاو ئیتالیا، یۆنان، دواجار لە ١٥ی فەبرایری١٩٩٩ لەکینیا دەسگیرکراو درایە دەست تورکیا[3].

لە دوای سوریا، هەرەشەکانی تورکیا ڕووەو ئێرانن ئاراستە کرانو ئۆپەراسیۆنی سەربازی تورکی لە سەر سنوری ئێران لە دژی (پ.ك.ك) ئەنجام درا. لەم بارەیەو ئێران نوێنەری تورکیای لە تاران بانگهێشت کردو پێیراگەیاند کە فرۆکەکانی تورکیا سنوریان بەزاندووەو لەو سەروبەندەدا ٧ ئێرانی سیڤیل کوژراون[4].لە وەلآمدا سەرۆك وەزیرانی تورکیا بوڵەند ئەجەڤید لە یۆلیۆی ١٩٩٩ وتی" ئێمە چەند داوایەکمان لە دژی ئێران هەیە، (پ.ك.ك) لە سوریا بەرەو نەمان دەچێت، بەلآم پێدەچێت ئێران جیگای سوریا بگرێتەوە. ئێران (پ.ك.ك) حەشار ئەدات. ئەم هەڵوێستە گونجاو نییە لە پەیوەندی باشو هاورێەتیمان". ئەندامی لیژنەی کاروباری بەرگری لە پەرلەمانی ئێران بەهمەن ئاقایان وتی " ئەم هێرشانەی تورکیا ستراتیجێکی نوێی تورکیایەو سیناریۆکەی لە لایەن ڕۆژئاواوە داڕێژراوە"[5].

---

[1] خليل علي مراد: دوافع التحالف التركي – الصهيوني، ص٧١.

[2] هدى درويش: العلاقات التركية اليهودية وأثرها على البلاد العربية، الجزء الثاني، دار القلم، دمشق، ص٢٠٤.

[3] للمزيد من المعلومات: انظر: خليل علي مراد: العلاقات السورية–التركية في ضوء أزمة أوج ألان، تشرين الاول، أوكتوبر، ١٩٩٨، مجلة (أوراق تركية) معاصرة، مركز الدراسات التركية – جامعة الموصل، عدد ١٦، ٢٠٠١، ص ٧٢.

[4] الانصات المركزي، نشرة خبرية معلوماتية يومية ، العدد (١٢٢٥)، ١٩٩٩/٥/١٤

[5] BAYRAM SİNKAYA :op. cit: p81

لە ئۆگستۆسی ١٩٩٩ لیژنەی بالآی ئاسایشی تورکیا- ئێران لە ئەنکەرە پێکهات. رێکەوتن لەسەر دالّدەدانی (پ.ك.ك)و (ر.م.خ). هەروەها پاراستنی سنورە ناوچەییەکان[١]، وەك توێژەرێکی تورك دەڵێت لەسەر دانەمەزراندنی دەوڵەتی کوردی رێکەوتوون[٢].

لێرەوە دەگەینە ئەو باوەرەی، کە رێکەوتنی تورکیاو ئیسرائیل گەلێك لە ئامانجەکانی خۆی پێکا، کە لە گرنگ ترینیی بە لای تورکیاوە، بریتی بوو رێگرتنی سوریا لە دەوڵەتانی ناوچەیی بۆ پشگیریکردنی (پ.ك.ك). لە لایەکی تر رێکەوتنی ئەدەنە لە ساڵی ١٩٩٨ سەرکەوتنی هاوپەیمانی ئیسرائیلی-تورکی بوو، چونکە سەرکەوتنی بەسەر رکەبەری سوری و ئێرانی بەدستهێنا بە بێ ئەوی ئەوان بتوانن هاوپەیمانی سەربازی دژی تورکیاو ئیسرائیل رێکبخەن[٣]. وێرای ئەمە دەرکەوت ئەو دەوڵەتانەی، کە پشگیری (پ.ك.ك)یان دەکرد تەنها وەك فشارێك لە پەیوەندییەکانی خۆیان بەرامبەر تورکیا بە کاریان دەهێنا. حکومەتی ئیسرائیل لەم نێوەندەدا توشی رەخنەی ناوخۆیی بووەوە. بە تایبەت دوای ئەوەی کە شێوازو پلانی دەسگیرکردنی ئۆجالان ئەوەی دەرخست، کە ئیسرائیل رۆڵی گرنگی لە گرتنی ئۆجالاندا بینیوەو (پ.ك.ك) هەرەشەی هێرشیان بۆ سەر ئیسرائیل کرد. رۆژنامەی جیروزلیم پۆست "Jerusalem Post" لە ١ی مارسی ١٩٩٩، ئەم رێکەوتنەی بە شکست بۆ ئیسرائیل ناوبرد، چونکە خۆی خستۆتە کێشەیەکەوە لە دژی کورد کە پێشتر کێشەی ئەو نەبووە. بەهۆی ئەم کێشەیەوە بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل لە جیهان کەوتۆتە بەر مەترسی هەرەشەکانی (پ.ك.ك)[٤]. سەرەنجام و بە تێپەربونی کات دەرکەوت، کە (پ.ك.ك) بە لەدەستدانی پشگیرییە ناوچەیەکان، ئەگەر بۆ ماوەیەك لاواز بوو بێت، بەلأم

[١] لیونر مارتن: المصدر السابق، ١٨-١٩

[2] BAYRAM SİNKAYA :op. cit: p81

[٣] أوفرا بنجيو و جنسر أوزكان: المصدر السابق، ص ٤٩-٥٠.

[4] Bulent Aras: op. cit.

لەناو نەچوو، چونکە سیاسەتی نابەجێی تورکیا بەرامبەر بە کورد، ماکینەی بەرهەمهێنانی (پ.ک.ک) بوو، نەک دەوڵەتانی دراوسێ.

تەوەری دووەم

سیاسەتی هاوبەشی ناوچەیی بەرامبەر هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان لە لایەن دەوڵەتە دراوسێکانەوە، سێ جار هەڵوێستی هاوبەشی لە بەرامبەری گیراوەتە بەر. یەکەم جار لە کاتی کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١دا بوو. دووەمین هەڵوێست لە کاتی راگەیاندنی سیستەمی فدراڵی لە ساڵی ١٩٩٢دا بوو، سێیەمین و دواهەمین هەڵوێست لە سەروبەندی هێرشی ئەمریکا بوو بۆ سەر عێراق لە ٢٠٠٣دا.

دەتوانین بڵێین یەکەمین هەڵوێستی ئەرێنی دەوڵەتە دراوسێکان بەرامبەر بە کێشەی کورد لە کاتی کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١دا بوو. بە پێی ئەو هەڵوێستە تورکیاو ئێران داوای چارەسەرکردنی کێشەی ئاوارە کوردەکانیان کرد، دژایەتیی خۆشیان بۆ سیاسەتی عێراقی دەربڕی. ئەوەیان خستە روو، کە چارەسەرکردنی کێشەی ئاوارەکان ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە دەپارێزێت. لەسەر ئەو بنەمایە بڕیاری ٦٨٨ی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە لە ٥ی ئەپریلی ١٩٩١ دەرچوو. بە واتایەکی تر کێشەی کورد وەك پرسێك کە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە سەقامگیری و ئاسایشی ناوچەیی دەخستە بەر هەرەشە، بە پێچەوانەی ئەم مێژووە، لە ساڵی ١٩٩١دا چارەسەرکردنی کێشەی ئاوارەکانی کورد، ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکەدا بەدیهێنا[1].

---

[1] هێرش عەبدوڵڵا حەمە کەریم: سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٣-٩٤.

بڕیاری ٦٨٨ لە جێبەجێکردندا گەشە سەندنی زۆری بەخۆوە بینی. لەو بڕیارەدا بە هیچ شێوەیەك باسی دەستوەردانی سەربازی نەکردبوو، بەڵام ئەمریکا بە پشتبەستن بەو چەمکە یاساییەی تیایدا هاتبوو،" گێڕانەوەی ئاشتی جیهانیو ئاسایش"، هەروەها لەسەر بنەمای داواکاری ئێرانو تورکیا، ئەو کارەی کرد. بە مانایەکی تر ئامانجی بڕیارەکە بریتی نەبوو لە پاشەکشە پێکردنی دەسەڵاتی سەدام لە هەرێمەکە، بەڵکو بریتی بوو لەوەی، کە هەرێمی کوردستان نەبێتە بنکەیەك بۆ تێکچونی، ئاسایشو سەقامگیری ناوچەکە. لە ١٧ی ئەپریلی ١٩٩١ لە سەر بانگێشتی تورکیا هێزی هاوپەیمانان بە ناوی (OPC) لەسەر سنورەکان دامەزران. ئەم هێزە کاری ئەوە بوو، یارمەتییە مرۆییەکان بگەیەنێتە دەستی ئاوارەکانو نەهێلێت عێراق بەرامبەریان ستەمو زۆرداری ئەنجام بدات. هەرچەندە تورکیا رێگای کارکردنی بەو هێزە دا، کە لە خاکی تورکیاوە هەرێمەکە بپارێزن، بەڵام بە بەردەوامی لە بەکارهێنانی ئەم هێزی هاوپەیمانان لە بوارێکی ترو بۆ مەبەستێکی تر دوو دڵ بوو. بۆ نموونە ترسی ئەوەی هەبوو کە ئاراستەی کارکردنی ئەم هێزە لە پاراستنی کوردی عێراق بۆ پاراستنی کوردی دەوڵەتێکی تری رۆژهەڵاتی ناوەراست بگۆردرێت بە تورکیاشەوە. لە لایەکی تر بە گومان بوو لەوە کە ئەم هێزە کارو چالاکیەکانی لەژێر دەسەڵاتی تەواوەتی تورکیادا نەبێت. راپۆرتە تورکیەکان باسیان لەوە دەکرد، کە ئەم هێزە پەیوەندی دروستکردووە لەگەڵ هێزە کوردییەکان لە دەرەوەی سنووری کاری خۆی. بۆ نموونە یارمەتییە مرۆییەکان لەو ناوچانە فرێدەداتە خوارێ، کە لە بن دەستی (پ.ك.ك)دان[(1)].

بە هەمان شێوە ترسی ئێران لە ئەرکو کاری ئەو هێزە رۆژ بەرۆژ زیاتر دەبوو، بەتایبەت لەوەی، کە ئیسرائیلو ئەمریکا ئەو هێزە بۆ زیانگەیاندن بە ئێران بەکار بهێنن. سوریا بەهۆی کەمی سنوری لەگەڵ هەرێمی کوردستان شەپۆلی ئاوارەبوون رووی تێنەکرد، بەڵام نیگەران بوو لە پاراستنی کورد لە لایەن هاوپەیمانەکان. لەم سۆنگەیەوە ترسو گومانێکی ناوچەیی لە لایەن دەوڵەتانی دراوسێوە سەری هەڵدا بەرامبەر بە ئەرکو پرۆژەی (OPC) لە هەرێمی کوردستاندا. پەرەسەندنە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان لەوکاتەدا مایەی

---

[1] Ýdris DEMÝR: op. cit.

سەرنجدانی دەوڵەتە دراوسێکان بوو. بەغداد گرەوێکی دۆراوی لەسەر هەڵوێستی دەوڵەتە ناوچەییەکان کرد، سەبارەت بە هەرێمی کوردستان. سەدام حسین لە یادی ١٧ ساڵەی بەیاننامەی ١١ی ئازاری رایگەیاند، کە "سەرکردە کوردەکان کەسانی لێوەشاوە نین بۆ بەڕێوەبردنی هەرێمەکە. رۆژئاوا ئەگەر دەوڵەت بە کوردستان ببەخشێت، ئەوا بریاری بەشکردنی ئێران و تورکیا ئەدات چونکە ئەگەر لە کوردستانی عێراق دەوڵەت پێکبێت، ئەوا رەنگدانەوەی لەسەر ئێران و تورکیاش دەبێت"[1]. لەم روانگەیەوە بەغداد دەسەڵاتی سەربازی و کارگێری کێشایەوەو بەو ئامانجەی، کە دەوڵەتە ناوچەییەکان رێگر دەبن لەبەردەم دەسەڵاتی خۆبەخۆی کوردی لە هەرێمەکە. بەڵام زنجیرە رووداوەکانی هەرێم ئەوەی سەپاند، کە هەرێمی کوردستان پرسی ناوخۆیی عێراق تێپەڕاندو خۆی کردە پرسێکی ناوچەیی، بە جۆرێك دەوڵەتە ناوچەییەکانی دەستبەست کرد لە روو بەروو بونەوەیدا. کە گرنگترینیان رووداوەکانی مانگی سێپتەمبەر و ئۆکتۆبەری ١٩٩٢ بوو. لە مانگی سێپتەمبەردا هێزی پێشمەرگە لە خۆئامادەکردندا بوو بۆ جەنگ لە دژی (پ.ك.ك)، هاوکات (٢٣٤) کەسایەتی عێراقی لەهاوینەهەواری (سەلاحەدین)ی سەر بە پارێزگای هەولێر لە هەرێمەکە، دوای کۆبونەوەیەکی دوو رۆژی سەبارەت بە ئایندەی عێراق، لە ٢٧ی سێپتەمبەر١٩٩٢دا (ك.ن.ع) پێکهێنا، کە ئامانجی گۆڕینی رژێمی بەغدادو دامەزراندنەوەی سیستەمێکی نوێ بوو بۆ عێراقی دوای سەدام حسین[2]، دواتر لە ٤ی ئۆکتۆبەری١٩٩٢ پەرلەمانی کوردستان جاڕنامەی فیدراڵی وەك سیستەمێك بۆ داڕشتنی پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی ناوەندیی عێراق ڕاگەیاند[3].

ئەگەر رووداوەکان ساڵ و نیوی هەرێمی کوردستان کۆبکەینەوە لەراپەڕینی مارسی ١٩٩١ دەستپێدەکات و بەدوای خۆیدا کۆڕەوی مانگی ئەپریل، بریاری ٦٨٨ لە هەمان مانگدا، دەستپێکردنی لەشکرکێشی تورکیا لە ئۆگستۆسی ١٩٩١، دانوستانی بەغدادو هەولێر لە

---

[1] جريدة الجمهورية، العدد(٨١٤٠)، ١٩٩٢/٣/١٢.

[2] علي الشمراني: صراع الاضداد، ص ص٢٥٨– ٢٦٣ .

[3] ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق: پرۆتۆکۆلەکان، بەرگی سێیەم، ل٢٠٢.

ئـەپریل تـا مارسـی ١٩٩٢، هەلبژاردنـەکانی هـەرێم لـە مـایۆی هـەمان سـاڵ، کـۆنگرەی بەرهەڵسـتکارانی عێراقـی لـە سـێپتەمەبری ١٩٩٢، جارنامـەی فـدراڵی لـە لایـەن هـەرێمی کوردستان. هەموو ئەم روداوانەی هـەرێم لـەم مـاوە کورتـەدا، زۆر نـاوازەو دەگمـەن بـوو لـە مێژوی ٧٠ ساڵەی عێراق‌و دەوڵەتانی دراوسێ‌و کێشەی کورددا. هەموو ئەمانە هۆکار بوون بۆ سەرهەڵدانی بیرۆکەی هەماهـەنگی ناوچـەیی بـە دەسپێشـخەری تورکیـا. ئـەوە بـوو سـەرۆك وەزیرانی تورکیا، دیمریل لـە ٢٦ی ئۆکتۆبـەری١٩٩٢ سـەردانی ئێرانـی کـرد بـۆ کۆبوونـەوەو رێکەوتن لە سـەر شـێوازی گونجـاو سـەبارەت بـەرێگرتن لـە سـەربەخۆبوونی کـوردو پاشـان دۆزینەوەی رێگە چارەیەك بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەسەلاتی کوردیدا، کە بەردەوام دەوڵەتانی ناوچەیی توشی شۆك دەکرد. بۆ ئەم مەبەستە دوور لەهـەموو جیـاوازی‌و نـاکۆکی نێوانیان، کۆبونەوەی وەزیرانی دەرەوەی تورکیاو ئێران‌و سوریا بە ناوی کۆبوونـەوەی سـێ قۆڵی لە ١٤و١٥ی نۆڤەمبەری ١٩٩٢ لە ئەنکەرە بەسـترا. ئـەم کۆبونەوەیـە سـەرەتا بـوو بـۆ کۆبوونەوەکانی تر، کە هەر شەش مانگ جاریك‌و هەر جارەی لە پایتەختی دەوڵەتێك ئـەنجام دەدرا. ویلایەتی‌و فاروق ئەلشـەرع، وەك وەزیرانـی دەرەوەی ئێـران‌و سـوریا بـە هەمیشـەیی بەشدار بوون، حیکمـەت چـەتین لـە یەکـەمین‌و دووەمـین کۆبونـەوەداو مومتـاز سوسـیال لـە سێیەم تا پێنجـەم کۆبونـەوە، وەك وەزیرانـی دەرەوەی تورکیـا بەشـداریان کـرد. دووەمـین کۆنگرە لە دیمەشق بوو لە ١٠ی فەبایری ١٩٩٣. کۆنگرەی سێیەم لە ئۆگستۆسی ١٩٩٣ بـوو لە تاران‌و چوارەمین لـە فـەبرایری ١٩٩٤ بـوو لـە ئەنکـەرەو دوا وێسـتگەی کۆبونـەوەکان لـە دیمەشق بوو لە ٢٣ی ئۆگستۆسی ١٩٩٤[1].

ئـەم دەوڵەتانـە لـە یەکـەم کۆبونـەوەدا لەسـەر چـەند خاڵێـك رێکـەوتن، کـە لەسـەرجەم کۆبونەوەکانی تردا جەختی لەسەر دەکرایەوە. ئەو خاڵانەش بریتی بوون لە:

[1]Anoushiravan Ehteshami and Raymond A.Hinnebusch: op. cit, p193, 207.

تطورات المسألة الكردية فى العراق والتركيا، مجلة (الشؤن تركيـة)، اعـداد: محمـد نورالـدين، عـدد(٣)، ١٩٩٢، ل٢٣

أ. بەرهەڵستیکردنی دابەشبوونی عێراق‌و پاراستنی یەکیەتی‌و سەروەری ئەو دەوڵەتەو ڕەتکردنەوەی فیدراڵی.

ب. هەر هەوڵێك لەپێناو دابەشبوونی عێراقدا بێت، ئەنجامی ترسناکی لەسەر ئاشتی‌و سەقامگیربوونی ناوچەکە پەیدا دەکات.

ت. داهاتووی عێراق، گەلی عێراق بڕیاری لەسەر دەداتو (ك.ن.ع) نوێنەری تەواوی گەلی عێراق نییە[1].

هەرچەندە ئەمە بڕیارە ئاشکراکانی ئەو کۆبونەوەیە بوو، بەڵام لە پشت ئەم بڕیارانەوە ئامانجی ئەم کۆنگرەیە وەك ڕۆژنامەی میللییەت نوسی بوو، بریتییە لە ناردنی نامەیەك بۆ ڕۆژئاواو بۆ کورد، کە " ئێمە وەك هێزی ڕەسەنی ناوچەکە، ڕێگا بە سەرهەڵدانی هیچ کیانێك لە ناوچەکە بەبێ ڕەزامەندی ئێمە یان لە دەرەوەی ئیرادەی ئێمە، نادەین ". لە لایەکی تر ئامانجی ئەم کۆبونەوانە بریتی بوون لە :

- هەرێمی کوردستان وەك کارتی فشار لە پەیوەندیی نێوان هەرسێ دەوڵەتەکە بەکارنەهێنرێت.
- کۆنترۆڵکردنی پەرەسەندنی سیاسی‌و سەروەری لە هەرێمی کوردستان.
- نزیککردنەوەی پرسی کوردی لە سیاسەتی ناوچەیی‌و دوورخستنەوەی لە سیاسەتی نێودەوڵەتی.
- هەماهەنگی بۆ ئیحتوا کردنی (پ.ك.ك).
- ڕەتکردنەوەی تەواوەتی بۆ گۆڕینی سنوورە ناوچەییەکان بە هۆی بابەتی کورد یان هەر خواستێکی جوداخوازی تر[2].

تاڵەبانیش ئامانجی یەکەم کۆنگرەی کورت کردەوەو وتی: " من وای بۆ دەچم ترسی ئەوان لە دیموکراسیەت‌و فدرالییە"[1]، وەك ئاماژەیەك بۆ عێراقی دیموکراسی‌و هەرێمی کوردستانی فدراڵی.

---

[1] تطورات المسألة الكردية في العراق والتركية، ص ٢٣.

[2] عقيل سعيد محفوض: المصدر السابق، ص ص ٢٨٢-٢٨٣

لە بڕیارەکان‌و لە ئامانجەکانیشەوە ئەوە دەرکەوت، کە خاڵی هاوبەشی نێوان ئەو دەوڵەتانە بریتی بوو لە رەتکردنەوەی دەوڵەتی کوردی لە هەرێمی کوردستان، کە ئەم پرسە هۆکاری نزیکبونەوەی ئەو دەوڵەتانە بوو لەو کاتەدا. رۆژنامە تورکییەکان سەبارەت نزیکبونەوەو رێکەوتنی سوریاو تورکیا لەسەر پرسی کورد بە گشتی‌و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی لەو کۆبونەوانەدا، بە سەرهەڵدانی سەردەمێکی نوێ لە پەیوەندییەکانی سوریاو تورکیا ناویان برد[٢]. وێرای ئامادەیی ئەم پرسە لە کۆبونەوە سێ قۆڵییەکاندا، لە کۆبونەوە دووقۆڵییەکانی نێوانیاندا دەوڵەتی کوردی جەختی لەسەر دەکرایەوە. بۆ نموونە لە میانەی سەردانی سەرۆك وەزیرانی تورکیا، دیمیریل بۆ سوریا لە ساڵی دا١٩٩٣، رۆژنامەی (البعث) لە مانشێتدا نوسی، کە ئەسەدو دیمیریل گفتوگۆیان لە بارەی هەرەشەی پارچەبونی عێراق لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد. لەم بارەیەوە دیمیریل لە چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانی وتی: پرسی کوردەکانی عێراق تەوەرێکی سەرەکی چاوپێکەوتنمان بوو لەگەڵ ئەسەدو لایخۆیەوە ئەسەد هۆشداریدا، کە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەبێتە کێشە بۆ سوریاو تورکیاو عێراق[٣]. هاوشێوەی ئەم سەردانە، کاتێك دیمیریل وەك سەرۆك کۆمار چوو بۆ ئێران لە ١٥-٢٧ی یۆلیۆی ١٩٩٤، سەرەکیترین تەوەری گفتوگۆکانی لەگەڵ رەفسەنجانی، پرسی دەوڵەتی کوردی بوو لە هەرێمی کوردستان[٤]. هاوکات چوونی خەددام بۆ تاران‌و گەیاندنی نامەی ئەسەد بە رەفسەنجانی، لە ٢ی سێپتەمبەری ١٩٩٥ سەبارەت بە سەرهەڵدانی پلانی ئەمریکی-(ك.ن.ع)[٥] و پرۆژەی فدراڵی ئەردەن بوو بەرامبەر هەرێمی کوردستان‌و عێراق[١].

---

[١] صلاح بروارى: المصدر السابق، ص ص٣٤٠-٣٤١

[2] İdris DEMİR : op. cit.

[٣] جريدة البعث. ٢٢/ ١/١٩٩٣. نقلا عن، دار البعث. ١٨٤٣٥

[4] İdris DEMİR: op. cit.

[٥] ئەم پلانە بریتی بوو لە رێکخستنی کودەتایەکی سەربازی لە ناو بەغداد بە بەشداری لیوا وەفیق سامەرائی. لە هەرێمی کوردستانیش (ی.ن.ك) هێرش بکاتە سەر کەرکوکو (پ.د.ك) هێرش بکاتە سەر موسڵ. رێکخەری ئەم پلانە کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی بوو بەسەرپەرشتی دەستگای هەواڵگری ئەمریکا. ئەم پلانە لە مارتی ١٩٩٥ چووە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، چونکە لەناو بەغداد

کاردانەوەی هەرێمی کوردستان لە رێگای پەرلەمانی کوردستانەوە بوو، کە نامەیەکی بۆ وڵاتانی تورکیاو ئێران و سوریا نارد، ناوەڕۆکەکەی ئەم خاڵانەی لەخۆگرتبوو:

- هەڵبژاردنی پەرلەمان، لە ئەنجامی کشانەوەی دەزگا کارگێڕییەکانی ڕژێمی عێراق بوو.
- حکومەتی کوردستان دەستناخاتە کاروباری وڵاتانی دراوسێ، پێی باشە کێشەکانی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا بە رێگای ئاشتی چارەسەر بکات.
- فیدراڵی کوردستان عێراق پارچەپارچە ناکات، بەڵکو پاراستنی یەکێتیی عێراق دەپارێزێت[٢].

دەتوانین بڵێین ئەو کۆبونەوانە ئەو ئامانجەی پێکا کە رێگری لە گەشەسەندنی سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان گرت. هەروەها توانی بە زنجیرە رێوشوێنێکی ئابووری و دیپلۆماسی گەمارۆی هەرێم بدات، دواجاریش وەك دەسەلاتێکی شەرعی و سیاسی مامەڵە لەگەڵ هەرێمەکەدا نەکرد. بەلام ئەو ئامانجەی نەپێکا، کە فەراهەمهێنانی ئاسایش و سەقامگیری بوو لە ناوچەکەدا، چونکە سەرباری ڕێکەوتنی هەرسێ لایەن لەسەر پاراستنی یەکێتیی خاکی عێراق، بەلام ئەو دەوڵەتانە بە تایبەت تورکیاو ئێران، هیچیان متمانەیان بە سیاسەتی ئەوی تر نەبوو لە هەرێمەکەدا، ئەمەش وایکردبوو ئەو دوو دەوڵەتە لە رکەبەریدا بن. ئێران ترسی لە زیاد بونی کاریگەریی تورکیا هەبوو لە هەرێمەکەدا کە بەسەر دوو تەرزدا دابەش بوو. تەرزی یەکەم بەهۆی پەیوەندی بەتینی تورکیا لەگەڵ ئەمریکاو ئیسرائیل، لەوە دەترسا سیخورو هەواڵگریەکانی ئەوان چالاکی لە هەرێمی کوردستان دژی ئێران بکەن. تەرزی دووەم، ئەوە بوو کە ئەگەر تورکیا دەست بەسەر ناوچە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان بە موسڵ و کەرکوکەوە بگرێت، ئەوا تەرازوی هێز بە قازانجی تورکیا لە ناوچەکە دەگۆڕێت. بە هەمان شێوە تورکیا لە کاریگەریی ئێران بەسەر سەرکردە عێراقیەکان بە

پلانەکە ئاشکرا بوو. هاوکات لە دەرەوەش (پ.د.ك) لە دوا ساتەکان بەشداری نەکرد، چونکە سووربونێکی تەواوەتی ئەمریکای بەو پلانەوە نەبینی. اندرو کوکبورن و باتریك کوکبورن: المصدر السابق، ص ٣١١-٣١٨.

[1] Anoushiravan Ehteshami and Raymond A.Hinnebusch : op. cit, P 220

[٢] ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان: پرۆتۆکۆڵەکان، بەرگی پێنجەم، ل١٧٢.

گشتیو سەرکردایەتی کورد بە تایبەتی دەترسا. هەروەها دوودڵ بوو لە بونی (پ.ك.ك) لە سنووری هەژمونی ئێرانی لە هەرێمەکەدا، هەروەها لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی کوردی لە هەرێمەکە بە پشتیوانی ئێران دەترسا کە لە باشورەوە دەوری تورکیا بدات[1]. بۆیە یەکێك لەو هۆکارانەی وایکرد تورکیا لەو کۆبونەوانە پاشەکشە بکاتو لە ئیسرائیل نزیك بێتەوە، ئەویش بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێکانی بوو لەگەڵ دەوڵەتانی ئێرانو سوریا لە هەرێمی کوردستان لە رێگای لەشکر کێشییەکانییەوە. لەم بارەیەوە، وەزیری دەرەوی سوریا محەمەد سەلمان وتی: "کۆبونەوەی سێ قۆڵی، کە تایبەت بوو بە هەرێمی کوردستان، لە ساڵی ١٩٩٥ بەدواوە کۆتایی هات، کە بەهۆی لەشکرکێشی تورکیاو رێکەوتنی سەربازی تورکیاو ئیسرائیل بوو"[2].

بە رای ئێمە هۆکارێکی تری سەرنەکەوتنی ئەم کۆبوونەوانە ئەو گەمارۆ ئابوریو دپلۆماسسیە بوو، کە بەسەر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندا لە لایەن ئەو دەوڵەتانەوە سەپێنرا. بەمەش مامەڵەی ئەو دەوڵەتانە لەگەڵ دەسەلاتی حکومەتو پەرلەمانی کوردستان نەبوو، بەڵکو پەیوەندی سیاسیان لەگەڵ پارتە دەسەڵاتدارەکانی هەرێمی کوردستان دامەزراند بە تایبەت (پ.د.ك)و (ی.ن.ك). ئەمە وایکرد هەر پارتەو لە دەرەوی دەسەلاتی حکومەتو پەرلەمان، پەیوەندیی سەربەخۆ لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانی پەیدا بکات، بە جۆرێك لە کاتی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ لە مایۆی ١٩٩٤دا، زۆر بە خێرایی تێکەڵی ململانێ ناوچەییەکان بوونو هەر پارتەو بریکاری سیاسیو سەربازی دەوڵەتێکی ناوچەیی بوو لە هەرێمەکەدا. ئەمەش هۆکارێکی گرنگی قوڵبونەوەی کێشە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان بوو کە ئەنجامەکەی بووبە هۆی تێکچونی سەقامگیریو ئاسایشی ناوچەیی. بە واتایەکی تر کاردانەوی سیاسەتی ناوچەیی لە هەرێمی کوردستان، هۆکاری سەرەکی تێکچونی پەیوەندییە ناوچەییەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست بوو بە جۆرێك بە دەسپێکردنی شەری ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان، دەسوەردانو لەشکرکێشی لە هەرێمەکەدا سەری هەڵدا، کە بوو بە

---

1 BAYRAM SİNKAYA :op. cit: p 38, P73

2 الانصات المركزي، نشرة خبرية معلوماتية يومية ، العدد (٧٥٩) ٢٧/ ١٩٩٧/١٠.

هۆی بەریەککەوتنی بەرژەوەندییە ناوچەییەکان لە هەرێمی کوردستان، کە ڕێگای بۆ گواستنەوەی ململانێی نێوان ئەو دەوڵەتانە خۆش کرد.

سێیەمین هەڵوێستی هاوبەشی دەوڵەتانی ناوچەکە بەرامبەر هەرێمی کوردستان لە سەروبەندی جەنگی ئەمریکا لە دژی عێراق دەرکەوت. سەرەتاکانی ئەو جەنگە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٨، کە کۆنگرێسی ئەمریکا بریاری گۆڕینی ڕژێمی عێراقی دا. پاش هێرشی ڕێکخراوی ئەلقاعدە بۆ سەر تاوەرە بازرگانیەکانی ئەمریکا لە ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، گومانی ئەمریکی بەرەو ئەو باوەرە برد، کە پەیوەندییەك هەیە لە نێوان ئەو ڕێکخراوەو دەوڵەتی عێراق. ئەمە وایکرد لە دوای هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان و ڕووخانی ڕژێمی تالیبان– ئەلقاعدە لەو دەوڵەتە، هەوڵی ئەمریکا بۆ کۆدەنگی نێودەوڵەتی بۆ ڕووخانی ڕژێمی عێراقی دەستی پێکرد. سەرۆکی ئەمریکا جۆرج بۆشی کور لە ٢٢ی یۆلیۆی ٢٠٠٢ ڕایگەیاند، کە پێویستە ڕژێمی عێراقی بگۆڕێت و ئەمریکا بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە هەموو ڕێگایەك دەگرێتەبەر(١). ئەو بوو لەم پێودەنگەدا ئەمریکا دەستی کرد بە گفتوگۆ لەگەڵ تورکیا بۆ کردنەوەی بەرەی جەنگ لە باکورەوە لە دژی عێراق.

ئەم هەولانەی ئەمریکا کاتێکدا بوو، کە عێراق پەیوەندیە ناوچەییەکانی بە تایبەت لەگەڵ ئێران و تورکیاو سوریا لە پەرەسەندن و پێشکەوتندا بوو. نەوتی عێراق بە شێوەی فەرمی و نافەرمی دەگەیشتە هەر سێ دەوڵەتەکە. لە لایەکی تر ئەم دەوڵەتانە بە تێپەربونی نەوەدەکان، کەوتبوونە باری خۆگونجانەوە لە گەڵ عێراقداو هەر لە سەرەتاوە پشگیری هەوڵەکانی ئەمریکایان نەدەکرد. ئەوەش دەگەڕایەوە بۆ ترسی ئەو دەوڵەتانە لە ئایندەی عێراق. هەریەك لە تورکیاو سوریاو ئێران لە میانی جەنگەکەدا هەڵوێستی تایبەتی خۆیان هەبوو.

سەرەتای هەڵوێستەکان لە تورکیاوە دەست پێدەکات. ئەمریکا خواستی بەشداریکردنی تورکیای لەو جەنگەدا هەبوو، وەك هاوبەشێکی مێژوویی و ستراتیجی خۆی لە ناوچەکە.

---

[1] Alfred B. Prados: Iraq: Former and Recent Military Confrontations With the United States, Issue Brief for Congress Received September 6, 2002, P13.

یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا پۆڵ ولفۆیتز[1]، لە سەردەمی حکومەتی ئەجەڤید سەردانی ئەنکەری کرد لە کۆتایی یۆلیۆی ۲۰۰۲، دواتر هەمان سەردانی دوبارە کردەوە لە کاتێکدا پارتی دادو گەشە پێدانAdalet ve Kalkinma Partisi (AKP) لە ۲ی نۆڤەمبەری ۲۰۰۲ هاتە سەر دەسەڵات. داواکاری ئەمریکا بەکارهێنانی خاکی تورکیا بوو بۆ کردنەوەی بەرەی باکوری جەنگەکە لە دژی عێراق. لە بەرامبەردا تورکیای دڵنیا کردەوە کە ناهێڵێت عێراق دابەش بێت، دەوڵەتی کوردی دامەزرێت، تورکمان مافی لە عێراقی داهاتودا پارێزراو بێت، ئەمریکا پشگیری تورکیا لە ئەگەری سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری بەهۆی شەرەکەوە دەکات، لە ئاستی دەرەکیشدا پشگیری تورکیا لە یارمەتییە بەردەوامەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتیInternational Monetary Fund (IFM) دەکاتەوە[2]. پرسی تورکیا بەرامبەر شەری عێراق سێ مەرجی ئابوریو سەربازیو سیاسی بوو ئەویش قەرەبوکردنەوی تورکیا بوو لە بەرامبەر هاریکاریکردنی ئەمریکا. دووەم، نەخشەی سوپای تورکیا بۆ ناردنی هێزی سەربازی بۆ عێراق. سێیەم ئەو مەرجانەی تورکیا لە عێراقی داهاتودا چین، کە ئەنکەرە والێدەکات بەکارهێنانی زەوی تورکی بۆ هاوپەیمان بە رەوا ببینێت[3].

ئەمریکاو تورکیا گرفتی ئابوریان تێپەراندو لەسەر ۲٤ ملیار دۆلار قەرزی ئەمریکیو ٦ ملیار دۆلار وەك دیاری ئەمریکا بۆ تورکیا رێکەوتن. پرسی سەربازی، کە تێکەڵەیەك لە مەرجی سوپاو حکومەت بوو بۆ بەشداریکردن لەو جەنگە. لە یۆنیۆی ۲۰۰۲دا ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا لە کۆبونەوەیەکدا باسی رێوشوێنی چونەو ناوەوەی سوپای

---

[1] لەدایکبوی ساڵی ۱۹٤۳یە لە نیویۆرك، هەڵگری بروانامەی دکتۆرایە لە زانستی سیاسیدا. چەندین پۆستی لە حکومەتی ئەمریکیدا وەرگرتووە کە دیارترینیان جێگری وەزیری بەرگری ئەمریکا بوو لە ساڵانی (۲۰۰۱-۲۰۰۵) ئێستا مامۆستاو راگرە لە زانکۆی جونز هوبکینز. http://www.moqatel.com

[2] محمد نورالدین: ترکیا الصیغة والدور، ریاض الریس للکتب والنشر،۲۰۰۸، ص ۲٤۰.

[3] Bill Park: STRATEGIC LOCATION, POLITICAL DISLOCATION:

تورکیای بۆهەرێمی کوردستان تاوتوێ کردبوو. ئامانجی تورکیا لە ناردنی سوپا بریتیێ بوو لە دەستگرتن بە سەر خواستە نەتەوەییەکانی کورد لە هەرێمی کوردستاندا. رێگرتنی کورد بۆ چوونە ناو کەرکوکو موسڵ. کۆنترۆڵکردنی شەپۆلی ئاوارەی کورد لە ناو خاکی هەرێمدا، ئەگەر دەستی پێکرد. ئەمریکا مەرجی هاتنە ناوەوەی سوپای تورکیای قبوڵ کرد بە مەرجێك لە ٥٠ هەزار سەرباز تێپەر نەکاتو نەچنە ناو شارەکانی هەرێمی کوردستانو لە ژێر فەرماندەیی سوپای ئەمریکادا بن، نەك سەربەخۆ کار بکەن، بەڵام ئەم پێشنیارە لە لایەن تورکیاوە رەتکرایەوە. گرفتی سیاسی، کە رێکەوتنی لەسەر نەکرا، بریتی بوو لەوەی تورکیا پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد، کە نابێت کورد بەشداری جەنگ بکەنو چەکی قورسیان پێبدرێتو بچنە شارە نەوتیەکانی کەرکوکو موسڵ. تورکمان دەبێت لەگەڵ کوردو عەرەب لە دارشتنەوی سیستەمی عێراقی بەشدار بنو سیستەمەکە فدراڵی نەبێت. بەڵام ئەمریکا وەڵامێکی روونی تورکیای نەدایەو وایکرد تورکیا گومانی لە نیەتی ئەمریکا هەبوو. بە تایبەت دوای ئەوەی جەماوەری هەرێمی کوردستان دژی هاتنە ناوەوەی سوپای تورکیا خۆپیشاندانیان کرد[1]. ئەم پرسە چووە پەرلەمانی تورکیاو لە ١ی مارسی ٢٠٠٣ بریاری بەکارهێنانی خاکی تورکیا لە لایەن ئەمریکاوە رەتکرایەوە. گرنگترین هۆکارانەش ئەوە بوو لە رۆژنامەکانی ئەمریکا تورکیا وەك لەشفرۆشێك وێنا کرابوو، کە لە کۆتایدا ئەمریکا لە رێگای پارەوە هەموو کارێکی پێدەکات. لە لایەکی تر ئەم هەڵوێستەی تورکیا بۆ کەمئەزموونی پەرلەمانو حکومەتی تورکیا گەرایەوە کە لەو باوەرەدا بوون ئەمریکا بەبێ تورکیا ناتوانێت جەنگ لە دژی عێراق رابگەیەنێت. هاوکات وتەی بەرپرسەکانی ترکیا وایکرد کە هەرێمی کوردستان مکورپێت لەسەر رێگری کردن لە سوپای تورکیا. لە ئۆگشتۆسی ٢٠٠٢ وەزیری بەرگری لە حکومەتی ئەجەڤید، سەباحەدین جقماق ئۆغلو وتی، هەرێمی کوردستان بە هێز لە تورکیا دابراوە لە ساڵی ١٩٢٦. ئەنکەرە لە جەنگی کەنداوەوە ئەم ناوچەیەی گرتۆتە دەستو گرنگی پێدەدات وەك خۆپارێزییەك لە چارەنوسی ناوچەکە. یاشار یاکیش

[1] محمد نورالدین: ترکیا الصیغة والدور، ص ٢٤٤ـ٢٤٥.

وەزیری دەرەوەی ئەوکاتەی پارتی دادو گەشەپێدان وتی، کە تورکیا دەسبەرداری موسڵو کەرکوك بووە بۆ عێراق نەك بۆ هەر دەوڵەتێکی کوردی، ئەگەر سەرهەڵبدات(١).

تورکیا گرەوەکەی دۆراند، کە شەر بەبێ ئەو مەحاڵە، دوای ئەوەی جۆرج بۆشی کوڕ (٢٠٠١-٢٠٠٩) لە بەرەبەیانی ١٨ی مارسی ٢٠٠٣دا، سەدام حسینی ئاگادار کردەوە لە بەجێهێشتنی دەسەلات لە ماوەی ٤٨ کاتژمێردا، ئەوە بوو لە کۆبونەوەیەکی سەرۆکی دەوڵەتو حکومەت، سەرۆك ئەرکانو وەزیری دەرەوە لەو رۆژەدا بریاری بەشداریکردنیان لە جەنگەکەدا، بەلآم وەزیری دەرەوەی ئەمریکا،کۆڵن پاوڵ(٢)، لە وەلآمی ئەم هەڵوێستەدا وتی: " ئێمە پێویستمان بە ئێوە نییە تەنها ئەگەر ئەتانەوێت یارمەتیمانە بدەن بواری ئاسمانیمان بۆ بکەنەوە"(٣). ئەمە وایکرد تورکیا لە یاریزانێکی ناوچەییەوە، بوو بە تەماشاکەرێکی ریزی پێشەوە لە پرۆسەی سەربازی ئەمریکا بۆ سەر عێراق.

هەڵوێستی سوریاو ئێران لە تورکیا جیاواز تر بوو، ئەمان هەرچەندە لە سەرەتاوە دژایەتیی خۆیان بۆ جەنگەکە راگەیاند، بەلآم لە زنجیرەی رووداوەکان دانەبران. سوریا وێرای باشبونی پەیوەندییە سیاسییو ئابوورییەکانی لەگەڵ بەغداد بە تایبەت لە سەرەتای سەدەی بیستو یەکەوە، بەلآم سەرجەم لایەنەکان دەیانزانی، کە مێژووی دەستوەردانی سوریا لە کاروباری ناوخۆی عیراقدا لە کاتی ئاشتیو جەنگدا، هەمیشە ئامادەیە. ئەوە بوو ئەمریکا هەر لە سەرەتاوەو لە سێپتەمبەری٢٠٠٢، سوریای بەوە تاوانبار کرد، کە موشەکی

---

1 Bill Park: STRATEGIC LOCATION, POLITICAL DISLOCATION:

٢٢ کۆلن لۆسەر پاول: لە ساڵی ١٩٣٧ لەدایك بووە. خاوەنی بروانامەی بەکالۆریوسە لە جیۆلۆجیا لە کۆلیجی سیتی لە نیۆرك. هەروەها ماستەری هەیە لە بەڕێوەبردنی ئیشوکار لە زانکۆی جۆرج واشنتن لە ساڵی١٩٧١. لە روی سەربازییەوە، پلەی ئەفسەری پلە دووی لە ساڵی ١٩٥٨ وەرگرتووە. بەشداری جەنگی ڤێتنامی کردووە لە ساڵانی(١٩٦٢-١٩٦٩). جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی بووە لە (١٩٨٧-١٩٨٩). لە ساڵی (١٩٨٩-١٩٩٣) سەرۆك ئەرکانی گشتی ئەمریکا بووە. لە (٢٠٠١-٢٠٠٥)وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بووە. http://www.moqatel.com

٣ محمد نورالدین: ترکیا الصیغة والدور، ص٢٤

سکۆدی عێراقی حەشار داوە، تا لیژنەی پشکنینی نەتەوە یەکگرتوەکان نەیدۆزنەوە. لە کاتی جەنگەکەشدا کۆڵن پاوڵ، سوریاو ئێرانی لە سیاسەتی دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی عێراق ئاگاداركردەوەو وتی: ئێمە هیچ هەڵبژاردنێكمان لەسەر میزەكە نەكێشاوەتەوە، وەك ئاماژەیەك بۆ هێرشی سەربازی ئەمریكا بۆ سەر ئەو دوو دەوڵەتە. لە راستیشدا سوریا خۆی ئامادە كردبوو بۆ دەسوەردان، ئەوەبوو هەر لە كاتی جەنگەكە، وەزیری دەرەوەی سوریا فاروق ئەلشەرع وتی: "ئەمریكا دەیەوێت سوریا هیزی خۆی لە سەر سنوری عێراقی بلاوە پێبكات بۆ رێگەگرتن لە چونەناوەوەی گیانفیدا عەرەبیەكان بۆ عێراق. ئەمەش دژ دەوەستێتەوە لەگەڵ سیاسەتی نەتەوەیی‌و نیشتمانی ئێمەدا" [1].

هەموو ئەمانە وایكرد، كە رۆژنامەنوسێك بڵێت: "جگە لە عێراق ئەگەر هەر دەوڵەتێكی تر لە رۆژهەلاتی ناوەراست دوو دڵ بێت لە هەڵمەتی ئەمریكا بۆ سەر عێراق، ئەوا سوریایە" [2]. بۆیە لە دەسپێكی ئامادەكارییەكانی ئەمریكا هەڵوێستی سوریا بریتی بوو لەوەی، كە "لەگەڵ شەرعیەتی نێودەوڵەتییە، كە ئەنجومەنی ئاسایش لە نەتەوە یەككرتووەكان نوێنەرایەتی دەكات، هەروەها لەگەڵ گەلی عێراقدایە، كە كەوتووەتە بەر شالاوێكی ناشەرعی‌و بێ پاساو" [3].

سەبارەت بە پرسی كورد لە دیدی سوریاوە لەم بارودۆخەدا، سوریا زۆر لەوە دەترسا، كە ئەو بوژانەوە سیاسی‌و ئابوورییەی كە هەرێمی كوردستانی گرتۆتەوە، لەگەڵ حكومەتی هەرێم، كاریگەرییان لەسەر كوردە دراوسێ هەژارەكانی سوریا هەبێت، بۆ داواكردنی مافەكانیان كە بەدوای خۆیدا كەمینەكانی تریش داوای چاكسازی لە سوریا بكەن. بۆ ئەم مەبەستە لە ئۆگستۆسی ٢٠٠٢دا، دە سەركردەی بالای حزبی بەعس، لەگەڵ یەكێتی دیموكراتی، كە پێنج پارتی كوردی لە خۆ گرتبوو كۆبونەوە [4]. پاشان بەشار ئەسەد لە

[1] جيف سيموند:المصدر السابق، ص ص ٢٤٥-٢٤٧.

[2] جون داينزوسكي: المصدر السابق.

[3] جيف سيموند:المصدر السابق، ص ٢٤٧.

[4] غاري كمبل: المصدر السابق

سێپتەمبەری ٢٠٠٢سەردانی پارێزگای حەسەکەی کرد، بەڵێنی ئەوەی پێدان کە مافی تەواوەتیان پێدەدات ئەگەر پارێزگاری لە یەکێتی نیشتمانی سوریا بکەن. هەروەها وتی " بەڵێ ، ئێمە سەیری کێشەکانتان دەکەین بەلاّم ئەمە نابێت وەك کارتێکی فشار بەکار بهێنرێت"[١]. لەم سۆنگەیەوە لە دیسەمبەری ٢٠٠٢، پارتی یەکێتی ٣٠٠ ئەندامییان لەبەردەم پەرلەمانی سوریا، کە بە ئەنجومەنی گەل ناسراوە، کۆکردەوەو نوسراوێکیان رادەستی سوریا کرد، کە تیایدا داوای هەڵگرتنی بەربەستەکانی بەردەم زمان‌و رۆشنبیری کوردیان دەکردو داوی بە فەرمی ناساندنی کوردیان لە سوریا کرد، بەلاّم دوای چەند رۆژێك بە تۆمەتی هاندانی رەگەزی‌و ئاینی چەند ئەندامێکی بالاّیان لێ دەسگیر کرا[٢].

هەڵوێستی ئێران لە هەڵوێستی سەرۆکی ئەمریکا جۆرج بوشی کور، سەرچاوەی گرتبوو. لە دوای روداوی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، سەرۆکی ئەمریکا ئێران‌و عێراقی لە بەرەی شەر ناوبرد[٣]. مێژووی پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکادا بەردەوام ململانێ‌و بارگرژی تۆمار کردبوو. بۆیە ئێران بە وێنەی سوریا ترسی ئەوەی هەبوو، کە لە لیستی ئەو دەوڵەتانە بێت، کە ئەمریکا دوای ئەفغانستان‌و عێراق هێرشیان دەکاتە سەر، بۆیە وەزیری دەرەوی ئێران، کەمال خەرازی نارەزای خۆی بۆ لێدانی سەربازی لە عێراق دەربری‌و رایگەیاند، کە واشنتن ئەو مافەی نییە، حکومەت‌و رژێمەکان بگۆرێت، بەلاّم عێراق پێویستە بریارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش جێبەجێ بکات[٤]. هەڵوێستی ئێران لە دژایەتیکردنی جەنگ گۆرانی بەسەردا هات لەبەر سێ هۆ:

---

[1] Joshua R. Itzkowitz Shifrinson: The Kurds and Regional Security: An Evaluation of Developments since the Iraq War . Crown Center for Middle East Studies. December 2006 No. 14. P2.

[٢] غاري كمبل: المصدر السابق

[٣] حسين دهشيارو ديگران: همان منبع قبل، ص٣٢.

[٤] الانصات المركزى، نشره خبريه معلوماتيه يوميه ، العدد(٢٢٣٤). ٢٠٠٢/٥/١١

١. ترسی ڕووبەڕووبونەوەی هەبوو لەگەڵ سوپای ئەمریکا لە کاتێك، کە بە تەواوی لە هەر چوارلاوە نزیکی سنورەکانی بۆتەوە.

٢. ئەمریکا ئلیتێکی سیاسی عێراقی بکاتە فەرمانڕەوا، کە زۆر بە ئاسانی ببنە هاوپەیمانی ئەمریکا لە دژی ئێران.

٣. ئێران لە باوەڕی خۆیەوە وای بۆ چوو، کە خەریکە خۆی دەکات بە نوکی ڕم لە ململانێی ئەمریکا دژی ڕژێمە نەیارەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

هەموو ئەمانە وایانکرد، کە ئێران ڕێگر نەبێت لەبەردەم کۆنگرەی بەر هەڵستکارانی عێراقی، کە لە ١٤و ١٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٢ لە لەندەن بەسترا. لەوە زیاتر هەوڵەکانی لەو پێناوەدا بوو، کە لە ڕێگای بەرهەڵستکارنی عێراقی بە تایبەت شیعەو کورد، لە پلانی ئەمریکا بۆ داهاتووی عێراق ئاگادار بێتو هاوکات لە ڕێگای هەمان گروپەوە ببێتی هاوبەشی ئەمریکا لە دیاریکرنی نەخشەی سیاسی لە عێراقدا. هەر بۆ ئەم مەبەستە کۆبونەوەی لەگەڵ سەرکردایەتی کوردو ئەحمەد چەلەبیو محەمەد باقر ئەلحەکیم لە پێش کۆنگرەی لەندەن لە تاران کۆبوونەوە. تاڵەبانی لەم بارەیەوە وتی: ئێران دژی هاریکاری ئەمریکا بۆ ئێمە نییە[1].

سەبارەت بە پرسی کورد لای ئێران لە جەنگەکەدا، وەزیری ئاسایشی ئێرانی عەلی یونسی ڕەخنەی لە نزیکبونەوەی (پ.د.ك)و (ی.ن.ك) گرتو کۆبونەوەی پەرلەمانی یەکگرتوی بە گەمەیەکی سیاسی ڕاگەیاندنی ناوبردو جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی، کە ئێران دەوڵەتی کوردی ڕەتدەکاتەوە[2].

بارودۆخی پەیوەندییەکانی نێوان سوریاو تورکیاو لە سەروبەندی جەنگی ئەمریکا لە دژی عێراق لە ترۆپکی باشیدا بوو، ئەمەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە. یەکەم: ڕێکەوتنامەی ئەدەنە لە ساڵی ١٩٩٨. ئەم ڕێکەوتنە پەیوەندییەکانی تورکیای بە سوریاو ئێرانەوە بە تینو

[1] Abbas William Samii: IRAN AFTER THE IRAQ WAR. MERIA, Vol. 9, No. 3 .September. 2005.

[2] الانصات المركزى، نشرة خبرية معلوماتية يومية ، العدد(٢٣٨٥)، ٢٢/١٠/٢٠٠٢.

گەرموگور کرد[1]. بۆیە رێکەوتنی ئەدەنە خاڵی وەرچەرخان بوو لە پەیوەندیی سوریاو تورکیا کە پەیوەندییەکانی لە بارگرژی بۆ نزیکبونەوە گۆری‌و گرێ کوێرەکانی جەنگی ساردی کردەوە، کە پەیوەندی بە کێشەی ئاوو پرسی کوردەوە هەبوو، لە بەرامبەردا رێکەوتنی ئابووری‌و رۆشنبیری‌و راگەیاندن‌و زانست‌و گەشتوگوزار واژۆ کرا[2]. دووەم: گەشەسەندنی رەوتی ئیسلامی لە تورکیاو گرتنە دەستی دەسەلآت لە لایەن پارتی دادو گەشەپێدانی خاوەن پێشینەی ئیسلامی، هەلێکی باش بوو لەبەردەم ئاسایی بونەوەی پەیوەندیی تورکیا لەگەڵ ئێراندا. سیاسەتی دەرەوەی پارتی دادو گەشەپێدان بریتی بوو لە دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ رۆژهەلآت وەك تەواوكارییەك لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ رۆژئاوا[3].

لەم روانگەیەوە زەمینەی هەڵوێستی هاوبەش لە نێوان ئەم دەوڵەتانەدا زیاتر لە هەر کاتێکی تر لە بار بوو. دەتوانین خاڵی هاوبەش لە هەڵوێستەکانی تورکیاو سوریاو ئێران سەبارەت بە جەنگی ئەمریکا لە دژی عێراق، بۆ سەر دوو تەوەر دابەشبکەین:

١. جوڵە کردن لە سنوری شەرعیەتی نێودەوڵەتی‌و نەتەوە یەکگرتووەکان

ئامانجی ئەم دەوڵەتانە بریتی بوو لە بەرگرتن لە جەنگ لە ناوچەکەدا. بۆیە دەیانویست پرسی هێرشکردنە سەر عێراق بە ناو ئەنجومەنی ئاسایشدا تێپەرێنن، چونکە هەڵوێستی فەرەنساو روسیا بە ئاشکرا دیار بوو کە مافی ڤیتۆ وەك دژایەتیکردنی هێرشەکە رادەگەیەنن‌و بەمەش ئەم دەوڵەتانە دەتوانن هێرشەکە بوەستێنن. تورکیا پێشرەوەی ئەم بۆچوونەی دەکرد. بۆ رێگەگرتن لە شەر، تورکیا دەیویست لە رێگای ئەو دەوڵەتە ناوچەییانەی، کە دژی جەنگەکەن فشارێك بخاتە سەر ئەمریکا تا جەنگ روو نەدات‌و رێگاچارەیەك بدۆزرێتەوە بۆ گۆرینی رژێم‌و لابردنی سەددام. هاوکات خۆشی وەك سەرکردەی دەوڵەتانی رۆژهەلآتی ناوەراست دەربخات. ئەوە بوو بە پێی دەسپێشخەرییەکی

---

١ أوفرا بنجيو و جنسر أوزكان: المصدر السابق، ص.٤٩-٥٠.

٢ عقيل سعيد محفوض:: المصدر السابق، ص١٣.

٣ عمر تشبينار: المصدر السابق، ص ١٧، ص٢٧.

سەرۆکی حکومەت، عەبدولاَ گیول[1]، کۆنگرەی ئەستەنبولَ کرا، کە ئێران و سوریاو میسرو ئەردەن و سعودیە لە سەر ئاستی وەزیری دەرەوە بەشداریان تیادا کرد لە ٢٦ی یەنایری ٢٠٠٣، کە بە بەیاننامەی ئەستەنبولَ کۆتایی هات و تیایدا داوای ئاشتەوایی نیشتمانی و هاوکاریکردنی تیمە پشکنەرەکان لە عێراق کراو سەرهەڵدانی شەڕیان خستبووە ئەستۆی عێراق خۆی. دوای کۆنگرەکە، سەرۆك وەزیرانی تورکیا عەبدوڵلاَ گیول، لە کۆبونەوەیەکی نهێنیدا لەگەڵ جێگری سەرۆك کۆماری عێراق تەها یاسین رەمەزان، داوای لە سەددام کردبوو، کە دەسبەرداری دەسەلاَت ببێت[2].

٢. دژایەتیکردنی هەرێمی کوردستان.

بەڕای تورکیا کە بە هاوکاری ئێران و سوریا سەرکردایەتی بزاڤی دژە هەرێمی کوردستانی دەکرد، هەرێمی کوردستان لەمپەرێکی گەورە بوو لەبەردەم سەپاندنی دەسەلاَتی تورکیا لە پارێزگا کوردنشینەکانی تورکیا. چونکە هەرێم لەناوخۆدا ئەزمونێکی لە حوکمی خۆبەخۆو دیموکراسی پێکەو نابوو کە هەستی ئازادی و خاوەنی بارێکی تایبەتی لا پەیدا کردبوون. لە لایەکی تر هەرێمی کوردستان بە تەواوی گەیشتبووە ئەو باوەری کە دەسەلاَتی ناوەندی بەغداد یان ئەگەر دەسەلاَتی سەدام حسین بێت یان هەر دەسەلاَتێکی دیکە، جارێکی تر لە هەرێم پێشوازی لێناکرێت. لە ئاستی پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەرێمدا گومانی گەورەی تورکیا لەو گفتوگۆ نهێنیانە بوو، کە لە نێوان (پ.د.ك) و (ی.ن.ك) لەگەڵ بەرپرسە

---

[1] عەبدوولا گیول: لە ساڵی ١٩٥٠ لە پارێزگای قەیسەری لە بنەماڵەیەکی ئاینپەروەر لەدایك بووە. بروانامەی ماجستێری لە کۆلیجی ئابوری لە زانکۆی ئەستەمبۆڵ لە ساڵی ١٩٧٢ وەرگرتووە. پاشان لە ساڵی (١٩٧٦-١٩٧٨) بروانامەی دکتۆرای لە پەیوەندییە ئابورییەکان لە بریتانیا وەرگرتووە. لە ساڵی (١٩٨٣-١٩٩١) لە بانکی گەشەپێدانی ئیسلامی لە جدده کری کردووە. ئەندام پەرلمانی سەر بە پارتی رەفاه بووە لە ساڵی (١٩٩١-٢٠٠١). دواتر لەگەڵ هاورێکەی رەجەب تەیب ئەردۆگان پارتی دادو گەشەپێدانی دامەزراندووە لە ساڵی ٢٠٠١. لە ساڵی ٢٠٠٢ بۆتە سەرۆك وەزیران پاشان لە ساڵی (٢٠٠٣-٢٠٠٧) بۆتە وەزیری دەرەوەی تورکیا. لە ساڵی ٢٠٠٧ هەڵبژێردرا بۆ سەرۆك کۆماری تورکیا. http://ar.wikipedia.org

[2] محمد نورالدين: تركيا الصيغة والدور، ص ص٢٤١-٢٤٢.

ئەمریکیەکان لە مایۆی ٢٠٠٢ بە رێوە چوو، بێ ئەوەی تورکیا بەشدار بکەن. بۆیە تورکیا پێیوابوو کە هەرێمی کوردستان دەتوانێت ببێت جەمسەری کێشکردن یان نمونەی بالا بۆ کوردەکانی تورکیا. یان هەرێمی کوردستان ببێتە هاندەرو و پشگیریان بکات. هەرێم دەتوانێت سۆزی نێودەوڵەتی بۆ بیرۆکەی مافی چارەنوسی نیشتمانی کوردی رابکێشێت، کە لە کۆتایدا دەوڵەتێکی کوردی خاوەن سەروەری تایبەتی لێپەیدا ببێت. تورکیا گومانی لەوە هەبوو کە سەربەخۆیی تەواو لەگەڵ دەوڵەتی خاوەن سەروەری ئامانجی کۆتایی کوردی هەردوو دیوی سنوری عێراق و تورکیایە. ئەو جوڵەیەی کە لە هەرێمی کوردستان بەرچاوو بوو، کە رووەو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی هەنگاوی دەنا، دەبێتە هۆی دروستکردنی پەشێوی لە نێوان ئەو دەوڵەتانەی کە کوردی تیدا نیشتەجێن، کە سوریاو تورکیاو ئێران و عێراقن. دەبێتە هۆی هەرەشە بۆ سەر ناوچەکە بە گشتی[1]. لەم پێناوەشداو لە کاتی باشبوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سوریاو ئێراندا، مەترسی کێشەی کوردی لە عێراقی ئایندەدا بەوان گەیاندبوو، بۆیە هەرسێ دەوڵەت گەیشتبوونە ئەو باوەرەی کە هەرێمی کوردستان وەك ئەزمونێك لە گەشەی سیاسیو ئابووری لە ناوچەکە، لە عێراقی دوای سەدام، لە باشترین باردا دەبێت بە دەسەلاتێکی شەرعیو دەستووری، لە خراپترین باریشدا دەبێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ[2]. بۆ ئەم مەبەستە تورکیا سور بوو لەسەر دەستوەردانی سوپا لە هەرێمی کوردستاندا. نەبونی هیچ دەنگێکی نارەزایی لە لایەن ئێران و سوریاوە، نیشانەی رەزامەندی ئەو دەوڵەتانە بوو لەسەر ئەم هەڵوێستەی تورکیا.

هەڵوێستی کورد لەم بارەیەوە زۆر توند بوو بە تایبەت بەرامبەر تورکیا، ترسی هەرێم لەوەدا بوو، کە ئەو ئەزمونەی بە درێژایی نەوەدەکان پێکیان هێناوە، بکەوێتە ژێر هەرەشەکانی جەنگەکەوەو لەوە دەترسان ئەمجارەش ئەمریکا دەسبەرداریان دەبێت و چارەنوسیان بخاتە دەستی هێزەکانی تورکیا یان زۆردارێکی تر لە بەغداد. لەم پێناوەدا

[1] Bill Park: STRATEGIC LOCATION, POLITICAL DISLOCATION

[2] Joshua R. Itzkowitz Shifrinson: op. cit,P1.

کورد پابەندی خۆی بۆ یەکێتیی خاکی عێراق دووپات کردەوە[1]. تاڵەبانی لە پاش سەردانە خێراکانی بۆ هەریەك لە تاران و دیمەشق و ئەنکەرە رایگەیاند: کورد نایەوێت تورکیاو ئێران و سوریا دەست لە هەرێمی کوردستان وەربدەن، ئەگەر تورکیا بێتە ناوەوە ئەوا ئێران و سوریاش هەمان کار دەکەن و بە دوای خۆیدا لە عێراق پەشێوی سەرهەڵئەدات[2].

لە لایەکی تریش کورد هەرەشەی بەرگری کردنی سەربازی لە دژی سوپای تورکیا کرد. جێگری سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێم لە هەولێر، سامی عەبدولرەحمان، لە ٦ی مارسی ٢٠٠٣ وتی " تورکیا بەهەر پاساوێك بێت، ئەوا گەلەکەمان بەهەموو شێوەیەك بەرگری لەخۆی دەکات. خراپتر لەوە ئەوەیە کە لەگەڵ ئەمریکا بێن، ئێمە نامانەوێت جەنگ لە دژی لایەنێکی هاوپەیمانمان بکەین". هاوکات عوسمان ئۆجالان لە مارسی ٢٠٠٣ وتی: ئەگەر تورکیا هێرش بکاتە سەر هەرێمی کوردستان، ئەوا بۆ لە ناوبردنی ئازادی کورد ئەو کارە دەکەن. ئێمە هێرشی گەریلایی دەکەینە سەریان، هەروەها چالاکی لە سەرجەم شارو دێهاتەکانی تورکیا ئەنجام دەدەین. هێرش دەکەینە سەر کەرتەکانی ئابووری و سەربازی و فەرمانبەرانی حکومیی تورکیا"[3].

گرنگترین ئەنجام کە ئەم بەشە دەیدات بەدەستەوە ئەوەیە، کە هەرێمی کوردستان لە ناو ململانێ و هاوکێشەکانی نێوان دەوڵەتانی دراوسێیدا توانی خۆی رابگرێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە ئەم دەوڵەتانە راستە خاڵی هاوبەشی نێوانیان کە لە سەری کۆکن، دژایەتیکردنی پرسی کوردە، بەڵام لەسەر شێوازی ئەو دژایەتیکردنە بۆچوونی جیاوازیان هەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پێگەی هەرێمی کوردستان لە چەقی ئەو دەوڵەتانەدا، کە وایکردووە هەرێمی کوردستان لە یەك کاتدا خاڵی هاوبەش و خاڵی ناکۆك بێت. ئەوەی ئەم گریمانە دەسەلمێنێت کۆبنەوە سێقۆڵییەکانە، کە ئەنجامی ئەدا بەدەستەوە. لە لایەکی تر

---

[1] Bill Park: STRATEGIC LOCATION, POLITICAL DISLOCATION

[2] الانصات المركزي، نشرة خبرية معلوماتية يومية ، العدد (٢١٧٥) /٣/٢٠٠٢.

[3] جيف سيمونز : المصدر السابق، ص ص١٨٧– ١٨٨

دەبینین هەرێمی کوردستان پارسەنگی هێز بوو لە نێوان ئەو دەوڵەتانەدا. لەکاتێکدا لەئۆگستۆسی ١٩٩٦، دەوڵەتە دراوسێکان کۆکبوون لەسەر لەناوبردنی هەرێمی کوردستان، بەڵام سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا چونکە دەرکەوت تای بالآنسی هێز لاسەنگ بوو بە قازانجی تورکیاو بە زیانی سوریاو ئێران. بۆیە لە ماوەیەکی کەمدا بالآنسەکە وەك خۆی لێهاتەوە. تورکیاو (پ.د.ك) بەرامبەر سوریاو ئێرانو (پ.ك.ك)و (ی.ن.ك) بوو.

ئەوەی جێگای سەرنجە ململانێکانی (پ.د.ك)و (ی.ن.ك) رێگە خۆشکەر بوون بۆ ململانێی ئەو دەوڵەتانە. هەریەکەشیان بەهۆی کەمئەزموونیی دەسەڵاتەوە لەو باوەڕەدا بوون، نەك بالانسی هێز لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو بەهۆی هاوپەیمانە ناوچەییەکانیانو لە رێگای بەکارهێنانی هێزی سەربازییەوە، دەتوانن بالآنسی هێز لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگۆرن. بەڵام لە رێکەوتنامەی واشنتن لە ساڵی ١٩٩٨ بەدواوە گیشتنە ئەو باوەڕەی کە دەتوانن بە بێ بەکارهێنانی هێز بالآنسی ناوچەیی لە ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا رابگرن. هاوکات توانییان لە ساڵی ٢٠٠٣، هەرێمی کوردستان وابکات ببێتە راگرتنی بالانس لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەمەش بە رێگە نەدان بە تورکیا بۆ هاتنە ناوەوەی هێزە سەربازییەکانی بۆ ناو عێراق.

ئەنجام

لە کۆتایی ئەم بابەتەدا دەگەینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

- هەرێمی کوردستان، کە پەیدا بوو تایبەتمەندییەکی ئەرێنی ئەوە بوو، کە بوو بە پێگەیەکی جوگرافی ئازاد بە بێ بوونی دەسەڵاتی ناوەندی بەغداد. بەڵام سەرجەم کۆڵەکە سەرەکییەکانی تری لەرزۆک و لاواز بوون، کە وایانکردبوو پرکێشەترین ناوچە بوو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەم هەرێمە لەگەڵ ئەوەی ژێرخانی ئابوری بەتەواوی نەبوو، هاوکات دەینالاند بەدەست گەمارۆی ئابووری نێودەوڵەتی و حکومەتی عیراقییەوە. لە روی کۆمەڵایەتییەوە دانیشتوانەکەشی قوربانی دەستی جینۆسایدو ئاوارەیی بوو. لە رووی دامودەزگاو پرۆسەی دیموکراسییەوە، زۆر سادە بوو بە شێوەیەك ململانێی پارتە سیاسیەکان لە بەرەکانی جەنگدا یەکلایی دەکرایەوە. هەموو ئەمانە رێگر بوو لەبەردەم پەیوەندییەکی نیشتمانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێدا.
- کێشەی سەرکردایەتی هەریم ئەوە بوو، کە خۆیان بۆ گفتوگۆ ئامادە کردبوو، نەك بۆ وەرگرتنی دەسەلاتو دارایی و بەرێوەبردن، هەر بۆیە گەورەترین گرفتی هەرێم بریتی بوو لە نەبونی ئەزموونی حوکمرانی و چۆنیەتی دروستکردنی پەیوەندیی دپلۆماسی بۆ پاراستنی دەستکەوتەکان.
- پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران لەژێر کاریگەری سیاسەت دووفاقەی ئەو دەوڵەتەدا بوو کە سیاسەتێکی پەرگیر بوو لە نێوان پیشگیریکردنی تەواوەتی و دژایەتی کردنی تەواوەتی. سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەم ماوەیەدا بە دوو ئاراستەی تەریب بەیەك

بەرامبەر هەرێمی کوردستان کاریدەکرد. لە کاتێکدا بە ناوی برایەتی موسوڵمان‌و ستەمدیدەی نەتەوەی کورد هەوڵی ئاسایی بوونی پەیوەندی لەگەڵ هەرێمەکە دەدا. هاوکات سیاسەتێکی تری هەبوو بە ناوی مەترسی بۆ سەر شۆرشی ئیسلامیی‌و خاکی ئێران کە دژایەتی هەرێمەکەی دەکرد.

- پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان روون‌و ئاشکرا بوون، کە لە چەند بۆچونێکەوە سەرچاوەی گرتبوو. ئەویش مامەڵە کردن بوو لەگەڵ هەرێمەکە لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ئەمریکادا. واتە لەپێناو مانەوەی هاوپەیمانێتی ستراتیجیی ئەمریکاو تورکیا، خواستی مانەوەی هەرێمەکەی هەبوو. بەلام ئەو خواستە چوارچێوەی هەبوو، ئەویش ئەوەبوو، کە هەرێمەکە نابێت ببێتە پێگەیەکی جوگرافی دانپیانراوی نێودەوڵەتی، هاوکات هەرێمەکە لە روی دیموکراسی‌و ئابوورییەوە بوژاندنەوەو پەرەپێدان بەخۆوە نەبینێت. بە واتایەکی تر هیچ بنەمایەکی بە دەوڵەتبونی بۆ دروست نەبێت. وێرای ئەوە هەرێمەکە ببێتە بەشێك لە هەژموونی تورکیا چ لە داهاتووی عێراق چ لە دژایەتی کردنی (پ.ك.ك).
- پەیوەندیی سوریا لەگەڵ هەرێمی کوردستان، دەتوانین بە سیاسەتی نیمچە کراوە بیچوێنین، ئەم سیاسەتە واتای ئەوە بوو نە بە تەواوەتی دەرگای پەیوەندیەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان دادەخست، هەروەها نە بە تەواوی دەرگاکەی ئاوەلا دەکرد. کاتێك، کە پرسی بەرهەڵستکاران‌و داهاتووی رژێمی عێراقی پەرەی دەسەند، سوریا پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان چالاك دەکرد. بەلام کاتێك پرسی هەرێمەکە دەبووە جوگرافیایەکی سەربازی لە دژی سوریا، ئەوا مەترسی سوریا زیادی دەکردو بەوریایەوە مامەڵەی لەگەڵ هەرێمەکە دەکرد.
- هەرێمی کوردستان لە سەرتای سەرهەڵدانییەوە لە ساڵی ١٩٩١ بە شێوەیەکی کاراو دینامیکی بەشداری لە پەیوەندیی‌و ململانێی نێوان دەوڵەتە دراوسێکاندا کرد. بە لەبەرچاوگرتنی جۆری ئەو پەیوەندییە لە نێوان باوەری باڵای نیشتمانپەروەری‌و باوەری بەرتەسکی پارتایەتی، بەلام هەرێمی کوردستان خۆراگر بوو لە نێوان ململانێکان‌و

تەنگەژەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراستو لە کۆتایی وێستگەکەدا کە پارێزگاری لە بونی خۆی کرد.

- سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان لە دوای راپەرینو لە سایەی پاراستنی هاوپەیمانان بۆ هەرێمەکە، دوو هەڵبژاردنیانو لەبەر دەستدا بوو، یەکەمیان کارکردن لە پێناو دامەزراندنی دەسەلاتێکی خۆجێییو رەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی تورکیاو ئێرانو سنورداركردنی چالاکی بەرهەڵستکارە کوردەکانی ئەو دەوڵەتانە لەناو هەرێمەکەدا. خاڵی دووەم بریتی بوو لە پشتگوێخستنی داواکارییەکانی دەوڵەتانی ناوچەکەو بە بنکەکردنی هەرێمی کوردستان بۆ سەرجەم بزوتنەوە چەکدارییەکانی پارچەکانی تر. بە واتایەکی تر هەرێمی کوردستان لەبەردەم هەڵبژاردنی رەچاوکردنی بێ مەرجی بەرژەوەندییە ناوچەییەکان بوو یان رەچاوکردنی بەرژەوەندیی ناسیۆنالیستی کوردی. لێرەدا سەرکردایەتی کورد ئامانجی سەرەکی دامەزراندنی دەسەلاتی کوردیو بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی بوو بۆ گەلێکی ماندوو، کە پرۆسەکانی ئەنفالو کیمیابارانو لە هەموشیان گرنگتر کۆڕەو بە تەواوی ماندووی کردبوو. هەربۆیە هەردوو هەڵبژاردنەکەی سەرەوە تاقی کرانەوە لە لایەك رەچاوی داخوازییەکانی تورکیای لە هەرێمەکە کردو جەنگی دژ بە (پ.ك.ك)ی ئەنجام دا. لە لایەکی تر داڵدەی بزوتنەوە چەکدارییەکانی کوردستانی رۆژهەڵاتیاندا. بە بێ ئەوەی هەرێم جەنگ لە دژیان بەرپا بکات. بەلام ئەنجامی هەردوو سیاسەتەکەی هەرێمی کوردستان بریتی بوو لە لەشکرکێشی ئەو دوو دەوڵەتانە بۆ سەر هەرێمی کوردستانو رەچاونەکردنی بەرژەوەندییەکانی هەرێمەکە.

- هەرێمی کوردستان بریتی بوو لە کۆتاییهێنان بە سیستەمی پلانگێریو هەماهەنگی ناوچەیی سەبارەت بە کێشەی کورد. ئەو سیستەمەی بە درێژایی سەدەی بیست بەردەوام بوو کە دوا کردەوەیان گرتنی ئۆجالان بوو.. هاوکات هەرێم پرسی کێشەی کوردی لەگەڵ دوڵەتانی ناوچەیی یەکلا کردەوەو ئەوەی خستە روو کە کێشەی کورد کێشەی گروپێکی سیاسیو چەکدرای ناوچیاکان نییە، بەڵکو کێشەیەکی نەتەوەیی کوردە لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا. ئەم کێشەیە لە ژێر کاریگەری هەرێمی کوردستان، لە بارودۆخی خەملێندایەو لە سایەی جیهانگیریو تاکجەمسەریو لاوازبونی سەروەری دەوڵەتو کرانەوی کۆمەڵگا

لۆکاڵییەکان بە رووی جیهانی دەرەوەداو بە بێ پرسی دەوڵەت، وای کردووە کە سەرکوتکردن و سرکردنی ئەم کێشەیە ئاسان نەبێت و بە پێچەوانەوە کێشەکە بە تێپەربونی کات بۆ پێشە دەچێت.

- ئەزموونی هەرێمی کوردستان ئەو بیردۆزە رەتدەکاتەوە، کە پێگەی جوگرافی هەرێمی کوردستان داخراوەو لە حاڵەتی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیدا دەوڵەتە دراوسێکان بە ئاسانی لەناوی دەبەن. هەرێمی کوردستان ئەگەر چی لە سەرەتاوە بە توندی دژایەتی کرا، بەڵام لایەنی ئابووری هەرێمەکە کە خۆی لە سامانی نەوتی و بازاری هەرێمی کوردستان دەبینییەوە، رێگر بوو لەبەردەم پلانە سیاسی و سەربازییەکان بۆ رووخاندن و لە ناوبردنی هەرێمەکە. لە لایەکی تر لە رووی سیاسییەوە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لە بارێکی جوڵەی بەردەوامدا بوو (باری دینامیکی) بە جۆرێك هەرچەندە هەندێك جار دەکەوتە ژێر کاریگەریی سیاسەتی دەوڵەتێك بەرامبەر هەرێم، بەڵام لە کۆی گشتی پەیوەندییەکان، ئەو دەوڵەتانە بە هۆی سەرهەڵدانی هەرێمی کوردستانەوە کەوتنە ژێر کاریگەرییەکانی هەرێمەکە. رێکەوتنامەی سەربازی تورکیا – ئیسرائیل، کاریگەریی هەرێمەکە بوو لەسەر پەیوەندییە ناوچەییەکان و نموونەی تێکچوونی بالانسی هێز بوو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بە هەمان شێوە بەشداری نەکردنی تورکیا لە هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق، لە ژێر کاریگەری هەرێمی کوردستان بوو. جوانترین نمونەی هەرێمەکەش بوو بۆ راگرتنی بالانسی هێز بوو لە رۆژهەڵاتی ناوراست.کەواتە هەرێمی کوردستان لە دۆخی چەقبەستندا نەبوو لە ئاستی پەیوەندییەکان، بەڵکو لە بارێکی جوڵاو کاریگەریشدا بوو. لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە لە حاڵەتی دروستبونی دەوڵەتی کوردیدا، دەوڵەتی کوردی بەهۆی پێگەی ستراتیجییەوە، کە کەوتووەتە ناوەندی رۆژهەڵات ناوەڕاست، بووەتە کارای یاریدەدەر بۆ مانەوەی، نەك فاکتەری لەناوچوونی. هاوکات پارێزگاری لە سەربەخۆ بوونی بەستراوە بە چۆنییەتی مامەڵەکردنی خاوەن بڕیارەکانی هەرێم لەگەڵ رووداو پێشهاتە سیاسییەکاندا، نەك بە جوگرافیای هەرێمی کوردستان.

سەرچاوەکان

یەکەم- بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان:

١. پارتی دیموکراتی کوردستان– عیراق، مەکتەبی سیاسی، ١٩٩٣/٧/٩ .

٢. پارتی دیموکراتی کوردستان– عیراق، مەکتەبی سیاسی،کۆنوسی ١٩٩٢/٩/٢ .

٣. راپۆرتی کۆتایی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دەستەی باڵای سەرپەرشتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، ٢٣ی مایۆی ١٩٩٢

٤. رسالة جلال طالباني: السيد وزير الخارجية التركية الاستاذ اسماعيل جم المحترم،١٧\١٠\١٩٩٧ .

٥. رسالة مام جلال: تركيا تباشر اقامة حزامها العدواني، التواجد التركي واحزام الامنى، ١٩٩٧/١١/٦

٦. رێکەوتننامەی تاران لە نێوان (ی.ن.ك)و (ب.ئ.ك) ١٩٩٧

٧. کۆنوسی کۆبونەوەی شاندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ئێران، ٢–٢٠٠٢/٥/٦

٨. مشروع قانون الحكم الذاتي لمنطقة كردستان، ١٩٩١/٧/٢٢

٩. نبذة مختصرة عن التواجد الايراني في كردستان العراق بعد الانتفاضة، ١٩٩٥.

١٠. وثيقة التضامن: وزارة الدفاع، مديرية الاستخبارات العسكرية، العدد: ٨٤/ف/ص، التاريخ: ١٩٩٦/٨/١.

دووەم-بەڵگەنامە بڵاوکراوەکان

- **بە زمانی کوردی:**

١١. مام جەلال: راپۆرتی سیاسی،چاپی دووەم، ئۆفیسێتی ڕوناکبیری، سلێمانی،٢٠٠٠.

١٢. ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق: پرۆتۆکۆلەکان، بەرگی سێیەم.

١٣. ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان: پرۆتۆکۆلەکان، بەرگی پێنجەم.

١٤. یاداشتی ئێران بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان. ٢ی ئپریلی ١٩٩١

١٥. یاداشتی تورکیا بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان. ٣ی ئپریل ١٩٩١.

- **بە زمانی عەرەبی:**

١٦. منظمة حقوق الانسان فی کردستان: ١ حزیران ١٩٩٥، أربیل.

١٧. وثائق الادانة: اصدرها مکتب دمشق للاتحاد الوطنی الکوردستانی: ١٩٩٤

- **بە زمانی ئینگلیزی:**

18. EXPRESSING SENSE OF CONGRESS REGARDING KURDS IN NORTHERN IRAQ (House of Representatives - June 02، . 1992 .thomas.loc.gov\hower\rlo2query.htm

19. Human Rights Watch :The 1991 uprising in Iraq and its aftermath, copyright June 1992 Number: 92-72351 ، www.hrw.org.

20. Repression of Kurdish Political and Cultural Rights in Syria © 2009 Human Rights Watch. http://www.hrw.org

21. Mr. Mofak Salman: The current situation of the Indigenous Turkmen of Iraq. UNITED NATIONS Sub-Commission on the Promotion and. 31 July to 4 August 2006.

سێیەم-نامەو تێزە زانکۆییەکان

٢٢. ئالان ممتاز نوری: مشكلات الملكية الزراعية ودورها فى اعاقة التنمية الزراعية فى اقليم كوردستان العراق للسنوات ١٩٩١-١٩٩٥ (محافظة السليمانيية نموزجا). جامعة السليمانية كليية الادارة والاقتصاد، ١٩٩٦.

٢٣. امال محمد صالح الحمداني: نجم الدين اربكان و دوره فى السياسة التركية ١٩٦٩-١٩٩٧، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة موصل، ٢٠٠٨

٢٤. حامد محمد طه أحمد السويداني: العلاقات العراقية التركية١٩٨٠-١٩٩٠، رسالة الماجستير غيرمنشورة، كلية التربية، جامعة الموصل، ٢٠٠٣

٢٥. رواء محمد ملا: سياسة تدخل الامريكي دراسة الحالة فى شمال العراق، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية علوم السياسية، جامعة بغداد، ١٩٩٨

٢٦. سوزان إبراهيم حاجي أمين: التجربة الديمقراطية في كوردستان العراق، اطروحة دكتوراه غير منشورة، كلية القانون والعلوم السياسية، الأكاديمية العربية في الدنمارك، ٢٠١١.

٢٧. طولَدران عبدالرحيم عزيز: واقع النشاط التجارى فى اقليم كوردستان-العراق، (١٩٩٣-١٩٩٨)، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الادارة والاقتصاد، جامعة دهوك، ١٩٩٩

٢٨. عمار شريف كاظم العظماوي: الحدود العراقية ـ السورية " دراسة في الجغرافية السياسية، رسالة ماجستير، غير منشورة، كلية الاداب، جامعة بغداد، ٢٠٠٧.

٢٩. محسن ابراهيم احمد: واقع القطاع الزراعى فى اقليم كوردستان العراق، وسبل تنميته خلال ١٩٧٤-١٩٩٣. ، رساللة ماجستير غير منشورة، كلية الادارة والاقتصاد، جامعة صلاح الدين، ١٩٩٤.

٣٠. نصيف جاسم المطلبى: موقع تركيا الجيوستراتيجى وأهميته للعراق، رسالة دكتوراة غير منشورة، قسم الجغرافيا، كلية الاداب، جامعة بغداد، ١٩٨٦.

چوارەم- پەرتوکە کوردییەکان:

٣١. بەهمەن سەعیدی: سێ ساڵ لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە سکرتێری کۆمەڵە، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٣٢. بیار مصطفی سیف الدین: کێشەی کورد لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا–تورکیا، وەرگێرانی: سەرمەد ئەحمەد، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ٢٠٠٩.

٣٣. حەسەن رەحمان پەنا: عەبدوڵای موهتەدی بە واتایەکی دیکە، وەرگێرانی: جەلال حەسەن زادە، ئینتشاراتی مەرکەزی کۆمەڵ، ١٣٨٩.

٣٤. دیڤدماکداول: مێژوی هاوچەرخی کورد، وەرگێرانی، ئەبوبەکر خۆشناو، چاپی دووەم،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.

٣٥. سەلام عەبدولکەریم: گوتاری ئیسلامیو گرفتی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، چاپخانەی سیڤا، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٣٦. گەراس ئار. ڤی. ستانسفیلْد: کوردستانی عێراق پەرەسەندنی سیاسیو پشکوتنی دیموکراسی، و: یاسین سەردەشتی، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠١٠.

٣٧. گراهام فۆللەرو ئەوانی تر: جیۆپۆلەتیکی نوێی تورکیا، وەرگێرانی: عەتا قەرەداغی، چاپخانەی روون، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٣٨. عەبدول رەحمان قاسملۆو هاورێکەی: پەنجا ساڵ خەبات لە پێناوی کوردستان، کۆمسیۆنی چاپەمەنی حزبی دیموکراتی ئێران، بێشوێنی چاپ، ٢٠٠٢

٣٩. عەبدولرەزاق مەرزەنگ: راپەرین بەهاری ئازادی، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤

٤٠. عومەر نورەدینی: سیستەمی نوێی جیهانو دۆزی کورد:چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٣.

٤١. فاتح رسول: بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی ، ٢٠٠٥.

